د. سەبور عەبدولکەریم (شکار)

چەمکی ژیان و مردن

لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمی دا



٦٧٣
٨٠

٢١٢٥٤
١٧/١٢/١٠



چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمی دا

د. سەبور عەبدولکەریم (شکار)



له زنجیره بڵاوکراوەکانی
ناوەندی غەزەلنووس- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرەی کتیب ٣٨

چەمکی ژیان و مردن له شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمی دا

د. سەبور عەبدولکەریم (شکار)
لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە

- بەرگ: باسم ڕەسام
- نەخشەسازیی ناوەوە: سینا حەکیمزادە
- چاپ: یەکەم ٢٠١٤
- چاپخانە: تاران
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نرخ: ١٢٠٠٠ دینار
- بڵاوکار: ناوەندی غەزەلنووس- بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ١٥٩٢ی ٢٠١٤ی پێ دراوە.

چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمی دا

د. سەبور عەبدولکەریم (شکار)
لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە

٢٠١٤

پێشکەش

❖ بە گیان‌و وشە جاویدانیەکانی مەولانا جەلالەدینی رۆمی‌و مەولەوی تاوەگۆزی‌و عاشقەکانیان لە هەموو سەردەمێکدا.

❖ بە گیانی زانای بلیمەت‌و گەورەی کورد مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، کە بەسەرشانی بڵندی ئەوەوە بوو، کە ئێمەی منداڵ توانیمان بەری چەند لێکدانەوەیەکی نوێ، لە لقە شیعریەکانی مەولەوی بچنینەوە.

❖ بە گیانی باوکم مەلا عەبدولکەریم تەوێڵەیی، کە لە منداڵیەوە گوێمانی بە شیعرەکانی مەولەوی‌و بێسارانی‌و سەیدی‌و هاوکات حافزو سەعدی گۆشکرد، کە بە کۆچی، مردنی لە سامناکترین‌و ئازاراویترین شێوەیدا پیشاندابن.

❖ بە مەولاناناسی گەورەی جیهانی‌و ئێرانی د.عەبدولکەریمی سروش، کە فراوانترین و نزیکترین دەرگای بەرەو باخچەکانی شیعری مەولانای لێکردینەوە.

❖ بە هاوسەری ژیانم (چنور خان) و میوەکانی دڵم (ئەژیار، ئاویار، ڕێزیار).

❖ بە هاوڕێی هەمیشەییم و مامۆستای فیزیکەری زمانی فارسیم د.جەمیل حەمە غەریب و هاوڕێی هەمیشەییم، کۆچکردوو د.ئەکرەم عەنەبی، کە بە پێشبینی‌و پێشنیارەکانی دەستی دامە دەستی حافز لە ماستەرنامەکەمداو دەستەکەی تریشمی لە دکتۆرانامەکەماندا بە مەولانا سپارد.

سوپاس و پێزانین

- بۆ سەرپەرشتیاری دڵسۆزم پ.د.محەمەد ئەحمەد سەعید، کە خەمخۆرانەو ئارامگرانە سەرپەرشتی نامەکەی کردوەو بە سەرنج‌و ڕێنمایی بەجێ دەوڵەمەندی کردوە.
- بۆ مامۆستایانی بەڕێزم لە خوێندنی دکتۆرادا، بەتایبەتی مامۆستای بەڕێزم پ.ی.د.ئەنوەر قادر محەمەد، کە ڕێنماییکەرێکی دڵسۆزمان بووە لە نامەکەماندا.
- بۆ مامۆستای بەڕێزم، پ.د.دڵشاد عەلی محەمەد، کە ڕەچاوی باری تەندروستی کردم‌و کارئاسانی دڵسۆزانەی لە کاروبارەکانی خوێندنی بااڵدا بۆ کردم.
- بۆ برایانی دڵسۆزم د.هەڤاڵ ئەبوبەکر و م.زوبێر عەلی عارف و ڕۆشنبیر ڕێبوار ئەحمەد و م.شەماڵ ئەبوبەکر، کە بەردەوام درێخیان لە ڕێنمایی‌و هاوکاریکردنم نەکردوە.
- بۆ مامۆستایانی دڵسۆزی ڕۆژهەاڵت بەتایبەتی، و ئێران بەگشتی: د.جەمال ئەحمەدی، د.عوبەیدی نیا، د.محەمەد عەلی سوڵتانی، خانمی کەلسوم عوسمان پور، د.فەهری سلێمان.
- بۆ برای دڵسۆزم کاك ئۆرااڵ ئەبوبەکر، کە لەماوەی نامەکەماندا وەك بەشێك لە جەستەو گیانم کاریدەکرد.
- بۆ هەموو دڵسۆزو بەڕێزێك کە بە کتێبێك، لاپەڕەیەك، وشەیەك، هاوکاری کردوم.

پێڕست

بابەت	لاپەڕە
پێشەکی	١١ — ١٧
بەشی یەکەم: چەمکی ژیان‌و مردن لە (ئاینەکان‌و فەلسەفەو عرفان)ی ئیسلامیدا	١٩ — ١٣٠
پاری یەکەم: چەمکی ژیان‌و مردن لە ئاینەکاندا	٢١ — ٦٢
١–١–١ لە ئاینی هیندۆسیدا	٢١
١–١–٢ لە ئاینی بوداییدا	٢٦
١–١–٣ لە ئاینی زەردەشتیدا	٣١
١–١–٤ لە ئاینی یەهودیدا	٣٦
١–١–٥ لە ئاینی مەسیحیدا	٤٢
١–١–٦ لە ئاینی ئیسلامدا	٤٨
پاری دووەم: چەمکی ژیان‌و مردن لە فەلسەفەدا	٦٣ — ٩٨
١–٢–١ تێگەیشتنێکی گشتی لە چەمکی ژیان و مردن	٦٣
١–٢–٢ چەمکی ژیان‌و مردن لە قۆناغە فەلسەفیەکاندا	٧١
١–٢–٢–١ لە فەلسەفەی یۆنانیدا	٧١
١–٢–٢–٢ لە زانستی کەلام و فەلسەفەی ئیسلامیدا	٨٣
١–٢–٢–٣ لە رێنیسانس و فەلسەفەی نوێدا	٨٦
١–٢–٢–٤ لە فەلسەفەی هاوچەرخدا	٩٣
پاری سێهەم: چەمکی ژیان‌و مردن لە عرفانی ئیسلامیدا	٩٩ — ١٣٠
١–٣–١ جیهان، بوون، عەدەم، لە دیدی عارفانەوە	٩٩
١–٣–٢ ژیان لە دیدی عارفانەوە	١٠٩
١–٣–٣ مردن لە دیدی عارفانەوە	١١٥

بەشی دووەم: چەمکی ژیان لای مەولاناو مەولەوی	۱۳۱– ۳۲۳
پاری یەکەم: چەمکی بوون، دونیا، ژیان لای مەولانا	۱۳۳– ۲۰۸
۲–۱–۱ بوون لای مەولانا	۱۳۳
۲–۱–۱–۱ مەبەست لە دروستکردنی بوون	۱۳۳
۲–۱–۱–۲ ماناو ئامانجی بوون	۱۳٦
۲–۱–۱–۳ نهێنی دروستکردن و لەناوچوون لە بووندا	۱۳۷
۲–۱–۱–٤ سەرسوڕمان کلیلی نهێنی بوون	۱٤۱
۲–۱–۱–٥ ماناکانی بوون لای مەولانا	۱٤۱
۲–۱–۱–٦ پێگەیشتنی مەولانا لەنێوان بەجێهێشتنی (بوونی خوازراو) و گەیشتنی بە (بوونی ڕەسەن)	۱٤۹
۲–۱–۲ دونیا لای مەولانا	۱٥٤
۲–۱–۲–۱ پێناسەی دونیا لای مەولانا	۱٥٤
۲–۱–۲–۲ تایبەتمەندییەکانی دونیا	۱٥٥
۲–۱–۲–۳ نمونەو نواندنەکانی دونیا	۱٦۳
۲–۱–۲–٤ دونیا لە دیدی حەق – خودا – پەرستانەوە	۱٦۹
۲–۱–۲–٥ دونیا لە دیدی دونیا پەرستانەوە	۱۷۱
۲–۱–۳ ژیان لای مەولانا	۱۷٤
۲–۱–۳–۱ زیندوویەتی جیهان	۱۷٤
۲–۱–۳–۲ تایبەتمەندییەکانی ژیان لای مەولانا	۱۷۸
أ– تایبەتمەندییە گەردوونییەکان	۱۷۸
ب– تایبەتمەندییە مرۆییەکان	۱۸۲
۲–۱–۳–۳ ژیانو عشق	۱۹۱
۲–۱–۳–٤ زیندووکردنەوەی ژیان	۱۹۹

پاری دووەم: چەمکی ژیان لای مەولەوی	٢٠٥ – ٢٧١
٢–٢–١ بوون لای مەولەوی	٢٠٥
٢–٢–١–١ بوون‌و بوونەوەران سەرچاوەگرتوو و سێبەری خودا	٢٠٥
٢–٢–١–٢ بوونی راستەقینە لە تێپەراندنی ئەو (بوون)ەدایە، بۆ ئەو (بوون)ەی کە پێویستە هەبێ	٢٠٨
٢–٢–١–٣ ماناکانی بوون لای مەولەوی	٢١١
أ– بوونی راستەقینەو مرۆڤساز	٢١١
ب– بوونی نێگەتیڤ‌و لەناوبەری مرۆڤ	٢٣١
٢–٢–٢ دونیا لای مەولەوی	٢٤١
٢–٢–٢–١ وێناکردنی دونیا لای مەولەوی	٢٤١
أ– وێناکردنی مەعریفی	٢٤١
ب– وێناکردنی هەستی	٢٤٧
٢–٢–٣ ژیان لای مەولەوی	٢٥٠
٢–٢–٣–١ ژیان و هاوواتاکانی ژیان (زیندەگی – حەیات – ئیحیاکردنەوە – زیندە –ئاوی حەیات)	٢٥١
٢–٢–٣–٢ ژیان وەک چەمکی ژیان	٢٦٨
پاری سێیەم: بەراوردی چەمکی (بوون، دونیا، ژیان) لە شیعری مەولاناو مەولەوی دا	٢٧١–٣٢٣
٢–٣–١ (بوون) لە شیعری مەولاناو مەولەوی دا	٢٧١
٢–٣–١–١ لێکچوون	٢٧١
٢–٣–١–٢ جیاوازی	٢٧٦
٢–٣–٢ دونیا لای مەولاناو مەولەوی	٢٨٣
٢–٣–٢–١ لێکچوون	٢٨٣
٢–٣–٢–٢ جیاوازی	٢٨٧
٢–٣–٣ ژیان لای مەولاناو مەولەوی	٢٩٤

٢-٣-٣-١ لێکچوون	٢٩٤
٢-٣-٣-٢ جیاوازی	٣٠٣
بەشی سێهەم: چەمکی مردن لە شیعری مەولاناو مەولەوی دا	٣٢٣- ٥٠٣
پاری یەکەم: چەمکی مردن لای مەولانا	٣٢٦-٣٩٦
٣-١-١ مردنو ژیان دوانەیەکی لێکدانەبڕاو	٣٢٦
٣-١-٢ جۆرەکانی مردن لای مەولانا	٣٣٢
٣-١-٢-١ مردنو زیندووبوونەوەی هاوشێوەکان	٣٣٢
٣-١-٢-٢ مردنی گەردوونی	٣٣٣
٣-١-٢-٣ مردنی مرۆڤانە	٣٣٥
٣-١-٢-٣-١ مردنی ساتەکی (دەمەکی)	٣٣٥
٣-١-٢-٣-٢ مردنی فیزیکی	٣٣٦
أ- حەتمیەتی مردنی فیزیکی	٣٣٦
ب- چییەتی مردنی فیزیکی و هۆکاری ڕوودانی	٣٤٤
ج- تایبەتمەندییەکانی مردنی فیزیکی	٣٤٥
د- ڕەهەندەکانی هزری مردن لای مەولانا	٣٤٦
ز- بەرهەمو شوێنەواری مردن	٣٤٨
س- جۆرەکانی مرۆڤ لە بەرامبەر مرداندا	٣٤٩
ش- حیکمەتی مردن	٣٥٦
هـ- یادی مردن (بەرهەم و سود)	٣٦٥
و- مردنو مەرگ ویستی لای عارفان	٣٧٠
٣-١-٢-٣-٣ مردنی ئیختیاری	٣٧٨
پاری دووەم: چەمکی مردن لای مەولەوی	٣٩٤-٤٧٧
٣-٢-١ جۆرەکانی مردن لای مەولەوی	٣٩٦

٣-٢-١-١ مردنی فیزیکی	٣٩٦
٣-٢-١-١-١ تێڕوانینی مەرگ پەسەندنەکەرانە	٣٩٦
٣-٢-١-١-٢ تێڕوانینی مەرگ پەسەندکەرانە	٤٢٩
٣-٢-١-١-٣ تێڕوانینی مەرگ ویستی	٤٣٤
٣-٢-١-٢ مردنی ئیختیاری	٤٤١
٣-٢-١-٣ مردنی ئەدەبی	٤٥٩
٣-٢-٢ سوێند بە مەرگی مەجازی	٤٦٩
پاری سێیەم: بەراوردی چەمکی مردن لە شیعری مەولاناو مەولەوی دا	٤٧٢-٥٠٣
٣-٣-١ لێکچوون	٤٧٢
٣-٣-٢ جیاوازی	٤٧٧
ئەنجام	٤٩٩
سەرچاوەکان	٥٠٤
ملخص البحث	٥١٤
Abstract	٥١٥

پێشەکی

١- ناونیشانی نامەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناونیشانی (چەمکی ژیانو مردن لە شیعری مەولەویو مەولانای رۆمی دا – لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە)، مەبەستی سەرەکیی ئەم تێزە دەستنیشانکردنی چەمکی ژیان (مانای ژیان بە ئاراستەی ئەم جیهانەدا – وەك ئامانج (ئامانجی دەرەکیو ئامانجی خۆبنیادنەرانە) و وەك بەهاو کەڵكو وەك کاریگەریو رۆڵو مانای ژیان بە ئاراستەی ژیانی دواڕۆژدا)، یان بەگشتی بڵێین ماناداریو بێ مانایی ژیانە. هەروەها دەستنیشانکردنی چەمکی مردن وەك چییەتیو بینینی وەك خاڵی کۆتایی یان خاڵێکی دەستپێکی نوێو لێرەوە دەرکەوتنی بیری نەمری. بۆ ئەمانە لە ئاینەکانو فەلسەفەو عرفانی ئیسلامیدا دەگەڕێین. دواتر لەم دوو چەمکە لای هەردوو شاعیر (مەولانا – مەولەوی) دەکۆڵینەوەو ڕووی لێکچوونیان (وەك چەمك) و وەك جۆری دەربڕینو ڕووی جیاوازییان وەك چەمكو وەك جۆری دەربڕین دەخەینەڕوو.

٢- بواری نامەکە:

ئەم تێزە هەوڵدەدات لە چەمکی ژیانو مردن وەک ئاینەکانو فەلسەفەو عرفان — بەتایبەتی وەک ئاینی ئیسلامو عرفانی ئیسلامی— و ڕەنگدانەوەی لە شیعری (مەولانا) و (مەولەوی)دا بکۆڵێتەوەو تا ئەوەندەی دەتوانێت تایبەتمەندی خۆیان لەو دوو بوارەشدا— مەبەست دوو چەمکەکەیە— بەدیار بخات. بۆئەمەش ئێمە بۆ لێکۆڵینەوە لە شیعرەکانی مەولەوی دەستمان بۆ دیوانی غەزەلیاتەکەیو بۆ مەولاناش زیاتر (مەسنەوی)مان کردووە بە بناغە. لەلایەکی ترەوە هۆکاری باسنەکردن لە ئەفسانە لە پەنای ئاینەکانو فەلسەفەو عرفاندا، بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئامادەیی ئەفسانە لای مەولانا — بەتایبەتی لە بواری ژیانو مردندا — ئێجگار کەمە، ئەمەش بەهۆی کاریگەری تێڕوانینی قورئان سەبارەت بە ئەفسانە لەسەری.

٣- گرفتی نامەکە:

نامەکە دەیەوێت ئەو گرێیە بکاتەوە، کە دنیابینی ژیانو مردن لە ئەدەبیاتدا (شیعر) لای دوو شاعیری گەورەی دوو نەتەوەی جیاواز (مەولانا— مەولەوی) دیاریبکاتو هاوکات — ئەوەندەی دەکرێ — کاریگەری دنیابینی مەولانا — وەک ئەوەی لە کلتورێکی فراوانترو وەک ئەوترێ زاڵتردا دەرکەوتووە، کە ئەدەبیاتی فارسیەو وەک ئەوەش کە لەڕووی مێژووییەوە لەپێشترە — لەسەر مەولەوی بەدیار بخەین. هاوکات تایبەتمەندیو داهێنانی هەریەک لەو شاعیرانە — بە تایبەتی مەولەوی — لەم بوارانەدا دەستنیشان بکەین.

٤- هۆی هەڵبژاردنی نامەکە:

لەبەرئەوەی لەنێو لێکۆڵینەوەی کوردیداو بەتایبەتتر لە ناوەندی ئەکادیمیدا زۆر بە دەگمەن دەبینرێ، سەیری ئەدەب وەک سەرچاوەیەکی مەعریفیو دنیابینی کرابێتو ئەگەر هەندێ کاریش کرابێت پتر بە دیدێکی ئایدیۆلۆژیو یان لانی کەم پتر بە هێنانی پێوەری

پێشوەختەوە بووەو بەسەر دەقەکانیاندا سەپاندوە. یان بەهۆی کاریگەری ئەو میتۆدە رەخنەییە نوێیانەوە کە جەخت لەسەر ئەدەب – دەق – وەک یەکەیەکی زمانی یان ئۆرگانیو بەگشتی وەک چنینو فۆرم دەکەنەوەو ئەمەش وایکردووە کەمتر بایەخ بە دەق وەک کۆدێکی هەڵگری مەعریفە بدەنەوە، بەتایبەتی ئەو دەقانەی کە لە بناغەوە نووسەرەکانیان – شاعیرەکان – وەک تیۆری ئەدەب – مەعریفەو هزرو بەگشتی ناوەرۆکیان لەگەڵ ڕوخسارو هونەری دەربڕینیان بە بەشێکی پێکەوە بەستراوو ئۆرگانیی بینیوە نەک لایەنێک بە گرنگتر لە لایەنێکی تر دابنێن. ئەمەش بەتایبەتی لای هەندێ شاعیر، کە لە بناغەوە شیعری وەک زمانی دەربڕینی حاڵو دنیابینی مرۆڤ – کە شاعیرە عارفەکان یان کاریگەر بە عرفانەکان بەو جۆرەن – بینیوە.

٥- ئامانجی نامەکە:

ئامانجی نامەکە بریتیە لە هەوڵدان بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستیەی کە دەکرێ دەق وەک سەرچاوەیەکی مەعریفیو دنیابینی لە مرۆڤدا کەڵکی لێوەربگیرێ بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتی بۆ ئەو نەتەوانەی کە شیعر ڕۆڵێکی زیاتر لە خۆی لای ئەوان بینیوەو بووەتە هەڵگری مەعریفەو فەلسەفەو ئایدیای ئایینیو نەتەوەییو بەگشتی مرۆڤانە، ئەمە بەتایبەتتر لای ئەو نەتەوانەی – کە کورد یەکێکە لەوانە – کە شیعر تا ئاستێکی زۆرو تەنانەت نزیک لە ڕەها بووەتە تاکە سەرچاوەی نوسراوو بەجێماو بۆیان.

ئەگەرچی ئەم لێکۆڵینەوانە – بەپێی لێکۆڵینەوەی باو – دەچنە نێو لێکۆڵینەوەی بەراوردکارییەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە دەستنیشانکردنی رایەڵی بەهێزی پەیوەندی لەنێوان ئەم دوو ئەدەبەو دیاریکردنی ڕادەی کاریگەریو کارتێکەری ئەستەمە بۆیە سەرەڕای دەستنیشانکردنی هەندێک لایەنی کاریگەری مەولانا لەسەر مەولەوی، بۆیە بەپێویستمانزانی زۆرتر سەرنج بخەینە سەر لێکدانەوەی چۆنێتی دەرکەوتنی ماناو چەمکی ژیانو مردن لەلای هەریەکە لەو شاعیرانە، بۆ ئەم مەبەستەش سەرنجمان خستووەتە سەر خودی تێکستەکانو ئەو توانایەی کە لەنێو تێکستەکاندایە.

٦- ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە:

لەم تێزەدا پەیڕەوی لە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی وەسفی شیکاریی کراوە، هەروەها کار لەسەر دەق – بە دوور لە هەر جۆرە گەڕانەوەیەک بۆ دەرەوەی دەق – مەگەر لە دەقەوە بۆ دەرەوە نەبێت کراوە، ئەمەش لەو باوەڕەوەی کە ئەمە لە دوو ڕووەوە بەکەڵکە، یەکەم: ئەمە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی زانیاری وردو دڵنیاکەری زیاترو دوور لە تێڕوانینی کەسی لێکۆڵەر. دووەم: لە تەواوی بەشەکانی – بابەتی ژێر لێکۆڵینەوە – بەدوایدا دەگەڕێتو کۆدەکرێتەوەو پۆلێن دەکرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەشەکانی دوور لە یەکو پڕاو لەنێو کۆی دەقەکاندا کەم کەم بدۆزینەوەو بتوانین وێناکردنێکی تاڕادەیەک ڕۆشن لەسەر چەمکو بابەتی مەبەست بەدەستبێنین. ئەمە بەومانایە نیە، کە بەتەواوی دەق لە دەرەوە – لایەنی ڕۆشنبیری بەتایبەتی– دابڕین، بەڵکو سەرەتا بە ڕێبازە فۆرمالیستیەکە زیاتر کاردەکەینو لەوێوە بۆ دەرەوەی دەق – نەک بە پێچەوانەوە – دەڕۆین.

ڕێبازی فینۆمینۆلۆژیش تەنها لەو ئاستەدا – وەک لای ئایینناسی وەک فراس ئەلسەواح – بەکارهاتووە، کە بەدوای ئەو واتا دیارو دەرکەوتووەدا، کە لە یەکەم بەرکەوتن لەگەڵ دەقدا دەردەکەوێ، دەگەڕێ. تا خۆمان لە پرژو بڵاوی واتای جۆراوجۆر بپارێزین.

٧- سنوری نامەکە:

لەم نامەیەدا بۆ لێکۆڵینەوە لە مەولەوی پشت بەو دەقە شیعریانە بەستراوە کە لە دیوانی غەزەلیاتەکەی مەولەوی دا کە لەلایەن مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)ەوە کۆکراوەتەوەو ڕاڤە کراوەو بۆ مەولاناش کتێبی شیعری (مەسنەوی) چاپی قونیە – کە کۆنترین نوسخەیە – کراوە بە بناغەو جاریەجارێکی کەمیش کە بۆ سەلماندنو جەختکردنەوە گەڕاوینەتەوە بۆ (دیوانی شەمس).

٨- پرسیارو گریمانەکانی نامەکە:

ئەم نامەیە بەدوای وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکدا دەگەڕێ: ئایا مەسەلەی ژیانو مردن لە شیعری ئەم دوو شاعیرەدا ڕەنگیداوەتەوە؟ ئایا لایان بەچی دەوترێ ژیانو چی بە ژیان نازانن؟ ئایا مانای ژیان - ئامانجی ژیان - بەهای ژیان - ڕۆڵو کاریگەری ژیان بە ئاراستەی ئەم جیهانە (دونیا) و بە ئاراستەی جیهانەکەی تردا (پاش مردن) چیە؟ چی بە ژیانی ناڕاستو فریودەرانە (ساختە) - کە شایانی تیا ژیان نیە - دەزاننو چی بە بە ژیانی ڕاستەقینە - کە شایانی هەوڵو تیا ژیانە - دەزانن؟ ئایا لە ژیاندا زیاتر رابردوو، ئێستا، ئایندە کامیان لایان گرنگترە؟ ئایا حیکمەت لە ژیاندا هەیە یان نا؟ ئەو حیکمەتە لە ژیانو ژیانی مرۆڤدا لەچیدا دەبینن؟ ئایا لای ئەوان هێزی ژیان سەرچاوەو بنەڕەتە یان هێزی مردن؟ یان بڵێین مرۆڤ - لە دیدی ئەوانەوە - لە ژیانەوە بۆ مردن دێت - واتە پێش لە دونیا وەک ڕۆح بوونی هەبووە - یان بەپێچەوانەوە بووەو هاتووە بۆ ژیانو دەچێتەوە بۆ مردن؟ ئایا جیهانی بوونو نەبوون (عەدەم) هەیە؟ و ئایا عەدەم بەمانای نەبوونە لایان یان هەیە، بەڵام نادیارەو ئەو سەرچاوەی جیهانی دیارە؟ ئایا پێیان وایە مرۆڤ هەر لەم جیهانەدا پێویستی بە زیندووبوونەوە - لەدایکبوونێکی تر وەک عارفان دەڵێن - هەیە یان نا؟ ئەگەر هەیە بەچی دەبێ؟ ئایا زیندووکەرەوە - لەم ژیانەدا - هەیەو ئەوانە کێنو چۆن ئەوکارە دەکەن؟ ئایا لایان کێ زیندووە - بەمانا ڕاستەقینەو ڕەسەن - ەکەیو کێ نازیندووە؟ ئایا مامەڵەی خەڵک لەگەڵ ژیاندا چۆنەو لەوڕووەوە دەبن بە چەند جۆرەوە؟ ئایا سەرچاوەی تێڕوانینیان بۆ ژیان چییە: ئایین، فەلسەفە، عرفان، کەلام، ناخی خۆ، ئەزموونی دەوروبەرو ژیانو مردنی خەڵکانی جێگەی بایەخ، ترادسیۆنو دابونەریت، کامیان زیاتر دەردەکەوێ؟ ئایا جیلوەی (الحي - زیندووکەرەوە) و (المميت - مرێنەر)ی خودا لەم جیهانەدا هەیە؟ ئەگەر هەیە لەچیو لەکوێدایەو ئایا مرۆڤ چۆن دەتوانێ ئەوە ببینێ؟ ئایا پەیوەندی - بە ڕای ئەوان - لەنێوان جیهانی ئەمدیو - ژیانی دونیا - و جیهانی ئەودیو - ژیانی پاش مردن - هەیە؟ ئەگەر هەیە لەچیدایە؟ ئایا مردوو پەیوەندی بەم ژیانەوە دەمێنێ یان نا؟ ئایا ژیان قۆناغی هەیەو کام قۆناغ لایان گرنگترە؟ دواجار ئایا ئەم دوانە وەک چەمکو

تێگەیشتنی لەلایەکو چۆنیەتی دەربڕینی لەلایەکی ترەوە لەیەکدەچن یان جیاوازنو لەچیدا لەیەکدەچنو لەچیدا جیاوازنو بەڵگەی ئەوە لەچیدایە؟

سەبارەت بە مردنیش، ئایا مردن لای ئەم دوو شاعیرە چییەو چی بە مردن دەزانن‌و چی بە مردن نازانن؟ ئایا مردن هەر لەسەرەتای ژیانەوە لەگەڵ مرۆڤدا هەیە یان کتوپڕ دێت؟ ئایا مرۆڤ دەبێ لە مردن نیگەران بێت یان نابێ؟ ئەگەر ئەبێ بۆچیو ئەگەر نابێت بۆچی؟ ئایا نیگەرانیەکە زیاتر بۆ هەبوونی مردن بەگشتی، یان مردنی کەسانی تری جێگەی بایەخ — کەسوکار، هاوڕێیان، ئازیزان، یان مردنی خۆ، دەگەڕێتەوە؟ ئایا باوەڕیان بە نەمری هەیەو باوەڕیان بە نەمری کەسی — شخصي — یان نەمری ناکەسیانە — غير شخصي — زیاتر هەیە؟ ئایا چۆن ڕووبەڕووی مردن ببینەوە یان چۆن خۆمانی بۆ ئامادە بکەین؟ ئایا مردن حیکمەتی تێدایە — خێرە — یان حیکمەتی تێدا نیە — شەڕە —؟ ئایا جۆرەکانی مردن لایان کامەیە؟ ئایا تەنها مردن فیزیکییە یان مردنی مەعنەویش هەیە؟ ئایا لە مەعنەویەکەدا مردنی نێگەتیڤو مردنی پۆزەتیڤ هەیە؟ ئایا خەڵکی لەبەرامبەر مردن چۆنن‌و دەبن بە چەند بەشەوە؟ ئایا سەرچاوەی تێڕوانینیان — هەردوو شاعیر — بۆ مردن چییە: ئایین، فەلسەفە، عرفان، کەلام، ناخی خۆ، ئەزموونی مردنی کەسانی جێگەی بایەخو کەسوکار، ئازیزان، ترادسیۆن‌و دابونەریت، و ئایا زیاتر کامیان زاڵە؟ ئایا دەکرێ مرۆڤ عشقی بۆ مردن هەبێ یان نا و بۆچی؟

ئینجا هەوڵی بەراوردی ئەم دوانە دەدرێت کە ئایا وەک چەمکو تێگەیشتن لەلایەکو لە چۆنیەتی دەربڕیندا لەلایەکی ترەوە لەیەکدەچن یان جیاوازن؟ لە چیدا لەیەکدەچنو لەچیدا جیاوازنو بەڵگەکانی ئەوانەش کامانەن؟

٩- ئەو بابەتانەی پێشتر لەم بوارەدا نوسراون:

تا ئەم ساتە، کە ئاگادارین تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیی (ماستەر – دکتۆرا) سەبارەت بە دوو چەمکی ژیانو مردن لە شیعری کوردیدا نەکراوە، ئەگەر بەدەگمەن بابەتێکیش لەوبارەوە نوسرابێت یان بە ناڕاستەوخۆ باسی لەم دوو چەمکە کردووە وەک ماستەرنامەی (نەمری لە ئەفسانەی کوردیدا)ی بەڕێز (مەولود ئیبراهیم حەسەن) یان باس لە یەکێک لەو دوو چەمکە لەمیانەی باسی تردا کراوە هەربۆیە تا ئەو سنورەی کە ئاگادارین ئەمە یەکەمین نامەیە کە لەم دوو چەمکە لە شیعردا دەکۆڵێتەوە.

١٠- بەشەکانی نامەکە:

نامەکە لە پێشەکیو سێ بەشو ئەنجامو سەرچاوەکانو کورتەی عەرەبیو ئینگلیزی پێکهاتووە:

بەشی یەکەم: لە دوو چەمکی ژیانو مردن لەنێو ئایینەکانو فەلسەفەو عیرفانی ئیسلامیدا دەکۆڵێتەوە.

بەشی دووەم: لێکۆڵینەوەیە لە چەمکی بوون، دونیا، ژیان لە شیعری مەولانا بە جیاو دواتر لێکۆڵینەوە لەو سێ چەمکەش لەلای مەولەویو دواجار بەراوردکردنی لای هەردوو شاعیر.

بەشی سێهەم: لە چەمکی مردن لای مەولاناو جۆرەکانیو چەند لایەنێکی گرنگی تر سەبارەت بە مردن دەکۆڵێتەوەو دواتر لەهەمان چەمک لای مەولەوی دەکۆڵێتەوەو دواجار بەراوردی ئەو چەمکە لای هەردوو شاعیر کراوە.

لە ئەنجامیشدا بەشێوەیەکی پەیڕەوبەندانە ئەو ئەنجامانەی بەدەست هاتوون دەخرێنە ڕوو.

بەشی یەکەم

چەمکی ژیان و مردن لە
(ئاینەکان و فەلسەفە و عرفانی ئیسلامیدا)

پاری یەکەم/ چەمکی ژیان و مردن لە ئایینەکاندا

١-١-١/ ئایینی هیندۆسی

سەرەتا ئەو ئایینانەی، کە لەژێر زاراوەی (هیندۆسی)دا کۆدەبنەوە، لە راستیدا بریتین لە کۆمەڵێکی هەمەجۆر لە ڕێنمایی و باوەڕ، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دانانی کتێبە پیرۆزەکانیان لەپێش هەموویانەوە (ڤیدا – veda)[١] تا دەگات بە ئەمڕۆ[٢].

جیهان لە دیدی هیندۆسەکانەوە – وەک لە هەندێ بڕگەی ڤیداو ئەدەبی ڕاهەکاری براهمانات[٣] و ئۆپانیشاداً[٤] هاتووە – بەگشتی یان مانگایەک یان ئەسپێک یان مرۆڤێکی گەردوونی بووە، کە لە ئەزەلەوە ملکەچی کردەیەکی قوربانیدان و پارچەپارچەبوون بووە، کە بەهۆیەوە شاخەکان و ڕوبارو خاک‌و هەموو جۆرە بونەوەرێکی زیندوو دروستبوو.

بەپێی باوەڕی ڕیچ – ڤیدا ئەم مرۆڤە گەردونیە ڕەسەنە پوروشا (purush) بواری دا بە خواوەندەکان – کە لە هیچەوە دەرکەوتن، جا لە پوروشا خۆیەوە بوویایان لە شوێنی بەر لە دروستبوونی گەردونەوە بوو – تا قوربانیەکی لێدروست بکەن. بەپێی باوەڕی ئەوان لە

---

[١] مەبەست ئەو کتێبە پیرۆزانەیە کە لە ئایینی هیندۆسیدا هەن. وشەی ڤیدا سەنسکریتیە بەمانای (مەعریفە – ناسین) دێتو لە ڤیدا تەنها چوار ئەسفار ماوە کە ئەوانیش: ریچ – ڤیدا – ناسینی نزای سوپاسگوزاریەو ڕەنگە بۆ ٣٠٠٠ پ.ز بگەڕێتەوە، ساماڤیدا – ناسینی سامانو مالات. یاجور – ڤیدا – ناسینی شێوازی قوربانیکردن. ئایار – ڤیدا ناسینی خۆپاراستن لە سیحر. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د.امام عبدالفتاح امام، معجم دیانات واساطیر العالم، ج٣، ل٣٨٤.

[٢] بڕوانە: فراس السواح، موسوعة تأریخ الأدیان، ج٤، ل٧.

[٣] براهمانات: بەشێکە لە ڤیدای هیندۆسەکان تایبەتە بە ئایینەکانەوە. بڕوانە: ماری پت فیشر، دایرە معارف ادیان زندهٔ جهان، ترجمهٔ: مرضیە سلیمانی، چ١، نشر علمی، تهران، ل٧٣٢.

[٤] ئۆپانیشاد: بریتیە لەو لێکدانەوە فەلسەفیانەی، کە بۆ ڤیدا کراوەو ڕێبازی بڵندبوونەوەی ڕۆحی لەو باوەڕەدا دەخاتە ڕوو. بڕوانە: د.امام عبدالفتاح امام، معجم دیانات واساطیر العالم، ج٣، ل٣٨٤.

بەشەکانی لەشی ئەوەوە ئاسمانو خۆرو مانگو خاکو تەنانەت هەر چوار چینە کۆمەلایەتیەکانیش دروستبوون[٥].

هیندۆسەکان باوەڕیان بە فرەخودایی هەیەو باوەڕیان وایە، کە هەندێ لە خوداکان — کە ڕاستەوخۆ خودای مردن نین — ئەوانیش توانای مراندن یان پاراستنیان هەیە، وەک خودای شاخەکان — رودرا —[٦]. هەروەها لە کەسێتیە سەیرەکانی نێو ریچ — ڤیدا، خودایەکە بەناوی (yama)، یەکەمین کەسە کە مردوەو ئەو ئێستا خودای مردوەکانو دادوەری ئەوانەیە کە کۆچیانکردوە، ئاریە کۆنەکان — کە سەرچاوەی هیندۆسەکانن — لە کۆنداو لەکاتی مردنی مردوودا بانگیان لێدەکرد. هەروەها ڤارونا — varuna خودای ڕێکخەری سیستێمی گەردونو ڕیتا — Rita خودای پلەبەندی ڕۆژ — شەو، بەهار — هاوین، بردنی مرۆڤ لە لەدایکبوونەوە بۆ مردنە[٧].

هیندۆسەکان لە پەیوەندی نێوان خوداو جیهاندا باوەڕیان بە یەکێتی بوون (وحدت الوجود) هەیە. لە پێشەکی ئۆپانیشادا دەربارەی پەیوەندی بوونو خودا نوسراوە: "مەسەلەی پەیوەندی نێوان بوونی ڕەها — خودا — و جیهان — بونەوەر — ڕونکردنەوەی مەحاڵە. بوونی بااڵتر لە تێگەیشتن و ئیدراک، لەگەڵ جیهانێکی تایبەتو قابیلی ئیدراک، پەیوەستکردنێک بەبێ ئەوەی کەموکورتیەک بە مەقامی پاکو بێگەردی ئەوو قابیلی ئیدراک نەکردنی ئەو بگات، بە مەحاڵ دێتە بەرچاو. بەڵام لەگەڵ ئەوەداو لەهەموو قۆناغەکاندا بیری مرۆڤدا — لەژێر کاریگەری ئەم مەسەلەدا — بەردەوام هەوڵی دۆزینەوەی ئەم نهێنیانەی داوە. بیرمەندانی ئۆپانیشاد بایەخێکی فراوانیان بە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە داوە. جیهانی خیلقەت دوولایەنەیە: یەکێک جیهانی دەرەوەی مرۆڤو ئەوی تر جیهانی ناوەوەی مرۆڤ. دیاریکردنی پەیوەندی ئەم دوو جیهانە بە بوونی ڕەهاوە کاری حیکمەت و

---

[٥] چوار چینەکە لای ئەوان: برهمان — پیاوانی ئایینی، ڕاجا، فایسیا، سۆدرا، ن — کە ماناکانیان لە سەرچاوەکاندا نەهاتووە —. بڕوانە: فراس السواح، موسوعة تأريخ الأديان، ج٤، ل١٥.

[٦] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ل١٧.

[٧] بڕوانە: فراس السواح، موسوعة تأريخ الأديان، ج٤، ل١٨–١٩.

کتێبخانەی ... ی کۆیە
ژ. تۆمار ٢١٢٥
ژمارەی پێرست /
بەروار ١٠ / ٦ / ٢٠٠٧

فەلسەفەیە. ئەم پەیوەندیە لە سێ شێوە بەدەر نیە: یان بونەوەرو بوونی ڕەها یەک شتن، یان بونەوەر، ئەنجام و بەرهەمی بوونی ڕەهایە، یان بونەوەر سەربەخۆیە لەو. ئۆپانیشاد بەگشتی لایەنگری دوو دیدی یەکەمە"[٨]. لای هیندۆسەکان جولّەو گۆڕان یاسای بنەڕەتی جیهانە. لە ڕیچ – ڤیدا دا هاتووە: "ئەو – خوداوەند ئەندرا – کە بڕیاری لەسەر یاسای نەمر دا، توانای یاسایی بە جولّەو خێرایی دەجولّێنێ. زەوی قولّو ئاسمان لەو یاسایەوەیە"[٩].

لێرەدا لای هیندۆسەکان مەسەلەی ڕۆح بابەتێکی بنەڕەتیەو پەیوەندی بە مەسەلەی ژیانو مردنەوە هەیە، بۆیە گرنگە ئاماژەیەکی پێبکەین لە دەقە ڤیدایی‌و ئۆپانیشادیەکاندا. بە باوەڕی ئەوان لە نیوەی کۆتایی هەزارەی یەکەمی پێش میلاددا، لە سرودە ڤیداییەکاندا داوا لە ئاگر دەکرێ – کە بەپێی باوەڕیان مردووی پێ دەسوتێنن – کە بەشەکانی (نازادە، ئاجوبهاگە، ئاماریتە)ی کەسی مردوو نەسوتێنێ، چونکە ئایندارانِ باوەڕیان وابوو، کە لایەنی نامادی مرۆڤ پاش مردنی جەستەی مادی دەمێنێتەوەو بەپێی چۆنیەتی ئەو ئاینەی، کە لە سەردەمی ژیانیدا ئەنجامیداوە، وەک بالّندەیەکی پرشنگدار بۆ پیتری لۆکا – سەرزەوی باپیران – کە لەژێر فەرمانڕەوایی خودای مردوەکاندایە، یان بۆ دوە لۆکا – قەڵەمڕەوی خوداکان – دەفڕێت. لەم ڕوەوە سروودبێژانی ڤیدا جیاوازی لەنێوان پەیکەری جەستەیی (شەریرە، کایە، دهە) و ڕۆحی نامادیدا دەکەن. ڕۆحی نامادی – بەڕای ئەوان – بە چوار ڕێگە دەکرێ ڕوون بکرێتەوە، کە سێ ڕێگەی (جیڤا، ماناس، ئاسو) پەیوەستن بە چەمکی ڕۆحی تاکەکەسەوەو ڕێگەی چوارەم (پەرماتمەن)[١٠] لەسەر چەمکی ڕۆحی گەردوونی وەستاوە. جیڤا (بوونی زیندوو) کەسێتی تاکە، کە ئەو لە تاکەکانی تر جیادەکاتەوەو بەرگەی ئەو خۆشی‌و ناخۆشیانەی، کە لەم جیهانەو جیهانی پاش مردندا ڕووبەڕوی دەبێتەوە. ماناس (زیهن) پێکهاتەیەکی ناسک یان نامادی بوونە، کە بەهۆیەوە تاک دەرک بە

---

[٨] علامه محمد تقی جعفری، مولوی و جهانبینی ها، ل٦١–٦٢.

[٩] هەر ئەو سەرچاوە، ل٦٢.

[١٠] ئەم ناوانە مانای هەندێکیان لە سەرچاوەکاندا نەهاتووە.

پەیوەندی خۆی لەگەڵ بوونەوەرە خودایی‌و مرۆییەکان دەکات. ئاسو (هەناسەی ژیان) هێزێکی ژیانە، کە ژیانی بۆ مادەیەکی بێ ژیان بە دیاری هێناوەو بووەتە هۆی پێکهاتنی هەستەکان. پەرمانەن بەمانای رۆحی گەردوونییە لەبەرامبەر رۆحی تاکەکەسیداو سروودی زۆر بەم هێزە دروستکەرەدا، کە سەرچاوەی هەموو بونەوەرانە وتراوە[11].

ئۆپانیشادە یەکەمین‌و ناوەندیەکان (٩٠٠—٣٠٠پ.ن) جیاوازی لەنێوان بوونی مادی‌و بوونی مەعنەویدا دەکەن‌و ئۆپانیشادە دواینەکانیش لەژێر کاریگەری فەلسەفەی یۆگادا بوون، کە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان بوونی رۆحی تاکەکەس‌و رۆحی نەگۆڕو نەمردان، بەمەبەستی دەستگەیشتن بەبێ نیازی‌و سەربەخۆیی (کیولیە) لە بەرامبەر سنورداری‌و دڵەڕاوکێی جیهانی مادیدا. باوترین زاراوەیەک، کە بۆ ئاماژە بە خودی دۆنادۆن نەبوون (نامتناسخ) و نەمرو یەکگرتووش کە بەکاردەهات وشەی (ئاتمەن) و (برەهمەن)[12] بوو. ئاتمەن پیشاندەری خودی ناسک‌و نەمری نێو جیهانی بچوک — مرۆڤ — ەو براهمەنیش پیشاندەری خودی هۆشیارو لێوانلێو لە شادییە لە جیهانی گەورەدا[13].

چەمکی ژیانی پاش مردن وەک ئەوەی لە ئۆپانیشادا پوونترە، لە دەقەکانی ڤیدا دا بەوجۆرە نیە. فۆرمی یەکەمی ئەم چەمکە لە (شتە پتهە براهمنە) هاتووە، شوێنێک کە لەدایکبوونی سەرلەنوێ‌و، بوونی پاش مردن و سزا لەوێدا باسکراوە. لەوێدا هاتووە، کە کەسانێک کە زانستێکی ڕاستیان هەیەو ئەرکی خۆیان ئەنجامداوە، پاش مردن دوبارە لەدایکدەبنەوە تا نەمری بەدەستبهێنن، لە حاڵێکدا کە کەسانێک کە ئەو زانستەیان نیەو ئەرکی خۆیان ڕەچاو نەکردوە، دوبارەو دوبارە لەدایکدەبنەوەو دەبنە پاروویی مردن. لە براهمنەها — بەشێکە لە ڤیدا — دا تەنها لە جیهانەکەی تردا لەدایکبوونەوەو مردن هەیە. بەڵام لە ئۆپانیشاددا باوەڕ بە دوبارە دەرکەوتنەوە لە هەموو جیهانەکاندا هەیە. وەک

---

[11] بڕوانە: پریا الیاسی، زندگی پس از مرگ و تناسخ در متون مقدس هندو، ل١٥. www.sid.ir

[12] هەروەها هیندۆسەکان (ئاتمەن) بەمانای رۆح و (براهمەن)یش بەمانای ئەو سەرچاوە مەبەستدارەی لە دەرەوەی مرۆڤە بەکاردێنن. بڕوانە: ماری پت فیشر، دایرە المعارف ادیان زندهٔ جهان، ل٧٣١—٧٣٢.

[13] بڕوانە: پریا الیاسی، زندگی پس از مرگ و تناسخ در متون مقدس هندو، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

لێکۆڵەران دەڵێن ناتوانین ئەم دووانە بە هاوڕای یەکتر دابنێین[14]. بەپێی ئۆپانیشاد کرداری چاکو خراپ دوو جۆر سزای هەیە: یەکێك لە دونیایەکی ترو دووەمیش لەڕێگەی ژیانێکی نوێبووەوە هەر لە زەویدا. وتراوە کە رۆح، پاش ئەوەی بۆ ئاسمان سەفەر دەکات، لە حاڵەتێکی پڕشنگداردا سەر لە بوونێکی تازەوە دەردەهێنێ. ئەم بابەتە کە بڵندترین حاڵەتی نەمریو یەکبوونە لەگەڵ بڕەهمەن[15] دا بە ڕوونی لە ئۆپانیشاددا هاتووە. کاتێك کە خوداکان بڵندترین حەقیقەت بوون، دەربازبوونو ڕزگاربوون تەنها لە یەکگرتن لەگەڵ ئەواندایە[16].

بە باوەڕی ئەوان بڕەهمەن سەرچاوەی یەکەمی هەموو شتێکو بناغەی ئامانجی جیهانە. کاتێك کە لە بڵندترین حاڵەتی خۆدەربازکردنی خۆ دووردەکەوینەوەو گیرۆدەی قەڵەمڕەوی زەمەن — مەبەستیان ئەم دونیایەیە — دەبینو لە حاڵەتێکەوە فڕێدەدرێینە حاڵەتێکی تڕەوە، ئەوا ڕۆحی ئۆقرەنەگرتوو، لە بابەتی یاسای مردنو لەدایکبووندا خۆی دەگرێتەوەو دەبێت ئەم چارەنوسەی — بە ژیان لەسەر زەوی — بگۆڕێ. ئەگەر جاویدانی و نەمری ڕاستەقینە — وەك ئەوان دەڵێن — لە دەربازبوونو ئازادیدا بێت، ئەوا مانەوە لە کۆتوبەندی زەمەن دا — مەبەست ژیانی زەوییە — دیلییە. لە چاندوگیەی ئۆپانیشادا (٨، ١٤، ١) هاتووە: "ئایا مومکینە من هەرگیز بۆ ئەم شوێنە وێرانکەرە نەگەڕێمەوە"[17]. بە باوەڕی ئەوان جۆری لەدایکبوونەوە پەیوەندی بە جۆری کرداری ئەنجامدراوی مرۆڤەوە هەیە. کاتێك کە تاك خۆی بەرەو ژیانێکی بڵند کێشدەکات، ئەوا لەدایکبوونێکی ئاسمانی بەدەستدەهێنێ، و کاتێکیش کە تاك خۆی بۆ ژیانێکی نزمتر بەرێت، لەدایکبوونەوەیەکی دۆزەخی دەستگیر دەبێت. تا کاتێك کە دڵمان بە مەسەلە فانیەکانەوە بەستووە، بەندەی

---

[14] بڕوانە: ماری پت فیشر، دایرە المعارف ادیان زندهٔ جهان، ل٧٣٣.هەروەها پریا الیاسی، زندگی پس از مرگ و تناسخ در متون مقدس هندو،ل١٥.

[15] بڕەهمەن خودای خالقە لە ئایینی هیندۆسیداو یەکێکە لە سێ خودا سەرەکیەکەی سێگۆشەی خوداکان، کە فیشنۆ و شیکا دەگرێتەوە. بڕوانە: د.امام عبدالفتاح امام، معجم دیانات و اساطیر العالم، ج٣، ل٢١٩.

[16] هەر ئەو سەرچاوە، ل٢٢٠. هەروەها پریا الیاسی، زندگی پس از مرگ و تناسخ در متون مقدس هندو، ل١٧.

[17] گروە نویسندگان، دانشنامەی فشردەی ادیان زندە، ل٣٤٨ بەدواوە.

سەمسارە[18] دەبین. بەو بوونە سنوردارەشەوە هەرگیز دەستمان بە رەها – خوداو بەهەشت – ناگات، ئەگەرچی رەنگە لێشی نزیکببینەوە. کاتێکیش کە رەگەزە فانیەکان یان سنوردارەکان بە تەواوی لە ناخماندا لەناودەچێ، یەکیەتی (وحدت) لەگەڵ خودادا دێتە دیو جارێکی تر گەڕانەوە بۆ سمسارە نابێت[19].

کەواتە هیندۆسەکان باوەڕیان وایە جگە لە دۆنادۆن – گەڕانەوەی ڕۆحی مردوێک بۆ کەسێك یان شتێکی تر لەسەر زەوی – ڕۆحیش لەپاش مردن – کەسە چاکەکان – دەچنە ژیانێکی خۆش – بەهەشت –. "هاوکات باوەڕیشیان بە دۆزەخ – هەرچەندە باسی کەمەو ناڕوونە – هەیە، کە لە شێوەی چاڵێکدایەو چارەنووسی خراپان لەوێدایە"[20].

١-١-٢/ ئاینی بودایی

سەرەتا پێویستە دوو هەڵە– کە لای هەندێك لێکۆڵەر دەبینرێ– سەبارەت بە دیدی بودا بۆ ژیان ڕاستبکرێتەوە، یەکەم: ئەوەی کە هەندێ باوەڕیان وایە کە بودا کەسێکی ڕەشبینەو سەراپای ژیان بە بێهودەو ئازارو مەینەت دەبینێو دووەم: ئەوەی کە دونیا بە بوونێکی خەیاڵیو وەهمی دەزانێ. ئەم دوو تێڕوانینە جێگەی ڕەخنە لێگرتنن، چونکە "بودا ئازارو مەینەت بە بەرهەمی بوونی ئێمە دەزانێو ئەوەشی کە لە دیدی ئەوەوە وەهمیو خەیاڵیە بوونی شتەکان نیە، بەڵکو ئەوەیە کە خۆیان بە نەگۆڕو هەمیشەیی دەردەخەن"[21].

---

[18] مەبەستیان لە سەمسارە سوڕی بەردەوامی لەدایکبوونەوەو مردنە لە ئاینی هیندۆسیدا. بڕوانە: ماری پت فیشر، دایرە المعارف ادیان زندۀ جهان، ل٧٤٢. واتە دۆنادۆن یان چوونی ڕۆحی مردوو بۆ ناو شوێنێکی تر جۆرێکە لە ژیانی پاش مردن لای هیندۆسەکانو زیاتر بۆ خراپەکاران یان ئەوانەیە هێشتا شایستەی نەمری نین. نەك بۆ هەموو چاکەکارێکیش وابێت.

[19] بڕوانە: پریا الیاسی، سەرچاوەی ناوبراو، ل١٧–١٨.

[20] بڕوانە: بوساحة احمد، حقیقة الموت في نظر الدیانات، ل١٥٨–١٥٩.

[21] د.سید عبدالحمید ضیایی، بر رسی تطبیقي (فنا) و (نیروانا) در اموزه‌های بودا، مجله (SID)، ل٢٥٩، www.sid.ir

یەکێك لە سەرنجڕاکێشترین تایبەتمەندیەکانی بیری بودا ئەوەیە، کە ئەو باسکردن لە مەسەلەکانی وەك بوون یان بوونی خودا، جیهانێکی تر، نەمری ڕۆح‌و زۆرێك لەو بابەتانە بە بێهودەو بێ ئەنجام دەزانێ‌و لەم ڕوەوە بودا بە ئاشکرا دەڵێت: "من لەبارەی کۆنی‌و ئەزەلی جیهانەوە ڕونکردنەوەم نەداوە، هەروەك چۆن لەبارەی سنووردارێ‌و کۆتایی هاتنیشیەوە ڕاڤەیەکم نەکردوە"[٢٢]. بەڵکو لە بابەتەکانی بودادا، خودا بەڕوونی دەرناکەوێ[٢٣].

لە سەرووی ئەمەوە بودا پێی وایە کە پرسیار لەم بابەتانە وەك ئەوەیە مرۆڤێك تیری لێدرابێ‌و لە گیانکێشاندا بێت، لەوکاتەدا داوای ناوو ناونیشان و مەبەستی تیرهاوێژەکە لە پزیشکەکەی بکات! هەروەها بودا گەڕانەوە بۆ کتێبە پیرۆزەکان یان وتەی پیاوە گەورەکان‌و تیۆرە دوورو درێژەکان — وەك ڕێگەیەك بۆ ناسینی حەقیقەت — ڕەتدەکاتەوەو تەنها باوەڕی بە ئەزموون‌و ناسینی خودی تاکەکەسی هەیە[٢٤]. لێرەوە ئەو لێکدانەوەی (کاماس) بەگشتی بۆ ئەم حاڵەتە بە لۆژیکی دەزانین، کە باوەڕی وایە بودا زمانی گۆیای مرۆڤ بوو لە سەردەمێکدا، کە بیرمەندان کاریاندەکرد بۆ هاوئاهەنگکردنی تامەزرۆیی نەمری مرۆڤ لەگەڵ گریمانە ئەزمونکراوە ڕۆحیەکاندا[٢٥].

ئاینی بودایی بنەڕەتی لەسەر سێ بنەمای سەرەکی دامەزراوە[٢٦]:

أ) هەر هاتنە بوون و ژیان ئازارو مەینەتیە.

ب) ئارەزوو (خواست) هۆکاری ئەو ئازارو مەینەتیەیە.

ج) ڕزگاربوون لە ئازار، مانای دامرکانەوەی خواست‌و ئارەزووە، کە ئەوەش ئەنجامەکەی دامرکاندنەوەی مەینەت‌و ئازارە.

ڕێگایەکیش بۆ دامرکاندنەوەی مەینەت‌و ئازار لەم حەقیقەتە هەشت لقیە بەنرخەدا هەیە:

---

[٢٢] هەمان سەرچاوە، ل٢٥٩.

[٢٣] بڕوانە: م.و.کاماث، فلسفۀ زندگی و مرگ، ل٩٥.

[٢٤] بڕوانە: د.سید عبدالحمید ضیایی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٠.

[٢٥] بڕوانە: م.و.کاماث، فلسفۀ زندگی و مرگ، ل٩٥.

[٢٦] د.سید عبدالحمید ضیایی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦١.

ناسینی ڕاست، بیرکردنەوەی ڕاست، گوفتاری ڕاست، کرداری ڕاست، ژیانی ڕاست، هەوڵدانی ڕاست، ئاگایی ڕاست، یەکدڵی — واتە خۆشەویستی و بایەخت بۆ شتێکی سەرەکی بێت — ڕاست.

لە دیدی بودادا ئازار، میوەو بەرهەمی دوبارە لەدایکبوونە لە (کارما)[٢٧]دا. کارما بەرهەمی کردارانێکە کە بەپێی یاسای هۆکارو ئەنجام دروست دەبێت. کارما فەرمانڕەوایی بەسەر مرۆڤ و جیهاندا هەیەو بەهۆی ئەو (نەزانین)ەوەیە، کە زنجیرەیەک لە لەدایکبوونی یەک لەدواییەکی بازنەیی (سامسارا) ڕووەدات[٢٨].

ڕێنماییە بوداییەکان سەبارەت بە زیندووبوونەوەی پاش مردن جیاوازە لەگەڵ باوەڕی هیندۆسیدا. چونکە "لای ئەمان هیچ ڕۆحێکی نەمر نیە، تا دوبارە لەدایک ببێتەوە. لە بودایزمدا یەک بارودۆخی گۆڕاوی بوون، ڕێکخەری بارودۆخێکی ترو جوڵێنەری ئەوە. هۆکاری سەرەکی ئەم قۆناغبڕینانەش کارما — لێرەدا بەمانای کردارە ئیرادیەکانی ئێمەیە — یە. ئەم کردارانە کار لەم قۆناغبڕینانە دەکەن، بەجۆرێك کە ئێمە وا بیردەکەینەوە کە (من) دوبارە لەدایکبووەتەوە. کاریگەری کرداری باشو خراپی ئێمە، سات بەسات کۆمەکی لە دروستکردنی کەسێتی ئێمەدا دەکات. کاتێك کە دەمرین — مەبەستی مردنی فیزیکی نیە — ئەم ڕوداوە بەردەوام دەبێو پرۆسکی روناکی بۆ ژیانێکی نوێ دەگوێزێتەوەو کارمای ڕابردوو لە ئاستێکدا جێدەهێڵێ"[٢٩].

بەڕای ئەوان ئێمە بە هەرلایەکدا بڕۆین ژیان لەدوای ژیان هەر گیرۆدەی ئەم سوڕانەوەی سمسارا — دیاردە دنیاییەکان — ینو دوبارە تێکچوون، مەینەتو ئازار، مردنو دیسان

---

[٢٧] کارما وشەیەکی سانسکریتیەو زاراوەیەکی بنەڕەتیە لە ئاینی هیندۆسیدا و بوداییدا، کە ماناکەی ئەوە دەگەێنێ، کە ئەم ژیانە ئەلقەیە کە لە زنجیرەیەک ژیان، کە مرۆڤ — بەپێی کردارەکانی ڕابردووی — تێیدا دەژیو ئەم زاراوەیە مانای (پاداشت — سزا) و (چوونی ڕۆح بۆ جەستە یان شتێکی تر) دەگەێنێ، ئەمەش بەهۆی کردارە خراپەکانی مرۆڤەوەیە. بڕوانە: د.امام عبدالفتاح امام، معجم دیانات و اساطیر العالم، ج٢، ل٢٦٤.

[٢٨] بڕوانە: ماری پت فیشر، دایرە المعارف ادیان زندۀ جهان، ل٧٤٢.

[٢٩] هەر ئەو سەرچاوە، ل٢٠٤.

لەدایکبوونی ئازاردەر ئەزموون دەکەین. مەگەر ئەوەی، کە بە (نێرڤانا) بگەین، کە لە سەرووی هەموو ئاستەکانی بوونەوەیە، کە بەهۆی قۆناغگۆڕینی (هۆ– ئەنجام)ەوە بەردەوام لە سوڕاندان. بودا لەبارەی نێرڤاناوە– کە ئامانجو مەبەستی هەموو کردارەکانە – کەمتر قسەیکردوە. ڕاستە مانای ناڕاستەوخۆی وشەکە – نێرڤانا – بەمانای کوژاندنەوەی بڵێسەیە بەهۆی نەمانی سوتانەوە، بەڵام مانا بنەڕەتیەکەی ئەوەیە، کە تەنها ڕێگەی وەستاندنی ئەو سوڕانەوەیەی، کە بزوێنەری بازنەی مەینەتو ئازارەکانە، بریتیە لە کۆتاییهێنان بە ئارەزوو و خواستەکانو گرتنەبەری بوونێك کە ڕووتو خاڵی بێت لە ئارەزوو و هیواخواستنێك کە ئەنجامی کارمایی هەبێت. لەوە بەدواوە مرۆڤ هەنگاو بەرەو دۆخێك دەنێت کە بودا بە (ئارامگرتنی دڵ)ی ناوبردوە[٣٠]. بودا دەڵێت: "لەوێ هیچ شتە، جێگەیەك کە لەوێ هیچ شتێك چنگ ناکەوێ، لەوێ دوورگە نیە، هەشە. نێرڤانایەك، کە بە ڕوخێنەری ڕەهای پیریو مردنی ناودەنێم"[٣١]. کەواتە بەڕای بوداو بوداییەکان مرۆڤ دەتوانێ بە گەیشتنی بە حاڵەتی ڕۆحی نێرڤانا لە ئازارو مەینەتی پیریو مردن ڕزگاری ببێت. بودا دەڵێت: "ئەوە نەبوونی ژانی لەدایکبوونە، نەمرییە... بێ مەینەتی و ئازارە، ڕووت و خاڵی لە هەر جۆرە کەموکورتیەکە. ئاستی هەرە بڵندی ئاسودەیی و ڕزگاربوون لە کۆتەکانە"[٣٢]. لێرەوە لە ئاینی بوداییدا ئارهەنت – پیاوی پیرۆزی بودایی – کە لەم ژیانەدا دەستی بە نێرڤانا گەیشتووە، حاڵەتێکی لەم جۆرە بەسەردەبات:

ئازار بۆ ئەوکەسە نیە، کە سەفەری بە کۆتا گەیاندوە
لە خەم دەستی شۆردوە
لە هەرلایەکەوە بە ئازادی گەیشتووە
هەموو بەندەکانی پساندوە
ئارامە لە بیرکردنەوە، ئارامە لە گوفتار، ئارامە لە کردار

---

[٣٠] ماری پت فیشر، دایرە المعارف ادیان زندۀ جهان، ل٢٠٤.

[٣١] هەر ئەو سەرچاوە، ل٢٠٥.

[٣٢] بودا، گزارش کانون یابی، ترجمە: ع.پاشایی، ط ، ل١٧١–١٧٢.

ئەمەیە ئەو مرۆڤە ئازادەی کە بە زانست، بە ئارامی گەیشت[٣٣].

بودا پێی وایە بە گەیشتنی بە ناسینی خۆو بە نێرڤانا، تەپڵی نەمری لێداوە، ئەو دەڵێت: "من لە هەمووان باڵاتر، دانای گشت، لەنێوان شتە پیس نەبوەکاندام، وازم لە هەمووشت هێناوە، لە تینوێتی – مەبەستی ئارەزوو و خواستە – ئازادم. من کە خۆم بە ناسینی خۆم گەیشتووم، دەبێ ڕێز لە کێ بگرم؟ مامۆستایەکم نیە، هیچ کەسێ جگە لە من نیە. من لەم جیهانەدا ئەرهەنت – پیرۆز –م، مامۆستایەکی بێ هاوتام. تاقانە بودای فراوان و بە ئارامی گەیشتووی نێرڤانام: لەم جیهانە تاریکەدا تەپڵی بێ مردنی لێدەدەم"[٣٤].

بە بۆچوونی بوداو بوداییەکان، کاتێک کە مرۆڤێک دەمرێت – مردنی ڕاستەقینە – کەسەکە دەچێتە نێو دۆخێکی ئارام، بێ مردن و نەگۆڕەوە کە بەدەر لە وەسفە. لەوێ تاکگەرایی نابینرێو مرۆڤ بەرەو قەڵەمڕەوی دواهەمین حەقیقەت هەنگاودەنێ، کە بودا لەوبارەوە بێدەنگی هەڵبژاردوە، چونکە ئەو جارێکیان چەند گەڵایەکی لەنێو دارستانێکدا هەڵگرتو لە قوتابیەکانی پرسی: کام لەمانە زیاترە، گەڵاکانی دەستی من یان ئەو گەڵایانەی بە لقی دارستانەکەوەن؟ کاتێک کە ئەوان وەڵامیان دایەوە: گەورەم! گەڵای دەستی تۆ زۆر کەمەو گەڵاکانی بێشەڵانەکە زۆر زیاترە"، ئەو وتی: "بەتەواوی وایە، کەواتە دۆستان دەبینن، کە شتانێک کە من دەیزانم و نابێت لای خەڵکی ئاشکرا بکرێت، زۆر زیاترە لەو حەقیقەتانەی کە من دەیزانمو دەبێت بخرێتە بەردەم هەموان. بۆیە نابێ ئەو زانیاریانە بە ئێوە بگەێنم؟ چونکە دۆستەکانی من! ئەوانە هیچ کەڵکێکیان نیە، ئەوانە بۆ پەرستن و پێگەیشتن بەکەڵک نین، چونکە لە ڕق و بێزاریەوە بەرەو لێکدابڕانو ئاشتی ڕێنماییمان ناکات. بۆیە لە زانستەوە بۆ عەقڵ و نێرڤانا ڕێنمایی ناکرێن"[٣٥].

---

[٣٣] هەر ئەو سەرچاوە، ل٥٣.

[٣٤] علامە محمد تقی جعفری، مولوی و جهان بینی ها، چ٦، ١٣٨٧ – ٢٠٠٨، مؤسسه تدوین و نشر آثار علامه جعفری، ایران، ل٦٣.

[٣٥] ماری پت فیشر، دایره المعارف ادیان زندهٔ جهان، ل٢٠٥–٢٠٦.

لەلایەکی تردوە بوداو بوداییەکان باوەڕیان بە (دۆنادۆن – Transmigration) هەیە، بەڵام تیۆری دۆنادۆن لای بودا جیاوازی هەیە لەگەڵ ئایینەکانی تری وەک هیندۆسیزمو سیخیزم. چونکە بوداو بوداییەکان دۆنادۆن بە گواستنەوەی راستەوخۆی رۆح وەک مادەیەکی سەربەخۆ لە جەستە بۆ جەستەیەکی تر نازانن، بەڵکو باوەڕیان بە گواستنەوەی سیفاتو تایبەتمەندی ژیان لە جەستەیەکی مردوەوە بۆ جەستەیەک کە لە حاڵەتی کۆرپەلەییدایە، هەیە[٣٦].

١-١-٣/ ئایینی زەردەشتی

لێکۆڵینەوە لە ئایینی زەردەشتی، زوو بەو پاستیەمان دەگەێنێ، کە چەمکی ژیانو مردن، بەشێکە لە دوالیزمەی خێرو شەڕ لەم ئاینەداو ئەم دژیەکیەش لەسەرەتای خیلقەتەوە هەیە.

"زەردەشت باوەڕی وایە ئەگەرچی ئاهۆرامەزدا لە خستنەڕووی شکۆو دەسەڵاتیدا هیچ دژو هاوشانێکی نیە، بەڵام لەبەرامبەر هەر چاکەیەکدا خراپەیەک بوونی هەیە. وەک ئەوەی لەبەرامبەر پاستی (ئاشا)دا درۆو ناحەق هەیە، لەبەرامبەر ژیانو ژیانکردندا مردن دانراوە. بەهەمان پێوەر لەبەرامبەر رۆحی پاک– سینتامینۆ– رۆحی شەڕخوازو ناپاکی ئەنگرەمینۆ هەیە کە بەمانای (دەروونی ناپاک)ە"[٣٧].

بە باوەڕی ئەو ئەم دژیەکیە لەنێوان دوو ڕەگەزی – خراپەو چاکە – دا لە سەرەتای خیلقەتەوە بوونی هەبووە: "ئەوەی لە رۆحی یەکەمیندا لە جیهانی بینراودا، وەک دوانەیەک (چاکەو خراپە) دەرکەوتوون. لە بیرکردنەوەو گوفتارو کرداردا. داناکان لەم دوانە چاکەیان هەڵبژاردوەو نەزانانیش خراپەیان هەڵبژاردوە. لە ڕۆژی یەکەمەوە کە ئەم دوو رۆحە دوانە پێکەوە هاتنە بوون، یەکێک ژیانو بوونی بەرپاکردو ئەویتر فەنابوونو لەناوچوون.

---

[٣٦] بڕوانە: د.سید عبدالحمید ضیایی، بررسی تطبیقي (فنا) و (نیروانا) در اموزەهای بودا، ل٢٦٢.

[٣٧] بڕوانە: جان بایرناس، تأریخ جامع ادیان، ترجمة: علی حسن حکمت، چ١، ١٣٨٨ – ٢٠١٠، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، ل٤٥٨.

سەرئەنجام شوێنی هەمیشەیی خراپان (دۆزەخ) دەبێتە بەشی پەیڕەوانی درۆ. بەڵام هزری پاك و شوێنی هەمیشەیی چاکان واتە بەهەشت دەبێتە بەشی پەیڕەوانی ڕاستی"[٣٨].

وادەزانین لەم دەقەی پێشەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە لە دیدی ئاینی زەردەشتەوە ژیان و بوون لە خانەی دەروون یان هێزی چاکەدایە و مردن و لەناوچوونیش لە خانەی دەروون یان هێزی خراپەدایە، ئەگەرچی ئاهۆرامەزدا کە سەرچاوەی چاکەیە، دواجار خراپان بۆ شوێنی هەمیشەیی خراپان کە دۆزەخە دەبات. لێرەوە ژیان و مردن، لە دیدی ئەم ئاینەوە، هەرگیز پێکەوە ناگونجێن، چونکە لە دوو دەروونی جیاوازەوە هاتوون. بۆ بەڵگەی ئەمەش لە شوێنێکی گاتاکاندا زەردەشت دەڵێ: "لە دوو دەروونی جمکەوە، لەسەرەتای دروستکردنی جیهانەوە، ئەو یەکەیان کە خاوێن و چاکەکەرە بەویژیان کە دوژمنی بوو وایگوت: "تا دواهەمین ڕۆژ، نە لە جیهانی کردارو زمان و هەڵسوکەوتدا، نە لە جیهانی ڕۆحەکان و جەستەکاندا، ئێمەی دوو دەروون لەگەڵ یەکتردا گونجاو نابین"[٣٩]. ئەم دەروونە پیسە هەمان ئەوەیە کە لە زەمەنی دواتردا نازناوی شەیتانی لێنرا. لە دەقەکانی کتێبە زەردەشتیەکاندا مەسەلەی بەرپرسیاریەتی ئاهۆرامەزدا لە پەیدابوونی ڕۆحی خراپەدا زۆر ناڕوون و نادیارە. ئاشکرا نیە کە ئەنگرەمینۆ، واتە (دەروونی پیس) هەر لە ڕۆژی ئەزەلەوە لەگەڵ ئاهۆرامەزدا پێکەوە هەبوون یان ئاهۆرامەزدا دواتر ئەوی دروستکردوە. بە دەربڕینێکی تر ئایا ئاهۆرامەزدا دەروونی ناپاکی (ئەهریمەنی) دروستکرد یان ئەوەی ئەنگرەمینیۆ بونەوەرێك بوو پیس کە مەزدا ئەوی دۆزیەوە. ئەگەرچی تێکڕای ڕوانگەتی سرووەی گاتان لەسەر تیۆری دووەم دامەزراوە — واتە دۆزینەوە نەك دروستکردن — بەڵام ڕوون نیە کە لە سەرجەم دەقەکانی (ئافێستا) دا ئەم مانایە چۆن ڕونکراوەتەوەو چۆن

---

[٣٨] هەر ئەو سەرچاوە، ل٤٦٠

[٣٩] بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٤٦١.

رۆحی ناپیرۆزو دەروونی پیسی ئەنگرەمینیۆ لە شێوەی شەیتانێکدا دەرکەوتووە، هەمیشە لەگەڵ ئاهۆرامەزدادا – کە خۆی خولقێنەرو دروستکەری ئەوە – لە ناکۆکی‌و جەنگدایە[٤٠].

"ڕاستە زەردەشت باوەڕی وایە، کە ئاهۆرامەزدا لە رۆحی پیرۆزی خۆیەوە ژیانی بەخشیوە، بەڵام باوەڕی وایە کە دەبێت مرۆڤ لەم ژیانەدا لەنێوان ئەم دوو هێزە دژەدا – ئەم دوو رۆحە جمکە – یەکێك هەڵبژێرێ. خۆئەگەر بەدوای ڕێگەی خراپەدا چوون ئەوا ژیانیان پڕدەبێت لە هزرو وتەو ڕوداوی خراپ. بەڵام ئەگەر بە ڕێگەی ڕاستدا چوون ئەوا دەبێتە بەشدار لە عەقڵی چاکەخوازدا – مەبەستی زەردەشت ئەوەیە دەبێتە بەشدار لە عەقڵی ئاهۆرامەزدا دا کە دانایەو چاکەخوازەو پەیوەندی بە خراپەوە نیە– و بەتەواوی (کەماڵ)و نەمری‌و خواپەرستی‌و جیهانی رۆح – کە ئەمانە هەمووی لە سیفاتەکانی خودان – دەگەن"[٤١].

زەردەشتیەکان دونیایان خۆشدەوێ و پێیان وایە، کە ژیان فێرمان دەکات کە خودا (ئاهۆرامەزدا) بە چاکەو دامەزراوی بڵندو بالآدەستە. بناغەش لە ئاینی ناڕاستدا – ئەهریمەن – ئەوەیە کە شەڕو خراپە لە خولقێنەر (ئاهۆرامەزدا) وە دێت، بەڵام ناکرێ خودای ڕاستەقینە بەرپرسیار بێت لە شەڕو خراپە، چونکە خراپە ماهیەتێکە وەك چۆن چاکەش ماهیەتێکەو هەردووکیان دەگەڕێنەوە بۆ هۆکاری یەکەم: خوداو ئەهریمەن. ئەگەر خودا (ئاهۆرامەزدا) بە حەوت خاسیەتی سەرەکی بناسرێتەوە، کە ئەوانیش: ڕوناکی، عەقڵی باش، حەق بوون، دەسەڵات، بەهێزی، نەمری بێت، ئەوا ئەهریمەن – کە گەورەی ئەو رۆحە پیسانەیە کە ڕێگری لە گەشەکردنی مرۆڤ دەکەن –، ئەویش خولقێنەری ئەژدیهاو مێرووە زیانبەخشەکان‌و کوللەو زستان‌و تاریکی‌و تاوان و گوناە و نێربازی‌و نەخۆشی‌و مردن‌و

---

[٤٠] بڕوانە: د.امام عبدالفتاح امام، معجم دیانات واساطیر العالم، ج ، ل٤٨٩. هەروەها: جان بایرناس، تأریخ جامع ادیان، ل٤٦١.

[٤١] فراس السواح: موسوعة تأریخ الأدیان، ط١، ج٥، ٢٠٠٩، دار علاءالدین للنشر، دمشق، ل٨.

تۆپەیی و چاوچنۆکی و هەموو نەهامەتیەکانی ژیانە. ئەم ململانێیەشی لەگەڵ خودای چاکەدا بەردەوام دەبێت تا دواجار هێزەکانی خراپە دەشکێنێ و لەناودەچن[٤٢].

ئەوان باوەڕیان وایە کە لە سەرەتای بوونەوە ئەهریمەن پەردەی ئاسمانی بڕیوەو بە نەخۆشی و مردن زاڵبووە بەسەر مرۆڤو ئاژەڵدا. ئەو لە بناغەدا تەنها توانای کاری تێکدەرانەی هەیە. بەڵام لە ساتی سەرکەوتنە ڕواڵەتیەکەی ئەودا هەریەکە لە مرۆڤو ئاژەڵ تۆوێك فڕێدەدەن کە دەبێتە هۆی ژیاندنەوەی ژیانی مرۆڤانەو ڕوەکانە. هەر لەوێشەوە کە ژیان لە مردنی دێتە دەرەوە، ئەوا بەردەوامی خوڵقاندنی چاکەو شکستی شەیتان دەبێتە شتێکی حەتمی. جیهان بۆ خولقێنەرەکەی — خودا — دەگەڕێتەوە. لێرەوە زەردەشتیەکان — بەپێچەوانەی هەندێ ئاینی ترەوە — باوەڕیان وانیە، کە مادە شەڕو خراپە بێت. ئەوان باوەڕیان وایە کە شەیتان — نەك مرۆڤ — لە سروشتێکی جیاوازترە لە جیهانی مادیو ئەو ناتوانێ شێوەیەکی جەستەیی وەربگرێت، بەڵکو ئەو لە جیهاندا لە شێوەی مشەخۆرێکدایە، کە بێهودە هەوڵی تێکدانی کاری خودا دەدات[٤٣].

هەرچەندە زەردەشتیەکانی دوای زەردەشت لەبارەی سەرئەنجامی جەنگی نێوان خێرو شەڕ بە ڕاڤەو لێکدانەوەی هەڵە گەیشتوون، بەڵام گومانی تێدا نیە، کە زەردەشت بێ هیچ گومانێك باوەڕی وابووە، کە کاتێك سوڕی زەمەن — کە چوار قۆناغەو هەر قۆناغەش سێ هەزار ساڵ دەخایەنێ — تەواو دەبێت، ئاهۆرامەزدای پیرۆز بەسەر ڕکەبەری ناپاکو ناشیرینیدا زاڵدەبێتو هەرگیز باوەڕی وانەبووە، کە هێزی خراپەکارو ناپاکی ئەهریمەن وەك هێزی ڕۆحبەخشی چاکەو چاکەخوازی نەمر بێت[٤٤].

---

[٤٢] بڕوانە: د.امام عبدالفتاح امام، معجم دیانات واساطیر العالم، ج٣، ل٤٩٠. هەروەها فراس السواح: موسوعة تأریخ الأدیان، ج٥، ل١٠.

[٤٣] بڕوانە: فراس السواح: موسوعة تأریخ الأدیان، ج٥، ل١١.

[٤٤] هەر ئەو سەرچاوە، ل١٢.

جان بایرناس باوەڕی وایە کە ئاینی زەردەشتی یەکەمین ئاینە — لانی کەم لە یەکەمین ئاینەکانە — لەم جیهانەدا، کە باسی ژیانی دوایی و زیندووبوونەوەی هێناوەتە ناو باس[٤٥].

زەردەشتیەکان باوەڕیان وایە، کە مرۆڤ پاش مردنی، ڕۆحی بەرەو دۆزەخ یان بەرەو بەهەشت دەبات و ئەمەش لەسەر جۆری ئەو کردارانە وەستاوە، کە لە ژیانیدا لەسەر زەوی ئەنجامیداوە. لێرەوە ڕۆحی مردوەکە بۆماوەی سێ ڕۆژ لەسەر سەریەوە دادەنیشێ، ڕۆحی مرۆڤی چاك لەم ماوەیەدا ئاسودە دەبێ بەو بۆنە خۆشانەی کە بەسەریدا هەڵدەکەن، پاش ئەم ماوەیە ڕۆح دەڕوات بۆ جێگایەکی خۆش، کە کچۆڵەیەکی جوان یان ناشیرین پێشوازی لێدەکات و سوپاسی دەکات یان سەرزەنشتی دەکات[٤٦]. ئەوان باوەڕیان وایە، کە ئەم کچۆڵە جوانە یان ناشیرینە، بریتیە لە (داینا: واتە ڕۆحی تایبەت بە مرۆڤ)، ئەمەش وێنەی ڕۆحە لە ژیانی دونیادا. ئەگەر کردارەکان خراپ بن، ئەوا داینا ناشیرینەو پێچەوانەکەشی ڕاستە. ئەرکی داینا ش بریتیە لە ڕێبەرایەتیکردنی ڕۆح بەرەو پردی چینۆت (صراط) تا چارەنوسی مرۆڤ دیاریبکرێت[٤٧].

لای زەردەشتیەکان ڕاستتر لە گاتاکان دا ڕوون نیە، کە دەروونە ناپاکەکان بۆ هەمیشە لە دۆزەخدا دەمێننەوە یان لەوێ دەردەهێنرێنو بۆ شوێنێکی تر دەبرێن؟[٤٨]، بەڵام ئەوەی گومانی تێدا نیە، ئەوەیە کە زەردەشت لەگەڵ باسکردنی پردی چینۆت دا — واتە پردی جیاکەرەوە[٤٩] — باس لە چارەنووسی چاکەکاران دەکات، لێرەوە لە یەکێك لە دەقەکانی ئاڤێستادا هاتووە: "ئەو پیاوە یان ژنە، ئەی ئاهۆرامەزدا، کە ئەوەی من بە بڵندو نمونەییم

---

[٤٥] بڕوانە: جان بایرناس، تأریخ جامع ادیان، ل٤٦٤.

[٤٦] هەر ئەو سەرچاوە، ل٤٦٤.

[٤٧] بڕوانە: بوساحة احمد، حقيقة الموت في نظر الديانات، ط١، ٢٠٠٨، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت، ل١٤٨.

[٤٨] بڕوانە: جان بایرناس، تأریخ جامع ادیان، ل٤٦٤.

[٤٩] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ل٤٦٤.

بۆ ئەم جیهانە زانیوە بەدیهێناوە: ئەوا لە پاداشتی کردارە راستەکەیدا بەهەشتی پێببەخشە"[٥٠].

١-١-٤/ ئایینی یەهودی

بە سەرنجدانێکی ورد لە ئایینی یەهودیەت، لەوە تێدەگەین، کە بایەخی سەرەکییان بە دونیاو ژیانویستیە، تا مردنو جیهانەکەی تر. بە باوەڕی ئەوان سەرەتای جیهانو ژیان بە دروستکردنی زەوی‌و ئاسمان دەستپێکردوە. بۆیە یەکەم ڕستەی تەورات بریتیە لە "لە سەرەتادا خودا ئاسمانو زەوی دروستکرد"[٥١]، کە لە خۆیدا وەک جێمس ب.کارس دەڵێ — دەکرێ بە نیشانەی جیاکردنەوەی ئایینی جولەکە لە ئایینەکانی تر دابنرێت، کە پتر بە دیوی مادی‌و دنیاییدا دەکەوێ[٥٢].

بەڵگەیەکی تر لەسەر دونیایی بوونی ئەم ئاینە، ئەوەیە، کە باوەڕی وایە، پاش ئەوەی خودا ژیانی بەخشی بە مرۆڤ، ئیتر دەسەڵاتی نزیک لە ڕەها پێ بەخشی. بۆیە لەو ئایەتانەی سیفری تەکوین، کە باس لە چیرۆکی خەلقی مرۆڤ دەکات، دەڵێت: "خودای پەروەردگار ئادەمی وەک خۆڵێک لەسەر زەوی هەڵگرتو فووی کرد بە لوتیدا بە هەناسەی ژیان‌و بەوەش ئادەم بووە دەروونێکی زیندوو"[٥٣] لێرەوە ئەم دروستکراوە لە بەشێکی خوداییدا بەشداربوو[٥٤]. لە سیفری تەکویندا هاتووە: "خودا وتی مرۆڤ لەسەر شێوەی خۆمان دروست دەکەین، ئەوانیش زاڵدەبن بەسەر ماسی دەریاداو بەسەر باڵندەی ئاسمان‌و ئاژەڵان‌و هەموو درندەکانی سەر زەویداو بەسەر هەموو ئەو گیانلەبەرانەی کە پێدەنێن بەسەر زەویدا"[٥٥].

---

[٥٠] نوری اسماعیل، الدیانة الزرداشتیة، ط٣، ١٩٩٩، منشورات دار علاء الدین، دمشق، ل٦٤.

[٥١] تەورات: سفر التکوین، ئایەتی (١).

[٥٢] بڕوانە: جیمس ب.کارس: الموت و الوجود، ترجمة: بدر الدیب، المجلس الأعلی للثقافة، مصر، ١٩٩٨، ل٢١٧، ٢١٨، ٢١٩.

[٥٣] تەورات، سفر التکوین (٢)، ئایەتی (٧).

[٥٤] بڕوانە: جیمس ب.کارس: الموت و الوجود، ل٢١٩.

[٥٥] تەورات، سیفری (١)، ئایەتی (٢٦).

لێرەوە ئەوان پێیان وایە دەسەلاتی خوداو دەسەلاتی مرۆڤ جیادەبێتەوەو جیهان پاش ئەو دروستکردنە خاڵیبووە لە هەموو شوێنەواریکی خودایی‌و مرۆڤ ئەو دەسەلاتەی پێدراوە"[٥٦].

لەلایەکی ترەوە وادەزانین باکگراوندی ئاینە مادیەکانی پێش یەهودیەت، هۆکارێکی تری ئەو دونیایی بوون‌و ژیانویستییەیە، ڕاستە ئاینی جولەکە وەک کۆنترینی سێ ئاینە ئاسمانیەکە، بناغەی سەرەکی لەسەر باوەڕ بەیەکخودایی دامەزراوە، بەڵام لەبەرئەوەی پەرستنی خوداوەندە مادیەکانی وەک (گوێرەکە) لە میسری کۆندا لە یادەوەریاندا مابوو، لە قۆناغی دواتر گەڕانەوە بۆ پەرستنی‌و هەروەها بەڵگەی زۆریش هەیە، کە لە مێژووی سەرەتای جولەکەدا ئەژدیهایان پەرستووەو (ئاهاب)ی پادشای ئیسرائیل پاش مردنی سولەیمان بە سەدەیەک مانگای پەرستووە، ئەمانە وایکردوە (یەهوە — خودای تاقانە)ش شێوەیەکی زیاتر هەستەوەرانە — حسی — وەربگرێت[٥٧].

هۆکارێکی تری دونیایی بوون‌و ژیانویستی ئەم ئاینە، لەوەدایە، کە "لای ئەوان خودا خودای سوپاکانەو بانگەواز بۆ هێرشبردن‌و کۆلۆنیالیزم "استعمار" دەکات. لەم ڕووەوە پێیان دەڵێ، "ئەوە — خودا — یە کە دەستی فێری جەنگ دەکات‌و موساش باوەڕی وایە، خودا پیاوی جەنگە"[٥٨].

وادەزانین هۆکارێکی تری پابەندبوونیان بە ژیانی ئەم دونیاوە بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە باوەڕیان وایە زەوی بۆ هەتاهەتایە دەمێنێتەوە[٥٩]، لەم ڕووەوە لە سیفری جامیعەدا. دەڵێت: "وتەی داناکە، کوڕی داودی پاشای ئۆرشەلیم — مەبەست سولەیمانە —، هەموو شتێک بەتاڵە. چ کەڵکێک لەو هەموو ماندوبوونەی مرۆڤ لەژێر خۆردا دەیکێشێ هەیە، نەوەیەک دەڕواتو نەوەیەک دێت‌و زەوی بۆ هەتاهەتایی دەمێنێتەوە"[٦٠].

---

[٥٦] بڕوانە: جیمس ب.کارس: الموت و الوجود، ل٢١٩.

[٥٧] بڕوانە: د.امام عبدالفتاح امام، معجم دیانات و اساطیر العالم، ج٢، ل٢٤٥.

[٥٨] د.امام عبدالفتاح امام، معجم دیانات و اساطیر العالم، ج٢، ل٢٤٥.

[٥٩] بڕوانە: جیمس ب.کارس: الموت و الوجود، ل٢٣٣.

[٦٠] تەورات: سفر الجامعة، ئایەتی ٢—٤.

هۆکارێکی تری ئارەزووی مانەوەو ژیان لەسەر زەوی بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە "جولەکە پێیان وایە نیشتمانی ئەوان خاوێنەو جیاوازە لە نیشتمانی مرۆڤەکانی تر، چونکە ئەوان "گەلی هەڵبژێردراوی خودان" و لایان وشەی (نەتەوەکان – أمم) و (نەتەوەیی – أممی) هاوواتایە لەگەڵ (بت پەرست) یان (پیسی) و خوداش (خودای خەڵک) نیە، بەڵکو خودایەکی تایبەتەو ئەو خودای ئیبراهیم و ئیسحاقو دواتر خودای بەنی ئیسرائیلە"[٦١].

لەلایەکی ترەوە ئەم ئاینە بەجۆرێك لە نیگەرانیەوە سەیری مەرگ دەکات، چونکە لەلایەکەوە مردن بە بەرئەنجامی هەڵەی مرۆڤ دەزانێ، کە لە درەختی مەعریفەی خوارد. لەم ڕووەوە لە سیفری تەکویندا هاتووە: "خودا پیاوێك لە خاك دروستدەکاتو فووی تێدەکات تا ژیانی پێببەخشێتو دواتر دەیخاتە باخچەیەکەوە. خودا تەنها یەك ڕاسپاردەی بۆدەکاتو پێیدەڵێت کە ئازادانە لە هەموو درەختەکانی بەهەشت بخۆ، بەڵام لە درەختی ناسینی چاکەو خراپە نەخۆیت، چونکە ئەو ڕۆژەی کە لەوە دەخۆیت بە مردن دەمری"[٦٢]. پاش ئەوەی ئەو ژنەی کە خودا دروستیکرد، مارێك – هێمایە بۆ شەیتان – لێینزیکبوویەوەو هانیدا بۆ خواردنی ئەو درەختە قەدەغەکراوەو جەختیکردەوە لەوەی[٦٣] کە: "نامرن، بەڵکو خودا بەوە دەزانێ، کە ئەو ڕۆژەی لە بەری ئەو درەختە دەخۆن چاوتان دەکرێتەوەو وەك خودا مەعریفەتان بۆ دروست دەبێتو چاکەو خراپە دەناسن"[٦٤]، بەڵام دیارە مارەکە درۆیکردو خودا بەڵێنەکەی جێبەجێکرد. هەردوکیانی لە بەهەشت دەرکرد.

لەلایەکی ترەوە حاخامەکانی جولەکە پێیان وایە ئەو درەختی ژیانە – کە لە پەنای درەختی مەعریفەدا بوو – خودا ئەوی قەدەغە نەکردبوو و ئەوە ڕۆڵی لە بەسەرهاتی دابەزاندنی مرۆڤدا بۆ سەر زەوی نەبووە. خودا ستایشی دروستکراوەکانی خۆی– بە مرۆڤیشەوە – کردوە ئیتر کێ دەتوانێ بڵێت خراپە – لەوانەش خراپەی گەورە – مردن –

---

[٦١] بڕوانە: د.امام عبدالفتاح امام، معجم دیانات و اساطیر العالم، ج٢، ل٢٤٦.

[٦٢] تەورات: سفر التکوین (٢)، ئایەتی ١٦–١٧.

[٦٣] هەر ئەو سەرچاوە.

[٦٤] تەورات: سفر التکوین: (٣)، ئایەتی (٤–٥).

بەهۆی هەڵەی مرۆڤەوە، لەم جیهانەدا پەیدابووە، وەگەرنا مرۆڤ دروستکراوە بۆئەوەی بژی نەك بمرێ. خودا پریشکی ژیانی بە مرۆڤ بەخشیو بۆی دیاریکرد کە لەسەر ئەم زەوییە کە بۆی ئامادەکردوە بژیو بەڵکو ئاگاداری کردەوە، کە نەچێت بەلای ئەو درەختەدا — درەختی مەعریفەو ناسینی چاکەو خراپە — تا نەبێتە قوربانی مردن. ئەو درەختی ژیانی لێ قەدەغە نەکرا، بەڵام لە بەهەشتی عەدن بۆیە دەرکرا، چونکە ئەو لەو درەختی ژیانەی نەخوارد، کە دەیتوانی بە خواردنی نەمری بەدەستبهێنێ[٦٥].

لێرەوە هەردووکیان — واتە ئادەم و حەوا یان ڕەگەزی نێرو مێی مرۆڤ — لەسەر ئەو سەرپێچیەیان ئازاردران بە ژانی لەدایکبوون و سەختی کارکردن لە دونیاو بڕیاری مردنو لەناوچوونیان بۆ دەرکرا[٦٦]. ئەم بڕیارەی خودا— بە باوەڕی جولەکە— دوو دەرئەنجامی ترسناکی هەبوو: یەکەم، ئەوەی کە مردن یان تیاچوون— هەرچەندە کە سزایەکی خودایی بوو— بەڵام پێویستە وا لێیتێبگەین— وەك ئەوان دەڵێن— کە ئەو حەقیقەتەیە کە لەناوناچێو لە بوونی مرۆڤدا لانابرێو بۆ هەتاهەتایە جیاوازی دەخاتە نێوان ئەوەی کە خوداییەو ئەوەی کە مرۆڤانەیە:ئەو— مردن— بەبیرهێنانەوەیەکی هەمیشەییە کە ئێمە مەخلوقینو خالق نین. بەڵام دەرئەنجامی دووەم ئەوەیە، کە ئێمە — مرۆڤ — هێشتا خاوەنی مەعریفەو ناسینی چاکەو خراپەین و ئەو سزایە لە مەعریفە بێبەشی نەکردین[٦٧].

هۆکارێکی تری نیگەرانیان لە مردن بریتیە لە کزی یان لانیکەم ناڕوونی باوەڕ بە ژیانی پاش مردن، کە ئەمە وایکردوە، باوەڕدارانی جولەکە زیاتر ئارەزووی ئەم ژیانە بکەن. ڕەنگە یەکێك لەو بەڵگانە — وەك جێمس ب.کارس هێناویەتی — کە سروشتی ژیان لای جولەکە دەردەخات لە سیفری (ئەیوب)دا بێت[٦٨]، کە پاش ئەوەی منداڵەکانی و مەڕو ماڵاتەکەی و پاشتر تەندروستی لەدەستدا، دەبینێ بە توڕەییەکی بێ وێنەوە دەڵێت: "خۆزگە ئەو ڕۆژە

---

[٦٥] بڕوانە: جاك شورون: الموت في الفكر الغربي، ل٨٩.

[٦٦] هەر ئەو سەرچاوە، ل٨٩.

[٦٧] بڕوانە: جیمس ب.کارس: الموت و الوجود، ل٢٢٢–٢٢٣.

[٦٨] هەر ئەو سەرچاوە، ل٢٢٣.

لەناوچوونایە، کە تێیدا لەدایکبووم و ئەو شەوەشی کە لە سکی دایکمدا دروستبووم. با ئەو رۆژە تاریك بێت و خودا لەسەرەوە بایەخی پێنەداو خۆریشی لێهەڵنەیەت، با تاریکی و سێبەری مردن خاوەنی بێت. با هەور دایپۆشێ و داپۆشەرەکانی رۆژ بیترسێنێ"[٦٩].

ئەیوب لەگەڵ دەربڕینی ئەو بێزارییەدا لە ژیان، هێشتا چاوەڕوانی حەوانەوەیە لەم ژیانەدا، بۆیە داوا لە خودا دەکات: "وازبێنە، وازملێبێنە پێش ئەوەی بڕۆم و نەگەڕێمەوە"[٧٠].

هۆکارێکی دیاری نیگەرانی ئەم ئایەنە لە مردن – وەك پێشتر وتمان – کزی یان ناڕوونیەکە، لە باوەڕبوون بە ژیانی پاش مردن – بەتایبەتی ئەو جێگەیەی، کە مرۆڤی بۆ دەڕوات – ڕاستە باسی زیندووبوونەوەو باوەڕ بە نەمری لە چەند دەقێکی بنەڕەتی ئایەنی جولەکەدا دەبینرێ وەك لە ئیسحاحی سیفری دانیال دا هاتووە: "زۆرێك لە ڕاکشاوەکانی نێو خاکی زەوی بێدار دەبنەوە، ئەمانە بۆ ژیانی هەمیشەیی و ئەوانەش بۆ ئابڕووچوون و بێزارانی هەمیشەیی"[٧١]. "بەڵام ئەم بڕگانەی دەقە پیرۆزەکانیان یەکناگرێتەوە لەگەڵ ئەو باوەڕەی، کە سیفری جامیعە بەشێوەیەکی بەهێزتر دەیخاتەڕوو: "بڕۆ نانەکەت بە شادیەوە بخۆو مەیەکەت بە دڵێکی باشەوە بخۆرەوە، چونکە خودا دەمێکە لە کردارەکانت ڕازی بووە. با پۆشاکەکانت هەموکات سپی بێت و قژیشت بێ ڕۆن لێدان نەبێ... هەرشتێك کە دەستت دەتوانێ بەهێزی خۆی بیکات بیکە، چونکە لەو تیاچوونگەدا (هاویة – sheol)– کە مەبەست لێی شوێنی مردوانە – کە تۆ بۆی دەڕۆیت، هیچ کردارو داهێنانو مەعریفەیەك نیە"[٧٢].

باوەڕ بە ژیانێکی تر یان بڵێین شئۆل – شوێنی مردوان – لە کتێبەکانی تەوراتدا ناڕوونەو پتەو پێکەوە بەستراو نییە. کاتێك کە یەعقوب – بە هەڵە – وایزانی گیانلەبەری درندە

---

[٦٩] تەورات: سیفری ئەیوب (٣)، ئایەتی ٧٣.

[٧٠] تەورات: سیفری ئەیوب (٣)، ئایەتی ١٥–٢٠.

[٧١] تەورات: ئیسحاحی (١٢)ی سیفری دانیال.

[٧٢] بڕوانە: جاك شورون: الموت في الفكر الغربي، ل٨٨.

یوسفی کوڕیان خواردوه، قایلنەبوو پرسەو ئارامی قبوڵبکات[٧٣] و وتی: "من به شیوەنەوه دادەبەزمە ناو تیاچوونگە (شئۆل)... باوکی– یەعقوب– بۆی گریا"[٧٤] بیرۆکەی گەیشتنەوه به کوڕەکەی له شئۆل دا بیرۆکەیەکی دڵنەواییکەرانه نەبوو، چونکه ئەوه شوێنێك نیه بتوانن پێکەوه تێیدا نیشتەجێ ببن. ئەیوب پێغەمبەریش ئاماژه بۆ شئۆل دەکاتو دەڵێت: "بەرلەوەی بڕۆمو نەگەڕێمەوه بۆ زەویەکی تاریك و سێبەری مردن"[٧٥]، شئۆل له تەورات دا وەك بارەگای نەمران دەرناکەوێ، وێنەیەك نیه بۆ ژیانی پاش مردن (ژیانێکی تر)، بەڵکو وێنەیەکه بۆ پاش مردن[٧٦].

لێرەوه دەبینین تا بەر له هاتنی سەردەمی مەسیح باوەڕ به نەمری دەروون – ڕۆح – و زیندووبوونەوەی مردوان له کۆتایی زەماندا، هێشتا نەبووەته تیۆرێکی بنەڕەتی لای جولەکه فەریسیەکان که باوەڕیان به زیندووبوونەوەو پاداشتو سزا هەبوو[٧٧]. ئەمەش یەکێك بوو له ناکۆکیه بنەڕەتیەکانیان لەگەڵ سەدوقیەکاندا که ئەوان نکوڵیان له زیندووبوونەوەی مردوان دەکردو باوەڕیان وایه مرۆڤ پاداشتو سزای هەر لەم جیهانەدا وەردەگرێ[٧٨].

لەلایەکی تریەوه باوەڕ به دۆنادۆن– هەرچەندە جولەکەکان و فەیلەسوفەکانیان بەگشتی هێرشیان کردبووه سەری – ڕێگەی خۆی دۆزیەوه لای جولەکه قەبلانیەکان– که ماسۆنیەتو ڕەوتێکی ئەوه[٧٩] – و بەشێوەیەکی ڕێکخراو له کتێبی (زوحار) که کۆمەڵه دەقێکی سۆفیانەی جولەکەیه دۆزراوەتەوه. لێرەوه باوەڕ به ژیانێکی تر بەشێوەیەکی گشتی نەبووه به یەکێك له باوەڕه جێگیرو بنەڕەتیەکانی ئاینی جولەکه. بەڵام باوەڕیان به

---

[٧٣] بڕوانه: جیمس. ب. کارس: الوجود والعدم، ل٢٣٠.

[٧٤] تەورات: سفر التكوين: ئایەتی ٣٥، ٣٧.

[٧٥] تەورات: سیفری ئەیوب (١٠)، ٢١–٢٢.

[٧٦] بڕوانه: جیمس. ب. کارس: الوجود والعدم، ل٢٣١. هەروەها، جاك شورون: الموت في الفكر الغربي، ل٨٩.

[٧٧] بڕوانه: د.عبدالمنعم الحفني، المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفة، ل٥٩٣.

[٧٨] بڕوانه: د.عبدالمنعم الحفني، المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفة، ل٤٤٦. هەروەها بڕوانه: جاك شورون: الموت في الفكر الغربي، ل٩٠.

[٧٩] بڕوانه: د.عبدالمنعم الحفني، المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفة، ل٦٣٩.

خالقێکی بێ وێنەی بە دەسەڵات بەسەر هەموو شتێکدا هەیەو ئەمەش بووەتە مایەی دڵدانەوەیان لە بەرامبەر مردندا[٨٠]. ئەو دەتوانێ بەتەواوی متمانە بە خوا بکات: "بەڕاستی ئەی مرۆڤ هەواڵت دەدەمێ لەوەی کە چی چاکەو خودا داوای چیت لێدەکات: ڕاستی بکەو بەزەییت خۆشبوێو ڕێگەی خاکی بوون لەگەڵ خوداتدا بگرەبەر"[٨١]. هەروەها ئەشعیا دەڵێت: "بۆ هەمیشە مردن قووتدەدات – واتە مرۆڤەکان قووتدەدات –، و خوداش فرمێسکەکان لە هەموو ڕومەتەکان دەسڕێت"[٨٢].

١-١-٥/ ئایینی مەسیحیی

قسەکردن لەسەر تێڕوانینی ئایینی مەسیحی بۆ ژیانو مردن بەشێوەیەکی بنەڕەتی لای مەسیحیەکان پەیوەستە بە باسکردن لە ژیانو مردنی خودی حەزرەتی مەسیح، بۆیە لەم ڕووەوە تا ئاستێك سەیر نیە، کە لێکۆڵەرێکی وەك مۆدهاڤ.ڤ.کاماس، گێڕانەوەی چیرۆکی مەسیح پێغەمبەرو لەخاچدانەکەی وەك تێڕوانینی ئایینی مەسیح بۆ ژیان و مردن هێناوە![٨٣] بەڵام ئەوەش ڕاستیەکە کە ئاسان نیە، ئەم دوو تێڕوانینە بەڕوونیو بێ کێشەو ناکۆکی لە ئایینی مەسیحیەتدا دەربهێنرێ، چونکە جگە لە جیاوازی ئینجیلەکان لەگەڵ یەکتریدا، ئەو ڕوبەڕەشی کە باس لە چیەتی ژیان و مردن و ژیانی پاش مردن دەکات، زۆر سنووردارەو هاوکات ناڕوونە، کە زۆرجار تەنها بە لێکدانەوەو ڕاڤەی خۆمان دەتوانین مانایەکی لێوەربگرین. ئەمە جگە لە تێکەڵی باسی ژیانو مردن لەم ئاینەدا.

---

[٨٠] بڕوانە: جاك شورون: الموت في الفكر الغربي، ل٩١.

[٨١] کتێبی پیرۆزی (میخا): ئایەتی: ٦–٨.

[٨٢] تەورات: سیفری ئەشعیا: ٢٥.

[٨٣] دەکرێ ڕەخنە لە لێکۆڵەری ناوبراو بگیرێت، کە ئەمە لە زۆر ڕووەوە ڕاست نیە، هەر خودی ئەم چەند لاپەڕەیە کە تۆیژەر دەیهێنێ بەڵگەی ئەوەیە دەکرێت تێڕوانینی ئایینی مەسیحی بۆ ژیان و مردن زیاتر لەوە بێتو دەقو وتەکانی مەسیح پێغەمبەر (د.خ) زیاتر ئەوە ڕوون بکەنەوە. بڕوانە: م.ف.کاماث، فلسفة زندگی و مرگ، ترجمه: علی احمد بیات، چ١، ١٣٨١ – ٢٠٠٢، انتشارات بهجت، تهران.

لێکۆڵەر جێمس.ب.کارس باوەڕی وایە، ئەگەر سەیری ڕێنمایی هەرسێ ئینجیلە سەرەکیەکە[٨٤] بکەین، بەتایبەتی ئەو کۆمەڵەی کە بە ئامۆژگاری شاخەکە ناسراوە[٨٥]، بەهیچ شێوەیەک باسی ڕێنمایی مردنی تێدا نیە. ڕاستە ئاماژەی ناڕاستەوخۆ بۆ دۆزەخ و تیاچوونی خراپەکارانی تێدایە، بەڵام ناکرێ بە ڕێنمایی ئایینی دابنرێت. ئامۆژگاری سەر شاخەکە— کە دواهەمین ئامۆژگاریو وتەی مەسیحیشە— تەنها بایەخ بە پەیوەندی زیندوان بە خوایەکە زیندوو و خەڵکە دراوسێکانەوە دەدات، هەروەها گوێگرانی بانگەوکات بۆ ژیانێکی کراوەی تایبەت[٨٦]. سەبارەت بە ژیانیش دەڵێت: "بایەخ بە ژیانتان بەوەی کە دەیخۆنو دەیخۆنەوە مەدەن، هەروەها بەوەش کە لە جەستەتاندا دەیپۆشن. ئایا ژیان باشتر نیە لە خواردنو جەستەش باشتر نیە لە جلوبەرگ، چونکە ئەو باوکەتان کە لە ئاسمانە — مەبەستی خودایە — دەزانێ ئێوە پێویستتان بە هەموو ئەوانە دەبێت بەڵام یەکەمجار داوای مەلەکوت — جیهانی ڕۆح کە پەیوەستە بە خوداوە — خوداو چاکەی ئەو بکەن، هەموو ئەوانەتان بۆ زیاد دەکرێ"[٨٧]. واتە مەسیح جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە خودا هەموو پێویستیە سەرەکیەکانی ژیانی باوەڕداران دابینەدەکات.

لێرەوە — وەک ب.کارس دەڵێت — لە هیچکام لەو سێ ئینجیلە سەرەکیەدا، مەسیح باسی خودی مردنی نەکردوە. هەروەها باسی هیچ لەو بابەتە بڵاوانەی — کە لە ئاینەکانی ڕۆژهەڵاتدا باوبوون کە ژیان وەک مەینەتیو ئازار یان زووتێپەڕی دادەنێ — نەکردوە، ڕەنگە ئەمەش وەک ناوبراو دەڵێت، بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە مەسیح زیاتر بایەخ بەو شێوازە دەدات

---

[٨٤] مەبەستی لە ئینجیلەکانی (مەتا، مەرقەس، لۆقا)یە کە سەرچاوەی سەرەکی ئایینی مەسیحین و پێکدێن لە کۆمەڵە چیرۆکو بەسەرهاتو وتەیەک سەبارەت بە حەزرەتی مەسیح و بەشێوەیەکی زارەکی تا دوو سێ نەوە — بەر لەوەی بنوسرێتەوە — مایەوە. ئینجیلی یۆحەناش کە چوارەمە زیاتر وەک ڕاڤەکردنێکو لێکدانەوەیەک بۆ ئەوانی تر بە جیاوازیەوە دادەنرێت. بڕوانە: د.عبدالمنعم الحفني، المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفة، ل١١٦—١٢٠.

[٨٥] لە ئینجیلی مەتا لە ئیسحاحی ٥—١٨ و لە ئینجیلی لۆقا لە ٦: ٢٠—٤٩ هاتووە.

[٨٦] بڕوانە: ئینجیلی مەتا:٧: ٢٥ و دواتر.

[٨٧] ئینجیلی مەتا: ٣٢—٣٣.

که مرۆڤەکان لەگەڵ یەکترو لەگەڵ خودادا هەیانە[88]. کەواتە مردن خەمی یەکەمی نیە. دیارە کە ئەو هۆشیارە بە مردن، بەڵام نە لە ئاستی کەمدەکاتەوەو نە گەورەشی دەکات. ئەمەش زیاتر لەو بەسەرهاتەدا دەردەکەوێ، کە یەکێك لە قوتابیەکانی مەسیح ئارەزووی خۆی بۆ شوێنکەوتنی ئەو دەردەبڕێ، بەڵام پاش ئەوەی باوکی — کە مردوە — بەخاك بسپێرێ[89]، مەسیح وەڵامی دەداتەوە: "شوێنم بکەوەو بهێڵە با مردوەکان — مەبەستی ئەوانەیە کە شوێنکەوتووی نین — مردوەکانیان بە خاك بسپێرن"[90].

بەکورتی "هەرسێ ئینجیلەکە باس لە مەسیحێك دەکەن کە بایەخە دونیاییەکان — وەك لە ئاینی یەهودیدا بینیمان[91] — دەیجوڵێنێ، بەڵکو دەتوانین لەوە تێبگەین کە (یەسوع) وتبێتی کە ئەرکی باوەڕدار ئەوەیە کە لە ناڕەحەتیەکانی ژیاندا بەرەو پێشەوە بەردەوام بێت، بەجۆرێك ئایندەی بەکراوەیی بهێڵێتەوە. لەلایەکی ترەوە دەبینین زۆرێك لە وتەکانی یەسوع کە باس لە مردن دەکەن باس لە مردنی چاوەڕوانکراوی خۆی دەکات، کە بەشێوەیەکی سرووی کڵێسایی ڕێکخراوە، کە پێدەچێ کڵێسا یەکەمەکان دایانڕشتبێ زیاتر لەوەی وتەی مەسیح خۆی بێت"[92]. بەڵام هاوکات باسی مردنی خۆی — مەسیح — لە ئینجیلی مەتادا بەمجۆرە هاتووە: "ئەوکاتەی کە لە جەلیل دا دەڕۆیشتن یەسوع پێی گوتن بەمنزیکانە کوڕی مرۆڤ — کە مەبەستی لە خۆیەتی — لەلایەن خەڵکەوە دەستگیر دەکرێت و دەکوژرێ و لە ڕۆژی سێهەمدا هەڵدەستێتەوە..."[93].

ئیتر ئەم مەسەلەی هەڵسانەوەو گەڕانەوەی مەسیحە وەك هەواڵێك — نەك ڕونکردنەوەیەك — گۆێگرانی لە دڵەڕاوکێ و شڵەژاندا دەهێڵێتەوە. ئینجیلەکان دەگێڕنەوە تەنها جارێك کە

---

[88] جیمس.ب.کارس، الموت والوجود، ل٢٨٩.

[89] فراس السواح، موسوعة تأريخ الأديان، ج٥، ل٢٣٤.

[90] ئینجیلی مەتا:٨: ٢٢.

[91] بڕوانە: چەمکی ژیان و مردن لە ئاینی یەهودیدا.

[92] جیمس.ب.کارس، الموت والوجود، ل٢٨٩.

[93] ئینجیلی مەتا:١٧: ١٢.

مەسیح باسی هەڵسانەوەی کوڕی مرۆڤی کردوە، قوتابیەکانی لەنێو خۆیاندا لە دڵیاندا پرسیاریانکرد لە مانای هەڵسانەوە (قیامە) لە مردن، بەڵام لە ناخیاندا هێشتیانەوەو پرسیاریان نەکرد[٩٤].

بەڵام وەك لە ئینجیلەکاندا دەردەکەوێ، مەسیح مەبەستی لە هەڵسانەوەی خۆی بووە، نەك هەڵسانەوەی کەسێکی تر لە مردوان[٩٥].

"ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە هەرسێ ئینجیلەکە وا باس لە یەسوع دەکەن، کە وەك هەموو کەسێکی ئاسایی بە کۆمەڵێك هەڵچوونو نیگەرانیەوە ڕووبەڕووی مردن دەبێتەوە"[٩٦]. لێرەوە ئینجیلی لۆقا بۆمان دەگێڕێتەوە، کە یەسوع چەند خولەکێك بەر لە ناپاکیکردنی قوتابیەکەی (یەهودای ئەسخەریوتی) و هەواڵدان لەسەریو دەستگیرکردنی، بە نوێژەوە کەوتە قسەکردن و وتی: "باوکە!— مەبەستی خودایە — ئەگەر دەتەوێ ئەم پیاڵە— مەبەستی مردنە— م لێ لابدە، بەڵام با ویستی من نەبێت بەڵکو ویستی تۆ بێت"[٩٧]. "لێرەوە وێڕای گوێرایەڵی یەسوع بۆ فەرمانی خودا، بەڵام لۆقا — نوسەری ئینجیلەکە — دەیەوێ جەخت لەسەر ڕەتکردنەوەی مردن لە ناخی مەسیحدا بکاتەوە"[٩٨]، بۆیە دەڵێت: "فریشتەیەك لە ئاسمانەوە بۆ بەهێزکردنی — واتە مەسیح — دەرکەوت، لەکاتێکدا ئەو بەوپەڕی پاڕانەوەوە نوێژی دەکردو ئارەقی وەك دڵۆپەی خوێن دادەبەزیە سەر زەوی"[٩٩].

لێرەوە وەك ب.کارس دەڵێت: "لە خوێندنەوەی ئەم بڕگانەی ئەو دەقانەی ئینجیلدا دەتوانین وێنای ئەوە بکەین، کە یەسوع وەك مرۆڤێك ڕاڕایە لەبەردەم ئازاری ئەو مردنە دڵڕەقانەدا"[١٠٠]. بەڵام هاوڕاین لەگەڵ ناوبراودا، کە ئەو تێگەیشتنە ڕەنگە دروست نەبێت، کە

---

[٩٤] ئینجیلی مەرقەس:٩: ١٠.

[٩٥] بڕوانە: جیمس.ب.کارس، الموت والوجود، ل٢٩٠–٢٩١.

[٩٦] فراس السواح، موسوعة تأريخ الأديان، ج٥، ل٨٥.

[٩٧] ئینجیلی لۆقا:٢٢: ٤٢.

[٩٨] فراس السواح، موسوعة تأريخ الأديان، ج٥، ل٨٥.

[٩٩] ئینجیلی لۆقا:٢٢: ٤٣–٤٥.

[١٠٠] جیمس.ب.کارس، الموت والوجود، ل٢٩٢.

وەك دوا هاواری مەسیح – لەسەر ئەو خاچەی کە لەسەری کوژراوە – باسدەکرێت، کە گوایە "یەسوع بە دەنگێکی گەورە هاواریکرد، خودایە خودایە بۆچی بەجێتهێشتم"[١٠١]. کە ئەم هاوارە گەورەترە لە ترسان لە مردن، بەڵکو ئەوە هاواری ترسانە لەوەی کە ژیانی بەبێ سوود تەواو بووبێت"[١٠٢]. دواتر ئینجیلەکان باس لە چوونی دوو ئافرەت بۆ سەر گۆڕی مەسیح لە ڕۆژی سێهەمدا دەکەنو ئەوان توشی شلەژانو سەرسوڕمان دەبن، کە دەبینن گۆڕەکە کراوەتەوەو خاڵییەو فریشتەیەک پێیان ڕادەگەێنێت، کە بەخێرایی بڕۆنو بە قوتابیەکانی بڵێن، کە ئەو لە مردن هەڵساوەتەوە. کاتێکیش کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە یەسوع پێیان دەگاتو سڵاویان لێدەکاتو پێیان دەڵێت: مەترسن و بڕۆن بە براکانم بڵێن بچن بۆ جەلیل لەوێ دەمبینن[١٠٣].

ئەوەی کە گرنگە، ئەوەیە، کە مەسیح پاش زیندووبوونەوەیو بەرلەوەی جارێکی تر بڕواتەوە، وتارێکی کورتی بۆ شوێنکەوتوەکانی دا، کە لە ئینجیلی مەتادا بەم جۆرەیە: "یەسوع هاتە پێشەوەو پێی وتن: هەموو دەسەڵاتێکی ئاسمانو زەویم پێدراوە، بچن هەموو نەتەوەکان فێربکەنو بەناوی باوک – خودا – و کوڕ – مەسیح – و روحی قودسەوە بیانکەنە مەبەستتان. فێریان بکەن کە هەموو ئەوەی کە پێم ڕاسپاردون بپارێزنو منیش هەموو ڕۆژێك تا تەواوبوونی جیهان هەر لەگەڵتانم"[١٠٤].

هەروەها ئینجیلی لۆقا دواهەمین وتەکانی دەگێڕێتەوە: "پێی گوتن پێویستە لەسەریان بەناوی ئەوەوە مژدە بدەن بە گەڕانەوە بۆلای خودا (تەوبە) و لێخۆشبوون لە گوناهی هەموو نەتەوەکان"[١٠٥]. واتە خەڵکی فێرکرد، کە پەیوەندی دروستیان لەگەڵ خودا بریتیە لە تەوبە – گەڕانەوە بۆلای خودا – و پەیوەندی دروستیش لەنێوان مرۆڤەکان خۆیاندا بریتیە

---

[١٠١] ئینجیلی مەتا:٢٧: ٤٦.

[١٠٢] جیمس.ب.کارس، الموت والوجود، ل٢٩٠–٣٠٠.

[١٠٣] ئەمە کورتکراوەی ئەوەیە، کە لە ئینجیلی (مەتا: ٢٨: ١–١٠، مەرقەس: ١٦: ١–٨، لۆقا ٢٤: ١١) هاتووە.

[١٠٤] ئینجیلی مەتا:٢: ١٨ بەدواوە.

[١٠٥] ئینجیلی لۆقا:٢٤: ٩٤٧.

لە لێخۆشبوون (غفران)[١٠٦]، بەڵام "لە هەموو ئەو گێڕانەوانەدا هیچ ئاماژەیەك بۆ زیندووبوونەوەی گشتی نەکراوە، هەڵبەتە ئەمە بەمانای ئەوە نیە نکوڵی لەوە بکرێت، چونکە مەسیح، کاتێك کە جولەکە فەریسیەکان لێیان پرسی کەی ڕۆژی دوایی دێت؟ وتی: ڕۆژی دوایی لەنێوانتاندایە! ئەو باوەڕی وابوو، کە ئەوو قوتابیەکانی لە ناخیاندا توانای بینینی ئەو نهێنییانەیان هەیە، کە لە پارچەیەکی بچوکی خومرە دا هەیە، کە دەتوانێ خومرەی ڕێژەیەکی زۆر لە گەنم بکات، یان لە بچوکترین تۆودا کە دەتوانێ گەورە ببێتو ببێتە درەختێك، کە باڵندە بەسەریەوە بنیشنەوە"[١٠٧].

ئەوەی کە ئینجیلەکان دەیانەوێ بیگەێنن، ئەوەیە کە مەسیح بە مردنو گەڕانەوەی، ژیانی خۆی لە هاوڕێکانیدا درێژکردەوە، چونکە ئەوان دەرکیان بەوەکرد، کە ئامانجی ژیانی مەسیح لە کرۆکدا بریتیە لە پێشکەشکردنی وەك دیاریەك بۆ ئەوانی تر[١٠٨]. وادەزانین مەسیح دەیەوێ، شوێنکەوتووانی وەك ئەو دووجار ژیانو مردن– کە بە لەدایکبوونی دووەم ناویدەبات – ببینن. بۆیە بەڕوونی دەڵێت: "کەس ناچێتە مەلەکوتی ئاسمانەکانو زەوی، ئەگەر دووجار لەدایکنەبووبێت"[١٠٩]، هەروەها ئەو تێڕوانینی ژیان لە مەسیحیەتدا بەخۆیەوە گرێدەدات. لێرەوە لە ئینجیلی یۆحەننا دا هاتووە: "پاش کەمێك جیهان ئیتر نامبینێ، بەڵام ئێوە دەمبینن، من زیندووم ئێوەش زیندوو دەبن، لەو ڕۆژەدا دەزانن من لەناو باوکم – خودا – دام و ئێوەو منیش لەناوتاندام"[١١٠]. بەڵکو وادەزانین مردنو زیندووبوونەوەش بەخۆیەوە گرێدەدات، وەك دەڵێت: "من زیندووبوونەوەو ژیانم، ئەوەی کە باوەڕم پێ بهێنێ، ئەگەر بمرێت، هەر دەژی"[١١١].

---

[١٠٦] جیمس.ب.کارس، الموت والوجود، ل٣٠٠.

[١٠٧] فراس السواح، موسوعة تأریخ الأدیان، چ٥، ل٢٣٠.

[١٠٨] بڕوانە: گروە نویسندگان، دانشنامەی فشردەی ادیان زندە، ل١٢٠ بەدواوە.

[١٠٩] ئینجیلی یۆحەننا:٣: ٣.

[١١٠] ئینجیلی یۆحەننا:١٤: ١٩–٢٠.

[١١١] ئینجیلی یۆحەننا:١٤: ٦.

لێرەوە وەك ئانتی کلیماتۆس دانەری کتێبی (کردار لە مەسیحیەت)دا دەڵێ: "ژیانی مەسیح لەم جیهانەدا نمونەیەکە بۆ مەسیحیەکان، تا پەیڕەوانی مەسیح ئامادەیی ئارامگرتن لەسەر ئازارو ناڕەحەتیەکانیان هەبێت، وەك چۆن مەسیح لەسەر ئازارو ناڕەحەتی ئارامی گرت"[١١٢].

١-١-٦/ ئایینی ئیسلام

سەرەتا بیروباوەڕی ئیسلام، بوون بە دوالیزمەیەکی دوو جەمسەر دەبینێ: یەکەم: خودا، دووەم: هەموو ڕەگەزەکانی تری بوون- جگەلە خودا-، کە ئەمەش لە فەرهەنگی هزری ئیسلامیدا ناوی (جیهانی) لێنراوە. ئەم دوالیزمەیە لە یەکەمین ئایەتی قورئاندا سەلمێنراوە (اقرأ باسم ربك الذي خلق) (العلق:١)، کە لێرەدا خودای خوڵقێنەر دەچێتە لایەکەوەو هەموو بونەوەری دروستکراویش دەچێتە لایەکەی تردەوە[١١٣]. ئەم دووریە لەنێوانیاندا پێویستی بە هەبوونی ناوەندێکە لە دۆخیاندا، کە کەماڵی خوا دەبێت لە دانە پاڵ شوێن - چ تیاچوون (حلول) بێت یان هاوشانی یان بەرامبەری بێت[١١٤] - بەدوور بێت[١١٥]، بەڵام هاوکات ئەم هەبوونی ناوەندە، بەمانای هەبوونی ناوەندێکی ڕەها نیە، کە پەیوەندی لەنێوان خوداو جیهاندا نەبێ، وەك ئەوەی ئەرستۆ باوەڕی پێیەتی، کە خودا جیهانی دروستکردو خستیە جوڵەو دواتر وازیلێهێنا بۆ خۆی، بەبێ ئەوەی ئاگای لێبێت - مەگەر ڕێسا گشتیەکانی

---

[١١٢] أنتی کلیمانتوس، مسیحیت و معنای زندگی، فصلنامه (هفت اسمان)، شماره (٢٨)، ١٣٨٤، مرکز مطالعات ادیان و مذاهب، ل١٥٠.

[١١٣] بڕوانە: ابن عاشور (محمد الطاهر)، تفسیر التحریر و التنویر، طبعة الحلبي، ١٩٦٤، القاهرة، ج١، ل١٥٤.

[١١٤] عارفە موسڵمانەکان لەوانە رابیعەی عەدەوی لە باسی کەعبەدا - وەك شوێن - دەڵێت: (ئەم شوێنە نە خودای تێدایەو نە لێشی خاڵییە) بەو مانایەی، کە نە دەتوانین بڵێین خودا لەو شوێنەدایەو نە دەشتوانین بڵێین خودا لەو شوێنەدا نیە. بڕوانە: د.کامل مصطفی الشیبي، الحلاج موضوعاً للأداب والفنون العربیة قدیماً وحدیثاً، ط١، مطبعة المعارف، بغداد، ١٩٧٩، ل١٦.

[١١٥] بڕوانە: د.عبدالحمید النجار، خلافة الانسان بین الوحي والعقل، ١٩٩٣، المعهد العالمي للفکر الاسلامي، فیرجینیا - أمریکا، ط١، ل٤١.

نەبێت[١١٦]. بەڵکو لە دیدی ئیسلامدا پەیوەندی نێوان خوداو جیهانو بونەوەر پتەوەو بەردەوامە، چونکە ئەو – کە جیهان و ئەوەی کە تێیدایە دروستیکردوە – بە دەسەڵاتو ویستی و بە یاسا دەیبات بەڕێوە (یدبر الأمر من السماء الی الأرض) (السجدە:٥). لەلایەکی تردوە ئیسلام پێی وایە لەنێوان جەمسەری دووەمی دوالیزمەکە خۆیدا – بوون و دروستکراوەکان – پەیوەندی هەیە، دیارترینیان پەیوەندی بوون و مرۆڤە. مرۆڤ لەسەر ئاستی دروستبوون ڕەگەزێکە لە بوونو لەسەر ئاستی جوڵەکردنی بۆ ژیانیش، بوون سەرچاوەی پەیدابوونو بواری جوڵەو ژیانیەتی.

بەگشتی ئەم پەیوەندیە – لەم ئاینەدا – لە سێ خاڵدا کورتدەکرێتەوە[١١٧]:

أ- یەکێتی مرۆڤ و بوون:

ئەوەی کە مرۆڤ و بوون پێکەوە دەکەونە جەمسەرێکی دوالیزمەکە لەبەرامبەر جەمسەری یەکەمدا – خودا کە سەرچاوەی بوونو بەڕێوەبەری کاروبارەکانیەتی – وادەکات، لە چەندین بواردا یەکیەتی لەنێوانیاندا هەبێت. لە نمونەی ئەم یەکێتیەی نێوانیان، یەکێتی سەرچاوەو چارەنوسە: هەردوکیان لە نەبوونەوەو بە ویستی خوا پەیدابوون (خلق کل شيء فقدره تقديرا) (الفرقان:٢) زۆر بە ڕێکوپێکی خولقاندوویەتی. و هەردوکیانیش بەرەو کۆتاییەکی حەتمی دەڕۆن، بەو ئاراستەی کە خالق بۆی دیاریکردون: (ولله ملك السماوات والأرض وما بينهما واليه المصير) (المائدة:١٨). لەنێوان ئەو سەرچاوەو چارەنووسەشدا، مرۆڤو بوون لە ڕەگەزی هاوبەش پێکهاتوون. هەرچەندە مرۆڤ لە ڕواڵەتدا لە ڕەگەزە بێگیانەکان (جمادات) ناچێت، بەڵام ئەویش وەک ئەوان – لە جەستەدا – لە ڕەگەزەکانی زەوی‌و خاك دروستبووە: (ياأيها الناس ان كنتم في ريب من البعث فانا خلقناكم من تراب) (الحج:٥).

---

[١١٦] بڕوانە: يوسف كرم، تأريخ الفلسفة اليونانية، ل٢٢٦.

[١١٧] بڕوانە: د.عبدالحميد النجار، خلافة الانسان بين الوحي والعقل، ل٤٢.

مرۆڤیش لەگەڵ هەموو گیانلەبەراندا هاوبەشە، کە ئاو کەرەستەی دروستبوونیانە (والله خلق کل دابة من ماء فمنهم من یمشي علی بطنه ومنهم من یمشي علی رجلین ومنهم من یمشي علی اربع) (النور:٤٥). هەروەها لەگەڵ سەرجەم بووندا هاوبەشە لە ملکەچبوونی بۆ یاساکانی گۆڕانو جوڵە – کە ئەم یاسایەش یەکێکە لەو بەڵگانەی کە بوونی خودای لەلای ئیبراهیم پێغەمبەر سەلماندو ئەویش سەلماندی: (الم تر الی الذي حاج ابراهیم في ربه أن أتاه الله الملك اذ قال ابراهیم ربي الذي یحیي ویمیت قال أنا احي وأمیت قال ابراهیم فان الله یأتي بالشمس من المشرق فأت بها من المغرب فبهت الذي کفر) (البقره:٢٥٨).

ب- پایەبڵندی مرۆڤ:

بە باوەڕی ئیسلام، دیاردەکانی لێکچوونی نێوان مرۆڤ و بوون، بەمانای دانانی پێوەرێك نیە، بۆ یەکسانی بەهای ئەم دوانە، بەڵکو ئەمە تەنها بەڵگەیەکە لەسەر هاوبەشبوونیان لە بەشێکی حەقیقەتدا. لەگەڵ ئەمەشدا بواریێکی گەورە بۆ جیاکردنەوەی ئەو لە بوون – بە جیاکردنەوەی پایەبڵندی – هەیە. لەم ڕوەوە قورئان کاتێك کە باس لە مرۆڤ لەنێو بونەوەرەکانی تردا دەکات هەمیشە جیای دەکاتەوە، بە تایبەتیەتیو پایەبڵندی لەسەر ڕووی پەیژەی بەهایی بونەوەرانەوە دایدەنێت (ولقد کرمنا بني ادم وحملناهم في البر والبحر ورزقناهم من الطیبات وفضلناهم علی کثیر ممن خلقنا تفضیلا) (الاسراء:٧٠)[١١٨].

لێرەوە دنیابینی ئیسلامیی باوەڕی بە جیاوازیەکی بنەڕەتی لەنێوان مرۆڤو بونەوەرەکانی تردا هەیە، بەتایبەتی لەگەڵ دوو ڕەگەزی تری گرنگی نێو بونەوەرو ژیان، کە ئەوانیش ڕوەکو گیانلەبەرە هەیە. ڕوەك تایبەتمەندی (گەشەکردن، بەرهەمهێنانی هاوشێوەی خۆی، جوڵەی سنوردار) لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانیەتی، هەروەها گیانلەبەران جگە لە دوو تایبەتمەندی گەشەکردنو بەرهەمهێنانی هاوشێوە – زاوزێ یان زۆربوون – کە لە ڕووەکدا هەبوو – توانای جوڵەی جێگۆڕکێکردنو هەستکردنی هەیە. بەڵام مرۆڤ لەگەڵ هەبوونی

---

[١١٨] بڕوانە: د.عبدالحمید النجار، خلافة الانسان بین الوحي والعقل، ل٥٦-٥٧.

کۆی ئەو تایبەتمەندیانەدا، دوو تایبەتمەندی هەیە کە لەوانی تردا نیە – کە ئەوانیش: هەبوونی زانست – بەمانای توانینی دەرککردن بە دیاردەکانی دەوروبەرو توانینی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوانیان و دەرهێنانی ئەنجامو زانیاری لێیانەوەو دواجار توانینی تێگەیشتن لەو زانیاریانەو تۆمارکردنیانو هەڵوێست وەرگرتن لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیاریە بەدەستهاتوانەدا، کە ئەمەش لە فەرهەنگی قورئاندا بە هێزەکانی (بصر) و (سمع) و (فؤاد) ناوبراون[119]: (والله أخرجكم من بطون أمهاتكم لاتعلمون شيئا وجعل لكم السمع والأبصار والأفئدة قليلاً ماتشكرون) (النحل:٧٨).

ئەم تایبەتمەندیە یەکەمەش – بەتایبەتی پاش ئارەزووی هەڵوێست وەرگرتن لەژێر ڕۆشنایی زانیاریەکاندا – بەرەو تایبەتمەندی دووەمی مرۆڤمان دەبات، کە ئەویش هەبوونی توانای هەڵبژاردن (ئیرادە)یە، چونکە ڕووەکو گیانلەبەر – بەتایبەتی ئەمەی دواییان – بەپێی ئەو هێزە ناخەکیو غەریزیانەی کە تێیاندا دانراوە گەشە دەکەنو هاوشێوە بەرهەمدەهێننو جوڵە دەکەنو هەستدەکەن، و لەوەدا هەڵبژاردنیان نیە، بەڵام مرۆڤ – ئەگەرچی بەشێکی وەک زۆرێک لە ویستو جوڵە ئۆرگانیەکانو پێکهاتەی جەستەی وەک ڕووەکو گیانلەبەران لە دەرەوەی هەڵبژاردنی خۆیەتی – توانای هەڵبژاردنی ئەو هەڵبژاردانەی، کە لەبەردەستیدایە هەیە[120] و ئەمەش وەک ڕاستیەکی بەڵگەنەویستی تایبەت بە مرۆڤ لە یاسا ئاسمانیو مرۆییەکاندا پەسەند کراوەو لەوێوە مرۆڤ بە بەرپرسیار لە هەڵبژاردەو کردارەکانی دادەنرێت.

لە دنیابینی ئیسلامدا ئەم دوو تایبەتمەندیە – زانستو ئیرادە – بۆیە تایبەتن بە مرۆڤ، چونکە لەڕێگەی ڕۆحەوە هاتوونەتە نێو مرۆڤ. ڕاستە لە ئیسلامدا ڕۆح وەک شتێکی نەزانراو

---

[119] ئەو سێ وشەیە لە قورئاندا بەمانای (بینین) و (بیستن) و (دڵ)ی ئاسایی نایەن، بەڵکو بوون بە زاراوەو مانای نوێیان وەرگرتووە – کە لەسەرەوە ئاماژەمان بە هەندێکی دا – بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ناسری سوبحانی، مرۆڤو ڕێبازی ژیان، ئا: عەبدوڵلا عەلی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٧، ل١٦ بەدواوە.

[120] بڕوانە: ناسری سوبحانی، بەندایەتی، چ٤، دەزگای بەرهەم، ٢٠١٢، ل٤٤.

و نادیار ماوەتەوە[١٢١]، بەڵام بە باوەڕی ئەم ئایەنە دەکرێ شوێنەوارو دەرئەنجامەکانی رۆح ببینین، کە دیارترینیان هەبوونی توانای زانستو هەڵبژاردنە لە مرۆڤدا. و بەڵکو ئەمە وادەکات کە هەندێك لە زاناکانی ئیسلام باوەڕیان وابێت، کە رۆح تەنها تایبەتە بە مرۆڤو گیانلەبەرانی تر هێزی ژیانیان هەیە – نەك رۆح – کە دیارترین تایبەتمەندیەکانی – وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد – بریتیە لە گەشەکردن و بەرهەمهێنانی هاوشێوە – زیادبوون یان زاوزێ – و جوڵەو هەستکردن[١٢٢]. چونکە خوای دروستکەری مرۆڤ تەنها بە مرۆڤی وتوە (ونفخت فيه من روحي – لەلایەن خۆمەوە – خودا – رۆحم پێ بەخشی) (الحجر:٢٩). هەروەها لە دنیابینی ئیسلامدا رۆح تا ئەوکاتەی، کە نەچووەتە نێو جەستەی مرۆڤ ئەو ناوەی لێدەنرێ، بەڵام ئەو چرکەساتەی، کە چووە نێو جەستە پێیدەوترێ دەروون (نفس)، بۆیە ئایەتەکانی وەك (ولا تكسب كل نفس الا عليها – هەرکەسێك – واتە ئێستا کەسە – گوناهو خراپەیەك بکات خۆی گیرۆدە دەبێت) (الأنعام:١٦٤) و (كل نفس ذائقة الموت ثم الينا ترجعون) (العنكبوت:٥٧) و هاوشێوەکانی بەڵگەی ئەو ڕاستیەن[١٢٣]. لێرەوە مرۆڤ، کە بووەتە هەڵگری ئەو دوو تایبەتمەندیە گرنگەی زانستو هەڵبژاردن – کە لەڕێگەی رۆحەوە وەریگرتووە، بووەتە جێگەی سەرنجو بایەخی دروستکەرەکەی.

ج– خستنە ژێر رکێفی بونەوەر بۆ مرۆڤ:

لەم ئایەنەدا حەقیقەتی پایەبڵندی مرۆڤو پێدانی تایبەتمەندی بەو، وایکردوە، کە بوون بۆ مرۆڤ دەستەمۆ کراوەو بونەوەرەکانی ناوی لە بەرژەوەندی مانەوەو ژیانی ئەودا کاردەکەن، چونکە خودا لە دیدی ئەم ئایەنەوە جیهانی وا سازاندوە، کە شیاو بێت بۆ پێشوازیکردن لە ژیانی مرۆڤو بونەوەری خستووەتە ژێر رکێفیەوە، بۆیە ڕەهەندو یاساو قەبارەکانی

---

[١٢١] لە قورئاندا هاتووە (ويسألونك عن الروح قل الروح من امر ربي وما أوتيتم من العلم الا قليلا) (الأسراء:٨٥).

[١٢٢] لەو زانایانە زانای ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئەحمەدی موفتی زادە). کە لە زنجیرە وتاری (مرۆڤ و ئیمان) دا ئەوە دەخاتە ڕوو. بڕوانە: www.maktabguran.com

[١٢٣] بڕوانە: د.عبدالرحمن بدوی، موسوعة الفلسفة، ج٢، ل٦٢٤.

گەردوون‌و بوونی بەجۆرێك دیاریكردوە، كە گونجاوبێت لەگەڵ ئەركی سەرەكی مرۆڤدا كە— جێنشینییە— لەسەر زەویداو، لەگەڵ توانای ئاوەدانكردنەوەی سروشت‌و زەوی بەشێوەیەكی ئیجابی دەگونجێ، ئەمەش ئەم ئایەتە دەریدەخات[١٢٤]: (وسخر لكم ما في السماوات وما في الأرض جميعاً منه ان في ذلك لآيات لقوم يتفكرون) (الجاثية:١٣).

بەم پێیە لە دنیابینی ئیسلامدا بونەوەران لەروی ئەركەوە لەم ژیانەدا دەبن بە دوو بەشەوە[١٢٥]:

یەكەم: ئەو بونەوەرانەی كە ژیانیان بەڕێوەبراو یان ئاراستەكراو (مسیر)ە، واتە بەجۆرێك‌و ئەندازەگیریەك دروستكراون، كە بێ ویستی خۆیان ئەو ئەركە ئەنجامدەدەن، كە بۆیان دیاریكراوە، كە ئەمە بەشی هەرەزۆری نزیك لە ڕەهای بونەوەران دەگرێتەوە، لەگەڵ بەشێكی خودی مرۆڤ— كە زیاتر بەشە ئۆرگانیەكەی جەستەی مرۆڤە — دەگرێتەوە.

دووەم: ژیانی بونەوەری تاقیكراوە— مبتلی —، كە مەبەست لێی ئەو بونەوەرەیە، كە دەتوانێ پاش بەدەستهێنانی زانست لەسەر دیاردەكانی نێو خودی خۆی‌و دەوروبەری هەڵوێست بەوجۆرەی كە ویستی لەسەریەتی وەربگرێت: واتە توانای هەڵبژاردنی هەیەو هەر خودی ئەمەش وادەكات بخرێتە ژێربار‌ی تاقیكردنەوە تا بە كرداریی بزانرێ، كە ئەو بونەوەرە — مرۆڤ — بە ئازادی خۆی چۆن ڕێبازی ژیانی هەڵدەبژێرێت[١٢٦]. هەر لێرەوە خودی هاتنە ژیان‌و مردن — ئەگەرچی یاسایەكی گەردونیی ئاراستەكراوی دەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤە — بەڵام لە دنیابینی ئیسلامدا بەشێكە لە جۆری ژیانی دووەم — واتە تاقیكردنەوە — ئەمەش قورئان بەڕوونی دەریدەخات (الذي خلق الموت والحياة ليبلوكم أيكم احسن عملاً وهو العزيز الغفور) (الملك:٢).

---

[١٢٤] د.عمادالدين خليل، حول تشكيل العقل المسلم، ط٤، المعهد العالمي للفكر الاسلامي، فيرجينيا — أمريكا، ١٩٩١، ل٩٢.

[١٢٥] ناسری سوبحانی، لادانەكانی بەشەرییەت‌و ژیانی موئمینانە، چ١، پرۆژەی بەرهەمی یاد، ٢٠١١، ل٩٣.

[١٢٦] بڕوانە: ناسری سوبحانی، لادانەكانی بەشەرییەت‌و ژیانی موئمینانە، ل٩٣.

هەر لێرەوە دنیابینی ئیسلام پێی وایە جیهان و ژیان لە دوو بازنە پێکدێت: یەکەم: بازنەی دەرەوەی ئەرکو کاری مرۆڤ، کە سەرجەمی بە یاساو ئەندازەگیریەک لەلایەن هێزی دروستکەر – خودا – وە بەڕێوەدەبرێت و مرۆڤ ناتوانێ هیچ دەخالەتێک لەم جیهانەدا بکات.

دووەم: بازنەی ئەرکو کاری مرۆڤ، کە مرۆڤ بەپێی ئەو هێزو تایبەتمەندیانەی، کە پێیدراوە دەتوانێ دەخالەت لە دیاردەو ڕوداوەکاندا بکاتو بەڵکو دروستکەریان بێت. لێرەوە ئیسلام مرۆڤ لەسەر ئەوە پەروەردە دەکات، کە پاش ناسینی بنەما سەرەکیەکانی دنیابینی ئیسلام، کە بریتیە لە سێگۆشەی یەکپەرستی (توحید) و باوەڕ بە پەیوەندیکردنی خودا بە مرۆڤەوە بە هاتنی پێغەمبەران (نبوت) و باوەڕ بە ژیانی دوارۆژ (معاد)، وا لە مرۆڤ بکات، کە خەریکی بازنەی ئەرکو کاری خۆی بێت، کە بازنەی (چی بکەم و چی نەکەم)ەو خۆی سەرقاڵو نیگەران نەکات بە جیهانی دەرەوەی خۆی – جیهانی یەکەم – کە جیهانی (چی ئەبێ و چی نابێ)یە[127]. لێرەوە دەبینین ئەگەرچی باوەڕ بە ژیانێکی تری پاش ئەم ژیانە – بە نمونە – یەکێکە لە سێ پایە سەرەکیەکەی دنیابینی ئیسلام و وەک قورئاننناسی ناسراوی کورد ناسری سوبحانی باسدەکات، کە هیچ لاپەڕەیەکی قورئان نیە، کە بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ نەمانباتەوە بۆ ژیانەکەی تر[128] – کە ئەمەش وادەزانین جیاوازیەکی بنەڕەتی ئیسلام و ئاینەکانی تر‌ە بەتایبەتی دوو ئاینە ئاسمانیەکەی تر – ئاینی یەهودیو ئاینی مەسیحی[129] – بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم ئاینە دەیەوێ ئەم باوەڕە دابمەزرێنێ، هاوکات نایەوێ مرۆڤ سەرقاڵی ئەوە بێت، کە کەی ئەوە ڕووەدەداتو لەکوێو چۆن و وردەکارییەکانی چییە، بەڵکو بەڕوونی دەبینین، هەرکاتێک پرسیار لەم بازنەیەدا کرابێت – چی ئەبێ و چی نابێ – مرۆڤی بەرەو بازنەی مرۆڤانەی خۆی

---

[127] بڕوانە: ناسری سوبحانی، بەندایەتی، ل٤٩.

[128] ناسری سوبحانی، خواناسی، ئا: ئارام محەمەد – اسماعیل باقی، چ١، ٢٠١١، ل١٧٩.

[129] وادەزانین بە بەراورد بە ئیسلام، دوو ئاینی یەهودیو مەسیحی کەمتر بایەخیان بە ژیانی پاش مەرگ داوە. بڕوانە: هەر ئەم پارە، ل٣٦ بەدواوە، هەروەها ل٤٢ بەدواوە.

گێڕاوەتەوە: (يسألونك عن الساعة أيان مرسيها – فيم أنت من ذكراها – الى ربك منتهاها – انما أنت منذر من يخشاها (النازعات:٤١–٤٥)– بەڕوونی دەڵێ ئەوە مەسەلەیەکە کاتی هاتنەکەی لە ئاستی زانینی تۆدا – مەبەست پێغەمبەرە – نیە، تا دەریخەیت بۆیان، زانیاری کاتی هاتنی ئەو ڕۆژە تەنها لای پەروەردگارتە، تۆ کارت هەر نیشاندانی ڕێگای ڕاستی خودایەو وریاکردنەوەی ئەوکەسانەیە، کە لەو ڕۆژە دەترسن).

هاوکات دەبینین، کاتێک کە پیاوێك لە پێغەمبەر محەمەد (د.خ) دەپرسێ: کەی ڕۆژی دوایی – کۆتایی جیهان – ڕوودەدات. ئەو لە وەڵامدا پێیدەڵێت: ئەوەی کە پرسیاری لێدەکەیت – خودی پێغەمبەر – زاناتر نیە لە تۆ – پرسیارکەر – هەکە لەم بوارەدا[١٣٠]. لەلایەکی ترەوە بۆ وەڵامی هەمان پرسیار – کە پیاوێکی تر دەیکات –دەڵێت: چیت بۆ ئامادەکردوە؟[١٣١] واتە دەیباتەوە نێو بازنەی ئەرکو کاری مرۆڤانە.

لەلایەکی ترەوە دنیابینی ئیسلام سەبارەت بەمانای ژیان – ژیانی دونیا – وادەزانین ئەوەیە، کە باوەڕی وایە ژیان لەیەککاتدا مانادارەو هاوکات بێ مانایەو دەبێ خۆمان مانای بدەینێ![١٣٢] باوەڕی وایە کە بەشی سەرەکی جیهان و ژیان – کە بە یاساو سیستێم و ئەندازەگیری بەڕێوە دەڕواتو هێزێکی لەپشتەوەیە – مانادارەو دەبێ ماناکەی بدۆزینەوە – ئەگەرچی خودی پەیوەندیکردنی خودا بە مرۆڤەوە لەڕێگەی وەحیەوە بەشێك لەوەی بۆ ئاشکرا کردوە – تا مرۆڤ بە ناسینو هۆشیاریەوە مامەڵەی دروستو هاوئاهەنگی، لەگەڵ بوونو ژیاندا بکات، بۆیە ژیان بێ ماناو بێهودە نیە (أفحسبتم أنما خلقناكم عبثاً و أنكم الينا لا ترجعون) (المؤمنون:١١٥).

---

[١٣٠] بڕوانە: الصحاح التسعة: www.islamonline.com

[١٣١] هەمان سەرچاوە.

[١٣٢] کە بەڕای ئەو لە پاری ژیانو مردن لە فەلسەفەدا بینیمان بەدرێژایی مێژووی فەلسەفەو هزری مرۆیی، فەیلەسوفانو بیرمەندان و مرۆڤەکان تێڕوانینیان سەبارەت بە ژیان زیاتر دەچێتە نێو دوو ئاراستەوەو یان ئەوەی کە ژیان مانادارەو دەبێ ماناکەی بدۆزرێتەوە، یان بەپێچەوانەوە بێ مانایەو دەبێ خۆمان مانای بدەینێ، ئێمەش ئەمەمان بەسەر ئیسلامدا پەیڕەو کردووە. بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری یەکەم.

یان چەندین ئایەتی وەک: (قل انظروا ماذا في السماوات والأرض (یونس: ۱۰۱)— کە داوادەکات، سەرنج بدەنو سەیری ئەو دروستکراوانە بکەن کە لە ئاسمانەکان و زەویدان).

بەڵام هاوکات دنیابینی ئایینی ئیسلام باوەڕی وایە بەشێکی زیان بێ مانایە — فریودەرانەیەو خۆی بە هەمیشەیی دەنوێنێ و مایەی بێ ئاگاکردنی مرۆڤو لەخۆبایی بوونیەتی بە خۆشیە مادیەکان و شانازیکردن — تفاخر — و زیادکردنو کەڵەکەکردن — تکاثر —ە: (اعلموا أنما الحیوة الدنیا لعب ولهو و زینة وتفاخر بینکم و تکاثر في الأموال والأولاد کمثل غیث أعجب الکفار نباته ثم یهیج فتریه مصفراً ثم یکون حطاما (الحدید:۲۰)— چاك بزانن کە ژیانی دنیا گاڵتەو گەپەو جوانییو خۆڕازاندنەوەیە، هەروەها خۆهەڵکێشانە بە دەستڕۆیشتنو بە زۆریی ماڵو سامانو منداڵو نەوەو خزمو کەسوکارەوە... وێنەی ژیانی دنیا وەکو بارانێکی بەهێز وایە کە مرۆڤی جوتیار دڵخۆشدەکات بەهۆی ئەو شینایییو دەغڵودانەوە کە پێی سەوز دەبێت، کەچی دوایی دەبینێت وشکو زەرد دەبێتو دەبێتە پووشو پەڵاش و بەسەریەکدا دەکەوێتو وردو خاش دەبێت، ژیانی ئادەمیزاد لە دنیادا وەهایە).

لێرەوە وادەزانین بە باوەڕی ئەم ئایینە، ئەو بەشەی ژیان، کە بێ مانایە ئەوەیە، کە ئەم ژیانە کە خودی کەرەستەی تاقیکردنەوە— ابتلاء — یەو ئامرازە نەك ئامانج— بە هەمیشەییترو گرنگتر لە ژیانەکەی تر بزانرێ: (بل تؤثرون الحیاة الدنیا والآخرة خیر وأبقی) (الأعلی:۱٦—۱۷).

هەر لێرەوە لە پرۆسەی بەراوردکردنی ئەم ژیانە بە ژیانەکەی ترداید، کە ئیسلام ئەم ژیانە بە بێ مانا دادەنێ، نەك لە خودی خۆیداو لە هەموکاتو شوێنێکدا[۱۳۳].

---

[۱۳۳] (سید قطب) باس لەوەدەکات، کە بە بەڵگەی ئایەتەکان ڕوون دەبێتەوە، قورئان تەنها ئەوکاتە ژیانی دونیا بە کەم بایەخ دادەنێ، کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەراوردی بکات بە ژیانی دوایی، نەك بە ڕەهایی وابێت. بەڵکو ئیسلام ئەم ژیانە لەخۆیدا بە گرنگ دەزانێ و خودا داوای ئاوەدانکردنەوەی زەوی لە مرۆڤ کردوە. بڕوانە: سید قطب، الیوم الآخر في ظلال القرآن، جمع واعداد: احمد فائز، مؤسسة الرسالة، ط۱۷، ۱٤۱٤ — ۱۹۹٤، ل۷۷.

لەلایەکی تردوە لە دنیابینی ئەم ئایینەدا بێ مانایی ژیان لە خودی خۆیدا نییە، بەڵکو لە ئێمەدایە، کە ئەرکێك و خواستێکی لێداوا دەکەین، کە مەحاڵەو پێچەوانەی سروشتیەتی، دیارترینیان: داخوازی نەمری: (یحسب أن ماله اخلده – الهمزه:٣) یان خۆشبەختی پەهاو گەیشتن بە خولیاو ئاواتەکانو تێربوون بە حەزە مادیەکانو...هتد.

بۆیە ئیسلام ئەو کردارانەی– نەك خودی ژیان– ی مرۆڤ کە لەپێناوی ئەو خواستو ئامانجانەدایە، بە تراویلکەو سەراب ناودەبات (والذين كفروا أعمالهم كسراب بقيعة يحسبه الظمآن ماءً حتى اذا جاءه لم يجده شيئاً ووجد الله عنده فوفيه حسابه والله سريع الحساب) (النور:٣٩).

هەر ئەمەش – باسی بەهەڵەداچوونی مرۆڤی بێ باوەڕ – بەرەو چەمکی ژیانو مرۆڤی زیندوو و مەرگو مرۆڤی مردووەمان لە فەرهەنگی ئیسلامدا دەبات. لە دیدی ئەم ئایینەوە هاتنی پەیامی ئاسمان – سروش – و هاتنی پێغەمبەر ژیانەو دەکرێ بە بەری ژیانی مرۆڤدا (استجيبوا لله وللرسول اذا دعاكم لما يحيكم) (الأنفال:٢٣).

لێرەوە ئەم ئایینە باوەڕی وایە، کە کاری زیندووکردنەوەی مرۆڤە مردووەکانە – هەر لەم ژیانە نەك ژیانەکەی تر – (أو من كان ميتاً فأحييناه و جعلنا له نوراً يمشي به في الناس كمن مثله في الظلمات ليس بخارجٍ منها) (الأنعام:١٢١).

لەبەرامبەردا ئەوانەی بایەخ بە پەیامی ئاسمانی نادەن و خۆیانی لێ بێئاگا دەکەنو قەبوڵی ناکەن بە مردوو ناودەبات: (ولايستوي الأحياء ولا الأموات) (فاطر:٢١) لێرەوە "لە فەرهەنگی ئیسلامدا مرۆڤێك بە زیندوو دادەنرێ، کە هێزی جیاکردنەوەی (حەق) و ناهەق (باطل)ی بکەوێتە کار – کە ئەمەش خاسیەتی یەکەمی مرۆڤە– زانست – ەکە کە پێشتر باسمانکرد – و بە کرداری حەق هەڵبژێرێو ناهەق بخاتەلاوە – کە ئەمەش خاسیەتی دووەمی مرۆڤە– ئیرادە– کە باسمانکرد–، وەگەرنا لە فەرهەنگی قورئاندا ئەو بە مردوو دادەنرێ"[١٣٤].

---

[١٣٤] بڕوانە: ناسری سوبحانی: خواناسی، ل٢٣١ بەدواوە.

هەروەها لەم ئایەتدا خاسیەتی زیندووییو زیندووکردنەوەیی دراوەتە پاڵ هەر مرۆڤێك كە ببێتە هۆی پاراستنی ژیانی مرۆڤو ئەو پاراستنە بە زیندووکردنەوەو ژیاندنەوە — كە لە ڕاستیدا ئەوە لە توانای سەرووی مرۆڤو خودادایە — ناوەبات‌و هەوڵ بۆ لەناوبردنی مرۆڤو كوشتنی بە ناهەق، بە كوشتنی هەموو مرۆڤایەتی ناوەبات (من اجل ذلك كتبنا على بني اسرائيل أنه من قتل نفساً بغير نفسٍ او فسادٍ في الأرض فكأنما قتل الناس جميعا ومن أحياها فكأنما أحيا الناس جميعا) (المائدة:٣٢).

لەلایەكی ترەوە ئەم ئایەتە پێی وایە ژیان لە یاسای سزادان‌و كوشتندایە — بەتایبەتی بۆ مرۆڤكوژانی بە ناهەق — چونكە ژیانی بۆ خەڵك — بە كۆ — تێدایە (ولكم في القصاص حياة يا اولي الألباب لعلكم تتقون) (البقرة:١٧٩).

سەبارەت بە مردنیش، ئەو دیاردەیە لە فەرهەنگی ئیسلامدا بەمانای لەنێوچوون‌و نەمان نیە "قورئان دەربارەی ماهیەتی مردن، وشەی (توفی)ی بەكارهێناوە، (توفی)و (استیفاء) لە چاوگی (وفاء)ەوەیە، هەركاتێك كەسێك شتێك بەتەواوی بەدەستبێنێ‌و وەربگرێ ئەوە بە زاراوە (استیفاء)ی كردوەو لە زمانی عەرەبیدا دەوترێ (توفّیت المال) واتە تەواوی پارەكەی بە بێ كەم و كەسر وەرگرت"[١٣٥]. لە (١٤) ئایەت لە قورئانی پیرۆزدا ئەم دەربڕینە سەبارەت بە مردن هاتووە، لە هەموو ئەوانەدا ئەوە دەردەكەوێت، كە "مردن لە دیدی قورئانەوە گواستنەوەیە. واتە مرۆڤ لەكاتی مردندا بەتەواوی كەسێتی‌و سروشتیەوە لەلایەن فەرمانپێكراوە خودایەكانەوە وەردەگیرێتەوە"[١٣٦]. بە نمونە لە ئایەتی (١١)ی سورەتی سەجدەدا هاتووە (قل يتوفيكم ملك الموت الذي وكل بكم ثم الى ربكم ترجعون) كەواتە مردن (وفات) گەڕاندنەوەو گواستنەوەیە، نەك (فوت) بەمانای چوون‌و لەدەست دەرچوون[١٣٧].

---

[١٣٥] بڕوانە: الراغب الأصفهاني، مفردات الفاظ القرآن، ط٥، دار القلم، دمشق، ٢٠١١، ل٢٦٨-٢٦٩.

[١٣٦] بەڵگەیەكی تری سەلمێنەری ئەو تێڕوانینە، ئەوەیە، قورئان مردنی مرۆڤ بە گێڕانەوەی شتێك — ڕۆح — ناوەبات، كە هی خۆمان نیەو قەرزدارین بەوە (فلولا ان كنتم غير مدينين ترجعونها ان كنتم صادقين) (الواقعة:٨٥-٨٦).

[١٣٧] د.گل بابای سعیدی، مرگ و فلسفه، چ١، انتشارات ازاد مهر، تهران، ١٣٨٥ — ٢٠٠٥، ل٢٩٣-٢٩٤.

بەگشتی ئیسلام "ئاینێکی واقیعیە، کە نە وەک ئاینی جولەکەیە – کە زیاتر بە دیوی مادیگەریدا کەوتووە – و نە وەک ئاینی مەسیحییە – کە پتر بە دیوی رۆحی‌و ئایدیالیدا کەوتووە – بەڵکو هاوسەنگی لەنێوان لایەنی مادی‌و رۆحی مرۆڤدا کردوە"[١٣٨]. بۆیە ئەو مردن بە ناخۆش لەسەر مرۆڤەکان دەزانێ‌و بە پۆداوی ناخۆش (مصیبە) ناویدەبات (ان أنتم ضربتم في الأرض فأصابتكم مصيبة الموت) (المائدە:١٠٦).

بە باوەڕی ئەم ئاینە خودا وا مرۆڤی دروستکردوە، کە بە سروشت حەزی لە مردن نەبێت‌و خولقێنەری مرۆڤیش بە مەبەست ئەوەی کردوە، تا مرۆڤ خۆی‌و خۆشەویستانی لە مردن بەدوور بگرێ و هەموو ئامرازەکانی خۆپاراستن لەو بەکاربهێنێ، تاوەکو تا ئەو کاتە دیاریکراوەی، کە خودا وەک یاسایەکی گەردوونیی بۆ مرۆڤی داناوە دێت[١٣٩].

بەڵام بە دیوێکی تردا، دنیابینی ئیسلام بۆ مردن – وەک ماهیەتی خۆی نەک وەک پەیوەندی بە ماهیەتی مرۆڤەکانەوە – ئەوەیە، کە مردن ڕزگاربوونە، کۆتایی ئەرک‌و بەرپرسیاریەتیە. بۆیە خودا بە مرۆڤ– مرۆڤی نمونەیی کە پێغەمبەر محەمەدە (د.خ) – دەڵێت: (فاذا فرغت فانصب والى ربك فارغب (انشراح:٧–٨)– واتە کە لە کارو ئەرکی ڕۆژانەت – کە هەوڵی گەیاندنی فەرمانەکانی خودایە بە خەڵکی – تەواوبوویت، ئەوکات ئارەزووی گەیشتن بە دیداری خودا – پاش مردن – بکە).

هاوکات لە دیدی ئەم ئاینەوە، مردن سەرەتای دەستپێکردنی وەرگرتنەوەی (استیفاء – توفی)ی بەرهەمی کارەکانەو ڕێ چۆڵکردنە بۆ نەوەکانی داهاتوو بۆئەوەی ئەوانیش لەسەر زەوی تاقیکردنەوەی خۆیان ئەنجامبدەن[١٤٠].

هەروەها لە دیدی ئەم ئاینەوە مردن رزگارکردنی بێهێزو بێتواناکانە لەو دۆخەی، کە تێیدان. بۆیە بەپوونی قورئان مانەوەی مرۆڤ لە دۆخی پیری‌و لاوازیدا بە ژیانی ناشایستە

---

[١٣٨] بڕوانە: علی عزت بیگوفیتچ، الأسلام بین الشرق و الغرب، ترجمة: یوسف عدس، ط١، ١٩٩٧، ل٢٢٤.

[١٣٩] بڕوانە: سعید النورسی: رسالة الحشر، ترجمة، احسان قاسم الصالحي، مطبعة الزهراء، بغداد، ١٩٨٩، ل٨٣.

[١٤٠] بڕوانە: هەمان سەرچاوە، ل٨٤.

ناوەبات: (والله خلقكم ثم يتوفيكم منكم من يرد الى ارذل العمر لكي لايعلم من بعد علم شيئا) (النحل:٧٠).

هاوكات مردن، كۆتاييهێنانە بەو ئێشو ئازارانەی مرۆڤ، كە چیتر لە توانایدا نیە بەرگەیان بگرێ، بەهۆی تێكچوونی یان لەكاركەوتنی ئەندامەكانیەوە. دواجار مردن بەشێكە لەو هێزە گەردونیە پاككەرەوەی نێو سروشتو ژیان، كە خودا بۆ لابردنی شتە لەكاركەوتوو و ئەوانەی ئەركیان تەواو بووە، داینـاوە[١٤١].

لەلایەكی ترەوە "مردن لە دنیابینی ئیسلامدا سەرەتای لادانی پەردەیە، لەسەر شتە نهێنیو شاردراوەكانی بەردەم هەستەكانی مرۆڤ لەم ژیانەداو ئیتر لەوێ زۆر نهێنی دونیای نادیار (غیب) بۆ مرۆڤی مردوو ئاشكرا دەبێت"[١٤٢] (فكشفنا عنك غطاءك فبصرك اليوم حديد) (ق:٢٢).

هەروەها وادەزانین مردن بە باوەڕی ئەم ئاینە، گەیشتنە بە جیهانی دادپەروەریو نەمانی تێكەڵاوی خێرو شەڕو رزگاربوونە لە جیهانێك كە زۆرجار ئاڵوگۆڕ بە شوێنی هەقو ناهەق تێیدا كراوەو گەیشتنە بە جیهانێك، كە چاكەو خراپە جیادەكرێنەوەو دەخرێنە شوێنی شایستەی خۆیان (ليميز الله الخبيث من الطيب) (الأنفال:٣٧).

سەبارەت بە زیندووبوونەوەی پاش مردنیش، دنیابینی ئیسلام ئەوەیە، كە زیندووبوونەوەی مرۆڤ زیندووبوونەوەی رۆح و جەستەیەو ئەم زیندووبوونەوەیەش، دروستكردنەوەیەكی نوێو جیاواز لەوەی یەكەم نیە، بەڵكو دوبارە دروستكردنەوەی ئەوەی یەكەمە — بەتایبەتی وەك سروشتی كەسێتی مرۆڤ — واتە پێكهاتەو خەسڵەتی جیاكەرەوەی دەروونی ئەو لە ئەوانی تر — ە[١٤٣].

---

[١٤١] بڕوانە: سەعیدی نورسی، مرۆڤ و ئیمان، و. فاروق رەسوڵ یەحیا، چ١، عێراق — كوردستان، ١٩٩٣، ل٣٨.

[١٤٢] د.عبدالكريم سروش، پیام عارفان: www.drsorosh.com

[١٤٣] د.عبدالمنعم الحفني باس لەوەدەكات، ئەو ئاینو فەلسەفانەی، باوەڕیان بە زیندووبوونەوەی مرۆڤ وەك جەستەشو وەك رۆحیش هەیە، لەوەدا جیاوازن، كە ئایا دروستكردنەوەیەكی نوێی مرۆڤە یان دوبارە دروستكردنەوەی ئەوەی پێشووە. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: د.عبدالمنعم الحفني، المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفة، ل١٥٩.

لێرەوە ئیسلام کە باوەڕی بە نەمری مرۆڤ هەیە، بۆ سەلماندنی ئەوەش چەندین بەڵگەی لۆجیکی‌و مەعریفی دەخاتەڕوو، لەوانە[١٤٤]:

یەکەم: هەبوونی یاسای دوبارەبوونەوەی دیارنەمان‌و دەرکەوتنی شتەکان لە سروشت‌و بووندا، وەک زیندووکردنەوەی سروشتی زەوی لە بەهاردا پاش وەرزی زستان‌و لەناوچوون (فانظر الى آثار رحمة الله كيف يحيى الأرض بعد موتها ان ذلك لمحيي الموتى وهو على كل شيءٍ قدير) (روم:٥٠).

بەڵکو بە لۆجیکێکی سادەو هاوکات قوڵ بە مرۆڤەکان – بەتایبەتی بە بێ باوەڕەکان – دەڵێت: (وضرب لنا مثلاً ونسي خلقه قال من يحيي العظام وهي رميم – قل يحييها الذي أنشأها اول مرة وهو بكل خلق عليم (يس:٧٧–٧٨)– واتە ئەوەی خودا لە نوتفەیەک – ئایەتی پێشتر ئاماژەی پێکردوە – خولقاندویەتی، دەپرسێت: لەپاش مردن، چۆن زیندووکردنەوە ڕوودەدات؟ نمونەش بە ئێسکی رزیوەکان دەهێنێتەوە. دە ئەی پێغەمبەر! بەوجۆرە کەسانە بڵێ: هەر ئەوکەسەی کە یەکەمجار خاوەنی ئەو ئێسکە ڕزیوانەی دروستکرد، هەر ئەو زاتە جارێکی تر زیندووی دەکاتەوە. ئەو خودایە زانیاری و توانای دەوری هەموو دروستکراوەکانی داوەو خۆی چاك دەزانێت کە چۆن مردوان زیندوو دەکاتەوە!).

دووەم: هەموو شتەکان لەم جیهانەدا دوان دوان (دوالیزم)ەن، کەواتە نابێ چارەنووسی مرۆڤیش یەك شت بێت – مردن‌و لەناوچوون – بەڵکو ئەبێ ئەو چارەنوسەش دوان بێت، ئەمەش کاتێك ڕوودەدات، کە زیندووبوونەوەی مرۆڤ هەبێت. لەم ڕووەوە ناسری سوبحانی ئەوەی، کە لە قورئاندا خودا سوێند دەخوات بە شەو، کە باڵدەکێشێ بەسەر زەویداو بە ڕۆژ کە دەردەکەوێ‌و بەوکەسەی – خوا خۆی – کە نێرومێی دروستکردوەو ئەوەش کە کارەکانی مرۆڤ – ئەگەرچی جیاوازن – بەڵام دواجار یان کرداری چاکن یان خراپن، دەکاتە بەڵگە لەسەر هەبوونی دوو چارەنوس بۆ مرۆڤ (بەهەشت – دۆزەخ) و هەبوونی نەمری.

---

[١٤٤] بڕوانە: ناسری سوبحانی، خەلقی ئادەم، ل٧٩ بەدواوە.

سێیەم: قورئان پێمان دەڵێت هەموو کردارێك لەم جیهانەدا چ بچوك بێت یان گەورە، سەلبی بێت یان ئیجابی، ئەنجامێکی هەیە، بۆیە ناکرێ کۆی جیهان – دونیا – خۆی بێ ئەنجام بێت![١٤٥].

بەگشتی دواجار دەتوانین بڵێین مردن لە دیدی ئەم ئاینەدا مەبەست لە خۆیدا (مقصود لذاته) نیە، بەڵکو مەبەست بۆ ئەوی تر (مقصود لغیره)ەو ئامرازێکە نەك ئامانج بێت، بۆیە لەو جیهانەی تردا چیتر مردن – بۆ چاکان و بۆ خراپانیش – نامێنێ[١٤٦].

---

[١٤٥] ئەمە بریتیە لە ڕاڤەی سورەتی (اللیل)، کە قورئاننناس ناسری سوبحانی بە بەڵگەیەکی مەعریفیانەی قورئان، لەسەر هەبوونی پڕۆژی دوایی دادەنێت، هەروەها بەڵگەی دواتریش هەر لە ناوبراو وەرگیراوە. بڕوانە: ناسری سوبحانی، خەلقی ئادەم، ل٧٩.

[١٤٦] لە فەرموودەی دروستی پێغەمبەر محەمەددا (د.خ) دا هاتووە، کە لە پڕۆژی دواییدا مردن لە شێوەی گیانلەبەرێکدا دەهێنرێ و لەبەرچاوی هەموو خەڵك سەردەبڕدرێت، تا ئەوانەی بەهەشتین بە نەمانی مردن دڵخۆشترو ئەوانەی دۆزەخین دڵگرانترین. بڕوانە: الصحاح التسعة، www.islamonline.com. هەربۆیە بە باوەڕی ئیسلام لە ژیانی دواڕۆژدا خراپەکاران کە لە دۆزەخدان داوا لە بەرپرسیاری دۆزەخ – کە بە مالك ناودەبرێ – دەکەن، کە با خودا لەناومان ببات و بمانمرێنێت، تا لەم سزا سەختە رزگارمان ببێت. ئەویش لە وەڵامیاندا دەڵێت: نەخێر، ئێوە هەر دەمێننەوەو مردنو رزگاربوونتان بۆ نییە) (الزخرف: ٧٧).

پاری دووەم/ چەمکی ژیان و مردن لە فەلسەفەدا

١-٢-١/ تێگەیشتنێکی گشتی لە چەمکی ژیان و مردن

فەلسەفە کە بایەخی سەرەکی گەڕانە بەدوای بۆچییەکاندا، لەسەرەتای مرۆڤایەتییەوە بایەخی بە باسی بوون‌و نەبوون (مردن) داوە "بایەخی ئەویش بە دۆزینەوەی حەقیقەتی بوون‌و پەیوەندی لەگەڵ ژیانی مرۆڤو ڕوونکردنەوەی ئامانجی مرۆڤو ڕێکخستنی ڕەفتاری‌و پەیوەندی (میتافیزیك) لەگەڵ (سروشت) و بەشە هەمەجۆرەکانی بوون دایە. لێرەوە پرسی مردن و نەمری لەسەرەتای پەیدابوونی هزری فەلسەفی‌و میسۆلۆجییەوە بایەخی تایبەتی هەبووە، چونکە پەیوەندی بە چارەنووس‌و کۆتایی مرۆڤەوە هەیە‌و دیارترین بەڵگەش لەسەر ئەم بایەخە، ئەو گفتوگۆو ناکۆکییەیە، کە بەدرێژایی چاخەکانی فەلسەفە دەبینرێ"[١٤٧].

بوون لە فەلسەفەدا

باسکردن لە ژیان‌و مردن لە فەلسەفەدا، بەبێ باسکردن لە (بوون) و (نەبوون) مەحاڵە، چونکە "(بوون) ئەو شتەیە، کە لەبەرامبەر نەبوونە، ئەوەش بەڵگەنەویستەو پێویستی بە پێناسە نیە، تەنها لەو ڕووەوە نەبێ کە واتای وشەیەکە، جیاواز لە وشەکانی تر. بۆیە پێناسەیەکی زاراوەیی بەمەبەستی تێگەیشتن لە زاراوەکەی بۆ دەکرێت، نەك وێناکردنی لە خۆیدا"[١٤٨].

بەڵام "ئەگەر بمانەوێ واتای (بوون) ڕوونبکەینەوە، دەتوانین بەمە جیای بکەینەوە لە شتەکانی تر"[١٤٩]:

---

[١٤٧] د.اياد الصلاحي، المعاد في الفكر الفلسفي الاسلامي، ل٧.

[١٤٨] د.جميل صليبا، المعجم الفلسفي، ج٢، ل٥٦٠.

[١٤٩] هەر ئەو سەرچاوە، ل٥٦١.

١. بوون بریتیه له پێکهاتنی شتو ڕودانی لەخۆیدا، هەرچەندە زانراویش نەبێ بۆ کەس، کەواتە بوون لە خۆیدا جیایە لە زانراوبوونی.

٢. بوون بریتیە لە بوونی شتێك لەڕێگەی ئەزموونکردنەوە، چ ئەزموونی کرداری و هەستەوەری بێت، یان لەڕێگەی وێناکردن و بەڵگەخوازی عەقڵیەوە بێت.

٣. بوون دابەش دەکرێت: بە بوونی دەرەکی و بوونی زەینیەوە. بوونی دەرەکی بریتیە لە بوونی شت بە بوونی بەرجەستەو مادی. بوونی زەینیش بریتیە لە بوونی لۆژیکی و عەقڵی.

پوختەی ڕایەکانیش ئەوەیە، کە بوون لە بوونی ماهیەتو توانستو بوونی بەرجەستە پێکدێت، بوونی ماهیەتو توانست ئەو بوونەیە، کە هەیە، جا ئەگەر وێنابکرێ یان نەکرێ، بەڵام بوونی دەرەکی ئەو بوونەیە، کە بەهۆیەوە ماهیەتو توانستەکان بەکرداری بەرجەستە دەبن. پەیوەندی ئەم دوانە وەك پەیوەندی هێزو کردار وایە". هەروەك هەندێ جار جیاوازی دەکرێت لەنێوان دوو بوونداء (بوون) لەخۆیداو (بوون) وەك ئەوەی لای ئێمە دەرئەکەوێ — کە ئەمە زیاتر بۆ کانت دەگێڕنەوە[١٥٠]. هەروەك هەندێکیش جیاوازی دەکەن لەنێوان بوون وەك ئەوەی کە هەیەو بوون وەك ئەوەی کە پێویستە پێی بگەین. بە نمونە لای هایدگەر دەبینین، کە باوەڕی بە بوونی ئێستایی (Dasein) هەیەو بە باوەڕی ئەو بوونی مرۆڤ لە گۆڕانی بەردەوامدایەو حەقیقەتی بوونیشی لە خواستیدایە بۆ ئەو بوونەی کە دەیەوێت ببێت[١٥١].

گرنگترین پرسیاری فەلسەفەش لەبارەی ژیانەوە، پرسیارکردن بووە لە مانای ژیان "پرسیار لە مانای ژیانیش هاوشێوەی هیچ جۆرە پرسیارێکی تر نیە، بەڵکو گرنگترو گرانترە، چونکە ئەو پرسیارە زیاتر لەوەی پرسیارێکی لۆژیکی بێت، پرسیارێکی بوونگەرایانە (axistalist)یە، لەبەرئەوەی پرسیارە لە بایەخ، ئامانج، چارەنووس، پایەی

---

[١٥٠] بڕوانە: د.عبدالمنعم الحفني، المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفة، ل٨٣١.

[١٥١] د.جميل صليبا، المعجم الفلسفي، ج١، ل٥٥٦.

بوون‌و ژیان. لێرەشەوە ئەم پرسیارە لە ئاستی ژێرخانیدا بە بابەتی (بەهاکان) و ڕەفتاری مرۆڤەوە پەیوەست دەبێتەوە[١٥٢].

بەدرێژایی فەلسەفەش باسکردن لە مانای ژیان بە پلەی یەکەم، مەبەست لێی ئامانج لە ژیان، کەلّک‌و بەهای ژیان‌و کاریگەری‌و ڕۆڵی مرۆڤ لە ژیاندا بووەو لەنێو ئەو سیانەشدا زیاتر یەکەم – واتە ئامانج لە ژیان – بابەتی سەرەکی فەلسەفە بووەو ئەم ئامانجەش دواجار فەیلەسوفانی بەسەر دوو بەرەدا دابەشکردوە: بەشێکیان باوەڕیان وابووە ژیان لەخۆیدا مانادارو ئامانجدارە– نەک بێ ئامانج – و پێویستە مرۆڤ بە تێڕامان‌و گەڕانە جۆراوجۆرەکان ئەو ماناو ئامانجە بدۆزێتەوە – کە ئەمانە زۆرینەن – و لە بەرامبەردا بەشێکی تریان باوەڕیان وایە ژیان لەخۆیدا بێ ماناو بێ ئامانجەو خۆمان ماناو ئامانجی پێدەدەین[١٥٣].

لێرەوە بەشێکی گەورەی مێژووی فەلسەفە – بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ – گەڕانە بەدوای ئەمەداو هەریەکە لەو دوو ڕەوتە بەلّگەی خۆی خستووەتەڕوو. وەک ئەوەی ڕەوتی یەکەم بەلّگەکانی وەک باوەڕبوون بە دوالیزمەی دژیەکی تەواوکەر لە ژیاندا وەک (سوکرات) دەیخاتەڕوو، کە ژیان‌و مردن بە مانادارو تەواوکەر دەبینێ[١٥٤]. یان باوەڕبوون بە هەبوونی جیهانی بالّا – لەسەرووی هەستەکانی مرۆڤەوە – کە جیهانی بەرهەست سێبەری ئەوەو مرۆڤ بە مەعریفەو عەقلّانیەت، تەنانەت بە مردنیش لە جیهانی بەرهەست‌و ڕوالّەتیەوە بەرەو ئەو جیهانە ڕاستەقینە بلّند دەبێتەوەو دەڕوات کە (ئەفلّاتون) لە دیارترین باوەڕدارانو پەرەپێدەرانی ئەم ئایدیایەیە[١٥٥]. یان باوەڕبوون بە مانادارى بەمانا مۆرالّیەکەی وەک ئەوەی لای (ئەرستۆ) دەبینرێ، کە باوەڕی وایە هەموو بوونەوەرێک بە ئاراستەی کەمالّی سروشتی خۆی دەڕوات[١٥٦].

---

[١٥٢] محمد ازاده، فلسفه و معنای زندگی، ل٨.

[١٥٣] بڕوانە: د.مصطفی ملکیان، مهرماندگار، ١٣٨٩ – ٢٠١٠، چ٢، نشر نگاه معاصر، تهران، ل٣٥ بەدواوە.

[١٥٤] بڕوانە: د.مجدي ابراهيم، مشكلة الموت عند صوفية الاسلام، ل١٢٥.

[١٥٥] بڕوانە: محمد ازاده، فلسفه و معنای زندگی، ل٨.

[١٥٦] هەر ئەو سەرچاوە، ل٥٥.

لەبەرامبەردا ئاراستەی دووەم، هەبوونی پەگەزی وەك شەپو خراپەو — مردن بەتایبەتی — دەکەنە بەڵگە لەسەر بێ مانایی‌و بێ ئامانجی ژیان وەك لای (سارتەر) و (کامۆ) دەبینرێ. یان هەندێك وەك (سۆفستاییەکان) گەڕان بەدوای پرسیارەکانی بوون‌و پرسیاری نەمری بەبێ سوودو بێ مانا دەزانن، چونکە ئەمانە دەچنە نێو بابەتی جیهانی نادیار (غیب)ەوە[١٥٧] کە دواتر لە ئاماژەکردن بە ڕای فەیلەسوفەکاندا بەڵگەی زیاتر — بە هەردوو ئاراستەدا — دەبینین.

باسەکانی پەیوەست بە مردنیش دەتوانرێ بەسەر دوو دەستەی (subjective) و (objective)دا دابەشبکرێت. بەوماناییەی، کە هەندێك مردن بە دیاردەیەك دادەنێن، کە لە جیهانی دەرەوە ڕووەدات‌و تایبەت نیە تەنها بە مرۆڤەوە بەڵکو لەوەدا هەموو گیانلەبەران و ڕووەکەکانیش هاوبەشن. دەستەیەکی تر باوەڕیان وایە تەنها تایبەتە بە مرۆڤەوە لەوڕووەوە، کە مرۆڤ تاکە بوونەوەرێکە، کە ئاگایی بە مردنی خۆی هەیەو بیر لەوە دەکاتەوە، بەڵام بونەوەرانی تر — کە مردن دەیانگرێتەوە — لە مردنی خۆیان بێئاگان‌و لەم ڕووەوە هزرو ئاگاییان ناکارایە[١٥٨].

باسەکانی (objective) بە سێ ئاراستەدا، لە مردن دەکۆڵنەوە[١٥٩]:

ئاراستەی یەکەم: بایەخ بە جیهانی پاش مردن دەدەن‌و لەوە دەکۆڵنەوە، کە ئایا جیهانی پاش مردن بوونی هەیەو مرۆڤ بەجیا لەم جەستەیە دەتوانێ ژیانێکی هەبێت؟.

ئاراستەی دووەم: لە مردن وەك دیاردەیەکی بەرجەستە دەڕوانێت. وەك ڕوداوێك، کە لە کۆتایی ژیانی هەر بونەوەرێکی زیندوودا ڕوودەدات، شوێنەوارو نیشانەیەکی هەیە، کە لە

---

[١٥٧] بڕوانە: د.ابراهيم رجب عبدالله، م.وفاء كاظم علي: الموت والخوف منه عند فلاسفة اليونان والاسلام، مجلة جامعة الأنبار، عدد (٤)، مجلد (١)، ل٥٢٤ — ٥٢٥.

[١٥٨] بڕوانە: مهدی کەپانی زارع، مرگ اندیشی از گیل گمیش تا کامو، ل٧. هەروەها: جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل٨.

[١٥٩] بڕوانە: مهدی کەپانی زارع، مرگ اندیشی از گیل گمیش تا کامو، ل٧.

زانستی پزیشکیدا جێگەی تاقیکردنەوەو لێکۆڵینەوەیەو بەپێی پێشکەوتنی زانست، ناسینی وردتر لەسەر چییەتی مردن بەدەستدێت.

ئاراستەی سێهەم: باس لە مەرگ بەرەو باسی مردنیان دەبات، بەلای ئەمانەوە مردن شتێکی جیاوازە لە مەرگ. مردن مەسەلەیەکی فراوانترەو سات بەسات بەسەر هەبوونیەکی زیندوودا ڕووەدات‌و ساتێك ناوەستێ‌و ئادەمیزاد بەهەر هەناسەدانێك، هەنگاوێك بەرەو مردن دەڕوات.

لەم سێ دەستەیەدا بەگشتی، مردن وەك دیاردەیەکی بەرجەستە (عینی) لێیدەکۆڵرێتەوە.

بەڵام لە باسی (subjective)دا مردن بەسەر دوو ئاراستەی گشتیدا دابەش دەکرێت: ئاراستەی یەکەم: دەتوانرێ بە ئاراستەی (ئاگا بە مەرگ) ناوبنرێ‌و دووەم بە (نیگەران بە مەرگ) ناوبنێین، بەومانایەی، کە مرۆڤ — بەڵانی کەم — بەیەکێك لەو سێ ئاراستەیەی کە پێشتر باسمانکرد، ئاگایی هەبێت، ئەوا بە (ئاگا لە مردن) ناودەبرێ. بەڵام ئەگەر تاکێکی مرۆڤ — لانی کەم — لەبەرامبەر یەکێك لەو سێ ئاراستەی پێشوو، نیگەرانی‌و ترسی هەبوو، ئەوا بە (نیگەران بە مەرگ) ناودەبرێت. لەنێوان ئەم دوانەشدا جیاوازیەکی گرنگ هەیە، ڕەنگە کەسێك ئاگایی بە مردن هەبێت، بەڵام نیگەرانی‌و ترسی لێینەبێت. ڕاستە لە بناغەوە ئاگایی مەرجی پێویستی هەر نیگەرانی‌و ترسێکە، بەڵام بەوجۆرەش نیە، کە هەر مرۆڤێکی ئاگا، دڵەڕاوکێ‌و ترسی هەبێت[١٦٠].

هەر ئەم نیگەرانیەی مرۆڤ لەبەرامبەر مردن، وایکردوە، کە پرسی مردن ببێتە یەکێك لە گرنگترین پرسەکانی مرۆڤو فەلسەفەو لێرەوە "خولیای جاویدانی و نەمری یان نەبوونی نەمری پەیدابووەو بە هێندەی تەمەنی هزری مرۆڤ، ئەویش تەمەنی درێژەو ڕەگی ئەوەش بۆ ئازار بۆ مردن‌و عشق بۆ نەمری دەگەڕێتەوە. لێرەوە سروشتیە، کە پرسی نەمری‌و مانەوەی پاش مردن — یان پێچەوانەکەی — زەینی زۆرێك لە بیرمەندان‌و مرۆڤەکان سەرقاڵ

---

[١٦٠] هەر ئەو سەرچاوە، ل٨.

بکات. گروپێك بەمەبەستی دامرکاندنەوەی خولیاکانی خۆیانو بەشێکیش لە ئایندارانی، بەرگری عەقڵانیان لە نەمری بە پێویست زانیوەو گروپێکی سێهەمیش لە پاڵنەری دۆستایەتیان بۆ مەعریفەو پرسیارە ئاڵۆزو گرێدراوەکانی مرۆڤ بەدوای ئەم بابەتەدا چوون[١٦١].

لێرەوە دواجار دەتوانین کۆی ئەنجامەکان لە چوار ئاراستەدا کۆبکەینەوە:

- کۆمەڵێك باوەڕیان بە نەمری – چ بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ – دەربڕیوە.
- کۆمەڵێك بەپێچەوانەوە مردنیان بە خاڵی کۆتایی ژیان زانیوە.
- کۆمەڵێکیش ئاراستەی (نازانمگەری – لاادری) هەبووەو نەیتوانیوە لەنێو یەکێك لە دوو ئاراستە گشتیەکەی پێشوودا خۆی یەکلایی بکاتەوە، وەك (جالینۆس).
- ئاراستەی چوارەمیش، پتر بایەخی لەسەر ژیان بووەو لە بناغەوە مردن جێگەی بایەخی نەبووەو هەندێ جار بۆ ئەو بایەخپێنەدانەش پاساوی هێناوە، وەك سۆفستاییەکان، کە دەڵێن پرسی مردن دەچێتە نێو جیهانی نادیار (غیب)ەوە بۆیە لەدەرەوەی کاری ئێمەیە[١٦٢]. یان زۆرێك لە فەیلەسوفەکانی دوای ڕێنیسانس.

هەرچی کۆمەڵەی یەکەمە – باوەڕداران بە نەمری بەجۆرێك لە جۆرەکان نەمریان بەسەر دوو جۆری سەرەکیدا دابەشکردوە[١٦٣]:

یەکەم/ نەمری ناکەسیانە.

دووەم/ نەمری کەسیانە.

هەرچی نەمری ناکەسیانەیە، زیاتر جەخت لەسەر خەسڵەتە گشتیەکانی مرۆڤ وەك جۆر دەکاتەوە، لێرەوە پێی وایە لە مرۆڤدا پاش مردن هەندێك شت دەمێنێتەوە وەك عەقڵ –

---

[١٦١] بڕوانە: سید محسن رضا زاده، مرگ و جاودانگی، ١٣٨٣ – ٢٠٠٤، چ٢، دفتر پژوهش و نشر سهروردی، تهران، ل١٣.

[١٦٢] بڕوانە: د.ابراهیم رجب عبدالله، م.وفاء کاظم علي: الموت والخوف منه عند فلاسفة اليونان والاسلام، ٢٠٠٩، ل٥٢٥.

[١٦٣] بڕوانە: سید محسن رضا زاده، مرگ و جاودانگی، ل١٣.

ئەرستۆ باوەڕی بەمەیە[١٦٤] – یان رۆحی دەبێتەوە بە بەشێك لە رۆحی یەکەم – (خودا) – ئەفلاتون باوەڕی وایە[١٦٥] – یان لەڕێگەی نەوەو وەچەوە (جۆر)[١٦٦] مرۆڤ نەمری بەدەستدەهێنێ – ئۆگست کۆنت باوەڕی وایە[١٦٧] – یان لەڕێگەی یادەوەریو ناوو ناوبانگی بەردەوامەوە، وەك فیۆرباخ باوەڕی وایە[١٦٨].

بەڵام باوەڕداران بە نەمری کەسیانە، ئەوانەن، کە باوەڕیان بە مانەوەی خەسڵەتە تایبەتیەکانو کەسێتی تایبەتی مرۆڤ وەك تاك – نەك جۆر – هەیە، چ لەڕێگەی تیۆری گەڕانەوەی ڕۆح بۆ جەستە بێت – کە هەموو ئاینە ئاسمانیەکانیانو– زۆرێك لە ئاینەکانی تر باوەڕیان پێی هەیە. یان لەڕێگەی تیۆری ڕۆحی نابەرجەستە، کە باوەڕی وایە، ڕۆح گەرچی لە سکی دایکدا دێتە نێو جەستە، بەڵام ئەو ئەزەلیەو بەرلەوە لە جیهانێکی گونجاو لەگەڵ جۆری خۆیدا هەبووەو کە دێتە جەستە گرفتار دەبێو پاش مردن ئازاد دەبێو بۆ جیهانی ڕاستەقینەی جێگیر دەگەڕێتەوە، کە ئەفلاتون و ئەفلاتونیەکان باوەڕیان بەمە هەیە[١٦٩].

یان لەڕێگەی تیۆری دونادۆن (تناسخ)ەوە، کە باوەڕی بە چوونی رۆحی کەسێکە پاش مردن بۆ نێو جەستەی کەسێکی تر[١٧٠] کە بەشێك لە فەیلەسوفە دیارەکانی وەك:

---

[١٦٤] بڕوانە: جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل٥٨٠.

[١٦٥] بڕوانە: محمد ازادە، فلسفە و معنای زندگی، ل٤٢.

[١٦٦] بڕوانە: د.عبدالرحمن بدوی، موسوعة الفلسفة، ج١، ل٤٦٨.

[١٦٧] بڕوانە: د.جميل صليبا، الموسوعة الفلسفية، ج١، ل٥٤٤.

[١٦٨] بڕوانە: جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل١٩٩.

[١٦٩] بڕوانە: سید محسن رضا زادە، مرگ و جاودانگی، ل١٤.

[١٧٠] هەر ئەو سەرچاوە، ل١٤.

ئەفلاتون[171]، شۆپنهاوەر[172] و هتد... باوەڕیان پێی هەیەو تەنانەت فەیلەسوفێکی مادی وەک فۆرباخ لەنێو جۆرەکانی تری نەمریدا، بە ماقوڵتری دەزانێ[173].

یان لەڕێگەی تیۆری جەستەی بالاوە کە باوەڕیان وایە حەقیقەتی مرۆڤ جەستەی ئەو نیە، بەڵکو جەستەیەکی تری ناسکە لەنێو جەستەیدا، کە پاش مردن لە جەستە جیادەبێتەوەو لەنێو لە جیهانێکی تایبەتو لەنێو هەبووە ناسکەکاندا دەمێنێتەوە[174].

شایانی باسە هۆکارێکی سەرەکی جیاوازی فەیلەسوفەکان سەبارەت بە نەمریو دژەکەی، بۆ جیاوازی تێڕوانینیان بۆ ماهیەتی دەروون (ڕۆح) دەگەڕێتەوە. لێرەوە "بەدرێژایی مێژووی فەلسەفە دوو ئاراستە بۆ دیاریکردنی مانای دەروون (ڕۆح) دەبینرێ: ئاراستەی یەکەم، کە دەروون وەک بەشێک لە جەستە دەبینێو هەوڵی ناساندنی دەروون لەگەڵ جەستەدا دەدات. وەک ئەوەی (ئەرستۆ) دەروون بەوە دەناسێنێ "کە کەماڵو پێگەیشتنی یەکەمی جەستەیەکی سروشتی ئامێرییە، کە خاوەنی ژیانێکە بە توانین (بالقوة)". لەم ئاراستەدا دەروونێکی جیابوەوە لە جەستە نیە، کەواتە بە لەناوچوونی جەستە ئەویش لەناودەچێت.

ئاراستەی دووەم – کە ئەفلاتونو دیکارت ڕێبەرایەتی دەکەن– باوەڕیان وایە، کە دەروون (ڕۆح) جەوهەرێکی نامادی هەیەو توانای بوونی– بە سەربەخۆ لە جەستە – هەیە. لێرەوە دەروون بەرلەوەی بچێتە نێو جەستەو پاش ئەوەش، کە لەگەڵ جەستەدا پەیوەندی دەپچڕێ، هەیەو ئەمەش نەمریبوونی دەسەلمێنێ"[175].

---

[171] بڕوانە: جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل٥٢.

[172] هەر ئەو سەرچاوە، ل١٧٣.

[173] سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٧.

[174] بڕوانە: سید محسن رضا زادە، مرگ و جاودانگی، ل١٥.

[175] د.عبدالرحمن بدوی، معجم مصطلحات الفلسفة، ج٢، ل٥٠٥ – ٥٠٦.

سەبارەت بە پەیوەندی ژیانو مردنیش ئەوا "بەگشتی هەندێك لە فەیلەسوفەکان باوەڕیان وایە، مردن بەها دەدات بە ژیانو بەپێچەوانەشەوە هەندێك باوەڕیان وایە مردن مایەی بێ بەهاکردنی ژیانە !"[١٧٦].

١-٢-٢/ چەمکی ژیان و مردن لە قۆناغە فەلسەفیەکاندا :

١-٢-٢-١/ لە فەلسەفەی یۆنانیدا :

بەر لە چوونە سەر باسی فەیلەسوفانی ئەم قۆناغە، پەنگە پێویست بێت، ئەوە ڕوونبکرێتەوە، کە بۆچی باسکردنی فەلسەفەی یۆنانی گرنگە؟ چونکە "شارستانیەتی خۆرئاوا لەسەر بناغەی کلتوری یۆنانی بونیاد نراوە. لێرەوە بۆ زانینی گۆڕانکاری تێڕوانینی کەسی خۆرئاوایی بۆ مردن، دەبێ لە دنیابینی خەڵکی یۆنان بەتایبەتیو لە کلتوری (ئیۆنیا)ەوە دەست پێ بکەین. بەتایبەتتر کاتێك کە فەلسەفەو هزری زانستی لەو وڵاتەدا بناغەی دانا لە سەردەمی (تالّیس) و (فیساگۆرس)ەوە، لە سەدەی شەشەمی پێش زایندا"[١٧٧].

چونکە (تالّیس – ٥٤٦ پ.ز)، کە بە سەرەتای هزری فەلسەفی یۆنانی دادەنرێ، توانی باسی مردنو ژیان لە چنگی ڕاڤەی ئەفسانەیی دەربهێنێ، بەوەی بەدوای بنچینەی بووندا گەڕاو باوەڕی وابوو کە بنچینەی هەموو شتەکان بریتیە لە ئاوو ئەوە ئاوە کە بونەوەرە زیندوەکان تێراو دەکاتو ژیانی پێدەبەخشێو کاتێکیش کە ئاوی لێدەبڕێ ئەمرێ، جا چ ڕوەك یان گیانلەبەر یان مرۆڤ بێت[١٧٨]. واتە ڕاڤەی فەلسەفەی بەرەو واقیعو زانست هێنا.

لەدوای (تالّیس) بەشێوەیەکی بنەڕەتی، وادەزانین فەیلەسوفە یۆنانیو ڕۆمانیەکان سەبارەت بە مردنو ژیان زیاتر بەسەر چوار ئاراستەدا دابەشبوون: یەکەم: ئاراستەیەك، کە

---

[١٧٦] د.گلبابای سعیدی، مرگ و فلسفه، پیشگفتار.

[١٧٧] د.محمد صنعتی، درآمدی به مرگ در اندیشه‌ای غربی، فصلنامهٔ – ارغنون، ل٢٣.

[١٧٨] بڕوانە: د.ابراهیم رجب عبدالله، م.وفاء کاظم علي: الموت والخوف منه عند فلاسفة اليونان والاسلام، ل٥٢١ – ٥٢٢.

بەجۆرێك لە جۆرەكان باوەڕیان بە ماناداری ژیان هەبوو و هاوكات باوەڕیان بە نەمری هەبوو وەك (ئۆرفی) و (فیساگۆرسیەكان) و سوكراتو ئەفلاتونو هتد... كە ئەمە ئاراستەی زاڵو بەهێز بوو.

دووەم: ئاراستەیەك كە زیاتر دژی ماناداریو نەمری بوون وەك ئەبیقۆریەكان.

ئاراستەی سێهەمیش: كە زیاتر ئاراستەی (نازانمگەر — لاادری) بوون، واتە لەنێوان باوەڕبوون بە ماناداریو نەمریو بێ مانایيو مردندا خۆیان یەكلایی نەكردبوەوە. وەك (جالینۆس).

ئاراستەی چوارەم: كە زیاتر بایەخی بە ژیان بووەو لە بناغەوە مردن جێگەی بایەخی نەبووە، وەك سۆفستاییەكان.

١- ئاراستەی یەكەم، كە گرنگترینی ئەوانە (ئۆرفی)یەكانو (فیساگۆرسیەكانن)، كە "یەكەمیان ڕێبازێكی فەلسەفیە، لەسەر بنەمای مژدەدان بە چاكەكانو ترساندنی خراپەكان دامەزراوە، واتە لەسەر بنەمای پاداشتو سزا وەستاوەو باوەڕی بە دۆنادۆن (تناسخ) هەیەو پێی وایە ڕۆح پاش مردن نامرێ، بەڵكو لە جەستەیەكەوە دەچێتە جەستەیەكی تر تا لە گوناهەكانی ڕزگاری بێت، چونكە — بە ڕای ئەوان — ئەوە جەستە نیە، كە گوناە دەكات، بەڵكو ڕۆحە، كاتێكیش كە بەتەواوی پاكبوویەوە دەگەڕێتەوە بۆ جیهانی نەمری. ئەم ڕێبازە كاریگەری لەسەر دەستەبژێری یۆنان هەبووە، لەوانە (ئەفلاتون)، (ئەجادۆكیس) و لەڕێگەی ئەفلاتونیەتی نوێوە دواتر كاریگەری لەسەر مەسیحییەت لە ئەوروپا هەبووە"[١٧٩].

فیساگۆرسیەكانیش باوەڕیان بە نەمری ڕۆحو دۆنادۆن هەبووەو بە باوەڕی ئەوان ژیان قۆناغێكی سەختەو هەركەسێك كە بیەوێ بە سەركەوتوویی تێیپەڕێنێ، پێویستە مەشقی ڕێكخراوی پێبكرێتو ساتو ماوەكانی بێدەنگی زۆربێتو ڕۆژانە لەگەڵ دەروونیدا بدوێ. لێرەوە فیساگۆرس لەسەر زمانی ئەفلاتون لە وتارەكەی فیدۆن دا دەڵێت: "هەوڵی عەقڵانیانە بڵندترین شێوازی پاكبوونەوەیەو ئەوەش سەلامەتترین ڕێگایە بۆ ڕزگاركردنی

---

[١٧٩] بڕوانە: د.عبدالمنعم الحفنی، المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفة، ل١٣١.

دەروون هەر لەم ژیانەدا بەر لە مردنی جەستەیی. لێرەوە مرۆڤ ئەگەر بمرێ و پاکنەبێتەوە ئەوە ستەمی لە رۆحی کردوەو لە پلەی نزیکبوونەوەو یەکگرتن لەگەڵ خودادا دێتە خوار"[١٨٠].

بە باوەڕی فیساگۆرس گەوهەری شتەکان جێگیرەو گۆڕان پێی ناگات، لێرەوە مردن هەمیشەیی نیە، چونکە "ئەوەی لە ناخماندایە یەک شتە: ژیان و مردن، بێداربوونەوەو خەوتن، گەنجێتی و پیری، هەر دژێك لەوانە بۆ ئەوی تر دەگۆڕێ... لەناوچووەکان نەمرن و نەمرەکانیش لەناوچوون، چونکە یەکێکیان ئەژی بە مردنی ئەوی ترو ئەمرێت بە ژیانی ئەوی تر"[١٨١].

(هێرکلیتس)یش باوەڕی وایە سروشتی ژیان بریتیە لە گۆڕان لە دژەکاندا، ژیان گرژی و ئاڵۆزی لەگەڵ مردندا دەکات و لە مردن ژیان دروست دەبێت. بەم جۆرە ژیان و مردن، گەڕانەوەیەکی بێ کۆتاییە وە بۆ سەرەتا، ئەمەش بۆ پێکەوە بەستراوی جیهان دەگەڕێتەوە[١٨٢]. دواتر (بارمەندیس)یش نکولی لە تیاچوونی یەکجاری مرۆڤ بە مردن دەکات، چونکە بنەمای جێگیری (ثبات) بنەمای سەرەکیە لە بووندا و گۆڕاوی شتێکی تێپەڕو وەهمە[١٨٣].

بەڵام کەسێك کە تێڕوانینی زیاتر لەم فەیلەسوفانەو فەیلەسوفانی دواتریش، جگە لە ئەفلاتون کە زۆر کاریگەر بووە، بریتی بوو لە (سوکرات)، چونکە ئەو بەئاگاییەوە باسی لە مردن کردو بە ئازایانەش ڕووبەڕووی بوویەوە[١٨٤].

سوکرات بەڵگەی بەدوایەکداهاتنی دژەکان دەکاتە بناغەی تێڕوانینی بۆ نەمری و دەڵێت: "ڕێکخستنی خودایانە چەندە سەیرە، چۆن دژەکانی کردوەتە هاوەڵی یەکتر، چونکە چێژێك

---

[١٨٠] د.محمد علی أبوریان، تأریخ الفکر الیونانی، ج١، ل٦٣.

[١٨١] جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ترجمة: كامل يوسف حسين، عالم المعرفة، الكويت، ١٩٨٤، ل٣٨–٣٩.

[١٨٢] د.مجدي ابراهيم، مشكلة الموت عند صوفية الاسلام، ل١١٩.

[١٨٣] هەر ئەو سەرچاوە، ل١٢٠.

[١٨٤] د.يوسف كرم، تأريخ الفلسفة اليونانية، ل٤٠.

نیە، ئازاری بەدوادا نەیەتو ئازارێکیش نیە، کە چێژی بەدوادا نەیەت"[185]، هەروەها دەڵێت: "ئەگەر دژەکان هاوبەندی یەکترین، بەبێ ئەوەی یەکێکیان لەڕووی کاتەوە لەپێش ئەوی دیکەوە هاتبێت، ئەوا دەبێت ژیان لەدوایەوە مردن بێتو ئەم مردنەش ژیانی بەدوادا بێتو هەر بەم جۆرە..."[186].

هەروەها ئەو مەسەلەی ژیانو مردن گرێدەداتەوە بە خواوەندەکانەوەو دەڵێت: "لەبەرئەوەی کە خواوەندەکان هەن، ئەوا هیچ خراپەیەك نایەتە بەردەم مرۆڤی چاکەخواز، چ لە ژیاندا بێت یان لەپاش مردن بێت"[187].

ئەفلاتونیش یەکەمین کەسە، کە باسی لە مانای ژیان لەڕووی فەلسەفەوە کردوەو لای ئەو (زیندوو) کەسێکە کە جوڵەیەکی خودی پێدراوەو ئەمەش گەوهەری ژیانە. لای ئەم بنەمای ژیان بریتیە لە دەروون (ڕۆح). ئەو هەموو بوون بە هەبوویەکی زیندوو دەبینێ، کە یەك دەروون (ڕۆح)ی هەیە[188]. بەدرێژایی مێژووی فەلسەفەش بەدەگمەن دەتوانرێ فەیلەسوفێك بدۆزرێتەوە، کە هێندەی ئەو کاریگەری لەسەر دوای خۆیو بۆماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ دانابێ، بەتایبەتی لە بواری مردنو سەلماندنی نەمریدا، چونکە ئەو دیارترین کەسە لە فەیلەسوفە دێرینەکان، کە توانی بەڵگەی نوێو یەکلاکەرەوە لە بەرژەوەندی سەلماندنی نەمری دەروون بخاتەڕوو[189]. لە دیدی ئەفلاتوندا جیهانی مادی – کە جیهانی گۆڕانکاریو ناجێگیرییە – سێبەرێکە لە جیهانی ڕاستەقینەو جێگیرو گۆڕان پەسەندنەکەر، کە لەپشتەوەی یان سەرووی هەستەکانی مرۆڤەوەیە. ئەفلاتون ئەو جیهانە ڕاستەقینە بە جیهانی وێنەی باڵا (مثل) ناودەبات. بەم جۆرە هەبووەکانی جیهانی مادی کە مرۆڤ هەستیان پێدەکات، نمونەگەلێکی کەموکورتن لە بنچینەی خۆی، کە لە جیهانی

---

[185] د.مجدي ابراهيم، مشكلة الموت عند صوفية الاسلام، ل١٢٠.

[186] هەر ئەو سەرچاوە، ل١٢٥.

[187] جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل٥٠.

[188] بڕوانە: د.عبدالرحمن بدوي، موسوعة الفلسفة، ج٣، ل١٦٥.

[189] بڕوانە: محمد ازادە، فلسفە و معنای زندگی، ل٤٠. هەروەها: جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل٥١.

راستەقینەدا جێگیرن. لە جیهانبینی ئەفلاتوندا ئەم جیهانە ڕاستەقینە سەرەتاو مەبەستو ئامانجی مانای سەفەری مرۆڤ دەستنیشان دەکات. ڕۆحی مرۆڤ بەر لەدایکبوون نیشتەجێی جیهانی راستەقینە بووەو بە حەقیقەت ئاشنا بووە. ئامانجی ژیان ئازادبوونە لە قەفەزی جەستەو گەڕانەوەیە بۆ جیهانی ڕاستەقینە. بە دەربڕینێکی تر گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوەی بوون. ئەمەش لە دیدی ئەفلاتونەوە لەڕێگەی پەیژەی مەعریفەتو عەقڵەوە لە ئاستی دەرککردنی هەستیو بەشەکەیەوە دەڕوات بۆ ناخی جیهان[١٩٠].

بە دەربڕینێکی تر تێڕوانینێك کە ئەفلاتون — هەروەها ئەو فەلسەفانەی تر کە لەسەر باوەڕ بوون بە هەبوونی جیهانێکی ڕاستەقینە دامەزراون — بۆ مانای ژیان هەیەتی، بۆ یەك بەیەکی مرۆڤەکان و بۆ هەموو شوێنو کاتەکان ڕاستدەکەوێتەوە.

لای ئەوان مانای ژیان شتێکی جێگیرو سەربەخۆیە لە مرۆڤ، کە تاکەکان دەبێت ئەوە بدۆزنەوە. بەڕای تۆێژەری گەورەی فەلسەفە (جۆلیان یانگ) ئەم جیهانبینیەی ئەفلاتون بۆ چەندین سەدەی دوورودرێژ هێندە بەهێز بوو، کە پێویستی پرسیارکردن لە مانای ژیان لەو سەدانەدا نابینرێ، چونکە بەڵگەنەویست بوو، کە مانای ژیان گەڕانەوەیە بۆ جیهانی راستەقینە[١٩١].

لێرەوە ئەفلاتون پێی وایە کاتێك مانای پڕاوپڕو ڕاستەقینەی ژیان دەزانین، کە بمرین — لە کۆتو بەندی جەستەو هەستە کەموکورتەکان رزگاربین — و لە جیهانی نمونەوە بگەڕێینەوە بۆ وێنە ڕاستەقینەکە. هەر لەبەرئەمەشە ئەفلاتون فەلسەفە بە خواستی مردن ناودەبات، چونکە بە مردن، بە مەعریفەی ڕاستەقینە دەگەین[١٩٢].

ئەفلاتون باوەڕی بە نەمری ڕۆح هەیەو بۆ سەلماندنی نەمریش حەوت بەڵگەی بنەڕەتی دەخاتە ڕوو، کە گرنگترینیان ئەوەیە: شت دژەکەی قبوڵ ناکات، واتە هیچ شتێك تایبەتمەندی ژیانی تێدا بێت نابێت تایبەتمەندی مردنیشی تێدا بێت. ناکرێ بەفر لەخۆیدا

---

[١٩٠] بڕوانە: محمد ازاده، فلسفه و معنای زندگی، ل٩–١١.

[١٩١] هەر ئەو سەرچاوە، ل٤٢.

[١٩٢] بڕوانە: د.عبدالرحمن بدوي، موسوعة الفلسفة، ج١، ل١٧٦.

بگۆڕێت بۆ گەرمی (دژەکەی). ئێمە دەبینین – ئەفلاتون دەڵێت: کە دەروون (ڕۆح) بریتیە لە سەرچاوەی ژیان، چونکە ژیان بە سەرجەم ئەو جەستانەدا پەخش دەکات کە دەچێتە ناوی. واتە ئەو – دەروون – بەشدارە لە وێنەی ژیاندا. کەواتە ئەوەی دژی ژیان بێت دەروون قەبوڵ ناکات. کەواتە دەروون ئەزەلی‌و هەمیشەییە[١٩٣].

ئەرستۆش پێی وایە ژیان بە دوو دەرکەوتن دەردەکەوێت: ژیانی جەستە، ژیانی دەروون (ڕۆح). دەروونیش بریتیە لە: یەکەمین کەمالٌ– تەواوی – جەستەیەکی سروشتی ئامێری، خاوەن ژیان بەهێز– الحياة بالقوة –. واتە ئەو نەك تەنها لەڕووی ئامرازەوە، بەڵکو لەڕووی ئەرکیشەوە تەواو و ئامادەکراوە.

لای ئەو ژیان جیاوازی نێوان ئەوانەیە کە دەروونیان هەیەو ئەوانەی، کە دەروونیان نیە، چونکە ژیان کردەیەکی دەروونیە. ژیان بریتیە لە توانای جوڵە لەخۆدا.

پرۆسەکانی ژیانیش بریتین لە: عەقڵ، هەست، جوڵەو وەستان، جوڵە لە شوێندا، زیادکردن‌و کەمکردن. لای ئەو ڕوەکیش تایبەتمەندی ژیانی هەیە، دوای ئەویش گیانلەبەران[١٩٤].

لە فەلسەفەی ئەرستۆ – بەتایبەت فەلسەفەی ئەفلاتون لەلای ئەو – فەلسەفەیەکی ئامانجخوازە. لە دیدی ئەوەوە هەموو بوونەوەرێك بە ئاراستەی کەمالّی سروشتی خۆی – کە هەمان ئامانج یان مەبەستە– دەڕوات‌و ئەم یاسایەش لە هەموو بوونەوەرەکانداو فراوانترە لە بێگیان‌و ڕوەك‌و گیانلەبەراندا دەبینرێ. سەبارەت بە نەمریش ئەو جیاوازە لە مامۆستاکەی – ئەفلاتون – و باوەڕی وایە جەستەو دەروون پێکەوەن وەك هێزی بینین‌و چاو نەك جیابن، بۆیە مردن دەیگرێتەوەو مانەوەی وەك گیانلەبەرانی تر لەڕێگەی وەچەوە بەردەوام دەبێت. یان باوەڕی وایە ناکرێ وەك خۆی وەك خودو ژمارە بمێنێتەوە، مەگەر بە بەشداربوونێك بێت لە بونەوەرێکدا کە خوداییەو ئەزەلیە. مانەوەکەشی وەك ئەو نا لە

---

[١٩٣] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٦.

[١٩٤] بڕوانە: د.عبدالرحمن بدوي، موسوعة الفلسفة، ج٣، ل١٥.

خوددا، بەڵکو یەکێك وەك ئەو لە جۆردا[١٩٥]. لەلایەکی ترەوە ئەرستۆ کە پێشتر عەقڵی بە جیاکەرەوەی مرۆڤو گیانلەبەران داناو بە پەگەزێکی خودایی‌و ئەزەلی لە مرۆڤدا دادەنێ، بۆیە بە مردن لەناوناچێ[١٩٦].

پەواقیەکانیش وەك ڕێبازێکی فەلسەفی مەزن، کە لەلایەك کاریگەر بوون بە پەوتی فەلسەفی‌و ئاینیە ڕۆژهەڵاتیەکان‌و لەلایەکی ترەوە بوونە شوێنکەوتووی (هێرکلیتس) لە باوەڕیدا بە ئاگری خولقێنەر وەك سەرەتایەك بۆ ڕۆح‌و مادە لەیەککاتدا. لای ئەوان جیهان لەژێر پەحمەتی ڕێکەوت (صدفة)دا نیە، بەڵکو ملکەچی یاسا گەردوونیەکانی‌و چاودێری خودایی— کە فەرمانڕەوایی دەکات — لەسەریەوە هەیە. گەردوونیش بەشێوەیەکی خولی‌و لەڕێگەی سوتانێکی گەردوونی مەزنەوە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی خۆی‌و جارێکی تر ئاگری خودایی لەخۆی دەگرێت‌و پاشتر پرۆسەی پێکهاتنەوەی جیهان‌و ئەوەی کە تێیدایە، دوبارە دەبێتەوە. خوداش لە حاڵەتی ئێستایی (حال)دایە لە جیهاندا[١٩٧].

لای ئەوان دەروون (ڕۆح)ی مرۆڤ خاوەنی سروشتێکی مادییەو لە جەستەوە نەشونماو دەکات — هەرچەندە مادەکەی پوختترو نایابترە —. ئەو بەشێکە لە دەروونی (ڕۆح)ی خودایی‌و قابیلی لەناوچوونی یەکجاری نیە، بەڵکو جارێکی تر لەنێو ڕۆحی خوداییدا— کە لێوەی دەرچووە— خۆی دەگرێتەوە، ئەمەش لە کۆتایی جیهاندا دەبێت. لێرەوە پەواقیەکان زۆر بەتوندی نەیاری ئەبیقۆریەکانن، کە مرۆڤ لە خواوەندەکان دادەبڕن‌و پێیان وایە مرۆڤ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سەرەتا خوداییەکەیدا هەیە[١٩٨].

ئەمان توانیان وەڵامی گرفتی ترسان لە مردن لە سێ گۆشەوە بدەنەوە: لەڕێگەی دەرونیەوە بە پشتگیریکردن لە بێباکی‌و خۆبێئاگاکردن‌و گوێ پێنەدان. لە ئاستی میتافیزیکیشدا بە باوەڕبوون بە دیدی یەکیەتی بوون (وحدة الوجود) لەجیهانداو ئومێدبوون

---

[١٩٥] بڕوانە: جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل٥٩.

[١٩٦] هەر ئەو سەرچاوە، ل٦٠.

[١٩٧] بڕوانە: د.عبدالرحمن بدوي، موسوعة الفلسفة، ج١، ل٥٢٧. هەروەها: جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل٧١.

[١٩٨] بڕوانە: جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل٧٢.

به چاودێری میهرەبانانەی خوداوەند. هەروەها لەڕێگەی باوەڕبوون بە گەڕانەوەی هەتاهەتایی (العودة الأبدية) – لانی کەم لەو حاڵەتەدا کە باوەڕیان بەم پرەنسیپە هەیە – [١٩٩].

(سینیکا)ش وەک فەیلەسوفێکی گەورەی ڕۆمانی ژیان بە سەفەر دەبینێ و لای ئەو سەفەریش ئەوکاتە بە ناتەواوی دەمێنێتەوە، کە ڕێبوارەکە لەنێو ڕێگادا بووەستێ، یان بەرەو جێگەیەکی جگە لە شوێنی مەبەست بجوڵێ. بەڵام ئەو ژیانەی کە شەرافەتمەندانەیە هیچ کات بە ناتەواوی نامێنێتەوە. لە هەر جێیەک دونیای فانی بەجێبهێڵێن – بەمەرجێک بە شانازی و سەربڵندیەوە بەجێیبهێڵێن – ئەوا ژیان هەر لەوێ بە کەماڵ و ئاکام دەگات[٢٠٠].

ئەو وێڕای باوەڕبوونی بە ژیانی فەلسەفیانە، بەڵام بیری مردن ڕاوەدووی دەنێت و دەزانێ فێربوونی هونەری نەترسان لەمردن ئاسان نیە، بۆیە دەڵێت: "ئەوە شتێکی بڵندەو پێویستە مرۆڤ بۆماوەیەکی زۆر فێری ببێت، تا بتوانێ لە دوالێدانی کاتژمێری تەمەنیدا بە وردە بەرزیەوە لەم جیهانەدا کۆچ بکات. ئەوەی ویست و ئیرادەی مردنی نەبێت، ئیرادەی ژیانیشی نابێت، چونکە ژیانمان تەنها بەو مەرجە پێدراوە، کە ڕووبەڕووی مردن ببینەوەو ئەویش بەرەو مردن دەبزوێ، لێرەوە ترسان لێی کارێکی نائاقڵانەیە"[٢٠١]. سینیکا پێی وایە هیچ شەڕو خراپەیەک لەوڕووەوەی کە دواهەمین خراپەو بەدبیە گەورە نیە، مردن دەگاتە سەر سەر، ئەگەر بتوانێ لەگەڵماندا بمێنێتەوە ئەوا ڕەوایە لەو بترسین، بەڵام مردن یان ناگاتە سەر سەر، یان کە هات، دێت و تێپەڕ دەبێت[٢٠٢].

ڕێگا بەناوبانگەکەی سینیکا بۆ خۆڵادان لە مردن لەوەدا خۆ دەبینێتەوە، کە پێویستە مرۆڤ هەمیشە بیری لێبکاتەوە. هەرچەندە ئەو ئەوە دوپاتەدەکاتەوە– وەک سوکرات– کە:

---

[١٩٩] هەر ئەو سەرچاوە، ل٧٢.

[٢٠٠] بڕوانە: دو قطعه از سنکا در باب مرگ، ترجمه: امیر أحمدی، أریان مهرگان، فصلنامه ارغنون، شماره (٢٦)، ل٦٨.

[٢٠١] جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل٧٦.

[٢٠٢] فصلنامه ارغنون، ل٧٦.

"مردن یان کۆتاییە یان گواستنەوەیە، بۆیە ناترسم لەنەمان، چونکە ئەوە وەکو ئەوە وایە کە پێشتر هەر نەبووم، هەروەها ناشترسم لە گواستنەوە، چونکە هیچ بارودۆخێکی جێگرەوە وەک ئەمەی ئێستا کۆتو بەندارو سنوردار نیە"[٢٠٣].

بەڕای سینیکا ئەم بوونە لەسەر زەوی هیچ نیە، جگە لە ئامادەکارییەک بۆ بوونێکی تر: "وەک چۆن منداڵدانی دایک دە مانگ – لە دەقە بنەڕەتیەکەدا واهاتووە – لە خۆیمان دەگرێت. نەک وەک ئامادەکاریەک بۆ خۆی، بەڵکو بۆ شوێنێک کە پێدەچێ لە ئامێزیدا هەناسە بدەین، تا ئەوکاتەی کە توانای هەناسەدانمان دەبێتو دەتوانین درێژە بەمانەوە لە دەرەوە بدەین. بەهەمان شێوە لەوماوەیەی کە درێژ دەبێتەوە لە منداڵیەوە تا پیری ئامادە دەکرێینو پێدەگەێنرێن بۆ لەدایکبوونێکی تر. بەڕاستی سەرەتایەکی ئەو بارودۆخێکی تر چاوەڕێمان دەکات، ئەو ڕۆژەی کە لێیدەترسی وەک ئەوەی کۆتایی بێت، ئەوە لەدایکبوونتە لە ئامێزی ئەزەلدا"[٢٠٤].

(ئەفلۆتین)یش وەک دواهەمین فەیلەسوفی گەورەی دێرین، کاریگەریەکی گەورەی لەسەر بیری مەسیحی هەیە. ڕاستە ئەو شوێنکەوتووی ئەفلاتون بوو لە تێڕوانینیدا بۆ دەروون، بەڵام لە دوو ڕووەوە جیاوازبوو، لەوە یەکەم: لەوەدا کە تیۆری ئەم لەسەر ئەزموونی ڕۆحی (ویجد)ی سۆفیانە بنیاتنراوەو لەوێوە دەرک بە سەربەخۆیی دەروون لە جەستە دەکات[٢٠٥]. وەک دەڵێت: "زۆرجار لەخۆم بێزاردەبمەوە، جەستەم بەجێهێڵاوە، کاتێکیش لەهەموو ئەوانەی جگە لە خۆم بێئاگا دەبم، لە ناخمدا جوانیەک دەبینم کە دەگاتە ئەوپەڕی جوانی. ئەوکاتە دەگەمە ئەو یەقینە، کە من سەر بە بوارێکی بالاتر"[٢٠٦]. جیاوازی دووەمیش ئەوەیە: کە ئەم جیاواز لە ئەفلاتون، بۆ سەلماندنی نەمری ڕۆح، ڕاڤەیەکی فەلسەفی نوێی لەڕێگەی تیۆری دابارین (فیض)ەوە خستەڕوو. لای ئەم لە دەروونی گشتی نەمرو

---

[٢٠٣] جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل٧٦.

[٢٠٤] هەر ئەو سەرچاوە، ل٧٧.

[٢٠٥] بڕوانە: د.عبدالرحمن بدوي، موسوعة الفلسفة، ج١، ل٢٠٧.

[٢٠٦] جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل٨٤.

ئەزەلیەوە – کە ئەمیش فەیزی دووەمو هەبووی سێهەمە دوای یەکەمو عەقڵ– دەروونی مرۆڤەکان هاتوەتە خوار. کەواتە ئەمیش– دەروونی مرۆڤ–بەهۆی سروشتە خوداییە ئەزەلیەکەیەوە، ئەزەلیو نەمرەو لە جەستەو ناپاکیەکانی جیادەبێتەوە[٢٠٧].

لەلایەکی ترەوە – بەپێچەوانەی ئەفلاتونیە نوێیەکانەوە – کە پتر بایەخیان بە رۆح دەدا – ئەم جیهانی بەرهەستی لا مەبەست بوو، لێرەوە دژی قەشە گەورە مەسیحیەکان وەستایەوە، کە وەسفی جیهانیان بە شەڕو خراپە دەکردو پێیان دەڵێت: "چۆن بۆتان ڕەوایە کە ئەم جیهانە هەمووی بە خراپ ناوببەن، لەکاتێکدا ئەو هیچ نییە جگە لە وێنەیەک لە دروستکەرو خوداکەیو ئێوەش ئەو خودایە بە پیرۆز دادەنێن؟. پاشتر چۆن دەڵێن ئەم جیهانە هەمووی خراپەیە، لەکاتێکدا ئێوە باس لە بوونی عەقڵو میهرەبانیو کۆمەکی (غایە)ی خودا دەکەنو ئەمەش بانگەوازی ئێوەیە، کە شتەکان بە بێهودە دروست نەکراون"[٢٠٨].

ئەو باوەڕی وابوو، کە مرۆڤ دەبێ هەوڵی گێڕانەوەی بەشە جەوهەریەکانی خۆی بەرەو خودا بدات، و مردنیش بە بەشێك لەوە دەزانێ وەك دەڵێت: "من دوا هەوڵی خۆم دەدەم بۆ گێڕانەوەی ئەوەی، کە خوداییە لە ناخمدا، بۆئەوەی کە خوداییە لە بووندا"[٢٠٩].

٢– ئاراستەی دژەمانادارییو دژە نەمری:

لەبەرامبەر ئاراستەی پێشوودا، ئاراستەیەکیش هەبوو، کە بەپێچەوانەوە بوو. دەبینین (لیۆکیۆس) هەوڵێستی گاڵتەپێکردن بوو بە مردنو باوەڕی وابوو مردن لەناوچوونێکی تەواوە[٢١٠]. (دیمۆکریتس)یش باوەڕی وابوو، ئەو گەردیلە ناسکانەی، کە ڕۆحی لێپێکدێت،

---

[٢٠٧] بڕوانە: د.ابراهيم رجب عبدالله، م.م: وفاء كاظم علي، الموت والخوف منه عند فلاسفة اليونان والاسلام، مجلة جامعة الأنبار للعلوم الاسلامية، عدد (٤)، مجلد (١)، ل٥٣٠.

[٢٠٨] د.عبدالرحمن بدوي، موسوعة الفلسفة، ج١، ل٢٠٦.

[٢٠٩] جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل٨٤.

[٢١٠] بڕوانە: د.مجدي ابراهيم، مشكلة الموت عند صوفية الاسلام، ل١٢٠.

لەکاتی مردندا لەناوەچن. بۆیە لێرەوە ژیان قابیلی لەناوچوونەو کورتە، بۆیە با خەبات بکەین لەپێناو بەختەوەری ژیانو خۆشیەکانی بووندا[٢١١].

بەڵام کەسێک کە زۆرتر لەم ئاراستەدا ناسراوە، (ئەبیقۆر) بوو. ئەبیقۆر (٣٤٢—٢٧٠پ.ز) لە ڕاڤەکردنی ژیاندا، پەیڕەوی لە مادیگەری (دیمۆکریتس) دەکات، بەڵام ئەم مادیگەریە باوەڕی بە زیندوویەتی مادە (Hylozoism) هەیە. واتە باوەڕی وایە مادە بەشێوەیەک لە شێوەکان تێوی ژیانی تێدایە. لە دیدی ئەمەوە — وەک دیمۆکریتس — جیهان لە گەردیلەی نەبینراوو نەمر پێکدێت، کە لەگەڵ ناوچوونی جەستەدا لەناوەچن[٢١٢]. ئەبیقۆر باوەڕی بە هەبوونی خواوەندەکان هەیە، بەڵام بە باوەڕی ئەو ئەوان بایەخ نادەن بە ژیانی مرۆڤو لەنێوان ئەستێرەکاندا دەژین[٢١٣].

لای ئەو ئامانج لە ژیان بریتیە لە چێژ. لەلایەکی ترەوە نمونەی بااڵی مرۆڤی دانا لەلای ئەوەیە، کە لە دڵەڕاوکێ (Ataraxia) کە مرۆڤ لەڕێگەی سەرکوتکردنی ئارەزووەکانو زاڵبوون بەسەر ترسدا پێیدەگات. ئەم ئازادبوونە لە دڵەڕاوکێش لەپێناوی گەیشتن بە چێژدایە. مەبەستیش لە چێژ، چێژی ئابڕوبەرو هەستی نیە، بەڵکو مەبەستی ئازادبوونە لە ئازارەکانی جەستەو شپرزەییەکانی زەین[٢١٤].

بە باوەڕی ئەبیقۆر ئەو شتانەی خۆشیەکانی ژیان دەشێوێنن زۆرن، بەڵام گرنگترینیان دوو شتن: یەکەمیان: شپرزەییو نائارامی لەدەست زەمانە. دووەمیانیان: نائارامیو شپرزەیی لەدەست مردن. یەکەمیان زیارت بەهۆی وەهمی بیرکردنەوەیە لە نەمری، بۆیە ژیانی دەشێوێ. دووەمیشیان: شپرزەیی مردن، کۆسپی گەورەیە لەبەردەم سەلامەتی عەقڵدا، بەڵام دەکرێ — ئەو دەڵێت — بەسەریدا زاڵ بین: "وا خۆت ڕابهێنەو عادەت بەو باوەڕەوە بگرە، کە مردن بەلای ئێمەوە هیچ مانایەکی نیە، چونکە هەموو چاکەو باشیەکو

---

[٢١١] بڕوانە: يوسف كرم، تأريخ الفلسفة اليونانية، ل٢٠، ٣٠.

[٢١٢] بڕوانە: جيمس.ب.كارس: الوجود والعدم، ل٤٨—٤٩.

[٢١٣] بڕوانە: د.عبدالرحمن بدوي، موسوعة الفلسفة، ج١، ل٨٢.

[٢١٤] بڕوانە: جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل٦٦.

شەڕو خراپەیەك لە هەستدایە، بەڵام مردن بێبەشبوونە لە هەست. لێرەوە کاتێك کە ئێمە هەین مردن نیەو کاتێکیش کە مردن هەیە، ئێمە نین!"[٢١٥].

٣- ئاراستەی نازانمگەری (لاادري):

ئەم ئاراستەیە ناتوانێ خۆی لەنێوان دوو ئاراستەکەی پێشوودا بەلایەکدا بخاتو هۆکارێکی سەرەکی ئەو نەتوانینەش بۆ تێڕوانینیان بۆ دەروون (ڕۆح) دەگەڕێتەوە. کە ئایا دەروون تێکەڵەیەکە لەگەڵ جەستەدا، بە مردن لەناودەچێ، یان جەوهەرێکە تایبەتی پاش مردن دەمێنێتەوە[٢١٦].

لە دیارترین لایەنگرانی ئەم ئاراستەیەش فەیلەسوفی سروشتی یۆنانیو پزیشکی ناودار (جالینۆس)ە. ئەو سەبارەت بە زیندووبوونەوەی جەستە هەڵوێستی ڕوونە، کە بەتەواوی نکولی لەوەدەکاتو باوەڕی وایە جەستە بە مردن تێکدەچێو لەناودەچێ[٢١٧].

٤- ئاراستەی بایەخدەر بە ژیانو پشتگوێ خەری مەرگ:

ئەم ئاراستەیەش لە بناغەوە بایەخ بە ژیان دەدەنو مردن وەك بابەتێکی سەرەکی نابینن. دیارترین ڕەوتی فەلسەفیش لە یۆنانو ڕۆماندا، کە لایەنگری ئەم ئاراستە بوون، سۆفستاییەکان بوون.

سۆفستاییەکان - بەپێچەوانەی ئاراستەی گشتی فەلسەفەوە - باوەڕیان وابوو، پێویستە لەبری بیرکردنەوە لە گەردونو بوون، بیر لە گرفتەکانی مرۆڤ بکرێتەوە. ئەوان بایەخ بە مانای ژیانی مرۆڤو گرفتو خەمو ئازارو نیگەرانیەکانی دەدەنو بەدوای شوێنەکانی بەهێزیو مرۆڤ لەم جیهانە گوماناویەدا دەدەن. هەڵوێستیان لەپێناو بەرجەستەکردنی خودو بڵندکردنەوەی بەرەو سەرووی بونەوەرەکانی ترو جیاکردنەوەیەتی لەوان. هەڵوێستیان

---

[٢١٥] بڕوانە: د.عبدالرحمن بدوي، موسوعة الفلسفة، ج١، ل٨٩.

[٢١٦] د.اياد كريم الصلاحي، المعاد في الفكر الفلسفي الاسلامي، ل٦١.

[٢١٧] هەر ئەو سەرچاوە، ل٦١.

بریتیە لە ڕەتکردنەوەی بەشتبوونی مرۆڤو بێگیانکردنی وەك شتەکانی ترو ڕەتکردنەوەی مردنی لەژیانیدان. هەروەها کاریان لەڕوو وەستانی مردنی فیزیکییە لەڕێگەی ژیانێکی ئازادەوە، کە مانای مرۆڤیەتی بەوپەڕی فۆرمەکانیەوە بێتەدی.

لێرەوە برۆتۆگۆراس (٤١٠ پ.ز) دەڵێت: "مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە، ئەو پێوەرە بۆئەوەی کە شتە هەبووەکان هەنو شتە نەبووەکانیش نین"[٢١٨].

بۆ زاڵبوون بەسەر تارمایی مردنو بێگیانبوونیشیدا، بانگەوازیان بۆ ئازادی مرۆڤ کردو ئیتر بەدوای نەمریدا وەك ئەوەی لای فەیلەسوفەکان هەیە، نەگەڕان. ئەمەش بەهۆی داننانیان بە کەموکورتی زانستی مرۆڤ لەم بوارەدا، بەتایبەتی لەم بابەتانەدا، کە دەچنە نێو بابەتی جیهانی نادیار (غیب)ەوە، وەك گۆرگیاس (٣٧٥پ.ز) ئاماژە بەوە دەکات. لێرەوە نەمری لای ئەوان لەوەدایە، کە مرۆڤ بەوپەڕی وزەوە بژیو چاودێری تواناکانی ژیان بکات[٢١٩].

١-٢-٢-٢/ لە زانستی کەلامو فەلسەفەی ئیسلامیدا:

بەگشتی ژیان لای موتەکەلیمە ئیسلامیەکان وەك دیاردەیەکی ئاسایی — نەك کێشەدار — سەیرکراوە، بۆیە کەمتر قسەیان لەبارەوە کردووە. لە فەلسەفەشدا زۆر کەم باسی لێکراوە — کە زۆرتر لەنێو باسی خەلق بەگشتیدا هاتووە، نەك سەربەخۆ — وەك ئەوەی (فارابی) باوەڕی بە تیۆری لێڕژان (فیض)ە، کە بەوپێیە خیلقەتو ژیان بەرهەمی لێڕژانی سیفاتو کرداری خودایە[٢٢٠]. بەڵام پرسی مردنو زیندووبوونەوەو نەمری ئامادەییەکی دیاری هەیەو بەشێوەیەکی گشتی بەسەر سێ جۆر تێڕوانیندا دابەشدەبێت — کە دوانیان زیاتر هی موتەکەلیمەکانو سێهەمیان زیاتر هی فەیلەسوفە ئیسلامیەکانە:

---

[٢١٨] برتراند راسل، تأريخ الفلسفة الغربية، الكتاب الأول، ل١٣٣.

[٢١٩] بڕوانە: د.ابراهيم رجب عبدالله، م.م: وفاء كاظم علي، الموت والخوف منه عند فلاسفة اليونان والاسلام، ل٥٢٤–٥٢٥.

[٢٢٠] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوەیە، ل٥٢٨.

یەکەم: ئەوانەی کە باوەڕیان تەنها بە زیندووبوونەوەی جەستە لە نەبوونەوە هەیە. واتە گەڕانەوە بۆ ژیان پاش لەناوچوون. ئەمانە دەروونی گۆیا (نفس ناطقة) — کە مەبەست دەروونی مرۆڤە وەک عەقڵو پراکتیک — ڕەتدەکەنەوە. ئەم بۆچوونە لەسەر ئەوە وەستاوە، کە ڕۆح جەستەیەکی ناسکی ڕوناکە، بەنێو جەستەدا تێدەپەڕێ و وەک تێپەڕینی ئاگر بەنێو خەڵوزو ئاو بەنێو گوڵدا، واتە ئەو تەنها جەوهەرێکی ڕووت نیە. لێرەوە زیندووبوونەوە دوو بەشە: ناسک کە ڕۆحەو چڕ، کە جەستەیە. زیندووبوونەوەش تەنها بۆ جەستەیە، کە بکەری هەستپێکەری دەروون (ڕۆح)ە. دەستەیەکیش باوەڕیان وایە زیندووبوونەوەی جەستە لە نەبوونەوە نیە، بەڵکو لە بەش بەشەوەیە، واتە خودا ئەندامەکان بەش بەش دەکات، دواتر ڕێکی دەخاتەوە. چونکە هێنانەوەی نەبوو مەحاڵە[٢٢١]. زۆرینەی موتەکەلیمەکان لایەنگری ئەم ئاراستەیەن[٢٢٢].

دووەم: ئاراستەی سەلماندنی زیندووبوونەوەی جەستەیی و ڕۆحی پێکەوە. ئەمەش زۆرینەی زانایانی ئیسلامو موتەکەلیمەکانی وەک غەزالیو سۆفیەکان لەسەر ئەم ڕایەن. بەم پێیە: دەروون جەوهەرێکی ڕووتە، دەگەڕێتەوە بۆ جەستە. چونکە مرۆڤ لەڕاستیدا بریتیە لە دەروونی گۆیاو ئەویش ئەرکی گوێرایەڵیو سەرپێچیو پاداشتو سزای لەسەرە. جەستەش وەک ئامراز وایە لەبەردەستیدا. دەروون پاش تێکچوونی جەستە دەمێنێتەوە. کاتێکیش کە خودا دەیەوێ دروستکراوەکان زیندوو بکاتەوە، بۆ هەریەک لەو ڕۆحانە جەستەیەک دروست دەکات، تا پەیوەندی لەگەڵدا دروستبکاتو هەڵسوکەوتی پێ بکات، وەک لە دونیادا کردویەتی[٢٢٣].

ئەم ئاراستەیەش دەبن بە دوو دەستەوە: کۆمەڵێک باوەڕیان بە گەڕانەوەی جەستە بۆ ژیان هەیە، نەک لە نەبوونەوە، بەڵکو لە جودابوونەوەو پەرتەوازەبوونەوەو لێرەوە بەشە سەرەکیەکان — نەک لاوەکیەکان — کۆدەبنەوەو ڕۆحیان بۆ دەگێڕدرێتەوەو ئەم جەستەش

---

[٢٢١] بڕوانە: د.ایاد کریم الصلاحي، المعاد في الفکر الفلسفي الاسلامي، ل٧. هەروەها: د.عبدالمنعم الحفني، الموسوعة الشاملة لمصطلحات الفلسفة، ل١٥٩–١٦٠.

[٢٢٢] بڕوانە: د.ایاد کریم الصلاحي، المعاد في الفکر الفلسفي الاسلامي، ل٨.

[٢٢٣] هەر ئەو سەرچاوە، ل٥٦.

بەتەواوی هەمان جەستەی دونیا نیە، بەڵکو جیاوازیشە. ئایەتەکانی وەك (كلما نضجت جلودهم بدلناهم جلوداً غيرها) (النساء:٥٦) دەکەنە بەڵگە.

دەستەیەکی تر باوەڕیان وایە بەپێچەوانەوەیە، لە نەبوونەوە دروستدەکرێتەوەو بەهەمان شێوەی ئەو بەشە دیاریکراوەو ناسراوەیە، کە لە دونیادا هەبووە[٢٢٤].

سێهەم: ئاراستەی سەلماندنی زیندووبوونەوەی رۆحی بەتەنها: لایەنگرانی ئەم ڕێبازە زیاتر لە فەیلەسوفە ئیسلامیەکان پێکدێن. ئەمان باوەڕیان وایە مرۆڤ لەڕاستیدا بریتیە لە دەروونی گۆیاو زیندووبوونەوەش بریتیە لە جودابوونەوەی دەروون لە جەستەو پەیوەستبوونی بە جیهانی ڕاستەقینە. ئەمانیش دەبن بە سێ کۆمەڵەوە:

یەکەم: ئەوانەی کە دەڵێن، دەروونی گۆیا پاش مردن دەمێنێتەوە، کە ئەمانەش زۆرینەن.

دووەم: ئەوانەی دەڵێن دەروونی گۆیا پاش لەناوچوونی جەستە لەناودەچێ. کە ئەمانە زۆر دەگمەنن.

سێهەم: ئەوانەی کە دەڵێن، کە دەروونی چاکەخوازەکان دەمێننەوە، چونکە ئەوان بە هێزی تیۆری خۆی ناسینی حەقو بە هێزی پراکتیکی کرداری چاکی ئەنجامداوە. بەڵام ئەوانەی، کە بەوجۆرە نین، ئەوا بە لەناوچوونی.جەستەکانیان لەناودەچن[٢٢٥].

هەروەها دوو ئاراستەی تریش – گەرچی لاوازە – لە کلتوری کەلامیو فەلسەفی ئیسلامیدا بوونی هەیە:

یەکەم: ڕێبازی بێ باوەڕ بە زیندووبوونەوە. ئەمانە ئەوانەن، کە بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ نکولی لە خالقیەتی خودا دەکەنو بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە جیهان لە ئەزەلەوە بێ دروستکەر هەبووەو زەمەن لەناوبەرەو خۆی لەناوناچێ[٢٢٦]. ئەمانە لەنێو

---

[٢٢٤] بڕوانە: د.عبدالمنعم الحفني، المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفة، ل٣٤٩. هەروەها: د.اياد كريم الصلاحي، المعاد في الفكر الفلسفي الاسلامي، ل٦١.

[٢٢٥] بڕوانە: د.اياد كريم الصلاحي، المعاد في الفكر الفلسفي الاسلامي، ل٦٠.

[٢٢٦] بڕوانە: د.عبدالمنعم الحفني، المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفة، ل٣٥٠.

ئیسلام و کلتوری ئیسلامیدا زیاتر بە ڕۆژگاریەکان (دهري) ناودەبرێن. ئەم زاراوەش لە ئایەتی (وقالوا ماهي الا حياتنا الدنيا نموت ونحيا وما يهلكنا الا الدهر) (الجاثية:١٢٤) وەرگیراوە. تەفتازانی لە (شرح المقاصد)دا دەڵێت: "بۆیە پێیان دەوترێ (دهري) بەهۆی ئەوەی کە دەڵێن زیندووبوونەوە بۆ مرۆڤ نیە، بە بانگەشەی ئەوەی، کە ئەم پەیکەرە هەستیارە بەو خوو، هێزو تایبەتمەندیانەوە کە هەیەتی، بە مردنو نەمانی ژیان لەناودەچێو هیچ شتێك جگەلە ڕەگەزە پێکهێنەرە جیاجیاکانی نامێنێتەوەو ئەوەش کە نەمێنێ، ناگەڕێتەوە، ئەمەش بە درۆخستنەوەی عەقڵی فەیلەسوفە موسڵمانەکانەو بەدرۆخستنەوەی شەرعیشە، کە زانایانی ئەم ئوممەتە باوەڕیان پێیەتی"[٢٢٧].

دووەم: ڕێبازی وەستان لە بڕیاردان لە زیندووبوونەوە ئەمانە ئەوانەن، کە بەتەواوی نەیانتوانیوە خۆیان یەکلایی بکەنەوە، چ بە باوەڕبوون یان باوەڕنەبوون بە زیندوبونەوە. ئەمەش زیاتر بەهۆی یەکلانەبوونیانەوە بووە سەبارەت بە دەروون (ڕۆح)[٢٢٨]. ئەمانەش زیاتر لە فەیلەسوفە سروشتیەکان پێکهاتووە[٢٢٩].

١-٢-٢-٣/ لە ڕێنیسانس و فەلسەفەی نوێدا:

لە ڕۆژئاوا بەر لە ڕێنیسانس بەگشتی هزری مردن زیاتر زاڵبوو بەسەر هزری ژیانداو ئەو هزری مردنەش – کە لە یۆنانەوە هاتووە – زیاتر دژە مردن بوو، چونکە لە ترسی جیهانی ژێرەوە (HADS)و پاش مەرگ وەك ئایین لەلایەكو لەلایەکی ترەوە کلتوری بنەڕەتی ئەوان وەك (ئیلیادە) و (ئۆدێسە) دژی مردنە، بە نمونە دەبینین لە داستانی (ئۆدێسە)دا (ئەخیل) گەڕچی دواجار بە ئازایانەو شکۆمەندانە دەکوژرێو پاش مردنی لە سەرای هادس (HADS)دا پلەی بڵند دەکرێتەوەو دەبێت بە فەرمانڕەوای مردوەکان، بەڵام ئەو بەڕوونی

---

[٢٢٧] الامام التفتازاني، شرح المقاصد، ج٣، ل٣٤٤.

[٢٢٨] بڕوانە: د.اياد كريم الصلاحي، المعاد في الفكر الفلسفي الاسلامي، ل٦١.

[٢٢٩] بڕوانە: د.عبدالمنعم الحفني، المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفة، ل٣٥١.

دەڵێ: "پێم خۆشە لەسەر زەوی پەنجبەرو کرێکاربم، تائەوەی دەسەڵاتداری تاقانەی شاری مردوان بم!"[٢٣٠].

لەلایەکی ترەوە لەبیری مەسیحیەتدا، مەرگو جیهانەکەی تری زۆر سەختو مایەی نیگەرانی بوو. بۆ رزگاربوون لەو سەختیو ئازارانەی ئەوێ، دەبوو باوەڕدار بەجۆرێك بژی، کە ژمارەیەکی ئێجگار کەم لە خەڵك نەبێ، خەڵکی توانای ئەو جۆرە ژیانەی نەبوو. ئەمە جگەلەوەی، کە مردن لەبیری مەسیحیەتدا، وەك ئاگادارکەرەوە زۆر بە فراوانی بەکاردەهێنرێو دەستەواژەی (ئێمە لەنێو ژیاندا لە مردندایین) بووە دروشمو ڕونکردنەوەی لەسەر دەدرا[٢٣١].

لەلایەکی ترەوە ساتی سەرە مەرگ لەبیری مەسیحیدا زۆر بە ترسناك وێنا دەکرا، چونکە— بە باوەڕی ئەوان— شەیتان لەوساتەدا هەوڵی بردنی باوەڕی مرۆڤ دەدات، تا بە بێباوەڕی بمرێ. ئەمە جگە لەوەی مردن لە گوتاری کڵێسەدا وەك ئێسکە پەیکەرێك وێنا دەکرا، کە بە چەتاڵێکەوە دێت بۆ لەناوبردنی مرۆڤ[٢٣٢]. هەموو ئەمانە وایکردبوو وێڕای جەختکردنەوەی زۆر لەسەر ئەوەی (مردن باشترە لە ژیان) بەڵام ترس لە مردن فراوانتر دەبوو. لێرەوە وەك هەوڵەکانی فەیلەسوفە باوەڕدارەکانی یۆنانو ڕۆمان لە فیساگۆرسەوە تا سوکراتو ئەفلاتونو ڕەواقیەکانو دواتریش، نەیانتوانی ترس لە مردن — لای دەستەبژێر نەبێ — لای خەڵك کەم بکەنەوە، هەوڵەکانی کڵێساش بەهەمان شێوە، لەم بوارەدا بەرهەمێکی بەرچاوی نەبوو. لێرەوە وێنەی گشتی مردن بەر لە ڕێنیسانس وێنەیەکی تاریکو مۆن بوو، کە خەڵك بەترسەوە لە مردن دەڕوانی، یان بە چاوەڕێکردنی مردنەوە، تا لەم ئازارە رزگاربن دەڕوان[٢٣٣].

---

[٢٣٠] د.محمد صنعتی، در آمدی به مرگ در اندیشه‌ای غربی، فصلنامه ارغنون، ل٢٤—٢٥.

[٢٣١] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧.

[٢٣٢] بڕوانە: جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل١٠٠.

[٢٣٣] د.محمد صنعتی، در آمدی به مرگ در اندیشه‌ای غربی، ل٢٧.

بەڵام بە هاتنی ڕێنیسانس، ئەو دنیابینیە مەسیحیە بووە جێگەی گومانو گوشاری دەروونی لەبارەی جیهانی نەبینراوو زیندووبوونەوەی پاش مردن پەیدابوو. ئەمەش بەهۆی چەندین هۆکارەوە بوو، کە تێڕوانینی مرۆڤی ڕۆژئاواییان سەبارەت بە مردن گۆڕی. وەک: ڕێزدانان بۆ زانستە ئەزموونگەراکانو گواستنەوە لە جیهانی ئایدیاو سەروو سروشتەوە بۆ جیهانی هەستو سروشت. هەروەها پەیدابوونی کۆمەڵێک ڕۆشنبیری کڵێسایی دیار وەک (پێترارک) – کە قەشە بوو – و پیکۆدلا میراندۆلا، کە لە بری بیرکردنەوە لە مردن، داوای چێژ وەرگرتنیان لەم جیهانە دەکرد، کە نیشانەی گەورەیی دروستکەرەکەیەتی[٢٣٤]. هەروەها گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی دژەمەرگو دژە نەمری یۆنانی بەتایبەتی (ئەبیقۆر)[٢٣٥].

بەڵام گرنگترین هۆکار لەڕووی فەلسەفیەوە، پەیدابوونی دنیابینی فەلسەفیانەی نوێ بوو، لەسەرووی هەموویانەوە فەیلەسوف (میشیل دۆمۆنتین) کە بەڕوونی وتی: "ئێمە ژیان بە نیگەرانی دەربارەی مردنو مردنیش بە نیگەرانی دەربارەی ژیان، ناخۆش دەکەین"[٢٣٦].

لێرەوە مرۆڤی ڕێنیسانس بەرەو دونیایەکی شادو چێژبەخش هەنگاوی نا، لەگەڵ زۆرێک لە شتە بزوێنەرەکان، کە دەتوانێ ژیانی بوێو بە (ئیرادە) و (عەقڵ)ەوە هەنگاو هەڵگرێو ترسی مردن لە خۆیدا بپاڵێوێ[٢٣٧]. هەڵبەت ترسی مردنو باسی نەمری هەر بەردەوام بوو و هاوکات بەشێک لە دنیابینیە فەلسەفیەکان سەبارەت بە نەمری کاریگەری خۆی لای فەیلەسوفەکانو خەڵکی مابوو. بەڵام ئەمجارە مرۆڤی مۆدێرن هەوڵیدا لەڕێگەی ڕێوشوێنە زانستیەکانەوە، بەتایبەتی لەڕێگەی زانستی پزیشکیەوە بەر بەم مەترسیە بگرێتو لێرەوە تەنانەت لای فەیلەسوفەکانیش بووە جێگەی بایەخ، وەک لای باوکی فەلسەفەی نوێ (دیکارت) دەبینرێ، کە باوەڕی وابوو دەکرێ لەڕێگەی بایەخدانێکی تایبەت بە جەستەو

---

[٢٣٤] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ل٢٩.

[٢٣٥] بڕوانە: د.عبدالمنعم الحفني، المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفة، ل٩٠٠.

[٢٣٦] بڕوانە: جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل١٠٧.

[٢٣٧] بڕوانە: د.محمد صنعتی، در آمدی به مرگ در اندیشه‌ای غربی، ل٣١.

سیستمێکی خۆراکی باشەوە، تەمەنی مرۆڤ بۆ چەند سەدەیەك درێژ بکاتەوە[٢٣٨] — هەڵبەت دواتر دنیابینی گۆڕا —. بەگشتی لە فەلسەفەی نوێدا بایەخ بە باسی ژیان زیاتر لە مەرگ دراو زۆرێك لە فەیلەسوفەکانیش— وەك عەبدولڕەحمان بەدەوی دەڵێت — سەیری ژیانیان وەك کۆمەڵە پرۆسەیەکی میکانیکیو دەروونی دەکرد، وەك چۆن دیکارت بڕیاری دا، کە بونەوەرە زیندووەکان جگە لە خاسیەتە میکانیکیەکان خاسیەتی تریان نیە[٢٣٩]. (هۆبز)یش وتی: "ژیان جگە لە جوڵەیەك — کە سەرەتاکەی نادیارو شاراوەیە لە شوێنێکی جەستەدا هیچی تر نیە"[٢٤٠]. هەریەکە لە ئەسپینۆزا، لیبنیتس، ماکس شیلەرو هتد... هەمان تێڕوانینیان هەبوو. بەڵام لەبەرامبەر ئەم ڕەوتە میکانیکیەدا، ڕەوتێك سەریهەڵدا کە زیاتر بە (کانت) دەستیپێکرد، کە باوەڕی وابوو، کە ژیان خاسیەتێکی مادە نیە، بەڵکو جەوهەری ژیان شتێکی نامادیە. فەیلەسوفەکانی ئەم ڕەوتەش وەك (کانت، فیختە، هیگڵ، شۆپنهاوەر، نیتچەو هتد... بوون)[٢٤١].

گەرچی هەندێك لە فەیلەسوفەکانی ڕەوتی ڕابردووش بەتایبەتی دیکارت تێڕوانینیان گۆڕا، بەگشتی لە فەلسەفەی نوێدا دوو ڕەوتی باوەڕدار بە ماناداری ژیانو نەمریو ڕەوتە پێچەوانەکەی زیاتر دەرکەوت.

لە فەیلەسوفە دیارەکانی ڕەوتی یەکەم، وەك دیکارت، کە باوەڕی بە نەمری دەروون هێنا[٢٤٢] و باوەڕی بە نوێبوونەوە لە خەلقدا هەیەو پێی وایە کردەی خەلقکردن بە یەکجار نەبووە، بەڵکو کردەیەکی هەمیشەیی پێکەوە لکاوە، کە خودا جەوهەرەکەی لە لەناوچوون دەپارێزێ[٢٤٣].

---

[٢٣٨] بڕوانە: جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل١٠٥

[٢٣٩] بڕوانە: د.عبدالرحمن بدوي، موسوعة الفلسفة، ج٣، ل١٦٦.

[٢٤٠] هەر ئەو سەرچاوە، ل١٦٦.

[٢٤١] سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٧.

[٢٤٢] بڕوانە: جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل١٢١.

[٢٤٣] بڕوانە: د.عبدالرحمن بدوي، موسوعة الفلسفة، ج١، ل٤٩٥.

(کانت)یش له دیدێکی مۆرالیەوە سەیری (نەمری) دەکاتو لە کتێبی (ڕەخنەگرتن لە عەقڵی پوخت)دا دەڵێت: "بەختەوەریو چاکەخوازی (فضیلت) لەو ژیانەدا هاوتا نابن، ئەگەرچی عەقڵ هاوتابوونیان بەپێویست دەزانێت، هەرچەندە دەکرێ بەختەوەری لەم جیهانەدا بەدی بهێنرێت، بەڵام چاکەخوازی تەنها کاتێك دەتوانرێ بەشێوەیەکی ڕاستەقینە بەدیبهێنرێت، کە بەرەوپێشچوونێکی ناکۆتا هەبێت، لێرەشەوە پێویست دەکات ژیانێکی تر هەبێت"[٢٤٤].

بە باوەڕی ئەو هیچ ئومێدێك بۆ بونەوەری عاقڵی لەناوچوو – مرۆڤ – بە گەیشتن بە کەماڵی ئەخلاقی لەم جیهانەدا نیە، ئەوە تەنها دەکرێ لە کۆتایی بوونیدا – پاش مەرگ – ڕووبدات[٢٤٥].

(هیگڵ)یش مردن لە بناغەوە بە کێشەو کێشەیەکی تاکەکەس نابینێ، چونکە مرۆڤی تاك بونێکی ڕاستەقینەی لە خۆیدا نیە، بەڵکو بوونی ڕاستەقینە بوونی ڕەها – خودا – یەو بۆیە مردنو گەڕانەوەی بۆلای ئەو بوونە ڕاستەقینە، ئاساییە[٢٤٦].

هیگڵ باوەڕی بە هاوئاهەنگی دژەکان هەیە، لێرەوە (هۆلدرلین)ی شاعیر– کە دۆستی نزیکی ئەوە – لەبارەی هیگڵەوە دەنوسێ: "شێوازەکانی ناکۆکی نێو جیهان وەك شەڕی عاشقەکان وایە، ئاشتەوایی لەنێو جەرگەی ناکۆکیدایە، هەرچەندە لە یەکتر دابڕێن، جارێکی تر سەرلەنوێ یەکدەگرنەوە"[٢٤٧]. هەروەها ئەو مردن بە ئامادەبوونی خوداو بە بڵندترین کارەکانی خۆشەویستی دادەنێو دەڵێت "خۆشەویستی تەواو بریتیە لە یەکیەتی (وحدە)ی نێوان ئەوەی خودایەو ئەوەی کە مرۆڤانەیە. خۆشەویستی لە سڕینەوەی کەسێتیو مولکدارێتیو شتەکانی تری (خۆ)دا دەردەکەوێ"[٢٤٨].

---

[٢٤٤] بڕوانە: جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل١٤٩.

[٢٤٥] بڕوانە: د.عبدالرحمن بدوي، موسوعة الفلسفة، ج٢، ل٢٨٥.

[٢٤٦] سەرچاوەی پێشوو، ج١، ل٣٠٠.

[٢٤٧] بڕوانە: جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل١٦٣.

[٢٤٨] هەر ئەو سەرچاوە، ل١٦٦.

(شۆپنهاوەر)یش دیارترین فەیلەسوفی سەردەمی نوێیە، کە باس لە گرفتی ژیانو مردن بەشێوەیەکی ڕێکخراو کردوە. باوەڕی سەبارەت بە ژیان وایە، کە ئەوە (هێزی ژیانە) کە سەرجەم هێزەکانی تری نێو بونەوەری زیندوو ڕادەگرێتو بەسەریاندا زاڵ دەبێتو چالاکیان دەگۆڕێ. ئەو باوەڕی وایە جیهان بریتیە لە خواست (ارادة) و دەرکەوتن (امتثال)، ژیان بەردەوام لەسەر فرێدانی مادەیەکو دەرخستنی مادەیەکی نوێ ڕادەوەستێ[٢٤٩]. شۆپنهاوەر باوەڕی وایە سروشتی ڕاستەقینەی مرۆڤ قابیلی تیاچوون نیەو مردن کار لە خواست (ارادة)ی ژیان ناکات، بەڵکو کاری بەسەر ڕواڵەتە لاوەکیە تێپەڕەکانیەوە هەیە، تا بەردەوام نوێیان بکاتەوە، بەڵام خواستی ژیان بە بەردەوامی نەمرە[٢٥٠]. لەبەرامبەر ئەم ڕەوتەدا، ڕەوتێکی دژ بە ماناداریو نەمری پەیدابوو — کە لاوازتر بوو لەوەی یەکەم — و لە دیارترین فەیلەسوفەکانی (هیوم) و (فیۆرباخ) بوون.

(دیڤید هیوم) لەبەرامبەر بەڵگە هێنراوەکان لەسەر نەمریدا دەڵێت: "ئەگەر لەڕێگەی ڕەوتی ئاسایی سروشتەوە بەڵگەهێنی (استدلال) بکەیت، ئەوا دەبێت بەو ئەنجامە بگەین، کە ئەوەی تێکچوون پەسەندنەکەرە، دەبێت قابیلی نەبوونیش بێت. لێرەوە ئەگەر ڕۆح نەمرو جاویدانیە، دەبێ بەرلە لەدایکبوونی بونەوەرەکە هەبووبێت، خۆ ئەگەر بوونی بە — لە لەدایکبوونی ئەو بونەوەرە هیچ پەیوەندیەکی بە ئێمەوە — پێش لە لەدایکبوون — نەبووبێت، ئەوا بوونی ئەو پاش مردنیش هەروا دەبێت"[٢٥١]. سەبارەت بە بەڵگە ئەخلاقیەکانیش کە هەوڵی سەلماندنی نەمری دەدەن — وەک کانت — (هیوم) پێی وایە ئەو بەڵگانە بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەسەر گریمانەی سیفەتی عەدالەتی خودا بنیادنراون. دیارە ئەم جیهانە پڕە لە ستەمو نادادیو ستەمکارانو نادادپەروەرەکانیش لێپرسینەوەیان لێناکرێتو چاکەکارانیش بە مافەکانیان ناگەن، بۆیە عەدالەتی خودا وا پێویست دەکات، کە

---

[٢٤٩] بڕوانە: د.عبدالرحمن بدوي، موسوعة الفلسفة، ج٣، ل١٦٧. هەروەها: جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل١٥٣، ١٦٦.

[٢٥٠] بڕوانە: د.عبدالرحمن بدوي، موسوعة الفلسفة، ج٢، ل٣٥.

[٢٥١] بڕوانە: سید محسن رضا زادە، مرگ و جاودانگی، ل٤٧ بەدواوە.

جیهانێکی تر هەبێ بۆ ئەو مەبەستە. جا لەبەرئەوەی ستەم‌و نادادی ناشیرینەو دواجار کەموکورتیەو خوداش – لەووی عەقڵیەوە – بێ کەموکوڕییە، بۆیە هەبوونی جیهانێکی تر بۆ نەهێشتنی ئەو کەموکوڕیە پێویستە. بەڵام – وەک هیوم دەڵێ – لە سەیرکردنی سروشتو ئەوەی کە تێیدا ڕوودەدات، بەڵگەمان بۆ سەلماندنی ئەوە دەستگیر نابێ. بەڵکو ئەوان بەڵگەن لەسەر نەبوونی ئەو خەسڵەتانە– عەدالەت – تێیدا![٢٥٢].

(فیۆرباخ)یش باوەڕی وایە سەلماندنی نەمری یان دژەکەی بە فەلسەفەی ڕووت ناکرێ، بەڵکو پێویستە، زانستی بۆماوەناسیو ئەنسرۆپۆلۆژیا ئەوە یەکلایی بکاتەوە. ئەنسرۆپۆلۆژیا ناتوانێ باوەڕ بە نەمری پەسەند بکات، تا بە پراکتیکی ڕووبەڕووی دەبێتەوە، جا ئەگەر بینی، کە خەڵکی باوەڕیان پێی هەیە، ئەوا دەپرسێ بۆچی باوەڕیان پێیەتی؟ لێرەوە ڕاڤەیەک بۆ سەرچاوەی ئەو باوەڕە پێشکەشدەکات. بە باوەڕی فیۆرباخ ڕەگی ئەم باوەڕی نەمریە بۆ ئارەزووی گەیشتنی مرۆڤ بە تەواوی (کەماڵ)ی بەردەوام ناگەڕێتەوە. بەڵکو بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە مرۆڤ ناتوانێ بیر لە بنیادنانی کارێک بکات، بەبێ ئەوەی بیر بەردەوامی لەگەڵدا دانەنێ. لێرەوە ئارەزووی نەمری، پەیوەندی بە ژیانی ئەزەلیەوە نیە، کە ئاین بەڵێنی بوونی دەدات، بەڵکو بۆ ئارەزووی درێژکردنەوەی ئەم ژیانەی ئێستا بۆ کاتێکی نادیار دەگەڕێتەوە[٢٥٣]. فیۆرباخ پێی وایە، باوەڕبوون بە ژیانی دواڕۆژو نەمری، وا لە مرۆڤ دەکات، لەم ژیانەدا کار بۆ گەیشتن بە نەمری نەکات، چونکە لەوێ دەستیدەکەوێ[٢٥٤].

فیۆرباخ باوەڕی بە دوو بیرۆکە هەیە – کە لە هزری دوای خۆیدا زیاتر دەرکەوتن – یەکەمیان ئەوەیە، کە مردن کارەساتێکی کتوپڕ نیە، بەڵکو لەسەرەتاوە پەیوەستە بە ژیانەوە. هەروەها پێشبینیکردنی مردن وەک ئامرازێک بۆ ناسینی بوون‌و بوونی پەسەنی مرۆڤ – وەک ئەوەی دواتر لای هایدگر باسدەکرێت – گرنگە. فیۆرباخ پێی وایە، خۆمان

---

[٢٥٢] هەر ئەو سەرچاوە، ل٤٩. هەروەها د.عبدالرحمن بدوي، موسوعة الفلسفة، ج١، ل٤٦٩.

[٢٥٣] بڕوانە: جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل٢٠٣–٢٠٥.

[٢٥٤] بڕوانە: د.عبدالرحمن بدوي، موسوعة الفلسفة، ج٢، ل٢١٣.

دەتوانین مانا بە ژیان بدەینو (مانای ژیان) لە ژیانێکی پڕ لە چالاکی داهێنەرانەدا بدۆزینەوە، کە ببێتە هۆی بەدەستهێنانی ئەو تاکە نەمریەی، کە لەبەردەستماندایە: ژیان لە یادەوەری نەوەکانی داهاتوودا[٢٥٥].

١-٢-٢-٤/ لە فەلسەفەی هاوچەرخدا:

لە فەلسەفەی هاوچەرخدا مردن کەمتر وەک بیرێکی فەلسەفی – تەنها کەمێك لای برگستۆن نەبێت – ئامادەبوونی هەبوو. چونکە لەلایەك وەک – لە فەلسەفەی نوێدا ئاماژەمان پێکرد – پەیدابوونو زاڵبوونی بیری بە میکانیکی بینینی ژیانو بونەوەران لەلایەکو لەلایەکی تر پەیدابوونی ئەو ڕەوتە فەلسەفیەی – وەک شوروون و بەدەوی ئاماژەی پێدەکەن – کە بە کۆمەڵەی (فەیلەسوفەکانی ژیان) ناسران. کە زیاتر کۆبیر (ترکین)یان لەسەر ژیان – نەك مردن – بوو و هەوڵی ڕاڤەکردنی واقیعیان لەڕێگەی ژیانەوە دەدا. ئەمان مردن بە بەشێك لە ژیان– نەك دژی – دادەنێن. بۆیە گرنگترین ڕابەرەکانی کە فەیلەسوفە ئەڵمانەکان بوون (نیتچە) و (زیمیل) باوەڕیان وابوو. نیتچە دەڵێت: "نەکەن بڵێن کە مردن دژی ژیانە". چونکە ئەوان پێیان وایە لە دەرەوەی ژیان – ئەم ژیانە – شتێکی تر نیە[٢٥٦]. هەروەها (نیتچە) بە ڕوونی دەڵێ (ئێمە دەبێ گەڕان بەدوای مانای ژیاندا، دەبێ خۆمان مانا بە ژیان بدەین)[٢٥٧]. گەرچی نیتچە ناتوانرێ بە بێ باوەڕپێش دابنرێ، چونکە باوەڕی وایە گەڕانەوەی هەمیشەیی (العودة الأبدية) هەیە، هێرکلیتس و ڕەواقیەکان باوەڕیان پێی بووەو بەپێی ئەم باوەڕە شتەکان– بە مرۆڤیشەوە– پاش هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو حاڵەی کە تێیدا بوون[٢٥٨]. بەڵام نیتچە لە دونیای هاوچەرخدا (مردنی خودا) یان (مردنی پەروەردگار)ی ڕاگەیاند، کە مەبەست لێی کزبوونی بەها مەعنەویە ئاینیەکان بوو لە

---

[٢٥٥] بڕوانە: جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل٢٠٩–٢١١.

[٢٥٦] بڕوانە: د.عبدالرحمن بدوي، موسوعة الفلسفة، ج١، ل٣٠٢. هەروەها: جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل٢٢٣.

[٢٥٧] محمد ازادە، فلسفە و معنای زندگی، ل١٢٦

[٢٥٨] بڕوانە: د.جميل صليبا، الموسوعة الفلسفية، ج١، ل٦٠٩ – ٦١٠.

ئەوروپا، کە ئەم لەلایەک مرۆڤی ئازاد کردو لەلایەکی ترەوە مرۆڤی بەرەو سەردەمی نەبوونگەرایی (Nihilision) و بێهودەیی برد، چونکە ژیان خودای تێدا نەما[٢٥٩].

(زیمیل)یش دەڵێت: "ژیان لە سروشتی خۆیدا مردنی پێویستە، چونکە بەهۆی ئەو شتەی ترەوە دەبێت بە شتێکو بەبێ ئەوە ئەم شتە ماناو وێنەی نابێت". کەواتە لێرەوە مردن وەک پێویستیەکی ژیان سەیرکراوە، بۆیە کەمتر وەک کێشەیەکی سەربەخۆ باسی لێوەکرا[٢٦٠].

دوابەدوای ئەوە باسکردنی فەلسەفیانە لە ژیانو مردن، بەتایبەتی لە چەمکی دووەم بەشێوەیەکی بەرچاو کەم بوویەوەو بەڵکو باسکردنی ژیان بووە باسی سەرەکیو باسی مەرگ، وەک (تابۆ)و قەدەغەی لێهاتبوو. گەرچی جەنگی یەکەمی جیهانی باسی مردنی لە حاڵەتی (تابۆ)یی دەرهێنا، بەڵام ئەمجارە جگە لە فەلسەفە، زانستەکانی تر زیاتر بایەخی بەم پرسە دا، وەک زانستی دەروونناسی، بۆیە دەبینین کەسێکی وەک (فرۆید) کتێبی (هزرگەلێک لەبارەی ڕۆژانی جەنگو مەرگ) دەنوسێو دواتر دەروونناسانی وەک (بالبی) و (کالین ماری پارکەر) و (جان هینستۆن) و هتد... دەربارەی بایەخی سەرەخۆشیو شڵەژانی لەدەستدانی مرۆڤو چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مردن لای ئەو نەخۆشانەی، کە هەڵگری نەخۆشی کوشندەن گەشەی کرد[٢٦١].

هەر لەم بارودۆخە نالەبارەی جیهاندا، مەرگ وەک پرسێکی گرنگ لای فەیلەسوفانی سەدەی بیستەم، بە فەیلەسوفانی بوونگەرایی (Existentalist) دەستیپێکرد. لەسەرووی هەموویانەوە: مارتین هایدگەر، کارل یاسبەرز، سارتەر، کامۆ[٢٦٢].

بونگەراکان لە باسکردنی ژیاندا، چەمکی ژیانی ڕەسەنو ژیانی ساختە یان ڕۆژانەیان هێنایە ئاراوە. (هایدگەر) لە شاکارەکەیدا (بوون و زەمەن) بابەتی (ژیانی خوازراو)ی هێنایە

---

[٢٥٩] بڕوانە: جون ماکوری، الوجودية. ترجمة: امام عبدالفتاح امام، سلسلة عالم المعرفة، الكويت، ١٩٨٢، ل٧٥.

[٢٦٠] بڕوانە: د.عبدالرحمن بدوي، موسوعة الفلسفة، ج١، ل٣٠٣.

[٢٦١] بڕوانە: د.محمد صنعتی، درآمدی به مرگ در اندیشه‌ای غربی، ل٤٣.

[٢٦٢] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤.

بەرباس[٢٦٣]. بە باوەڕی ئەو هەبوونی سێ خەسڵەت لە مرۆڤدا، دەیسەلمێنێ کە ژیانێکی خوازراو – نەک ڕەسەنی – هەیە[٢٦٤]: یەکەم: گیرۆدەبوون بە زۆربێژی. زۆربێژی ئەو جۆرە قسەکردنەیە، قسەکردن لەخۆیدا مەبەستە نەک ناوەرۆکەکەی. وە ئێمە لە ژیاندا ڕستەو بیروباوەڕەکان لە دەستەیەک وەردەگرینو بۆ دەستەیەکی تری دەگوازینەوە. واتە گواستنەوەی زانیاری ئەزموون نەکراو بۆ منو لە منیشەوە بۆ ئەوانی تر. بەبێ ئەوەی کە بزانین ئەم مەسەلانە ڕاستن یان ناڕاست. وەک ئەوەی لەلایەک دەزگایەکی وەرگری شتەکان بینو لەلایەکی تر گەێنەری ئەو شتانە بین. ئێمە لەم وەرگرتنو ناردنە چێژیش وەردەگرین.

خەسڵەتی دووەم: لە قۆناغی زۆربێژیەوە بە قۆناغی سەرەتاتکێو ناخونەک لێدان دەگەین. واتە هەر ئەوەندەی شتێک دەبیستمو دەچێتە زەینمەوە – بێ ئەوەی ئەزموونی بکەمو لێی بکۆڵمەوە – ڕاستەوخۆ دەڵێم چیتر؟ واتە لەگەڵ ئەوەی، کە هێشتا لە بابەتی یەکەم نەگەیشتووم، بەدوای شتی نوێدام. واتە بۆ نوێ گەڕان – بەبێ لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندن – تایبەتمەندیەکی ژیانی ناڕەسەن و خوازراوە.

خەسڵەتی سێهەم: سەردەرنەکردنو گێژی. واتە نازانین لە چ جیهانێکدا دەژین. نازانین جیهان ئامانجدارە یان بێ ئامانج. نازانین جەنگ باشترە یان ئاشتی، بەڵام هاوکات دەتوانین دەربارەی هەرێک لەو پرسانە وتەی زۆرو گرنگ بڵێین، واتە لە خۆماندا هیچ بڕیارێکمان نیە، تەنها گوێزەرەوەی تیۆرەکانی ئەوانی ترین. واتە بەهۆی ئەوانەوە لەنێو سەرەگێژەدا نغرۆ بووین. ژیانی ڕەسەن واتە پشت بەستن بە چاو، بینین، نەک کوێرکردنی خۆو بینین بە چاوی ئەوانی تر. واتە ژیان بەپێی سروشتی خۆم بسازێنم، نەک پەکخستنی پێویستیەکانی دەروونم، لەپێناوی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەوی تردا[٢٦٥].

---

[٢٦٣] بڕوانە: محمد ازاده، فلسفه و معنای زندگی، ل٢١٧.

[٢٦٤] بڕوانە: مصطفی ملکیان، زندگی اصل و زندگی روزمره از دیدگاه هایدگر، نشریه (شعر)، شماره (٦٦)، ١٣٨٨ – ٢٠٠٩، ل٦.

[٢٦٥] هەر ئەو سەرچاوە، ل٧.

سەبارەت بە مردنیش، بونگەراکان بەگشتی سەرقالّی خەمو چارەنوسی مرۆڤ وەک تاک‌و دلّەڕاوکێو خەون‌و هیواکانی‌و چۆنیەتی بەرجەستەکردنی خود (تحقیق الذات) و مانای ژیان‌و هتد... بوون. بە باوەڕی ئەوان زۆر ئەگەری مەترسیدار هەیە، کە بوونی مرۆڤ سنوردار دەکات.

بونگەراکان لێکۆڵینەوە لە مردنیان وەک ڕوداوێك، کە لە کۆتایی ژیاندا تێبینی دەکرێت، گۆڕی بۆ هۆشیاریەکی ناخەکی مرۆڤو بەرەو ئەو تێگەیشتنەیان برد، کە ئەم بوونە بونێکە بەرەو مردن. کەواتە بوونەوەری مرۆڤ بە مەترسی ئابڵۆقە دراوەو دەکرێ لە هەر ساتێکدا بە عەدەم وون بێت. وەك هایدگەر باوەڕی وایە مردن مانای گەیشتن بە کۆتایی نیە، بەڵکو مانای دەستپێکردنە لە کۆتاییەوە[٢٦٦].

هایدگەر تێڕامان لە مردن بە یەکێك لە پایەکانی ژیانی ڕەسەن دادەنێت. بێئاگایی لە مردن یەکێکە لە ڕوالّەتەکانی ژیان‌و ژێرخانی بەشێکی زۆر لە ژیانی دەستەجەمعیە. بەڵام بیرکردنەوەی شێلگیرانە لە مردن، مرۆڤ لەو دەستەجەمعیە دەردەهێنێو بەو ڕاستیەی دەگەێنێ، کە مردن ڕوداوێکە، کە نە تەنها بۆ ئەوانی ترە، بەڵکو بۆ (من)یش ڕوودەدات. بەمەش یادی مردن ئەو توانایە بە مرۆڤ دەدات، کە لە فشاری ئەوانی تر رزگاری بێت‌و بە (خودموختاری) بگات‌و خۆی ژیانی هەڵبژێرێ[٢٦٧].

هۆکارێکی تری بایەخدانی (هایدگەر) بە مردن لەپێناوی پێش مردن کەوتن‌و خستنە نێو پرۆژەکانی مرۆڤەوەیە. ئەم پێش مردن کەوتنە ئەوە دەگەێنێ، کە مرۆڤ تەواوی‌و کەمالّێك بەدەستدێنێ، چونکە مردن سنورێك بۆ بوونی دادەنێ، ئەم ساتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مردن، ساتێکە بوونی ڕەسەن بۆ مرۆڤ بەرهەمدەهێنێ[٢٦٨]. لەنێو فەلسەفەی بونگەراییدا، دوو ئاراستەی باوەڕدارو بێباوەڕ دەبینرێ. لە دیارترین ڕێبەرانی ئاراستەی باوەڕدار بە

---

[٢٦٦] بڕوانە: د.ابراهیم رجب عبدالله، م.وفاء كاظم علي: الموت والخوف منه عند فلاسفة اليونان والاسلام، ل٥٢٧.

[٢٦٧] بڕوانە: محمد ازادە، فلسفه و معنای زندگی، ل٢١٨.

[٢٦٨] بڕوانە: د.ابراهیم رجب عبدالله، م.وفاء كاظم علي: الموت والخوف منه عند فلاسفة اليونان والاسلام، ل٥٢٨.

نەمری وەك کیرگگارد– رێبەری بونگەرایی– و کارڵ یاسپرس‌و گابرێل مارسیل. لە دیارترین رێبەرانی ئاراستەی بێ باوەڕیش وەك سارتەر، کامۆ.

کارڵ یاسپرس باوەڕی بە یادی مردن‌و فێربوونی مردن هەیە: "ئەگەر فەلسەفە مانای فێربوونی چۆنیەتی مردن بێت، ئەوا ئەو فێربوونە بە کرداری مەرجی ژیانی چاکەخوازانەیە، چونکە فێربوونی ژیان‌و فێربوونی مردن هەردوکیان یەك شتن"[٢٦٩] ئەویش وەك هایدگەر باوەڕی وایە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مردن – نەك خۆلادان لێی – هۆکاری بوونی ڕەسەنە بۆ مرۆڤ. چونکە فێربوونی مردن بە مانای گەڕانە بەدوای هەڵوێستی کۆتایی ڕەهادا. لەوێش یان عەدەم دەبێ بە شتێکی بینراو، یان تاك هۆشیاری بە خودی خۆی پەیدا دەکات وەك هەبوویەك، کە ئەمەش لە جەوهەریدا ئازادبوونە. بەکورتی فێربوونی مردن لای یاسپرز مانای فێربوونی پارێزگاریکردنە لە هۆشیاری بە هەڵوێستی ڕەهای مردن، بەشێوەیەکی کراوەو هەڵبژاردنی لەناوچوونی ڕەسەن بە ئازادانە، تا بەوەش بە بوونی ڕاستەقینە (خودا) بگەیت[٢٧٠].

(گابریل مارسیل)یش، تێڕوانینی بۆ مردن گەشبینانەیە، چونکە باوەڕی وایە مردن تەنها ئەوکات ئازاردەرە، کە ئازیزان لەدەستدەدەین. ئەگەر بەگشتی مردن وەك لەناوچوونێك سەیربکرێت، نیگەرانمان ناکات، بەڵکو نیگەرانی تەواو، کاتێك دەبێ، کە کەسێك کە خۆشمان دەوێ لەدەستیدەدەین. ئەوکات مردنی ئەو دەبێتە بەڕووداوەستانێك (تحدی) لەبەرامبەر ئێمەو دەبێتە تێکدەری ئەو پەیوەندیو یەکیەتیەی لەنێوانماندایە. بەڵام بە ڕای ئەو وەفاداری توانای بەڕووداوەستانی لەگەڵ هەموو دیارنەمانێك هەیە، چونکە وامان لێدەکات، لەلایەکەوە هەستبکەین کە دۆست ناکرێ بمرێو لەلایەکی تریشەوە وا هەست بکەین، کە خۆشەویستی لە مردن بەهێزترە. لێرەوە هەندێکجار مردووی ئازیز وەك زیندوویەك لەبەردەمماندا ئامادە دەبێو لەنێوانماندا گفتوگۆ ڕووەدات، وەك ئەوەی لەنێوان زیندواندا ڕووەدات. ئەو باوەڕی وایە دەکرێ، جۆرێك لە نامە ناردنی ڕۆحی لەنێوان

---

[٢٦٩] جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل٢٤٢.

[٢٧٠] هەر ئەو سەرچاوە، ل٢٤٣.

زیندووانو مردواندا هەبێ، ئەمەش جۆرێکی نوێیە، لە نەمری، گابرێل مارسیل پێیگەیشتووە[٢٧١].

(سارتەر)یش— وەک ئاراستەیەکی پێچەوانە— باوەڕی وایە، کە پێویستە وەک ڕوداوێکی ڕاستەقینە ڕووبەڕووی مردن ببینەوەو بەهۆی ئەوەشەوە باس لە شتەکان دەکەینو دواجار بە بێ بایەخ دەیانبینین. بەڵام بەڕای سارتەر ئەوە مایەی بێزاربوون نیە. لێرەوە لای ئەو مردن هیچ بایەخێکی تایبەتی نیە. مردن دواهەمین بێهودەییەو هیچی لە بێهودەیی ژیان خۆی کەمتر نیە. لێرەوە دەبینین، ناودارترین نوێنەرەکانی ئاراستەی بێباوەڕی نێو فەلسەفەی بونگەرایی، مردن بە بێ بەها دەبینێ، مادام ژیان خۆی بێ بەهاو بێهودەیە[٢٧٢].

---

[٢٧١] بڕوانە: د.زكريا ابراهيم، دراسات في الفلسفة المعاصرة، ج١، دار مصر للطباعة، ل٤٧١.

[٢٧٢] بڕوانە: جون ماكورى، الوجودية، ل٢٨٧.

پاری سێیەم/ چەمکی ژیان و مردن لە سۆفیگەری و عرفانی ئیسلامیدا

"قسەکردن لە هەر چەمکێکی نێو عرفانو سۆفیگەری – لەوانەش ژیان و مردن – وەک یەک وتەزای دیاریکراو، دژوارەو دانی هەر بڕیارێکی گشتی لەو ڕووەوە ڕاستناکەوێتەوە، چونکە جیاوازی دەربڕینی عارفان زەمینەیەکی وا جۆراوجۆری لە هزرو بیروڕای جیاوازی بەرهەمهێناوە، کە دەرهێنانی یەک دەرئەنجامی دیاریکراو ئەستەمە"[٢٧٣]. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دۆزینەوەی کۆمەڵێك بنەماو جیهانبینی هاوبەش لەنێوان عارفاندا کارێکی مەحاڵ نیە، چونکە ئەگەرچی دەربڕینەکان جیاوازن، بەڵام زۆر بەزووبی هەست بە نزیکی ماناکانیان دەکرێت، ئەمە جگە لەو هاوبەشیەی، کە لەنێوانیاندا سەبارەت بە چەند چەمکێکی بنەڕەتی تایبەت بە ژیانو مردن – و بوونو عەدەم– دەبینرێ، کە وادەکات بتوانین لە چوارچێوەیەکی زانستیدا قسەی لەسەر بکەین.

١-٣-١/ جیهان، بوون، عەدەم لە دیدی عارفانەوە

سەرەتا بوونو جیهان لای عارفانی ئیسلام واقعیەتی هەیەو دروستکراوی زەینی مرۆڤ نیە، واتە عرفانی ئیسلامی ئایدیالی نیەو ڕیالیستیە. هەروەها ئەوان باوەڕیان وایە جیهان لای مرۆڤ جیاوازە لە جیهان لای خودا[٢٧٤]، "جیهان لە پەیوەندیدا لەگەڵ مرۆڤ فراوانبوون، جوڵە، پێکهاتنو هەڵوەشانو کاتو شوێن، کاریگەری خۆی لەسەری هەیە. بەڵام لە پەیوەندیدا

---

[٢٧٣] د.غلامحسین معتمدی، انسان و مرگ، چ٢، نشر مرکز، تهران،١٣٨٧ – ٢٠٠٨، ل١٣١.

[٢٧٤] وەک نمونەیەک، حەللاج دەڵێت: "ئەوەی جیاوازی بکات لەنێوان کوفرو ئیماندا ئەوە کوفری کردوەو ئەوەشی جیاوازی نەکات لەنێوان کافرو باوەڕداردا ئەوە کوفری کردوە" لویس ماسینیون، کراوس بول: اخبار الحلاج، التکوین للطباعه والنشر، دمشق، ٢٠٠٦، ل٤٩. واتە ئەو پێمان دەڵێت کوفرو ئیمان هەردووکی لەخواوەیەو هەردووکی لای ئەوەوە بڕیاری هەبوونی دراوەو دەگەڕێتەوە بۆ ویستی ئەوو دژایەتی ویستی ئەو کوفرە، ئەمە لە ئاستی بازنەی خوایەتیدا، بەڵام لە ئاستی بازنەی مرۆڤیەتیدا ئەبێت ئێمە ئەو جیاوازییە بکەینو کاتێك کە مرۆڤ ئازادانە یەکێك لەوانە هەڵدەبژێرێت و دەیکات بە کەسێتی خۆی، ئەبێت دان بەو جیاوازییەدا بنێینو ئەگەرنا ئەوە کوفرە. بڕوانە: سەبور عەبدولکەریم (شکار)، حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردیو فارسیدا، ل١٣١.

لەگەڵ خودا هیچ یەك لەو تایبەتمەندیانە کاریگەریان نیە، هەروەها پێوەری ناسینی جیهانی بوون ناسینیەتی لای مرۆڤ"[٢٧٥]، نەك ناسینیەتی لە خۆیدا[٢٧٦].

زۆرێك لە سۆفی و عارفانی ئیسلام باوەڕیان وایە ئامانجو حیکمەت لە دروستکردنی جیهان بۆ دەرکەوتنی خودایە، بۆ ئەمەش پشت بە فەرموودەیەکی قودسی دەبەستن کە دەڵێت: "کنت کنزاً مخفیاً فأحببت أن أعرف فخلقت الخلق لکی اعرف — من — خودا — گەنجینەیەکی شاراوە بووم ویستو خۆشەویستیم وابوو، کە بناسرێم، بۆیە دروستکراوەکانم دروستکرد تا بناسرێم"[٢٧٧]. ئەگەر ئەم فەرموودەیە هەندێ لە عارفانو فەرموودەناسو فیقهزانەکان ناکۆکیان لەسەر ڕاستیو دروستی هەبێت، بەڵام دواجار گومان لەوەدا نیە، کە زۆرینەیان لەوەدا ناکۆکیان نیە، کە بونەوەرو دروستکراوەکان جیلوەو دەرکەوتنی خودانو ڕێگایەکن بۆ ناسینی ئەو. لێرەوە عارفان باوەڕیان بە دوو جیهان هەیە، جیهانی دیار (شهادة) و جیهانی نادیار (غیب)، ئەمان بە جیاواز لە فەقیهو زاناکانی ئیسلام — کە دیارە دوای باوەڕیان بە بنەما سەرەکیەکانی وەك یەکخودایی‌و هەبوونی فریشتەکانو هاتنی کتێبە ئاسمانیەکانو ڕاستی هاتنی پێغەمبەرانو هەبوونی ڕۆژی دوایی‌و باوەڕ بە قەدەرو قەزا — چ چاك یان خراپ — کە ئەمانە هەموویان لە جیهانی نادیاردانو عارفانی ئیسلامیش باوەڕیان پێیەتی — زیاتر بایەخدان و مامەڵەیان — مەبەستمان لە فەقیهو زاناکانە — لەگەڵ جیهانی دیاردایەو پتر بایەخیان بە (چی بکەینو چی نەکەین) — کە پێشتر لە باسی ئاینی ئیسلامدا باسمانکرد[٢٧٨] —ە. بەڵام عارفان زیاتر بایەخدانیان بە جیهانی نادیارەو دەیانەوێ ڕازو نهێنی

---

[٢٧٥] علامه محمد تقی جعفری، عرفان اسلامی، چ٧، مؤسسة تدوین ونشر علامه جعفری، تهران، ١٣٨٧ — ٢٠٠٨، ل٦٥.

[٢٧٦] مەبەست لە ناسینی مرۆڤ ئەوەیە کە مرۆڤ جیهان وەك ئەوەی دەرئەکەوێ و توانای دەرکپێکردنی هەیە دەناسێ، نەك وەك ئەوەی لە خۆیدا هەیەو ڕەنگە بەتەواوی دەرنەکەوێ یان دەرکی پێنەکرێت. وادەزانین ئەم پۆلکردنەی نوسەر عەللامە جەعفەری لە فەیلەسوف (کانت)ەوە وەریگرتووە. بڕوانە: د.عبدالرحمن بدوی، موسوعة الفلسفة، چ٢، ل٢٦٩.

[٢٧٧] بڕوانە: باقری صدری نیا، فرهنگ مأثورات متون عرفانی (احادیث، اقوال، امثال)، چ١، انتشارات صداو سیما، تهران، ١٣٨٠ — ٢٠٠١، ل٣٨٦.

[٢٧٨] بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری دووەم (چەمکی ژیانو مردن لە ئیسلامدا)، ل٥٤.

جیهانی دوای جیهانی دیار بناسن و پەیوەندی لەگەڵ خودادا – کە لوتکەی جیهانی نادیارە – دروستبکەن. ئەگەر لای مرۆڤەکان بەگشتی جیهان بە هەبوو و نەبوو دابەشبکرێت ئەوا "لای عارفان جیهانی نەبوو بە مانای نەبوونی عەدەمی نیە، بەڵکو عەدەم لای ئەوان بە جۆرێك لە جۆرەکان تواناو هێزێك (کینونە)ەو جیاوازی نێوان هەبوونو عەدەم وەك جیاوازی نێوان بکەرو وەرگر – یان بە زمانی ئەمرۆ – وەك جیاوازی نێوان موجەبو سالب وایە. وەك جیاوازی نێوان ڕوناکیو تاریکییە – تاریکی بەمانای نەبوون نیە – ئەگەر عەدەم بەمانای نەبوون بێت ئەوا لە زەیندا مانای نەدەبوو. عەدەم پۆلێنێکە لە پۆلێنەکانو هەموو پۆلێنێکیش چەند حەقیقەتێك لەژێریدا کۆدەبێتەوە. ئەو حەقیقەتانەش کە دەچنە ژێر عەدەمەوە بریتین لە دەروون – ڕۆحەکان – و (أعیان ثابتة)[٢٧٩] کە لە ئەزەلدا چاوی داخوازیان لە خودا بووە تا بیانهێنێتە بوون. بەڕای ئەوان من، تۆ، هەموو دروستکراوەکان حەقیقەتێکن، کە لە ئەزەلدا کۆننو چەسپیونو حەقن، بەڵام حەقیقەتێکی سالبن، خۆیان لە خۆیاندا توانای هەبوونیان نیەو بە پەککەوتوویی لەسەر بوونو جوڵە دەمێننەوە، تا خودا بوونو جوڵەیان پێدەبەخشێ"[٢٨٠]. بەڕای ئەوان، کە قورئان دەڵێت: (انما قولنا لشيء اذا أردناه أن نقول له كن فيكون) (النحل:٤٠). کە دەڵێت (أن نقول له – بەو دەڵێین) وەك ئەوە وایە، کە ئەو شتە بەجۆرێك لە جۆرەکان بوون (کینونە)یەکی هەبێتو عەدەم نەبێت.

---

[٢٧٩] مەبەست لە (اعیان ثابتة) لای عارفان وێنەکانی زانستیو لە زاراوەی حەکیماندا بە ماهیەتی شتەکان وتراوە، ئەعیان وێنەی ناوەکانی خودایە، ڕۆحەکانیش دەرکەوتنی ئەو ئەعیانانەیەو تارماییەکانیش – مادە – دەرکەوتەی ڕۆحەکانن. حەقیقەتی مرۆڤ یەکەمجار لە ئەعیانی جێگیر (ثابتة)دا بووەو دواتر لە جیهانی ڕۆحە پەتیەکاندا دەرکەوتووە. لە زاراوەی عارفاندا بە وێنەکانی ناوەکانی خودا دەوترێ، کە وێنەی مەعقولن – لە هزردان. لە زانستی خودادا. ئەعیانی جێگیر دوو ئیعتباریان هەیە: یەکێك وێنەی ناوەکانی خودان، دووەم ئەوەی حەقیقەتی دەرکەوتوون لە دەرەوە بە ئیعتباری یەکەم وەك جەستەن لەبەرامبەر ڕۆحداو بە ئیعتباری دووەم وەك ڕۆحن لەبەرامبەر جەستەدا. بڕوانە: د.سید جعفر سجادی، فرهنگی اصطلاحات عرفانی، چ٨، انتشارات طهوری، تهران، ١٣٨٦ – ٢٠٠٨، ل١١٥.

[٢٨٠] د.مصطفى محمود، الوجود والعدم، ط٩، دار المعارف، القاهره، ١٩٩٠، ل٤٧.

یان خودا به مرۆڤ – زەکەریا پێغەمبەر – دەفەرموێ[٢٨١]: (وقد خلقتك من قبل ولم تك شيئا) (مریم:٩). دیارە مانای یەکەمی (خلق – دروستکردن) بریتیە لە ئەندازەگیری – تقدیر – کە ئەمەش مانای – قەدەر – دەگەێنێو دواتر ئەو شتە ئەندازە گیراوە بەوشێوەی کە ئەندازەی بۆگیراوە دەکرێ بە شتی بەرجەستەو ڕێکدەکرێت، لەگەڵ نەخشەکەدا، کە ئەمەش بەمانا قورئانیەکەی بریتیە لە ڕێککردن – تسویه – (الذي خلق فسوى (الاعلى:٢)– ئەو کە مەبەست ئەو خودایە، کە ئەندازەگیری بوونو بونەوەرانی کردو بەوجۆرە ڕێکە دروستیکردن)، واتە لێرەدا – قەدەر –ەکە – واتە ئەندازەگیریەکە – دەبێت بە قەزا – ڕوودەدات –[٢٨٢]. واتە ئێمە ئەگەرچی لە قۆناغی بەرجەستەبووندا، ئەو ئەندازەگیریە دەبینین، بەڵام ناتوانین بڵێین بە جۆرێك لە جۆرەکان هێزو توانا (کینونه)یەك نیە، کە لە جیهانی نادیاردا – خودا – ئامادەی کردوەو دواتر دێتە نێو جیهانی دیارەوە. هەر وشەی (غیب) لە قورئاندا، کە مەرجێکی بنەڕەتی باوەڕدارانە، (الذين يؤمنون بالغيب – ئەوکەسانەی باوەڕیان بەو شتانە هەیە کە لێیان نادیارەو هەستی پێناکەن) (البقرة:٣) بەمانای جیهانی نادیارە نەك نەبوون! "وشەی (غیب) بەمانای (ما استترت عن العين – ئەوەی کە لە چاو شاردراوەتەوە) بەکاردێت. بۆ هەموو شتێکی نادیار لە هەستەکانمانو ئەوەی لە زانستی مرۆڤ نادیار بێت بەکاردێت. هەروەها بۆئەوەش دەوترێ، کە عەقڵ توانای دەرکپێکردنی نیە، بەڵکو هەواڵی هەبوونو چۆنیەتی لەلایەن پێغەمبەرانەوە پێدەگات"[٢٨٣]. لێرەوە لوتکەی بینینی مەعنەوی جیهانو ژیان (شهود)[٢٨٤] لای عارفان ئەوەیە، کە عەدەم

---

[٢٨١] هەر ئەو سەرچاوە، ل٤٩.

[٢٨٢] بڕوانە: ناصر سبحاني، اسماء حسنى، تنظيم: جهانگير ولدبيگى، ناشر مردم سالارى، چ١، سنندج، ١٣٨٧ – ٢٠٠٨، ل٨٠.

[٢٨٣] العلامة راغب الأصفهاني، مفردات الفاظ القرآن، تحقيق: صفوان عدنان داودي، ط٥، دار القلم، دمشق، ٢٠١١، ل٦١٦–٦١٧.

[٢٨٤] لای عارفان (شهود) بەمانای بینینی خودا هەر بەهۆی خوداوە – بینینی مەعنەوی – کە ئەمەش بەهۆی ئامادەیی دەروونیەوە دەبێت. بینینی فرەییە لە زاتی یەکیەتی خودادا. بڕوانە: د.سید جعفر سجادی، فرهنگی اصطلاحات عرفانی، ل٥١٦.

– ڕازو نهێنی جیهانی نادیار – ببینن. کەواتە عەدەم بریتیە لە ڕووی بەرامبەری بوون بەمانای "دەرخستنی حەقیقەتەکان لە عەدەمەوە بۆ بوون و لە تاریکییەوە بۆ ڕوناکی، ئەوە کاری خودایە"[٢٨٥].

عارف، باوەڕی وایە لە جیهانی عەدەم – ڕۆحەکان – ەوە هاتووەو دەیەوێ جارێکی تر ژیانی وارێکبخات، کە بگاتەوە بە عەدەم. ئەمەش لەڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ خواو یەکپەرستی (توحید)یەوە، چونکە لای عارفان یەکپەرستی چەندین پلەو قۆناغی هەیە، نزمترینیان یەکپەرستی زمانە بە وتنی (لا اله الا الله – هیچ خودایەك نیە، جگە لە (الله) نەبێت). دواتر یەکپەرستی ژیانو کردارو ڕەفتارە، ئەمەش بەوە دەبێت، کە ژیانی عارف هاوجۆری فەرمانی خودا بێتو وایلێبێت وەك ئەوەی ویستی ئەوو ویستی خودا یەك شت بێت: (قل ان صلاتی ونسكي ومحیایي ومماتي لله رب العالمین، لا شریك له وبذلك أمرت وأنا اول المسلمین (الأنعام:١٦٢)– کە مەبەست ئەوەیە، بەو بێباوەڕو بتپەرستانە بڵێ: بێگومان نوێژەکانم و هەموو خواپەرستیەکانمو ژیانو مردنم هەمووی هی خودایەو بۆ ئەوە. خودا هیچ هاوەڵو هاوتایەکی نیە، خودایش بەوە فەرمانی پێکردووم، من یەکەمین موسڵمانم کە بەتەواوی ڕووەکەمە خواو فەرمانەکانی بەجێدێنم)[٢٨٦].

بوون لای عارفان

بوون لای عارفان – جگە لە مانای بوونی دەرەکیو ئەو بوونو عەدەمەی کە باسمانکرد – مانایەکی تایبەتی هەیە، کە "بریتیە لە ونبوونی بەندە بە دیارنەمانی خەسڵەتە مرۆییەکانی لەنێو بوونی حەق (خودا)دا، چونکە ساتی دەرکەوتنی دەسەڵاتی حەقیقەت، مانەوەیەك بۆ مرۆڤیەتی شتێکی چاوەڕوان نەکراوە[٢٨٧] ئەمەش پاش بڵندبوونەوەی ڕۆحی

---

[٢٨٥] د.مصطفى محمود، الوجود و العدم، ل٦٧.

[٢٨٦] هەر ئەو سەرچاوە، ل٦٨.

[٢٨٧] د.سید صادق گوهرین، شرح اصطلاحات تصوف، جلد ٩–١٠، ل١٥٣. هەروەها: د.عبدالمنعم الحفني، معجم مصطلحات الصوفية، ل٢٦٥.

لەڕێگەی ویجدەوە — بەواتای دۆزینەوەو بەدەستهێنان — دەبێتو ئەمەش تایبەتترو بڵندترە لە ویجدو ویژدان، چونکە ئەم بەردەوامە بە بەردەوامیەتی بینینی مەعنەوی خودا (شهود) و نقومبوونی ویجدگرتووەکەیە لەنێویداو دیارنەمانی تەواوی بوونیەتی[٢٨٨]. هەربۆیە لێرەوە (بوون) لە زاراوەی سۆفیەکاندا ویجدێکە بەبێ هەستکردن بە ویجد[٢٨٩]. واتە بوون ئەوەیە، کە بوونی ویجدگرتووەکە، لەنێو شەپۆل و زاڵی ڕۆشنایی بینینی مەعنەوی خودادا دیارنەمێنێو — غائب — بێ و وەك (جونەیدی بەغدادی) وتویەتی:

وجودی أن أغیب من الوجود بما یبدو علي من الشهود

لێرەوە ویجد خەسڵەتی بوونەوەرێکی نوێیە— مرۆڤ —و بوون (وجود)یش خەسڵەتی بوونەوەری هەمیشەهەبوو— خودا—یە[٢٩٠].

لێرەوە عارفان بوونیان — بوونی دەرەکیو مادی — بە دەریایەکی شەپۆلدار چواندوە، کە هەر شەپۆلێکی لە شێوەی بونەوەرێكو دەروونی مرۆڤێکدا دەردەکەوێتو بەگشتی (بوون)یش ویجدو دەرکەوتنی حاڵی زاتی حەق — خودا — یە[٢٩١]. "بوون پاش ئەوە دەبێت، کە لە پلەی ویجد تێپەڕی. بوونیش نابێ، مەگەر بەوە نەبێ، کە لە مرۆڤیەتی — مەبەست خەسڵەتە مرۆڤیەکانە — خۆت بمرێنی. چونکە ئەو مرۆڤیەتیە لە نزیك سوڵتانو دەسەڵاتی حەقیقەتدا مانەوە — بەقا — ی نابێ"[٢٩٢].

عارفی لەم جۆرە گوفتاری لەگەڵ کرداری یەکدەگرێتو نیازەکانی لەگەڵ کردارەکانی هاوتا دەبن. ڕواڵەتی هاوشێوەی ناخی دەبێت، چیتر ڕوپامایی و دووڕوویی نامێنێ، بەڵکو هەموو لایەنێکی لەنێو یەك یەکیەتیدا هاوئاهەنگ دەبن. "لوتکەی یەکپەرستی، یەکپەرستی

---

[٢٨٨] بڕوانە: د.الحفني، معجم مصطلحات الصوفية، ل٢٦٥.

[٢٨٩] بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٧٨١.

[٢٩٠] بڕوانە: د.سید صادق گوهرین، شرح اصطلاحات تصوف، جلد ٩—١٠، ل١٥٣—١٥٤.

[٢٩١] بڕوانە: لاهیجی، شرح گلشن راز، ل٤٥١.

[٢٩٢] قُشیری، رسالەای قشیری، ل١٠٠.

شهودییه، که ئەمەش بە فەنابوونی عارف لەبەردەم خودادا دەبێت، بەجۆرێك کە ئیتر بوونێك بۆ خۆی نابینێو بە هەرلایەکدا بڕوات خودا دەبینێو بەمەش دوالیزمەی (خودا – مرۆڤ) نامێنێ و عەدەم دەگەڕێتەوە بۆ عەدەم و بە گەیشتنی بەمەش خودا (بەقا) دەبەخشێ بەو دەروونەو بەمەش ئەو مرۆڤە بڵندبوونەوە– عروج– ی ئەنجامداوەو ئەگەرچی جارێکی تر بێتەوە نێو خەڵکو لەگەڵیاندا بژی، ئەوا فرەیی– خەڵك و ژیان– لە یەکی (وحدە) دانابڕێ، چونکە عارف لەم قۆناغەدا دژیەتیو ناکۆکی (تناقض)ی نەماوە"[٢٩٣]، بۆیە لەنێو فرەییدا یەکی و لەنێو یەکی دا فرەیی دەبینێ. عارفی فەلسەفی (عبدالوهاب النفری)، باسی ئەم بوونو عەدەمە بەم جۆرە دەکات: "ئەو خودا – الله – یە، کە هیچ خودایەك جگە لەو نیە، ئەو هەبووی نادیار (الوجود الغیب) ەو ئێمەش – دروستکراوان – عەدەمی نادیار، جا دەسەڵاتی جیلوەی ئەو لە هەبوونی نادیارەوە بەسەر عەدەمی نادیاردا دەرکەوت، و بینین – شهود – ی حەق لە نادیاردا – کە هەموو دروستکراوەکانە – دەرکەوت. بەڵام بە دەرکەوتنی ماناو ناسین نەك تێچوون (حلول) و چۆنیەتی. بوونو عەدەم لە سەرەتادا وەك حەقیقەتو ئاوێنە وابوون. حەقیقەت بکەرەو ئاوێنە وەرگرە، بەڵام سالب – ناکارایە – و لای خۆیەوە هیچ شتێك زیادناکاتو لەخۆیدا توانای هیچی نیە، جگە لەوە نەبێت، کە شتەکە چۆنە بەوجۆرە تێیدا دەربکەوێت. بەڵام مەسەلەکە لە حەقیقەتیدا گەنجینەیەکی بێ کۆتاییەو لێرەوە فرەیی (تعدد) بەهۆی جیاوازی تواناکان – قابلیات – ەوە لە بوونی جێگیریانداو لە جیهانی عەدەمدا. – هەریەك لەوانە لە دەوڵەمەندی و بەخششی خوا – بەپێی تواناو ئامادەیی خۆی – دەبات"[٢٩٤]. وەك چۆن حەوت ڕەنگەکە – شەبەنگ – لە ڕوناکی سپیەوەو بەپێی جیاوازی گۆشەی شکاندنەوەی ڕوناکیەکە لەسەر ڕوویەکی شوشە ڕەنگدەدەنەوە، بەهەمان شێوەش هەموو دەرکەوتنە ناویەکانو دەرکەوتنە سیفاتیەکانی خودا، دەرکەوتنن لە زاتی خوداوە بۆ قابیلیەتە جۆربەجۆرەکان لە عەدەمدا، و هەموو یەکێك بەپێی ئامادەیی خۆی وەریدەگرێ، بەڵام زاتی خودا بڵندو بێگەردە لە

---

[٢٩٣] بڕوانە: د.عبدالکریم سروش، پیام عارفان، www.dr.sorosh.com

[٢٩٤] د.مصطفی محمود، الوجود و العدم، ل٦٧.

سیفاتو له ناوو هیچ سیفاتێكو ناوێك دەوری نادات. ئەگەر دەركەوتنی خودا له بووندا — پاش بەخشینی بوونو دەركەوتن به عەدەمەكان — به دەركەوتنی ڕوخسار له ناوێنەدا چوێنرابێ — تۆ ئەگەر خۆت له ناوێنەدا بینی وادەزانی خۆتی — بەڵام ئەوە تۆیتو تۆش نیت. تۆ هەیت له ناوێنەدا بەبێ ئەوەی تێیچووبیت (حلول) یان لەگەڵیدا یەكتگرتبێت و بەبێ گواستنەوەیشە، بەڵكو تەنها دەركەوتنو جیلوەیەكە. بەهەمان شێوە خودا له دیاردە جۆراوجۆرەكاندا دەردەكەوێ، بەبێ ئەوەی بچێتە ناویان یان لەگەڵیاندا یەكبگرێت یان بۆ ناویان بگوازێتەوە. ئەو هەروەك ئەوەی، كە هەبووەو هیچی لەگەڵدا نەبووە ماوەتەوەو هاوكات — وەك ئەوەی كە هەبووە — هەمیشە گەنجینەو نهێنیەكانی له جیهانی مومكیناتدا دەردەكەوێ. وەك چۆن ڕوخسارێك، كاتێك كە ناوێنەی جۆراوجۆرو له گۆشەی جۆراوجۆرەوە له بەرامبەری دابنرێ بە فرە دەردەكەوێ، بەڵام هاوكات هەر یەكە[٢٩٥].

لێرەوە عارفان بوونیان — بوونی دەرەكیو مادی — به دەریایەكی شەپۆلدار چواندوە، كە هەر شەپۆلێكی له شێوەی بونەوەرێكو دەروونی مرۆڤێكدا دەردەكەوێتو بەگشتی (بوون)یشە ویجدو دەركەوتنی حاڵی زاتی حەق — خودایە — یە[٢٩٦].

سۆفیو عارفانی ئیسلام باوەڕیان وایە، كە جیهانی بوون له سێ ڕێگاوە[٢٩٧]، مرۆڤی عارف بەرەو جیهانی باڵای سەر ڕووی مادە — ملكوت — ی خۆی ڕێنمایی دەكاتو بەوەش بەرەو بەدیهێنەری — خودا — دەبات. ئەم سێ ڕێگایەش ئەمانەن:

١. شكۆی جوانی بوون.

٢. مەزنی و هەیبەتی یاسامەندی بوون.

٣. هەستكردن به ژیان لەنێو جیهانی سروشتدا — مەبەست جیهانی مادیە

لەگەڵ هەبوونی ئەم سێ ڕێگایەدا، چاوكراوەیی— مەبەست ئامادەیی ڕۆحیە بۆ بینینی پشتەوەی دیاردەكان، و بە ئاگایی (منی مرۆڤ) پێویستە، تا هەرجۆرە ناڕوونیەك كە هەیە،

---

[٢٩٥] بڕوانە: د.مصطفى محمود، الوجود و العدم، ل٦٧، ل٥٦.

[٢٩٦] بڕوانە: لاهیجی، شرح گلشن راز، ل٤٥١.

[٢٩٧] علامه محمد تقي جعفري، عرفانی اسلامی، ل٦٦-٦٧.

بیخاته لاوه. دۆزینەوەو تێگەیشتن لە شکۆی جوانی و مەزنیەتی بوون، جۆرە دڵکرانەوەیەک (بسط) لە رۆحی مرۆڤدا – پاش ئەوەی، کە خودی خۆی ونکردبوو، هەست بە ئاشنابوونەوە پێی دەکات – دروستدەکات، کە هەست بە شادیو بەختەوەری دەکاتو ئەمەش بەهۆی دروستبوونی پەیوەندیەکی دروستەوەیە، لەنێوان خوداو خودی مرۆڤدا. بەمەش مرۆڤ بەگشتی – هەندێ جاری کەمی مرۆڤانە نەبێت – هەستی خەم و دڵگیران لای نامێنێو هەستی بەختەوەریو شادی تێیدا دەبێت، بە حاڵەتی نزیک لە هەمیشەیی لەلای[۲۹۸]. بەهۆی ئەم بەئاگاییو چاوکراوەییە مەعنەویەوە بە قەفەس و زیندان بینینی بوونو ژیان – کە بەشێکی سۆفی و عارفان وایدەبینن یان لانی کەم لە قۆناغێکدا وای دەبینن، لە دیدی عارفەوە نامێنێو ڕۆشنایی خودایی لەپشت پەردەوە بەریدەکەوێتو ئەو دەخاتە نێو گەشانەوەو شادییەکی سەرووی هەموو شادییەکانەوەو خەمە باوەکانی لادەبات[۲۹۹].

لەلایەکی ترەوە مەزنیەتی یاساکانی بوون – کە هەموو زانستەکان بەتایبەتی زانستەکانی سەردەم ئەوەیان سەلماندوە – و کارکردنیان بە بەردەوامی و بە سیستێم وا لە مرۆڤی عارف – کە هەستی زیندووە – دەکات هەست بە ژیان لە جیهانی سروشتدا – سروشتی مادی و بێگیان دا – بکات، و پەردەیەکی تر لەسەر جیهانی سروشت، کە ژیانی ناسکە، بۆی لابدرێت. قورئان لە چەند شوێنێکدا وامان لێدەکات، گوێمان لە یادکردنو کڕنوشبردنی

---

[۲۹۸] بە نمونە ئەم شادیە، کە بەهۆی دەرککردن بە شکۆی جوانیو مەزنی بوون – کە جیلوەی جوانی و مەزنی خودایە – شێخی سەعدی (سعدی شیرازی) بە جوانی گوزارشتی لێدەکاتو دەڵێت:

به جهان خرم از آنم که جهان خرّم از اوست　　عاشقم بر همه عالم که همه عالم از اوست

(دڵشادی من بە جیهان لەوەوەیە، کە جیهان بەو – خودا – دڵشادە، عاشقی هەموو جیهانم، کە هەموو جیهان هی ئەوە). بڕوانە: کلیات سعدی، ل۱۰۷.

[۲۹۹] شاعیرێکی عارفی فارس دەڵێت:روزو شب با دیدن صیاد مستم در قفس　　بس که مستم، نیست معلومم که هستم در قفس

(ڕۆژو شەو بە بینینی ڕاوکەر – خودا – لەنێو قەفەسدا – بوون – مەستم، ئەوەندە مەستم، کە هەست ناکەم لەنێو قەفەسدام!). بڕوانە: علامه جعفری، عرفانی اسلامی، ل٦٦.

بونەوەرەکانی نێو سروشت بێت، وەک: (يسبح لله ما في السماوات وما في الأرض) (الجمعة:١، التغابن:١). یان: (ألم تر أن الله يسجد له من في السماوات ومن في الأرض والشمس والقمر والنجوم والجبال والشجر والدواب وكثير من الناس (حج:١٨)— ئایا تۆ نازانیتو نابینیت، کە ئەوەی لەناو ئاسمانەکانو لەناو زەویدا هەیە هەروەها خۆرو مانگ و ئەستێرەکانو چیاکانو دارو درەختو گیانلەبەرانو گەلێک کەسیش لە ئادەمیزادەکان کڕنوش بۆ خودا دەبەن!). هەر لێرەشەوە عارفان دڵی ئەوەن، کە ئەمە بەمانای مەجازی لێکبدرێتەوە، بەڵکو بە حەقیقەتی تەواوی دەزانن[٣٠٠] و بەڵام ئەوەیە، کە ئێمەی مرۆڤ توانای دەرکپێکردنیمان نیە.

دواجار ئەوەی لە وتەکانی عارفان بەدەستدێت، دەتوانرێ بگوترێ ئەوان بە دوو جۆر گوزارشتیان لە (بوون) کردوە[٣٠١]: بوون لە حاڵ و سەماع دا. و بوون بەمانا فەلسەفی و حیکمەتیەکەی.

لە بوونی یەکەمدا ڕێبواری مەعنەویەت — سالك — بەهۆی بۆهاتنی حاڵی مەعنەویەوە بۆ گوێ یان چاو یان تێڕامانیەوە ویجد دەیگرێ (تواجد) و دواتر لە قۆناغی دووەمدا ڕۆح — ناوەوە — لەوە بەهرەمەند دەبێو لە قۆناغی سێهەمدا قۆناغی بوون (وجود)ە، کە سالك لەوێدا بەهۆی سەمای ڕۆحیەوە (سماع) مەحوو بێهۆش دەبێ، بەجۆرێك کە بەتەواوی شوێنەواری مرۆڤییەتی لەودا فەنا دەبێو دەچڕێ تا دەسەلاتی حەقیقەت و حەق مانەوە (بەقا) پەیدا بکات. لێرەوە قۆناغی یەکەمو دووەم تەواجودو ویجد بۆ کەسانی سەرەتاو ناوەندەو بوون (وجود)یش بۆ ئەوانەیە، کە لە کۆتاییدانو ئەم ڕێگا سەختەیان بڕیوەو بە خانەی مەبەست گەیشتوون. لەم قۆناغەدا — قۆناغی بوون — بینەر — مرۆڤی مەعنەوی — و بینراو — خودا — بەیەکدەگەن و دەبنە یەك چەشن و لێرەدا هیچ شلەژانو گۆڕانێك لە حاڵی سالك دا نامێنێو سەربەرزی ڕۆح بەسەر جوڵەی جەستەدا زاڵ دەبێو سالك لە شادیو خەمو هیجران و بەدیدارگەیشتن (وصال) خاڵی دەبێت. واتە ویجدگرتوو لە خۆی فەنا نابێ،

---

[٣٠٠] یەکێك لەو عارفانە، مەولانایە، بڕوانە: بەشی دووەم، پاری یەکەم، ل١٧٧.

[٣٠١] بڕوانە: د.سید صادق گوهرین، شرح اصطلاحات تصوف، جلد ٩—١٠، ل١٥١، ١٥٥—١٥٩.

بەڵام خاوەنی قۆناغی بوون (وجود) بەتەواوی لە خۆی‌و هەرشتێکی تری جگە لە خودا فەناو خاڵی دەبێت.

بەڵام جۆری دووەمی (بوون)، کە لە بەرهەمی عارف‌و سۆفیەکاندا باسکراوە، بەگشتی هەر بەومانایەیە، کە لای فەیلەسوف‌و حەکیمەکان هاتووە، کە باوەڕیان بە بوونی ڕەها (مطلق) و بوونی پابەندو سنوردار (مقید) یان بوونی ڕاستەقینەو بوونی زەینی، یان بوونی واقیعی‌و بوونی خەیاڵی‌و هتد... هەیە. کە دواجار بوونی بنەڕەتی و حەقیقی هەر ئەو بوونە ڕەهایەیە، کە بوونی حەق – خودا – یان (واجب الوجود)ە یان بوونی قەدیم‌و ئەزەلیە، کە بوونی خودای بااڵدەستەو سەرجەم جیهانیش بوونێکی دەرکەوتوو و نمایشکراو دەنوێنێ، کە لەسەر ئەو بوونە حەقیقیە وەستاوە.

١-٣-٢/ ژیان لە دیدی عارفانەوە

هەروەها عارفان – کە وتمان پشتەوەی شتەکان دەبینن – کە لەپشت فرەییەوە یەکی دەبینن – کە خودایە – ئەمە وایانلێدەکات خاوەنی پێناسەی خۆیان بن بۆ ژیان‌و بوون و لای ئەوان "شتێك هەبووی ڕاستەقینەیە، کە ژیانی لە خۆیدا بێت، ئەوەشی کە بوونی لە دەرەوەی خۆیەوە هاتبێت ئەوە بونێکی زیادکراو (اضافي)ە – نەك لە خۆیدا بێت –. حەق – خودا – هەبوویەکە لە خۆیدا بۆیە زیندووە، ژیانیشی ژیانێکی تەواوەو مردن پێیناگات. هەموو دروستکراوەکانیش هەبوویەکن لە خواروی خوداوەو ژیانیان جگە لە ژیانێکی زیادکراو هیچی تر نیە، بۆیە فەناو مردن پێیاندەگات. عارفان پێیان وایە ژیانی خودا لەنێو دروستکراوەکانیدا یەك ژیانە، بەڵام بەپێی پلەو سروشتی دروستکراوەکان جیاوازە، هەیانە کە بۆ خۆی دروستکراوەو دەزانێت کە هەیە، بەڵام ئەم هەبوونەی ڕاستەقینە نیە، چونکە بە هەوڵی خۆی لە خودا نزیك بووەتەوە، هەبوویەکە بۆ حەق – خودا – نەك بۆ خۆی. بۆیە ژیانی نزیکیی ئەو لە حەق، ژیانێکی تەواو و کامڵ نیە – ئەمە وەك فریشتەکان. هەروەها هەشیانە – لە دروستکراوەکان – کە ژیان تێیاندا دەرکەوتووە، بەڵام نەك بەشێوەی ڕاستەقینەی، کە ئەمانە هەموو گیانلەبەران دەگرێتەوە. هەشیانە کە ژیان تیایاندا بەڕوونی

دەرنەکەوتووەو بوونی بۆ غەیری خۆیەتی – نەک خۆی – وەک ڕوەکو کانزاو ئاژەڵانو هاوشێوەکانیان. کەواتە – بەپای ئەوان – ژیان لە هەموو شتێکدا هەیەو هیچ شتێك نیە لە بونەوەران کە زیندوو نەبێت، چونکە بوونی ژیانیەتی. بەڵام جیاوازیەکە لەوەدایە، کە ژیانی تەواوە یان ناتەواوە. بەڵکو ئەوەی، کە بۆی تەواوە – وەک ئەوان باوەڕیان وایە – پێیدراوە، چونکە ئەوە بەپێی ئەو پلەیە، کە شایستەیەتی، خۆ ئەگەر کەمبکرێتەوە یاخود زیادبکرێت ئەوا ئەو پلەیەی لەناودەچێت. کەواتە لەم ڕووەوە هیچ هەبوویەك نیە، کە لە پلەی خۆیدا بە ژیانی تەواو نەژی. بەڵام لەبەرئەوەی، کە ژیان یەك سەرچاوەیە، ئەوا ناکرێ کەمبکرێتەوە یان دابەشبکرێت، ئەمەش لەبەر مەحاڵی دابەشکردنی جەوهەرەکەیەتی. چونکە ژیان جەوهەرێکی تاکە، هەبوویەکی تەواوە – لە هەموو ڕوویەکەوە – لە خۆیدا. ژیانی هەر شتێکیش بریتیە لە خواستەکەی – چ ناچاری بێت وەك دروستکراوەکان بەگشتی – یان ئیختیاری بێت وەك مرۆڤ. ئەمەش لە ژیانی خوداوە هاتووە، کە شتەکان بەوەوە بوونیان هەیەو ئەم خواستو بوونەش لە خۆیدا یادکردنو گوێڕایەڵیکردنی خودایە"[٣٠٢].

لەلایەکی ترەوە دەتوانین بڵێین تێڕوانینی عارفە موسڵمانەکان بۆ ژیان – ژیانی دونیا – بەگشتی دوو جۆرە:

یەکەم: ئاراستەیەك، کە ژیان بە شوێنی ناڕەحەتیو ئازارو نامۆییو فریودانو...تاد دەبینن، کە بەگشتی وا هەستدەکەن، زیندانین کە ئەمە لە مێژووی سۆفیگەری ئیسلامدا زیاتر لە قۆناغە یەکەمینەکاندا کە قۆناغی زوهدو دونیا نەویستیە دەرکەوتووە[٣٠٣]، هەروەك عارف زۆرجار لەسەرەتای حاڵو مەقامە مەعنەویەکانیدا وا هەستدەکات یان دواتریش ناوبەناو وا هەستدەکات، ئەم ئاراستە بەگشتی دەکرێ بە سۆفیگەری ترس ئامێز[٣٠٤]،

---

[٣٠٢] د.عبدالمنعم الحفني، معجم مصطلحات الصوفية، پێناسەی (ژیان) لای سۆفیەکان، ل٨٤.

[٣٠٣] بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: سەبور عەبدولکەریم (شکار)، ڕەنگدانەوەی کەسێتیو دنیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردیو فارسیدا، بەتایبەت لای مەحوی و حافزی شیرازی، ل٥٨ بەدواوە.

[٣٠٤] پۆلکردنی سۆفیگەری بە سۆفیگەری ترس ئامێز (خوف) و سۆفیگەری عشق ئامێز (عشق) لە لێکۆڵەری ئێرانی ناسراو د.عەبدولکەریمی سروش وەرگرتووە. بڕوانە: www.drsorosh.com

ناوببرێت، چونکه به نیگەرانی و ترسەوه له ژیاندا دەژی‌و ترس‌و دڵەڕاوکێی له گوناهباری‌و سەفەری گۆڕو ژیانی دوایی هەیە.

دووەم: ئاراستەیەک، که ژیان به شوێنی میواندارى[٣٠٥] و ڕێزگرتن‌و خۆشی – ئەگەرچی کاتییش بێت – دەزانێت‌و جیلوەی خودا له هەموو ژیاندا دەبینن‌و خودا به خاوەن مالّ دەبینن. بۆیە لێرەوە عارفێکی ناسراوی وەک مەعروفی کەرخی (٢٠٠ک کۆچی دوایی کردوە) دەڵێت: "من میوانێکم لەمالّی خاوەنەکەم – خودا – دا، ئەگەر خۆراکی پێدام دەیخۆم‌و ئەگەر برسیشی کردم ئارام دەگرم"[٣٠٦]. یان حەللاج له وەڵامی پرسیاری پیاوێکدا، که دەپرسێ، ئایا ئەگەر کەسێک برسی بێت‌و نانێک بدزێ حەرامە؟ دەڵێت: برسێتی خۆی حەرامە! ئێمە هەموومان میوانی خواین لەسەر ئەم سفرەی زەویە، بۆ کەس نیە، کەسێکی تر لەو خوانە بێبەش بکات[٣٠٧]. لێرەوە ئەم ئاراستە که زیاتر هەست به جیلوەو ئامادەیی خودا له دیاردەکانی ژیاندا دەکەن، عەشق‌و خۆشەویستیان بۆ ژیان‌و خودای ژیان زیاتر دەبێ، ئەم ئاراستەیەش دەکرێ به سۆفیگەری عشق ئامێز (عشقي) بناسرێ. بۆیە لای ئەم کۆمەڵە له عارفان ژیان ئەوەیە: "که بەختی قبوڵکردنی دۆست – خودا – بەدەستبهێنی"[٣٠٨]، هەر لێرەوە بیریاری ئەمریکی به ڕەگەز ئێرانی د.سەید حسێن نەسر باوەڕی وایە، ئامانجی عرفانی ئیسلامی بۆ ناسینی خودا (لیعرفوا)ەو لەنێو ئەو ناسینەشدا بۆ عشق (لیعشقوا)ە[٣٠٩].

سەبارەت به ماناداری و بێ مانایی ژیانیش، وادەزانین عارفە موسڵمانەکان ئەگەرچی ئەوانیش وەک ئیسلام باوەڕیان وایە، که ژیان ماناداره بەگشتی‌و هەندێ جار بێ مانایەو

---

[٣٠٥] دوبارە پۆلکردنی ئاراستەی عارفان به (زیندان) یان (میوانخانە) بینین، له د.عەبدولکەریمی سروش وەرگرتووە. بڕوانە: پیام عارفان، سروش سخن، مؤسسه فرهنگی صراط.

[٣٠٦] عزیز السید جاسم، متصوفة بغداد، شرکة المعرفة للنشر والتوزیع، بغداد، ١٩٩٠، ل١٠٧.

[٣٠٧] بڕوانە: سەبور عەبدولکەریم (شکار)، ڕەنگدانەوەی حەللاج، ل١٠٣.

[٣٠٨] هجویری، (علی بن عثمان): کشف المحجوب، مقدمه وتصحیح وتعلیقات محمود عابدی، انتشارات سروش، تهران، ١٣٨٦، ل٥٠٠.

[٣٠٩] بڕوانە: کریم فیضی، زندگی و بس، چ١، انتشارات اطلاعات، تهران، ١٣٨٨ – ٢٠٠٩، ل٥٠.

خۆمان مانای دەدەینێ[٣١٠]، بەڵام ئەمان ئەگەرچی جیلوەی خودا لە هەموو شوێنێکدا دەبینن و باوەڕیشیان وایە ژیان و دەرکەوتنی ئەو – خودا – لە ژیاندا هەمیشە نوێیە و وتە بەناوبانگەکەیان (لا تکرار فی التجلی[٣١١] – لە دەرکەوتنیدا دوبارەبوونەوە نیە) دەڵێن و سەرجەم ژیان بە زیندوو دەبینن و دەرەوەی بوون و ژیان هەمووی بە مانادارو زیندوو دەبینن، بەڵام ئەمان – عارفان – زیاتر لەوانەن، کە لە ناخی خۆیاندا – نەک دەرەوە – بۆ مانا دەگەڕێن و هەر خودی بینینی ئەوەی دەرەوە بەلایانەوە کاتێک دەبێت، کە چاوو هێزی مەعنەوی بینینی ناوەوە بکەوێتە کار. لێرەوە عارفان پێیان وایە مرۆڤە ئاساییەکان چاویان هەیە، بەڵام بینینیان نیە، لێرەوە سەیر نەبێ، کە کاتێک لە عارفێک دەپرسن بۆچی بێ باوەڕەکان پێغەمبەر (د.خ)یان بینیوە، کەچی باوەڕیان پێنەهێناوە، دەڵێت: "ئەوان پێغەمبەریان نەبینیوە، بەڵکو ئەوان محەمەدی کوڕی عەبدوڵڵایان بینیوە!، ئەوە نیە خودا دەفەرموێ (وتراهم ینظرون الیك وهم لا یبصرون – ئەی پێغەمبەر دەبینی کە سەیری تۆ دەکەن، بەڵام تۆ نابینن!)[٣١٢] (الاعراف:١٩٨) واتە بێ باوەڕان ڕووڵەتبینن و عارفان پشتەوەی شتەکان دەبینن. بۆیە عارفان زۆرجار لە خودا پاڕاونەتەوە، کە هیچمان مەدەرێ، تەنها بینایيەك (بصیرت) نەبێت، کە حەقیقەتی پشتەوەی ژیان و دیاردەکانی پێ ببینین[٣١٣]. هەر لێرەوەیە عارفی ڕاستەقینە لەیەککاتدا (جیایی – فرقة)[٣١٤] و ماهیەتی جیاوازی شتەکان دەبینێ و هاوکات یەکی و کۆیی (جمع)ی شتەکانیش دەبینێ، کە هەمووی

---

[٣١٠] بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری دووەم (چەمکی ژیان و مردن لە ئاینی ئیسلامدا)، ل٥٥.

[٣١١] بۆ ئەو وتەیە، بڕوانە: د.عبدالمنعم الحفني، معجم مصطلحات الصوفية، ل٤٢.

[٣١٢] بڕوانە: محەمەدی شلماشی، مەجلیسی ئەولیا، بەرگی ١–٢، چاپی دووەم، ئینیشاراتی کوردستان، سنە، ١٣٨٠ – ٢٠٠١، ل٣٩.

[٣١٣] لەوانە: مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی. بڕوانە: بەشی دووەم، پاری یەکەم، ل١٩١

[٣١٤] جیایی (فرقة)و کۆیی (جمع) دوو زاراوەی سۆفیانەن، بەکورتی جیایی بەوە دەوترێ، کە سالك و عارف لەسەرەتادا جیاوازی لەنێوان شتە ئەزەلیەکانو شتە نوێیەکانو دروستکراوەکان لە بوونداد دەکات، بەڵام دواتر بە پێگەیشتنی مەعنەوی فرەیی و جیایی نامێنێ و بەڵکو تەنها ئەزەڵی و خودایی دەبینێ. بڕوانە: د.عبدالمنعم الحفني، معجم مصطلحات الصوفية، ل٦٦.

دەستی خودای لەپشتە. لێرەشەوە وەک د.عەبدولکەریمی سروش دەڵێت، تەنها عارفانن، کە لە ژیاندا دەبنە تەماشاکەری گۆڕەپانی یاری ژیانو توانیویانە لەو گەمەو یاریە بێنە دەرەوەو لە دەرەوە بە سەرنجو تێڕامانەوە لە ژیانو نهێنیەکانی بڕوانن‌و هاوکاتیش بچنەوە نێو گۆڕەپانەکەو وەک یاریزان لەو گەمەدا بەشدارین. جگە لەوان کەسی تر ناتوانێ هەم تەماشاکەر بێ و هەم یاریزان[٣١٥]. عارفان باوەڕیان وایە خەڵکی سەرگەرمی گەمەی ژیان بوون، بەڵام ئەمەش خۆی سروشتی ژیانی دونیا وایە، بۆیە سەیر نیە، کە (غەزالی) کۆڵەکەو ڕاگری ئەم ژیانە، بە بێ ئاگایی – غفلت – ناودەبات‌و باوەڕی وایە، کە ئەگەر خەڵکی ڕازو نهێنیەکانی پشتەوەی ژیان بزانن، ئەوا جوڵەو ژیانی مرۆڤ نامێنێ‌و ژیان دەوەستێ[٣١٦]. ئەمان – عارفان – ئەم حەقیقەتە لەبەرچاو دەگرن، ئەگەرچی دژی ئەو بێ ئاگا بوون – غفلت – ە دەوەستنەوە، هاوکات باوەڕیان وایە کە مرۆڤ ناچارەو دەبێت لەم سەرای غەفڵەتەدا – دونیا – خۆی پێبگەێنێ‌و لەنێو هێزە دژەکانی ناوەوەو دەرەوەی خۆیەوە ڕێگەی (خۆناسینی) بەرەو (خۆسازی) بگرێتەبەر. چونکە عارفان بەقوڵی باوەڕیان وایە، مرۆڤ کە دێتە ئەم ژیانە خودێکی تەواوی نیە، بەڵکو خودێکی هەیە، کە بەتەواوی پێنەگەیشتووەو ناکامڵ و خامەو دەبێ بەرەو پوختی‌و کەماڵ بڕوات، یان ڕاستتر بڵێین لایەنە ئیجابیەکانی ناخی بە (تەزکیە) بەرەو زیادکردن‌و پێگەیشتن ببات[٣١٧].

لێرەوە عارفان لەڕێگەی تەریقەت‌و خۆپێگەیاندنەوە – وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد – توانیویانە ناخیان‌و دەرەوەیان لە دژیەکی و ناکۆکیەوە بەرەو هاوئاهەنگی‌و یەکبوونی نیەت‌و کردار ببەن‌و ڕاستگۆیانە لەگەڵ ناخیاندا هەڵسوکەوت بکەن‌و بوونە ساختەکانیان[٣١٨]

---

[٣١٥] بڕوانە: موحازەرەی د.عەبدولکەریمی سروش (مولانا و طبیعت)، کە ڕۆژی (٢٠١١/٣/٢٧) لە زانکۆی ستانفۆرد لە ئەمریکا پێشکەشی کرد. www.dr.sorush.com

[٣١٦] بڕوانە: د.عبدالکریم سروش، قصهٔ ارباب معرفت، چ٤، مؤسسه فرهنگی صراط، ١٣٧٦ – ١٩٩٨، ل١٣٥ بەدواوە.

[٣١٧] وشەی (تزکیە) زۆرجار بەهەڵە بەمانای خاوێنکردنەوەی دەروون – بەتایبەتی لە بواری سۆفیگەری و عرفان دا – بەکارهاتووە، بەڵام ڕاستیەکەی بەمانای زیادبوون‌و بەرەو کەماڵ چوونە. بڕوانە: ناسری سوبحانی، بەندایەتی، ل٧٦.

[٣١٨] بوونی ساختەو بوونی ڕەسەن، لە بناغەدا زاراوەیەکی بوونگەراییەکانەو (هایدگەر) بەکاریهێناوە، بەڵام دەکرێ بڵێین خاڵێکی لێکچوونی دیاری نێوان بوونگەراییەکان‌و عارفان لەوەدایە، هەردوکیان باوەڕیان وایە مرۆڤ دەبێت بە

— ئەوەی کە مرۆڤ حەقیقەتی خۆی نەناسێ و شوێنی خەڵک بکەوێت — فرێبدەن و بەدوای بوونی ڕەسەنیاندا بگەڕێن تا بیدۆزنەوە و گەشەی پێبدەن و بەپێچەوانەی خەڵکەوە — تەنانەت زۆرێك لە فەقیهو زانا موسڵمانەکانیش — بایەخیان بە ڕواڵەت و قسەی خەڵکو دابونەریت و لۆمەو ستایش نەداوە، تا گەیشتووەتە ئەوەی ڕێبازی سۆفیگەری وا هەبێت بەوە بناسرێتەوە[٣١٩]. لێرەوە عارفەکان مانای ژیان زۆرتر لە خودی مرۆڤ و بوونی ڕەسەنی مرۆڤەوە دەبینن و پێمان دەڵێن "ژیان ئەوەیە، کە مرۆڤ لەو تواناو ئامادەییە جۆربەجۆرانەی، کە لە ناخو ڕۆحیدا پێیبەخشراوە تا دوائاست، کە دەتوانێ، کەڵك وەربگرێت، و مردنی ڕاستەقینەش، ئەوەیە، کە کەسێك نەتوانێت لەم تواناییانە بەهرەمەند ببێت"[٣٢٠]. لێرەوە باوەڕیان وایە، ئەگەر فەلسەفەو ئامانجی ژیان بەمانای ئامانجی باڵای ژیان بێت، بێگومان ئەبێت مەزنتر بێت لە هەموو خواستە سروشتیەکانی مرۆڤ وەك: خواردن، خواردنەوە، سێکس، ناوبانگو...هتد، بۆیە سۆفیەکان مەسەلە مەعنەویەکان، لەسەرووی هەموویانەوە کێشکردن و دۆستایەتی لەگەڵ خودادا بە بڵندترین خواستەکانی مرۆڤ لەم ژیانی دنیادا دەزانن. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەوان کۆجیتۆی ژیانیان بریتیە لە (انا لله وانا الیه راجعون — ئێمە لە خوداوەینو جارێکی تریش بۆلای ئەو دەگەڕێینەوە). واتە خودا دروستی کردوینو لە بوونی باڵاوە، کە دنیای ڕۆح و ئازاد لە کۆتوبەندی کاتو شوێنی زەوی بوو، هاتووین بۆ زەوی و دەبێ جارێکی تر بە پێگەیشتنی مەعنەوی و شایستەبوون، بگەڕێینەوە بۆ ئەوێ[٣٢١].

ئیختیاری خۆی بوونی ڕەسەنی خۆی پێکبهێنێ — نەك ئەو بوونەی کە کۆمەڵگاو دەوروبەر پێی بەخشیوە —. بڕوانە: ل٦٣.

[٣١٩] وەك ڕێبازی مەلامەتی، کە دروشمیان ئەوەبوو (الملامة ترك السلامة— مەلامەتی— سەرزەنشت — ئەوەیە کە واز لە سەلامەتی و ڕەزامەندی خەڵکی بهێنی. زۆرجار بە مەبەست کارانێکیان ئەنجامداوە کە نابا بووە، تا خەڵك سەرزەنشتیان بکەن و ئەمان مەبەستیان دڵسۆزی (اخلاص) بووە تەنها بۆ خودا نەك خەڵك. بڕوانە: سید جعفر سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٧٤٢.

[٣٢٠] علامه محمد تقی جعفری، عرفان اسلامی، ل٧٥.

[٣٢١] بڕوانە: محمد تقی جعفری، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٩.

١-٣-٣/ مردن لە دیدی عارفانەوە

سەبارەت بە مردنیش، عارفان واقیعی مردنی فیزیکییان بینیوەو نکوڵیان لە مردنو لەناوچوونی مرۆڤو بونەوەرانیان نەکردوە، بەڵام ئەوان، کە پشتەوەی دیاردەکان دەبینن، پێیان وایە ئەو وێنەو دیاردانەی گۆڕانو فەنابوونە، تەنها دیوی دەرەوەی شتەکانە نەك جەوهەری حەقیقەتەکان، بۆیە عارفێکی وەك ئیبن عەرەبی باوەڕی وایە، کە "وێنەکانی مردنو فەنابوون — کە لەم بوونەدا دەیانبینین — هی ئەوەیە کە بوون تەنها ئەو وێنانەی، کە دەگۆڕێن پیشانمان دەدات، بەڵام ئەو جەوهەرەی، کە ڕاگری ئەو وێنانەیە، ئەوە بە بەردەوامی دەمێنێتەوەو دوورە لە تێکچوونەوەو لە ئارامیەکی دوور لە هەموو جۆرەکانی گۆڕاندایە، چونکە تێکچوونی وێنەکانی جیهانی مومکینات — وەك ئەوەی کە دەردەکەوێ — مانای تێکچوونی سنورەکانو حەقیقەتەکانی و هاوکات مانەوەی بەو سنورەو حەقیقەتانەوە نیە، بەتایبەتی کە بزانین دەرکەوتنی ئەو بونەوەرانەو وێنانە، دەرکەوتنی یەکیەتی زاتی خودایە، و زاتی خوداش بونێکی ئەزەلی و ئەبەدی هەمیشەییە. جا ئەگەر دەرکەوتنی مومکینات هیچ نەبێت، جگە لە کۆمەڵە وێنەیەکی دیاریکراو لەو جەوهەرە، ئەوا — لەم لایەنەوە — ئەو جەوهەرە لە پارێزراویو هێزو ئارامیدایە"[٣٢٢].

هەروەك چۆن لێرەدا بینیمان عارفان — عارفێکی وەك ئیبن عەرەبی — دواجار دیاردەی گۆڕانو لەناوچوونەکانی گێڕایەوە بۆ نەگۆڕو لەناونەچوو — خودا — هەر بەهەمان شێوە زۆرجار دەبینین، بەڵگەی نەمریش هەر لە خودی سیفاتەکانی خوداوە دەهێننەوە. بە نمونە باوەڕیان وایە، کە سیفەتێکی خودا، کە بەخشندەیی (کریم)ەیە، کە ژیانی بەخشیوە بە مرۆڤ، ناکرێ ئەوی بەخشندە شتەکانی خۆی وەربگرێتەوە. لەم ڕوەوە عارفێکی وەك ئیبن

---

[٣٢٢] د.مجدي ابراهيم، مشكلة الموت عند صوفية الاسلام، ط١، مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة، ٢٠٠٤، ل٣٢٧، ئەویش لە کتێبی (فصوص الحكم)ی ئیبن عەرەبی، ج٢، ل٢٦٩ وەریگرتووە.

مەکزونی سنجاری باوەڕی وایە، کە خودا، کە مرۆڤی لە عەدەمەوە هێناوە بۆ بوون، مەحاڵە جارێکی تر بیباتەوە بۆ عەدەم – واتە بوونی سەلبی – لەم ڕوەوە بە شیعر دەڵێت:

فناؤنا مع بقاء واهبنا　　يقضي بنكث الكريم في هبته

وذاك بخل و جل خالقنا　　عن أن يكون التقتير في صفته

وهو محال على الإله الذي　　كل لبيب زكا بمعرفته[٣٢٣]

(لەناوچوونی ئێمەی مرۆڤو مانەوەی ژیان پێبەخشەکەمان – خودا –/ مانای پەشیمانبوونەوەو بەڵێن شکاندنی بەخشندە – کریم – کەیە لە بەخشینەکەی/ ئەمەش ڕژدییەو خوداش بەرزو بڵندە لەوەی کە دەستگرتنەوە لە خەسڵەتی ئەو بێت/ ئەمەش مەحاڵە بۆ خودایەک کە/ هەموو ژیرو عاقڵێک بە ناسینی ئەو زیاد دەکات و گەشە دەکات).

سۆفیو عارفە موسڵمانەکان – جیاواز لە مرۆڤەکانی تر – باوەڕیان وایە، مردوو ئەوە نیە، کە بە جەستە بمرێ، بەڵکو ئەوەیە، کە ڕۆحی مردبێت، بەڵکو هەندێکیان باوەڕیان وایە، کە ئەوە مرۆڤ نیە، کە دەچێتە نێو گۆڕ، بەڵکو پێش ئەوە، گۆڕە، کە دێتە ناو مرۆڤ! لەم ڕوەوە عارفێکی ناسراوی وەک ئەبوبەکری شبلی کاتێک لە مانای ئەو وتەیەی کە دەڵێت: (لا تغرنكم هذه القبور وهدؤها، فكم من فرح مسرور، وداع بالويل والثبور – بەم – گۆڕ – انەو بێدەنگیان لەخۆبایی مەبن، زۆرن ئەوانەی، کە دڵخۆشو شادن، زۆرن ئەوانەی داوای بەڵاو تیاچوون بۆ خۆیان دەکەن، ئەو – شبلی – پرسی: ئەو گۆڕانە کامانەن؟ یەکێک وتی: گۆڕی مردوەکان. شبلی لە وەڵامدا وتی: نەخێر، بەڵکو ئێوە گۆڕن! هەریەکێک لە ئێوە بەخاکسپێردراون – واتە مردون و مردنتان تێدایە – ئەوەی پشت لە خوا هەڵدەکات، ئەوا داوای بەڵاو تیاچوونی بۆ خۆی کردوە، ئەوەش ڕوو لە خوا دەکات دڵخۆش و شادەو دواتر وتی:

قبور الورى تحت التراب و للهوى　　رجال لهم تحت الثياب قبور[٣٢٤]

---

[٣٢٣] بڕوانە: د.مصطفى محمود، الوجود والعدم، ل٧٧.

[٣٢٤] بڕوانە: د.مجدي ابراهيم، مشكلة الموت عند صوفية الاسلام، ل٣٣٤، ئەویش لە کتێبی (حلية الأولياء)ی (أبو نعيم اصفهاني)، ج١، ل٣٧٠ وەریگرتووە.

(گۆڕی دروستکراوان لەژێر خۆڵدایە، بەڵام ئارەزوبازی پیاوانێکی هەیە، کە گۆڕ لەژێر جلوبەرگەکانیاندایە!).

هەر لێرەوە لەوە تێدەگەین، کە چەمکی مردن لای عارفان جیاوازە لە مانا باوەکەی. مردن لای عارفان "بریتیە لە پەردەی بەردەم پوناکیەکانی جیلوەو دەرکەوتنە خوداییەکان. هەروەها وتراوە بریتیە لە دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانی دەروون (نفس). بۆیە ئەوەی بەو دامرکاندنەوەی ئارەزوانەوە بمرێ — مردنی مەعنەوی — ئەوا بۆ زیندووبوونەوەی مەعنەوی رێنمایی — هدایە — دەکرێت"[٣٢٥].

یان "مردن لە زاراوەی عارفاندا بەمانای داکەندنی جلوبەرگی مادیو فرێدانی کۆتوبەندو وابەستە دونیاییەکانو ڕووکردنە جیهانی مەعنەویو فەنابوونە لە سیفاتو ناوو زاتی خودادا"[٣٢٦].

هەروەها دەوترێ "مردن لە دیدی عارفانەوە واتە لەنێوبردنی خەسڵەتە نەشیاوە مرۆییەکانو عارفان وتویانە: (الموت باب من أبواب الآخرة، ما الحقيقة الا في موت النفس[٣٢٧] — مردن دەرگایەکە لە دەرگاکانی ژیانی دوایی، حەقیقەتیش تەنها لە مراندنی دەروون — نفس — دا دەستدەکەوێت)".

عیزەدینی نەسەفی دەڵێت: "پێغەمبەرو عارفان — ئەولیا — جگە لە مردنی سروشتی، بەڵایانەوە مردنێکی تر هەیە، کە ئەوان بە مردنی ئیرادی — بەر لە مردنی سروشتی — ناویدەبەن، ئەمان بەو مردنە دەمرنو ئەوەی کە خەڵکی پاش مردنی سروشتی دەیبینن ئەمان بەر لەو مردنە دەیبینندو ئەحوالّی پاش مردنی خۆیان بۆ ڕۆشندەبێتەوەو لە پلەو مەقامی (علم اليقين)ەوە بە پلەی (عين اليقين)[٣٢٨] دەگەن. لەو ڕوەوەی، کە پەردەی

---

[٣٢٥] د.عبدالمنعم الحفني، معجم مصطلحات الصوفية، ل٢٥٠.

[٣٢٦] د.سید جعفر سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٧٤٦.

[٣٢٧] السلمی (أبو عبدالرحمن): طبقات الصوفية، تحقيق نورالدين شريبة، مكتبة الخانجي، ط٢، قاهرة، ١٩٨٦، ل٤٧٢.

[٣٢٨] مەبەست لە زانستی یەقین (علم اليقين) ئەو زانستەیە کە زۆرجار لەسەر بەڵگەو لە هزری خاوەن عەقڵەکاندا دەربارەی حەقیقەتە مەعنەویەکان دروست دەبێت، بەڵام زانستی چاوگی یەقین (عين اليقين) ئەوەیە، کە ئەوکەسە —

مرۆڤەکان بریتیە لە جەستەیان، چونکە کە، رۆح لە جەستە دەرهێنرا هیچ شتێکی تر نابێتە پەردە لەبەردەمیدا، بۆیە مردن بریتیە لە دامرکاندنەوەو ڕیشەکێشکردنی ئارەزووە خراپەکانی دەروون، چونکە ژیانی نەفس بە ئارەزووە نەفسانیەکانەوەیەو بەهۆی ئەوانەوە ئارەزووە شەهوانیەکان چێژی خۆیان دەستگیر دەبێت. کەسێک کە لە ئارەزووە دەروونیەکانی خۆی بمرێنێت، بە ڕێنماییو هیدایەتی خودا زیندوو دەبێتەوە"[۳۲۹]. لێرەوە مردنی ئیختیاری لای عارفان بریتیە لە لەدایکبوونی دووەم، کە مرۆڤی عارف — هەر لەم ژیانەدا — بە خواوە ببەستێتو هەست بە نزیکیو یەکبوونی لەگەڵ خالقدا بکات. ئەم لەدایکبوونی دووەمە، عارفان بە قیامەتی بچوکو حەشری بەر لە حەشر — یان نەشر — ناویدەبەن و بەڕیابوونی هەستانەوەو زیندوبوونەوەی مەعنەوی مرۆڤ، بەلایانەوە مەرجدارە بە مردنی ئیختیارییەوە، وەک چۆن بەڕیابوونی هەستانەوەو زیندووبوونەوەی فیزیکی — ڕاستەقینەی مادی — مەرجدارە بە مردنی مرۆڤەکانەوە. کەواتە قیامەتی بچوک لە مردنی ئیرادیو قیامەتی گەورە لە مردنی سروشتیدایە[۳۳۰].

هەروەها لە (کشاف)ی (تهانوی) دا هاتووە: "مردن لادانی پەردەیە لەسەر ڕۆشنایی مەعنەویو جیلوە (تجلي) یە". هەندێکیش دەڵێن مەبەست لە مردن نەزانیەو لە ژیان زانستە. (یخرج الحي من الميت ویخرج الميت من الحي[۳۳۱] — زیندوو لە مردوو دەردەهێنێو مردووش لە زیندوو دەردەهێنێ) (یونس:۳۱)[۳۳۲].

عارف — بە حاڵ و ڕۆح لەگەڵ ئەو شتەدا ڕووبەڕوو ببێتەوەو ببینێو تەنها وەک زانستی عەقڵی لای نامێنێ، بەڵکو تیای بژی. بڕوانە: د.عبدالمنعم الحفني، معجم مصطلحات الصوفية، ل۱۸۸.

[۳۲۹] د.سید جعفر سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل۷٤۷، ئەویش لە کتێبی (الانسان الکامل) ی عزالدین نسفی، ل۱۵۷ وەریگرتووە.

[۳۳۰] بڕوانە: د.غلامحسین معتمدی، انسان و مرگ، ل۱۳۳–۱۳٤.

[۳۳۱] لە ڕاستیدا ئەم چەمکە بەم مانایە لە قورئاندا هاتووە. بڕوانە: راغب الأصفهاني، مفردات الفاظ القرآن، ل۷۸۱.

[۳۳۲] سید جعفر سجادی، فرهنگی اصطلاحات عرفانی، ل۷٤۷، ئەویش لە کتێبی (الکشاف)ی تهانوی، ل۱۳۱۷ وەریگرتووە.

هەروەها هەندێ جار عارفان مردن بە کۆچکردن لە بونێکەوە بۆ بونێکی تر، یان ڕاستتر بڵێین لە بونێکەوە بۆ خالقی بوون دەزانن، لەم ڕوەوە ئیبن عەتائوڵڵای ئەسکەندەرانی دەڵێت: "کۆچ لە بونێکەوە بۆ بونێکی تر مەکە، کە وەک گوێدرێژی ئاش لە شوێنی خۆتدا بسوڕێیتەوە، بەڵکو کۆچ لە بوونەکانەوە بۆ خالقی بوونەکان بکە" — مەبەستی ئەم عارفە بڵندبونەوەیە لە پەردەکانی بێئاگایی — غفلت —ەوە بۆ بینینی یەکپەرستی پوخت، ئەمەش پاش فەناکردنی ئارەزووەکانو هەڵەشەییەکانی دەروونت دەبێت، بەجۆرێك کە لە ناختدا جگە لە یەکپەرستی خوداو لە ڕەفتاریشتدا جگە لە گوێرایەڵی خودا هیچی تر نەمێنێ. بەمەش عارف بەو ژیانە دەگات — هەر لێرە — کە مردنی تێدا نیەو ئەمەشە کە شێخ عەبدولقادری گەیلانی مەبەستیەتی کە دەڵێت: "ژیانم بەهۆی پەروەردگارمەوە جیاوازە لە بوونم لە ناویدا — مەبەستی لەناو ژیاندایە — مردنم لە ناویدا — مەبەستی ژیانی فیزیکیە — بوونمە لەگەڵ ئەودا. ئەمەش — لەوکاتەوەی کە عەقڵم گرتووە — بەنرختڕین خواست بووە، کە تائێستا خواستومە"[٣٣٣]. هەروەها هەندێ جار ئەو مردنە مەعنەویە، لە تەوبە — واتە پەشیمانبوونەوەو گەڕانەوە بۆلای خودا — دا دەبینن، وەک ئەوەی ئیمام جەعفەری سادق دەڵێت: "مردن بریتیە لە تەوبە، هەر ئەمەشە، کە خوا دەفەرموێ (فتوبوا الی بارئکم فاقتلوا انفسکم (البقرة:٥٤)— موسا پێغەمبەر (س.خ) بە جولەکەکانی وت، کە گوێرایەڵی پێغەمبەرەکەیان نەبووبوونو گوێرەکەیان پەرستبوو، پەشیمان ببنەوەو تەوبە بکەنو خۆتان بکوژن، ئەوە لای خودا باشترە لەوەی، کە کردوتانە) کەواتە ئەوەی کە تەوبەی کرد، ئەوا نەفسی خۆی کوشت"[٣٣٤].

هەندێ جار مردن لای عارفان مانایەکی قوڵترو گەردوونی وەردەگرێت، بۆ نمونە دەبینین کەسێکی وەک عەبدولکەریمی جیلی، مردن بەوە ڕاڤە دەکات کە: "پێکهاتووە لە دامرکاندنەوەی ئاگری غەریزە، کە ژیانی دونیا بەهۆی ئەوەوە هەیە. ئەو ژیانەش — ژیانی

---

[٣٣٣] د.مجدي ابراهيم، مشكلة الموت عند صوفية الاسلام، ل٣١٣ ئەویش وتەکەی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە کتێبی (فتوح الغيب)ي ناوبراو، ل١٤٥ وەرگرتووە.

[٣٣٤] عبدالرزاق كاشاني، اصطلاحات صوفية، ل٣٢٣.

غەریزەو دونیا — بریتیە لە سەیرکردنی رۆحەکان بۆ خۆیان لەو قالبە دەرکەوتووەدا. ئەوەشی ئەو سەیرکردنەی قالبە دەرکەوتووەکانی ڕاگرتووە — مادام هێشتا لە ئاستی هاوسەنگی سروشتیدا ماوەتەوە — بریتیە لە گەرمایی غەریزە"[٣٣٥]. وەک ئەوەی مردن دوو لایەنی هەبێت یەکەم: لایەنی سروشتی، کە بریتیە لە شیبوونەوەی ڕەگەزە مادیەکانی جەستەو بەرجەستەبوونی مادیانەی (من)، کە کەسێتی ئێمەی لە دونیادا دەرخستووە.

دووەمیش: لایەنیَ گەردوونی مردن، یان بە دەربڕینێکی ڕاستتر لەدایکبوونمان لە ئامێزی گەردونداو دواتر (من) ناسنامەی بڵندی خۆی — کە لە چرکەساتی وابەستەبوونی بە مادەوە لەبیریکردبوو — بەدەستدەهێنێتەوەو بیری سەرچاوەو بناغەی خۆی دەکەوێتەوە. ئەم لایەنەش زۆر لەو وتەیەی حەزرەتی مەسیح دەچێت، کە لە سەرچاوەی عارفەکاندا هاتووە[٣٣٦]، کە دەڵێت: "لن یلج ملکوت السماوات من لم یولد مرتین"[٣٣٧]— هیچ کەسێک ناتوانێت دەرکی ڕازو نهێنییەکانی ئاسمان — دنیای سەرووی مادە — بکات، تا دووجار لەدایک نەبێت. عارفان و کاملەکانیش باوەڕیان وایە، کە لەدایکبوونی دووەم لە خودی ڕەگەزەکانی ئەم ژیانەدایەو بە بەردەوامی کاردەکەن تا شایستەی بڵندبوونەوە — عروج — بن بۆ جیهانی مەلەکوتی"[٣٣٨].

لێرەوە بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین لە هزری سۆفیگەریدا "چەمکی مردن، چەمکێکی فەلسەفیو ئیتیکی (اخلاقی)یە — هەرچەندە بە تەواوی نەبوبێتە ئاراستەیەکی گشتی و کۆنتێکست (نسق)ێکی پڕو تەواو بەرامبەر بە چەمکی ژیانو دونیا — بەڵام بەگشتی

---

[٣٣٥] د.مجدی ابراهیم، مشکلة الموت عند صوفیة الأسلام، ل٣٢٠، ئەویش لە کتێبی (الأنسان الکامل)ی عبدالکریم الجیلی، ج٢، ل٨٩ وەریگرتووە.

[٣٣٦] ئەمە لە زۆر کتێبی سۆفی و عارفەکاندا هاتووە — ئەگەرچی هەندێک جار کەمێک دەستەواژەکەی گۆڕاوە بە نمونە هەندێک جار لەبری (لن یلج — لن یبلغ) هاتووە، کە زۆر لە ماناو مەبەستەکە ناگۆڕێ — بڕوانە: باقری صدری نیا، فرهنگ مأثورات متون عرفانی، ل٤٣١.

[٣٣٧] لە ڕاستیدا ئەم وتەیە لە ئینجیلی یۆحەننادا هاتووە. بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری دووەم، (چەمکی ژیانو مردن لە ئایینی مەسیحیدا)، ل٤٨.

[٣٣٨] د.مجدي ابراهیم، مشکلة الموت عند صوفیة الاسلام، ل٣٢٠.

بایەخدانیان بە ژیانی دواڕۆژ زیاترە لە بایەخدانیان بە ژیانی دونیاو کاردەکەن بە دەقە پیرۆزە قورئانیەکانی وەک: (وما هذه الدنيا الا لهو ولعب وان الدار الآخرة لهي الحيوان لو كان يعلمون (العنكبوت:٦٤)— ژیانی ئەم دنیایە زوو کۆتایی دێتو هیچ نیە جگە لەوەی، کە وەکو یاری منداڵان وایە، کە ماوەیەکی کەم پێکەوە لەسەری کۆدەبنەوە، بەڵام دوایی خێرا لەیەک دادەبڕێن، ژیانی دواڕۆژ ژیانی راستەقینەو تەواوەو کۆتایی هاتنی نیە، ئەگەر ئێوە بزانن)[٣٣٩]. بۆیە دەبینین هەر خودی ئەم چەمکو تێگەیشتنە بۆ مردن لەلایان ئەوەندە بەهێز دەبێت، کە دەبێتە هاوواتای سۆفیگەری لەلایان، وەک لای جونەیدی بەغدادی دەیبینین، کە دەڵێت: "سۆفیگەری ئەوەیە، کە خودا لە خودی خۆتدا بتمرێنێو بە خۆی زیندووت بکاتەوە"[٣٤٠]. چونکە "مردن لای ئەوان دووانە: مردنی ئارەزووەکانی جەستە بە مەبەستی رزگاربوون لە خواستو مەسەلە نزمەکان و کەمبایەخەکانو مردنێکیش کە ڕۆح لە جەستە رزگاری دەبێت، بە ژیانی بەختەوەرانەو هەمیشەییانەی خودایی دەژی، کەواتە مردن لە فەرهەنگی ئەماندا — عارفان — بەمانای ئەوەی یەکەمە، کە مانای دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانی دەروونە، چونکە ژیان لەوەدایە"[٣٤١].

لێرەوە عارفان خاوەنی چەند پۆلێنکردنێکن بۆ مردنو ژیان — کە هەندێ جار کەڵکیان لە فەلسەفە یان فەیلەسوفە عارفەکان وەرگرتووە — وەک ئەوەی، کە باوەڕیان وایە "حەکیمان ژیان و مردنیان بەسەر دوو جۆردا دابەشکردووە: ژیانی ئیرادیو ژیانی سروشتی، هەروەها مردنی ئیرادیو مردنی سروشتی. مەبەستیان لە ژیانی ئیرادی، ئەو ژیانەیە، کە مرۆڤ لە ژیانی دونیادا هەوڵی بۆ دەدات وەک: خواردن، خواردنەوەو ئارەزوەکانو...هتد، مەبەستیشیان لە ژیانی سروشتی مانەوەی دەروونی نەمری مرۆڤە لە خۆشی هەمیشەییدا،

---

[٣٣٩] سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٦.

[٣٤٠] القشيرى (أبوالقاسم عبدالكريم): الرسالة القشيرية، تحقيق معروف زريق و على عبدالحميد بلطجي، ط٣، دار الجيل، بيروت، ١٩٩٠، ل٢٨٠.

[٣٤١] عبدالرزاق كاشانى، اصطلاحات صوفية، ل١٠٥، هەروەها د.مجدي ابراهيم، مشكلة الموت عند صوفية الاسلام، ل٣١٧.

ئەمەش بەو زانستەی، کە کەڵکی لێوەردەگرێ. مەبەستیش لە مردنی ئیرادی مراندنی ئارەزووەکانو وازهێنانە لە بەدەمەوەچونیانو مەبەستیش لە مردنی سروشتی دیارە کە مردنی جەستەیە"[٣٤٢]. لێرەوە بەگشتی مردن لە سۆفیگەریدا بریتیە لە مردنی هەڵەشەییو ئافاتەکانی دەروون، کە دەبنە لەمپەر لەبەردەم پووکردنی راستەقینەی مرۆڤ پووەو خوداو گەیشتن بەو ژیانەی، کە لە پەنای ئەودا هەیە[٣٤٣].

هەر لەبەر ئەم بایەخدانە بە چەمکی مردن، دەبینین هەر لە سەرەتاکانی سۆفیگەریو عرفانی ئیسلامیدا، نەک تەنها هەوڵ بۆ ناساندنی دراوە، بەڵکو هەوڵیانداوە بۆ ڕێنماییکردنو پەروەردەکردنی مورید – قوتابی تەریقەت و مەعنەویەت – جۆرەکانیشی دیاری بکەن، لێرەوە لە کۆنەوە کراوە بە چوار جۆرەوە وەک لای حاتەمی ئەسەم (٢٣٧ک کۆچی دوایی کردوە) دەبینرێت، کە دەڵێت: "ئەوەی کە دێتە نێو ئەم ڕێبازەی ئێمەوە، ئەوا با لە دەروونی خۆیدا ئەم چوار خەسڵەتەی مردن دروستبکات: مردنی سپی، مردنی ڕەش، مردنی سوور، مردنی سەوز. مردنی سپی برسێتیە، مردنی ڕەشیش بەرگەگرتنە لەسەر ئازاردانەکانی خەڵکی، مردنی سووریش سەرپێچیکردنە لە دەروون، مردنی سەوزیش ئەوەیە کە پینە بەسەر پینەدا بدەیت – واتە بایەخ بە جلوبەرگەکانت نەدەیت –"[٣٤٤]. عەبدولڕەزاقی کاشانی ئەم چەمکانەی، کە حاتەمی ئەسەم لەبارەی مردنەوە باسیکردوە، پووندەکاتەوەو دەڵێت: "مردنی سپی، مەبەست لێی ئەوەیە، ناخ ڕوناکدەکاتەوەو ڕوخساری دڵ سپی دەکاتەوە. ئەگەر سالك – ئەوەی کە ڕێگەی تەریقەتو مەعنەویەتی گرتووەتە بەر – تێر نەبێتو بەتەواوی خۆی تێر نەکات، ئەوا بە مردنی سپی دەمرێو ئەوکات بە زرنگیو هۆشیاری زیندوو دەبێتەوە، چونکە سکتێری هۆشیاری دەمرێنێ، جا کەسێك سکتێری خۆی بمرێنێ زرنگیو هۆشیاری زیندوو دەبێتەوە. بەڵام مردنی سەوز ئەوەیە، کە جلوبەرگی پینەکراو و لەو جلوبەرگانەی، کە بایەخیان نیە لەبەربکات – ئەمەش

---

[٣٤٢] د.مجدي ابراهيم، مشكلة الموت عند صوفية الاسلام، ل٣١٧.

[٣٤٣] هەر ئەو سەرچاوە، ل٣١٧.

[٣٤٤] بڕوانە: أبو عبدالرحمن السلمي، طبقات الصوفية، ل٩٣.

لە سەوزبوونی ژیانی ئەوکەسەوە بێت بە قەناعەت — و لەبری جلوبەرگی جوان قایل بوو بەو جلوبەرگانەی، کە تەنها لەشی دادەپۆشنو نوێژکردن پێوەیان دروستە، ئەوا ئەوکەسە قەناعەتی کردوە بە جوانی ناخیو دەستبەرداری جوانی ڕواڵەتی بووە"[٣٤٥]. بە مردنی (ڕەش)یش دەڵێت: "بەرگەگرتنی ئازاردانەکانی خەڵکە، و فەنابوونە لە خودادا بەجۆرێك کە فەنابوونی کرداریی (أفعالی) ڕوودەدات، واتە خودی ئەو ئازاردانانەو هەرچی ڕوودەدات بە بەشێك لە ویستو کرداری دۆست— خودا— دەزانێت"[٣٤٦]. کەواتە "کاتێك، کە سالك لە ئازاردانەکانی خەڵك دڵتەنگ نەبوو و ئازار بە دەروونی نەگەیشت، بەڵکو چێژی لێوەرگرت، ئەوا بە پلەی فەنا گەیشتووە، چونکە ئەوەش لە خوداوە دەبینێت"[٣٤٧].

هەروەها دابەشکردنێکی تری جۆرەکانی مردن، کە لای سۆفیەکان بە گرنگ وەرگیراوە، ئەوەی ئیمامی لاهیجییە[٣٤٨]. بەلای ناوبراوەوە، سێ جۆر مردن هەیە:

یەکەم: مردنی ساتەکریان سات بە سات (لحظوی): عارفان باوەڕیان وایە، ئەوە مردنێکە کە هەموو ساتێكو لە هەموو چاوتروکاندنێکداو بەپێی پێویستی مرۆڤو لەنێو یاسای (کل شيء هالك الا وجهه) (القصص:٨٨). واتە (هالك دائما — لەناوچوون هەمیشەییە) ڕوودەدات و بە یاسای (بل هم فی لبس من خلق جدید (ق:١٥)— سەرلەنوێ ژیانێکی تازەیان پێدەبەخشرێ). بە جیلوەی نەفەسی ڕەحمانی — خودا — و بەپێ لابردن (خلع) و دووبارە پۆشین (لبس) لە هەر ساتێکدا هەیە، بەڵام — وەکو ئەوان دەڵێن — بەهۆی خێرایی ئەو دەرکەوتنی بوونو نەمانەوەیە، وادەزانین بوون هەرێك شتە.

---

[٣٤٥] عبدالرزاق كاشانی، اصطلاحات صوفية، ل١٠٦—١٠٧.

[٣٤٦] د.مجدي ابراهيم، مشكلة الموت عند صوفية الاسلام، ل٣١٩، ئەویش لە کتێبی (التعريفات)ی علی کوڕی محمدی جورجانی، ل٢١١ وەریگرتووە.

[٣٤٧] عبدالرزاق كاشانی، اصطلاحات صوفية، ل١٠٧.

[٣٤٨] لاهيجی (شمس الدين محمد)، مفاتيح الاعجاز فی شرح گولشن راز، تصحيح و تعليق: د.محمد رضا برزگر خالقی، عفت كرباسی، چ٤، انتشارات زوار، تهران، ١٣٨١ — ٢٠٠٢، ل٤٢٥ بەدواوە.

دووەم: مردنی ئیختیاری: کە تایبەتە بە جۆری مرۆڤەوەو بریتیە لە دامرکاندنەوەی ئارەزوەکانی نەفسو پشتهەڵکردن لەچێژە جەستەییو ئارەزوە دەرونیەکان. هەرکەسێکیش خۆی لەوانە بەدوور گرت، هەڵبەت دەروونی خۆی کوشتوەو بە ئیختیار خۆی لەوانە مراندوە.

سێیەم: مردنی ناچاری، واتە جیابوونەوەی ڕۆح لە جەستەو داماڵینی ئەو لە وابەستەیی بە جەستەوە. ئەم مردنەش هەموو گیانلەبەران دەگرێتەوە.

لایەنێکی تری گرنگ سەبارەت بە چەمکی مردن لای سۆفیەکان، بریتیە لە پەیوەندی نێوان خەوتنو مردن. ئەوان لەلایەکەوە خەوتن بە بەڵگەیەکی بەهێز دادەنێن، لەسەر نەمری ڕۆح، چونکە لە خەوتندا چەند نهێنیەك ئاشکرا دەبێت، کە بەڵگەیە لەسەر نەمری ڕۆح. لەلایەکی ترەوە ئەوان باوەڕیان وایە، بەهۆی شتە سەرسوڕهێنەرەکانی خەوبینینەوە، ڕازو نهێنی جیهانی نادیار – غیب – بۆیان دەردەکەوێت. بەڵکو باوەڕیان وایە هەر خودی دەرکەوتنو ئاشکرابوونی – کشوفات – ڕازو نهێنیەکان لای عارفان – زیاتر مەبەست لەو ڕازو نهێنییانەیە کە لە حاڵەتی فەنابوونی ڕۆحیو بینین – شهود – دا دەردەکەوێت – حاڵەتێکە لە حاڵەتەکانی خەوتن و ئەوان بە مردنی بچوك ناویدەبەن[٣٤٩]. لەم ڕوەوە پێشەوا غەزالی دەڵێت: "بە مردن – مەبەستی مردنی مادیە – ئەندازەیەکی مەزن نهێنی ئاشکرا دەبێت، چونکە مردن هۆکاری ئاشکرابوونە – ئەگەر پێشتر ئاشکرابوونی مەعنەوی – مکاشفە – ڕوینەدابێت – هەروەك چۆن خەوتن هۆکارێکی ئاشکرابوونی نادیاری – غیب –ە بە نمونە یان بە شتی تر. خەوتنیش برای مردنە، بەڵام لە خوار ئەوەوەیەو گەورە دەبێت"[٣٥٠]. کەواتە ئەو عارفەی بەدوای ئاشکراکردنی نهێنیەکاندا دەگەڕێ – مکاشفە – ئەوا وەك ئیبن عەرەبی باسیدەکات "لە بێداریدا ئەوەی کە خەوتوو لەکاتی خەوبینینداو مردوو لەدوای مردنی دەیبینێ، ئەم دەیبینێ و چاوی لە جیهانەکەی ترە کە کرداری

---

[٣٤٩] بڕوانە: د.مجدي ابراهيم، مشكلة الموت عند صوفية الاسلام، ل٣٢١.

[٣٥٠] الامام الغزالى، الأربعون فى اصول الدين، ل٢١١.

مرۆڤەکان دەکێشرێنو لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ"[٣٥١]. ئەمە جگەلەوەی، کە نیکڵسۆن دەڵێت: "لە نوسینی سۆفیەکاندا بەڵگەی زۆر دەبینین، کە باس لەوە دەکات کە هەندێ لە دۆستانی خودا — اولیاء — لەپاش مردنیان لە خەودا بینراونو ئەوەی کە لە ماڵەکەی تردا — ژیانەکەی تر — بەسەریاندا هاتووە گێڕاویانەتەوە بۆ خەوبینەکانیان، یان هەندێ قسەی ئامۆژگاری، یان ترساندن، یان هاندانیان بۆ هاوڕێ زیندووەکانیان کردوە"[٣٥٢]. کەواتە خەو و خەوبینین لەم ڕووەشەوە لای عارفان گرنگ بووە.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر یادی مردن لای هەندێك لە عارفان ڕێگایەکو ئامرازێك بێت بۆ خۆچاککردنو خۆئامادەکردن بۆ سەفەری پاش مردن — وادەزانین ئەمە زیاتر لە تایبەتمەندی ڕێبازی عرفانی ترس ئامێزە کە پێشتر باسمانکرد — ئەوا لەلای هەندێکی تر لە عارفان دونیاو یادی مردنیش لەنێویدا پردێکە، کە سۆفی لێیەوە دەپەڕێتەوە بۆ ژیانەکەی تر — وادەزانین ئەمەش زیاتر لە تایبەتمەندی ڕێبازی عرفانی عشق ئامێزە کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد —، چونکە یادی مردن بەلای ئەمانەوە ژوانێکە کە تێیدا بە خۆشەویستەکەیان دەگەن و دڵداریش — وەك پێشەوا غەزالی لە چەند شوێنێکی (احیاء)ەکەیدا باسدەکات[٣٥٣] — هەرگیز کاتی ژوانی خۆشەویستەکەی بیرناچێتەوە. لێرەوە دەبینین پێشەوا غەزالی لە سەرەتای باسی مردن، لە کتێبەکەیدا بە گێڕانەوەیەك لە حوزەیفەی هاوەڵی پێغەمبەر (د.خ) دەستپێدەکات، کە کاتێك وادەی سەرەمەرگی هات و وتی: "خۆشەویستێکە — واتە مردن — لەکاتی پێویستیدا هاتووە، ئەوەی پەشیمانبێتەوە ڕزگاری نابێت. خودایا ئەگەر دەزانی کە هەژاری لەلای من خۆشەویستترە لە دەوڵەمەندی، و نەخۆشی لەلام خۆشەویستترە لە لەشساخی، مردن لەلام خۆشەویستترە لە ژیان، ئەوا مردنم لەسەر ئاسان بکە، تا بە دیدارت دەگەم". لێرەوە پێشەوا غەزالی دەڵێت: "ئەگەر

---

[٣٥١] د.مجدي ابراهيم، مشكلة الموت عند صوفية الاسلام، ل٣٢٢.

[٣٥٢] بڕوانە: رینولد نیکلسون: تصوف اسلامي ورابطه انسان و خدا، ترجمه، د.محمد رضا شفيعي كدكنى، چ٣، انتشارات سخن، ١٣٨٢–٢٠٠٢، ل٩٦.

[٣٥٣] بڕوانە: الأمام محمد الغزالي، إحياء علوم الدين، ج٤، دار الندوة الجديدة، بدون تأريخ، بيروت، ل٤٤٨ بەدواوە.

کەسی پەشیمان – تۆبەکار – پاساوی هەبێت لە خۆشنەویستنی مردندا، ئەمیش – ئەوەی عاشقی دیداری خودایە – پاساوی هەبێت بۆ خۆشویستنی مردنو ئاواتخواستنی، ئەوا لەوان بڵندتر ئەوەیە، کە کاروباری دەداتە دەست خودای بالادەست و بۆخۆی هیچ شتێك – نە مردن و نە ژیان – هەڵنابژێرێ، بەڵکو ئەو شتەی خۆشدەوێ، کە لای خاوەنەکەی خۆشەویستە. ئەمەیە کە لەوپەڕی خۆشەویستی و پابەندییەوە بە مەقامی خۆدانە دەست خوداو ڕازیبوون گەیشتووە، کە لە خۆیدا ئامانجو دواپلەیە"[٣٥٤]. کەواتە لێرەدا غەزالی هەڵوێستی مرۆڤە سۆفی و عارفەکانی بەرامبەر بە مردن – وەك دەرکەوت – کرد بە سێ جۆرەوە بەڵام دواجار یادی مردن بەشێوەیەکی گشتی – وەك ئەبو حەمزەی خۆراسانی (٣٠٩ك کۆچی دوایی کردوە) دەڵێت: "ئەو هەستکردن بە یادی مردنە، هەموو شتێکی بەردەوام – باقی – لای مرۆڤ خۆشەویست دەکاتو هەموو شتێکی فانی و لەناوچووش بێزراو دەکات"[٣٥٥].

لایەنێکی تری گرنگ، سەبارەت بە مردن لای سۆفیو عارفان، کە زۆرجار وەك چەمکێکی گرنگو سەربەخۆ باسدەکرێت، و ڕاستەوخۆش پەیوەندی بە چەمکی مردن و ژیانەوە هەیە، چەمکی فەنابوون و بەقایە لای عارفان. سەرەتا وادەزانین چەمکی فەنا بەشێکە لە مردنی ئیختیاریو "فەنا لە زماندا بەمانای نەبوونو نەمان دێت، بەڵام لە زاراوەی سۆفیەکاندا مانای دابڕان – انقطاع – گونجاوترین وشەیە، کە بەرچاو دەکەوێت. زۆرێك لە سۆفیەکان لە باوەڕبوونیان بەوەی کە (تعرف الأشياء باضدادها – شتەکان بە دژەکانیان دەناسرێنەوە) و لەڕێگەی دژە واژەی (مانەوە – بەقا)وە بە پێناسەی فەنا گەیشتوون. فەنا بریتیە لە خۆ بە شت نەزانینی خۆو بەندایەتی خۆیە لەبەرامبەر حەق – خودا – داو ئەوەیە کە ئارەزوو و

---

[٣٥٤] هەر ئەو سەرچاوە، ل١٦٦.

[٣٥٥] د.مجدي ابراهيم، مشكلة الموت عند صوفية الاسلام، ل٣٢٨.

ویستەکانی خۆتو هەموو جیهان لە بەرامبەر حەقدا بە هەبوو نەزانیتو مانەوە— بەقا — ش ئەنجامی ئەم فەنابوونەیەو مانەوەیە لە حزوری خودادا"[٣٥٦].

قوشەیری لە نامەکەی خۆیدا بەم جۆرە باسی چەمکی فەنای کردوە: "ئەو کۆمەڵە — مەبەستی سۆفیەکانە — ئاماژەیان بە فەنا کردوەو وتویانە واتە پاکبوونەوە لە خەسڵەتە خراپەکانو ئاماژەشیان بە (بەقا) بەوە کردوە، کە بەدەستهێنانی خەسڵەتە شایستەکانە"[٣٥٧]، قوشەیری فەنابوون بەمانای لەناوچوونو نەمان دانانێ، بەڵکو بەمانای لەناوچوونی خەسڵەتە خراپەکان دەزانێ: "هەرکەسێك چارەسەری خووەکانی خۆی بکاتو ئیرەیی‌و ڕق و ڕژدی‌و توڕەیی‌و خۆبەگەورە زانین لە دڵی خۆی دەربکاتو ئەم هەموو خراپیانەی نەفس دەرپەڕێنێ، ئەوا پێیدەڵێن لە خووە خراپەکان فانی بووەو چونکە لەمانەش فانی بووە بە ڕاستگۆیی‌و جوامێری (فتوت) پایەدار (باقی) بووە"[٣٥٨].

هەروەها هەجویری لە کتێبە گرنگەکەی (کشف المحجوب) دا پاش هێنانی چەندین وتەی جۆراوجۆری سۆفی‌و عارفەکان سەبارەت بە فەنا، دەڵێت: "کۆی وتەکان لە ڕووی ماناوە نزیکن لە یەکتریەوە، ئەگەرچی دەربڕینەکان جیاوازن. حەقیقەتی ئەم ڕستەیەش بریتیە لە فەنابوونی بەندە لە بوونی خۆی لەبەرامبەر بینینی شکۆی حەق و ئاشکرابوونی مەزنیەتی ئەودا، تا ئەوەندەی کە زاڵبوونی ئەو شکۆیە دونیاو دواڕۆژ — جیهانەکەی تر — ی لەبیربباتەوەو حاڵو مەقامەکانی لەبەرامبەر هیممەتی خودادا بەبێ نرخ دابنێ"[٣٥٩]. هەروەها ئەو لە ئاماژەکردن بە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بە ڕونکردنەوەی فەناو بەقا دەگاتو دەڵێت: خودای گەورە دەفەرموێ: (ما عندکم ینفد وما عند الله باق (النحل:٩٦)— ئەوەی

---

[٣٥٦] بابك حشمت نجف اباد، موت معنوی و تمثیلات أن در مثنوی مولوی (کارشناس ارشد)، دانشگاه ازادی اسلام، واحد مهاباد، ١٣٨٩ — ٢٠١٠،ل١.

[٣٥٧] قشیری (عبدالکریم بن هوازن)، رسالەی قشیریه، ترجمه: أبو علی حسن بن احمد عثماني، تصحیح: بدیع الزمان فروزانفر، چ٨، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، ١٣٨٣، ل١٧١.

[٣٥٨] هەر ئەو سەرچاوە، ل١٧٣.

[٣٥٩] هجویری (علی بن عثمان)، کشف المحجوب، مقدمة و تصحیح: محمود عابدی، انتشارات سروش، تهران، ١٣٨٦ — ٢٠٠٨، ل٣٦٥-٣٦٦.

ئێوە هەتانەو لاتانە – هەرچەند زۆریش بێت – هەر کۆتایی دێت و دەبڕێتەوە، بەڵام ئەوەی لای خودایە هەرگیز بڕانەوەی بۆ نیە). هەروەها ئەوەی کە دەفەرموێ: (کل من علیها فان و یبقی وجهُ ربك ذو الجلال والاکرام (الرحمن:٢٦–٢٧)– هەرچی لەم سەرزەویەدا هەیە، ئادەمیزاد بێت، یان هەرکام لە گیانلەبەرانی تر، هەموویان لەناودەچن، و ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها خودای خاوەن شکۆو بەخشندەیە، ئینجا ئیتر ڕۆژی دوایی دێت). ئەو مەرجی بەقا لە فەنابوونداە دەبینێ و بۆیە: (فاذا فنی العبد عن أوصافه أدرك البقاء بتمامه – ئەگەر بەندە لە ئافاتی خەسڵەتەکانی فانی بوو، ئەوا بە مانەوە – بەقا – ی تەواو دەگات، تا نزیکی و دووری و ترس‌و هۆگربوونی نەمێنێ. تا هۆشیاری (صحو) و مەستی (سکر)[٣٦٠] و فراق و بەدیدارگەیشتن (وصال) نەبێ، تا چیتر سڕینەوەو ڕیشەکێشکردن (اصطلام) نەبێ، ناوو ناوبانگ و خەسڵەت و ژمارە لەلای نەمێنێ". هەروەها دەڵێت: "من فني من المراد بقي بالمُراد – هەرکەسێك لە ویستی خۆی فانی بێت، ئەوا بە ویستی خودا پایەدار (باقی) دەبێت، چونکە ویستی تۆ هەر خۆی فانیەو ویستی خودا پایەدارە، جا ئەگەر لە بیری ڕاگرتنی ویستی خۆتدا بیت، ویستت فانی دەبێ. قیامەت – مانەوەو هەڵسانەوە – ت بە فەنابوون دەبێ. ئەگەر هێشتا لەژێر ویست‌و هەڵسوکەوتی ویستی حەق – خودا – دا بیت، ئەوا ویستی حەق پایەدارەو هەڵسانەوەو مانەوەت دەستگیر دەبێ"[٣٦١].

لێرەوە بەگشتی لەوە تێدەگەین، کە لە ڕاستیدا مانای فەنا لە بابەتە عرفانیەکاندا بەمانای گۆڕان‌و ئاڵوگۆڕکردن دێت‌و "هۆکاری ئەوەشی، کە هەندێك وشەی فەنایان بەمانای لەناوچوون‌و نەمان زانیوە، ڕەنگە لەوێوە بێت، کە پاش گۆڕان‌و ئاڵوگۆڕی ئەوکەسە فانیە،

---

[٣٦٠] مەبەست لە هۆشیاربوونەوە (صحو) لای عارفان بریتیە لە گەڕانەوەی عارف بۆ حاڵەتی هەست گەڕانەوە، پاش حاڵەتی مەستی (سکر) کە عارف دوچاری سەرسوڕمانێك‌و کێشکردنێکی کتوپڕ بۆ جوانی دۆست – خودا – دەبێت‌و ئابڵەق دەبێت لە جیایی (تفرقة) بەرەو یەکی و شادی و گوشادی دەروونی (انبساط) دەڕوات. بڕوانە: د.الحفني، معجم مصطلحات الصوفية، ل١٣١، ١٤٩.

[٣٦١] هجویری، کشف المحجوب، ل٣٦٣–٣٦٤.

ئیتر خەسڵەتەکانی پێشووتری لەناوچوونو تایبەتمەندی نوێ، جێگەی ئەوانەی گرتووەتەوە"[٣٦٢].

لەلایەکی ترەوە عارفان جگە لە کوشتنی نەفس – بە فەنابوون یان تەزکیە – باوەڕیشیان بە کوشتنی عاشق – عارف یان سالکی عاشق – لەلایەن مەعشوق – خودا – وە هەیە، تۆ خۆت لە عشقەوەو بە ئیختیاری خۆت لەبەردەم مەعشوقدا، کە غیرەی هەیەو قەبوڵ ناکات کەسی تر لە دڵی تۆدا لە پەنایدا هەبێت[٣٦٣] – دەبێ بکوژیو بوونت نەمێنێو ئەگەر ئازارو ناخۆشیو کوشتنی ئەوت – کوشتنی مەعنەوی– بە خۆشیو میهرەبانییەوە وەرنەگری، ئەوا– وەک عارفان دەڵێن – هێشتا پوختو پێگەیشتوو نیت.

دواجار دەتوانین بڵێین، کە خودی ژیانو مردن – بەو مانا گشتیەی، کە لای ئێمەی مرۆڤە ئاساییەکان هەیە – لای عارفان نیەو لەخۆیدا مەبەست نیە، بەڵکو مەبەستیان لە ژیان و مردنێکی ئیختیاریە، کە "مرۆڤ بە ئیختیاری خۆی، ئیختیاری ئەوەی، کە خودا پێیداوە بداتەوە بە خودا. واتە ببێت بە بەشێک لە یاسا گەردونیەکانی خوداو بەوشێوەیە ڕەفتار بکات کە خودا – نەک خودی – دەیەوێ: (ان صلاتي ونسكي ومحياي ومماتي لله رب العالمين (الأنعام:١٦٢)– تۆ بە بێباوەڕانو هاوبەشپەیداکەرەکان بڵێ: (بێگومان پەیوەندیەکانم لەگەڵ خودا– واتە نوێژ – و جوڵەو پەرستنەکانم و ژیانو مردنم هەمووی هی خودایەو بۆئەوە)"[٣٦٤]، هەروەها لەلایەکی ترەوە ژیان و مردن لای عارفان لەخۆیدا مەبەست نیە، چونکە عارف بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕێ – نەک تەنها بە عەقڵ بەڵکو زیاتر بە چێژو

---

[٣٦٢] بابك حشمت نجف اباد، موت معنوی و تمثیلات أن در مثنوی مولوی، ل٣.

[٣٦٣] عارفان باوەڕیان وایە، چیرۆکی تاقیکردنەوەی ئێجگار قورسی سەربڕینی ئیسماعیل لەلایەن باوکیەوە (ئیبراهیم) – کە لە ڕاستیدا ئیبراهیم ویستو خۆویستیو ڕەحمی خۆی لەبەرامبەر خودادا سەربڕی – هەروەها دورخستنەوەی دەیان ساڵەی یوسف لە یەعقوب پێغەمبەریش بێت – لە دڵی بەندە گەورەکانیداو لە پەنای خودادا هەبێ. بڕوانە: أرش نراقی، أینه جان، چ١، نشر نگاه معاصر، ١٣٨٨ – ٢٠٠٩، ل٤٦ بەدواوە.

[٣٦٤] د.مصطفی محمود، الوجود و العدم، ل٦٣.

دۆزینەوە – کشفی – ی مەعنەوی، ئەمەش دیارە لە ژیانداو لەم بوونەدا دەکرێ، بەڵام ئەگەر زانی، ئیتر ناتوانێ لە ژیاندا ئەوە بکات، ئەوا حەز دەکات بە مردن[٣٦٥] بەوە بگات[٣٦٦].

لەلایەکی ترەوە ئەگەر کێشەی مردن بەدیوە قوڵەکەیو کاریگەرەکەیدا– من دەمرم! نەک مردن هەیە بەگشتی– کێشەیەکی خودی بێت– وەک بوونگەراکان پێداگری لەسەر ئەمە دەکەن– ئەوا عرفانی ئیسلامیی و عارفان ئەم کێشەیە لە ئاستی یادکردنی مردندا وەک سەفەرێکی مەترسیدار بە کێشەیەکی خودیو تاکەکەسی دەبینن، بەڵام هاوکات بەرەو ڕەهەندێکی گشتی – حەقیقەتی ڕووت و بنەڕەتی – دەبن، چونکە ئەوان پشتەوەی هەموو دیاردەکان – بە مردنیشەوە – دەبینن[٣٦٧].

---

[٣٦٥] ئەفلاتونیش کە دەڵێ: گەورەترین ئامانجی فەلسەفە، مردنە. بەم واتایە دێت، کە نهێنیەکانی بۆ مرۆڤ ئاشکرا دەبێ. بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری دووەم، ل٧٦.

[٣٦٦] بڕوانە: د.مجدي ابراهيم، مشكلة الموت عند صوفية الاسلام، ل٣٣٨.

[٣٦٧] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ل٣٣٩.

بەشی دووەم

چەمکی ژیان لەشیعری مەولانا و مەولەوی دا

پاری یەکەم/ بوون، دونیا، ژیان لای مەولانا

٢-١-١/ (بوون) لای مەولانا

باسکردن لە تێڕوانینی مەولانا بۆ ژیان، بەبێ باسکردن لە تێڕوانینی بۆ (بوون) و (دونیا) مەحاڵە، چونکە تێڕوانینی ئەو (بوون) و (عەدەم) بناغەیە بۆ چەمکەکانی ترو دونیاو جیهانیش بە دەرکەوتنێکی جیهانی عەدەم دەبینێ. لای ئەو هەبووی ڕاستەقینە تەنها خودایەو شتەکانی تر عەدەمنو لەوەوە پەیدابوون. بوون لای مەولانا وەک بوونێکی فیزیکیو دەرەکی باسکراوەو هەروەها بەمانای سروشتیو جەوهەری شتەکانیش هاتووە. ئەمە جگە لە باسکردنی بوونی قوڵی مرۆڤ، کە بە بەجێهێشتنی ئەو بوونەی کە هەمانە بۆ ئەو بوونەی، کە پێویستە پێیبگەین، بەدەستدێت.

٢-١-١-١/ مەبەست لە دروستکردنی (بوون)

"مەولانا باوەڕی وایە، جگە لە خودا هەموو بونەوەران لە کردارەکانیاندا مەبەستێکی زیاتر لە خودی خۆیان هەیە، ئەمەش لەبەرئەوەیە، کە لە خۆیاندا کەمی (نقص)یّك هەیەو دەیانەوێ بەو کردارە، تەواوی (کەمالّ) بەخۆیان ببەخشن. بە نمونە، کەسێك کە لە پێناوی بەدەستهێنانی زانستدا تێدەکۆشێ، دەیەوێ کەموکوڕی نەزانینی خۆی قەرەبوو بکاتەوە، بەڵام خودا لە خودی خۆیو دەسەڵاتیدا تەواوە، بەڵکو ئەو بەر لە دروستکردنی جیهانیش لە هەموو سیفاتەکانیدا کاملّ بووە. وەك پێشەوا عەلی (خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت: "بصیرُ اذ لا منظور الیه من خلقه[٣٦٨] — خودا بینا بوو، کاتێك کە هێشتا هیچ بونەوەرێك بەدینەهاتبوو، کە سەیری ئەو بکات!). لێرەوە مەولاناش بەدیهێنانی بوون لەسەر بناغەی (بەخشندەیی) و (بەزەیی) خوداوە — نەك سوودی بۆی هەبێت — ڕاڤە دەکات"[٣٦٩]. بۆیە لە زمانی خالقەوە دەڵێت:

---

[٣٦٨] الامام علی بن أبي طالب، نهج البلاغة، ل٢٤.

[٣٦٩] بڕوانە: کریم زمانی، میناگری عشق، ١٣٨٩ — ٢٠١٠، چ٨، نشر من، تهران، ل٥٤.

من نکردم أمر، تاسودی کنم　　تاکه من بر بندگان جُودی کنم[٢٧٠]

مەولانا باوەڕی وایە، کە هەبووی ڕاستەقینە تەنها خودایەو شتەکانی تر لەوەوە بوونیان پەیدا بووە، لێرەوە، کە ئێمە بوونێکی ڕاستەقینەمان نیە، بە عەدەم دادەنرێین و — عەدەم لێرەدا بەمانای نەبوونی ڕەها نیە، کە دژی بوونە، بەڵکو بەمانای قۆناغی نابەرجەستەبوونە[٢٧١] —. کەواتە ئێمە — بونەوەران — نەبووی هەبوو نوێنین. لەکاتێکدا خودا بوونی ڕەهاو هەبووە، بەڵام نەبوو نوێن[٢٧٢]:

ما عدم هاییم و هستی های ما　　تو وجود مطلقی، فانی نُما[٢٧٣]

مەولانا باوەڕی وایە، نەک تەنها بوونو پێداویستیەکانی ئێمەی مرۆڤ لەنێو بووندا پێداویستیە لاوەکیەکانی وەک کردارو گوفتارو حاڵو...هتد، لە بارانی (فیض) بوونی ئەوەوە — خودا — پەیدابووە، وادەزانین لێرەدا کاریگەری بیری (ئەفلۆتین) و (فارابی) لەسەر مەولانا دەردەکەوێ[٢٧٤]. بەڵکو سەرچاوەی بوونی ئێمەش لە خالقیەتی ئەوەوە پەیدابووە. واتە لێرەدا مەولانا وەک عارفێك باوەڕی بە فەنای کرداری — افعالی — هەیەو باوەڕی وایە، هیچ کردارێك و توانایەکی مرۆڤ ناکرێ بدرێتە پاڵ مرۆڤ، چونکە مرۆڤ وایە کە (لا أملك لنفسي نفعاً و لا ضراً الا ماشاء الله (الأعراف:١٨٨)— هیچ دەسەڵاتێکی سوودگەیاندن یان زیانگەیاندن بە خۆمم نیە، مەگەر خوا بیەوێت):

بادما و بودما از داد توست　　هستی ما جمله از ایجاد توست[٢٧٥]

لێرەدا (باد ماو بودما — ئەوەی هەمانەو هەمانبووە) ئاماژەیە، بۆ شتە لاوەکیە پێویستەکان (عرضي) — نەک جەوهەری — کە پێداویستیەکانی بوون وەک کردارو حاڵەکانو جوڵەو وەستانەکان دەگرێتەوە[٢٧٦].

---

[٢٧٠] مثنوی، دفتر دوم، بیت: ١٧٥٦.

[٢٧١] بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری سێیەم، (ژیان و مردن لە سۆفیگەری و عرفانی ئیسلامیدا)، ل١٠٢.

[٢٧٢] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر اول، ل٢٢٤.

[٢٧٣] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٦٠٢.

[٢٧٤] بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری یەکەم، (چەمکی ژیانو مردن لە فەلسەفەدا)، ل٧٤.

[٢٧٥] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٦٠٥.

دواتر مەولانا دەڵێ: خودایا! تۆیت کە چێژی (بوون)، بە ئێمەی (عەدەم) بەخشی. هەر تۆیت، کە ئەم بوونەوەرە هەبوو نوێنانەت — بە مرۆڤیشەوە — عاشقی خۆت کردوە. واتە هەبووەکانی جیهان، کە نەبووی هەبوو نوێنن، عاشقی سەرچاوەی دروستبوونی خۆیانن[۳۷۷]:

لذت هستی نمودی نیست را عاشق خود کردەبودی نیست را[۳۷۸]

"مەولانا پێمان دەڵێ، ئامانج و مەبەست لە دروستبوونی مرۆڤ لە بوونداً، بەندایەتی (عبودیة)[۳۷۹] کردنو خواپەرستیە. هەر لەبەر ئەنجامنەدانی ئەم مەبەستەشە، واتە نەکردنی بەندایەتیو نەکردنی زەویو بوون بە پەرستگای حەق — خودا — خودا دۆزەخ دەکات بە پەرستگای مرۆڤە لەخۆبایی‌و سەرکەشەکان[۳۸۰]:

چون عبادت بود مقصود از بشر شد عبادتگاه گردن کش سَقَر[۳۸۱]

مەولانا پێمان دەڵێ، ڕاستە مرۆڤ لەم جیهانەدا، ئیختیاری پێ دراوەو دەتوانێ هەرکارێك ئەنجامبدات، بەڵام مەبەستی سەرەکی لە دروستبوونی ئەو، خزمەتکردنو خودا پەرستنە:

أدمی را هست در هر کار دست لیك او مقصود این خدمت بُده است[۳۸۲]

بەڵکو مەبەست لە دروستبوونی هەموو جیهانیش هەر ئەوەیە[۳۸۳]:

ما خلقت الجن والأنس، این بخوان جز عبادت[۳۸٤] نیست مقصود از جهان[۳۸۵]

---

[۳۷٦] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر اول، ل۲۲۵.

[۳۷۷] هەر ئەو سەرچاوە، ل۲۲۵.

[۳۷۸] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٦۰٦.

[۳۷۹] لە زمانی عەرەبیدا (عبدَ) بەمانای ڕێککردنو (عبدالطریق) واتە ڕێگاکەی بێ کۆسپ و کەند کرد. لێرەوە بەندایەتی (عبودیة) بەمانای ئەوە دێت، کە مرۆڤ بە ویستو ئیختیاری خۆی، خۆی بکاتە ڕێگەیەکی بێ کۆسپ و کەند لەبەرامبەر ویست و فەرمانی خوداداو ئەمەشە بەندایەتی. بڕوانە: سەبور عەبدولکەریم (شکار)، ڕەنگدانەوەی کەسێتی و دنیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا — بەتایبەت لای مەحوی و حافزی شیرازی — ، ل۱۱٦.

[۳۸۰] کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر سوم، ل۷۵۵.

[۳۸۱] مثنوی، دفتر سوم، بیت: ۲۹۸٦.

[۳۸۲] هەر ئەو سەرچاوە، بیت: ۲۹۸۷.

[۳۸۳] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر سوم، ل٤۲۲.

٢-١-١-٢/ ماناو ئاما نجی بوون

مەولانا لەڕێگەی چەند نمونەو نواندنێکەوە، ئەوە ڕوونەدەکاتەوە، کە دروستکردنی جیهان ئامانجدارە نەك بێهودەو بێ مانا[٣٨٦]. ئەمەش لەم دەقەدا دەردەبڕێت:

١. هیچ نقاشی نگارد زین نقش — بی امید نفع، بهر عین نقش؟
٢. بلکه بهر میهمانان و کیهان — که به فُرجه وارهند از انُدهان
٣. شادی بچگان و یاد دوستان — دوستان رفته را از نقش ان
٤. هیچ کوزه گرکند کوزه شتاب — بهر عین کوزه، نه بر بوی اب؟
٥. نقش ظاهر، بهر نقش غایب است — و اُن برای غایب دیگر ببست
٦. همچو بازی های شطرنج ای پسر — فایدهٔ هر لعب در تالی نگر[٣٨٧]

ئەو لە بەیتی یەکەمدا دەڵێ: ئایا هیچ نیگارکێشێك دەستدەکەوێ، کە نیگارێك بەبێ پاڵنەری کەڵك و سودو تەنها لەپێناوی وێنەکێشاندا وێنە بکێشێو هیچ ئامانجێکی لێی نەبێت. واتە گەر دروستکراوێك لە کردارو جوڵەکانی خۆیدا بێ ئامانج نەبێ، چۆن مومکینە خودایەکی دانا لە نیگارکێشانو دروستکردنی دروستکراوەکاندا، بێ ئامانج و حیکمەت بێت؟.

لە بەیتی دووەمدا پێمان دەڵێ: ئەو نیگارکێشە، نیگارو وێنەکانی — بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ — لەپێناوی تەماشاکردندا دەیکات، تا میوانی گەورەو بچوك ببینن و لە خەمو ناخۆشیو ناشیرینیەکان ڕزگاریان بێت.

---

[٣٨٤] هەندێ لە ڕاڤەکارە سۆفیەکان (لیعبدون) بە (لیعرفوا — واتە جیهان بۆ ناسینی خودا (دروستکراوە) — لێکدەدەنەوە. بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری سێهەم، (ژیان و مردن لە سۆفیگەری و عرفانی ئیسلامیدا)، ل١١٣.

[٣٨٥] مثنوی، دفتر سوم، بیت: ٢٩٨٨.

[٣٨٦] لە فەلسەفەدا ئاراستەیەك باوەڕی بە بێ مانایی‌و بێ ئامانجی ژیانە. بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری دووەم، ل٨١.

[٣٨٧] مثنوی، دفتر چهارم، بیت: ٢٨٨١ — ٢٨٨٦.

لە بەیتی سێیەمدا پێی وایە، نیگارکێش، بەو نیگارو وێنانەی کە دەیکێشێ، دەیەوێ منداڵان شادومان بکاتو دۆستانیش بە سەیرکردنی ئەو نیگارانە، یادەوەری دۆستانی دیارنەماو لەدەستچوویان بە زیندوویی ڕابگرن.

لە بەیتی چوارەمدا دووبارە دەپرسێ: ئایا هیچ گۆزە دروستکەرێك هەیە گورجوگۆڵانە گۆزە لەپێناوی گۆزەکە خۆیدا – بێ ئەوەی خەڵك لە یادەوەریدا نەبێ – دروستبکات؟، یان بەبێ ئەوەی ئەوە ڕەچاوبکات، کە گۆزە ئامرازێکی بەهرەمەندبوونە لە ئاو؟.

لە بەیتی پێنجەمدا، نمونە بە دەفرو قاپ دروستکەرو خۆشنووس دەهێنێتەوەو هەمان پرسیار دەکات: کە ئایا بێ مەبەستو ئامانج ئەو کارەیان دەکەن؟. دواتر وەك دەرئەنجامێك پێمان دەڵێ، وێنەی ڕواڵەتی لەپێناوی وێنەی ناخەکی (باطني) و نادیاردا دروستکراوەو هەر وێنەیەکی ناخەکیش لە خۆیدا لەپێناوی وێنەیەکی ناخەکی باڵاتر لە خۆیدا بەدیهاتووە.

واتە لێرەدا مەولانا دەیەوێ پێمان بڵێ، "جیهان هەمیشە لە حاڵەتی لەدایکبوونو زاووزێدایەو ئەم زنجیرەی خەلقە بەردەوامە، لەژێر چاودێری سیستێمی هۆکارو هۆکارساز (سبب و مسبب)دا پەیوەندییان لەگەڵ یەکدی هەیەو ڕەوتی تەواوکردنو بڵندکردنەوە دەپێون، تا سەرئەنجام بە ئامانجی ئامانجەکانو کۆتایی کۆتاییەکان – خودا – دەگەن. ئەمەش – وەك لە بەیتی شەشەمدا هاتووە – وەك جوڵەکانی دانەی شەترەنج وایە، کە دەبێ کەڵكو ئەنجامی جوڵەی هەر دانەیەك لە جوڵەکانی دواتردا ببینی"[٣٨٨]:

٢-١-١-٣/ نهێنی دروستکردنو لەناوچوون لە بووندا

مەولانا لە بەسەرهاتێکدا، ڕازو نهێنی پەیدابوونو لەناوچوونی بونەوەران دەخاتەڕوو. ئەم بەسەرهاتەش لەسەر بنەمای گێڕانەوەی گفتوگۆیەکی نێوان موسا پێغەمبەر (د.خ) و خودا ڕێکخراوە. ئەنجامی ئەم گفتوگۆیە، ئەوەیە، کە هەر بونەوەرێك لەپێناوی گەیشتنی بە

---

[٣٨٨] کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر چهارم، ل٨٠٩-٨١٢.

حاڵەتی تەواویەتی (کەماڵ)ی شایستەی خۆیدا دروستکراوە[٣٨٩]، کە پێویستە پێبگات[٣٩٠].

ئەمەش پوختەی تێکستەکەیە:

١. گفت موسی: ای خداوند حساب — نقش کردی، باز چون کردی خراب؟
٢. نرو ماده نقش کردی جانفزا — وأنگهان ویران کنی این را چرا؟
٣. گفت حق: دانم که این پرسش تورا — نیست از انکار و غفلت و ز هوا
٤. لیك می خواهی که در أفعال ما — باز جویی حکمت و سرِّ بقا
٥. تا از أن واقف کنی مر عام را — پخته گردانی بدین هم خام را
٦. موسیا تخمی بکار اندر زمین — تا تو خود، هم وادهی انصاف این
٧. داس بگرفت و، مر أن را می بُرید — پس ندا از غیب در گوشش رسید
٨. که چرا کِشتی کنی و پروری — چون کمالی یافت، أن را می بُری؟
٩. گفت: یارب ز أن کنم ویران و پست — که در اینجا دانه هست و کاه هست
١٠. نیست حکمت این دو را أمیختن — فرق واجب می کند در بیختن
١١. گفت: این دانش تو ازکی یافتی؟ — که به دانش بیدری بر ساختی
١٢. گفت: تمیزم تو دادی ا ی خدا — گفت: پس تمییز چون نبود مرا؟
١٣. در خلایق روح های پاك هست — روح های تیرهٔ گِلناك هست
١٤. این صدف ها نیست در یك مرتبه — در یکی دُرّ هست و در دیگر شبه
١٥. واجبست اظهار این نیك و تباه — همچنانکه أظهارِ گندم ها ز کاه
١٦. کنت کنزاً گفت مخفیاً شنو — جوهر خود گُم مکن، اظهار شو[٣٩١]

لە بەیتی یەکەمو دووەمدا موسا بە خودا دەڵێت: ئەی خودای وردەکارو ئاگادار بە کرداری مرۆڤەکان، تۆ کە بوونەوەرانت دروستکرد، بۆچی دوبارە ئەوان لەناودەبەیت؟.

---

[٣٨٩] ئەرستۆش ئامانجی ژیان بەوە دەزانێ. بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری یەکەم، ل٧٦.

[٣٩٠] بڕوانە: کریم زمانی، میناگری عشق، ل٥٦.

[٣٩١] مثنوی، دفتر چهارم، أبیات: ٣٠٠١ به بعد.

حیکمەتی ئەوکارە چیە، کە نێرومێی جوانو سەرنجڕاکێش دروستدەکەیتو دواتر هەموو ئەوانە لەنێودەبەیت؟ حەق – خودا – فەرمووی – بەیتی سێهەمو چوارەمو پێنجەم – : ئەی موسا، دەزانم، کە ئەم پرسیارانەی تۆ، لە نکولیکردنو بێ ئاگایی دەروونی شەپەنگێز (نفس)تەوە نیە، بەڵکو دەتەوێ حیکمەتی ئێمەو ڕازو نهێنی بەردەوامیی دروستکراوەکانی ئێمە بزانی. تا پاش لە پەیبردنو زانینی ئەو ڕازو نهێنیانە، خەڵکی لێ ئاگادار بکەیتەوەو کەسە پێنەگەیشتووەکان بە پێگەیشتوویی و تەواویەتی بگەێنی – واتە ئەو تەنها لەپێناوی خودی خۆیدا پرسیار ناکات، بەڵکو دەیەوێ خەڵکی پێبگەێنێت –.

دواتر خوداوەند بە موسای وت – بەیتی شەشەم – : تۆوێك لە زەویدا بچێنە، تا بە ویژدانەوە وەڵامی ئەم پرسیارەی خۆت بدەیتەوە.

کاتێك، کە موسا، تۆوەکانی لە زەویدا چاندو کشتوکاڵەکەی کاتی بەرهەمدانی هاتو گوڵە گەنمەکانی سەریان بڵند کردەوەو پێگەیشتن، ئەوکات – بەیتی حەوتەم – داسێکی بەدەستەوە گرتو دەستیکرد بە درەوکردنی گوڵە گەنمە پێگەیشتووەکان.

دەنگێك لە جیهانی نادیار (غیب)ەوە هاتو پێی گوت – بەیتی هەشتەم – : ئەی موسا بۆچی تۆوەکان دەچێنیو پەروەردەیان دەکەیت، و کاتێك کە لە شێوەی گوڵە گەنمدا دەرهاتنو پێگەیشتن، ئەوان درەو دەکەیت؟.

موسا وتی – بەیتی نۆو دە – : پەروەردگارا! بۆیە وێرانی دەکەمو درەوی ئەو گوڵە گەنمانە دەکەم، چونکە شایستە نیە، کە گەنم بخرێتە نێو عەنباری کاوەو کاش لەعەنباری گەنمدا بێ، چونکە لەناودەچێت. بۆیە حیکمەت نیە، کە گەنم و کا پێکەوە تێکەڵ بکرێن. حیکمەت و دانایی ئەوەیە ئەم دوانە، لە یەکتری جودا بکرێنەوە.

لێرەوە خودا بە موسای وت – بەیتی یانزەو دوانزە – : ئەم زانستە لە کێوە فێربوویت، کە بەهۆی ئەوەوە خەرمانێکت دەستکەوت؟ موسا گوتی: خودایا! ئەم هێزی جیاکردنەوەو ناسینە، تۆ بە منت بەخشیوە.

خودای بااڵدەست فەرمووی: زۆرباشە، کەواتە چۆن دەبێ من هێزی جیاکردنەوەو ناسینم نەبێ؟. واتە لەکاتێکدا کە هێزی ناسینم بە تۆ داوە، چۆن مومکینە، کە خۆم ئەوەم نەبێت؟

لەکاتێکدا کە بەخشەری شتێك، خۆی خاوەنی ئەو شتەیە. خودا وتی — بەیتی سیانزەو چواردەو پانزە — : لەنێوان دروستکراوەکاندا هەم رۆحە پاکەکان هەیەو هەم رۆحە ئالۆدە بە خاکەکان هەیە — واتە هەندێك لە خەڵکی ناخێکی خاوێنو دوور لە تۆزی مادیگەری و ئارەزووبازی هەیەو کۆمەڵێکیش ناخێکی ئالۆدە بە پیسیو خراپیی هەیە —.

دواتر مەولانا لە زمانی خوداوە دەڵێت: هەموو گوێچکە ماسیەکانی دەریا یەکسان نین، چونکە لە گوێچکە ماسیەکدا مرواری شاردراوەتەوەو لە یەکێکی تردا هاوشێوەی مرواریەو لەڕاستیدا بەردی ڕەشە — واتە مرۆڤەکان بە ڕواڵەت یەك قاڵبیان هەیە — بەڵام نابێ هەمووان لەڕووی ڕۆحیو ناخەکیەوە بە یەکسان دابنێین، چونکە هەندێ لەوان خاوەنی مرواری ئەخلاقیو ڕۆحینو هەندێکیش لێکچووی گوێچکەماسیو مروارین، بەڵام لەڕاستیدا بەردی ڕەشی خراپن.

بۆیە وەك ئەوەی، کە دەبێ گەنم لە کا جیابکرێتەوە، دەبێ چاکان لە خراپان جیابکرێنەوە. دروستکراوەکانی جیهان — مەولانا لە زمانی خوداوە دەڵێت — لەو ڕووەوە دروستکراون، تا گەنجینەی حیکمەتە شاردراوەکانی خودا، بە داپۆشراوی و شاراوەیی نەمێننەوە.

دواتر مەولانا لە کۆتایی گفتوگۆکەدا دەڵێت— بەیتی شانزە — : ئەو وتەیە ببیستە کە حەق—خودا— فەرمووی (من گەنجینەیەکی شاردراوە بووم‌و حەزمکرد بناسرێم، بۆیە دروستکراوەکانم دروستکرد تا بناسرێم[۳۹۲]. کەواتە تۆش — ئەی مرۆڤ — دەروونی خۆت دامەپۆشە، بەڵکو ئەو ئاشکرا بکە — واتە وەك ئەوەی کە خودای بالادەست خودی شاردراوەی خۆی بە دروستکردنی مرۆڤ و جیهان ئاشکرا کرد، تۆش گەوهەری ڕاستەقینەو لایەنی خودایی خۆت بە خۆپەروەردەکردن و خواپەرستی ئاشکرا بکەو پەردەی ڕۆحی ئاژەڵی و ئارەزووە خراپەکانی خۆت فڕێبدەو جیابکەرەوە[۳۹۳].

---

[۳۹۲] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری سێیەم، (ژیان و مردن لە سۆفیگەری و عرفانی ئیسلامیدا)، ل۹۹

[۳۹۳] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر چهارم، ل۸۵۰–۸۵۳.

٢-١-١-٤/ سەرسوڕمان کلیلی نهێنی بوون

"مەولانا باوەڕی وایە نهێنی (بوون) و ڕازی بەدیهێنانی (بوون)، ناتوانرێ لەڕێگەی کلیلی عەقڵی بەڵگەخوازی – استدلالی – یەوە بکرێتەوە، بەڵکو دەبێ بە کلیلی سەرسوڕمان – حیرت – ی عارفانە بکرێتەوە"[٣٩٤]:

یانه این است ونه آن، حیرانی است گنج باید جُست، این ویرانی است[٣٩٥]

ئەو پێمان دەڵێ بەدوای فرەیی دیاردەکاندا مەڕۆ، چونکە ئەوە جگە لە وێرانی هیچی تر نیە، و هەموو خەڵکی نغرۆی ئەوەن، بەڵکو بەدوای گەنجینەی یەکیەتیدا – وحدت – بگەڕێ، کە هەموو دیاردەکان بۆ ئەو دەگەڕێتەوەو ئەمەش بە سەرسوڕمانی عارفانە دەبێت[٣٩٦].

٢-١-١-٥/ ماناکانی بوون لای مەولانا

بوون یان وجود، حەقیقەتێکی بەڵگەنەویستە، کە دەرکەوتنو بەرجەستەبوونی هەموو شتێك بەوەوە بەستراوە. لەوێوە، کە بوون بەڵگەنەویسترین شتە، بەهیچ شێوەیەك پێناسە وەرناگرێ، مەگەر ڕاڤەکردنی ناو یان زاراوەکەی نەبێت. چونکە بوون لە ماهیەتو شتە لاوەکی (عوارض)یەکانی ماهیەت بە دووڕەو عەدەمیش بەرامبەری بوونە. مەولانا جگە لەم مانا ئاشکرایانە، بوونو عەدەمی بەمانای تریش بەکارهێناوە[٣٩٧]، کە ئاگاداربوون لەوە پێویستە[٣٩٨]، کە وادەزانین لەم جۆرانەدا کۆدەبێتەوە: (بوون وەك جەوهەر، بوون وەك

---

[٣٩٤] کریم زمانی، میناگر عشق، ل٥٧.

[٣٩٥] مثنوی، دفتر سوم، بیت: ٩٧٢.

[٣٩٦] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر اول، ل٧٤١.

[٣٩٧] کریم زمانی، میناگر عشق، ل٥٨.

[٣٩٨] ئەوکاتانەی کە سەرقاڵی سەیرکردنی سەرچاوە فارسیەکانی تایبەت بە مەولانا بووین، جێگەی سەرنج بوو، کە بینیمان، کەسێتییەکی ئەکادیمی بەناوی د.سیدە مریم أبوالقاسمی کە فەرهەنگی بەنرخی (اصطلاحات ومفاهیم عرفانی دیوان شمس)ی داناوە، کەوتوەتە ئەو هەڵە زانستییەوە کە دەڵێت: "مەولانا لە مەسنەوی دا (وجود – بوون)

هەبووی ڕاستەقینەو مەجازی. عەدەم بەمانای هەبووی نەبوو نوێنو بوون بەمانای نەبووی هەبوو نوێن. بوونو نەبوون وەك مەسەلەیەکی ڕێژەیی. خۆپەرستیو منگەری نەبوونەو فەنای عارفانە (بوون)ە).

مەولانا باوەڕی وایە، خودا سروشتی (بوون)ی بە شتەکان داوەو ئەم بوونە لە جەوهەری بونەوەرەکاندایە، نەك لە قەبارەو ژمارەدا. لێرەوە بە نمونە سەدان هەزار گوێدرێژی کێوی‌و ئازا، لەبەرامبەر هەڵمەتی شێرێکدا، بەهیچ دادەنرێن:

صد هزاران گور ده شاخ و دلیر — چون عدم باشند پیش صَوْل شیر
در رُخی بنهد شعاع اختری — که شود شاهی، غلام دختری[۳۹۹]

ئەو — خودا — بە ڕوخسارێك، درەوشاوەییەکی ئەستێرەیی وا دەبەخشێ، کە پادشایەك دەبێتە خزمەتکاری کچێك.

"مەبەست لە بوونی ڕاستەقینە (حەقیقی)، بوونێکە، کە هەبوونی ئەو لە خۆیدایەو بەخۆی وەستاوە، بەڵام بوونی مەجازی بوونێکی خوازراوو پاشکۆیەو بە کەسێکی تر، وەستاوە. بۆیە لەم بەیتانەی مەولانادا کە دێت، مەبەست لە عەدەم یان نەبوون، بوونی حەقیقیەو مەبەست لە بوون یان هەبوون، بوونی مەجازی نابەردەوامە"[۴۰۰].

مەولانا پاکو بێگەردی شایستەی خودا دەزانێ کە عەدەمی بەراوردو هاوتای عەدەمێکی تر کردو عەدەمی عاشقی عەدەم کرد. یان بەواتایەکی تر پاکو بێگەردی بۆ خودایەك کە عەدەمی ژێرو ژوور کردو بونەوەرانی بەدیهێنا:

پاك الهی که عدم برهم زند — مر عدم را بر عدم عاشق کند
در دل نه دل، حسدها سَرکُند — نیست را هست این چنین مُضطر کند[۴۰۱]

به بوونی مادی دەزانێ"! بڕوانە: سەرچاوەی ناوبراو، ل۸۸۰. کە ئەمەش ڕاست نییەو لە بەیتەکانی دواتردا ئەوە دەردەکەوێت.

[۳۹۹] مثنوی، دفتر ششم، أبیات: ۳۰۵٦، ۳۰۵٤.

[۴۰۰] کریم زمانی، میناگر عشق، ل۵۸.

[۴۰۱] مثنوی، دفتر پنجم، أبیات: ۱۲۰٦ — ۱۲۰۷.

(برهم زدن) بەمانای دروستکردنی بەیەکداکێشانە لەنێوان شتەکانداو هەروەها بەمانای ژێرو ژوور کردنو وێرانکردن دێت. واتە مانای بەیتەکە ئەوەیە، کە بونەوەرانی ئەم جیهانە کە لە پلەی نەبوونو عەدەمدان، بەپێی ئەو سروشتەی کە پێیان بەخشراوە، دڵ پەیوەستیان بۆ یەکتر هەیە. لە دڵێکدا – لەڕاستیدا دڵ نیە – ئیرەییەک دەردەخات، هەبوو بەم جۆرە دەستەویەخەی عەدەم دەکات. واتە حەزرەتی هەبوو – خودا – بونەوەران، کە لە پلەی عەدەمی زیادکراو (اضافي)دانو وەک بونەوەری سێبەرین، بەهۆی ئیرەییەوە دوچاری پەرێشانی و ناکۆکی دەکات[٤٠٢].

"مەولانا پێمان دەڵێ، ئەی سالك و مرۆڤی مەعنەوی! ئەگەر بەڕاستی پەروەردگارت دەوێ و بەڕاستی کەسێکی خوداویستو خوداپەرستی، ئەوا لە بوونی مەجازی خۆت بگەڕێوەو یەرەو بوونی ڕاستەقینە ڕێگە بگرەبەر"[٤٠٣]:

باز گرد از هست، سوی نیستی طالب ربی و ربا نیستی[٤٠٤]

کەواتە مەولانا لێرەدا نەبوون (عەدەم) بەمانای جیهانی نادیارو نابەرجەستە – نەک نەبوو – کە خوداش خاوەنیەتی و خۆشی وەک ئەو نادیارە – بە هەبوونی ڕاستەقینە دەزانێ و مرۆڤی مەعنەوی و ڕاستەقینە بەوە دەبینێ، کە ئەم حەقیقەتە دەبینێ و بەرەو ئەوێ هەنگاودەنێ.

ئەو باوەڕی وایە ئەم عەدەمە – بوونی ڕاستەقینەو بێ کۆتو بەندی بەرجەستەیی – سوودو کەڵك بۆ مرۆڤ بەرهەمدێنێ بۆیە لەو هەڵمەیێ. بەڵام ئەم بوونە – بوونی بەرجەستەو مەجازی و جیهانی فرەیی – هەمیشە لە حاڵەتی کەم و زیادی دایەو شوێنی خەرجکردنە نەك مانەوە. واتە سەرمایەکانی ئەم جیهانە بەرەو لەناوچوون دەڕۆن، لەکاتێکدا جیهانی مانا هەمیشە بەردەوامو پایەدارە. ئەمەش لەبەرئەوەیە، کە جیهانی بەرین، کە جیهانی مانایە، بوونی حەقیقی هەیەو بوونی ڕاستەقینەش لەناوناچێ، لە حاڵێکدا کە بوونی مەجازی بە جیهانی فەنا دەسپێردرێت:

---

[٤٠٢] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر پنجم، ل٣٣٨.

[٤٠٣] کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر دوم، ل٢٠١.

[٤٠٤] مثنوی، دفتر دوم، بیت: ٦٨٨.

جای دخل است این عدم، از وی مَرَمَ جای خرج است این وجود بیش و کم[٤٠٥]

مەولانا پێمان دەڵێ: ئەی مرۆڤ لەو بوونە مەجازیو ساختەیەت بترسە، کە لەودا گرفتاریو لەو خەیاڵاتە هیچانەی کە هەتەو لەو بوونەت کە هیچە – مەگەر بوونی وەهمیت لە بوونی ڕەها – خودا – دا لەناوببەیت، تا بوونی ڕاستەقینەت بۆ دروست ببێ:

از وجود ی ترس کاکنون در وی ای أن خیالت لاشی و تو لاشی ای[٤٠٦]

مەولانا باوەڕی وایە، لەو ڕووەوەی، کە کارگەی دروستکردنی بوونەوەر، جیهانی عەدەمی خودایە – کە نادیارە – کەواتە هەرکەسێك لەو کارگەیە بچێتە دەرەوە هیچ بەهایەکی نامێنێ:

کارگاه صنع حق، چون نیستی است پس بُرون کارگه بی قیمتی است[٤٠٧]

لێرەدا نەبوونو عەدەم، بەمانای فەنابوونی عرفانی دێت. واتە ئەگەر مرۆڤ بە هۆشیاریەوە خۆی فەنا نەکاتەوەو پەیوەندی بە جیهانی عەدەمو ماناوە نەکات، ئەوا هیچ بەهایەکی نابێ[٤٠٨].

"مەولانا باوەڕی وایە، جیهانی هەستەکان لەڕاستیدا نەبوون، بەڵام لە پۆشاکی هەبووندا دەردەکەون. بەڵام جیهانی خودایی و مەعنەوی، حەقیقەتانێکن، کە لە دیوی ڕواڵەت بینانەوە بە عەدەم و نەبوو دەژمێردرێن"[٤٠٩].

ئەو دەڵێت:

١. گر همی خواهی سلامت از ضرر چشم ز اول بند و پایان را نگر

٢. تا عدم ها را ببینی جمله هست هست ها را بنگری محسوس، پست

٣. این ببین باری که هر کِش عقل هست روزو شب در جستجوی نیست است

---

[٤٠٥] مثنوی، دفتر دوم، بیت: ٦٨٩.

[٤٠٦] مثنوی، دفتر ششم، بیت: ١٤٤٧.

[٤٠٧] مثنوی، دفتر دوم، بیت: ٦٨٨.

[٤٠٨] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر دوم، ل٢٠٢.

[٤٠٩] کریم زمانی، میناگر عشق، ل٥٩.

٤. هست ها را سوی پس افگنده‌اند نیست ها را طالب‌اندو بنده‌اند[٤١٠]

مەولانا پێمان دەڵێ: — بەیتی یەکەم‌و دووەم — ئەی مرۆڤەکان! ئەگەر دەتانەوێ لە زیان و زیانی ڕاستەقینە بەدوورین و سەلامەت بن، ئەوا سەرەتا چاوی ڕوالەتی دابخەو بەچاوی چارەنوس و کۆتایی بین بڕوانە. بەمەش تا بتوانی عەدەمەکان بە هەبوو ببینی و هەبووەکانی جیهانی هەست، بە نزم و بێ نرخ ببینی.

تا بەوە — بەیتی سێهەم — سەرنج لەوە بدەیت و بزانیت، کە هەرکەسێک، هۆشیار بێت‌و عەقڵێکی لەسەردابێ، شەوو ڕۆژ بەدوای عەدەمدا — جیهانی نابەرجەستە — دا دەگەڕێ. واتە ژیران خوازیاری حەقیقەتن. گەرچی حەقیقەت لە دیدی مرۆڤە ڕوالەت بینەکاندا شاراوەیەو ئەوان ئەو شاردراوەییە بە نەبوون لێکدەدەنەوە.

دواتر نمونە دەهێنێتەوە — بەیتی چوارەم بەدواوە —، کە جوتیار لە کێڵگەکەیدا کە کاردەکات، خوازیاری بەرهەمێکە، کە هێشتا بەدەست نەهاتووە. هەروەک نەمام نێژەکانیش لە باخەکانیاندا خوازیاری درەختی بەرهەمدارن، کە هێشتا نین‌و بەرهەمیان نیە. لە قوتابخانەدا قوتابی خوازیاری زانستێکە، کە ئەو زانستە هێشتا بەدەستی نەهێناوە. هەروەک چۆن زاهدو خواپەرستێک لە پەرستگەیەکدایەو خەریکی پوختکردنەوەی ناخی خۆیەتی تا بە ئارامی‌و ڕەوشتە جوانەکان بگات، کە هێشتا نین‌و بەدەستنەهاتوون. لەم نمونانەوە، دواجار مەولانا بەو دەرئەنجامە دەگات: کە ڕۆشن بینان ئەوانەن، کە بوونی مەجازی خۆیان بەرەڵڵا کردوەو تامەزرۆو شەیدای بوونی حەقیقین، کە بە ڕوالەت نەبوون یان بە (نەبوو) دەردەکەون[٤١١].

مەولانا باوەڕی وایە، هەر بونەوەرێک کە لەپشت پەردەی عەدەمەوە دێتە سەر تەختەی بوون، بەگوێرەی یەکێک ژەهرەو بۆ یەکێکی تر شەکرە. واتە چونکە دونیا مالّی ڕێژەیی (نسبی) و بەگوێرەیی بوون (نسبیت)ە، ئەوا خێرو شەڕی هەر بونەوەرێکیش ڕێژەییە:

---

[٤١٠] مثنوی، دفتر ششم، أبیات: ١٣٦٠ به بعد.

[٤١١] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر ششم، ل٣٩٣–٣٩٥.

هر وجودی کز عدم بنمود سَر بریکی زهرست و بردیگر شکَر[٤١٢]

مەولانا باوەڕی وایە خودا، بوون (ئاسمان و زەوی) لە جیهانی شاردراوەی عەدەمەوە دروستکردو بەدیهێناو پایەخی زەوی ڕاخست[٤١٣]:

چون همی کرد از عدم گردون پدید وین بساط خاك را می گسترید[٤١٤]

مەولانا باوەڕی وایە مرۆڤیش وەك بونەوەرانی تر لە شاردراوەیی جیهانی عەدەمەوە، هاتووەتە ئەم جیهانی بینراوە. دەسا ئەی مرۆڤ – مرۆڤی نکولیکەر لە حەق – بۆچی سەرت بادەدەیت و خۆت نابینا دەکەیت! واتە بۆچی لە جیهانی نادیارو زیندووبونەوەو ژیانی هەمیشەیی جیهانەکەی تر ڕوو وەردەگێڕێ، لەکاتێکدا، کە لە جیهانی عەدەمەوە هاتیتە ئەم جیهانەو هیچ جۆرە سەرپێچیو ڕوو وەرگێڕانێکت نەکرد![٤١٥]:

سرچه می پیچی؟ کُنی نادیده‌ای در عدم ز اول نه سر پیچیده‌ای؟[٤١٦]

وادەزانین مەولانا لێرەدا دەیەوێ جەبریەتی حاڵی مرۆڤ لە هاتنە ئەم جیهانە بیری بخاتەوە، تا ئەو ئیختیارەی کە پێیدراوە، دژی جیهان و حەقیقەتەکانی بوون بەکارنەهێنێتەوە.

مەولانا باوەڕی وایە هۆکاری بڵندبوونەوەو عروجی مەعنەوی، لە فەنابوون‌و نەبووندایە. واتە تەنها لەڕێگەی نەفیکردنی منیەتی و لابردنی خۆپەرستیەوەیە، دەتوانرێ بە پلە بااڵکانی مەعنەویەتو عرفان بگەیت. چونکە ئاین و ڕێبازی عاشقانی ڕاستەقینە، خاکی بوون و نەفیکردنی خۆپەرستیە:

١. چیست معراج فلك؟ این نیستی عاشقان را مذهب و دین نیستی

٢. پوستین و چارُق أمد، از نیاز در طریق عشق، محراب أیاز

---

[٤١٢] مثنوی، دفتر پنجم، بیت: ٤٢٣٦.

[٤١٣] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر ششم، ل٨١٥.

[٤١٤] مثنوی، دفتر ششم، بیت: ٣١٣٥.

[٤١٥] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر ششم، ل١٠٤٨.

[٤١٦] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٣٦٧٨.

٣. چونکه از هستی خود او دور شد منتهای کار او محمود بُد

٤. یاکه دید چارقش زآن سد پسند کز نسیم نیستی، هستی است بند[٤١٧]

مەولانا وەک ئاماژەیەک باس لە ئەیازی خزمەتکاری سولّتان مەحمود دەکات – کە لێرەدا هێمایە بۆ خوداو مرۆڤ – کە هەموو ڕۆژێك بەرلە چوونی بۆلای سولّتان، سەرەتا سەیرێکی کولّەبالّو پێلّاوە بە موو چنراوەکەی سەردەمی شوانی خۆی دەکرد، تا ڕابردووی خۆی لەبیرنەکاتو خۆبەزلزانو خۆپەرست نەبێت. دەسا تۆش ئەی مرۆڤ – مەولانا دەلّێ – هەموو ساتێك لەبیری ئەوەدا ببە، کە لە بناغەدا تۆ مشتێك خاك‌و ئاوێکی بۆگەنی ناو سکی دایك بووی‌تو سەرئەنجامیش دەبیت بە تەرمێکی بێگیان، دە کەواتە ئەم هەموو خۆبەزل زانینەت لەچی؟!.

چونکە ئەو (ئەیاز – مرۆڤی مەعنەوی) لە خۆپەرستی دوورکەوتەوە چارەنووسی کاری ئەو بە خێر تەواوبوو. واتە ئەیاز – مرۆڤ – بوونی خۆی لەبەرامبەر بوونی سولّتان – خودا – دا فانی کرد، بۆیە چارەنووسی کارەکانی ئیجابی‌و ستایشکراو بوو.

"مەولانا پێمان دەلّێ، سەیرکردنی کولّەبالّو پێلّاوە لە موو دروستکراوەکان – واتە حەقیقەتی بناغەو سەرچاوەی سادەیی خۆ–، لەوەدا پەسەند کراوەو باشە، چونکە بوونی مەجازی (ناڕاستەقینە) دەبێتە لەمپەر لەبەردەم هاتنی نەسیمی بوونی ڕاستەقینەو حەقیقیدا. لێرەدا مەبەست لە نەبوون، بوونی ڕاستەقینە یان مەقامی هەژاری (فقر) و فەنای عارفانەیە. و مەبەست لە (بوون)یش، بوونی ساختەو درۆزنانەو ڕواڵەتیانەی مرۆڤو خۆپەرستی‌و خۆ بە گەورە زانینە"[٤١٨].

مەولانا پێمان دەلّێ، تەواوی خەڵکی بەهۆی ئەوەی لە عەدەمو نەبوون دەترسن، واتە لە فەنابوون لەنێو خودادا دەترسن، ڕێگەی هەڵە دەگرنە بەر. لەکاتێکدا ئەو فەنابوونە پەناگەی دڵنیاکەرەوەیە بۆ ئەوان. لێرەدا عەدەم، بەمانای فانی بوونە لە بوونی وەهمی‌و مەجازی – ساختە – ی خۆ. واتە کۆڕانی دونیا ئەوەندە شەیدای (خودیەتی) و خۆپەرستی

---

[٤١٧] مثنوی، دفتر ششم، أبیات: ٢٣٣ به بعد.

[٤١٨] کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر ششم، ل٨٧–٨٩.

بوون، ئامادەنین، ببنە ڕێبوارێکی ڕێگەی حەقیقەتو لەو ڕێیەدا دەست لە خواستە نزمو بێ بەهاکانیان هەڵبگرنو خواستەکانی خۆیان لە خواستەکانی حەق – خودا – دا فانی بکەن، چونکە ئەو ڕێگەیە بە ڕێگەیەکی زەحمەتو سەخت بۆ پەڕینەوە دەزانن و بەمەش ڕێگەی ئاسانی ئارەزووبازی و لێژو نشێوی خۆپەرستی دەبڕن[٤١٩]:

جمله عالم زین غلط کردند راه　　کز عدم ترسندو، أن أمد پناه[٤٢٠]

"مەولانا باوەڕی وایە، ڕاستە عارفان و دۆستانی خودا لەڕووی بوونی وەهمیو مەجازیەوە فانی دەبن، بەڵام لە جیهانی ناوەوەدا لەگەڵ حەق – خودا – دا مانەوە (بەقا)یان بەدەستهێناوە. چونکە حەق – خودا – ش هەبووی نەبوو نوێنە، واتە لە ڕوالەتدا نادیارە، وەک چۆن دۆستەکانی – اولیاء – کە دەرخەری بوونی ئەو – خودا – ن، ئەوانیش لە ڕوالەتداو لەڕووی بوونی مەجازیەوە نەبوون، بەڵام لەڕووی واقیعەوە، هەبوون بە بوونی خوداوە. بوونی ئێمەش لەهەمان ئەو بوونە نادیارە – خودا – وە سەرچاوە دەگرێت"[٤٢١]:

اندرونی کاندرونها مست ازوست　　نیستی کین هستهامان هست ازوست[٤٢٢]

مەولانا لێمان دەپرسێ: ئاوێنەی بوون (وجود) چییە؟ نەبوونە. ئەگەر بەڕاستی نەزان نیت، ئەوا بۆ بەردەم بارەگای حەق – خودا – دیاری نەبوونو فەنا ببە. واتە خۆت لە بوونە مەجازییەکان تێپەڕێنەو مالئاوایی لە خۆبینیو خۆپەرستیو (من) و (ئێمە)یی بکە. وەک ئاوێنە بە، چونکە ئەگەر ئاوێنە ژەنگو ڕەنگی تری پێوە نوسا، خاوێنیو دەرەوشاوەیی خۆی لەدەستدەدات و شت پیشان نادات. بەهەمان شێوە تا کەسێک خودی خۆی لە ژەنگ و ڕەنگی بوونی وەهمی دوورنەخاتەوەو بە مەقامی بێڕەنگی نەگات، ناتوانێت بوونی ڕاستەقینەی خۆی ببینێ:

أینه هستی چه باشد؟ نیستی　　نیستی بر، گر تو ابله نیستی[٤٢٣]

---

[٤١٩] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر ششم، ل٢٥٤.

[٤٢٠] مثنوی، دفتر ششم، بیت: ٨٢٢.

[٤٢١] کریم زمانی، میناگر عشق، ل٦١. هەروەها: شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر اول، ل٦٣٩.

[٤٢٢] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٢٠٨٠.

[٤٢٣] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٣٢٠١.

"چونکه وەک لە یاسای لۆژیکدا هاتووە "تعرف الأشیاء باضدادها – هەر شتێك بە دژەکەی خۆی دەناسرێت". دەوڵەمەندانی بەخشندە بە هەبوونی هەژاران‌و بەخشین بەوان، سیفەتی ناخیان لە بەخشندەیی و بەزەیی دەردەکەوێت. کەواتە هەژاری ئاوێنەی دەوڵەمەندییە"[٤٢٤]:

هستی اندر نیستی بتوان نمود مال داران، بر فقیر آرند جود[٤٢٥]

٢-١-١-٦/ پێگەیشتنی مەولانا بەرهەمی بەجێهێشتنی (بوونی خوازراو)[٤٢٦] و گەیشتنی بە (بوونی ڕاستەقینە) یە

هەموو سەرچاوەکانی ژیانی مەولانا لەوەدا هاوڕان، کە ئەوەی مەولانای کرد بە مەولانا دیداری بوو لەگەڵ شەمسی تەبریزی دا. شەمس ڕاستە کەسێکی بلیمەت‌و زانابوو، بەڵام مەولانا لەو کەمتر نەبوو. ئەو زانستێکی نوێی فێری مەولانا نەکرد، بەڵکو ئەو بوونێکی نوێی بە مەولانا بەخشی. ئەو ڕاسپاردەی سەرسوڕهێنەری بۆ مەولانا هەبوو، یەکێك لەوانە داوای لە مەولانا کرد واز لە خوێندنەوەی کتێب بهێنێ‌و ئەمەش بۆ کەسێکی زانا کارێکی سەختە.

شەمس – وەک مەولانا خۆی وێنای کردوە – داوای لێکرد دوکانی ڕابردووی – واتە جۆری مامەڵەی ژیانی ڕابردوی دابخات – کە دەرس وتنەوەو وەعزو فتوادان‌و...هتد بوو، چونکە کان و گەنجینەیەکی نوێ هەیەو خەریکی ئەوە ببە[٤٢٧]:

جانب تبریز در شمس حقم دیده‌اند ترك دُکان خواندند چونك بکان آمدند[٤٢٨]

---

[٤٢٤] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر اول، ل٩٢٧.

[٤٢٥] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٣٢٠٢.

[٤٢٦] بۆ واتای بوونی خوازراو) و (بوونی ڕەسەن) بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری دووەم، ل٩٦.

[٤٢٧] بڕوانە: د.عبدالکریم سروش، در حضور حضرت مولانا، www.dr.sorosh.com

[٤٢٨] دیوان شمس: غزل: ٨٨٦.

ئەم گەنجینە نوێیە، ئەمەیە، کە خۆی باسیدەکات:

مردە بدم زندە شدم، گریە بدم خندە شدم دولت عشق أمدو من دولت پایندە شدم[٤٢٩]

"مەولانا خۆی دەڵێ: مردوو بووم، زیندوو بومەوە! جاران من گریاو بووم و وەک (غەزالی)[٤٣٠] — مەبەستی پێشەوا غەزالییە — و ترس لە خوداو ناڕەحەتیەکانی ڕێگەی ژیانو ژیانی دوایی، پلەی منی بە مەقامی ترس (خوف) گەیاندبوو، دەگریام، بەڵام ئێستا خەندە کەوتە سەر لێوم و ئیتر ترس و گریان نەما. واتە منی لە سۆفیگەری ترس ئامێز (تصوف خوفی)یەوە بەرەو سۆفیگەری عشق ئامێز (تصوف عشقی) برد"[٤٣١].

مەولانا ئەم گۆڕانە گەورە بەرەو عشقی خودایی، بە چوونە نێو باخێکی سەوزو بێ کۆتایی دەزانێت، کە لەم باخەدا جگە لە خەم و شادی، میوەی فراوانی جۆراوجۆری تر هەیە. ئەو وادەبینێ، کە عشق و خۆشەویستی زاتی خودا لە عشقی سیفاتی خودا بالاترە:

باغ سبز عشق کو بی مُنتهاست جز غم و شادی دراو بس میوەهاست

مەولانا باوەڕی وایە، عاشقی لە هەردوو حاڵەتی خەم و شادی بڵندترو لەپێشترە. لە عشقدا بەبێ هاتنی بەهارو خەزان، هێشتا هەر تازەو سەوزی هەیە. واتە بەهاری عاشقی، جاویدانیو هەمیشەییە. ئەو — مەولانا — بەهۆی ئەو گۆڕانەیەوە بەو باوەڕە دەگات، کە خەم و شادی بەشێکن لە هەڵچوونە زوو تێپەڕە دەروونیەکانو سۆفی کەسێکە، کە ڕۆحێکی کارتێکەری هەیە نەک کارتێکراو. واتە شادی دروستکەرە نەک شادی وەرگر. وەک چۆن خوداش کارتێکەرەو کارتێکراو نیە[٤٣٢]:

عاشقی زین هردو حالت، برترست بی بهارو بی خزان، بندو ترست[٤٣٣]

---

[٤٢٩] دیوان شمس: غزل: ١٧١٣.

[٤٣٠] د.عبدالکریم سروش لە کتێبی (قصۀ أرباب معرفت)دا، بەراوردی ئایدیای (غەزالی) لەگەڵ مەولانا کردوەو بۆئەوەش ئاماژەی بە کتێبەکانی (غەزالی) وەک (احیاء علوم الدین) و (المنقذ من الظلال) و هتد... کردوە. بڕوانە: د.عبدالکریم سروش، سەرچاوەی ناوبراو، ل٧٥ بەدواوە.

[٤٣١] د.عبدالکریم سروش، قمار عاشقانە، ١٣٨٦ — ٢٠٠٧، انتشارات صراط، تهران، ل٩.

[٤٣٢] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر اول، ل٥٦٥.

[٤٣٣] مثنوی، دفتر اول، بیت: ١٧٩٣ — ١٧٩٤.

مەولانا پاش ئەوەی پێشتر باسی ئەو گۆڕانەی بەوە دەستپێکرد، کە مردوو بووم، زیندووبومەوەو گریاو بووم، ڕوو بە خەندە بووم، دواتر ئەم گۆڕانو عشقە وادەبینێ، کە گیانی ئازایەتی — لەبری ترس — و چاوتێریو تێری مەعنەویو دلێری وەک شێری بەدەستهێناو وەک ئەستێرەی زوهرە — وەک دەڵێت — ڕووناک بوومەوەو درەوشامەوە:

١. دیدهٔ سیراست مرا، جان دلیراست مرا — زهرهٔ شیراست مرا، زُهرهٔ تا بنده شدم
٢. گفت که دیوانه نئی، لایق این خانه نئی — رفتمُ دیوانه شدم، سلسله بندنده شدم
٣. گفت که "تو شمع شدی، قبلهٔ این جمع شدی — "جمع نیم، شمع نیم، دود پراکنده شدم
٤. گفت که "شیخی و سری، پیشرو راهبری" — شیخ نیم، پیش نیم، امر تورا بنده شدم
٥. تابش جان یافت دلم، واشد و بشکافت دلم — اطلس نو بافت دلم، دشمن این ژنده شدم
٦. زُهره بدم ماه شدم، چرخ دوصد تا شدم — یوسف بُدم، یوسف زاینده شدم[٤٢٤]

لێرەدا مەولانا — بەیتی یەکەم — پێمان دەڵێ (عشق) تێری بە مرۆڤ دەبەخشێ. ئیمان و عشق ئەو دوو شتەن دەروونی مرۆڤ تێر دەکەن.

دوای (تێرکردن)، خەسڵەتی دووەمی ئیمان (دلێری) و ئازایەتی بەخشینە، بۆیە مەولانا دەڵێ:

زهرهٔ شیراست مرا

واتە من نەڕەو ئازایەتی شێرم.

خەسڵەتی سێهەم، کە تێیدا دروستبوو، کە خەسڵەتێکی تری ئیمان و عشقە، بریتیە لە ڕۆشن بوونەوە:

زُهرهٔ تا بنده شدم

مەولانا بۆمان باسدەکات، کە چۆن بوو بە مەولاناو چۆن شەمس دەستی گرتو براو گەیٚنرا بەو پلەیە. مەولانا نهێنی ئەوە دەدرکێنێ، ئەو دەڵێت: سەرەتا شەمس پێی وتم — بەیتی دووەمو سێیەم — : ئەبێ دێوانە ببیو لە عەقڵی باو دەربچیو لە سەرنجی ڕواڵەتی

---

[٤٢٤] دیوان شمس: غزل: ١٧١٣.

دەست هەڵبگری. چونکە تا ئەوە نەکەیت، شایستەی مانّی خۆشەویست– خودا– نابی، بۆیە من– مەولانا دەڵێ– ڕۆیشتم و دێوانە بووم، زنجیرەکانم و کۆتەکانم پساند.

دواتر پێی وتم: تۆ بوویت بە مۆم و زۆر خۆشەویست بوویت[٤٣٥] و بوویتە قیبلەی خەڵک، خەڵکێکی زۆر دەوری داویتو کەوتویتە نێو کۆمەڵێك لە بەندو خۆشەویستی ئەوانەوە، کە ئەمە زۆرجار وادەکات، بەدڵی ئەوان قسە بکەیت! پێی وتم خۆشەویستی خەڵک زیندانێکی تەواوە، بە هەموو مەرجەکانی زیندانەوە، یەکێك لەو مەرجانەی ئەوەیە، کە بەوانەوە پەیوەند دەبیو ئەوان تۆ ڕادەگرنو ناهێڵن زیاتر برۆیتو بڵند ببیتەوە. سەقفی تۆ ئەوەندەیە، کە لە سنوری دونیای ئەواندایە. تۆ ئێستا ڕاوکراوی دەستی ڕەزامەندی خەڵکی! بۆیە مەولانا دەڵێ: پێم وت، چیتر من مۆم نیم و کۆمەڵ و ڕای زۆرینەم ناوێ، ئەو بوونەم چیتر نەهێشتو بووم بە دوکەڵی پرژو بڵاو!.

واتە مەولانا بە شەمس – پیرەکەی – وت: وا دەستم لە هەموو ئەوانە هەڵگرت و خستمنە لاوە. دەڵێ – شەمس – پێی وتم – بەیتی چوارەم – : تۆ شێخ و سەرداری خەڵکی! پێشڕەو و ڕابەری! لەبەرامبەر ئەو بوونە نوێیەی، کە شەمس پێی بەخشیم وتم: لەمەودوا چیتر شێخ نیم، پێشەوا نیم، من بەندەی بەردەم فەرمانی تۆم![٤٣٦].

لێرەوە مەولانا دەستی لە هەموو گیرەر (تعلقات)ەکان، یەك لەدوا یەك هەڵگرت، چونکە شەمس بە قوڵی لە ناخی مەولانادا بە عشق و باوەڕ داوای لێکرد، ئەو بەندانەی کە دەستی بەستبوو لابدات. کاتێك کە خۆی لەو گیرەرەو ڕەزامەندی خەڵکەو...هتد، و لەو بوونە مەجازیو ناڕاستەقینە – ساختە بەمانا وجودیەکەی – هەڵگرت، ئەوکات – بەیتی پێنجەمو شەشەم – گۆڕانێکی گەورە لە مەولانادا ڕویدا: ڕۆشنایی گیان بەدڵی گەیشتو دڵی

---

[٤٣٥] سەرچاوەکانی ژیانی مەولانا باس لەوەدەکەن، کە مەولانا گەرچی تەمەنی کەمتر لە (٤٠) ساڵ بوو، بەڵام بێ ئەندازە لەنێو خەڵکدا پایەو ڕێزی هەبوو، لای بەرپرسانو خەڵکی شاری قونیە – تورکیا – ڕێزی هەبوو و خانەقاو مزگەوترهەبوو و زانای زۆری لە دەور بوو موریدی هەبوو. بڕوانە: بدیع الزمان فروزانفر، زندگی مولانا، ١٣٨٧ – ٢٠٠٨، چ١، شرکت مطالعات و نشر کتاب پارسە، تهران، ل٧٥ بەدواوە.

[٤٣٦] بڕوانە: د.عبدالکریم سروش، در حضور حضرت مولانا، بخش دوم. www.dr.sorosh.com

کرانەوەی بەسەردا هاتو لێرەوە — مەولانا دەڵێ — نوێبوومەوەو جوگرافیایەکی نوێ لە ژیانمدا دروستبوو، چونکە جلوبەرگی پیسی رابردوو — بوونێك کە خەڵك بۆی دروستکردبووم — فڕێمدا. جاران ئەستێرە بووم، بووم بە مانگ!، بووم بە دووسەد بوون و گەردوون! یوسف بوم — جوانیی مەعنەوی — واملێهات یوسفەکان لە منەوە لەدایك دەبوون!.

ئامۆژگاری سەرەکی (شەمس) بۆ مەولانا ئەوەبوو، کە بە قوڵی تێبگەیاند، کە تۆ بەهۆی گیرەر (تعلقات)ەوە جۆراوجۆرەکانەوە قورس بوویتو توانای بڵندبوونەوەی زیاترو فڕینت نەماوە، ئەگەر ئەتەوێ ئەوە بکەیت ئەبێ بارت سووك بکەیتو ئەو گیرەرانەی کە تۆی سنوردار کردوە بپسێنە، تا بتوانی گەشە بکەیتو بەدوامدا بێیت. مەولاناش وایکرد.

کاری یەکەمی شەمس لەسەر مەولانا ئەوەبوو، کە ئەوی دەستەمۆ (تسخیر) کردبوو. چیتر لەبەردەم ئەم مرۆڤە گەورە سەرسوڕهێنەرەدا ئیختیاری نەمابوو. ئەم حەقیقەتە مەولانا لە (مەسنەوی)دا دەربڕیوە:

پیش شیری اهویی بیهوش شد — هستی اش در هستی او روپوش شد

چون زبانه شمع پیش افتاب — نیست باشد هست باشد در حساب[٤٣٧]

مەولانا بە زمانی هێما قسە دەکات، ئەگەرچی لێرەدا باس لە فەنای عاشقە لەنێو مەعشوقدا، بەڵام لەڕاستیدا باسی حاڵی مەولانا خۆیەتی. ئەو وەك ئاسکێك لەبەردەم شێرێکدا وشکبوو، بوونی خۆی لەدەستداو لە بوونی شێردا داپۆشرا — وەك گڕی مۆم لەبەردەم ڕوناکی خۆردا کە هەیە، بەڵام وەك نەبوو دادەنرێ!. ئەوی ئاسك لەبەردەم شێردا مەدهۆش و مەست بوو، بە تەعبیری مەولانا خۆی (ڕوپۆش) بوو بەو (شەمس). کاتێك کە هەبوویەك لە هەبوویەکی تردا فەنا دەبێ، تەواوی سیفاتی ئەو وەردەگرێ. کاتێك کە ئاسك بوونی لەبەردەم شێردا ون دەکات، تەواوی سیفاتی شێر وەردەگرێت. وەك پارچە ئاسنێك کە، دەچێتە نێو کورە ئەویش دەبێت بە بەشێك لە کورەو ئاگر. واتە مەولانا لە خۆی ڕووت بوویەوەو سیفاتی خۆی — ئاسکی — نەماو بە سیفاتی شەمس— شێر — داپۆشرا. سیفەتی یەکەمی شێر ئەوەیە، کە خاوەن ئیرادەیە — ئیرادەیەکی بەهێز —. بەهێزە لە

---

[٤٣٧] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ٣٦٧١، ٣٦٧٦.

ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکاندا، بەهێزە لە زاڵبوون بەسەر گیانلەبەرانی تردا. واتە ئەم سیفەتە زانستیی نەبوو، سیفەتێ بوو بۆ ڕۆحی ئەو، بۆ هیممەتی ئەو، بۆ ئیرادەی ئەو دەگەڕایەوە[٤٣٨].

"کەواتە شەمس – مەولاناش – پێمان دەڵێن، ژیانو بوونی ڕاستەقینە لە بار سوکیو فڕێدانی گیرەرەکاندایە، ئەوانەی کە بەشێك نین لە بوونی ڕاستەقینەی تۆ. هەروەها پێمان دەڵێن، بوونو ژیانو خۆشی لەوەدایە، کە کاری خۆت – جەوهەری مرۆڤانە – بکەیت. پێمان دەڵێن، لە زەوی خەڵکیدا خانوو دروست مەکە، کاری خۆت بکە، کاری بێگانە مەکە!"[٤٣٩]:

در زمین مردمان خانه مکن　　کار خود کن کار بیگانه مکن[٤٤٠]

٢-١-٢/ دونیا لای مەولانا:

٢-١-٢-١/ پێناسەی دونیا لای مەولانا

سەرەتا "لای مەولانا، پێناسەی (دونیا) بریتیە لە هەر شتێك کە ببێتە کۆسپو لەمپەر لەبەردەم مرۆڤدا تا یادی خودا بکات. لێرەوە بەخششو نیعمەتە دونیاییەکانی وەك سامانو ژنو منداڵو...هتد لە خۆیاندا دونیای نێگەتیف نین، بەڵکو دەتوانن ببنە هۆکاری بڵندکردنەوەی لایەنی مەعنەویو ئەخلاقی مرۆڤو چوونی بەرەو کەماڵو بەمەش دونیا بێزراوو بێ بایەخ نیە، بەڵکو هۆکاری جوڵەیە بەرەو مەبەستی بنەڕەتی مرۆڤ"[٤٤١]:

چیست دنیا؟ از خدا غافل بُدن　　نی قماش و نقره و میزان و زن

مال را کز بهر دین باشی حمول　　نعمَ مال صالح خواندش رسول

---

[٤٣٨] بڕوانە: د.عبدالکریم سروش، قیامتگاه عشق. www.dr.sorosh.com

[٤٣٩] د.عبدالکریم سروش، در حضور حضرت مولانا. www.dr.sorosh.com

[٤٤٠] مثنوی، دفتر دوم، بیت: ٢٦٢.

[٤٤١] مرضیه کاووسی حسینی، دنیا در مثنوی، کتاب ماه مجله ادبیات و فلسفه، ل١١٢.

أب در کشتی هلاك کشتی است أب اندر زیر کشتی پشتی است[٤٤٢]

لێرەدا ئەو پێمان دەڵێت، ئەوە خودی کەرەستە مادیەکانی دونیا، وەک زیوو قوماش و زن و...هتد نین، کە خراپ و بێزراون، بەڵکو دونیا– نزم و کەم بایەخ – ئەوەیە، کە مرۆڤ لە خودا بێئاگا دەکات. لێرەوە کەرەستە مادیەکانی ژیان، بۆ کەسێك کە هەڵگری ئاین و مەعنەویەت بێت – وەک پێغەمبەر (د.خ) فەرموویەتی – شایستەیە بەو، و ئاو – خۆشەویستی دونیاو پابەندبوون پێوەی – کاتێك کە چووە نێو کەشتیەوە – ناخی مرۆڤ – هۆکاری لەنێوبردنیەتی، بەڵام ئەگەر لەژێری کەشتیدا بێت – واتە مرۆڤ لە سەرووی دونیاوە بوو نەك بە پێچەوانەوە – ئەوا پشتیوانەو مرۆڤ بە کەناری ئامانجی دەگەێنێ.

٢-١-٢-٢/ تایبە تمەندییەکانی دونیا:

لە دیدی مەولاناوە دونیا، چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، کە لەمانە پێکهاتووە: (دونیا نوێو دروستکراوە، نەك ئەزەلیو کۆن. کۆڵەکەو ڕاگری ژیانی دونیا لەسەر بێئاگایی دامەزراوە. دونیا پێکهاتەیی، هاوکات تێکدەری خۆی دەردەبڕێت. جیهان شوێنی جەنگەو لەسەر دژیەکی (پارادۆکسیکاڵ) وەستاوە. دونیا نەبووی هەبوو نوێنە. دونیا هەمیشە لە نوێبوونەوەدایە. دونیا مالّی فانیە).

"مەولانا لە دەفتەری چوارەمی مەسنەوی داو لەمیانەی گفتوگۆی عارفو فەیلەسوفێکدا، مەسەلەی نوێیو دروستکراوی (حدوث)ی جیهان دەسەلمێنێو هۆکاری نکولیکردنی فەیلەسوف لەوە، بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە، کە چونکە ئەو – مرۆڤە فەیلەسوفەکە – بەشێکە لە جیهان، ئەو ناتوانێ سەرنجێکی گشتی بەسەر هەموو جیهاندا هەبێت. وەك ئەوەی باران بەرامبەر بە هەورو گەردیلەی روناکی بەرامبەر بە خۆرو کرم بەرامبەر بە شیاکەی ئاژەڵ ناتوانن، دنیابینی گشتگیریان هەبێت"[٤٤٣]:

---

[٤٤٢] مثنوی، دفتر اول، أبیات: ٩٨٣ – ٩٨٥.

[٤٤٣] مرضیه کاووسی حسینی، دنیا در مثنوی، ل١١٢.

دی یکی می گفت عالم حادث است　　فانیست این چرخ و حقش وارث است

فلسفی گفت چون دانی حدوث　　حادثی ابر چون داند غیوث[٤٤٤]

"مەولانا باوەڕی وایە ژیانی ئەم دونیا لەسەر ستوونو کۆڵەکەی بێئاگایی بنیاتنراوە. واتە لەم ژیانەدا ڕازو نهێنیە گەورەکانی ژیان نابێت بۆ خەڵکی ئاشکرا بێت، چونکە ئەگەر ئاشکرا بێت، ژیان بە تەواوی ڕوخسارێکی ترو شێوازێکی تر پەیدا دەکات. هەریەک لە ئێمە گومانمان لەوە نیە، کە دونیا بەجێدەهێڵین، بەڵام هیچ کاممان نازانین، کەی بەجێیدەهێڵین. ئەگەر ئەم نەزانینە بە زانست بگۆڕێ، واتە بزانین کەی لە دونیا دەڕۆین، بێگومان ئەم ژیانە ڕەنگو بۆو ڕوخسارێکی تر وەردەگرێت. ئێمە لە جیهانێکی فراوانی بێئاگاییدا دەژین، ئەم بێئاگاییەشە کە ڕێکخستنێکی ئێستایی‌و بەم جۆرەی بە ژیان بەخشیوە"[٤٤٥]:

أُستن این عالم ای جان، غفلت است　　هوشیاری، این جهان را آفت است

هشیاری زآن جهان است و چوآن　　غالب آید، پست گردد این جهان

زآن جهان اندك ترشُّح می رسد　　تا نفُردّ در جهان، حرص و حسد

گر ترشّح بیشتر گردد ز غیب　　نی هنر ماند در این عالم، نه عیب[٤٤٦]

"مەولانا لێرەدا بەڕوونی پێمان دەڵێ، ئەگەر هۆشیاری‌و ئاشکرابوونی نهێنیەکان لەو جیهانەوە – جیهانی پاش مادەو جیهانەکەی تر – بێت بۆ ئەم جیهانە، ئەوا جیهان‌و ژیان تێکدەچێت، بەڵکو تەنها نمەیەک‌و پرژەیەکی ئەو هۆشیاری‌و ئاشکرابوونە دێت، تا ژیان بەردەوام بێت"[٤٤٧].

"مەولانا دونیا وەک گوێزێك دەبینێ، کە کاکڵەو ناوکی نەبێت‌و پوچ بێت، کەواتە بایەخی لە خۆیدا نیە، ئیتر نەتەوێ ئەزموونی ئەم حەقیقەتە بکەیت، بەڵکو لەڕێگەی

---

[٤٤٤] مثنوی، دفتر چهارم، أبیات: ٢٨٣٣ – ٢٨٣٤.

[٤٤٥] د.عبدالکریم سروش، پیام عارفان، www.dr.sorosh.com

[٤٤٦] مثنوی، دفتر اول، أبیات: ٢٠٦٦ – ٢٠٦٧، ٢٠٦٩ و ٢٠٧٠.

[٤٤٧] د.عبدالکریم سروش، پیام عارفان، www.dr.sorosh.com

ناخۆشیەکانی ئەوێوە بە بەخششە بەردەوامەکان دەگەین، بەڵام بەخششەکانی دونیا مانەوەیان بۆ نیەو بەهادار نین"[٤٤٨]:

جوز پوسیدەست دنیا ای امین امتحانش کم کن از دورش ببین[٤٤٩]

مەولانا باوەڕی وایە، دونیا سروشتی خۆی وەک پێکهاتن (کون) و هاوکات وەک تێکدەر (فساد)[٤٥٠] پیشاندەدات، بەڵام زۆرینەی خەڵک تەنها لایەنی پێکهاتەیی دونیا دەبینن و لەلایەنی تێکدەری و عەدەمیو تیاچوونی ئەو، بێئاگان:

کون می گوید: بیا من خوش پی ام وأن فسادش گفته: رو، من لاشی ام[٤٥١]

لایەنی پێکهاتەییو بوونی دونیا بە زمانی حاڵ دەڵێت: ئەی مرۆڤ وەرە، من پێو قەدەمم بە فەرو خێرە، بەڵام لایەنی عەدەمی دونیا دەڵێت: ئەی مرۆڤ بڕۆ، کە من بەپێی واقیعو حەقیقەت هیچو عەدەمم.

مەولانا باوەڕی وایە، جیهانی مادە، لەسەر بناغەی چوار ڕەگەزی دژ، کە ئەوانیش: ئاو، با، خاک، ئاگرن بونیاد نراوەو ئەم جیهانەش لەسەر ئەم ناکۆکیو دژیەکیە وەستاوە:

این جهان زین جنگ قایم می بود در عناصر درنگر تا حل شود

چار عنصر چار استون قویست که بدیشان سقف دنیا مستویست[٤٥٢]

لێرەوە ئەو باوەڕی وایە، جیهان بەردەوام لە گۆڕاندایەو ناجێگیرە. مرۆڤیش وەک بەشێک لەم جیهانەو کە لەو دروستبووە، ئەویش لەژێر هەمان یاسادایەو پێویستە هۆشیار ببێتەوەو لەحەقیقەتی پێکهاتنی خۆی تێبگات، وەک لەم بەیتانەدا ئەوە دەردەبڕێ:

١. چونکه کلیات را رنج است و درد جزو ایشان چون نباشد روی زرد؟

---

[٤٤٨] مرضیه کاووسی حسینی، دنیا در مثنوی، ل١١٣.

[٤٤٩] مثنوی، دفتر ششم، بیت: ٣٤٧١.

[٤٥٠] پێکهاتەو تێکدەر (کون و فساد) دوو چەمکی فەلسەفین، کە مەبەست لێی ئەوەیە لەم جیهانەدا لەبەرامبەر بوونی شتێک، پاڵنەرێک بۆ لەناوبردنی هەیە. بۆیە لەم جیهانە مادیەدا هەر ساتێک وێنەیەک لە مادە لەناودەچێو وێنەیەکی نوێ دێت. بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر چهارم، ل٤٦٩.

[٤٥١] مثنوی، دفتر ششم، بیت: ١٦٤٠.

[٤٥٢] مثنوی، دفتر ششم، أبیات: ٤٧ – ٤٨.

٢. خاصه جُزوی کو ز اضداد است جمع ز آب و خاك و آتش و باد است جمع

٣. این عجب نبود که میش از گُرگ جست این عجب کین میش، دل در گرگ بست!

٤. زندگانی، آشتی ضدهاست مرگ، آن کاندر میانشان جنگ خاست

٥. لطف حق، این شیر را و گور را الف دا ده است این دو ضد دُور را[٤٥٣]

کاتێك که گشت – بەیتی یەکەم – له چنگی گۆران و دۆخگۆرینو تیاچوونو ئازار رزگاری نەبێت، ئەوا چۆن مومکینه، که بەش – مرۆڤ – لەوه رزگاری بێت[٤٥٤].

بەتایبەتی که ئەو هەبوویەکه – بەیتی دووەم – که له دژەکان دروستبووەو ئەم چوار پەگەزه دژەش، بریتیه له: ئاوو خاك و ئاگرو با.

لای مەولانا سەیر نیه، که مەڕ له گورگ هەڵبێت– بەیتی سێهەم – واته جێگەی سەرسوڕمان نیه، که یەکێك لەم دژانه لەوی تر هەڵبێت. بەڵکو سەرسوڕمان لەوەدایه، که چۆن ئەم دژانه پێکەوه ئاوێته بوونو شایستەی پێکەوه بوونو ژیان بوون.

دواتر مەولانا باس له شتێکی قوڵو گرنگ دەکات، که ئەویش ئەوەیه – بەیتی چوارەم – ژیانی مرۆڤ له پێکەوه گونجانو هاوئاهەنگی ئەم دژانه پێکدێت. هەر ئەوەندەی لەنێوان پەگەزه دژەکانی مرۆڤدا ڕووبەڕووبوونەوه ڕوویدا، ئەوا یەکێکیان بەسەر ئەوی تریاندا زاڵ دەبێتو هاوسەنگی لەنێوانیاندا نامێنێو مردنو نەبوون ڕووەدات.

بەڵام میهرەبانی خودا وایکردوه – بەیتی پێنجەم – که هۆگری و پێکەوه هەڵکردنی لەنێوان ئەم دژانەدا دروستکردوه[٤٥٥].

هەروەها مەولانا له پەخشانەکانیداو له کتێبی (فیه ما فیه) دا بەم جۆره باسی پێکەوه سازانی دژەکان دەکات: "کەواته هەردوو – دوو دیارده دژەکه – یارمەتیدەری یەکترنو هەموو دژەکانیش هەروان. شەو ئەگەرچی دژی ڕۆژه، بەڵام یارمەتیدەری ئەوەو یەك کار ئەنجامدەدەن. ئەگەر هەمیشه ڕۆژ بوایه، چاوو سەرو مێشك، واقی وڕدەماو دێوانه دەبوو و

---

[٤٥٣] مثنوی، دفتر اول، أبیات: ١٢٨٩ به بعد.

[٤٥٤] بڕوانه: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر اول، ل٤٢٣.

[٤٥٥] هەر ئەو سەرچاوه، ل٤٢٣–٤٢٤.

لەکاردەکەوت. کەواتە کۆی دژەکان بەگوێرەی ئێمە دژ دەنوێنن، و بەگوێرەی مرۆڤی دانا هەموویان یەک کاردەکەنو دژ نین"[٤٥٦].

"مەولانا باوەڕی وایە، ژیان لە شێوەی جەنگێک یان یاریەک یان پێشبڕکێیەکدایە. لای ئەو حەقیقەتی ژیان ئەوەیە، کە ئەم جیهانە، جیهانی ڕووبەڕووبوونەوەو ناکۆکیو دژیەکیە. ئەم جیهانی جەنگە، بەڵام لە جەنگدا بارودۆخ بەوشێوەیە کە کەمتر کەسێک پرسیار لە خودی جەنگ دەکات. کەمتر کەسێک لە گۆڕەپانی جەنگ دێتە دەرەوەو لە دەرەوە یان لە بڵندیەوە سەیری جەنگ دەکات"[٤٥٧]:

این جهان جنگ است کُل، چون بنگری	**ذره ذره همچو دین با کافری**
ان یکی ذره ٔ همی پرّد به چپ	**وأن دگر سوی یمین اندر طلب**
این جهان، زین جنگ، قائم می بود	**در عناصر درنگر تا حل شود**[٤٥٨]

دوو کۆمەڵ کە سەرگەرمی پێشبڕکێن، وەک لە یاری تۆپی پێدا دەیبینین، هیچ بیرێکی تر جگە لە بردنەوەو بە سەرکەوتوویی هاتنە دەرەوە لە گۆڕەپان لای ئەوان نیە. ئەوان خۆیان نازانن، کە ئەم بیرکردنەوە لە سەرکەوتنەیە، کە هەموو پێشبڕکێکە گەرم دەکات. واتە هەردوکیان بیر لە سەرکەوتن دەکەنەوە، کە دیارە هەردوولا سەرناکەون!، بەڵام زاڵبوون بەسەر نەیاردا کرۆکی بە گەرمی هێشتنەوەی پێشبڕکێکەیە. کە ئەمەش خودی یاریزانەکان لێی بێ ئاگا (غافل)ن. ژیان جۆرە پێشبڕکێیەکی گەرمە، کە کەمتر بوار بە مرۆڤ دەدات، کە بیر لە دەرەوەی پێشبڕکێ یان دەرەوەی جەنگ بکاتو لە بناغەو بنچینەی پێشبڕکێیەکە بپرسێو لە کۆی پێشبڕکێو جەنگ و لە کۆی سیستێمی بوون، بپرسێ. هەرگیز ئەمە بە بیری یاریزانێکدا نایەت. ئەگەر بە بیریدا بێت ئیتر یاری سارد دەبێتەوەو دەوەستێ. تەواوی

---

[٤٥٦] مولانا جلال الدین محمد مشهور به مولوی، فیه ما فیه، با تصحیح و حواشی: بدیع الزمان فروزانفر، ١٣٨٥ – ٢٠٠٦، چ١٠، انتشارات امیر کبیر، تهران، ل٢١٣.

[٤٥٧] د.عبدالکریم سروش، پیام عارفان، www.dr.sorosh.com

[٤٥٨] مثنوی، دفتر ششم، أبیات: ٣٦ – ٣٧، ٤٧.

ژیان باروبۆخێکی لەم جۆرەی هەیە. ئەمەش ئەو دۆزینەوەو سەیرکردنەیە، کە عارفانی وەک مەولانا هەیانە[٤٥٩].

مەعریفەتی عرفانی لەوێوە دەستپێدەکات، کە ئێمەی مرۆڤ لەبری ئەوەی لەنێو یاریدا قەتیس و سنوردار بین، بەشێوەیەکی کاتی مۆڵەتی چوونە دەرەوە لە یاری وەربگرین و بچینە دەرەوەو لە دەرەوە سەیری یاری بکەین و لە ماهیەتو کرۆکی ئەوە بپرسین و بکۆڵینەوە. بە دەربڕینێکی تر لەجیاتی بە یاریکردنەکە خۆیەوە سەرقاڵ بین، بە نهێنی یاریکردنەوە سەرقاڵبین. پلەیەکی باڵاتری ژیانی عرفانی و عارفانە، ئەوەیە کە کەسێک بتوانێ لەیەککاتدا هەم یاری بکاتو هەم تەماشاش بکات!. ئێمە کە کاتێک دەبینە بەشێک لە یاری تۆپی پێ، یان بەشێکین لە تەماشاکەران، یان بەشێکین لە یاریکەران. بەڵام ئایا دەکرێ کەسێک لە گۆڕەپانداو بە گەرمی سەرقاڵی یاریکردن بێتو هاوکات لەنێو تەماشاکەرانیشدا بێت؟ بە ڕواڵەت کۆکردنەوەی ئەم دوو پلەیە مومکین نیە، بەڵام مەولانا دەڵێت دەکرێت[٤٦٠]:

جمع صورت باچنان معنیِ زرف　　نیست ممکن جز ز سلطان شگرف

در چنین مستی مراعات ادب　　خور نباشد ور بود باشد عجب[٤٦١]

کەسێک لە تەواوی مەستیدا هۆشیار بێت، لە تەواوی بێباکیدا ڕەچاوی ئەدەب بکات. تەنها کەسانێکن، کە (سلطان شگفتن)ن، واتە قارەمانن و بوونێکی کۆ (جامع) یان هەیەو تەنها ئەوانەن، کە دەتوانن وێنەو واتاو دیار (ظاهر)و نادیار (باطن)و مەستیو ئەدەب زانین لە خۆیاندا کۆبکەنەوە[٤٦٢]. واتە سەرقاڵی بە کارێکەوە، ئەو لە کارێکی تر سەرقاڵ نەکات، جگە لەم حاڵەتە کۆکردنەوەی ئەم دوانە ناومکینە[٤٦٣].

---

[٤٥٩] بڕوانە: د.عبدالکریم سروش، پیام عارفان، www.dr.sorosh.com

[٤٦٠] هەر ئەو سەرچاوە.

[٤٦١] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ١٣٩٣ – ١٣٩٤.

[٤٦٢] بڕوانە: د.عبدالکریم سروش، پیام عارفان، www.dr.sorosh.com

[٤٦٣] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر سوم، ل٣٤٩.

مەولانا پێمان دەڵێ جۆرێك لە ناسین لەم جیهانەدا هەیە، کە پەیوەستە بە تۆڕاڵەکانی ژێرەوەی جیهانو ڕازو نهێنی ئامێزە، کە ئەم ڕازو نهێنیانە ئەگەر بە جۆری کەمی (ناقص) بۆ مرۆڤ ئاشکرابوون، ئەوا لە یاریکەرەوە بۆ تەماشاکەری دەگۆڕێ. خۆ ئەگەر بەجۆری تەواو (کامڵ) بۆ مرۆڤ ئاشکرابوو و زاڵبوو لە ناخدا، ئەوا وایلێدەکات، لەهەمان ساتی یاریکەربووندا بتوانێ ببێتە تەماشاکەرو بینەر. بێگومان، کاتێك کەسێك کە چاوەکانی بەسەر نهێنیەکانی ئەم جیهانەدا کرایەوە، بێگومان پەیوەندی لەگەڵ جیهان دەگۆڕێ، ناتوانێ نەیگۆڕێ و وەك لەوەوپێش بێ ئاگایانە بژی. لێرەوە مەولانا باوەڕی وایە، ژیانی مانادار ئەوەیە، کە بتوانین لەیەککاتدا بە چەند تۆڕاڵێکەوە — لانی کەم دوو تۆڕاڵ — بژین، واتە بتوانین یاریزانێکی گەرموگوڕی ژیان بینو هاوکات تەماشاکەرێکیش بین، کە بزانین یاریەو نهێنیو ڕازەکانی لەکوێدایە. کەسێك بین، کە لە میوانداری ژیاندا بینو هاوکات بزانین، کە میوانی کێین؟، چونکە مەولانا باوەڕی وایە، ئێمەی مرۆڤ هەموومان لەم ژیانەدا میوانین، بەڵام کەم کەس دەزانێ، کە میوانی کێیە[٤٦٤]:

جمله مهمانند در عالم ولیك　　کم کسی داند که او مهمان کیست؟

جمله حیرانند و سرگردان عشق　　دی عجب این عشق سرگردان کیست؟[٤٦٥]

ئەوەی کە مرۆڤ بزانێ، لەم ژیانەدا میوانە[٤٦٦]، ئەمە مانایەکە بۆ ژیان، کە بە ڕواڵەت نابینرێ. کەس ئەمە لە دێرە ئاشکراکانی دەفتەری ژیاندا ناخوێنێتەوە.

خوان کرم گستر دەای، مهمان خویشم بردەای　گوشم چرا مالی اگر، من گوشهٔ نان بشکنم[٤٦٧]

کەواتە ئێمە بۆ میوانداری هاتووینو ئەدەبی میواندارێش ڕێوشوێنی خۆی هەیە. ئەدەبی جەنگیش ڕێوشوێنی خۆی هەیەو بەهەمان شێوە ئەدەبی پێشبڕکێش. لای مەولانا مرۆڤی ڕاستەقینەو ژیانی ڕاستەقینە ئەوەیە، کە ئەم ڕازو نهێنیەی پشتی ژیان ببینی. بەڕای ئەو،

---

[٤٦٤] بڕوانە: د.عبدالکریم سروش، پیام عارفان، www.dr.sorosh.com

[٤٦٥] دیوان شمس: غزل: ٤٣٢.

[٤٦٦] بە میوانخانە بینینی ژیان، تێڕوانینێکی عارفانەیە. بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری سێهەم، ل٧٥.

[٤٦٧] دیوان شمس: غزل: ١٣٧٥.

عارفان له ژیاندا دوو جۆر ژیانیان هەیە، لەلایەکەوە ئەژین وەک ئەوانی تر، لەلایەکی ترەوە ناژین وەک ئەوانی تر[٤٦٨].

لە دیدی مەولانادا "حەقیقەتی جیهان هەستپێکراو نیە، نەبوویەکە، کە لە شێوەی هەبوودا دەردەکەوێ و حەقیقەتی جیهانی مانا، هەبوویەکە کە لە چاوەکان پەنهانەو دونیا وەک تۆزو گەردێکە، کە لەلایەن (با)وە — کە نادیارە — هەڵدەکات، و (با) کە جیهانی نادیار (غیب)ە دەرناکەوێت. هەروەک چۆن هەبوونی کەفی دەریا بەڵگەیە لەسەر هەبوونی دەریا، هەبوونی جیهانی ماناش بەهەمان شێوەیە لەژێر کەفی جیهانی هەستپێکراودا شاردراوەتەوە"[٤٦٩]:

این جهان نیست چون هستان شده و أن جهان هست بس نهان شده[٤٧٠]

لای ئەو، ئەم جیهانە هەرساتێکی لە حاڵەتی گۆڕان‌و دۆخ گۆڕیندایەو ئێمە لەوە بێئاگاین‌و وا گومان دەبەین، کە جێگیرەو ناگۆڕێ. تەمەنی مرۆڤ وەک جۆگەی ئاوێکەو تێدەپەڕێ، بەڵام چونکە بە خێرایی دەجوڵێ، بە وەستاو دەردەکەوێ‌و ئەم خێرایی ڕۆیشتنەش دەستکردی خودایە، کە دونیا، کە کاتێکی کەمە، بەڵام وا درێژ دەردەکەوێت:

هر نفس نو می شود دنیا وما بی خبر از نو شدن اندر بقا[٤٧١]

لە دیدی مەولانادا، "دونیا شوێنێکی فانیە، کە بەردەوامی بۆ نیە. ڕاستی واقیعی ئەوەیە، کە باوەڕمان بەم مەسەلەیە — کە یەکێکە لە گرنگترین بنەماکانی دنیابینی دروست — پتەو بێت، چونکە ئەمە وادەکات مرۆڤ دڵ بە دونیاوە نەبەستێ و بزانێ، کە جەستەش پەیوەستە بە دونیاوەو هاوڕەگەزی ئەوەو ئەویش وەک خانوو و شوێنی ژیانی و شتەکانی تر ڕوو بە لەناوچوونە. ئەم جیهانە بەگشتی نێگەتیڤە (نەفی)یە، چونکە هیچ و فانیە"[٤٧٢]،

---

[٤٦٨] بڕوانە: د.عبدالکریم سروش، پیام عارفان، www.dr.sorosh.com

[٤٦٩] مرضیه کاووسی حسینی، دنیا در مثنوی، ل١١٣.

[٤٧٠] مثنوی، دفتر دوم، بیت: ١٢٨٠.

[٤٧١] مثنوی، دفتر اول، بیت: ١١٤٤.

[٤٧٢] مرضیه کاووسی حسینی، دنیا در مثنوی، ل١١٣.

هەرچیت دەوێ لە جیهانی پۆزەتیف (اثبات)دا[٤٧٣] کە جیهانی مانایە بیخوازە. ڕوخسارو ڕواڵەتی دونیا خاڵییە، بۆیە دڵ بە ڕواڵەتی جیهانەوە مەبەستەو خولیاو ئاواتت لە جیهانی مانا داوا بکە[٤٧٤]:

این جهان نفی است، در اثبات جو صورتت صِفراست، در معنیت جو[٤٧٥]

مەولانا باوەڕی وایە بلیمەت و بلیمەتی سەردەمی خۆی لەم جیهانەدا ئەوکەسەیە، کە فەنابوونی ئەم زەمەنەو ئەم جیهانە ببینێ:

گر تو علامهٔ زمانی در جهان نك، فنای این جهان بین وین زمان[٤٧٦]

٢-١-٢-٣/ نمونەو نواندنەکانی دونیا:

ئەو بۆ وێناکردنی دونیاو دەربڕینی ئایدیاکانی لەو ڕووەوە، پەنا بۆ نمونەو نواندنی جۆربەجۆر دەبات، کە گرنگترینیان ئەمانەن: (دونیا جادوگەرە. دونیا خەونە. دونیا وێرانەیە. دونیا گەرماوە. دونیا بێشکەیە. دونیا تیمساحە. دونیا تەقەڵ و بەرگدروو. دونیا گوندە. دونیا شوێنی چاندنە).

لای مەولانا "مرۆڤ بونەوەرێکە، کە دڵ پەیوەستی بە دنیاوە، لە ناخیدا چێنراوەو وازهێنان لە دونیاو بایەخ پێنەدانی دژوارە، بەڵام هاوکات ئەو باوەڕی وایە، کە دەبێ مرۆڤ لەم سەرابە فریودەری دونیا ئاگادار بکرێتەوەو ئەمەش لەڕێگەی نمونەو بەسەرهاتی شیرینەوە—نەك ئامۆژگاریو پەندی وشك و تاڵەوە— دەکرێت. دەکرێ بڵێین دیارترین نمونەو نواندنەکانی دونیا لای مەولانا ئەمانەن"[٤٧٧]:

---

[٤٧٣] بۆ زانینی تێڕوانینی عرفانی ئیسلامی بۆ نێگەتیف (سالب)ی و پۆزەتیف (موجب)ی، بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری سێیەم، ل٩٩

[٤٧٤] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر اول، ل٤٧٥.

[٤٧٥] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٢٢٤١.

[٤٧٦] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٢٨٤٥.

[٤٧٧] مرضیه کاووسی حسینی، دنیا در مثنوی، ل١١٤.

مەولانا لە دەفتەری چوارەمداو پاش گێڕانەوەی بەسەرهاتی شازادەو ژنە جادوگەرێکی خەڵکی کابول، پێمان دەڵێ تۆ— تۆی مرۆڤ — شازادەیەکی تازە لەدایکبووی‌و هاتوویتە ئەم دونیا — کە وەك ژنە جادوگەرێکی پیری خۆ گەنج نوێنە — بۆیە وریابە!، مەکەوەرە داوی ئەو فریودانەی. بۆیە پێغەمبەر (د.خ) دونیای دڵکێشکەری تۆ بە ژنە جادوگەرێك ناودەبات، کە خەڵکی فرێدەداتە چاڵی تیاچوونەوە[٤٧٨]:

زآن نبی دنیات را سحاره خواند کو به افسون خلق را در چه، نشاند[٤٧٩]

"لای مەولانا ئەم دونیا، خەونێکە کە هاتنەدی‌و ڕاڤەکەی لە جیهانەکەی ترداید. ئەو دەڵێت: ئەی ئەوکەسەی، کە لە خەونی دونیادا بۆ کەسە ستەملێکراوەکان خەندەو پێکەنینی مەستانە دەکەیت، بزانە کە ڕاڤەو ڕاستەقینەی خەونەکەت لە دواڕۆژدا گریان‌و هاوار دەبێ. خۆ ئەگەر لە خەونی دونیادا دوچاری ئازارو زەحمەت ببی، لە دواڕۆژدا تەعبیرو ڕاڤەکەی خۆش دەبێ"[٤٨٠]:

همچنان دنیا که حُلم نایم است خفته پندارد، که این خود دایم است[٤٨١]

مەولانا لە دەفتەری دووەمی مەسنەوی دا، باس لە باڵندەی (باز)ی — مەبەست مرۆڤی ڕاستەقینە — پادشایەك — خودا — دەکات، کە لە قەدەری خراپیەوە، ڕێگا ون دەکات‌و ڕێی لە وێرانەیەك — زەوی‌و دونیا — دەکەوێ، کە شوێنی نیشتەجێی کوندەبەبووە، ئەو لەلایەك خەمی دورکەوتنەوە لە دۆست (پادشا) و لەلایەکی ترەوە خەمی ئازاردانی کوندەبەبووەکان خەمباری کردوە، کە دەنوك بەسەریدا دەکێشن‌و پەڕو باڵی جوانی هەڵدەکەنن، و گومانیان وایە، کە ئەو — بازەکە — بەهۆی چاوتێبڕینی بۆ وێرانەکە هاتووە بۆ ئەوێ، دەیەوێ داگیری بکات. ئەگەرچی ئەو سەد جار دەڵێ، کە من هەرگیز شایستەی هاونشینی لەگەڵ

---

[٤٧٨] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر چهارم، ل٨٩٨.

[٤٧٩] مثنوی، دفتر چهارم، بیت: ٣١٩٣.

[٤٨٠] مرضیه کاووسی حسینی، دنیا در مثنوی، ل١١٤.

[٤٨١] مثنوی، دفتر چهارم، بیت: ٣٦٥٤.

کوندەبەبوان نیم، و من سەد دانە وێرانەی وەک ئەمە بە کوندەبەبوان دەبەخشم، بەڵام باوەڕ ناکەن:

باز گوید:

من چە در خوردم بە جغد — صد چنین ویران فدا کردم بە جغد

خویشتن مَکشید ای جغدان کە من — نە مقیمم، من روم سوی وطن[٤٨٢]

و پێیان دەڵێت: ئەی کۆمەڵی کوندەبەبوو! بەبێ هۆ خۆتان نیگەران و پەرێشان مەکەن، من نامەوێ لەم وێرانەیە بمێنمەوە، بەڵکو دەمەوێ بەرەو نیشتمانی ڕاستەقینەی خۆم — جیهانەکەی تر — بڕۆم.

دواتر بازەکە پێیان دەڵێت: ئەم وێرانەیە — دونیاو زەوی — لەچاوی ئێوەدا ئاوەدان دەنوێنێ، وەگەرنا جێگەی ئێمە — واتە ئەوانیش — سەردەستی پادشایە[٤٨٣].

لای مەولانا دونیا شوێنێکی نیشتەجێبوونی کاتیە، تا لەوێدا دەرفەت بەدەست بهێنین، تا خۆمان لە ناپاکیو پیسیەکان خاوێن بکەینەوە، لێرەوە نمونەی گەرماو دەهێنێتەوە. ئەو دونیا بە گەرماوێك دەچوێنێ کە مرۆڤە لە خوا ترسەکان، لەم گەرماوە بەهرەمەند دەبن، بەڵام مرۆڤە دونیا پەرستەکان وەک ئەو تونچیانە وان، کە سوتەمەنی شیاکە — ئەو سەردەمە وا بووە — بۆ گەرماو دەهێنن‌و بە گەرمی دەیهێڵنەوە، بەڵام خۆیان لە خاوێنکردنەوە بێ بەهرە دەبن[٤٨٤]. ئەو لە مەسنەوی‌و بەرهەمەکانی تریدا ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە دونیا بە گەرماو دەچوێنێ[٤٨٥]، کە ئارەزوو و خولیا بۆ دونیا بە تووند‌و گەرمکەری ژیانی دونیا دەزانێ، کە بەهۆیەوە ڕووبەری گەرماوەکە، گەرم دەبێتەوە. واتە

---

[٤٨٢] مثنوی، دفتر دوم، بیت: ١١٣٢ بەدواوە.

[٤٨٣] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر دوم، ل٢٩٨.

[٤٨٤] بڕوانە: مرضیە کاووسی حسینی، دنیا در مثنوی، ل١١٤.

[٤٨٥] ئەمەش لە کتێبی (فیە ما فیە)دا، ل٢١١ دووپاتکراوەتەوە.

مەولانا پێمان دەڵێ، خولیاو ئارەزووەکانی ناخمان کە گەرمکەری ژیانن، بە ئاراستەی بەهێزکردنی پاکیو خواناسی بەکاربهێنین[٤٨٦]:

شهوت دنیا مثال گُلخن است که ازو حمام تقوی روشن است[٤٨٧]

سەرەتا، "چواندنی دونیا بە بێشکە، لە ئایەتی پیرۆزی (الم نجعل الأرض مهادا – ئایا زەویمان نەکردوە بە بێشکە بۆ ژیان و پێگەیاندنی مرۆڤ؟) (النبأ:٦) وەرگیراوە. کە لێرەوە مەولاناش، دونیا بەجێگەی پێگەیشتنو بەرەو کەمالّ چوونی مرۆڤ دەزانێ. مرۆڤ لەم ژیانی دونیادا پێدەگاتو گەورە دەبێو ئەوکات پێویستی بە بێشکەو ئەو شوێنە تەنگە نامێنێو بۆ جێگەی فراوانو بنەڕەتی خۆی دەڕوات"[٤٨٨]:

این زمین چون گاهوارهٔ طفلکان بالغان را تنگ می دارد مکان[٤٨٩]

مەولانا باوەڕی وایە، "ئەو مرۆڤانەی، کە لەم بێشکەی ژیانی دونیادا، هەر بە منداڵی دەمێننەوە، هەرگیز هاوشێوەی مرۆڤە پێگەیشتووەکان نینو مومکین نیە، خودا منداڵانی لەوجۆرە، لەگەڵ مرۆڤە گەورەو کاملّەکاندا هاوشانو هاوپایە بکات"[٤٩٠]:

طفل را با بالغان نبود مجال طفل را حق کی نشاند با رجال؟[٤٩١]

مەولانا "دونیا بە تیمساحێك دەچوێنێ، کە کرمی درێژ بۆ خواردنی پاشماوەی خۆراکی نێوان ددانەکانی کۆبونەتەوەو ئەو دەمی دەکاتەوەو باڵندەکانیش بۆ خواردنی کرمەکان دەچنە نێو دەمیو کتوپڕ دەمی دادەخاتو قوتیان دەدات. ئەو لەو نمونەوە، ئەو ئەنجامگیرییە دەکات، کە دونیا تیمساحێکی فریودەرە، کە بەخششو ڕوالّەتە جوانەکانی خۆی دەکاتە داوی ڕاوکردنی مرۆڤەکان"[٤٩٢]:

این جهان پر ز نُقل و پر ز نان چون دهان باز آن تمساح دان

---

[٤٨٦] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر چهارم، ل٨٦.

[٤٨٧] مثنوی، دفتر چهارم، بیت: ٣٣٨.

[٤٨٨] مرضیه کاووسی حسینی، دنیا در مثنوی، ل١١٤.

[٤٨٩] مثنوی، دفتر ششم، بیت: ٤٧٥٥.

[٤٩٠] کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر ششم، ل١٢٠٨.

[٤٩١] مثنوی، دفتر ششم، بیت: ٤٧٣٥.

[٤٩٢] مرضیه کاووسی حسینی، دنیا در مثنوی، ل١١٥.

بهر کِرم و طعمه‌ای روزی تراش　　از فن تِمساح دهر، ایمن مباش[٤٩٣]

مەولانا لە جێگەیەکی تردا، بەم شێوەیە باس لە دونیا دەکات: "ئاسمانو زەوی وەک دەمێکە کە ددانە ئاڵتونیەکانی – ئەستێرەکانو ددانەکانی ژێرەوەی کێوەکانو خەڵکی وەک کرمی ددانەکانن"[٤٩٤].

مەولانا لەمیانەی بەسەرهاتێکدا، دەیەوێ خوێنەر لە تێپەڕینی تەمەن هۆشیار بکاتەوەو ئەوە بزانێ، کە پابەندبوون بە ئارەزووبازیو ژنانەوە لەنێوبەری تەمەنی مرۆڤە. ئەو پێمان دەڵێ، هۆشیار بە، کە هەر ساتێك دونیای زۆردار وەک بەرگدرویەکی دزە، کە تەقەڵ تەقەڵ پارچە قوماشی تەمەنت بە مەقەستی مانگو ساڵ دەبڕێو دەباتو تۆ سەرگەرمی وتە خۆشەکانی ئەوی![٤٩٥]:

می درد می دوزد این درزیِّ عام　　جامهٔ صد سالکان طفلِ خام

اطلس عُمرت به مقراض شهور　　بُرد پاره پاره خیّاط غَرور[٤٩٦]

"مەولانا هەندێ جار بۆ بەراوردکردنی جیهانی ماناو جیهانی مادە، کەڵك لە نمونەی شارو گوند وەردەگرێت. مەبەستی ئەو زیاتر پیشاندانی سنورداری جیهانی مادەو فراوانیی جیهانی مانایەو دەیەوێ بڵێ، کە جیهانی مادە وەک کۆمەڵگایەکی داخراوی گوندیەو پووی لە گەشەکردنو پەرەپێدان نیە، بەڵام لەبەرامبەردا جیهانی مانا وەک شارێکە، پووی لە فراوانبوون و بڵندبوونەوەو گەشەسەندنە. ئەو بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەم مانایە باوەڕی وایە زیان لە گونددا وەک گۆڕی عەقڵ وایەو هەرکەسێك ڕۆژێك لە گونددا بێت، بە ئەندازەی یەك مانگ عەقڵی بەقیڕۆ دەچێتو لە گیای وشکی گوند جگە لە نەزانی بەهرەیەك وەرناگرێو زیانی خۆی بە نەفامی بەسەردەبات. بەهۆی دەرکنەکردن بە جیهانی مانا،

---

[٤٩٣] مثنوی، دفتر ششم، أبیات: ٤٠٨٦ – ٤٠٨٧.

[٤٩٤] ئەم وتەیەی مەولانا لە (بەهاوەلد)ی کوڕیەوە گێڕدراوەتەوە. بڕوانە: بهاء ولد، معارف، محمد حسین خطیب بلخی، تصحیح فروزانفر، چ٢، ل٩٢–٩٣.

[٤٩٥] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر ششم، ل٤٨١ بەدواوە. هەروەها: مرضیه کاووسی حسینی، دنیا در مثنوی، ل١١٥.

[٤٩٦] مثنوی، دفتر ششم، أبیات: ١٧١٤، ١٧٢٠.

ئەوەندە بەسە، کە هەستەکان لە ناسینی ئەوێدا – جیهانی مانا – وەک گوێدرێژانێک دەمێننەوە، کە بەچاوی بەستراوەوە بەردی ئاش دەسوڕێننەوە"[٤٩٧].

ده مرو، ده مرد را احمق کند　　عقل را بی نورو بی رونق کند

قول پیغمبر شنو ای مجتبی　　گور عقل آمد وطن در روستا[٤٩٨]

لای مەولانا ئەم جیهانە شوێنی چاندنی کردارەکانەو جیهانەکەی تر شوێنی وەرگرتنەوەی تۆوەکانی خواپەرستیە، کە لەم جیهانەدا سەوز کراوە. دیارە لەم دونیادا شتێک کە دەڕوێنرێ، بەرهەمێکی دەبێ، کەواتە چۆن دەبێ، کە باخچە خودایيەکان بەو فراوانیو بەربڵاوییەوە بەرهەمیان نەبێ.

مەولانا باوەڕی وایە پیری مەعنەوی – کە مرۆڤی تەواو کاملە – سیفەتی بێگیان – جماد – ی واتە – خاکی – بە مرۆڤی ڕێبواری مەعنەویەت – سالك – دەدات. تا لەسەر ئەو خاکە گوڵو نەسرینی شاد بڕوێت. واتە وەک چۆن خاك خەسڵەتی ڕواندنی گیای هەیە، مرۆڤی کاملیش – پیر – وا لە مرۆڤەکان دەکات، ئامادەیی وەرگرتنی مەعریفە ببنو لە ئەنجامدا گوڵی مەعریفە لە بوونی ئەودا دەڕوێ[٤٩٩]:

جسم عارف را دهد وصف جماد　　تا بر او روید گُل و نسرین شاد[٥٠٠]

مەولانا باوەڕی وایە، "ئەگەر کەسێك لەم ژیانەدا تۆوی درك بچێنێ، نابێ لە گوڵستاندا بۆی بگەڕێ. بەڵکو دەبێ بزانێ لە گەورەبوونی درکە ڕواوەکانی کردارەکانی خۆیدا ئابڵوقە دەدرێ"[٥٠١]:

أنکه تخم خار کارد در جهان　　هان و هان او را مجو در گلستان[٥٠٢]

---

[٤٩٧] مرضیه کاووسی حسینی، دنیا در مثنوی، ل١١٥.

[٤٩٨] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ٥١٧ – ٥١٨.

[٤٩٩] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر چهارم، ل١٨٠. هەروەها: مرضیه کاووسی حسینی، دنیا در مثنوی، ل١١٥.

[٥٠٠] مثنوی، دفتر چهارم، بیت: ٥٤٨.

[٥٠١] کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر دوم، ل٧٠.

[٥٠٢] مثنوی، دفتر دوم، بیت: ١٥٣.

مەولانا باوەڕی وایە، ژیانی دونیا، شوێنی شتە نهێنیو و پەنهانەکانەو ئەو ڕۆژەیە، کە تۆوەکان لە دڵی زەویدا دەشارێنەوەو ڕۆژێکە کە تۆوەکان لە زەویدا پرژو بڵاودەبنەوە، بەڵام کاتێك کە وەرزی دروێنەو بەرهەم هات، هەموو تۆوە نهێنیەکان ئاشکرا دەبن — مەبەست ڕۆژی دواییە[٥٠٣] — :

روز کشتن، روز پنهان کردن است　　تخم در خاکی پریشان کردن است

وقت بدرودن، گه منجَل زدن　　روز پاداش آمدو، پیدا شدن[٥٠٤]

بۆیە دواجار مەولانا ڕێنماییمان دەکات، کە لە زەوی حەق — خودا — دا کشتوکاڵ بکەین و تۆوی خاوێنو ساغ بچێنین، مەگەر دەگونجێ، کەسێك لە زەوی ئەودا بچێنێو بەرهەمی دەستنەکەوێت؟ — واتە مەحاڵە شتی وا — :

در زمین حق، زراعت کردنی　　تخم های پاك آنگه دخل، نی؟[٥٠٥]

٢-١-٢-٤/ دونیا لە دیدی حەق — خودا — پەرستانەوە:

لای مەولانا دونیا لە دیدی حەقپەرستانەوە، کەمبایەخەو بەبەراورد بە ژیانی ڕاستەقینە تەنگو سنووردارە، بۆیە ئەوان بەگشتی دونیا نەویستن.

"دونیا پەرستانو حەق پەرستان دوور ڕوخساری جیاوازی ئەم ژیانەنو دیدی جیاوازیان بەرامبەر دونیا هەیە، وەك ئەوەی دونیا لە دیدی باوەڕدارەوە زیندانەو لە دیدی بێباوەڕەوە بەهەشتە"[٥٠٦] بۆیە باوەڕداران، کە گیرۆدەی ئەم جیهانەن، خوازیاری ئازادبوونن. دەکرێ دیارترین تایبەتمەندی دیدی حەق پەرستان بۆ ژیانی دونیا ئەمانە بێت:

مەولانا باوەڕی وایە شەهیدان — لوتکەی باوەڕدارانن — چ شەهیدی جەستەیی و چ شەهیدی مەعنەوی: واتە ئەوانەی خودی خراپی ناخی خۆیان لەپێناوی خودادا دەکوژن —

---

[٥٠٣] کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر ششم، ل٩١١.

[٥٠٤] مثنوی، دفتر ششم، أبیات: ٣٥٣١ — ٣٥٣٢.

[٥٠٥] مثنوی، دفتر چهارم، بیت: ١٧٥٩.

[٥٠٦] بدیع الزمان فروزانفر، احادیث مثنوی، ل١١.

ئەوکەسانەن کە بە گیان بەخشین، کەم بایەخیو ساختەکاری دونیا دەسەلمێنن‌و پەشمالّی ئیرادە بلّندی لە لوتکەکاندا هەلّدەدەن[٥٠٧]:

سبلتِ تزویر دنیا بَرکنَند　　خیمه را بر باروی نصرت زنند[٥٠٨]

مەولانا باوەڕی وایە پێغەمبەران و شوێنکەوتووەکانیان ئارەزوویەکیان بۆ کاروباری دونیا نیە، بەڵکو ئەوان لە کاروباری دونیادا جەبرین — ویست و ئیرادەیان نامێنێ — و وەک حەزو ویستی خۆیان مامەڵە ناکەن. بەڵکو بەپێی پێویستی و بەرژەوەندی مرۆڤەکان‌و بە ناچاری کارەکان ئەنجامدەدەن، بەڵام لەوەدا جەبری نین، کە بە خواستی خۆیان ژیانی دواییو هەمیشەیی هەڵدەبژێرن. بەڵام بێباوەڕان بەپێچەوانەوە لە ئارەزوو و کاروباری ئەم ژیانەدا ئیختیاریان هەیەو ئەم ژیانە هەڵدەبژێرن. بۆیە بۆ ژیانەکەی تر کارەکە پێچەوانە دەبێتەوەو لەوێ پێغەمبەران ئیختیاریان هەیەو بێباوەڕان جەبری دەژین!...[٥٠٩]:

انبیا را کار دنیا جبری اند　　کافران در کار عقبی جبری اند

انبیا را کار عقبی اختیار　　جاهلان را کار دنیا اختیار[٥١٠]

"ئەم جیهانە جێگەی پەروەردەبوون‌و شوێنی گەشەکردنی مرۆڤە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی ژیانەکەی تر. کاتێك کە مرۆڤ هەست بە گەشەکردن‌و گەورەبوون دەکات، چیتر جێگەی بوونی ئەوی تێدا نابێتەوە. تا کاتێك کە مرۆڤ لە هەژاری مەعنەویدا ژیان بەسەردەبات، مالّی ئەو ئەم جیهانەی جەستەیە، بەڵام کاتێك کە دەستی بە کەمالّو پێگەیشتنی مەعنەوی گەیشت، ئەوکاتە پادشایەو پێویستە لە کۆشکی جیهانی مانادا

---

[٥٠٧] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر پنجم، ل٢٩٣. هەروەها: مرضیه کاووسی حسینی، دنیا در مثنوی، ل١١٦.

[٥٠٨] مثنوی، دفتر پنجم، بیت: ١٠١٤.

[٥٠٩] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر اول، ل٢٣٤.

[٥١٠] مثنوی، دفتر اول، أبیات: ٦٣٧ — ٦٣٨.

نیشتەجێ ببێت"[٥١١]. بۆیە "لای پێغەمبەران ئەم دونیا تەنگ بووە، چونکە ئەوان وەک پادشا وابوون‌و ئارەزووی چوون بۆ (ناشوێن)یان هەبووە"[٥١٢]:

انبیا را تنگ آمد این جهان چون نهان رفتند اندر لا مکان[٥١٣]

لای ئەو مرۆڤە گەورانە، ئەم جیهانە وەک زیندانەو ئێمەی نیشتەجێی ئەم دونیایە وەک زیندانیین. کەواتە ئەی مرۆڤە زیندانیەکان – مەولانا دەڵێ – زیندان کون بکەن و خۆتان ڕزگار بکەن[٥١٤]:

این جهان زندان و ما زندانیان حُفره کن زندان و خود را وارهان[٥١٥]

"ئەوان ئەم جیهانە سنوردارە، بە ناجێگیرو نائارام دەزانن، بۆیە لەکاتی ڕووداتی تەنگەژەو ناڕەحەتیەکانی دونیادا پەنا بۆ جیهانی نادیار (غیب) دەبەن. وەک چۆن مریەمی موقەدەس لەکاتی بینینی پیاوە نەناسراوەکەدا – جوبرەئیلی فریشتە – پەنای بۆ حەزرەتی حەق – خودا – بردو بەو، شورایەکی لەبەرامبەر ئەو نائارامیەدا دروستکرد"[٥١٦]:

چون جهان را دید ملکی بی قرار حازمانه، ساخت ز آن حضرت حصار[٥١٧]

٢-١-٢-٥/ دونیا لە دیدی دونیا پەرستانەوە:

دونیا پەرستان کەسانێکن، کە دڵیان بە گیرەر (تعلقات)ە دونیاییەکانەوە پەیوەستە. تایبەتمەندییەکانی ئەوانیش بریتیە لە: (عەشقی کۆێرانەو کەڕانە بۆ دونیا، دونیا دەبێتە قیبلەی دەروون، هەڵپەکردن‌و ئارەزووی مانەوە لەم جیهانە).

---

[٥١١] مرضیه کاووسی حسینی، دنیا در مثنوی، ل١١٦.

[٥١٢] کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر سوم، ل٩٠٢.

[٥١٣] مثنوی، دفتر سوم، بیت: ٣٥٣٨.

[٥١٤] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر اول، ل٣٣٨.

[٥١٥] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٩٨٢.

[٥١٦] مرضیه کاووسی حسینی، دنیا در مثنوی، ل١١٦. هەروەها: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر سوم، ل٩٥٠.

[٥١٧] مثنوی، دفتر دوم، بیت: ٣٧٠٩.

"عشق بۆ دونیاو ئەوپەڕی ئارەزوو بۆئەو، لە مەسنەوی دا، لای (جالینۆس) دەردەکەوێ، کە لە بەناوبانگترین پزیشکەکانی یۆنانی کۆن بوو. ئەو بەجۆرێك دڵی پەیوەست بوو بە دونیاوە، کە دەڵێ: هەر ئەوەندەی زیندووبم، قایلم لە کۆمی هێسترێکەوە سەردەربهێنم و سەیری جیهان بکەم!. مەولانا دەیەوێ پێمان بڵێ زۆرن ئەو مرۆڤانەی، کە هاومەشرەبی جالینۆسن و ئامادەن، مل بۆ هەر سەرشۆڕییەك کەچ بکەن، بەڵام تەنها نیوە هەناسەیەکیان بێتو بڕوات"[٥١٨]. واتە دواجار مەولانا لە زمانی جالینۆسەوە[٥١٩] باسی ئەو جۆرە مرۆڤانەمان بۆدەکات، کە بە زمانی زار یان بە زمانی حاڵ دەڵێن: تەنها هەر ئەوەندەی نیوە گیانێکمان بمێنێ، ئیتر بەوە قایلین بۆ ئاستی ئاژەڵان داببەزینو لە پلەی ئاژەڵیەوە سەیری جیهان بکەین[٥٢٠]:

أنچنانکه گفت جالینوس راد — از هوای این جهان و، از مراد

راضی ام کز من بماند نیم جان — کەز کُون استری بینم جهان[٥٢١]

مەولانا هۆکاری ئەمە بۆ ئاگادارنەبوون لە جیهانی دواییں و جیهانی فراوانی مانا دەگێڕێتەوە. هەروەك ئەو کۆرپەیەی کە میهرەبانی خودایی، ئەو بەرەو دەرەوە پاڵپێوە دەنێو بەڵام ئەو خۆی بۆ ناو ڕەحمی دایکی دەکێشێتەوە[٥٢٢] و نایەوێ بێتە دەرەوە[٥٢٣]:

چون جنین، کِش می کشد بیرون کرم — می گریزد او سپس سوی شکم[٥٢٤]

لێرەوە مەولانا باوەڕی وایە دونیا پەرستان، ئەوکەسە هیممەت نزمانەن، کە تەمەنی گرانبەهای خۆیان، وەك جاڵجاڵۆکە لە تەنینی تای ماڵو کۆشکەکاندا خەرجدەکەن. ئەگەر

---

[٥١٨] مرضیه کاووسی حسینی، دنیا در مثنوی، ل١١٦. هەروەها: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر سوم، ل١٠١٩.

[٥١٩] بۆ تێڕوانینی (جالینۆس). بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری دووەم، ل٨٢

[٥٢٠] بڕوانە: کریم زمانی، هەر ئەو سەرچاوە، ل١٠٢٠.

[٥٢١] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ٣٩٦٠ — ٣٩٦١.

[٥٢٢] (سینیکا) پێش مەولانا، باسی لەمە کردوە. بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری دووەم، ل٧٩.

[٥٢٣] بڕوانە: مرضیه کاووسی حسینی، دنیا در مثنوی، ل١١٦. هەروەها: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر سوم، ل١٠٢٠.

[٥٢٤] مثنوی، دفتر سوم، بیت: ٣٩٦٤.

جالّجالّوکه خوو سروشتی بالّندەیەکی بەرزەفڕی وەک سیمرخی – هێمایە بۆ پێغەمبەران و پیاوچاکان – وەرگرتبا، ئایا قایل دەبوو بە ئاوو لیکی دەمی، دەوارێکی سستو نابەردەوام بکات بە مالّی خۆی!:

عنکبوت ار طبع عنقا داشتی از لُعابی خیمه کی افراشتی؟[٥٢٥]

"مەولانا لە دەفتەری یەکەمی مەسنەوی دا، ئەوە ڕوونەکاتەوە، کە عاشقانی دونیا وەک عاشقی دیوارێکە، کە تیشکی خۆر لەو بداتو بدرەوشێتەوەو ئەو هەولّنەدات، کە تێبگات، کە سەرچاوەی ئەو ڕوناکیە خۆرە. لێرەوەو لەسەر ئەوەی ئەو دلّی بە لقەوە – نەک سەرچاوەو قەد – بەستووە، کاتێک کە تیشکی خۆر دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکەی و نامێنێ، ئەو بە مەحرومی دەمێنێتەوە"[٥٢٦]. لێرەوە ئەوانەی کە عاشقی حەزرەتی حەق – خودا – ن، عاشق بە لقو بەش نابن. واتە جگە لەو دلّ بە کەسێکو شتێکەوە پەیوەست ناکەن، چونکە هەموو بوونو بونەوەران، تیشکێکە لە بوونی ڕاستەقینەی حەزرەتی حەقو لە بارینی بوونی ئەوەوە بوونیان بۆ پەیدابووە. کەوابوو ڕەوا نیە، کاتێک کە سەرچاوە هەبێت، ڕوو لە لق بکەین، چونکە ئەوەی تامەزرۆی لق بوو، لە سەرچاوەو گشت بێ بەش دەبێ[٥٢٧]:

عاشقان کُل، نی عُشاق جُزو ماند از کُل آنکه شد مشتاق جُزو[٥٢٨]

مەولانا باوەڕی وایە، دونیا پەرستان، شوێنکەوتووی دەروونی شەڕەنگێز (نفس)یانن، و دەروون (نفس)یش گەرچی زیرەکو وردبینە، بەلّام ڕووگەو قیبلەی ئەو دونیایە، بۆیە دەبێ بە مردوو دابنرێو دەروون پەرستان، لەڕاستیدا زیاتر لە مردووان نینو لە گۆڕی ئارەزووبازی دونیادا بە خاک سپێردراون:

نفس ها را لایق این انجمن مرده را درخور بُود گورو کفن

---

[٥٢٥] مثنوی، دفتر سوم، بیت: ٣٩٨٢.

[٥٢٦] مرضیه کاووسی حسینی، دنیا در مثنوی، ل١١٧.

[٥٢٧] بروانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر اول، ل٨٢٢.

[٥٢٨] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٢٨٠١.

نفس اگرچه زیرکست و خُرده‌دان　　قبله‌اش دنیا ست، او را مُرده دان

بۆیە ئەوی مردوو – دەروون – کاتێك زیندوو دەبێتەوە، کە ئاوی وەحی حەق – خودا – بەو بگات، ئەوکات لەو خاکە مردووە، زیندوویەك بەدەردەکەوێ[٥٢٩]:

آب وحی حق بدین مرده رسید　　شد ز خاك مُرده‌یی زنده پدید[٥٣٠]

مەولانا هەڵپەکەرانی دونیا، وەك ئەو کۆرپەلە دەبینێ، کە بەجۆرێك بە خوێنو خواردنی نێو ڕەحمەوە سەرقاڵە، کە جگەلە جیهانی ڕەحم – کە مەولانا بە نیشتمانی نزم و پیس ناویدەبات – جیهانێکی تر پەسەند ناکاتو چاوچنۆکیی وەك پەردەیەك بەرچاوی ئەوەی لێدەگرێت، کە حەقیقەت ببینێ. ئەو کۆرپەلە– کە هێمایە بۆ دونیاپەرستان– بەهۆی ئەوەی خوێن خۆراکیەتیو تەنها ئەو جیهانە دەناسێ، ناتوانێ وەسفێك، سەبارەت بەم جیهانە– ئەم ژیانەی کە ئێستا تێیدا دەژین– پەسەند بکات[٥٣١]. لێرەوە تێڕوانینی دونیاپەرستان بۆ ژیانی هەمیشەیی پاش ئەم ژیانە، وەك تێڕوانینی ئەو کۆرپەلەی نێو ڕەحم بۆ ئەم ژیانە وایە:

همچنانکه ان جنین را طمع خون　　کآن غذای اوست در اوطان دون

از حدیث این جهان، محجوب کرد　　غیر خون، او می نداند چاشت خورد[٥٣٢]

٢-١-٣/ ژیان لای مەولانا:

٢-١-٣-١/ زیندوویەتی جیهان

یەکێك لە کۆڵەکەو ستوونە بنەڕەتیەکانی جیهانبینی عرفانی ئەوەیە، کە هەموو جیهان بە زیندوو ئەبینێ. لای عارفان هەموو ڕوداوێك پۆشاکی ژیانی لەبەردایەو جوڵەو خوارو ژور لە هەموو شوێنێکدا دەبینن. هەموو جیهان دەبینن کە بەشێوەیەکی سیستماتیك یادو

---

[٥٢٩] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر چهارم، ل٤٨٤.

[٥٣٠] مثنوی، دفتر دوم، بیت: ١٦٥٥.

[٥٣١] کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر سوم، ل٣٨.

[٥٣٢] مثنوی، دفتر سوم، بیت: ٦٧ – ٦٨.

تەسبیحات – تەسبیحات واتە خودا بڵندو بێگەردە لە کەموکوڕی – دەکەنو تەنها مرۆڤە ڕواڵەت بینەکانن، کە ئەوە نابینن: (یعلمون ظاهراً من الحیاة الدنیا وهم عن الآخرة هُم غافلون) (الروم:۷). بەڵام عارفەکان جیهانەکەی تر (آخرة) کە ناخی ئەم جیهانەیەو بەشێکی زۆری لە دەرەوەی جیهانی هەستەکانە، دەبینن. ئەگەر مرۆڤەکان بەگشتی وەک لە فەرمودەدا هاتووە (اذا مات العبد قامت قیامته – هەر کە مرۆڤ مرد یەکسەر ڕۆژی دوایی و جیهانەکەی تری دەستپێدەکات)، ئەوان پاش مردنی جەستەو بەجێهێشتنی دونیا ئەوە ببینن، ئەوا عارفەکان کە بە رۆح خۆیان مراندوە، هەر لەم جیهانەدا ئەو جیهانە نادیارە دەبینن‌و پەردەکان لەسەر چاویان لادراوە. واتە ئەمان تەنها بە بینینی ڕواڵەتی شتەکان ناوەستن‌و ئاستی قوڵ دەبینن. ئەم جیهانبینیەش لای مەولانا وەک عارفێك دەبینرێ‌و بووە بە یەکێك لە دیارترین تایبەتمەندیەکانی ستایڵی شیعری ئەو[۵۳۳].

لە شیعری ئەودا بوونەوەران ڕەفتارو خەندەو پەیام گەیاندن‌و ئاماژەیان هەیەو ئەو باوەڕی وانیە، کە یادو تەسبیحاتی بونەوەران بە زمانی حاڵ و مەجازی بێت، بەڵکو حەقیقییە، بەڵام ئەبێ چاوو گوێیەکی ترمان هەبێت تا دەرك بەوە بکەین[۵۳٤]. "ئەو دەڵێت: هەموو گەردیلەو بونەوەرەکانی جیهان لە دیدی خەڵکە ڕواڵەت بینەکانەوە مردون، بەڵام هەرئەو بونەوەرە بەڕواڵەت مردوانە، لای خودا زیندوون‌و بەندەی داناو گوێرایەڵن"[۵۳۵]:

جمله اجزای جهان پیش عوام　　مُرده و، پیش خدا داناو رام[۵۳٦]

بادو آب و خاك و آتش بنده‌اند　　با من و تو مُرده، باحق زنده‌اند[۵۳۷]

"مەولانا بە پشت بەستن بەو بەسەرهاتە ڕاستەقینانەی، کە لە قورئان‌و کتێبە ئاسمانیەکانی تردا هاتووە، بەو ئەنجامە دەگات، کە بێگیانەکان (جمادات) زیندوون و

---

[۵۳۳] بڕوانە: د.عبدالکریم سروش، در حضور حضرت مولانا، سخنرانی شماره (۱۱) www.dr.sorosh.com.

[۵۳٤] هەر ئەو سەرچاوە.

[۵۳۵] کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر ششم، ل۲٦۵.

[۵۳٦] مثنوی، دفتر ششم، بیت: ۸٦۰.

[۵۳۷] مثنوی، دفتر اول، بیت: ۸۳۸.

لەشکری خودان. ئەو گوزەرێك بەناو ئەو پوداوانەدا دەکات، کە (با) و (ئاو) بە فەرمانی خودا چیان کرد. (با) هۆزەکەی عاد پێغەمبەری لەناوبردو (ئاو) لافاوی نوحی دروستکردو سینەی پووباری نیل بۆ موسا پێغەمبەر (د.خ) و گەلەکەی کرایەوەو تێپەڕینو بۆ لەشکری فرعەون هاتەوە یەك و لەناوبردن و (زەوی) قارون و سەرمایەکەی نغرۆکردو بالّندەی ئەبابیل بەردبارانی سوپای فیلی نەجاشی کردو چەندین نمونەی تر[٥٣٨]:

جمله ذرات زمین و آسمان　　لشکر حقند گاه امتحان

باد را دیدی که با عادان چه کرد؟　　آب را دیدی که در طوفان چه کرد؟

آنچه بر فرعون زد آن بحر کین　　و آنچه با قارون نموده‌است این زمین.[٥٣٩]

مەولانا پێمان دەلّێ، ئەم جیهانە بۆ کەسانێك کە خۆیان زیندوونو مانایان هەیە هەموو شتێك زیندووەو ماناداراە. وەك ئەوەی کە، وردە بەرد لە دیدی تۆدا خامۆشو بێدەنگە، بەڵام هەمان ئەو بەردانە لە دەستی حەزرەتی ئەحمەد دا (د.خ) نزا دەکاتو قسە دەکات:

پیش تو آن سنگریزه ساکت است　　پیش احمد او فصیح و قانت است[٥٤٠]

ئەو ئاماژە بە پوداوی درەختێك دەکات کە بە درەختی (حەننانە) ناسراوە. کە چۆن زیندوویەتی خۆی، لە عەشقی پێغەمبەردا (د.خ) ئاشکراکرد[٥٤١]:

پیش تو اُستون مسجد مُرده است　　پیش احمد عاشقی دُل برده است[٥٤٢]

"مەولانا پوودەکاتە ئەو خەڵکانەی، کە پێیان وایە عەقڵیان توانای دەرککردنی بە هەموو نهێنیەکانی (بوون) هەیەو لە دەرەوەی عەقڵی ئەوان شت نیە، وەك ئەوەی جیهان وا

---

[٥٣٨] مهدی سیاح زاده: و چنین گفت مولوی، ١٣٩١ – ٢٠١٢، چ١، انتشارات مهراندیش، تهران، ل٥٨.

[٥٣٩] مثنوی، دفتر چهارم، بیت: ٧٨٣–٧٨٥.

[٥٤٠] مثنوی، دفتر ششم، بیت: ٨٥٨.

[٥٤١] بەر لە دروستکردنی مینبەر بۆ مزگەوتەکەی. پێغەمبەر (د.خ) دەچووە سەر درەختێك وتاری پێشکەش دەکرد. پاش دروستکردنی مینبەر، لە ڕۆژێکداو بە ئاشکراو لەبەر چاوو گوێی پێغەمبەرو هاوەڵانیدا ئەو درەختە دەنگی سۆزو گریانی لێ بەرزبوەوەو تا پێغەمبەر (د.خ) دەستی بەسەردا نەهێنا خامۆش نەبوو. بڕوانە: ژیاننامەی پێغەمبەر www.islamonline.com

[٥٤٢] مثنوی، دفتر ششم، بیت: ٨٥٩.

دروستکرابێ که له چوارچێوه‌ی عه‌قڵی ئه‌وان ده‌رنه‌چێو توانای ئاگاداربوونیان به‌سه‌ر هه‌موویدا هه‌بێت. پێیان ده‌ڵێ: پێویسته بزانن جگه له پێنج هه‌سته‌که، هه‌ستی تر هه‌یه، که تایبه‌ته به مرۆڤه تایبه‌ته‌کانه‌وه، له‌وانه دۆستانی خودا (ئه‌ولیا)، که خه‌ڵك له‌وه بێگانه‌ن[٥٤٣]:

فلسفی، کو مُنکر حَنّانه‌است　　از حواس اولیا بیگانه‌است[٥٤٤]

چونکه ئه‌وان ته‌نها بایه‌خیان به هه‌سته جه‌سته‌ییه‌کانیان داوه‌و تێڕیان کردوه‌و هه‌سته مه‌عنه‌ویه‌کانیان پشتگوێ خستووه[٥٤٥].

مه‌ولانا جیهان به هه‌بوویه‌کی جوڵاوو چالاك، وه‌ك ڕوبارێکی له‌به‌ر ڕۆیشتوو ده‌بینێ — واته زیندووه — و هیچ ساتێك سکونه‌تو وه‌ستان به‌سه‌ر جیهاندا ڕونادات، مرۆڤه زیندوه‌کان — وه‌ك پێغه‌مبه‌ر (د.خ) و هاوشێوه‌کانی — ته‌نانه‌ت قسه‌و په‌ندی خشت و خۆڵ ده‌بیستن، به‌ڵام ئه‌وانه‌ی که ئه‌م زیندوویه‌تی و جوڵه‌یه نابینن، ئه‌وانه‌ن که به په‌رده‌یه‌کی گه‌وره — به‌ڵکو گه‌وره‌ترین په‌رده — داپۆشراون:

پست و بالا پیش چشمش تیزْروَ　　از کلوخ و خشت او نکته شنو

با عوام این جمله بسته و مرده‌یی　　زین عجب تر من ندیدم پرده‌یی[٥٤٦]

مه‌ولانا که باوه‌ڕی وابوو، که بێگیانه‌کانیش زیندوون، باوه‌ڕی وایه سروشتی ئه‌و ژیان‌و کارکردنیانه، به‌پێی سروشتی ویستی خاوه‌نه‌که‌ی ده‌گۆڕێ. لێره‌وه له‌نێو داستانی پادشای جوله‌که‌و یارانی چاڵه ئاگرینه‌کان (اصحاب الأخدود)دا، ئاگر له وه‌ڵامی پرسیاری ئه‌و پادشا جوله‌که‌یه‌دا که ده‌پرسێ: بۆچی ئه‌وانت نه‌سوتان؟ ده‌ڵێت:

من ز سگ کمتر نیستم در بندگی　　کم ز تُرکی نیست حق، در زندگی[٥٤٧]

---

[٥٤٣] بڕوانه: د.عبدالکریم سروش، در حضور حضرت مولانا، سخنرانی شماره (١١) www.dr.sorosh.com.

[٥٤٤] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٣٢٨٠.

[٥٤٥] بڕوانه: د.عبدالکریم سروش، در حضور حضرت مولانا، سخنرانی شماره (١١) www.dr.sorosh.com.

[٥٤٦] مثنوی، دفتر چهارم، أبیات: ٣٥٣٤ — ٣٥٣٥.

[٥٤٧] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٨٣٣.

"ئەو دەڵێت: من سروشتم بەدەست خاوەنەکەمە – خودا –، خودا لە دەسەڵات و ژیاندا وەک خاوەن – تورکمان – و من – ئاگر – وەک سەگی ئەو وام و لەو سەگە کەمتر نیم، کە بە میوانی مالّی خاوەنەکەیدا ناوەڕێو بۆ بێگانە ئەوەڕێ – ئەسوتێنێ –"[٥٤٨].

٢-١-٣-٢/ تایبەتمەندییەکانی ژیان لای مەولانا

أ- تایبەتمەندییە گەردوونییەکان

لە دیدی مەولاناوە ژیان چەند تایبەتمەندییەکی گەردوونیی هەیە، کە دیارترینیان لەمانەدا دەردەکەوێت: (سەرچاوەی ژیان لە جیهانەکەی تردەیە، ژیان لە خوداوە زیندوویەتی بەدەستهێناوە، ژیان بەهۆی دژەکانەوە دەردەکەوێت، ئارەزووی رۆح بۆ ژیانە لە (ناشوێن)دا).

سەرەتا "مەولانا باوەڕی وایە بنچینە – اصل – کە جیهانەکەی تر، سەرچاوەی ئەم ژیانەیە، ژیانیش لەوەدایە، مرۆڤ هەوڵی گەڕانەوە بۆ ئەو بنچینە بدات، بنچینەش (اصل) بەوە دەوترێ، کە هەرچی جگە لەوە لەسەر ئەوە بونیاد دەنرێ. و لە زمانیشدا بریتیە لەو شتەی کە پێویست بەوەو بەڵام ئەو پێویستی بە هیچ شتێك نیە. لە شەرعیشدا بریتیە لەو شتەی کە جگە لەو لەسەر ئەو بونیاد دەنرێ، بەڵام ئەو خۆی لەسەر هیچ شتێکی تر بونیاد نەنراوە. لە عرفانیشدا حەقیقەتی بنچینە بریتیە لە یەکتاپەرستی (توحید) و خواپەرستیش بریتیە لە لق و پۆپەکانی"[٥٤٩].

مەولانا لە مەسنەوی دا دەڵێت:

هر کسی کو دورماند از اصل خویش	باز جوید روزگار وصل خویش[٥٥٠]
تو مکانی اصل تو در لامکان	این دکان بریندو بگشا ان دکان[٥٥١]

---

[٥٤٨] کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر اول، ل٢٩٠.

[٥٤٩] د.سیده مریم أبو القاسمی، اصطلاحات و مفاهیم عرفانی دیوانی شمس، ل٨٤.

[٥٥٠] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٤.

[٥٥١] مثنوی، دفتر دوم، بیت: ٦١٤.

لای مەولانا ئەسڵ وەك (جێگەو نیشتمانی ڕاستەقینە) و (دروستبوونی یەکەم – منشأ اولی) و (مالّی ئارامی – دار الأمان) کە دڵ ئارەزووی بینینی ئەو دەکات، هاتووە[٥٥٢]:

دل از جهان رنگ و بو گشته گریزان سو به سو

نعره زنان کان اصل کو؟ جامه‌دران اندر وفا[٥٥٣]

مەعشوق – خودا – ش وەك بنچینە (اصل) ناودەبات:

شاه همه جهان تویی، اصل همه کسان تویی

چونکه تو هستی أن مانیست غم از کسان تو[٥٥٤]

بنچینە شوێنێکە کە هەرکەسێ لە کۆتاییدا بەرەو ئەوێ دەگەڕێتەوە، دەرخەری ناسکیەو پەڵەو ناپاکیەکانی جیهانی مادی لەوێ بوونی نییە. ئەوێ بە ناشوێن – لامکان – ناودەبرێ، کە هەموو بونەوەران بە شادیو چالاکیەوە بەرەو ئەوێ دەگەڕێنەوە:

زانکه هر جیزی به اصلش شادو خندان می رود

سوی اصل خویش جان را شادو خندان می برم[٥٥٥]

بنچینە هەمان ئەو خالّی سەرەتایەیە، کە خالّی پێچەوانەی ئەو (غوربەت و فیراقە):

سیر گشتم از غریبی و فراق سوی أصل و سوی أنجاز أمدیم[٥٥٦]

مەولانا (عشق)یش وەك (بنچینە) ناودەبات:

برادرم، پدرم، اصل و فصل من عشقست

که خویش عشق بماند نه‌خویشی نسبی[٥٥٧]

هەروەها لای مەولانا شەمسی تەبریزی پیری، بنچینەیە:

---

[٥٥٢] بڕوانە: د.سیده مریم أبو القاسمی، اصطلاحات و مفاهیم عرفانی دیوانی شمس، ل٨٤.

[٥٥٣] دیوان شمس: غزل: ٢٠٨.

[٥٥٤] دیوان شمس: غزل: ٢٢٧٩٠.

[٥٥٥] دیوان شمس: غزل: ١٥٨٩.

[٥٥٦] مثنوی، دفتر چهارم، بیت: ١٧٥.

[٥٥٧] دیوان شمس: غزل: ٣٠٤٩.

شمس تبریز اصل اصلش آخر نه بروی آن پری بود[٥٥٨]

هەروەها مەولانا هەندێ جار (بنچینە – اصل) بە مانا گشتیەکەشی بەکارهێناوە[٥٥٩].

لای مەولانا، لەبەرئەوەی جیهان و ژیان لە خواوەیە، بۆیە سات بە سات ژیانی نوێ پەیدا دەکات، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم دەرکەوتنی نوێبوونەوەیە خێراو بەردەوام و سات بە ساتە، بۆیە مرۆڤ هەست بەو نوێبوونەوە بەردەوامە ناکات و ئەو بە لکاوو نەگۆڕی دەزانێت[٥٦٠]:

هر نفس نو می شود دنیا و ما بی خبر از نو شدن اندر بقا

عُمر همچون جوی نو نو می رسد مستمری می نماید در جسد[٥٦١]

مەولانا، باوەڕی وایە لە دژەکانەوە شتەکان دروست دەبن و لەڕێگەی ئەو دژیەکیەوە شتەکان دەرئەکەون و خودا لەنێو تاریکیدا – لێرەدا زیاتر مەبەستی تاریکی دڵە – ڕوناکی دروستدەکات:

که ز ضدها، ضدها أید پدید در سویدا نور دایم أفرید[٥٦٢]

ئەم یاسایەش بۆ ژیان هەروایە. لەنێو کەمی (نقص)دا – کە لێرەدا زیاتر مەبەستی کەمبوونەوەی مرۆڤە باوەڕدارەکانە بە شەهیدبوون– شەهیدبوونی مەعنەوی– لەپێناوی خودادا – تەواوی و کەمالّ دەستدەکەوێ. وەک چۆن باخەوانە کارامەکان، گژوگیاو لقە ڕواو و زیادەکان کەمدەکەنەوەو لادەبەن، تا باخی میوەکانیان سەوزو شاد بێت:

می کند از باغ، دانا أن حشیش تا نماید باغ و میوه خُرّمیش[٥٦٣]

کەواتە تەواوی و کەمالّ لە ناخی کەمیەکاندا شاردراوەتەوەو ژیانیش لە فەنابوونو کوژران – چ کوژرانی مەعنەوی و چ کوژرانی جەستەیی – دایە لەڕێگەی حەق – خودا – دا[٥٦٤]:

---

[٥٥٨] دیوان شمس: غزل: ٢٢٠.

[٥٥٩] بڕوانە: د.سیده مریم أبو القاسمی، ل٨٥.

[٥٦٠] بڕوانە: د.مریم شریف نسب، حکایت جان سیری (بررسی تقابل مرگ و زندگی در دیدگاه مولانا، مجلهٔ فرهنگ، شماره (٦٤ – ٦٣) ل٤٥٠.

[٥٦١] مثنوی، دفتر اول، بیت: ١١٤٤.

[٥٦٢] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٣٨٦٥.

[٥٦٣] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٣٨٦٩.

پس زیادتها، درون نقص هاست　　مر شهیدان را، حیات اندر فناست[٥٦٥]

مەولانا باوەڕی وایە ئارەزووی جەستە بۆ سەوزایی‌و مادەیە، چونکە بنچینەکەی ئەوێیە، بەڵام ئارەزووی گیان بۆ ژیان‌و حیکمەتە، چونکە بنچینەکەی لە ناشوێن (لامکان)ەوەیە:

میل تن در سبزه و آب روان　　ز آن بود که اصل او آمد از آن

میل جان اندر حیات و در حی اس　　زانکه جان لامکان، اصل وی است

میل جان در حکمت است و در علوم　　میل تن در باغ و راغ است و کُروم[٥٦٦]

بە باوەڕی مەولانا زۆر بایەخدان بە ئاوەدانکردنەوەی جەستە، کارکردنە بۆ بێگانە — کە زیاتر لێرەدا مەبەستی جەستەیە — نەک بۆ خۆ، و دروستکردنی خانووە لە زەوی خەڵکی تردا، کە ئەوەیش دیارە چارەنوسی چی دەبێت؟:

در زمین مردمان، خانه مکُن　　کار خود کن، کار بیگانه مکُن

کیست بیگانه؟ تن خاك تو　　کز برای اوست غمناکی تو[٥٦٧]

ئەو باوەڕی وایە، ژیان کە لە پەیوەندی نێوان رۆح و جەستەوە دروستبووە، لە بناغەدا پەیوەندیەکی دژیەکانە (اضداد)یەو بە حیکمەتی خوا ئەوە دەکرێ. مەولانا دەڵێت بۆ بەردەوامی‌و مانەوەی جیهان، پەیوەندی رۆح‌و جەستە پێویستە، چونکە نە رۆح بێ جەستە دەتوانێ بەشێوەیەکی بەرجەستە، کارەکانی جێبەجێبکات و ڕۆڵ ببینێ و نە جەستەش بێ رۆح دەتوانێ بژی. بۆیە بە هەردووکیانەوە ئامرازی مانەوەی جیهان دەستەبەر دەبێت:

حکمت، این اضداد را با هم ببست　　ای قصاب! این گردران، باگردن است

روح بی قالب، نداند کارکرد　　قالبت بی جان، فسرده بودو سرد

قالبت پیداو آن جانت نهان　　راست شد زین هردو اسباب جهان[٥٦٨]

---

[٥٦٤] بڕوانە: کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر اول، ل١٠٩٤ — ١٠٩٥.

[٥٦٥] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٣٨٧١.

[٥٦٦] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ٤٤٣٥–٤٤٣٨.

[٥٦٧] مثنوی، دفتر دوم، أبیات: ٢٦٣–٢٦٤.

[٥٦٨] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ٦٢٤–٦٢٦.

ب- تایبه‌تمه‌ندییه مرۆییه‌کان

هه‌روه‌ها له دیدی ئه‌وه‌وه ژیان خاوه‌نی چه‌ند تایبه‌تمه‌ندییه‌کی مرۆییانه‌یه، که له‌مانه پێکهاتووه: (ژیان شوێنی پێگه‌یاندنی مرۆڤه، هاتنی پێغه‌مبه‌ران بۆ به‌خشینی ژیانه به خه‌ڵک، نه‌ك پیشاندانی کاری سه‌رسوڕهێنه‌ر، مرۆڤه‌کان مردن به ژیان و ژیان به مردن ده‌زانن، جیهان له دژه‌کان دروستبووه به‌ڵام ژیان له ئاشتی نێوانیاندایه، ژیانی شایسته له‌وه‌دایه، که یه‌کیه‌تی له‌نێوان خواسته‌کانی جه‌سته‌و گیاندا دروست ببێ، ژیان له هه‌بوونی خه‌م و شادیدایه، ژیان له کاری خۆکردندایه، نه‌ك کاری بێگانه‌کردن!، مرۆڤه مه‌عنه‌ویه‌کان به‌هارو ژیان هێنن‌و ئاره‌زووبازه‌کان خه‌زان‌و مه‌رگ هێن، ژیانی هه‌میشه‌یی له رزگاربووندایه له ژیانی ئاژه‌ڵی‌و خاکی، ژیان له زانینی هه‌واڵ و زانیاری گه‌ردونیی و قوڵ دایه، ژیان له دووباره له‌دایکبوونه‌وه‌ی ئیختیاریدایه، ژیان له داخوازیدایه، مه‌شقی رۆحی هۆکاری به‌ده‌ستهێنانی ژیانی جاویدانیه، ژیان له مۆسیقای مه‌عنه‌ویدایه،

سه‌راپا ژیانی ته‌نها له به‌هه‌شتدایه، شیعر وتنی مه‌ولانا له‌پێناو ژیاندنه‌وه‌ی مرۆڤه‌کاندایه).

مه‌ولانا باوه‌ڕی وایه مرۆڤ که‌ره‌سته‌یه‌کی ئاماده‌نه‌کراوی وه‌ك پێسته‌یه‌کی خۆشنه‌کراوه، ده‌بێت له‌م ژیانه‌دا به ئازارو ماندووبونه ئیختیاریه‌کان یان به ئازارو ماندوبونه ناچاریه‌کانی ژیان خۆشه بکرێت تا به‌که‌ڵك‌و جوان بێت، چونکه ئه‌و — مرۆڤ — به شێی جۆراوجۆر — چێژه‌کان و دونیاپه‌رستی — ناشیرین بووه:

أدمی را پوست نامدبوغ دان	**از رطوبت ها شده زشت و گران**
تلخ و تیز و مالیش بسیار ده	**تا شود پاك و لطیف و بافره**
که بلای دوست تطهیر شماست	**علم او بالای تدبیر شماست**[٥٦٩]

"مه‌ولانا باوه‌ڕی وایه، مرۆڤ له‌م ژیانه‌دا هه‌ندێ به‌شی ڕاستن و هه‌ندێکی ناڕاستن، بۆیه پێویسته کاربکات بۆ ڕاستکردنه‌وه‌ی به‌شه‌کانی خۆی، ئه‌مه‌ش له‌ڕێگه‌ی ڕاستاندن — مرۆڤه ڕاسته‌کان — ه‌وه ده‌کرێت"[٥٧٠]:

---

[٥٦٩] مثنوی، دفتر چهارم، أبیات: ١٠٤–١٠٥، ١٠٨.

راست کن اجزات را از راستان سرمکش ای راست رو زان أستان[٥٧١]

له دیدی مەولاناوە مەبەست لە موعجیزەی پێغەمبەران بەخشینی ژیانی مەعنەویە بە مرۆڤەکان، نەک نمایشی کاری سەرسوڕهێنەر. بەلای مەولاناوە، رۆحی هەموو موعجیزەکان و گەورەترینیان ئەوەیە، کە گیانی هەمیشەیی بە مردووەکان – مرۆڤ – ببەخشێ:

وأن قوی تر، زأن همه کین دایم است زندگی بخشی که سرمد قایم است

جان جملهٔ معجزات اینست خود کو ببخشد مُرده را جان ابد[٥٧٢]

مەولانا باوەڕی وایە، زۆربەی جار مرۆڤەکان مردن بە ژیان و ژیان بە مردن دەزانن. واتە ژیانی مەعنەوی لە قاڵبی مەرگدا داپۆشراوەو ئەو مردنەش – واتە ژیانی گیانلەبەری و غەریزیانە – بە ڕوپۆشێك لە ژیان داپۆشراوە. هەر لەبەرئەوەشە، کە مرۆڤە ڕواڵەت بینەکان ژیانی ڕواڵەتی بە ژیانی ڕاستەقینە دەزانن و بەوپەڕی هێزیانەوە بەرەو ئەوێ ڕادەکەن:

این حیاتی خُفیه در نقش ممات وأن مماتی خفیه در قِشرِ حیات[٥٧٣]

لەم جیهانەدا، ڕوناکی لە شێوەی ئاگرە، ئاگر لە شێوەی ڕوناکیدا جیلوە دەکات و دەردەکەوێت. ئەگەر وانەبوایە – واتە یاسای فریودان نەبێت – ئەی چۆن دونیا بە مالّی فریوو لەخۆبایی بوون (دار الغرور) ناودەبرا:

می نماید نور، نار و نار، نور ورنه دنیا کی بُدی دار الغرور؟[٥٧٤]

لەبەرئەوەی، مرۆڤی بێئاگا مردن بە ژیان دەزانێ، بۆیە لە زەوی خوێدارو سوێردا تۆو دەچێنێ. واتە ژیانی مەجازی دونیا لە شوێنی مردندایەو بە ڕاستەقینە زانینی ئەو ژیانەو هەوڵو کارکردن بۆی وەك چاندنی تۆوە لە زەوی خوێداردا، کە هیچ بەرهەمێکی نابێت[٥٧٥]:

---

[٥٧٠] ویلیام چیتیك و دیگران: گنجینه معنوی مولانا، ترجمه و تحقیق: شهاب الدین عباسی، ١٣٨٩ – ٢٠٠٩، چ٤، انتشارات مروارید، تهران، ل٢٣٩.

[٥٧١] مثنوی، دفتر دوم، بیت: ١٢١.

[٥٧٢] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ٢٥٠١–٢٥٠٢.

[٥٧٣] مثنوی، دفتر پنجم، بیت: ٤١٣٥.

[٥٧٤] مثنوی، دفتر پنجم، بیت: ٤١٣٦.

[٥٧٥] بڕوانە: کریم زمانی، میناگر عشق، ل١٨٩. هەروەها هەر ئەو نوسەرە، شرح مثنوی معنوی، دفتر پنجم، ل٤٨٤.

مرگ را تو زندگی پنداشتی تخم را در شوره خاکی کاشتی[٥٧٦]

بۆیە مەولانا دەڵێت، ئەی ناعاقڵ! بزانە عەقڵی درۆزن هەموو شتێك بە ئاوەژوو دەبینێ، بەجۆرێك کە ژیانی ڕاستەقینە بە مردن دەبینێ:

عقل کاذب هست خود معکوس بین زندگی را مرگ بیند ای غبین[٥٧٧]

مەولانا باوەڕی وایە دوو ئایبەتمەندی سەرەکی ئەم جیهانو ژیانە بریتین لە دژیەکی (اضداد)و فرەیی (اعداد). واتە ئەم جیهانە لە دژەکان دروستبووەو بەهۆی ئەوەوە دەمێنێتەوە[٥٧٨]. هەروەها ئەم جیهانە جیهانی فرەییو زۆری دیاردەکانە. مەولانا باوەڕی وایە ئەگەر مرۆڤ بکەوێتە نێو ئەم دژیەکیانەوە — بەتایبەتی دژیەکی لە دڵو دنیابینیدا — ئەوا ژیانی زۆر سەختو بەڵکو پشت شکاندن دەبێت:

کز تناقض های دل پشتم شکست بر سرم جانا بیا می مال دست[٥٧٩]

بۆیە ژیان لەوەدایە، کە مرۆڤ بتوانێ بەقوڵی ئاشتی نێوان دژەکان ببینێ:

زندگانی، اشتی ضدهاست مرگ ان، کاندر میان شان جنگ خاست[٥٨٠]

وە "پێویستی هەبوونی ئەوان لە کەناری یەکتردا بزانێو بەمەش وردە وردە لە جیهانی دژەکانو جیهانی فرەیی بڵند بێتەوەو بەوەش مرۆڤ لە دژیەکی — تەنانەت دژیەکی ناخی — ڕزگاری دەبێت. ئەو داوا دەکات مرۆڤ لە دەروونیدا ئەو دژانە ئاشت بکاتەوە تا بە هەردووکیان توانای بڵندبوونەوەو فڕینی مەعنەوی بەدەستبهێنێ. مەولانا باوەڕی وایە، مرۆڤ چەندە بتوانێ ئەوە تێببینی بکات، هێندەش لە ژیانی ڕاستەقینەو جیهانی ڕاستەقینە نزیك دەبێتەوە، بەپێچەوانەشەوە تێکچوونی هاوسەنگیو ئاشتی نێوان دژەکان واتە مردن"[٥٨١].

---

[٥٧٦] مثنوی، دفتر پنجم، بیت: ١٧٦٣.

[٥٧٧] مثنوی، دفتر پنجم، بیت: ١٧٦٤.

[٥٧٨] بڕوانە: بەشی دووەم، (دونیا لای مەولانا)، ل١٦٠.

[٥٧٩] مثنوی، دفتر ششم، بیت: ٥٦٠.

[٥٨٠] مثنوی، دفتر اول، بیت: ١٢٩٣.

[٥٨١] بڕوانە: د.عبدالکریم سروش، مولوی و غرب، www.dr.sorosh.com

چونکه لای ئەو جیهانی ئەودیوی ئەم جیهانە مادیە، جیهانی نەمانی دژەکانەو جیهانی ئاوەدانی و مانەوە (بەقا)یە، چونکە ئەو جیهانە لە دژەکان پێکنەهاتووە[٥٨٢]:

أن جهان جز باقی و أباد نیست ز أنکه أن ترکیب، أز اضداد نیست[٥٨٣]

سەبارەت بە هەبوونی فرەیی (اعداد) و ناکۆکی لەم جیهانەداو لەنێو خودی مرۆڤ خۆیدا، مەولانا باوەڕی وایە، ئەو مرۆڤانەی کە لە پلەی دەروونی ئاژەڵیو گیانلەبەریدا ماونەتەوە — واتە هێشتا غەریزەکان بەسەریاندا زاڵن — ئەوا لەنێوانیاندا دوژمنی و کوێرەوەری هەیە، بەڵام ئەوانەی کە لەم پلەیە تێپەڕبوون و (من) و (ئێمە) یان پشتگوێ خستووە، ئەوا لەنێوانیاندا یەکیەتی (وحدت) بەرقەراربووە[٥٨٤] و کە رۆحی مرۆڤانەو مرۆڤدۆستیش هەر لەوەدایە:

تفرقه، در روح حیوانی بود نفس واحد، روح انسانی بود[٥٨٥]

مەولانا باوەڕی وایە مرۆڤ کاتێك زیانی شایستەی مرۆڤانەی دەبێت، کە یەکیەتی لەنێوان خواستەکانی جەستەو خواستەکانی گیاندا دروست ببێت، خۆ ئەگەر وانەبێت، ئەوا وەك ئەوەیە سوار — هێمایە بۆ گیان — ئاراستەیەکی بوێ و وڵاخ — هێمایە بۆ جەستە — شتێکی تری بوێ و بەمەش ناگەنە شوێنی مەبەست. لێرەوە لە دەفتەری چوارەمی مەسنەویداو لەمیانەی داستانی (مەجنون و حوشترەکە)دا باس لەوە دەکات، کە مەجنون بە سواری حوشترە مێینەکەی ڕێی بەرەو زێدی لەیلا گرتەبەر، بەڵام هەرکاتێك بەهۆی هیلاکیەوە یان خەوتنەوە لە حوشترەکەی خۆی بێئاگا بوایەو جلّەوەکەی شل بکردایە، حوشترەکە — کە بەچکەیەکی بەجێهێشتبوو — بەرەو دواوە دەگەڕایەوەو کاتێك کە بەئاگا دەبوویەوە، دەبینێ چەند میلێك لەڕێگەی مەبەست دوورکەوتوەتەوە!. کاتێك کە مەجنون بینی ئەم بەسەرهاتە چەندجارێك دووبارە بوەوە، بە حوشترەکەی وت: ئێمە هەردووکمان

---

[٥٨٢] بڕوانە: د.عبدالکریم سروش، مولوی و غرب، www.dr.sorosh.com

[٥٨٣] مثنوی، دفتر ششم، بیت: ٥٦.

[٥٨٤] بڕوانە: کریم زمانی، میناگر عشق، ل٢٥١.

[٥٨٥] مثنوی، دفتر دوم، بیت: ١٨٨.

عاشقی شتێکین و دژی یەکترین! بۆیە هاوڕێیەکی شایستەی یەکتر نین و باشترە لە یەکدی جیاببینەوە:

این دو همره همدگر را راهزن　　گمره آن جان که او فروناید زتن
جان ز هجر عرش اندر فاقه‌ای　　تن ز عشق خاریُن چون ناقه‌ای
جان گشاید سوی بالا بال ها　　در زده تن در زمین چنگالها[٥٨٦]

مەولانا باوەڕی وایە مرۆڤ تەنها کاتێك دەتوانێ لە بێگاریو کار بۆ بێگانە — کاری خۆنەبوون — کردن لەم جیهانە ناچاریەدا ڕزگار بێت، کە شتەکان وەك ئەوەی کە خۆیان هەن — نەك ئەوەی کە دەردەکەوێ — ببینێت. بۆیە داوا لە خودا دەکات شتەکان وەك خۆیان پیشانی بدات:

ای میسر کرده مارا در جهان　　سُخره و بیگار، مارا وا رهان
طُعمه بنموده بەما و آن بوده شمست　　آن چنان بنما بەما آن را که هست[٥٨٧]

مەولانا باوەڕی وایە خەم و شادی دوو دیاردەی پێویستی ژیانی دەروونیی مرۆڤن، چونکە بەهۆی دژێکەوە ڕووی دژەکەی تر دەناسین. ئەو باوەڕی وایە خەم ئاوێنەیەکە لەودا دژەکەی دەبینین. ئەو دوانە (خەم — شادی) وەك پەنجەکانی دەستن، کە بە دڵنیاییەوە دوای داخستنی مشت دەست — هێمایە بۆ خەمباری هەروەها گوشین (قبض)ی سۆفیانە — کرانەوەی پەنجەکان — شادی هەروەها گوشادی (بسط)ی سۆفیانە — دێت. خۆ ئەگەر پەنجەکان هەمیشە داخراوبن یان هەمیشە کراوەبن، ئەوا ناتوانین کارو بژێوی ئەنجامبدەین هەروەها بەهۆی دژیەکی خەمەوە، دژەکەی (شادی) دەناسین:

غم چو أیینەست پیش مجتهد　　کاندرین ضد، می نماید روی ضد
این دو وصف أز پنچه ٔدستت ببین　　بعد قبض مشت، بسط أید یقین
پنچه را گر قبض باشد دایماً　　یاهمه بسط، او بُود چون مبتلا[٥٨٨]

---

[٥٨٦] مثنوی، دفتر چهارم، أبیات:

[٥٨٧] مثنوی، دفتر دوم، أبیات: ٤٦٦–٤٦٧.

[٥٨٨] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ٣٧٦٢، ٣٧٦٤–٣٧٦٥.

مەولانا پێمان دەڵێ ژیان لەوەدایە مرۆڤ کاری خۆی بکاتو کاری بێگانە نەکاتو هۆشیاربێت لەوەی زۆرینەی خەڵک دێو و مرۆڤخۆرن!. واتە مرۆڤایەتی تۆ دەخۆنو لەناودەبەن!. پەسەندکردنت لەلایەن هەموانەوە پێوەرێکی باش نیە بۆ زانینی رادەی پێگەیشتنت. بۆیە زۆر وریابەو کاری خۆت بکەو لە زەوی خەڵکیدا خانوو دروست مەکە!:

أدمی خوارند اغلب مردمان — از سلام علیك شان کم جو أمان
خانهٔ دیواست دل های همه — کم پـذیر از دیو مردم دمدمه[٥٨٩]
در زمین مردمان خانه مکن — کار خودکن کار بیگانه مکن
کیست بیگانه؟ تن خاکی تو — کز برای اوست غمناکی تو[٥٩٠]

مەولانا هەناسەی – واتە هێزی زیندووکردنەوەی مەعنەوی – مرۆڤە مەعنەویەکان (عارفانو پیران) بە بەهارو مرۆڤە ئارەزووبازەکان بە خەزان دەچوێنێ:

گفته های اولیاء نرم و درشت — تن مپوشان زأنکه دینت راست پشت
گرم گوید، سرد گوید، خوش بگیر — زأن ز گرم و سرد، بجهی وز سعیر
گرم و سردش نوبهار زندگی است — مایهٔ صدق و یقین و بندگی است
زأن کزو بُستان جان ها زنده‌است — زین جواهر، بحر دل أکنده است[٥٩١]

هەروەها مەولانا باوەڕی وایە بەهاری سروشتی نمایشێکی بەهاری پشتەوەی سروشت– میتافیزیك– ە:

در خزان أن صد هزاران شاخ و برگ — در هزیمت رفته در دریای مرگ
باز فرمان أید از سالار ده — مر عدم را: کانچه خوردی بازده[٥٩٢]

"مەولانا باوەڕی وایە بەهارو خەزانی سروشت هێمایە بۆ دوبارەبوونەوەی وەرزەکانی دەروونی مرۆڤ. واتە بە باوەڕی ئەو لە ناخی مرۆڤدا وەك سروشت، خەزانو بەهار – گۆڕانی

---

[٥٨٩] مثنوی، دفتر دوم، أبیات: ٢٥٠–٢٥١.
[٥٩٠] مثنوی، دفتر دوم، أبیات: ٢٦٣–٢٦٤.
[٥٩١] مثنوی، دفتر اول، أبیات: ٢٠٤٩–٢٠٥٢.
[٥٩٢] مثنوی، دفتر اول، أبیات: ١٨٩٢–١٨٩٣.

وەرزە مەعنەویەکان – پودەدات‌و بەردەوامە. واتە مەولانا لە دیاردە گەردونیەکانەوە (آفاقي) بۆ دیاردە دەرونیەکان (أنفسي) دەڕوات‌و مەسەلەی گوشین (قبض)– خەم‌و ئازار– و گوشادی (بسط)– شادی – لای سالکی مەعنەوی دەخاتەڕوو"[٥٩٣].

ای برادر عقل یك دم باخود آر　　دم به دم در تو خزان است و بهار[٥٩٤]

مەولانا باوەڕی وایە ژیانی ئاژەڵیانەو مادیانە مردنە نەك ژیان، چونکە هەمیشە مرۆڤ بەرەو نزمی و خواری دەڕوات‌و هەرکاتێك مرۆڤ لەو ژیانە ئاژەڵیە رزگاری بێت، ئەوکاتە بە ژیانی هەمیشەیی دەگات:

أزمودم مرگ من در زندگی ست　　چون رهم زین زندگی، پابندگی است[٥٩٥]

"مەولانا پێمان دەڵێ: چۆن دەتوانی پێی ڕۆحت لە گوڵزاری جەستەی مادی بهێنیتە دەرەوە، لەکاتێکدا کە ژیانی تۆ وابەستەی ئەم گڵ‌و لایەنە مادیەیە؟. کۆچکردن لەم ژیانە مادی و ئەم جۆرە ژیانە زۆر دژوارە، مەگەر بۆ کەسانێك نەبێت، کە سواری کاروانی عەشقی خودایی بووبن:

چون کنی پارا حیاتت زین گل است؟　　این حیاتت را روش بس مُشکل است[٥٩٦]

بە باوەڕی ئەو هەرکاتێك مرۆڤ لای خودا بە سەرچاوەی ژیانی شیرینی مەعنەویەت گەیشت، لە گوڵزاری ژیانی مادی بێ نیازو پێویستی دەبێ‌و بەرەو قەڵەمڕەوی ماناو جیهانی مانا دەڕوات"[٥٩٧]:

چون حیات از حق بگیری ای روی　　پس شوی مستغنی از گل، می روی[٥٩٨]

---

[٥٩٣] د.مریم شریف نسب، جان سیری (تقابل مرگ و زندگی در دیدگاه مولانا، ل٤٥٠. هەروەها کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر اول، ل٥٨٦–٥٨٧.

[٥٩٤] مثنوی، دفتر اول، بیت: ١٨٩٢.

[٥٩٥] مثنوی، دفتر سوم، بیت: ٣٨٣٨.

[٥٩٦] مثنوی، دفتر سوم، بیت: ١٢٨٢.

[٥٩٧] کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر سوم، ل٣٢٠.

[٥٩٨] مثنوی، دفتر سوم، بیت: ١٢٨٣.

مەولانا باوەڕی وایە، چەندە مرۆڤ هەواڵو زانیاری – هەواڵی شتە جەوهەریو گرنگەکانی ژیان و بوون– ی زیاتر بێت، ئەوەندەش گیانو لەوێوە ژیانی زیاتر دەبێ:

جان نباشد جز خبر در أزمون هرکه را أفزون خبر جانش فزون[٥٩٩]

کە ئەمەش وادەزانین لە خۆیدا کاریگەری بیروباوەڕی ئاینی ئیسلامی بەسەرەوە دەرئەکەوێ، کە ئیسلام باوەڕی وایە ئەگەرچی ماهیەتی (رۆح) نەزانراوە، بەڵام شوێنەوارە جەوهەریەکانی بریتین لە زانستو ئیرادە، مەولانا لێرەدا زانستەکە بە هۆکاری زیادبوونی گیان و ژیان دەزانێ[٦٠٠].

هاوکات مەولانا باوەڕی وایە کە جیاوازی نێوان زیادبوون و گەورەبوونی مرۆڤ و گیانلەبەران لەوەدایە، کە گیانلەبەران لەڕێگەی قورگ و خواردنەوە گەورە دەبن، بەڵام مرۆڤ لەڕێگەی بیستنو گوێوە – کە ئاماژەیە بۆ وەحیو پەیوەندی ئاسمان بە مرۆڤەوە – گەورە دەبێ:

ادم فربه شود از راه گوش جانور فربه‌شود از حلق و نوش[٦٠١]

لە دیدی عارفانەوە – لەوانەش مەولانا – "ژیان بە مانای هەناسەدانو ئەنجامدانی کردارو ڕەفتاری غەریزی نیە، بەڵکو ژیان بە مانای دوبارە لەدایکبوونەوەی ئیختیاری[٦٠٢] – نەک جەبری و فیزیکی – دێت. واتە لە ژیانی تاریکی دەروونی شەڕەنگێز (نفس) خۆت بمرێنی و لە گۆڕەپانی چاکە دەروونی و ئەخلاقیەکاندا دوبارە لەدایك ببێتەوە[٦٠٣]. بەم پێناسەش– بە ڕای مەولانا و عارفان– زۆرێك لە زیندوەکان بە مردوو دادەنرێن[٦٠٤]. "بە ڕای

---

[٥٩٩] مثنوی، دفتر دوم، بیت: ٣٣٢٤.

[٦٠٠] بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری یەکەم، ل٥٢.

[٦٠١] مثنوی، دفتر ششم، بیت: ٢٩١.

[٦٠٢] ئەمە لەبەرئەوەی زیاتر دەچێتە نێو خانەی مردنی ئیختیاریەوە لە بەشی سێهەم دا، کە تایبەتە بە باسی مردن، باسمانکردوە.

[٦٠٣] وادەزانین ئەم چەمکی دووبارە لەدایکبوونە، عارفانی ئیسلام – لەوانەش مەولانا – لە ئاینی مەسیحیو ئاینی بودایی وەریانگرتووە. بڕوانە: ل٢٦، ل٤٢.

[٦٠٤] کریم زمانی، میناگر عشق، ل١٨٨.

ئەو هەر ئەوەندەی مرۆڤ سەرکەوتوو بوو لە گەیشتنی بە لەدایکبوونی دووەم، ئەوا بەرهەمەکەی ئەوەیە، هەموو هۆکارو ئامرازە مادیەکان ملکەچی هێزی رۆحییو مەعنەوی ئەو دەبن نەك بە پێچەوانەوە"[٦٠٥]:

چون دوم بار آدمیزاده، بزاد پای خود بر فرق علت ها نهاد[٦٠٦]

بەڵکو مەولانا باوەڕی وایە، گەورەیی پێغەمبەر موحەمەد (د.خ) لەوەدایە، کە ئەو لەم جیهانەدا جارێکی تر لەدایکبووەتەوە، و ئەو هەر لەم جیهانەدا سەد زیندووبوونەوەو قیامەتی ئاشکرا بووە:

زادهٔ ثانی است أحمد در جهان صد قیامت بود او اندر عیان[٦٠٧]

مەولانا باوەڕی وایە ژیان لە داخوازی (طلب) دایە. "جەستەی مرۆڤ وەك (مریەم)ە تا داواکاری و ئازاری بۆ دروست نەبێت، عیسای ژیان لەدایك نابێت"[٦٠٨]:

أب کم جو تشنگی أور به دست تا بجوشد أب از بالا و پست[٦٠٩]

مەولانا باوەڕی وایە مەشقی رۆحی (ریاضة)و ئازاردانی جەستە لەپێناو پەروەردەکردنو پێگەیاندنیدا، هۆکاری جاویدانبوونی ژیانی مەعنەویە:

مردن تن در ریاضت زندگی است رنج این تن روح را پایندگی است[٦١٠]

مەولانا باوەڕی بە کاریگەری ژیانبەخشانەی مۆسیقای مەعنەوی[٦١١] — کە هی پێغەمبەران و دۆستانی خودایە —هەیە، ئەو لە داستانی (پیری چەنگی)دا باس لە کاریگەری سەرسوڕهێنەری مۆسیقای مەعنەوی دەکاتو بە ئاوازی ژیان بزوێنی دەزانێت:

همچو اسرافیل، کأوازش به فن مُردگان را جان، در أرد در بدن

---

[٦٠٥] کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر سوم، ل٩١١.

[٦٠٦] مثنوی، دفتر سوم، بیت:٣٥٧٦.

[٦٠٧] مثنوی، دفتر ششم، بیت: ٧٥١.

[٦٠٨] مثنوی، دفتر سوم، بیت:٣٢١٢.

[٦٠٩] مولانا جلال الدین محمد مشهور به مولوی، فیه ما فیه، ل٢٠-٢١.

[٦١٠] مثنوی، دفتر سوم، بیت:٣٣٦٥.

[٦١١] وادەزانین ئەمە بەشێکە لە (بوونی سەماعی). بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری سێیەم، ل١١٠.

انبیا را در درون هم نغمه‌هاست　　طالبان را زآن حیات بی بهاست[٦١٢]

ئەو باوەڕی وایە ئەم ژیانە کە لەسەر دژەکان دروستبووە شوێنی مردن و ژیانەو تەنها بەهەشت شوێنی سەراپا ژیانیە، بەڵکو خانوو و درەخت و میوەکانی زیندوون:

حق همی گوید که دیوار بهشت　　نیست چون دیوارها، بی جان و زشت

چون درو دیوار تن، با آگهی است　　زنده باشد خانه، چون شاهنشهی است[٦١٣]

مەولانا شیعرەکانی خۆی، بەوە دەزانێ، کە گیان دەکاتەوە بە بەر جەستەی مرۆڤەکانداو بە ئاوێکی دادەنێ، لە دەریای بێ کۆتایی عیشق:

این سخن آبی است از دریای بی پایان عشق　تا جهان را آب بخشد جسم ها را جان کند[٦١٤]

لەلایەکی ترەوە مەولانا دۆستی رۆحی — حسام الدین — پەیوەست دەکاتەوە بە ژیاندنەوەوە، کە بەهۆی بەهاری ئەوەوە بوو، کە (مەسنەوی) بەرهەم هات، کە ئەو نەهات (مەسنەوی)ش وەستا!:

چون به معراج حقایق رفته بود　　بی بهارش، غنچه‌ها ناگفته بود[٦١٥]

٢-١-٣-٣/ ژیان و عشق

لەدنیابینی مەولانادا ژیان‌وعشق وەک دوو جمك وان کە ژیانیان پێکەوەبەستراوە، دیارترین تایبەتمەندییەکانی ئەم پەیوەندییە لەمانە پێکهاتووە: (عشق گۆڕینی ژیانە لە چەندێتییەوە بۆ چۆنێتیی، زیندووی راستەقینە مەعشوق (خودا) یە، عاشق بێ ئەو جەستەیەکی بێگیان و پەردەیە، شەرابی عشقی خودایی، مرۆڤ لە ئاوی حەیات و جاویدانی بێ نیاز دەکات، عەشق — عەشقی خودا — (رابردوو — ئێستا — داهاتوو) هەمووی دەکات بەیەك، عشق ژیان و مردن یەکسان دەکات چ بگات بە پیری و گەنجی، مامەڵە لەگەڵ مردن، لە عشقی سیما

---

[٦١٢] مثنوی، دفتر اول، أبیات: ١٩١٦، ١٩١٩.

[٦١٣] مثنوی، دفتر چهارم، أبیات: ٤٧٤–٤٧٥.

[٦١٤] دیوان شمس: غزل: ٧٢٩.

[٦١٥] مثنوی، دفتر دوم، بیت: ٤.

زیندوویەکەوەیە!، تەنانەت عشقی مەجازی ژیان بە بەر بێگیانیشدا دەکات، عشق هۆی ژیانە چونکە کۆکەرەوەی دژەکانە، ژیانی ڕاستەقینە جمك و دوانەی عشقە، عشق، ئەو هێزە سەرسوڕهێنەرەی ژیان بەرەو کەماڵ دەبات، زیندووکردنەوەی مردووەکان، بە خۆشەویستی دەکرێ، دونیا بۆ لەش پەرستانەو عشق بۆ هەمیشە ژیاوەکان، عشق بێ بەهارو خەزان نوێیە لەسەرووی دوالیزمەی (غەم – شادی) یەوەیە، عشق شێرە خوێنی هەرکەس بخوات هەمیشە زیندوویی و دلێری پێ دەبەخشێ).

"عشق لە ڕەهەندی مەعنەوی خۆیدا، بڵندبوونەوە (عروج)ی مرۆڤ بەرەو تەواویەتی (کەماڵ) و پوخت بوونەوە دەخوازێ. عشق چۆن دەتوانرێ پێناسە بکرێ و وێنا بکرێ؟ هێزێکی جوڵێنەری ژیانە. هێزێکی لەناونەچووە. هێزێکی گشتگیر. دەتوانین وەك سوتەمەنی بۆ چرا یان سوتەمەنی بۆ ماتۆڕ وێنای بکەین. کەسێ کە دەستی بە عشق گەیشتووە تەقە لە دەرگای شتە ناومکینەکانی ژیان دەدات، چونکە خۆی بەبێ نیاز لە شتە مومکینەکان دادەنێ. تەنانەت لە نەمان بێ خەمە، چونکە بە باوەڕی خۆی دەستی بە سەرچاوەی بوون گەیشتووە. دیارە ئامانجی کۆتایی مرۆڤ گەیشتنە بە (نەمری و بەردەوامی) و رزگاربوون لە تێپەڕی و کاتی بوونە، چونکە ئەم ئامانجە لەڕووی یاسای سروشتەوە بەدەستنایەت، کەواتە چارەسەرێکیان بۆ ئەوە بەوە دۆزیوەتەوە، کە چۆنیەتی (کیفیت) بخەنە جێگەی چەندیەتی (کمیت) و جڵەو و ئاراستە دیاریکەری بدەنە دەست عشق. ئەمە لە جیهانی واقیعدا بە بوونی کەسێکی تایبەتی وەك (لەیلا) و (جۆلێت) و...هتد دەردەکەوێ. لە جیهانی عرفانیشدا بە بوونی هەبوویەکی گشتگیر – خودا – کە کۆکراوەو سەرچاوەی هەموو جوانانی جیهانە دەبێت، کە بتوانێت ئەو تینوێتیە زۆرە تێراو بکات. ئەمەش پێویستی بە بەدەستهێنان هەیە"[٦١٦]. ڕاستەقینە ئەوەیە، کە هەرچی ڕوودەدات لەپێناوی ژیاندایە. تەنانەت پەیوەندیکردنی ژیان بە مردنەوە، تەنانەت چارەخوازیو پەنابردن بۆ مردن هەر لەم پێناوەدایە!. بەڵام ئەگەر لەڕوویەکەوە سەرنج بدەین، باوەڕی

---

[٦١٦] د.اسلامی ندوشن، زندگی و مرگ از دیدگا، مولانا، ل٤٧.

عارفان به (جاویدانی و نەمری) بێ بناغە نیە، چونکە هیچ شتێك لە سروشتدا لەناوناچێت، بەڵکو گۆڕینی فۆرم یان گۆڕینی چۆنیەتی دەکات. کەواتە قسە لەسەر بوونو نەبوونی دەرککردن بەوەیە[٦١٧].

مەودای نێوان مردنو ژیان لە هەنگاوێك زیاتر نیە!، ژیان ئەوەیە، کە بزانیت کە هەیت. نەژیانیش ئەوەیە، کە ئاگات لە بوونی خۆت نەبێت. ئێمە لە ژیاندا هەر کۆششێك کە دەیکەین و هەر فێڵ و تەڵەکەیەك کە دەیکەین، بۆئەوەیە هەستی بوونی خۆمان بهێنینە نێو بازنەی دەرککردنی خۆمانەوە. ئێستاش بۆ نرخاندنو بەهادان بە بیری عارفان، هیچ ڕێگایەکی ترمان نیە، جگە لەوەی، کە ببینین، کە هەندێ جار وێناکردنی واقیع و خەیاڵ جێگەی واقیع خۆی دەگرێتەوە. بەهەمان ئەندازەی ئەو بەهێز دەبێت[٦١٨]. مەولانا خۆی دەڵێت:

نیست وش خیال اندر روان تو جهانی بر خیالی بین، روان[٦١٩]

عشق لای مەولانا پانتاییەکی ئێجگار فراوانی هەیە، بەجۆرێك، کە لای ئەو عشق ژیانەو ژیان لە عشق دایە. لێرەوە ئاماژە بە ئایدیای عشق و ژیان لای ئەو دەکەین:

مەولانا باوەڕی وایە، ئەوەی لە بووندا هەیەو هەبووی ڕاستەقینەیەو زیندووە بریتیە لە خوداو — کە بە مەعشوق ناویدەبات — و مرۆڤیش — عاشق — بەبێ مەعشوق جەستەیەکی بێگیان زیاتر نیە.

لای مەولانا، مرۆڤ وەك پەردەیەکی کە هەڵواسرابێت، وەك چۆن جوڵەی پەردە لە باوەیە نەك لە خۆیەوە، جوڵەی ئەو لە خۆیەوە نیە، بەڵکو لە هەڵسوکەوتی مەعشوقەوەیە. هەروەها ئەکرێ (پەردە) لێرەدا درکە (کنایە)یە بێ بۆ پەردەی بوونی مرۆڤیانەو ڕواڵەتی، کە پەردەیەکە ئەو لە حەزرەتی مەعشوق جودا دەکاتەوە[٦٢٠]:

---

[٦١٧] هەر ئەو سەرچاوە، ل٤٨–٤٩.

[٦١٨] د.محمد علی اسلامی ندوشن، زندگی، عشق، مرگ از دیدگاه مولوی، www.tebyan.net

[٦١٩] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٧٠.

[٦٢٠] بڕوانە: کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر اول، ل٦٦.

جمله معشوق است و عاشق پرده‌ای زنده معشوق است و عاشق مُرده‌ای[٦٢١]

مەولانا باوەڕی وایە عشق ژیان بەخشە بە مرۆڤ، ئەو مرۆڤانەی شەرابی مردنی ئیختیاریان نۆشیوە بە خۆشەویستی و عشقی حەزرەتی حەق – خودا – زیندوون. ئەوان دڵیان تەنانەت لە ئاوی حەیات و جاویدانی هەڵکەنراوە:

مرگ أشامان ز عشقش زنده‌اند دل ز جان و آب جان بر کنده‌اند

آب عشق تو چو ما را دست داد آب حیوان شد به پیش ما کساد[٦٢٢]

مەولانا دەڵێت: ڕاستە هەموو گیانێك بە ئاوی جاویدانی چالاکی و نوێبوونەوە بەدەستدەهێنێ، بەڵام سەرچاوەی بنەڕەتی ئاوی جاویدانیی هەر تۆیت خودایا. واتە ئەو ئاوە جیلوەی ناوی (الحي – زیندووکەرەوە)ی تۆیە.

آب حیوان هست هر جان را نوی لیك، آب آب حیوانی، توی[٦٢٣]

لای مەولانا پەیوەستبوون بە خوداوە زەمەنی ژیان (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) لای مرۆڤ هەمووی وەك یەك لێ ئەکات!، رابردوو – ئێستا – داهاتوو – تەنها بۆ مرۆڤی ئاسایی و زەمەنی ئاسایی مانای هەیە:

لا مکانی که درو نور خداست ماضی و مستقبل و حالش کجاست؟!

ماضی و مستقبلش نسبت به توست هردو یك چیزند و پنداری که دوست![٦٢٤]

لای عاشق ژیان و مردن یەکسانە، ئیتر چ بگات بە پیری و گەنجی، چونکە ئەو بە عشق دەبێتە ماسی نێو سەرچاوەی ژیان و لە دەریای هەنگوین و شیردا نغرۆ دەبێت:

ز نهار، مرا مگو که پیرم پیری و فنا، کجا پذیرم!

من ماهی چشمهٔ حیاتم من غرقهٔ بحر شهد و شیرم[٦٢٥]

لێرەدا مەبەست لە فەنا، فەنابوون و لەناوچوونی ڕواڵەتیە، واتە دیارنەمان لەنێو جیهانی زیندووەکاندا. بەڵام عاشق لە دەرەوەی زەبری فریشتەی گیانکێشان (عزرائیل)ە[٦٢٦]:

---

[٦٢١] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٣٠.

[٦٢٢] مثنوی، دفتر پنجم، بیت: ٤٢٢٠–٤٢٢١.

[٦٢٣] مثنوی، دفتر پنجم، بیت: ٤٢٢٢.

[٦٢٤] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ١١٥١–١١٥٢.

[٦٢٥] دیوان شمس: غزل: ١٥٤٩.

استیزه مکن، مملکت عشق طلب کن! کین مملکتت، از ملك الموت رهاند![٦٢٧]

"مەولانا دەڵێ عشق جوڵە دەخاتە ژیانەوەو ڕۆح دەکاتە بەری ژیان. ئەوانەی لەگەڵ مردندا سەوداو مامەڵە دەکەن – واتە ڕووبەڕووی ئازارو سەختی ژیان و کار دەبنەوە – بە ئومێدی سیما زیندوویەکەوە ئەوە دەکەن!"[٦٢٨]. بە نموونە، ئاسنگەر بۆیە لە ڕۆژدا ڕوخساری خۆی ڕەش دەکات، تا لە شەودا ڕوخساری وەك مانگی خۆشەویستەکەی ماچ بکاتو هەموو کارەکانی تریش، بەهەمان جۆرە:

تلخ از شیرین لبان، خوش می شود خار از گلزار، دلکش می شود
کرده آهنگر، جمال خودسیاه تاکه شب آید، ببوسد روی ماه
هرکه را با مُرده، سودایی بُود برامید زنده سیمایی بُود[٦٢٩]

ئەم وتانە کە نزیکەی حەوت سەد ساڵ پێشتر وتراوە، ئەڵێیت بە پێنوسی (فرۆید) لەم سەردەمەدا نوسراوە، کە هەموو شتێك بۆ نیازو پێویستی عاشقانە دەگۆڕێتەوە[٦٣٠]. "ئەوەی لەم بەیتانەدا دەردەهێنرێت، ئەوەیە کە هەرکەسێك لە هەر پلەو کارێکدا بێت، بە پاڵنەر (دافع)ی تامەزرۆیی ژیان، کە ناوی عشقە ئەوە دەکات و لە ڕاستیدا بەردەوامی بوون و ژیان بەوەوە پەیوەستە، ناونانی ئەوانە ئەوەندە گرنگ نیە، گرنگ و ئەسڵ ماناو مەبەستی مەسەلەکەیە"[٦٣١] دواجار مەولانا بەڕەو ئەنجامە قوڵ و گەورەمان دەبات، کە پێمان دەڵێ:

---

[٦٢٦] بڕوانە: د.ڕوان فرهادی، معنی عشق نزد مولانا، ١٣٧٢ – ١٩٩٣، چ١، انتشارات أساطیر، تهران، ل٧٩.

[٦٢٧] دیوان شمس: غزل: ٦٤٧.

[٦٢٨] د.اسلامی ندوشن، زندگی، عشق، مرگ از دیدگاه مولوی. سەرچاوەی ناوبراو.

[٦٢٩] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ٥٣٨، ٥٤١، ٥٤٤.

[٦٣٠] مەولاناو عارفان وەك دەروننناسەکان ئەوانیش تێڕامان و کارکردن لەسەر دەروون و ناخی مرۆڤ جەوهەری کاریان بووە، ئەوان لە دۆزینەوەو باسکردنی (منی نەفسانی) دا کە شەڕخوازە نزیکن لە فرۆید، بەڵام لەوەدا جیادەبنەوە، کە باوەڕیان بە هەبوونی ئامادەیی (استعداد) لە مرۆڤدا بۆ چوون بەرەو (منی ڕۆحانی) و پێگەیشتن و بەرەو کەماڵ چوون هەیە. بڕوانە: د.علی محمدی أسیابادی، مولوی و اسرار خاموشی، ١٣٨٩ – ٢٠٠٩، چ١، انتشارات سخن، تهران، ل٣٨.

[٦٣١] د.اسلامی ندوشن، سەرچاوەی ناوبراو، ل٦.

دە تۆش بە ئومێدی زیندوویەکەوە تێبکۆشە، کە پاش چەند ڕۆژانێك بە جەستەیەکی بێگیان — مەبەستی خودایە — نەگۆڕدرێ:

برامید زندەیی کُن اجتهاد کو نگردد بعد روزی دو جَماد[٦٣٢]

لای مەولانا عشق — تەنانەت عشقی مەجازی خەڵکی ئاسایی — ژیان دەکاتەوە بە بەر بێ گیاندا. بە بیروباوەڕی ئەو، ئەوە عشقە، کەوا لە دایکێك دەکات کە ڕازو گفتوگۆ لەگەڵ گەردو خۆڵو بەردی سەر گۆڕی ئازیزەکەی — کۆرپەکەی — بکاتو وابزانێ گوێیان لێیەو زیندوون:

أنچنانکه مادر دل بُردەای پیش گور بچهٔ نو مُردەای

رازها گوید به جِد و اجتهاد می نماید زنده اورا، أن جماد

مستمع داند به جد أن خاك را خوش نگر این عشق ساحرناك را[٦٣٣]

بەڵام هەر ئەوەندەی — مەولانا دەڵێت — چەند ڕۆژێك بەسەر پرسەکەیدا تێپەڕی، ئاگری عشق و هەڵچوونی ئەو دادەمرکێتەوە:

از عزا چون چند روزی بگذرد آتش أن عشق او ساکن شود[٦٣٤]

لێرەوە دواجار مەولانا بەو ئەنجامەمان دەگەێنێ، کە عشقی مردوان — مرۆڤەکان — بەردەوام نیە، بۆیە پێویستە عشقی خۆمان ئاراستەی ئەو زیندووە — خودا — بکەین، کە گیانبەخش و گیان زیادکەرە:

عشق بر مُرده نباشد پایدار عشق را بر حیِّ جان افزای دار[٦٣٥]

"لای مەولانا عشق هۆی ژیانە، چونکە هۆی کۆکردنەوەی دژەکانەو ئەو دەتوانێ خەڵکە ناکۆکەکانی جیهان کۆبکاتەوە"[٦٣٦]، ئەوە عشقە کە مرۆڤە ناودارو گەورەکان لەگەڵ مرۆڤە بێ ناوو بچوکەکان کۆدەکاتەوە:

---

[٦٣٢] مثنوی، دفتر سوم، بیت: ٥٤٧.

[٦٣٣] مثنوی، دفتر پنجم، أبیات: ٣٢٦٤-٣٢٦٥، ٣٢٦٨.

[٦٣٤] مثنوی، دفتر پنجم، بیت: ٣٢٧١.

[٦٣٥] مثنوی، دفتر پنجم، بیت: ٣٢٧٢.

عشق بین، با عاشقان أمیخته　　روح بین، با خاکدان أمیخته

چند گویی: این جهان و آن جهان　　أن جهان بین وین جهان أمیخته !

أب و أتش بین و خاك و بادرا　　دشمنان، چون دوستان أمیخته[٦٣٧]

مەولانا بە مرۆڤەکان دەڵێت، ئاخر ئەو گیانە – مەبەستی گیانی ناو جەستەیە – چیە، کە تۆ پشت بەوە دەبەستی؟ واتە تۆ وا خەیاڵ دەکەیت، کە ژیان تەنها لە گیانی گیانلەبەری – جەستەییەوە – سەرچاوە دەگرێت. هەربۆیە هەموو هۆش و هەستەکانت لەپێناو پەروەردەکردنی رۆحی گیانلەبەریتدا خەرجدەکەیت: هەوڵدەدەیت کە باش بخۆیت، باش بخەویت، باش چێژ وەربگری و...هتد، بەڵام هەواڵت لەوە نیە، کە ژیان لە رێگەیەکی ترەوە – نەك ئەوە – بەدەستدێت. بزانە، کە خودا بە خۆشەویستی و عشقی خۆی ژیان بە تۆ دەبەخشێ، بەڵام نەك ژیانێکی شەیتانی، بەڵکو ژیانێکی فریشتەیی و مەعنەوی[٦٣٨]:

جان چه باشد، که تو سازی زو سَنَد؟　　حق به عشق خویش زندەت می کند[٦٣٩]

"لە خودا داوای ژیانێك بکە، کە لەسەر زەمینەی خۆشەویستیو عشق پەیدا بووبێت. واتە لەو داوای ژیانی شیرینی مەعنەوی بکە، نەك ئەوەی داوای ژیانی گیانلەبەری و ئاژەڵی بکەیت. تۆ لە خوداوەند داوای رۆزی مەعنەوی بکە نەك نان – واتە رۆزی گیانلەبەری داوا مەکە –. ئەگەر تۆ بەدوای ژیانی مەعنەویو بڵندی ئەخلاقیدا بیت، رۆزی دونیایش بەدەستدەهێنی"[٦٤٠]:

زو حیات عشق خواه و، جان مخواه　　تو أزو أن رزق خواه و نان مخواه[٦٤١]

لای مەولانا بە بەرەکەتی عشقەوەیە ژیان – ژیانی مرۆڤ – بەرەو کەماڵ دەڕوات. "بەهۆی عشقەوەیە گەردون دەسوڕێتەوەو بێگیان (جماد)– کەرەستەکانی زەوی– دەچنە نێو ڕوەکو لەودا دەتوێنەوەو ڕوەکیش خۆی فیدای گیانلەبەران (بە مرۆڤەوە) دەکات"[٦٤٢]:

---

[٦٣٦] د.روان فرهادی، معنی عشق نزد مولانا، ل٥٢.

[٦٣٧] دیوان شمس: غزل: ٢٣٨١.

[٦٣٨] بڕوانە: کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر ششم، ل٨٢٤.

[٦٣٩] مثنوی، دفتر ششم، بیت: ٣١٧٠–٣١٧١.

[٦٤٠] هەر ئەو سەرچاوەیە، هەمان لاپەڕە.

[٦٤١] مثنوی، دفتر ششم، بیت: ٣١٧١.

عشق، بحری، آسمان بر وی کفی　　چون زلیخا در هوای یوسفی
کی جمادی محو گشتی در نبات　　کی فدای روح گشتی نامیات[٦٤٣]

له دیدی مەولاناوە خۆشەویستی ئەوشتەیە، کە مردوو– مردنی رۆح‌و مەعنەویەت– زیندوو دەکاتەوە:

از محبت مرده زنده می کنند　　از محبت شاه بنده می کنند[٦٤٤]

لای ئەو دونیا بۆ لەش پەرستانەو عشق بۆ هەمیشە ژیاوەکانە:

ملك دنیا تن پرستان را حلال　　ما غلام ملك عشق بی زوال![٦٤٥]

له دیدی مەولاناوە، عاشق بێ بەهارو بێ خەزان هەمیشە نوێ و تەڕە، هەروەها عاشق لەسەرووی غەم و شادییەوەیە:

باغ سبز عشق کاو بی منتهاست　　جز غم و شادی، دراو، بس میوه‌هاست
عاشقی زاین هردو حالت برترست　　بی بهارو بی خزان سبز و ترست[٦٤٦]

لای مەولانا عشق وەك شێر وایە، خوێنی هەرکەس بخوات زیندووی هەمیشەیی دەکات:

ترا ای عشق، چون شیری　　نباشد عیب، خون خواری
که خون هرکرا خوردی　　خوشش حی ابد کردی![٦٤٧]

"عاشق، بەهۆی ئەو زیندووبوونە هەمیشەییەوە لە هیچ شتێك ناترسێ"[٦٤٨]:

صاحب دل را ندارد آن زیان　　گر خورد او زهر قاتل را عیان[٦٤٩]

---

[٦٤٢] د.روان فرهادی، معنی عشق نزد مولانا، ل٥١.
[٦٤٣] مثنوی، دفتر پنجم، أبیات: ٣٨٥٣، ٣٨٥٥.
[٦٤٤] مثنوی، دفتر دوم، بیت: ١٥٣١.
[٦٤٥] مثنوی، دفتر ششم، بیت: ٤٤٢١.
[٦٤٦] مثنوی، دفتر اول، أبیات: ١٧٩٦–١٧٩٧.
[٦٤٧] دیوان شمس: ترجیع بند: ١.
[٦٤٨] د.روان فرهادی، معنی عشق نزد مولانا، ل٥٧.
[٦٤٩] مثنوی، دفتر اول، بیت: ١٦٠٦.

٢-١-٣-٤/ زیندووکردنەوەی ژیان

لە دنیابینی مەولانادا ژیانو ژیانی مرۆڤ پێویستی بە دووبارە ژیانو زیندووبوونەوە هەیە، کە ئەمەش بە چەند فۆرمێك لە دنیابینی مەولانادا دەرکەوتووە کە گرنگترینیان ئەمانەن: (زیندوویەتی لە پەیوەندیکردن بە زیندووانەوەیە نەك لە جەستەی زیندوودا. میهرەبانیی خودا زیندووکەرەوەیە. جیهان جەستەیەو پێغەمبەر رۆحو زیندووکەرەوە. زیندوویەتی لە ئاوی وەحیدایە. مرۆڤ تەنانەت بێگیانیش بە ژیان لەگەڵ زیندووواندا زیندوویەتی بەدەست دەهێنێ. زیندووی ڕاستەقینە خودایەو ئەوانەی لێکچوونیان لەگەڵیدا هەیە. زیندووبوون لەوەدایە یەکیەتی لەگەڵ خودادا بەدەستبهێنی. عارفان بە ئاوازی خودایی، دڵە مردووەکان لە گۆڕی جەستەدا زیندوو دەکەنەوە. عارفان رۆح و مەعنەویەت— وەك ڕۆن لە دۆدا— لە مرۆڤەکاندا زیندوو دەکەنەوەو دەردێنن).

"مەولانا بە پشت بەستن بە مەعریفەی قورئانی (ولا تدع مع الله الهاً آخر لا اله الا هو کل شيء هالك الا وجهه له الحکم والیه ترجعون) (القصص:٨٨) باوەڕی وایە، کە تاکە زیندووی ڕاستەقینەو نەمر خودایە، ئەوانەی کە لێکچوونیان لەگەڵ ئەودا هەبێ — واتە سیفات و کرداری خودایییان لە خۆیاندا هەڵگرتبێت — زیندوون"[٦٥٠]:

کل شئ هالك جُز وجه او　　چون نه‌ای در وجه او هستی مجو

هرکه اندر وجه ما باشد فنا　　کل شئ هالك نبود جزا[٦٥١]

لێرەوە مەولانا باوەڕی وایە "زیندووی ڕاستەقینە بریتیە لەو مرۆڤانەی، کە زیندوویەتیو سیفاتو توانای مەعنەویان لە خوداوە وەرگرتووە — پێشتر لە باسی بووندا مەولانا شەمسی بە شێر چواند[٦٥٢] — و ئەوانە چ بە وەرگرتنی سیفاتە جوان (جمالي)یەکانی خودا بێت، یان سیفاتە شکۆمەندیو بەسامە (جلالي)ەکانی بێت، کاریگەری زۆریان لەسەر ژیانی مرۆڤەکان هەیە. لێرەوە مەولانا بە دیدی شکۆمەندی (جلالي) و سەختیدا باس لەوەدەکات، کە

---

[٦٥٠] د.مریم شریف نسب: بررسی تقابل مرگ و زندگی در دیدگای مولانا، ل٤٣٩.

[٦٥١] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٣٠٥٢.

[٦٥٢] بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری یەکەم: بوون لای مەولانا، ل١٥٦.

تورەیی‌و خەشمی کەسانێك کە زیندووی ڕاستەقینەن لەڕاستیدا تورەیی‌و زەبری حەزرەتی حەق – خودا – یە، چونکە ئەو بە بەرەکەتی حەزرەتی حەق زیندووە[٦٥٣]:

شکر کن کە زندەیی بر تو نزد　　کآنکە زندە رد کند حق کرد رد

خشم احیا خشم حق و زخم اوست　　کە بە حق زندەست آن پاکیزە پوست[٦٥٤]

مەولانا باوەڕی وایە، ئەو مرۆڤانە بۆیە زیندوون، چونکە خودا بەندە خۆشەویستەکانی خۆی دەکوژێ‌و وەك قەساب – بۆ تێگەیاندنە نەك چواندن – فوو دەکاتە ناویان تا پێستیان لە جەستەیان جیابکاتەوە – واتە بەوجۆرە حەق – خودا – وەك هەناسەو فوو تێکردن ژیانی شیرین‌و ڕاستەقینە دەکاتە نێو مرۆڤو بەوەش مرۆڤ لە هەموو پێست‌و پەیوەندیە دونیاییەکان جیادەکاتەوەو پوخت‌و خاوێنی دەکات‌و دەیکاتە مرۆڤی تەواو (کاملّ):

حق بکُشت اورا ودر پاچەاش دمید　　زود قصابانە پوست از وی کشید[٦٥٥]

ئەم فوو هەناسە ژیانبەخشە[٦٥٦]، تا ژیانەکەی تر لەو مرۆڤەدا دەمێنێتەوە، چونکە فووی حەزرەتی حەق وەك فووی قەسابەکان نیە، کە خێرا لەناوبچێ. ئەو دەڵێت، لەنێوان ئەو دوو فووتێکردنەدا جیاوازیەکی زۆر هەیە. چونکە هەناسەی خودایی ژیان دەبەخشێ، بەڵام هەناسەی قەساب ژیان وەردەگرێتەوە. هەناسەی خودایی سەرانسەری جوانی و ڕازاوەیی بەخشەو هەناسەی قەسابیش هەمووی نەنگی و ناشیرینیە. چونکە هەناسەی قەساب ژیان لە گیانلەبەر دەگرێتەوەو زیانی پێ دەگەێنێ. لەکاتێکدا، کە ژیانی مرۆڤ بەهۆی هەناسەی خودایییەوە بەردەوامی‌و مانەوە (بەقا) بەدەستدەهێنێ[٦٥٧]:

---

[٦٥٣] کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر ششم، ل٤٣٨.

[٦٥٤] مثنوی، دفتر ششم، أبیات: ١٥٤٩–١٥٥٠.

[٦٥٥] مثنوی، دفتر ششم، بیت: ١٥٥١.

[٦٥٦] عارفان لە ڕوداوی هەناسەو فوتێکردنی جوبرەئیلی فریشتە بۆ مریەم، کە خودا دەفەرموێ (فنفخنا فیها من روحنا – لەڕێگەی هەناسەو فووتێکردنەوە ڕۆحی خۆمان – عیسا پێغەمبەر (د.خ) کە هێمایە بۆ زیندوویەتی‌و مردوو زیندووکردنەوە – خەلقکرد) (الأنبیاء:٩١). ئەمەش لای عارفان جێگەی لەسەر وەستاندن بووە.

[٦٥٧] بڕوانە: کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر ششم، ل٤٣٩–٤٤٠.

نفخ، در وی باقی أمد تا مآب　　نفخ حق نبود چو نفخهٔ أن قصاب

فرق بسیارست بین النفختین　　این همه زین است و أن سر جمله شَیْن

این حیات، از وی بُرید و شد مُضر　　و أن حیات از نفخ حق شد مُستمر[٦٥٨]

مەولانا باوەڕی وایە تەنها بە زیندووبوونی جەستەیی‌و ئۆرگانیی، مرۆڤ نابێتە بونەوەرێکی زیندوو، بەڵکو پێویستی بەوە هەیە پەیوەندی بە جیهانی مەعنەویەت‌و مرۆڤە زیندووەکانەوە بکات، تا زیندوو ببێتەوە. دیارترینی ئەو مرۆڤانەش پێغەمبەران‌و مرۆڤە دڵ زیندووەکانن. لای ئەو ئاوازی پێغەمبەران (د.خ) — کە گوێی هەست توانای بیستنی نیە — هۆکاری زیندووکردنەوەی دڵەکانە. زیندووکردنەوەیەکی مەعنەوی و جاویدانی وا، کە ناتوانرێ نرخ و بەهای بۆ دیاریبکرێ. "دەروونی پێغەمبەران لێوانلێوە لە عشقی خوداو مرۆڤایەتی. ئەم جۆش و خرۆشە شادیهێنەرە، کە جوڵێنەری ئەوانە، بە ئاوازو مۆسیقا تەعبیری لێکراوە. چونکە ئاوازو مۆسیقا جۆشدەرو تامەزرۆ بزوێنە"[٦٥٩]:

انبیا را در درون هم نغمه‌هاست　　طالبان را ز أن حیات بی بهاست[٦٦٠]

میهرەبانی و ڕەحمەتی خودا — ڕەحمەت واتە هێنانی سودو لادانی زیان[٦٦١] — خۆی زیندووکەرەوەیە. بەتایبەتی ڕەحمەت و میهرەبانیی مەعنەوی بارانێکە، کە دابارێ سەر کێڵگەی دەروونی مرۆڤ، ئەوکات تۆو گەوهەرە شاراوەکان، سەر دەردەهێنن:

زرع جان را کش جواهر مُضمرست　　ابر رحمت، پر ز أب کوثر است[٦٦٢]

"بەڵام ئەی مرۆڤ — مەولانا دەڵێ — ئەگەر دەتەوێ خودا ببێتە (ساقی) تۆو بە ئاوی ڕەحمەتی ئەو تێراو بیت و بچیتە نێو ئەوانەی هەر لەم جیهانە بەر لە جیهانەکەی تر (سقاهم ربهم) بیانگرێتەوە. ئەوا تینووبەو ئەبێ تینوویەتی لە خۆتدا بەدی بهێنی"[٦٦٣]:

---

[٦٥٨] مثنوی، دفتر ششم، أبیات: ١١٥٢–١٥٥٤.

[٦٥٩] کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر اول، ل٥٩٧.

[٦٦٠] مثنوی، دفتر اول، بیت: ١٩١٩.

[٦٦١] بڕوانە: ناسری سوبحانی، نوێژ (حەقیقەت و حیکمەتەکانی)، ٢٠٠٦، چ٢، دەزگای بەرهەم، ل٢٧.

[٦٦٢] مثنوی، دفتر سوم، بیت: ٣٢١٨.

[٦٦٣] کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر سوم، ل٨١٩.

تا سقاهُم ربُّهم أيد خطاب تشنه باش، اللهُ اعلم بالصَّواب[٦٦٤]

مەولانا باوەڕی وایە ژیان گەرچی وەك لایەنی فیزیکیو مادی زیندووە، بەڵام وەك لایەنی مرۆییو مەعنەوی مردووەو پێویستی بە زیندووکردنەوەیە، لێرەوە پێغەمبەران لەوانەش پێغەمبەر محەمەد (د.خ) رۆحەو جیهان جەستەی ئەوەو بەو جیهانو ژیان زیندوو دەبێتەوە:

سرمکش اندر گلیم و رُو مپوش که جهان، جسمی است سرگردان، توهوش[٦٦٥]

لە زمان و فەرهەنگی عارفاندا زیندووبوونەوە یان هەڵسانەوە (قیامەت) ئەوەیە، کە مرۆڤ لە خەسڵەتە مرۆییەکان و خەسڵەتە کرداریەکانی – زیاتر مەبەست خەسڵەتە نەشیاوەکانە – خۆی بمرێنێ و بە خەسڵەتو سیفاتە خوداییەکان زیندوو بێتەوەو ببێتە جاویدانی[٦٦٦]. لەم ڕوەشەوە حەزرەتی محەمەد (د.خ) سەرکاروانی سالکانە بەجۆرێك کە خۆی جیلوەو ئاوێنەی زیندووبوونەوە (قیامت) بێ ئەژمارەکان بووە:

زادهٔ ثانی است احمد در جهان صد قیامت بود او اندر عیان[٦٦٧]

لە دیدی مەولاناوە وەحی وەك باران لە ئاسمانی ئولوهیەت – خوداییەوە – بۆ سەرزەوی دڵەکان دائەبارێو لە وشکەڵانی دڵەکاندا باخی مەعریفەو ناسکیە مەعنەوی و ئەخلاقیەکان بەدی دەهێنێ[٦٦٨]:

أب وحی حق بدین مرده رسید شد زخاك مرده‌یی زنده پدید[٦٦٩]

مەولانا باوەڕی وایە، کە ئەگەر مرۆڤ، تەنانەت بێگیانیش (جماد)، لەگەڵ مرۆڤە مەعنەویە زیندووەکاندا ژیاو بوو بە هاونشینیان، ئەویش ژیان بەدەستدەهێنێ. لێرەوە ئەو لەمیانەی داستانی هاتنی نێردراوەکەی پادشای ڕۆم دا بۆ لای گەورەی موسڵمانان (عومەری کوڕی خەتتاب) لەوێداو بۆ گەیاندنی ئەم ئایدیاو هزرە، نمونەیەك دەهێنێتەوە بە (نان)، کە کاتێك

---

[٦٦٤] مثنوی، دفتر سوم، بیت: ٣٢١٨.

[٦٦٥] مثنوی، دفتر چهارم، بیت: ١٤٥٤.

[٦٦٦] بڕوانە: د.سید جعفر سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٦٤٨.

[٦٦٧] مثنوی، دفتر ششم، بیت: ٧٥١.

[٦٦٨] بڕوانە: کریم زمانی، میناگر عشق، ل١١٩.

[٦٦٩] مثنوی، دفتر چهارم، بیت: ١٦٥٧.

ئەو نانە بێگیانە، لەلایەن گیانلەبەرێکەوە دەخورێت، دەبێت بە بەشێك لە بوونی ئەو و ئەو کە ژیانی تێدا نیە، بۆ پلەو مەقامی ژیان و هۆشیاری بڵند دەبێتەوە:

چون تعلق یافت نان با جانور　　نانِ مُردە زندە گشت و با خبر[٦٧٠]

دواتر مەولانا بەرەو ئاستێکی قوڵتر دەڕواتو باس لە دەرچوون لە بوونی ساختەو درۆزنانەو گەیشتن بە بوونی ڕاستەقینە – کە ژیان لەوێدایە – دەکات و دەڵێت: "خۆشبەحاڵی کەسێك، کە لە بوونی وەهم ئامێزو درۆزنانەی خۆی (منی غەریزی و ئاژەڵی) ڕزگاری دەبێت و بەهۆی (بوون)ی زیندوو و بە مەعنەویەتی مرۆڤی تەواو (کامڵ) دەگات. لە بەرامبەریشدا ئاگادارکردنەوە دەدات، بەوکەسە زیندوانەی، کە لەگەڵ مردواندا – مەبەستی مردنی دڵو مەعنەویەتە – هەڵسوکەوت دەکەن، چونکە هاونشینی لەگەڵ کەسانی دڵمردوو، مرۆڤ دەکاتە مرۆڤێکی شێواو و مردوو"[٦٧١]:

ای خُنُك أن مرد کز خود رَسته شد　　در وجود زندهٔ پاینده شد

وای أن زنده که بامُرده نشست　　مُرده گشت و زندگی از وی بجست[٦٧٢]

لێرەوە لای مەولانا، یەکێك لە هۆکارەکانی لەدەستدانی ژیان بە مانا قوڵەکەی، لە هاونشینیدایە، لەگەڵ ئەو مرۆڤانەی، کە دڵ و ویژدانیان مردوە.

لای ئەو زیندووبوون لەوەدایە، یەکیەتی (وحدت) لەگەڵ خودادا بەدەستبهێنی و هاوبەشی (شرك) نەهێڵی. "کاتێك، کە مەبەستە خراپەکانی دەروونو ئارەزووە شەیتانیەکان لە خۆتدا مەحووکردو سڕیەوەو شوناسی درۆزنانەی خۆت لە کوورەی یەکتاپەرستیدا تواندەوە، ئەوکات بە بەقاو پایەداری خودایی دەگەیتو لەم پلەو قۆناغەدا هەر جۆرە دوانیەتی و دوولایەنیەك لەنێواندا نامێنێ و بەوەش لە تۆی مرۆڤدا کەمالّی یەکتاپەرستی دەردەکەوێت"[٦٧٣]:

---

[٦٧٠] مثنوی، دفتر اول، بیت: ١٥٣٤.

[٦٧١] کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر اول، ل٤٩٠.

[٦٧٢] مثنوی، دفتر اول، أبیات: ١٥٣٥–١٥٣٦.

[٦٧٣] کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر چهارم، ل٧٨٠.

چون بدو زنده شدی، أن خود وی است وحدت محض است أن شرکت کی است؟[٦٧٤]

هەروەها "مەولانا باوەڕی وایە مرۆڤە مەعنەویە گەورەکان (عارفان و ئەولیا) ئەوکەسانەن، کە گیانی مرۆڤە دڵمردوو و ژاکاوەکان، کە لە گۆڕی جەستەدا زیندانن، بە ئاوازو دەنگی خودایی زیندوو دەکەنەوەو ژیانیان پێ دەبەخشنەوە. مرۆڤێکیش کە بە هەناسەی دۆستانی خودا زیندووە، دەڵێت: ئەم ئاوازو دەنگە لە ئاوازەکانی تر جیاوازە. هەموو ئاوازێك کاری زیندووکردنەوەی لەدەستنایەت، بەڵکو ئەمە تەنها تایبەتە بە ئاوازی خوداو دەنگی سروش (وحي)ەوە کە لە جیهانی نادیار (غیب)ەوە دێت"[٦٧٥]:

جان های مُردە، اندر گور تن بر جهد ز أوازشان اندر کفن

گوید: این أواز، ز أواها جداست زندەکردن، کار أواز خداست[٦٧٦]

ئەو — مرۆڤەکەی پێشوو — دەڵێت: ئێمە مردینو بەتەواوی مەحو بووینو سڕاینەوە، بەڵام بانگی حەق گەیشتو ئێمەی لە گۆڕی جەستەکان دەرهێنا[٦٧٧] و هەڵساینەوە. واتە بە ژیانی پاکی مەعنەوی گەیشتین. بانگی حەق، چ بەبێ هۆی وەحیەوە بێت، یان بەهۆی فریشتەکانو وەحیەوە بێت، هەر ئەو هەناسەیە کە کرایە دامێنی مەریەمی پیرۆز (خوا لێی رازی بێت)و بەهۆی ئەو هەناسەوە، حەزرەتی مەسیح (د.خ) کە رۆحی خودا بوو بەدیهات. واتە بانگی خودایی چ بەهۆی ناوەندێکەوە بێت یان بێ ناوەند بێ، دەبێتە مایەی لەدایکبوونی حەقیقەتە مەعنەویەکان. هەروەك ئەوەی لای حەزرەتی مەریەم، بەبێ پێشەکی و هۆکاری سروشتی، عیسا (د.خ) لەدایکبوو"[٦٧٨]:

ما بمُردیم و بکلی کاستیم بانگ حق أمد، همه برخاستیم

---

[٦٧٤] مثنوی، دفتر چهارم، بیت: ٢٧٦٧.

[٦٧٥] کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر اول، ل٦٠٠.

[٦٧٦] مثنوی، دفتر اول، أبیات: ١٩٣١–١٩٣٢.

[٦٧٧] وادەزانین پێش مەولانا، ئەم مۆتیڤی (گۆڕ لەنێو جەستەی مرۆڤ خۆیدا) لای عارفان بەکارهاتووە. بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری سێیەم، ل١١٩.

[٦٧٨] کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر اول، ل٦٠١.

بانگ حق، اندر حجاب و بی حجیب　　أن دمد، کو داد مریم را ز جیْب[٦٧٩]

مەولانا باوەڕی وایە، عارفان و پیاوانی خودا ڕۆح لە مرۆڤەکاندا، بۆ مرۆڤەکان خۆیان ئاشکرا دەکەن. لای ئەو جەستە وەک دۆیەو ڕۆحیش وەک ڕۆنە، کە لە دۆدا شاردراوەتەوەو عارفان و پیاوانی خودا بەجۆرێک ئەو دۆ – مرۆڤو جەستەکەی – ڕادەوەشێنن – ڕاوەشاندنی مەعنەویی و دەروونیی –، کە ڕۆنی شاردراوەی ئەو ئاشکرا ببێت. بەجۆرێکی تر بڵێین ڕێگەی (خۆناسین) بە مرۆڤەکان پیشان دەدەن:

جوهر صدقت خفی شد در دروغ　　همچو طعم روغن، اندر طعم دوغ
أن دروغت این تن فانی بود　　راستت، أن جان ربانی بود
سالها این دوغ تن پیدا و فاش　　روغن جان اندر او فانی و لاش[٦٨٠]

پاری دووەم/ بوون، دونیا ، ژیان لای مەولەوی

٢-٢-١/ بوون لای مەولەوی:

(بوون) لای مەولەوی، هەندێ جار وەک واتای (بوون)ی دەرەوەو فیزیکی بەکاردێتو هەندێ جاریش بەمانای (بوون)ی مرۆڤ، وەک ئەوەی کە هەیە بەکاردێت و هەروەک هەندێ جار بەمانای (بوون)ی مرۆڤ وەک ئەوەی، کە پێویستە هەبێ و پێبگات بەکاردێت. ئەو لە شیعرەکانیدا زۆرتر وشەی (وجود) و (هەستی) بۆ زاراوەی (بوون) بەکارهێناوە.

---

[٦٧٩] مثنوی، دفتر اول، أبیات: ١٩٣٣–١٩٣٤.

[٦٨٠] مثنوی، دفتر چهارم، أبیات: ٣٠٣٠–٣٠٣٤.

٢-٢-١-١/ هەبوو هەر خودایە، بوون و بوونەوەران سەرچاوەگرتوو و سێبەری ئەون

سەرەتا مەولەوی لەڕێگەی بەدیهێنەری بوونەوە سەیری بوون دەکات، ئەمەش لەم دوو بەیتەی ئەم تێکستەوە دەردەکەوێ:

ئەی گرد مەوجودێ جە تۆ گرت مایە　　مەوجود هەر تۆنی، ماسیوا سایە

پەنهان بی تەنها، وەحدەتت مەوج وەرد　　پەی شناسایی ظهوور ڕۆەت کەرد[٦٨١]

لە بەیتی یەکەمدا مەولەوی وەک عارفانو عارفانی فەلسەفی بەتایبەتی، سەبارەت بە هەبوون باوەڕی وایە "شتێك هەبووی ڕاستەقینەیە، کە ژیانی لە خۆیدا بێت، ئەوەشی کە بوونی لە دەرەوەی خۆیەوە هاتبێت، ئەوە بوونێکی زیادکراو (اضافي)یە — نەك لە خۆیدا بێت —. حەق — خودا — هەبوویەکە لە خۆیدا بۆیە زیندووە، ژیانیشی ژیانێکی تەواوەو مردن پێیناگات. هەموو دروستکراوەکانیش هەبوویەکن لە خواروی خوداوەو ژیانیان جگە لە ژیانێکی زیادکراو هیچی تر نیە، بۆیە فەناو مردن پێیاندەگات"[٦٨٢]. هاوکات وەك وادەردەکەوێ، دوور نیە کاریگەری فەلسەفەی ئیسلامیی بەتایبەتی ئەو فەیلەسوفانەی کە کاریگەر بوون بە ئەفلاتون لەسەر مەولەویش هەبێت[٦٨٣]، لە دێڕی دووەمیشدا بەتەواوی ئەو ئایدیا عرفانیەش، کە عارفان باوەڕیان وایە، جیلوەو دەرکەوتنی دروستکراوەکان — بە مانایەکی تر دروستکردنی دروستکراوەکان — بۆ ناساندنو ناسینی ئەوی پەنهانو نادیارە[٦٨٤].

هەروەها ئەو لە تێکستێکی تردا بوونو دروستکراوەکان، بە بەڵگە لەسەر جێدەستی خودا دەزانێ:

باعث وجوود جەماە تا ماهی　　دەلیل اثبات صنع ئیلاهی[٦٨٥]

---

[٦٨١] دیوانی مەولەوی، ل٣١.

[٦٨٢] د.عبدالمنعم الحفني، معجم مصطلحات الصوفية، پێناسەی ژیان لای سۆفیەکان، ل٨٤.

[٦٨٣] بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری دووەم، بیروڕای (فارابی)، ل٨٤.

[٦٨٤] بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری سێهەم، ل١٠١.

[٦٨٥] دیوانی مەولەوی، ل٦١.

بۆیە هەر لە سەرەتای ئەم شیعرەوە بەو بەیتە دەستپێدەکاتو ڕووەکاتە خوداو بەهۆی هاتنە بوونی لە مانگ (ئاسمان)ەوە تا ماهی (ژێردەریا)ی ناوەبات‌و هەر ئەوانەش — دروستکراوەکانی دەستی خۆی — بە بەڵگە لەسەر جێدەستی پەروەردگار دادەنێت.

دواتر لەگەڵ خودادا گفتوگۆ دەکات‌و دان بە ناشایستەیی‌و گوناهباریدا دەنێت‌و خۆی بە عادەت گرتوو بە گوناە و بخۆرەوەی ژەهری بێ ڕەحمەتی خوداو لەیادچووی ڕێگەی حەقیقەت دەزانێ، کە یادی بۆ مەحبوبی حەقیقی — خودا — نیە، کە لێرەدا بەیتێك دێت، کە جێگەی لەسەروەستانە:

موطن ئەصلّیت نە خاتر لوان　　مێخ مۆبەتت نەڕووی خاك کوان[٦٨٦]

لێرەدا مەولەوی باوەڕی وایە ژیانی مرۆڤ لە کاتێکی ترو نیشتمانێکی ترەوە دەستپێدەکات، بۆیە بە خۆی — هاوکات بە ئێمەی مرۆڤی هاوڕەگەزی دەڵێت — کە نیشتمانی ڕاستەقینەت — کە مەبەست جیهانی ڕۆحەکان‌و بەر لە هاتنە نێو ژیانی دونیایە[٦٨٧] — کە نیشتمانی ڕاستەقینەی مرۆڤەو چارەنووسی بۆ ئەو جیهانە دەگەڕێتەوە — لەبیرچووەتەوەو مێخی خۆشەویستیت لە خاکی دونیادا داکوتاوە، کە کاتیە، نەك هەمیشەیی‌و نیشتمان بێت. کەواتە مەولەوی جیهانەکەی تر — نەك جیهانی دونیا — بە نیشتمانی ڕاستەقینەی مرۆڤ دەزانێت.

---

[٦٨٦] دیوانی مەولەوی، ل٦٣.

[٦٨٧] م. مدرس وایلێکداوەتەوەو ئەمەش پڕاوپڕە لەگەڵ ئەو مانایەی، کە لە فەرهەنگی عارفاندا، بۆ ئەوە دانراوە. بڕوانە: د.سید جعفر سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٧٨٨.

٢-٢-١-٢/ بوونی ڕاستەقینە لە تێپەڕاندنی ئەو (بوون)ەدایە، کە هەیە، بۆ ئەو (بوون)ەی، کە پێویستە هەبێ

مەولەوی لە دیالۆگە شیعرێکدا لەگەڵ پارچە شوشەیەکدا، و لەمیانەی بەراوردکردنی بوونی خۆی بە بوونی ئەو، دەڵێت:

١. یاران گشت کەیف وەش، صەفا فراوان — یەك یەك وە ئەعلای مەقامان یاوان
٢. گرد سەرشار مەی لەقا نماوە — هەر من بەستەی خاك چەم ئەودماوە!
٣. ئاماوە جواو ڕێزەی قەدیم سالّ — بە زوبان حالّ فەصیح تەر جەقالّ
٤. من سەنگێك بیم کەفتەی هەواران — بێ قەدرو قیمەت ناڕەوای شاران
٥. گرتم نەگەردەن بێ باك و شادان — بەڵای پیك سەخت کووڕەی ئوستادان
٦. ورد بیم جۆشم وەرد تاویامەوە — تاوە ڕوتبەی بەرز سەرنیامەوە
٧. عالەمێ تازە دیم هوەیدا بی — شەخسێ عەجیوتەر جە من پەیدابی
٨. بیم بە بلووڕێ پڕ جە صەفاو نوور — لایق وە صوحبەت بەزم سەلم و تووڕ
٩. گا جای (ماء الورد) عەتر عەبیر بیم — بۆ بەخش دەماخ شا تا وەزیر بیم
١٠. جەو بێ قیمەتی وەقیمەت یاوام — وە پایەی ڕوتبەی عالی سەرساوام
١١. دەورەی دووبارەی ڕای حەق هەرکەس دیش — بۆی باخچەی ئەبەد مەیۆنە بینیش
١٢. جەو بۆ تۆ ئەو نوور هەڵای تاقی یەن — نە ڕێزەی من دا بەرقش باقی یەن
١٣. مەعدوومی سەر شار بەزم دڵڕێشی — تا تۆیێ چون یاران تەصدیع نەکێشی
١٤. نەگری وەگەردەن چی ها نەڕێت دا — پانەنیەی بەسەر وجوود وێت دا
١٥. کەی مەشی نە سیلك یاران هەم دەم — کەی ڕوتبەی عالی مەوینی وە چەم
١٦. هەرکەس تولد دوبارەش نی یەن — ئەڵبەت سەعادەت ستارەش نی یەن
١٧. هانە ئەشکەنجەی پەستی ی نەنگەدا — تا مەنزڵ گێرۆ نە سای سەنگەدا[٦٨٨]

---

[٦٨٨] دیوانی مەولەوی، ل٢٥٦ — ٢٥٩.

وادەزانین ئەم بەکارهێنانو مانایەی (بوون – وجود) لەم تێکستەدا یەکێکە لە مانا قوڵو گرنگەکانی لای مەولەوی. چونکە بەکارهێنانەکەی دەکەوێتە ناوبەند – کۆنتێکست – یەکی سیستیماتیکەوە کە هەموو بەیتەکانی شیعرەکە نەك پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، بەڵکو بە گەشەکردنێکی ئۆرگانیی مەعریفیو هونەری بەرزدا دەڕوات‌و ڕەنگە بتوانین بێ زیادەڕەوی بڵێین یەك بەیەکی بەیتەکان – وێڕای کۆی تێکستەکە پێکەوە – شایانی لەسەروەستانو لێکدانەوەیە. بەهەرحاڵ مەولەوی بەگشتی لەم شیعرەدا لە بوونی خۆی ڕازی نیەو دەیەوێ لەو بوونەی کە تێیدایە بەرەو بوونێکی نوێ بڕوات، بە زمانی وجودیەکان لە بوونەوە بۆ ماهیەت یان بوونی خوازراوەوە بۆ بوونی ڕەسەن بڕوات[٦٨٩]. ئەو دەڵێت: ڕۆژێك بیرم لە بەختی ڕەشی خۆم دەکردەوە، کە بۆچی تەنها هەر نوشوستیو نزمی بۆ من دەهێنێ؟ ئەو نوشوستیو نزمیەش زیاتر لەوەدا دەبینێ کە، ئەو – بەیتی یەکەم و دووەم – : یاران هەموو گەیشتن! هەموویان (مەی) دیدارو لیقای یاریان نۆشکرد، مەست بوون بە عیشقی ئیلاهیی، کەچی من هەر لە خوارەوەم – مەبەستی مانەوەیە بە نزمی لە پلەی پێگەیشتنی مەعنەویەتدا یان مانەوە لە ژیانی دونیادا – ، تەنها من نەبێت بەستراوم بە خاکەوە. مەولەوی لێرەدا کە شوشە عەترێك دەدوێنێت‌و ئەویش بە زمانی حاڵ وەڵامی دەداتەوە، کە دواجار مەبەستیەتی بە بیانووی شوشە عەترەکەوە بەیانی پێداویستیەکانی بڕینی مەقامەکانی بوون‌و عیشق بکات. فەلسەفەی ئەو ئەوەیە ڕێگەی سلوککردن‌و تەیکردنی ڕێمان پێ پیشان بدات، کە لەم ڕێگەیەوە بتوانیت خۆت ببڕیت، ئەوەی کە هەیە – کە لە خۆیدا هەیە – تێپەڕێنێت، تا بگەیت بەوەی، کە پێویستە لە خودی تۆدا هەبێت. لێرەوە شوشەکە بە زمانی حاڵ هاتە قسە – بەیتی سێهەم‌و چوارەم‌و پێنجەم– و وتی: من بەردێکی بێ نرخ بووم، لەو شاخ و کێوە کەوتبووم، بەڵام ئەوکاتەی بە دڵشادی‌و بێ ترس – شوشەکە دەڵێ– ، ناڕەحەتی بەر پیك دان‌و خستنە کووڕەی وەستایانم – کەوا دەزانین هێمایە بۆ ئازارەکانی پەروەردەکردنی بەردەست پیرو مامۆستا مەعنەویەکان – قوبوڵکردو – بەیتی شەشەم تا دەهەم – بە پیکەکەیان وردبووم – واتە بوونی یەکەمم کە بەرد بوو تێکشکاو نەما – و لە کورەکەدا کوڵام – کە وادەزانین هێمایە بۆ سەختی گۆڕان و قۆناغە سەختەکانی پێگەیشتن لە مەعنەویەت‌و عرفاندا. تا گەیشتمە پایەیەکی بڵند، کە ئەو پایە

---

[٦٨٩] بڕوانە: چەمکی ژیان و مردن لە فەلسەفەدا، ل٩٣ بەدواوە.

بڵندەش ئەوە بوو کە، بینیم جیهانێکی نوێ – جیاواز لە جیهانی (بوونی) کۆنم – پەیدابوو کەسێکی نوێو سەرسوڕهێنەر لەنێو (من)دا پەیدابوو و بووم بە شوشەیەکی پرشنگدارو ڕوناکی وا، کە شایانی سەلم و تووڕ – کە دوو پاشا بوون – بم – کە هێمایە بۆ مرۆڤە گەورەکان وەک یارانی مەولەوی کە لە بەیتی یەکەمدا باسیکردن – بۆیە واملێهات، جارجار گوڵاویان تێنەکردمو بۆنی خۆشم ئەدا بە لووتی پاشاو وەزیراندا بەم جۆرە، لەو بێ بەهاییەی جارانەوە – کە لە بوونی کەرەستە خاویمدا کە بەرد بووم و ئەو قۆناغانەم نەبڕیبوو – بووم بە شتێکی بەهادار. یان مانایەکی تری وادەزانین ئەوەیە، کە ئەو دەڵێت، من بەهای خۆم لە بێ بەهاییدا دۆزییەوە! واتە دانم بە بێ بەهایی خۆمدا ناو ئامادەبووم خۆم بەوپەڕی خاکی بوونو نەمانی (منیەتی) و بەها بۆ خۆدانەنانەوە بخەمە بەردەست پیك و زەبری مرۆڤە مرۆڤسازەکانەوەو بەوەش – بەیتی یانزەو دوانزە – سوڕی دوبارە لەدایکبوونم بینی و سەرم گەیشتە پلە بڵندەکان و بۆیە، بەو بۆنەوەو هۆیەوە – ئەو دەڵێت – ئەگەرچی ئێستا شکاوم – واتە ئەگەر پیریش بم و لاواز – هێشتا مێشکی ئەو دوبارە لەدایکبوونەوە تێمدا ماوەو بریسکە دەداتەوە. دواتر ڕاستەوخۆ – دیارە بە زمانی حاڵ – بەیتی سیانزە تا حەفدە – ئامۆژگاری مەولەوی دەکات و دەڵێت: تا تۆش وەك (من – یارانی خۆت) زەحمەت و سەختی کوورەی مەعنەوی نەبینی و تا تۆش (نەگری وەگەردەن) – هەمان دەربڕینی قسەی شوشەکەیە لە بەیتی (٥)دا – واتە قەبوڵی نەکەیت ئەو سەختیانەی کە لەو ڕێگایەدا هەیەو پێ نەنێی بەسەر بوونی خۆتدا – مەبەستی بوونی یەکەمە کە پێنەگەیشتوویتو بە زمانی عارفان گیانلەبەری بەر لە گەیشتن بە مرۆڤی[٦٩٠] – و (منیەتی) ئەو قۆناغەت تێنەپەڕێنی و دەست لە خۆت هەڵنەگری و لێی بڵندتر نەبیتەوە، ئەوا، کەی دەچیتە ڕیزی یارانتو چۆن پایەی بڵند بە چاوی خۆت دەبینی؟ چونکە، تا جاری دووەم – تۆو هەرکەسێکی تر – لەدایك نەبیتەوە، ئەوا ئەستێرەی خۆشبەختیت لێهەڵنایەت و بەوەش گەر وانەکەیت، ئەوا لە ئازاری پەستی – هەمان وشەی بەیتی یەکەمی دیوانەکە – واتە نزمیدا، کە مایەی نەنگیە تا ئەمریو دەچیتە گۆڕ بەوجۆرە دەمێنیتەوە.

---

[٦٩٠] وادەزانین ئەم مانایە حافزی شیرازی بە ڕوونی دەربڕیوە کە دەڵێت:

رندی آموزو کرم کن که نه چندان هنرست　　تا حیوانی ننوشد می و انسان نشود

بڕوانە: ئەکرەم عەنەبی، مەحرەمی ڕاز (شەرحی غەزەلەکانی حافز)، بەرگی دووەم، ل٢٦٩.

واته دواجار شیعرەکەی مەولەوی پێمان دەڵێت بەر لە گەیشتنمان بە گۆڕی مردنی ڕاستەقینە، دەبێت خۆمان لە گۆڕی مەعنەوی – مردوویی و نەگۆڕان – بەرەو لەدایکبوونی دووەمو بە مرۆڤبوونی راستەقینە رزگار بکەین.

٢-٢-١-٣/ ماناکانی بوون لای مەولەوی

مەولەوی باوەڕی بە دوو جۆر بوون بۆ مرۆڤ هەیە. بوونێك کە بوونێکی پڕۆزەتیڤو مرۆڤسازەو بوونێکیش کە بوونێکی نێگەتیڤ و لەناوبەری مرۆڤە. ئەم دوو چەمکەش هەندێ جار بە زمانی مەعریفەو هەندێ جاریش بە زمانی هەست دەردەبڕێت.

أ- بوونی راستەقینەو مرۆڤساز:

کە ئەم جۆرە لەم چەمکانەدا دەردەکەوێت: ((بوون) لە یەکیەتی لەگەڵ خوداو پەیوەستبوون بە جیهانی مەعنەویەوەیە. بوونێك دەتوانێ بە هەمیشەیی بمێنێتەوە، کە ئاوەکەی مەی و خاکەکەی خڵتەی شەراب و بەنناکەی ساقی بێت. تەنها مەستیی مەعنەوی، دەتوانێ لەناوبەری ناخۆشیەکانی (بوون) بێ. سروشت، ئەو مامۆستایەی، ڕێگەی تێکوپێکدانی سروشت و (بوون)ی یەکەمیی مرۆڤی فێرکردین!. (بوون) ئەو جیلوەی خودا، کە خودا لێی بێ نیازە!. (بوون)ی تارِیك و گەوهەری شەو دەرەوشاوەی مرۆڤە مەعنەویەکان. رزگاربوون لە ئازارەکانی ژیان، لە دۆزینەوەی نهێنیەکانی (بوون) بە مەستیی مەعنەوی دایە. نەك تەنها دەروازەی گۆڕ، بەڵکو دەروازەی (بوون) یش لەبەردەم ئارەزووی گەڕانەوە بۆلای دۆست– خودا–دا بچوکە!. عرفان ئەو ئاگرەیە، کە (بوون)ی نائارامی مرۆڤ دەسوتێنێ!. مەی مەعنەوی، ئەو ئاگرەی خاشاکی (بوون)ی مرۆڤ دەسوتێنێ).

شاعیر لەمیانەی شیعرێکیدا[٦٩١]، کە لەگەڵ پیرەکەی – کە م.مدرس باوەڕی وایە بۆ شێخ عوسمان سیزاجەدینی نوسیوە – دەدوێو لە بەیتی (١) تا بەیتی (١٠) باس لە گەورەیی

---

[٦٩١] بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل٢٩٨.

پیرەکەی بە دەرخستنی خەسڵەتە عرفانیەکانی دەکات. لە بەیتی (١٠) بەدواوە باس لە هاتنی نامەی دۆستو پیرەکەی دەکات کە گەیشتووەو لە ناوەڕۆکەکەیدا گلەیی خۆشەویستی لە شاعیر دەکات، کە بۆچی نامەی بۆ نانێرێت، ئایا کاغەز بڕاوە بۆ نامەنوسین یان عەیبی لێدێت بە نامە دۆستی یاد بکاتەوە؟.

ئەو – پیر – داوای لە مەولەوی کردوە بە غەمبار دانەنیشێ – واتە پیر دەزانێ مەولەوی خەفەتبارە – و داوای خەم بە بادانی لێدەکات، چونکە زەمانە – فەلەك – واتە پیر وای وتوە – ناهێلێ کەس بە دڵشادی بمێنێتەوە. لێرەوە لە یەکەم وتەیدا بۆ پیر – یەکەم وەڵامی شاعیر کە لە بەیتی (١٥)ەوە دەستپێدەکات کە دێڕی مەبەستی ئێمەیە – دەڵێت:

ئەوەڵ من کێنان وجودم جەکۆن وا چوون دۆسەنان شەرت قەبوڵ تۆن[٦٩٢]

واتە لێرەدا هەست بە (فەنا) بوونی شاعیر لە پیردا دەکرێتو ئەو دەڵێت: یەکەم من چیم – واتە هیچ نیم لە بەرامبەرت – تا بڵێم دۆستی تۆم و نامەت بۆ بنوسم، گرنگ ئەوەیە تۆ بە دۆست پەسەندم بکەی:

ئەر وە بێگانە وەر خوێشم زانی تۆ حەساوەنی وە هەرچیم وانی

تۆ خۆت گرنگ و حسێبی ئەگەر بە بێگانەم دابنێیت یان دۆست. واتە لێرەدا مەولەوی هەموو کاروبارەکانی دەسپێرێ بە دۆست – پیر – و بە مەعنەوی خۆی دەمرێنێ و فەنا[٦٩٣] دەکات لەبەردەم پیردا وەك ئەوەی لە مەرجەکانی سلوکدا هاتووە، کە دەڵێت ئەبێ موريد ويستو بڕیارو کاروباری هەمووی بداتە دەست شێخ (كالميت بين يدي الغسيل – وەك مردوو لەبەردەستی مردووشۆردا) ئەمەش پاش متمانەی ڕەهاو خۆسپاردن بەو دێت[٦٩٤]. بەم جۆرە

---

[٦٩٢] دیوانی مەولەوی، ل٣٠٠.

[٦٩٣] بێگومان چەمکی (فەنا) زیاتر دەچێتە نێو باسی مردنی مەعنەوییەوەو دەبوو لە بەشی سێیەمدا باسی بکەین، بەڵام لەبەرئەوەی لەلایەکەوە ئەم فەنابوونەی ئێرە زیاتر بەلای بوونو ژیاندا دەکەوێ بۆیە لێرەدا هێناومانە. لەلایەکی ترەوە – وەك دواتر لە بەشی سێیەمدا دەبینین – زۆرینەی عارفەکان لەوانەش مەولاناو مەولەوی دابڕانو دووریو جیاوازی لەنێوان مردنو ژیاندا نابینین، بۆیە زۆرجار ئەم دوو باسە لایان بە تێکەڵی دەبینرێ.

[٦٩٤] حافز لەم ڕووەوە بەیتێکی بەناوبانگی هەیە، کە دەڵێت:

به می سجاده رنگین کن گرت پیر مغان گوید است که سالك بی خبر نبود ز راه و رسم منزلها

مەولەوی لە بەیتەکانی دواتردا باس لە گەورەیی پیر بە بەراورد بەخۆی – کە خۆی بە بچوک دادەنێ – دەکات. بەڵام ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە، کە لە بەیتی (٢٨ – ٣٠) کە سێ بەیتی کۆتایی شیعرەکەیە، مەولەوی جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ باسی (فەنا) بوون – بەڵام ئەمجارە لەنێو شێخدا نا – بەڵکو لەنێو خودادا. ئەو دەپارێتەوە کە:

تەنیای حەقیقی نەردێ بشانۆ (من) و (تۆ) جە دەس (من) و (تۆ) سانۆ

(تۆ) بێ (تۆ) لوطفت پەی (من) زیاد بۆ (من) بێ (من) رۆحم وە خزمەت شاد بۆ

لێرەدا بەڕوونی شاعیر داوادەکات کە تەنهای ڕاستەقینە – خودا – زارێ هەڵبدات و (منیەتی) و (تۆیەتی) لە (من) و (تۆ) وەریگرێتەوە ! – واتە خودمان نەمێنێ – (تۆ) بە بێ (تۆ) یت لوتفو میهرەبانیت بۆ من زیاد بێ – واتە پێویست بە نامەنوسین بۆتو نامەکاری نەمێنێ – و (من) بەبێ (من)یەتیو خۆیەتیم رۆحم بە خزمەتگەیشتن بە تۆ شاد بێ. واتە وامان لێبێت کە هەردوکمان پاش فەنابوونو بەجێهێشتنی پێوەرە باوەکانی دوورو نزیکی فیزیکیو پەیوەندیە فیزیکیەکانی وەک نامە بۆ یەکتر نوسین، جارێکی تر مانەوە (بەقا) و (بوون)ێکی نوێ بەدەستبهێنینەوە، کە بەبێ خودیەتیمان – واتە بێ ویست – و بە گەیشتنەوە بە سروشتی ئەو – خودا – کە رۆحەکان کۆدەکاتەوە – لەودا بەیەکتر بگەینەوە.

واتە بە دەربڕینێکی تر بڵێین مەولەوی کە داوای فەنابوونی (من) و (تۆ) دەکات، ئەوە داواکردنی گەیشتن بە حەق (خودا) و یەکیەتی (اتحاد)ە لەگەڵ ئەودا دەکات کە لوتکەی ئامانجی عرفان و عارفانە[٦٩٥]. کە مرۆڤ (عارف) بەوە هەست بە گەیشتنی بە خوداو

ئەگەر پیری موغان وتی بەرمالەکەت بە (مەی) ڕەنگین بکە، ئەوا بیکە. بڕوانە: ئەکرەم عەنەبی، مەحرەمی ڕازو شەرحی غەزەلەکانی حافز، بەرگی یەکەم، ل٩.

هەر لێرەوە، دیارە لە تەریقەتی سۆفیدا، بەتایبەتی لە تەریقەتی نەقشبەندیدا – کە مەولەوی سەر بەو تەریقەتەیە – فەنا لە شێخدا پلەی یەکەمی گەیشتنە بە فەناو فەنا لە خودادا دوائامانجی تەریقەتە.

[٦٩٥] لێکۆڵەری ناسراوی جیهانیی بواری فەلسەفەو عرفان (د.وألتەر ستیس) باوەڕی وایە، کە هەوڵ بۆ گەیشتن بە خوداو یەکگرتنو فەنابوون لەنێویدا، یەکێکە لە خاسیەتە جیهانیەکانی عرفان، ئەو دەڵێت: "دەمانەوێ ئەوە بزانین، کە یەکیەتی (اتحاد) یان (یەکی)، ئەزموونو چەمکی بنەڕەتییە لە هەموو ئەزموونە عرفانییەکاندا، ئەگەرچی لە

وەرگرتنی سیفاتی (بوون)ی خودا دەکات و بەوەش بە گەورەیی (بوون) و بوونی ڕاستەقینە دەگات. لێرەدا مەولەوی بەڕوونی داوا لە خودا دەکات، کە هەردووکیان — خۆی و پیرەکەی — بە پلەی (یەکیەتی — اتحاد) بگەێنێ، تا لەوێدا تەنها خودا هەبێ و (من) و (تۆ)یی بە هەموو پاشکۆکانیەوە لەوانەش خەمی نزیکی‌و دووری‌و نامەو نامەکاری نەمێنێ، چونکە ئەویش بە زمانی حاڵ دەیەوێ ئەوەمان پێبڵێ — دووریش نیە کاریگەری لەسەر مەولەوی نەبێ — ، کە عارفی گەورەی ئێرانی (شێخ مەحمودی شەبەستەری)[٦٩٦] وتویەتی:

جناب حضرت حق را (دوئی) نیست　　در آن حضرت، (من) و (ما) و (توئی) نیست

(من) و (ما) و (تو) و (او) را هست یك چیز　　کەدر (وحدت) نباشد، هیچ تمییز

شود با وجه باقی غیر هالك[٦٩٧]　　یکی گردد سلوك و سیر و سالك[٦٩٨]

(لە خزمەتی حەزرەتی حەق — خودا — دا (دوو)یی نیە، لەوێدا (من) و (ئێمە) و (تۆ) نیە. (من) و (تۆ) و (ئەو) هەمووی یەك شتە، چونکە لە (یەکێتی)دا جیاکردنەوە نیە. لەگەڵ دەرکەوتنی خودادا شتی تر تیادەچێت، لەوێدا سۆفی‌و ڕێگاکەی‌و ئامانجەکەی دەبن بە یەك).

لێرەوە مەولەوی کە داوای گەیشتن بە فەنابوون‌و یەکێتی‌و نەمانی (من) و (تۆ)یی دەکات، وادەزانێن بڵندتر دەڕوانێت لە (پیر)ەکەی‌و ڕەنگە زیادەڕەوی نەبێ، گەر بڵێین لێرەدا ئەم

هەندێ تەریقەتدا ڕەنگە کەمتر یان زیاتر پێداگری لەسەر ئەوە بکرێت، تەنانەت لە هەندێ شوێندا بەڕوونی باسکراوە. یەکیەتی شتێکە کە دەرککردنی ڕاستەوخۆ دەبێت، یان بە دەربڕینێکی تر، ئەگەر بتوانین لەنێوان ئەزموون‌و دەربڕیندا جیاوازی بکەین، ئەوا ئەو (یەکیەتی)یە پەیوەستە بە ئەزموونەوە نەك دەربڕین". بڕوانە: سەبور عەبدولکەریم (شکار)، حەللاج، ل٣٨.

[٦٩٦] سانی (٤٢٠)ی کۆچی هەتاوی کۆچی دوایی کردوەو ئەویش وەك زۆرینەی هەرە زۆری عارفە گەورەکانی ئێران سوننە بووە.

[٦٩٧] وادەزانین ئامازە بە دەقی قورئانیی (کل شیء هالك الا وجه — هەموو شتێك لە ڕۆژی دوایی‌و کۆتایی جیهاندا تیادەچێت تەنها خودا نەبێت) (القصص: ٨٨).

[٦٩٨] بڕوانە: د.سید یحیی یثربی، فلسفه عرفان، ١٣٧٧ — ١٩٩٨، چ٤، مرکز انتشارات دفتر تبلیغات اسلامي، قم، ل٤٠.

دەبێ بەپیرو موراد بۆ (پیر)ەکەی[٦٩٩]، چونکە ئەم قوڵبینتر دەڕوانێو نایەوێ جیابوونەوەی عرفانی (تفریق) بکرێت.

لەلایەکی ترەوە مەولەوی دەیەوێ هەر بەمەش – فەنابوونو یەکێتی لەگەڵ مەعشوق (خودا)داو نەمانی (من) و (تۆ)یی – لەدەست دەردو ئازاری هەمیشەیی خۆی – کە دوورییە لە یاران – چ دووری فیزیکی بێت لەم جیهانە یان دووری مردنو عرفانی – کۆچکردنی دۆستانی بۆ جیهانی بە دیدار گەیشتنی یار – خودا – رزگاری بێتو بۆیە هەر چوار بەیت لە پێش ئەو بەیتانە – بەیتی (٢٥، ٢٦) – ئەوە دەسەلمێنێ، کە دەڵێت:

سێ یەم، خەمگینیم جەدەس خەجڵەتەن　　خەجڵەتم جەدەس سەختی ی غەفڵەتەن

یاران وێنەی صاف مەی، وەکامەوە　　وێەردەن، چون دورد هەر من مامەوە[٧٠٠]

لێرەدا مەولەوی سێهەم هۆکاری نامە نوسینی بۆ پیرەکەی، بۆ سەرقاڵی بیرکردنەوە لە یارانی کۆچکردوو دادەنێت، کە بە خۆشیو مەی مەعنەوییەوە گەڕانەوە بۆلای دۆستو تەنها ئەم وەک خڵتەی شەراب لەم دونیایە ماوەتەوە!. واتە دواجار مەولەوی (بوون)ی ڕاستەقینە لە فەنابوون و یەکیەتی لەگەڵ خوداو پەیوەستبوون بە جیهانی مەعنەوی و عرفانەوە دەبینێ.

– مەولەوی لە شیعرێکیدا بەوە دەستپێدەکات کە (ساقی – خودا) ئێمەی بێ ویستی خۆمان هێناوەتە ئەم بوونو ژیانەو بێ ویستیش دەماننێرێتەوە!. تەنها لەم ژیانی دونیاشدا ئەوەی بۆ ئێمەیە ئەوەیە، کە خواردومانەو ئەوی تر بەجێدەمێنێ، ئەمەش دەقەکەیە:

١. ساقی ئاوەردەو گرد کیاستێنین　　وریا بەردێن و کردە ئاستێنین

٢. حاڵ ماضی ئاسا هانە گوزەردا　　مقیم مسافر ڕەنگ نە سەفەردا

---

[٦٩٩] هیچ گومانی تێدا نیە، کە مەولەوی دەکرێ گەیشتبێتە ئاستی پیرەکەی، بەڵکو هەندێ جار لەو قوڵبینترو دوورتریش بڕوات، وەک ئەو نمونەی سەرەوەو هەر خودی پیرەکەشی هەستی بەوە کردوە، بۆیە بەڕوونی دەبینین شێخ عوسمان سیراجەدین لەو ئامانەیدا کە بۆ موریدەکانی بەجێهێشتووە، دوای سەفەرکردنەکانی خۆی – کە بە زمانی فارسیە – مەولەوی وەک جێنشینی (خلیفة)ی خۆی دیاریکردووە. بڕوانە: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، یادی مەردان، بەرگی دووەم، ١٣٨٥ – ٢٠٠٥، چ١، انتشارات کردستان، سنە، ل٤٧.

[٧٠٠] دیوانی مەولەوی، ل٣٠٢.

٣. قافلە کۆچ کەردەن، بەرزەن دەنگ زەنگ وڕان حوجرەی خان، وجوود سەنگ بە سەنگ

٤. هۆسای تای شاوڵ دانش وە مشتی بەناباشی بورج دیواران گشتی

٥. قەدەم ڕەدجەکەر وەلای کارەوە بنچینەم وە تەرح مەی هۆردارەوە

٦. عەمارەتێوەن بیناش باقی بۆ ئاو مەی، خاك دوردی، بەناش ساقی بۆ[٧٠١]

دواتر پێمان دەڵێ – بەیتی دووەم – کات لە دونیادا لە گوزەرو تێپەڕینی بەردەوامدایەو (ئێستا)ش وەك (ڕابردوو) لە تێپەڕیندایەو نیشتەجێ (مقیم) لەم بوونو ژیانەدا وەك سەفەری وایە! و دواتر – بەیتی سێهەم – ئەو پێی وایە، کاروانی یاران کۆچیکردوە – مردون و چوون بۆ جیهانەکەی تر، وەك بڵێ منیش لەو کاروانە بەجێماوم – دەنگی زەنگی – دەنگی هەواڵدانو ئاگادارکردنەوە – ئەو کۆچی کاروانە بڵندە – یەك بەیەکی حوجرەی – ژوورێ (بوون) – بوونی لەشمان م.مدرس وایلێکداوەتەوە – بەرد بە بەرد ڕوخاندوە – دەکرێ لێکدانەوەیەکی تریشی بەوە بۆبکەین، کە مەولەوی باوەڕی بە مردنی ساتەکی (لحظوي)، کە جۆرێکە لە مردنە عرفانیەکان[٧٠٢]، هەیەو باوەڕی وایە مردن کتوپڕ ڕونادات، بەڵکو سات بە سات – بەرد بە بەرد – لە ئێمەدا ڕووەدات. ئەوەشی ئەم لێکدانەوەیەمان بەهێز دەکات ئەوەیە، کە مەولەوی باوەڕی وایە هەموو شتەکانی بوون چ وەك شوێن و چ وەك کات لە تێپەڕینو گوزەردان، وەك پێشتر لە بەیتی دووەمدا ئەوەی دەربڕی، کە دواجار گەیشتن بە مردنیش، جگە لەو تێپەڕینی ژیانە هیچی دیکە نیە!. لێرەوە ئەو، کە باوەڕی وایە خانی – بینای (بوون)ی خۆی ژوربەژور بەرەو ڕوخان چووەو ڕوخاوە، بۆیە – بەیتی چوارەم تا شەشەم – پەنا بۆ وەستای ئەزەل – خودا – دەبات – کە بە وەستای تای شاوڵ بەدەست ناویدەبات – تا دوبارە (بوون)ی – بوونی مەعنەوی قوڵ –ی بۆ دروستبکاتەوە چونکە ئەو، تای شاوڵی زانستی دروستکردنی – پێوەری ڕێکخستنو دروستکردنی بوون بە بوونی مرۆڤیشەوە– بەدەستەوەیەو باش وەستای بەرزکردنەوەی هەموو دیوارەکانی بوونە – بە دیوارە ڕوخاوەکانی خانی (بوون)ی شاعیریشەوە – تا، ئەو باش وەستایە بێتو بە مەی – مەعنەویەت و عشق – ڕەنگی بوونی دوای ئەو ڕوخانە دابڕژێتو بناغەی بوونی – بوونێکی نوێ – دووبارە بەرزبکاتەوە، چونکە تەنها بوون و

---

[٧٠١] دیوانی مەولەوی، ل٢٩١ – ٢٩٣.

[٧٠٢] بڕوانە: ژیان و مردن لە سۆفیگەری و عرفانی ئیسلامیدا، ل٩٩

بینایەك – ئاوەدانیەك – لە بووندا بتوانێ بمێنێتەوەو فەنا نەبێو بە هەمیشەیی بمێنێتەوە، ئەوەیە کە ئاوەکەی مەی – مەعنەویەتو عشق – و خاکەکەی خڵتەی شەراب– پاشماوەو شوێنەواری مەعنەویەتو ڕێبازی عارفان[٧٠٣] – و بەناو دروستکەرەکەی ساقی–خودا– بێت.

– مەولەوی لە شیعرێکیدا[٧٠٤] بە گفتوگۆ لەگەڵ (دڵ)دا دەستپێدەکات – کە لە عرفاندا (دڵ) – جگە لەو مانایەی کە لە پەراوێزی (١)دا ئاماژەمان پێکرد – هێمایە بۆ ئەو شوێنەی خاڵی بەیەکگەیشتنی نهێنی ئەزەلیەتو ئەبەدیەتو پەردەی نێوان جیهانی نادیار (غیب) و دیار (شهادة)یەو شوێنی دەرکەوتنی جیلوەی جوانی (جمال) و شکۆ (جلال)ی خودایە[٧٠٥] – و شاعیر بەو (دڵ) دەڵێت زیپکەی تاداری نەخۆشی بە لێوتەوە دەبینم و حاڵت یەگجار بە پەشێو دەبینم و وەك باڵدارێك دێیتە بەرچاوم کە هەڵۆ فڕاندویەتیو هۆشی لەلا نەماوەو بەجۆرێك سەرت لێتێکچووە، کە ئەوەی کە نەتکردووە وائەزانی کردووتەو ئەوەی کە کردوتە وادەزانی نەتکردوە! بەم جۆرە شاعیر بەردەوام دەبێت لە باسکردنی ئەو بارودۆخە نالەبارەی دڵو پەیتا پەیتا دەیەوێ ئارامی بکاتەوە بەوەی، کە تۆ گومانت چۆن بوو بۆ دۆست – خودا – ئەویش بەو جۆرەیە. دە کەواتە گومانت باش بکە (بەیتی دوای ٦) و نائومێد مەبە (ولا تيأسوا) ، بە بیری خۆت بهێنەرەوەو ئەوەی تێپەڕی ڕۆیشتو هەوڵ بۆ ماوە (باقي) بدە – دەکرێ هێما بێ بۆ خودا یان مەبەستی ئەو تەمەنو ژیانە بێ کە ماوە –. بۆیە لێرەوەو پاش کەمبوونەوەی شڵەژانەکەیو پەیداکردنی ئومێدەوە داوا لە دڵی دەکات هەوڵی بۆ ماوە (باقي) بدات و وەك عادەتی خۆی پەنا بۆ دونیای مەعنەویەتو عرفان دەباتەوەو دەڵێت: ئەی دەرویشی[٧٠٦] دەف ژەن و ئەی نەی ژەن[٧٠٧] – بەگشتی

---

[٧٠٣] بۆ مانای (مەی) و (دورد – خڵتەی شەراب) لە فەرهەنگی سۆفیگەری و عرفاندا. بڕوانە: د.سید جعفر سجادی، فرهنگ اصطلاحات و تعبیرات عرفانی، ل٧٥١ و ٣٨٢.

[٧٠٤] دیوانی مەولەوی، ل٢٣٠.

[٧٠٥] بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٣٨٧، ٣٨٨.

[٧٠٦] دەرویش لە فەرهەنگی عارفاندا، بە کەسێك دەوترێ، کە بایەخی بە دونیاو وابەستەکانیەوە نەبێت. د.سید جعفر سجادی، ل٣٨٢. مەولەوی لێرەدا بە پەنابردنی بۆ دەرویشو ئاوازی دەفە مەعنەوییەکەی، دەیەوێ ئەویش بایەخی بە دونیاو وابەستەکانیەوە نەمێنێو بە مەستی هەموو شڵەژانو ناڕامیەکانی لەبیربکات.

هێمایە بۆ مەستی.و شادی مەعنەوی – نۆبەتانە، ساقی دە تۆش لەگەڵیان هۆش بدە بە دەف و گۆێ بدەرە ئاوازی نەی و مەی – مەستی بە عشقی یار – بگرە بەدەستەوەو بینێ بە لێوتەوە تا:

وێەردە وێەرد، هەوڵێ پەی باقی ئەمجار یە دەرۆێش، یە نەی چی و ساقی
هۆش وەصەدای دەف، گۆش وەنەوای نەی دەس وەشیشەوە، لێو وەجام مەی
صەفات جەفا دۆ وە قەفای هەستی تۆشا تۆشت بۆ دەواچەی مەستی[۷۰۸]

تا صەفا[۷۰۹] و پاکبوونەوەی مەعنەوێەت – بەدەستی مەی و مەستبوون – شەپازللەیەک بە پشتی ملی (بوون)دا بکێشێو دەرمانی مەستی – مەبەستی مەعنەوێەتە – نۆشی گیان بکەیتو (بوون)ت بیربچێتەوە !.

کەواتە لێرەدا شاعیر بەڕوونی دەڵێ تەنها مەستیی مەعنەوی دەرمانەو دەتوانێ لەناوبەری جەفاو ناخۆشیەکانی (بوون) بێت. کەواتە لێرەدا (بوون) بە مانا فیزیکیەکەی زیاتر دەردەکەوێ، کە کاری جەفاو ناخۆشیدانە بە مرۆڤ و مرۆڤیش پێویستی بە هێزێکی مەعنەوی خۆشی بەخش – بەڵام خۆشی بەخش بە پەیوەندیکردن بە هێزی ئەزەلیەتو

---

[۷۰۷] نەی – شمشاڵ – لە عرفاندا – جگە لەو مانایەی کە لە پەراوێزی ژمارە (۳)ی ل۹ هێنامان کە نزیکە لەم مانایە – هێمایە بۆ دەنگی ئەزەڵی و جاویدانی لە بووندا نەیستانیش هێمایە بۆ جیهانی بنەڕەتی مرۆڤ کە لەوێوە هاتووە بۆ ئێرە (دونیا). بڕوانە: د.سجادی، ل۷۷۵. کە لێرەدا وا دەردەکەوێ، مەولەوی مەبەستی لەم مانایە بێت.

[۷۰۸] دیوانی مەولەوی، ل۲۳۰.

[۷۰۹] صەفا – پاکی لە عرفاندا دژی پیسیو ژەنگو نەخۆشی مەعنەوێەو بەمانای پاکبوونەوە لە ژەنگی پیسیو دوورکەوتنەوە لە شتە ناپەسەندەکان دێت. عەبدولڕەزاقی کاشانی باس لەوەدەکات کە سەفا لای عارفان سێ پلەیە: پلەی سەفا بە شەریعەت کە بە شەریعەت و ئادابی پێغەمبەر (د.خ) لە پیسیە دیارو گەورەکان پاکبێتەوە. دووەم: سەفای حاڵ، کە لە قاڵ – علم – ەوە بۆ (حاڵ) بڕوات‌و لەم قۆناغەدا صەفا بەهۆی داباریینی مەعنەوێەوە بە پۆشنایی ناسینی خوا ڕوناک و پاکدەبێتەوە. قۆناغی سێیەم: سەفای پەیوەندبوونە بە حەقەوە، کە جۆرێکە لە فەنا. واتە مافی بەندایەتی بچێتە ژێر مافی خودایەتی و هەموو سیفات و کردارەکانی بەندە لەنێو سیفاتو کردارەکانی حەقدا ون دەبێتو پاکدەبێتەوە لە خۆیو دەبێت بە دەرخەری سیفاتو کرداری حەق. ئەمەشە کە لە فەرمودە قودسیەکەدا دەفەرموێ (بی یسمع و بی یُبصر – واتە بەو جۆرە دەبیستێ و دەبینێ کە خودا دەیەوێ). بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل۵۳۲، ۵۳۳.

خوداوه نەك خۆ بێهۆشكردن — هەیە تا بتوانێ ڕووبەڕووی ناخۆشیەكانو شتە ناپاكەكانی ژیان ببێتەوە.

— مەولەوی لە شیعرێكیدا، كە سەرەتاكەی بە وەسفی سروشتو هاتنی بەهار — لە بەیتی ١—٧ — دەستپێدەكات، بەڵام لە بەیتی حەوتەوە، لەنێو باسكردنی دیمەنەكانی سروشتی بەهارەوە، لەگەڵ چەمی زەڵم — وەك كارەكتەرێك — دەكەوێتە گفتوگۆو لە باسكردنی سروشتو شوێنكاتەوە بەرەو سەروو شوێنكاتو شتە ئەنتۆلۆژیو قوڵەكان دەڕواتو پێی ئەڵێ:

١. چەنی جە هەستی وێت تەواساییت — چەنی جۆش عەشق مەجنوون ئاساییت
٢. بدیە چۆن هۆردان وەنام و نەنگدا — بێ پەروا مدۆوینش وەڕووی سەنگدا
٣. های ساقی! هەڵای سەرمایەی خامی — نمەدۆم وە دەس پای نێكنامی
٤. با وەرە وەش وەش سادەی هەی پەی كەی — تاف قەڵوەزەی ساف شیشەی مەی
٥. مەوجم بنچینەش بدۆ وە هەم دا — هەستیم دۆ وە بەرد هەرد عەدەم دا[٧١٠]

واتە ماشەڵڵات لێبێت — بەیتی یەكەمو دووەم — دەستخۆشیلێكردنە — لەو بێزاربوونو یاخیبوونەت لە (بوون)ی خۆت، كە لە جۆشی عەشقی وەك مەجنونیتەوە واتلێهاتووە عەیبەت خستوەتە لاوەو لە ناوو ناتۆرە — ئەمە بیری سۆفیگەری مەلامەتیە[٧١١] — ناترسیو بێ پەروا خۆت دەدەی بەو تاشو بەردە — واتە كۆسپەكانی ڕێ — دا. لێرەوە شاعیر ئەم دیمەنەی زەڵم — سروشتو شوێنكات — بەرەو مەسەلە قوڵەكانی سەروو شوێنكاتی دەباتو

---

[٧١٠] دیوانی مەولەوی، ل٤٦٨ — ٤٦٩.

[٧١١] مەلامەتی ڕێبازێكی سۆفیگەرییە، كە دروشمەكەی لەلایەن دامەزرێنەكەیەوە كە (حەمدونی قەسار)ە بە (الملامة ترك السلامة — مەلامەتی بریتیە لە وازهێنان لە سەلامەتی)، واتە ئەوان تەنها بایەخ بە حەق — خودا — دەدەنو گوێ بە خەڵك نادەن، تا ئەوەندەی كە خەڵك لۆمەیان دەكات. ئەوان لەپێناوی پوختی (اخلاص) و ڕاستگۆیی لە كاردا بۆ خودا زۆر هەوڵدەدەنو دەیانەوێ كە بەپێچەوانەی خەڵكەوە — خواپەرستی و كرداری باشەكانیان بشارنەوەو كرداری ناباشەكانیان — یان هەندێ جار واش نیشانبدەن — دیار بێت تا لە ڕوپامایی‌و ستایشی خەڵك بەدوورین. بڕوانە: د.سید صادق گوهرین، شرح اصطلاحات تصوف، جلد ١٠، ١٣٨٣ — ٢٠٠٢، چ١، انتشارات زوار، تهران، ل٣٥١—٣٥٣. هەروەها د.سید جعفر سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٧٤٢.

ڕووەکاتە ساقی – خودا – و پێی دەڵێ – بەیتی سێهەم تا پێنجەم – ئەی ساقی – خودایە – من هێشتا – خامی – پێنەگەیشتن – کە لای عارفان بۆ ئەوانە بەکاردێت کە لە سەرەتای ڕێگادانو پێیان نەخستوەتە دۆڵی عشقو پێگەیشتنو تێگەیشتنی مەعنەوییەوە[٧١٢]. نامداتە دەست ڕێگای ناوو ناوبانگی باش – واتە ناوباشیی عرفانی نەک ناوبانگی دونیایی – بۆیە، دە ساقی تۆ خۆت بۆ کەی هەڵگرتووەو دەسا زووکە لە تاقگەی سافی[٧١٣] شوشەی مەیەکەتەوە، تاقگەی (مەی)م بۆ بەربدەرەوە تا بەو قەڵبەزەو تاقگەی مەی – عەشق و یاخی بوون و مەعنەوییەت – منیش وەک زەڵمم لێبێتو شەپۆلەکانی، بنچینەی (بوون)م بدات بە تاش و بەردی نێو خودی خۆمدا (بوون)م بدات بە تاش و بەردی عەدەمدا – جیهانی نابەرجەستەو ئەزەلی و فراوانی پشتەوەی جیهانی سروشتی مادی[٧١٤] –

کەواتە مەولەوی لێرەدا بەڕوونی لە (بوون)ی خۆی ناڕازیەو دەیەوێ لە (بوون)ەوە بۆ (هەبوون) وەک عارفان دەڵێن بڕواتو هەر ئەمەش – خۆدان بە دارو بەردا کە تێکوپێکدانی سروشتی یەکەمی ئەوە – لە خۆیدا مردنی ئیختیاریەو هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە لەدایکبوونێکی تر، کە ئەوەش بە گەیشتن بە جیهانی عەدەم دەبێت.

– مەولەوی لە غەزەلێکدا[٧١٥] – کە م.مدرس باوەڕی وایە وەڵامی نامەیەکی شاعیر ئەحمەد بەگی کۆماسی یە، کە بۆ مەولەوی نوسیوەو باسی یار دەکات – کە لە بەیتەکانی سەرەتایدا، جگە لە چەند بەیتێک، کە ئاماژە بە هاتنی نامەیەک دەکات، کە دێرە ڕەشەکانی بە ڕۆشنایی ئاوی حەیات لەنێو تاریکیدا دەچوێنێو دواتر جگە لە باسی ڕۆحی زیندووکەرەوەی نێو نامەکە، باس لە جوانی یار دەکات، کە دواتر پەیتا پەیتا دەردەکەوێ،

---

[٧١٢] بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٣٣٨.

[٧١٣] (سافی) و (سەفا) لای عارفان بەمانای لابردنی ژەنگی پیسیو تاریکی لە دڵان دێت. د.سجادی، ل٥١٩. کە لێرەدا وادەزانین مەولەوی مەبەستی لەو مەیەیە، کە عەشقی دەداتێ و مەستی دەکاتو بێباکی دەکات لە ژەنگی ڕوپامایی‌و عەیبەو ترسان لە خەڵک و وەک زەڵمی لێدەکات.

[٧١٤] بۆ مانای (عەدەم) لای عارفان، بڕوانە: ژیان و مردن لە سۆفیگەری و عرفانی ئیسلامیدا، ل٩٩.

[٧١٥] بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل٨٧.

که ئەو یارە یاری عرفانی مەعشوق — خودا — یە، چونکە لە بەیتی (١٥) و (١٦)دا بەڕوونی دەڵێت: ئەو — یار — نهێنییە، ئەو نازە، ئەو کەوانەو ئەو تیرە، ئەو هەبووە، هەیە، هەر دەبێو ناگۆڕێ. ئەو ئێستای دەستەملانی ئایندەیەو ئایندەشی وەک رابردووی یەک شتە! — کە دیارە ئەم وەسفانەش تەنها هی خودایە. هەروەها لە بەیتی (١٨)دا— وەک م.مدرس هەستی پێکردوە— باس لەوەدەکات کە ئەو ئازیزە هەر ڕۆژێك خەریکی ئیشێکەو هەر تاوێ بەجۆرێك خۆی پیشان ئەدا[٧١٦] و نیشانەیەکی تایبەتیی هەیە، کە م.مدرس جوانی بۆچووە کە ئاماژەیە بۆ ئایەتی (کل یوم هو شأن...). بۆیە ئەو — خودا — جارێك وەک ئەستێرەی تاریکایی بەرەبەیان ئەگەشێتەوەو جارێکی تر وەکو مانگ ئەدرەوشێتەوەو جارێکی تریش وەکو ڕۆژ ڕوناکی دەداتەوە. کە ئەمەش بەگشتی تێڕوانینی عارفانەی مەولەوی سەبارەت بە (بوون)یش دەردەخات، کە بە دەرکەوتەو جیلوەی خودای دەبینێ[٧١٧]. دواتر دێتە سەر بەیتی جێگەی مەبەست کە باسی (بوون)ی تێدایە:

گا وە بێستوون هەستی ی بیناوە حوسنش وە گوڵ گوون وەش ئیستیغناوە[٧١٨]

جارێکیش جیلوەو بوونی — واتە ئەوی خودا — لە دروستکردنی بینای بووندا — بە ئاسمانەکانیشەوە، کە وەك سەقفی بینای بوونە — دەردەکەوێت، کە بەبێ کۆڵەکەو ڕاگر — ستوون — ڕایگرتووە. کە وادەزانین ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئایەتی (الله الذي رفع السماوات بغير عمدٍ ترونها) (الرعد:٢)، نەك بۆ کێوی بێستون، کە م.مدرس وایلێکداوەتەوە[٧١٩]، چونکە وشەی بێستون لە فارسیدا بەرلەوەی ناوی شاخەکە بێ، بە مانای بێ کۆڵەکەو ڕاگر دێت. ڕەنگە هۆکارێکی ئەم بۆچوونەی م.مدرس بۆئەوە بگەڕێتەوە، کە مەولەوی دوای ئەم بەیتە

---

[٧١٦] پێشتر وتمان سۆفیەکان باوەڕیان وایە لە دەرکەوتنی خودادا دوبارەبوونەوە نیە (لا تكرار في التجلي) بەڵکو هەموو ساتێك بە نوێی دەردەکەوێ. بڕوانە: ژیان و مردن لە سۆفیگەری و عرفانی ئیسلامیدا، ل١١٢.

[٧١٧] عارفان جیهان و بوون بە جیلوەو دەرکەوتەی خودا دەبینن و لایان وایە هۆکاری دروستکردنی بوون لەلایەن خوداوە، لەپێناو ناساندنی خۆیدا بووە بە دروستکراوەکانی لە سەرووی هەموویانەوە مرۆڤ. بڕوانە: ژیان و مردن لە سۆفیگەری و عرفانی ئیسلامیدا، ل٩٩.

[٧١٨] دیوانی مەولەوی، ل٩١.

[٧١٩] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢.

ڕاستەوخۆ باس لە دەستی شیرینو تاقی فەرهاد دەکات، بەڵام ئەگەر وردبینەوە لەو بەیتەش ئەگەرچی لەڕێگەی بەکارهێنانی هونەری ڕەگەزدۆزیەوە دەکرێ مەبەستێکی نزیکی شاعیر ئەوان بن، بەڵام مەبەستی دوورو بنەڕەتی بریتی نیە لەوان، بەڵکو بریتیە لە خودا، چونکە کە دەڵێت:

دەستی شیرینش ماوەرۆ ئەو یاد فەرهادی نە تاق فەرقەکەی فەرهاد[۷۲۰]

ئەوا جێناوی (ش) کە لە هەورامیدا بۆ کەسی سێهەمی تاکە، لە وشەی (شیرین)دا بۆ ئەو – خودا – دەگەڕێتەوەو ئەو فەرهادیی – واتە دەستڕەنگینی – لە فەرقی – سەری – فەرهاد دا دروستکردو ئیتر ئەو هونەری بەرهەمهێنا!. ئەمەش لای شاعیرە عارفەکانی تری جگە لە مەولەوی دەبینرێ[۷۲۱]. واتە لێرەدا مەولەوی (بوون) و بینای بوون بە جیلوەی خودا دەزانێ، کە ئەو جیلوەش خۆی لێی بێ نیازو پێویستیەو بۆ ئێمەی مرۆڤە.

ئەو لە شیعرێکدا، کە وادەزانین شیعرێکی عرفانی عاشقانەیە بۆ (پیر) یان کەسێکی مەعنەوی پایەبڵندی لای شاعیر، نوسراوە، چونکە لە بەیتی یەکەمدا ئەوکەسە بە خۆری ئاسمانی جوانانو زیادکەری داخ و خەفەتی دیدە وەک ئاسکەکان دەزانێت:

خورشید سەمای شیرین جەمالان ڕەشك بەفزای گرۆی دیدە غەزالان[۷۲۲]

ئەو لەناویاندا ئەوەندە جوانە هەرچەندە کە سەیری دەکەن – بە دیدەی وەک غەزالیان هوە – بەخیلی پێ دەبەن و داخی دڵیان زیاد دەبێ. دیارە لە فەرهەنگی عارفاندا دیدە – بینینی پشتەوەی شتەکان وەک باسمانکرد زۆر بایەخی پێدەدرێ – لێرەشدا شاعیر دەستەواژەی (دیدە غەزالان – چاویان ئاسکانەیەی) بەکارهێناوە کە ڕوانینی ئاسکانە

---

[۷۲۰] دیوانی مەولەوی، ل۹۲.

[۷۲۱] وەک بەڵگەیەکیش بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەمان دەبینین مەحوی دەڵێت:

ئەگەر لەیلا ئەگەر فەرهادە، تا حەشر هەر بین مەمنون لە یومنی عشقە، فەیضی حوسنە، وا بەم ڕوتبە نائیل بوون

دەکەن ڕەشتاڵەیەکی دەشتەکی باسی لەگەڵ شیرین دەبەن بەردەڵکەنێکی کێزەری ناوی لەگەڵ مەجنون

بڕوانە: دیوانی مەحوی، ل۳۵۰. هەروەها بۆ زانینی وردەکاری زیاتر لەسەر مانای ئەو بەیتە، بڕوانە: سەبور عەبدولکەریم (شکار)، ڕەنگدانەوەی کەسێتی و دنیابینی حەللاج لە شیعری مەحوی و حافزی شیرازیدا، ل۲۵۷.

[۷۲۲] دیوانی مەولەوی، ل۱۸۹.

هێمایە بۆ چاوتێژی‌و هەستیاری، کە وادەزانین مەبەست ئەوەیە ئەوانە بە دیدی مەعشوق (خودا) دەبینن، چونکە لە فەرهەنگی عرفانیدا (غەزال – ئاسك) بۆ خودا بەکاردێت[٧٢٣]. ئینجا مەولەوی دەڵێت:

دانەی شەو چراغ خەزانەی هەستی مەزەی نەشئەی عەشق بادە پەرستی

"لێرەدا شاعیر دەڵێت: ئەی گەوهەری شەو درەوشاوەی گەنجینەی (بوون)!، ئەی ئەوکەسەی وەك مەزە – پێشەکی بۆ مەستی – خۆشی بەخشی بادەپەرستانی، کە بادە لە عرفاندا هێمایە بۆ عیشقی خودایی، و (مەی)یش بەمانای زاڵبوونی عشق بەکاردێت"[٧٢٤] و بەیتی دواتر ئەو لێکدانەوەی ئێمە بەڕوونی دەسەلمێنێ:

دەرگای مەدینەی حوسن مەحبوبی نوور ئەفزای دیدەی جەرگەی یەعقوبی

شاعیر پێی دەڵێ: تۆ دەرگای شاری جوانیی مەحبووبی – کە دیارە عارفان دەرگای جوانی خودان – زیادکەری ڕووناکی چاوی ئەوانەی – دیدە غەزاڵان کە پێشتر هاتبوو – کە چاوەڕێی یار دەکەن.

کەواتە: مەولەوی ناڕاستەوخۆ (بوون) بە تاریك دەبینێ‌و مرۆڤە مەعنەویەکان – عارفان – بە گەوهەری شەو درەوشاوەی نێو ئەو تاریکی بوونە دەبینێ، کە چێژی عەشقی خودایین بۆ ڕێبوارانی ڕێگەی مەعنەویەت‌و دەرگای شاری جوانیی یار – خودان – و زیادکەری ڕوناکی چاوی ئەوانەن کە چاوەڕێی یار دەکەن.

– مەولەوی لە سەرەتای شیعرێکیدا سکاڵا لەدەست ساردی خۆشەویستەکەی، کە بە ئازیزی بێ گەرد ناویدەبات – کە دەڵالەتەکانی دواتر بۆنی عرفانیان لێدێت – دەکات، کە

---

[٧٢٣] لە ئەدەبیاتی عرفانیدا ئاسك هێمایە بۆ مەعشوقی هەمیشەیی (خودا)، بە نمونە حافزی شیرازی دەڵێت:

صبا بلطف بگو، آن غزال رعنارا که عشق کرد و بیابان تو، داده ٔ مارا

(ئەی بای سەبا بە نەرمی بەو ئاسکە جوانە بڵێ: کە ئێمە لە عیشقی تۆ سەرگەردانی کێوو بیابان بووین). بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٦٧.

(مەحوی)ش (ئاسك) بۆ خودا بەکاردێنێ: که ئاسك ئادەمی یان سەگ ببینێ، غەیری سڵ چی بکا؟ دیوانی مەحوی، ل١٥.

[٧٢٤] بڕوانە: د.سید جعفر سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل١٧٧، ٧٥١.

ئەو ساردیی مەیلی یارە، جۆگەی خوێناوی گەرمی دڵی شاعیری لەناو چاوەکانیدا مەیاندوەو کردوویەتی بە سەهۆڵ! ئەو — یار — :

دەست بێ پەحمیش دانە سینەی شەوق[٧٢٥] گڕ وەردان نە جەرگ جەستەی هەستی ی زەوق[٧٢٦]

یار دەستی بێ پەحمی بەسەر سنگی شەوق — تامەزرۆیی کە زۆرجار وەک دواتر دەردەکەوێ، لای شاعیر ژیان لەوەدایە — کێشاو بەو دەستە گڕی بەردا لە جگەری — مەبەست دڵی — جەستەی (بوون)ی زەوق و شادی ئەو. واتە بە ئازاری ساردیو بەستن — ئازاری سوتان و گڕبەردان لە بوونی ئەویکرد — واتە خستیە دژیەکی (پارادۆکسیکاڵ) و شلەژانەوە — کە وادەزانین نزیکە هەردووکیان هێما بن بۆ گوشین — قبض — لای عارفان کە مەعشوق — خودا — موورید دەخاتە نێو ناڕەحەتیو ئازاری رۆحییەوە بە مەبەستی پێگەیاندنی[٧٢٧]. دواتر شاعیر درێژە بە باسی ئەو ئازارانەی دەدات، کە دیارترینیان بە تیری دەردی دابڕان (مەهجووری) دڵی کون کون بووە، بۆیە هانا بۆ هاوەردانی دەبات، کە جەوری یارەکەی ڕەگی دڵی لەبن دەرهێناوە، بۆیە داوادەکات هاوەردانی بەدەمیەوە بێن، چونکە حاڵی بێحاڵەو لە دووری یار جەستەی سوتاوەو داوادەکات ببینن، کە چۆن خەم پێشێلی کردوە، بۆیە پەنا بۆ ساقی دەبات:

بزاندێ خەم چۆن کەردەنیم پامااڵ دەخیلم ساقی گەردەن سیم قاڵ

تا:

جامێ جە مەعجوون دەرد ئەوگاران دوورد وامەندەی بەزمەکەی یاران

ئەو داوا لە ساقی — خودا یان پیر کە لێرەدا ئەگەری یەکەمیان بەهێزترە — دەکات، کە جام یان پیاڵەیەک لە دورد — پاشماوەو خڵتەی شەراب، کە وەک پێشتر وتمان هێمایە بۆ

---

[٧٢٥] شەوق (تامەزرۆیی): لای عارفان ئەوەیە، کە کەسێک بە کۆتایی عشق و شەیدایی بگاتو لای ئەوان تامەزرۆییە بۆ دیداری حەق — خودا — د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٧٢٤.

[٧٢٦] دیوانی مەولەوی، ل١٤٨.

[٧٢٧] بڕوانە: د.سید جعفر سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٦٣٤.

پاشماوەی خۆراکی مەعنەویەتی عارفان[٧٢٨] – بەجێماوی ئاهەنگی یارانی بداتێ. "که دورد خواردن یان – دُردکەنان – له عرفاندا هێمایه بۆ ئەوەی که عارفه گەورەکان – وەك دەوڵەمەندەکان – مەی دەخۆن، بەڵام عارفه هەژارو نوێیەکان یان بەجێماو له عارفه گەورەکان، شەرابی خڵتەداری پاشماوەی ئەوان دەخۆن"[٧٢٩]. واته لێرەدا مەولەوی داوا له ساقی دەکات، ئەگەر دورد – خڵتەی پاشماوەی مەی یاران – عارفان – یش بێت – بیداتێ، تا:

پێم دەر تا پیشەی هەستی کەرو پەی قوربان تۆبم، نەی چی، دەستێ بەرپەی نەی[٧٣٠]

بەو مەیه بناغەو قوڵایی (بوون) سۆراخ بکەم[٧٣١] – نەك (بوون)م له بن دابڕم وەك م.مدرس وایلێکداوەتەوە[٧٣٢].

دواتر به نەی ژەن دەڵێ، دەسا تۆش ئەی نەی چی – که وتمان نەی و نەیستان هێمایه بۆ جیهانی یەکەمو ڕەسەن که مرۆڤ لەوێ بووەو هاتووەته ئێرە[٧٣٣]، تۆش – شاعیر دەڵێ – قوربان – بەڕێزەوە – دەست بەرە بۆ نەیەکەت و ئاوازی ئەو جیهانه ڕەسەن و ئەزەلیەم بۆ لێدە.

کەواته مەولەوی باوەڕی وایه مرۆڤ به مەی عرفانی دەتوانێ له خەم و ئازارەکانی ژیان رزگاری بێت، ئەمەش بەهۆی دەرکەوتن و دۆزینەوەی نهێنیه گەورەکانی بوونو بیرهاتنەوەی جیهانی یەکەم و ڕەسەنی خۆییەوە دەبێت.

---

[٧٢٨] بڕوانه: هەر ئەم پارە، ل٢٢٢.

[٧٢٩] ئەکرەم عەنەبی، مەحرەمی ڕاز (شەرحی غەزەلەکانی حافظ)، بەرگی یەکەم، چ١، ل٢٣.

[٧٣٠] (پەی) بەمانای (وەدوکەوتن، شوێن، لەپاش شتێك کەوتن) دێت. بڕوانه: هەنبانه بۆرینه، ل١٢٥.

[٧٣١] بۆ بەڵگەی ڕایەکەمان دەبینین حافزی شیرازی باوەڕی وایه، که ئەگەر مەی عرفانی بدرێتێ دەتوانێ نهێنیەکانی بوونو چارەنووس بزانێ: می ده تاد همت آگهی از سر قضا

(مەیم بدەرێ تا له نهێنیەکانی قەزاو چارەنوس ئاگادارت بکەمەوە)، بڕوانه: ئەکرەم عەنەبی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠.

[٧٣٢] بڕوانه: دیوانی مەولەوی، ل١٥٠.

[٧٣٣] د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٧٧٥.

— مەولەوی لە شیعرێکیدا، کە وەک دەردەکەوێ لە شوێنێکە کە دۆستی لێیە — کە م.مدرس ئەوکەسە بە شێخ دەزانێت — کە دیاریشی نەکردوە کام شێخە، زیاتر پێدەچێ شێخی بەهادین بێت — بەڵام ئەگەرچی لەیەک شوێندان، دەرفەتی یەکتر بینینتان نیە — ئەمە لە بەیتی سێیەمدا دەردەکەوێت —. ئەم خەمەش وا لە شاعیر دەکات پەنا بۆ ساقی — خودا — ببات، کە هەم سکاڵای لا دەکات و هەم داواکاریشی لێی هەیە:

ساقی، دەس چەرخ هەر هانە کاردا　　تای تانتەی دووریش بەستەن وە داردا[٧٣٤]

ئەو دەڵێ: ئەی ساقی! گەردوون — کە زۆرجار شاعیر بەناوی جۆراوجۆر وەک (چەرخ، فەڵەک، گەردوون...هتد) گلەیی لێدەکات — وەک (جۆڵا) دەستی هەمیشە لەکاردایەو بە تان و پۆکەی — کارەکانی — پۆشاکی دووری — دووری لە ئازیزان — م بۆ دروست دەکات، بۆیە:

سەروەخت هەستی جەدەس وەردامەن　　تەدارەک خەیر ئارۆو فەردامەن

بەهۆی ئەوەوە وەختی لەدەستدانی (بوون)مە — کە درکە (کینایە)یە بۆ مردن — و خۆم ئامادەکردوە بۆ رۆیشتنی بەخێر لە ئەمڕۆو سبەی دا. بۆیە:

تەمامەن بەرات قەبض و حەوالّەم　　دێرەن کەرەم کەر بدەر پیالّەم

تا هیممەت وا زوو وەک یەک پەیمانە　　خالّی بۆ چێمەیچ گۆشەی مەیخانە

شاعیر پێمان دەڵێت: بەراتی خۆم بە تەواوی بە راستەوخۆ (قبض) یان حەوالّە بۆ سەر سەرکار دەستکەوتووە، تەنها پیالّە — شەرابی مردن — م ماوە درەنگە ئەویشم بدەرێ، با بە نۆشکردنی گۆشەی مەیخانە — ژیان — بەجێبهێڵم.

واتە لێرەدا — بەپێچەوانەی جارانی تر کە هەست دەکات گوناهبارەو بێ توێشووەو کاتی مردنی نەهاتووە، یان هەندێ جاری تر دەڵێ با نەمرم هێشتا جوانم و ئارەزووەم زۆرە[٧٣٥] — ستایشی مردنو داوای مردن دەکاتو باوەڕی وایە، ئەوەی ویستویەتی بە ڕاستەوخۆ یان

---

[٧٣٤] دیوانی مەولەوی، ل٤٧٢.

[٧٣٥] ئەمە لە بەشی سێیەمدا، کە تایبەتە بە (مردن) باسی دەکەین.

حەواڵە دەستگیری بووە – واتە ئامادەیە – بۆیە بە ساقی دەڵێ درەنگەو بەخشندەیی بکەو تەنها (مەی) – شەرابی مردن – م ماوە، بمدەرێ.

لێرەدا مەولەوی داوای هیممەت دەکات، کە هیممەت لای عارفان – وەک عەبدولڕەزاقی کاشانی باسیدەکات – بەمانای ئەوەیە خواستو ئاراستەی هەموو دروستکراوەکان بەرەو حەق – خودا – یەو عارفیش وایلێبێت هەموو شت – بە عرفان خۆشیەوە – بخاتە لاوەو تەنها ئاراستەو مەبەستی دیداری حەق بێت[٧٣٦] – بۆیە شاعیر داوای هیممەت لە ساقی دەکاتو ئەوەشی بەیەک پەیمانە – پەیمانە بەمانای بادەو شەرابی حەقیقەتە، کە بە بینینی ڕۆشناییە مەعنەویەکانی نادیاری (غیب) لە دڵی عارفدا بەدەستدێت[٧٣٧]. یان بەمانای زاڵبوونی عشق – عشقی دیداری حەقە کە ئەمەیان ئەگەری زیاترە – دێت. تا بەوەش گۆشەی مەیخانە – کە م.مدرس بە جیهانو دونیای داناوەو وادەزانین دەکرێ بەمانای جیهانی ڕۆحانی – واتە جیهانی عرفان یان خانەقاش[٧٣٨] بێت – لە ئێمە خاڵی بێت. واتە لەوێ نەمێنین و بڕۆین.

– مەولەوی لە شیعرێکیدا کە بەگشتی باس لە دیاردەی پیری مرۆڤ دەکات و دوو دێڕی یەکەم و دووەمی شیعرەکە بەشێوەیەکی دژیەکانە – وەک لایەنی هونەری و تاڕادەیەکیش وەک ئایدیاو هزر – کاردەکات و لە بەیتی یەکەمدا شاعیر دەڵێت: ناوچەوانم دانەویوەتەوەو ئارەزووی ئەوەی هەیە بگا بە ئەژنۆم، چونکە پیری وادەی هاتووەو ڕێزگرتنی پێویستە وەک ئەوەی چەمانەوەی جەستەی لەبەر ڕێزگرتن بێت لە هاتنی دیاردەی پیری. ئەم دیاردەیە لای مەولەوی دەبینرێ، کە هەندێ جار ڕوودانی دیاردەیەکی بایۆلۆژی ڕووت بەرەو مانایەکی عرفانی و مرۆڤانەی قوڵ دەبات – واتە لێرەدا چەمینەوەی جەستە، هۆکارەکەی بۆ سەردانەواندنی لەبەردەم گەورەیی دیاردەی پیریی مرۆڤ دەگەڕێتەوە:

---

[٧٣٦] بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٢١٨.

[٧٣٧] بڕوانە: هەر ئەو سەرچاوە، ل٧٥١.

[٧٣٨] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٥٢.

پێشانیم هەوەس زانووش جازمەن تەعظیم جەناب پیری لازمەن[٧٣٩]

بەڵام لە بەیتی دووەمدا، ئارەزووی – بەپێچەوانەی چەمینەوەوە – بڵند بووەتەوەو ئارەزووی چوون بۆ ئەولاتری[٧٤٠] پەستی – دونیا – دەکات:

بالاکەردەوە مەیل ئەولای پەستی وردیکڵانەن دەروازەی هەستی

کە مەبەست لێی ئارەزووی مردنو گەڕانەوەیە بۆلای دۆست. لێرەدا وادەزانین مەبەستی مەولەوی لە دەروازەی بوون – جگە لە ڕایەکەی م.مدرس کە پێی وایە مەبەست لێی گۆڕە – کە ئەمەش جێگەی سەرنجە، کە شاعیر گۆڕ بە دەروازە بۆ (بوون)ی ڕاستەقینە دەزانێ[٧٤١]. ئەوەیە کە دەروازەی بوون بە دونیاو گۆڕیشەوە لەبەرامبەر ئەم خولیا بڵندەی مرۆڤ – عارف – دا، نەک هەر بچوکە، بەڵکو – وردیکەڵانە – واتە وردیلەیە!.

شاعیر لە شیعرێکدا باس لە حاڵی دەکات، کە شەو هاتووەو هەر خەمە لە کەمینداید بۆیو هەر ئازارە دەیدات بە زەویدا! دڵیشی لەنێو گەردەلولی بێزاری و تاقەتی لە گێژەلوکەی بێ تاقەتیدایە، بۆیە پەنا بۆ جیهانی مەعنەویەتو عرفان دەبات:

سا، دەروێش! وەعیشق مەولای دەروێشان وەیاهووی وەسۆز ڕیاضەت کێشان

هەر پاسە مەبۆ زەلیلی، دەخیل چینەزیاتەر مارم وەزەلیل

بابەیۆ وەش وەش سۆزەی صەداکەت لەرەی نەوای تەرز شیرین ئەداکەت

---

[٧٣٩] دیوانی مەولەوی، ل١٠٥.

[٧٤٠] وادەزانین لە هەوڵامیدا (ئۆلا) لەگەڵ (ئەولا) جیاوازن، (ئۆلا) بەمانای (بۆلایە)، بەڵام (ئەولا) بەمانای (ئەولاترە) مەبەستی مەولەوی مانای یەکەمە نەک دووەم – کە م.مدرس وایلێکداوەتەوە. واتە مەولەوی بالای ئارەزووی چوونی بۆ جیهانەکەی تر بڵند بووەتەوە، نەک بۆ ئەم جیهانە کە بە پەستی – مانای نزمی و دانەوینەوە – کە ئەمە هەر خۆی وەسفی دونیایە – و بەیتەکانی دواتریش بۆچوونەکەی ئێمە دەسەلمێنێ، کە شاعیر ئارەزووی بۆ جیهانەکەی تر بەهێز بووە، بۆیە ئومێد بە خۆی دەداتەوەو دەڵێت ئەژنۆی ئومێدت – ئەگەرچی گوناهباری و لە سەفەری مردن و ئەنجامەکەی دەترسی – نەیەتە لەرزەو ئەو کەسەی کە ئەمڕۆ لە دونیادا وا داپۆشەری گوناهەکانتە، لەوە گەورەترە شەو – تاریکی و ناڕەحەتی قیامەت – نەمێنێت بەسەرتدا. بڕوانە: دیوانی مەولەوی، بەیتی (٤) بەدواوە، ل١٠٦.

[٧٤١] وەک بەڵگە بۆ ئەگەری لەخۆگرتن. مەبەست بوونی ئەم مانایە لای شاعیر، دەبینین ئەو لە بەیتێکی تردا بەڕوونی گۆڕ بە (جێگەی دڵنیایی و دەستەبەری) ناودەبات:

یاران بەرشی یەن جە زێد وە زامن گرد تەفرەقە بین چون خەیاڵ من! دیوانی مەولەوی، ل٥٤٠.

بەو ئائیرەوە، بەو دائیرەوە　　خاس بنیەر هەستیم وە ئایرەوە[٧٤٢]

لێرەدا شاعیر پەنا بۆ کارەکتەری (دەرۆێش) دەبات: کە هێمایە بۆ کەسێک کە بایەخ بە دونیاو وابەستەکانی نادات‌و لە هۆشیاریەوە نەخواستەنی هەڵدەبژێرێ[٧٤٣]. داوا لەو — دەرۆێش — دەکات و سوێندی دەدات بە عیشقی (پیر)ی دەرۆێشان‌و هاواری (یاهو— یا خودا)ی ئەو خواپەرستانەی کە ڕیازە ئەکێشن— بە پراکتیک لە عرفاندان — کە هەروا لە دەستەوەستانی‌و زەلیلی دا نەیهێڵێتەوەو نەهێڵێ لەوە زیاتر دەستەوەستان بێت، بەڵکو وەک ئەو دەڵێت، بۆ نیشاندانەوەی جۆشی کەفوکوڵی مەنجەڵی دەروونی، خوێیەک پێویستە، کە بریتیە لەو کزەیەی کە پەیدائەبێ لە لێدانی دەفەوە بە لەپی دەست. بۆیە با بێت خۆش خۆش دەنگی سۆزو لەرەی ئاوازە شیرینەکەت، تا ئەو ئاگرە — مەبەستی ئاگری سۆزی دەنگی خۆشیەتی — و بەو کەللەی دەفەیەوە، ئاگر بنێ بە بوون — (بوون)ی نائارامم — ەوە، تا بەڵکو بەوە ئەمشەو خەم کەڵەکی فڕوفێڵی تێکبچێت‌و تا سەحەرو بەرەبەیان خوا گەورەیەو کێ دەزانێ سوڕانی چەرخ چۆن دەبێت!. کەواتە: مەولەوی لێرەدا باوەڕی وایە ئاگری مەعنەویەت‌و عرفان پێویستە بۆ سوتاندنی بوونی نائارامی مرۆڤ، تا بتوانێ لەگەڵ دەستەوەستانی‌و خەمەکانیدا هەڵبکات.

— هەروەها مەولەوی لە شیعرێکدا[٧٤٤]، لەکاتی شەودایەو وەک دەردەکەوێ شەوەکە شەوی بەراتە — کەلە کوردەواریداو وەک کولتوری ئایینی ناو خەڵک کە شاعیریش باوەڕی پێیەتی — بە شەوی کەمکردنەوەو زیادکردنی تەمەنو ڕۆزی دادەنرێت‌و شاعیر لەوشەوەدا دەبینێ دەفتەر — کە لای عارفان وەک هێما بۆ لاپەڕەی دڵ و هەروەها تەمەن بەکاردێت[٧٤٥].

---

[٧٤٢] دیوانی مەولەوی، ل٤٠.

[٧٤٣] عارفان باوەڕیان وایە دەرۆێش ئەوەیە لە هۆشیاریەوە نەخواستەنی هەڵدەبژێرێ، چونکە بە باوەڕی ئەوان لەژێر هەر خواستێکی بەدیهاتوودا دە بەڵکو سەد خواستی بەدینەهاتوو شاردراوەتەوە بۆیە مرۆڤی عاقڵ بۆ دەرگا داخستن لەسەر ئەو سەد خواستە، واز لە خواستێک هەر لە سەرەتاوە دەهێنێ. بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٣٨٣.

[٧٤٤] بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل٤٢٤.

[٧٤٥] بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٣٨٧.

بەدەستی میرزای ئەزەل – واتە نوسەری ئەزەل – کە خودایە – ەوەیەو خەڵکی دڵیان خۆشە، چونکە یەکێک خۆراکیی نوقڵی قسە خۆشەکانی یاریەتیو یەکێک ژیانی بریتیە لە دیداری یار – دوڵبەر، بەڵام شاعیر دەڵێ من – ئەی یاران – چیم لێدەکەن، چونکە من ئەمشەو سەیری چارەنووسی خۆمم لەو دەفتەرەدا کرد، بینیم بەشم نۆشینی ژاری دووری دۆستە – پێچەوانەی دیداری یاری کەسەکەی پێشوو – و نەبیستنی قسە خۆشەکانی یارە، پێچەوانەی کەسەکەی تری پێشتر کە نوقڵی قسەی خۆش دەنۆشێ – و بەکورتی دەڵێ من بەدبەختی لە چارەنووسم نوسراوەو تا دوایی...، بۆیە دەڵێ یارانم تێپەڕین – مردن – و تۆبەی منە، دە ساقی – خودا – ئێستا سەرەی مەستی منە بە مەی مەعنەوی‌و دەرخستنی جوانیە مەعنەویەکانتەو ڕێکخستنی ئاهەنگە تا فوارەی وشکبووی لوولەی ئێسقانە بریندارەکانم، هەریەکە لە ئاستی خۆیا پرژی زووخاو فڕێبداتە دەرەوەو:

وە شنۆی نەشئەی مەستیم واتۆوە　　یەک ئەمجار جەدەس هەستیم ساتۆوە[٧٤٦]

تا بە شئەی ئەو پرژ هەڵدانە – لێرەدا پرژی مەی ساقی مەبەستە – بڕیارو خواستی مەستیم بخۆێنیتەوەو بەیەگجاری لەدەست بوون – ئەو بوونە نالەبارەی کە پێشتر باسیکرد – وەریبگرێتەوە یان بڵێین رزگاری بکات.

کەواتە: شاعیر باوەڕی وایەو داوای ئەوە لە ساقی دەکات، کە لەدەست نالەباریەکانی (بوون) بە مەی – عشقی مەعنەوی – مەستی پرژێنی بکات و بەیەکجار لەدەست (بوون) – کە دەکرێ مەبەستی داوای مردنی فیزیکی بێت، یان مردنی ئیختیاری و عرفانی بێت – وەریبگرێتەوەو رزگاری بکات.

– لە شیعرێکدا[٧٤٧]، کە شاعیر بەگشتی باس لە هاوین – هاوینی سروشتی‌و فیزیکی – دەکات، کە چۆن هاتوو خۆڵەمێشی بەسەر گوڵانی بەهاردا پرژاندو...هتد، بەڵام پەیتا پەیتا – شاعیر وەک عادەتەکەی خۆی کە شتە شوێنکاتی و ئاساییەکان بەرەو سەروو شوێنکات یان مەسەلە ئەنتۆلۆژیەکانی ناخی مرۆڤ دەبات – بەرەو هاوینی دەروون‌و ناخ‌و سوتان‌و

---

[٧٤٦] دیوانی مەولەوی، ل٤٢٦.

[٧٤٧] بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل٥٢٢.

گەرمی دووری دەبات، وەك لە بەیتی شەشەمدا بەڕوونی دەڵێت: دووریت — خۆشەویستی نادیار! — ئاگری بەردایە مالّی دڵە وێرانەکەم. بەم دووریەش زیاتر هەستی سوتانو ئاگراوی بوون ڵای پەرە دەستێنێ، بۆیە دەڵێت: ئێستا ئاگری ئارەزووی دۆست و ئاگری وەرزی هاوینو ئاگری دڵم و ئاگری بەدبەختی دەوری داوم. بۆیە باوەڕی وایە لەنێو ئەو هەموو ئاگرو سوتانەدا — کە چەند گەردێکی ماوە — ئێستا کاتی بادەی ئاگرینی ساقی یە، کە سوێندی دەدات بە عەشقی پیاڵەی شەرابی چاوە مەستەکانی و تێکچوونی زوڵفەکانی[٧٤٨] لە داوێنی کڵاوەکەیەوە کە:

بابەی مەی بەڵکم ئایر مەستی سۆچنۆ یەکسەر خاشاك هەستی[٧٤٩]

ئەو داوادەکات لە ساقی — خودا — کە با مەی مەستی بێت، بەڵکو بەو ئاگری مەستیە — عشقی و مەعنەوی‌و عرفانی— یەکسەر پەلوپوشی — خاشاك کە چەند جارێکی تر ئەو لێکچواندنەی بۆ (بوون)ی خۆی بەکارهێناوە — (بوون)ی بسوتێنێ و نەمێنێ.

ب- بوونی نێگەتیڤ و لەناوبەری مرۆڤ

ئەم جۆرەش لەم چەمکانەدا دەردەکەوێت: ((بوون) ی شەرمەزاریهێنەرانەی مرۆڤ، لە ئاوەژوبوونەوەی ڕێکی و ناڕێکییەکاندایە!. (بوون) ی ساختە، لە دەرچوون لە سروشتی (خۆ) دایە، لافاوی خوێن، (بوون) ی شاعیری خستووەتە گێژاو و چارە لە مەستبوون تا سەردەرهێنان لە حەشردایە!. دووریی دۆست، ئەو با بیابانییەی کە کێڵگەی (بوون)ی شاعیری سوتاندووە!. دووریی دۆست، ئەو شەختەو با پایزیەی (بوون) ی شاعیری بردوە.

---

[٧٤٨] لای شاعیرە عارفەکان چاوی مەست و زوڵف وەك هێما بۆ خودا بەکاردێت. بۆنمونە حافزی شیرازی دەڵێت:

گفتم گرە نگشودەام زان طرە تا من بودەام گفتا منش فرمودەام تا باتو طراری کند

(واتە: وتم تا من بووم و هەم لە ژیاندا ناتوانم گرێی ئەو زوڵفە پێچاوپێچەی تۆ بکەمەوە، وتی من فەرموومە پێی — واتە بە زوڵفەکەی کە هێمایە بۆ تاریکی و ناڕوونی — تا لەگەڵ تۆدا مەتەڵ بازی و گیرفان بڕی بکات!). بڕوانە: سەبور عەبدولکەریم (شکار)، کەسێتی و دنیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسی دا بەتایبەت لای مەحوی و حافزی شیرازی، ل٣٦٢-٣٦٣.

[٧٤٩] دیوانی مەولەوی، ل٥٢٤.

لافاوی کۆچ و دووریی دۆست، ڕەگی (بوون) ی شاعیری بردوە، خەمی دووریی ئازیز، (بوون)ی شاعیر بەرەو عەدەم دەبات. خۆشەویستیی و دووریی دۆست، (نەبوون) ی مرۆڤ دەکات بە (بوون) و (بوون) ی بە (نەبوون)).

– مەولەوی لە شیعرێکیدا[۷۵۰] بە گلەییکردن لە دڵ – کە (دڵ) لای عارفان دەروونی گۆیا (نفس ناطقة)[۷۵۱] و شوێنی لێکدانەوەی ماناکان و کۆگای نهێنیەکان، بەتاییەتی نهێنیەکانی حەقە[۷۵۲] – دەستپێدەکات، و بەبیری دەهێنێتەوە کە ڕێگاکە – مەبەست ڕێگەی مردنە – زۆر تاریکەو پردی پەڕینەوەی مرۆڤ – صراط – زۆر سەخت و باریکە. دواتر بەڕەوام دەبێت لە باسکردنی گرانی ئەو سەفەری پاش مردنەو داوای خۆئامادەکردن لە خۆی دەکات، کە چرایەک بۆ ئەو تاریکاییەو باریٚک – با کەمیش بێت – بۆ ئەو سەفەرە سازبکاتو ئەگەر گوناە ڕێگای ڕاستی لەبیربردونەتەوە ئەوا شوێن پێی یاران بگرە بەر. بەم جۆرە بەردەوام دەبێت لە باسکردنی گوناهباریو شەرمەزاری خۆی، لەبەردەم مرۆڤە مەعنەویە گەورەکاندا وەک پێغەمبەر (د.خ) و یارە مەعنەویەکانی و بە خۆی دەڵێت، گەر باکت لە شەرمەزاری خۆت نیە، ئەوا بیر لە شەرمەزارکردنی ئەوان – کە جێگەی بایەخ و خۆشەویستی تۆن – یان شەرمەزاربوون لەبەردەم ئەواندا بکەرەوە:

بارێ ئەغفڵەت دام تەندەن نەڕێت — نی یەنی وەتەنگ شەرمەساری ی وێت
بەڵ لەو دیوان دا دێوانەی سەرشێت — خەجاڵەتی ی بەزم یاران نەیێ پێت
ئەو بەشەرمەوە مدیێ بەوەردا — من مشیێ کام خاک کەروون وە سەردا[۷۵۳]

---

[۷۵۰] بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل۲۱۳.

[۷۵۱] دەروونی گۆیا ئەو دەروونەیە، کە زانستی بە هۆکارەکانی دروستبوونی کارووبارێک هەیە. بڕوانە: د.عبدالمنعم الحفني، معجم مصطلحات الصوفية، ل۲۵۷.

[۷۵۲] بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل۳۸۷.

[۷۵۳] دیوانی مەولەوی، ل۲۱٤.

تا دەگات بەوەی پەنا بۆ نەی ژەن[٧٥٤] – خودا یان پیر – دەبات‌و سکالای حاڵی خۆی دەکات، لەو شتانەش کە سکالای خراپی حاڵی لێدەکات، ئەوەیە کە:

بینای وجوودم خەجڵەت ئەساسەن بەختم موخالیف، نامەدیم پاسەن

لێرەدا بنچینەی بینای (بوون)ی خۆی، بە دامەزراو لەسەر شەرمەزاریی دەبینێ. بەختی خۆی بە ئاوەژوو پێچەوانەو نەگبەتی خۆی بە ڕاست! – واتە بە دژیەک – دەزانێت. واتە هۆکاری ئەوەی، کە شاعیر بنچینەی بونیادی بە شەرمەزاری دەزانێت کە لادانی خۆی لە ڕێگەو ترسان لە شەرمەزاربوون لە یاران – بەیتی (٦) – و شەرمەزاربوون‌و سەرئێشە دروستکردن بۆ پێغەمبەر (د.خ) – بەیتی (١٦) و کۆتایی – دەزانێت‌و ئەمەش بە حاڵەتی ئاوەژووبوونەوە – ناڕێکبوونەوەی ڕێکی و ڕێکبوونەوەی ناڕێکی! – لە خۆیدا ناودەبات.

کەواتە مەولەوی لێرەدا بەڕوونی لە (بوون)ی خۆی وەک ئەوەی کە هەیە قایل نیەو بوونی بە ئاوەژوو و مایەی شەرمەزاری دەزانێ.

– شاعیر لەمیانەی شیعرێکیدا[٧٥٥]، کە گفتوگۆی نێوان شاعیرو پارچە شوشەیەکە – کە شیعرێکی سەراپا عرفانی قوڵە– شوشەکە باسی بەسەرهاتی خۆشی‌و ڕابواردنی خۆی دەگێڕێتەوە، کە وەک ئەستێرە لە کۆڕی گەورەکاندا دەدرەوشایەوەو جارێک بووە بە پیاڵەی مەی‌و جارێک بە شوشەی گوڵاو پرژاندن‌و جارێک لێو بە لێو لەگەڵ جواناندا‌و جارێک دەست لە ملی باڵا جوانان‌و...هتد، تا وام لێهات – شوشەکە دەڵێ – کە (بوون)م بێ ئەندازە بەدەرو مەستیم کۆمەڵو جەم بوو و لە ئاستی سروشتیی خۆم دەرچوو (طغیان)م، وەک تاف‌و سەردەمی لاوی تۆ – ئەی مەولەوی – وابوو! تا واملێهات کە، لەڕووی نەزانیەوە، ئەو ڕابواردن‌و ئەو کۆیی‌و قەرەباڵغی ئازیزانە وایلێکردم، کە وابزانم ئەم ژیانی خۆشیە جاویدانی‌و هەمیشەیی دەبێت:

---

[٧٥٤] (نەی) و (نەی ژەن) لە فەرهەنگی عارفاندا هێمایە بۆ پەیامی دۆست – خودا یان پیر – کە بۆ عاشق دێت. بڕوانە: دیوان حافظ (نسخهٔ تیموری)، بە اهتمام: د.أحمد مجاهد، ١٣٧٩ – ١٩٩٩، چ١، چاپ دانشگاه تهران، ل٤٠.

[٧٥٥] بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل٤٢٠.

هەستیم بێ شومار مەستیم وە کۆ بی توغیانم چون تاف جوانی ی تۆ بی!

جە پووی نادانی ئەو بەزم و ئەو جەم وە جاویدانم منمانا وە چەم[٧٥٦]

کەواتە مەولەوی پێی وایە دەکرێ مرۆڤ – کە لە زمانی شوشەوە ئەوە دەگەێنێ – لەنێو ئالۆگۆڕی کۆمەڵدا ئەو ئەرکو سروشتەی کە بۆی دیاریدەکەن – وەک شوشەکە کە جارێک پیاڵەو جارێک شوشەی گوڵاو...هتد و بەکارهێنانی لە خۆیدا – نەک بۆ خۆی – وابکات کە وێنای چەندین بوونی ساختە – کە ڕاست نین‌و وەهمن – وەک بوونی ڕاستەقینەو ڕەسەن بکات[٧٥٧]. بەوەش لە ئاستی سروشتی خۆی دەردەچێت (طغیان). کە لێرەدا مەولەوی ئەو حاڵەتەش بە تافی لاوی‌و پێنەگەیشتوویی خۆی دەچوێنێ!.

– شاعیر لە غەزەلێکدا[٧٥٨] بەوە دەستپێدەکات، کە یار بە شەرمەوە لە پەنجەرەی نازەوە سەیری کردوەو تاڵەکانی ریشەی جەرگی – مەبەستی دڵە چونکە لە ئەدەبیاتی کۆندا جەرگ لەبری دڵ[٧٥٩] بەکارهاتووە – یەک بەیەک بە گازی سەرنجی دەرکێشاوە. پەترۆی سەر قەتماغەی زامەکەی دوبارە لابردووە – کە خەریک بوو ساڕێژ دەبوو – و دوبارە زامەکەی تازە کردەوە، چونکە یار بە پەنجە بێگەردەکانی تیرێکی تێتەقاندم‌و دای لە پەڕەی دڵم‌و تا بن چەقی. لافاوی خوێن گوڵاوی دەروونی پڕ کردو سەریکردو لە دیدەمەوە وەک لافاو جۆشا، بۆیە:

خاشاک هەستیم هۆرگرت جە ناو بەرد وستش نەگێجاو تەنوورەکەی دەرد[٧٦٠]

ئەو لافاوە – کە لە چاومەوە هاتە خوارەوە – (بوون)ی وەک پوش‌و پەڵاش سوکمی هەڵگرت‌و لەو ناوەدا نەیهێشت‌و خستیە نێو گێژی تەنورەی[٧٦١] – شوێنی لوولخواردنی ئاو

---

[٧٥٦] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٢.

[٧٥٧] سەبارەت بە بوونی ڕەسەن و بوونی خوازراو، بڕوانە بۆ چەمکی ژیان و مردن لە فەلسەفەدا، بەتایبەت لای وجودیەکان، کە خاڵی هاوبەشیانە لەگەڵ عارفاندا، ل٦٣.

[٧٥٨] بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل٢٤٠.

[٧٥٩] بڕوانە: سەبور عەبدولکەریم (شکار)، حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی‌و فارسیدا، ل٣٢١.

[٧٦٠] دیوانی مەولەوی، ل٢٤١.

[٧٦١] تەنورە بەمانای دەمی ئاشیش بەکاردێت. بڕوانە: هەنبانە بۆرینە، ل١٦٩.

که شت قوت دەدات – دەردو ئازارەوە. بۆیە ئێستا ئەو – مەبەست بوونیەتی – ئەوەتا لەنێو دەریا – دەریا لای عارفان بەمانای بوون – بوونی رەها خودا – دێت[٧٦٢] – بێ کۆتاییدا – کە ئەم وشەی بێ کۆتاییە بۆچوونەکەمان بەهێزدەکات:

ئیسەها نەتۆی بەحرەکەی بێ پەی

بۆیە بەمە پەنا بۆ ساقی– خودا– دەباتەوە لەدەست خۆی– لافاوو دەریای بێ پایان[٧٦٣] – و بەڕوونی پێیدەڵێ: **ساقی جەو جامە، یا ها دات بە کەی**

لێرەدا بەڕوونی داوا لە ساقی دەکات، کە لەو جامی جەمەی، کە داویەتی بە کەیخەسرەوی پادشای ئێران، کە بەدوای نەمریدا گەڕاوە – کە لای عارفان ماناکەی گۆڕاوەو هێمایە بۆ دڵی عارف[٧٦٤]، و عارفان کە گەورەن و بەدوای شتە نەمرەکاندا دەگەڕێن – دڵۆپێك بەویش بدات تا بەوە مەستو بێهۆش بێت، تا ئەوکاتەی سەر لە مەحشەر و ژیانەکەی تر‌ەوە دەردەهێنێت:

وە قەترەی منیچ ئاویاری کەر مەست بوو تا مەحشەر سەربارو‌و ئەوبەر[٧٦٥]

لێرەدا وادەزانین مەولەوی، بەڕوونی داوا لە ساقی دەکات مەی عرفانی پێببدات تا مەست بێ و بێ هۆش بێت و لە (بوون)ی خۆی و لەم جیهانە تاریکە فانی بێت.

---

[٧٦٢] بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٣٨٣.

[٧٦٣] لە دەقە ئاینیەکانداو بەتایبەتی لە نزاکاندا دەقی زۆرمان هەیە، کە مرۆڤ بەهۆیانەوە داوای پەناگرتن بە خودا لەدەست خودا – قەدەرەکانی – دەگرێت وەك (اعوذ بك منك). هەر لەم ڕووەوە خانای قوبادی پێش لە مەولەوی، لە شیعرێکی عرفانی بڵنددا لە نیوە دێڕێکدا دەڵێ:

وەرنە بەزاتت جەلای زاتی تۆ مەکەرۆن حەشر من شکاتی تۆ!

بڕوانە: صدیق بۆرەکەیی، مێژووی وێژەی کوردیی، بەشی یەکەم، ل١٢٣.

[٧٦٤] بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٣٨٧.

[٧٦٥] وادەزانین ئەم بەیتەی مەولەوی، کاریگەری بەیتێکی حافزی شیرازی بەسەرەوە دیارە کە دەڵێت:

سر ز مستی بر نگیرد تا به صبح روز حشر هر که چون من در ازل یك جرعه خورد از جام مست

(هەرکەسێ وەك من لە ئەزەلدا لە جامی دۆست یەك قومی خواردبێتەوە، لەتاو مەستی تا بەیانی ڕۆژی حەشر سەر بەرز ناکاتەوە).

بڕوانە: ئەکرەم عەنەبی، مەحرەمی ڕازو شەرحی غەزەلەکانی حافز، ل١٤٤.

— مەولەوی لە شیعرێکدا[٧٦٦] بەپووکردنە کەسی دووەمی تاك — خۆشەویستەکەی — کە بە هۆگربوو بە خەیاڵی ئازارە پڕ زامەکانیو بە مەرهەمی جەستەی ماندووی بەدبەختی ناویدەباتو دواتر دەڵێت: دەمێکە لەشی وەك پووشم لەبەر گێژەلوولی دەریای دووریو دووکەڵی تەنوورەی لێکجودابوونەوەو دابڕان لێت کەوتووەتە لاوە. چونکە هیچ باسێکی تۆم بەرگوێ نەکەوتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا شاعیر داخوازی لە خودا دەکات و ئاواتەخوازەو لەو پێشبینی دەکات، کە ئەوی دۆست لە خۆشحاڵیو شادی دا بێتو لە پیاشاخان لەگەڵ گەردوون ئازادو بەدووربێت (ب:٤) و دەستەملانی بەختەوەری بێت و تەمەنی بە خۆش رابواردنی عوشرەت لەگەڵ یاراندا بەسەربەریت، نەوەك، وەك ئەم — شاعیر — لەدەست بێ مەیلی یار هەر ساتێك هەزار دەردیسەری بکێشێ، چونکە هەمیشە دڵشکاوی لێکجودابوونەوەیە لە یارو بەندی جەفاو ئازاری زنجیری زوڵفی نیگار — یار — م، بەتایبەت:

خصوص شەڕارەی دووری زۆر کەردەن مەزرەعەی هەستیم وای سەبوون بەردەن

بەتایبەتتر کە گەرمایی‌و تینی (شەڕارە)[٧٦٧] یان ئازاوەی دووری زۆری بۆهێناوم و کێڵگەی (بوون)م بای سەبوون — بای زۆر گەرمی بیابانی — لێیداوە. دواتر باس لەوەدەکات ئەمەش بەهۆی مەینەت‌و گرفتاری دۆستی بێ وەفاو گیرۆدەبوون بە دوورییەوە بووە.

کەواتە: (بوون) لێرەدا بەمانای (بوون)ی دەرەکی نایەت، بەڵکو بەمانای بوونی مرۆڤ — بوونی شاعیر — هاتووە، کە بەهۆی گەرمای دووری دۆستی وەك بای گەرمی بیابانەوە، کێڵگەی — واتە سەوزایی‌و نیشانەی ژیان‌و زیندوویەتی — (بوون)ی ئەوی بردووە.

دووبارە مۆتیڤی بای گەرمی بیابانی خەم، ئەوشتەیە بەهاری (بوون)ی شاعیر دەژاکێنێ. ئەو لە شیعرێکدا لەگەڵ بای نەسیم دەدوێ و پێیدەڵێ وا بەهار هات و هێشتا یار نەهاتەوە،

---

[٧٦٦] بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل١٨.

[٧٦٧] شەڕارە لە زمانی هەورامیدا بۆ گەرما بەکاردێت. بەڵام (شەڕارەت) ئەمیش بەمانای ئازاوە یان مرۆڤی سەر بە ئازاوە بەکاردێت، بۆ ئەم واتای دووەمە. بڕوانە: جمال حبیب الله (بێدار)، وشەنامە (هۆرامی — کوردی ناوەڕاست)، چ١، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژ(٧٨)، هەولێر، ٢٠١٠، ل٦٤٨.

بۆیە تۆ تەشریف ببە بۆلای و نامەو ڕاسپاردەیەکی بۆبەرە کە، ناوەڕۆکەکەی باسکردنی خراپی حاڵی ئەمە لە دووری ئەو و دوائەنجامەکەی وایلێکردووە کە:

والحاصلْ سەموم بای تاڵەی سستیم پەژمردە کەردەن وەهار هەستیم[٧٦٨]

واتە دوائەنجام بای گەرمی بەدبەختی، بەهاری (بوون)می ژاکاندوە، چونکە تا بڵێی خەرمانی خەمم کۆو بە ئارەزووی ئەو دوژمنانەیە، کە ئارەزوویان دووری تۆیە لە من.

کەواتە: دوبارە خەمباری دووری لە یار ئەو شتەیە، کە بەهاری (بوون)ی شاعیری ژاکاندوە.

لە شیعرێکی تردا، بەپێچەوانەی مۆتیڤی بای بیابانیی و گەرمی دووریەوە، شاعیر شەختەو سەرمای دووریی لە (بوون)ی دەدات. ئەو لە شیعرێکدا[٧٦٩]، کە سەرەتای بە هەواڵی بەدەستگەیشتنی نامەی دۆستێکی دەستپێدەکاتو ئەمیش پاش باسکردن لە زام کولاندنەوەی بەوە — کە بە کۆست کەوتن — و دانی دڵی ئاگراوی بە نەوتدا وەسفدەکات، داوای هاتنەوەی لێدەکات لە کوێستانو تا لە نزیکی یەکتریدا خەمیان کەم ببێتەوەو سکونەت بەدەستبهێنن، چونکە بای سەختی مەینەت تەمی هەڵکردوەو گەڵای سەرچڵی خۆشی شاعیری هەڵوەراندوە، بەڵکو:

جۆی چەمەی شەوقم هەم یەخ کەردەوە مەزرەعەی هەستیم شەڵتە بەردەوە

بەهۆی ئەوەوە جۆگەی سەرچاوەی چاوی تامەزرۆیی — کە وتمان تامەزرۆیی لای مەولەوی وەک خولیا زۆر هاتووە — بووە بە سەهۆڵ و کێڵگەو کشتوکاڵی (بوون)ی — ژیانی — ئەوی شاعیر — شەڵتە — شەختەو سەرمای سەختی پاییز[٧٧٠] — لێیداو فەوتاندی. کەواتە دواجار دووری لە دۆست ئەو شتەیە، کە کێڵگەی (بوون)ی شاعیر لەناودەبات.

---

[٧٦٨] دیوانی مەولەوی، ل٤٠٩.

[٧٦٩] بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل٤٣٦.

[٧٧٠] هەژار، هەنبانە بۆرینە، ل٤٨٩.

– مەولەوی لە شیعرێکدا[٧٧١]، کە وەک دەردەکەوێ بۆ کۆچی دۆستێکی نوسیوە – م.مدرس باوەڕی وایە بۆ لاواندنەوەی عەنبەر خاتوونی نوسیوە – بەوە دەستپێدەکات: ئەی ڕۆشنایی چاوم تاکەی تەشریف نابەی[٧٧٢] وەک ئەوەی مەولەوی چوونو لەدەستدانی چاوەکانی وەک ئەنجامێکی چون بەدوای یاردا بزانێ! تۆیش ئەی لێڵی چاوم! لافاوی خوێن بکە:

ئەی ڕۆشنی ی چەم! تاکەی؟ تەشریف بەر لێڵاوی، سادەی! هوونەاوەی هوون کەر

چونکە:

پەی جێش قیبلەکەم عەزم سەفەر کەرد سێڵاو دووریش ڕیشەی هەستیم بەرد

بۆچی قیبلەکەم – یارم – بڕیاری سەفەری دا؟ لافاوی دووریی ئەو ڕەگ و ڕیشەی بوونمی برد!.

کەواتە: لای مەولەوی کۆچ و دووری یار، لافاوێکە ڕەگ و ڕیشەی بوونی شاعیر – واتە بوون لێرەدا دوبارە خودییە نەک بابەتو وەک ماهیەتێک لە دەرەوەی مرۆڤ – ی بردوە.

دووبارە مۆتیڤی ئاو – هاژەی تافگە – بۆ هەمان مەبەست لای شاعیر بەکارهاتووە. ئەو لە شیعرێکدا[٧٧٣] باس لە داخی دووری دۆست و کزەی زامی کڵپەی دڵی دوورکەوتوو لە دۆستو سوتانی بەوەو جۆشی دڵ – کە بە مەنجەڵی هەڵچووی شوبهاندوە – و فوارەی فرمێسکی سەد ڕەنگ کردوە دەکات، بەجۆرێک کە:

واڵاوش چون تاف ڕیشەی هەستیم بەرد ڕیشەی کۆتەری جەرگم بەراوەرد

---

[٧٧١] بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل٢١٧.

[٧٧٢] واژەزانین (تەشریف بردن) بێجگە لە مانای ڕێزەوە، لە ئەدەبیاتی عرفانی و ئێرانیدا، بەمانای جلوبەرگیش دێ، جلوبەرگی جەستە لابردن و ڕووتبوونەوەی ڕۆح و گەڕانەوەی بە مردن بۆلای دۆست (خودا). بۆ وشەی (تشریف) بڕوانە: حسن عمید، فرهنگ عمید، ١٣٨١ – ٢٠٠١، چ١، انتشارات امیر کبیر، تهران، ل٦٨٧.

[٧٧٣] بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل٣٥٩.

ئاوی سەرکردووی گوێ حەوزی چاوم، پەگ و پیشەی بوونمی بردو پەگی داکوتراوی جەرگمی — دڵ — ی دەرهێنا. واتە دووری — دووری عاشقانە زیاتر لە عارفانە — وەك هاژەی ئاو پەگ و بناغەی (بوون)ی بردوە.

— مەولەوی لە شیعرێکدا[٧٧٤]، کە سەراپا تا کۆتایی بەگشتی باس لە دووریو فیراق دەکات، کە لەسەرەتادا — بەیتی ١ — چەمانەوەی باڵای بە ئەنجامی دورکەوتنەوە لە یار دەزانێو لە ناوەڕاستدا — بەیتی ٤ — دەڵێ: سینەی وەك ئامێری سەمتوورم بە هاواری بەرز بە سەد جۆر ئاوازی دووریت لێدەدات و لە پێش کۆتاییشدا دەڵێ: بۆیە گلاراوم — ئۆقرەم نەماوە[٧٧٥]—، چونکە لە تۆ جیابوونەوەمەو کاتی ڕۆیشتنێکە، کە گەڕانەوەی بۆ نیە — درکەیە بۆ مردن[٧٧٦] — بۆیە دواجار هەموو ئەو نەهامەتیو ئازارانە وادەکات، کە شاعیر وا خۆی ببینێ، کە:

پووشەکەی هەستیم، گیاکەی پای چەم وای نیستی ی فەنا بەردش پەی عەدەم

لێرەدا شاعیر (بوون)ی وەك پووش و گیای ڕزیوی گوێ چەمەکان دەبینێ، کە بای نەبوونە، فەنا بردویەتی بۆ عەدەم (نەبوونی). واتە لێرەدا (عەدەم) بەمانا ئاساییەکەی کە (نەمانە) بەکارهاتووە، نەك بەمانا عرفانیەکەی، کە جیهانی نابەرجەستەو نادیار دەگرێتەوە. شاعیر خەمی ئەو دووری و دابڕانە لە ئازیز (بوون)ی ئەوی وەك پووشی بەر بای نەبوونیی فەنا بۆ جیهانی عەدەم بردوە.

جارێکی تر مۆتیڤی ئاوو فرمێسك، ئەوشتەیە نیشانەکانی (بوون)ی شاعیر دەبات. ئەو لە شیعرێکدا[٧٧٧] باس لە خەمی دووری یار دەکاتو باس لەوەدەکات کە تۆپەڵە دووکەڵی یا

---

[٧٧٤] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٣.

[٧٧٥] هەروەها جگە لە ئۆقرە نەگرتن، بەمانای نەخۆشی مالیخۆلیا بەکاردێت. بڕوانە: هەنبانە بۆرینە، ل٦٩٧.

[٧٧٦] خاتوو کەلسومی عوسمان پوور ئەمە بە درکە بۆ مردن دادەنێ. بڕوانە: دوزخ دوری، زیبایی شناسی دیوان اشعار مولوی کُرد، لە بڵاوکراوەکانی دیداری مەولەوی — ٢٠١٠، ل١٤١.

[٧٧٧] بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل١٣٤.

بڵێین — دووکەڵی بەسەریەکدا هاتووی[٧٧٨] دووری یار وەک پارچە هەور کۆبووەتەوە بەسەربانی سەریەوەو دواتر دەبێ بە خوێناو و لە پلۆسکەی چاویەوە شۆڕاوگە دەبەستێ و تا:

لافاو کووچەی جەستەی زوخاڵی هەڕگاو هەستی هەرچی بوو ماڵی

ئەو دەڵێت: لافاوی فرمێسکە خوێنینەکەم، کە بەچاوما دێتە خوارەوە، بە کۆڵانی لەشی سووتاوی ڕەش بووەوەما — شاعیر — ڕۆیی و هەرچی نیشانەیەکی (بوون)م پێوەمابوو هەمووی ڕاماڵی و لەگەڵ خۆیا بردی.

کەواتە: ئەمجارەش (هەرگاوی هەستی) — کە زۆر لە دەستەواژەی (خاشاك هەستی) و (پووشی هەستی) دەچێ — ، (بوون)ی شاعیری بە لافاوی دووری بردوە.

— شاعیر لە سەرەتای شیعرێکدا[٧٧٩] باس لەوەدەکات، کە دەنگی کۆچکردنی ئەو کەژاوانە دێت، کە دەچن بۆ کوێستان و جوانان وەک لەیلا دەنازن، سەرەتای هاتنەوەی کۆچی — ی یارە قسە خۆشەکان دەرکەوت، بەڵام لەلایەکی ترەوە بەهۆی کۆچکردنی یارانەوە دەنگی هاواری مەجنونان — عاشقان — بڵندبوویەوەو گرفتاری زامی سەخت بوون. بەم جۆرە وردە وردە بەرەو باسکردن لە پەشێوی حاڵی خۆی لە دووری یار دەڕوات، کە دواجار وایلێکردووە:

عەدەمش نە پووش هەستی مەکەرد ساف منمانا چون خەس هەستیش نەڕووی تاف[٧٨٠]

ئەو دەڵێت — شاعیر — تاقگەی ئاوی چاوی بەجۆرێك نابووت (عەدەمی) کردبوو، نەبوونی کردبوو بە ئەسڵو لە (بوونی) پاککردبووەوەو ئیتر بوونی وەک پووش و پەڵاش بەسەر ئاوی تاقگەوە ئەهات و ئەچوو.

واتە: خۆشەویستی دۆست و دووری لەو، نەبوونی (عەدەم)ی کردوە بە ئەسڵ و (بوونی) — بوونی شاعیر— ی کردوە بە پووش و پەڵاش و نەبوون.

---

[٧٧٨] لە هەنبانە بۆرینەدا (تۆپڵاخ) بەمانای (بەسەریەکاهاتوو)ە. بڕوانە ئەو سەرچاوەیە، ل١٥٢.

[٧٧٩] بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل٤١٦.

[٧٨٠] سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٩.

٢-٢-٢/ دونیا لای مەولەوی

٢-٢-٢-١/ وێناکردنی دونیا لای مەولەوی

بەگشتی دونیا لای مەولەوی وەك ماهیەتێکی سەربەخۆ لەخۆیدا کەمتر باسی لێوەدەکرێت – وێناکردنی مەعریفی– بەڵکو وەك ئەوەی لای ئێمەی مرۆڤ دەردەکەوێت باسی لێوەدەکرێتو ئەمەش بەتایبەتتر لەڕێگەی پەیوەندیی دونیا بەو مرۆڤانەوە کە جێگەی بایەخن – ئازیزان – وێناکردنی هەستی– لای دەردەکەوێت.

أ- وێناکردنی مەعریفی:

ئەم جۆرە لەم واتایانەدا دەردەکەوێت: (هێنانی مرۆڤ بێ ویستی خۆی بۆ میوانخانەیەکی کۆن. دونیا بوونێکی دەرەکیو سەربەخۆی هەیە، بەڵام کاتێك لای من هەیە، کە هاوتەریب بێت لەگەڵ خۆشیەکانمدا. دونیا شوێنی پێ بەستنی مرۆڤ بە جیهانێکی لەناوچووەوە. جیهانی تاریکو مرۆڤی ڕوناك. دونیا زانراوە، کە فانیە، بەڵام نەزانراوە، چی لە ئایندەدا بۆ مرۆڤ هەڵگرتووە!. دونیا ئەگەر ساقیو مەی تێدا بێت، زیندووکەرەوەی مرۆڤ دەبێت. دونیا، ڕێگایەکی مەترسیدارە. دونیا بازارە. دونیا شوێنی دۆخگۆڕینی بەردەوامە. دونیا هەلێکە بە کاتیی دەدرێ بە مرۆڤ. دونیا شوێنی نهێنیو پۆشینە. دونیا کێڵگەی چاندنە. دونیاو گەردون ئاشی هاڕینی مرۆڤن!).

– مەولەوی باوەڕی وایە مرۆڤەکان بە ناچاریو بێ ویستی خۆیان دێنە ئەم ژیانەو بێ ویستیان دەڕۆن. واتە باوەڕی بە جەبریەتی ژیانو جۆرێك لە ڕەشبینی هەیە، بەڵام هاوکات عارفانە باوەڕی وایە، ئەوە ساقی – خودا بەمانا عرفانیەکەی – یە، کە مرۆڤ دێنێتە ژیانو دەیبات. هاوکات باوەڕی وایە مرۆڤ لەم هاتنەیدا بۆ ژیان، تەنها ئەوەی کە خواردوویەتی لەگەڵ جەستەو بوونیدا دەیبات‌و جگە لەوە بەجێیدەهێڵێ:

ساقی ئاوەردەو گرد کیاستێنین وریا بەردێن و کردە ئاستێنین[٧٨١]

---

[٧٨١] دیوانی مەولەوی، ل٢٩١.

ئەو باوەڕی وایە ژیان هەمووی وەک پاپردووە لە جوڵەو چوونیدا، چونکە ئێستاش وەک پابردوو دەڕوات‌و نیشتەجێ لەم ژیانەدا نییە، بەڵکو نیشتەجێیش وەک ڕێبوار وایەو ئەویش لە کۆچدایە، چونکە ژیان دەڕوات:

حاڵ ماضی ئاسا هانەگوزەردا　　مقیم مسافر ڕەنگ نەسەفەردا

جا بەهۆی ئەم سروشتەی ژینەوە بەگشتی، کە دواجار، بەتایبەتی دەبێتە هۆی بردنی دۆستان‌و یاران‌و بە چۆڵەوانی کردنی ژیان لەوان، ئەوا دونیا لای شاعیر، جگە لە کاروانسەرا — میوانخانە — یەکی کۆن هیچی تر نیە:

کاروان سەرای کۆن دەور دنیای دوون　　جە بارگەی یاران وە چۆڵ مەوینوون

مەولەوی وەک تەواو مرۆڤێک[۷۸۲]، وانییە، کە دونیاو ژیان تەنها بە پێوەری (منی) ببینێ و دان بە بوونی سەربەخۆی دونیاو ماهیەتی خۆشی‌و ناخۆشی ئەودا نەنێ، بەڵکو ئەو باوەڕی وایە دونیاو بوون بە جیا لە من هەیەو ماهیەتی خۆشی‌و ناخۆشی هەیەو جوانی لە خۆیدا هەیە، بەڵام من کاتێک هەست بەو خۆشیانە دەکەم و دانی پێدا دەنێم، کە هاوتەریب و هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ خۆشیە ناخەکیەکانی منداء وەگەرنا شادی نیەو پێچەوانەیە:

تەمام ڕووی دنیا جە شادی کەیلەن　　دڵ نە بۆ پەشێو فیراق لەیلەن[۷۸۳]

— لای مەولەوی فیراق‌و دووری دۆست دیارترین‌و سەختترین هۆکاری لەنێوبەری شادی‌و هەستکردنە بە جوانیەکانی ژیان، بەتایبەتی جوانی سروشت، بەڵکو ئەوە وایلێدەکات

---

[۷۸۲] لێرە بەدواوە دوو زاراوەی (تەواو مرۆڤی— کاملاً انسان) و (مرۆڤی تەواو— انسان کامل) وەک دوو زاراوەی پۆلێنکاری زانستی بەکاردەهێنین. مەبەستمان لە زاراوەی (تەواو مرۆڤی) ئەوەیە، کە مرۆڤ وەک مرۆڤێکی ئاسایی هەستیار، لەبەرامبەر ڕوداوەکانی دەوروبەری— بەدەر لە بیروباوەڕو هزرو ئایدیۆلۆجیای— هەستەکانی دەردەبڕێ و بەڕێیە هەڵوێست وەردەگرێ. مەبەستیشمان لە (مرۆڤی تەواو) ئەو مرۆڤەیە، کە بەهۆی دروستبوونی دنیابینی‌و دواتر پێگەیشتنی مەعنەویەوە تێڕوانین‌و هەست‌و دواجار هەڵوێستیشی بەرامبەر ڕوداوەکان جیاواز دەبێ لە مرۆڤی ئاسایی. ئەم دوو زاراوەشمان لە بنچینەدا— نەک لە وردەکاریی و ڕافەکردندا— لە لێکۆڵەرو حافزناسی ناسراوی ئێرانی د.بەهائەدینی خوڕەمشاهی وەرگرتووە.بڕوانە:نوسەری ناوبراو: حافظ نامە، بخش اول، ۱۳۸۰—۲۰۰۱، چ۱۲، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، پیشگفتار.

[۷۸۳] دیوانی مەولەوی، ل۳۲۸.

جوانیەکانی لێ ئاوەژوو دەکاتەوەو ئاسانە بەلایەوە بەهار بێ یار ببێتە دۆزەخ و بە یارەوە دۆزەخ ببێتە بەهەشت:

سەهلەن بەهارم دۆزەخ ئاسا بۆ　　بەهەشتم بێ دۆس دۆزەخ نما بۆ

وەرنە دۆزەخدا یارم دڵبەر بۆ　　پەی من ئار نە تۆی گوڵشەن وەشتەر بۆ

مەولەوی مرۆڤ لەم ژیانی دونیادا، بە پێ بەستراوو بەندکراو بە جیهانێکی لەناوچووەوە دەبینێ، ئەمە بە بەراورد بە جیهانەکەی تر، کە جیهانی لەناونەچوو و نەمرییە. ئەم بۆچوونەش لە بەراوردکردنی خۆی ژیاو لەم دونیاداو دۆستی کۆچکردوو بۆ ژیانەکەی تر دەخاتە ڕوو:

تۆ ئازاد یەی سەیر جای جاویدانی　　من پابەستەی بەند ئەی دنیای فانی[٧٨٤]

لای مەولەوی ژیان و دونیا تاریکەو ڕووناکبوونەوەی ئەو مەحاڵە، تەنها بە ڕوناکیەکانی مرۆڤە ڕوناکو مەعنەویەکان نەبێ، کە وەک تیشکی ڕۆژ دەدات لە ژیان و ڕوناکیدەکاتەوە:

دنیا نەگێجاو تاریکە شەوبی　　جەلاو ڕۆشنیش جەلا چون خەوبی

ناگا شۆڵەی خۆر صوب فەردا، فەڕدا　　وە سەر بەرز هەرد وە دەشت و دەردا[٧٨٥]

بەڵکو بەهۆی ئەو تیشکەوە دونیایەک — زۆرێک لە ژیان — بە ژیانی شیرین و خۆش تێدەپەڕێو لە خۆشترینی ئەو خۆشیانەش ئەوەیە، کە بینایی ئەو مرۆڤانەی ئاین لە ناخیاندایە، بۆ بینایی مەعنەوی دەگۆڕێ و بەهۆی بوونیان بە ئەهلی سەفاو پاکی، پشتەوەی ڕواڵەتەکانی دونیاو شتەکان دەبینن[٧٨٦]:

دنیایی مەویەرد وە عەیش شیرین　　صاحیب دین دیدەش بی وە صاحیب دین

---

[٧٨٤] سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣.

[٧٨٥] دیوانی مەولەوی، ل٢٤٥.

[٧٨٦] مەولانا ڕواڵەتی وێنە مادییەکانی دیاردەکانی ژیان بە (کەف)ی دەریاو جیهانی پشتەوەی بە (دەریا) خۆی دەبینی، کە تەنها ئەهلی سەفاو مەعنەویەت دەتوانن ئەو دوو ئاستە جیابکەنەوە:

کفی دریاست صورتها عالم　　ز کف بگذر اگر اهلی صفایی!　　(دیوان شمس/ غزل — ٢٧٠٧ — ٨)

بەڵام کاتێك کە ئەو مەشخەڵو تیشکی ڕوناکیە (مەیل) دەبێتەوە — واتە لار دەبێتەوە وەك م.مدرس دەڵێ — یان وادەزانین مانایەکی تری ئەوەیە کە ئەو مرۆڤە ئارەزوو دەکات تەشریف ببات‌ەوە — چوون بەڕێزەوە بۆ ئەودیو پەردە، واتە ژیانەکەی تر — ئەوا دونیا جارێکی تر دەکەوێتەوە نێو تاریکی:

ئەو شۆڵە دیسان مەیل ئاوەردەوە ئەولای پەردەوە تەشریف بەردەوە

دڵ پەی تەئریخ وات وەدەم دەردەوە: ئەی وای وەی دنیاش تاریك کەردەوە

— مەولەوی لە شوێنێکدا[٧٨٧] کە بە دوایین مالئاوایی ناویدەبات (ئازیز دیارەن وادەی لوامەن) جگەلە داوای گەردن ئازادی لە دۆست، داوای دواهەمین دیداری لێدەکات تا چاوی بە وێنەی و گوێی بە چرپەی‌و دڵی بە خۆشەویستی پڕبکاتەوە، چونکە نازانرێ دونیا چۆن دەبێ، لەبەرئەوەی داهاتوو پێشبینی کراو نییە:

کێ زانێ چۆن بۆ ئەی دنیای فانی؟ با ببۆ نە بەین گەردن ئازادی

واتە دونیا لێرەدا ئەگەرچی زانراوە کە فانیە‌و تەواو دەبێت، بەڵام هاوکات نەزانراوە، کە چی لە ئایندەی خۆیدا بۆ مرۆڤ — شاعیر — هەڵگرتووە!.

— مەولەوی وەك عارفێك باوەڕی وایە ژیانی دونیا، ئەگەر ساقی — خوداو پیر یان بەگشتی دونیای مەعنەویەت — و مەی دیداری یار — مەستی بە عشقی حەقیقی — تێدا بێت، ئەوا ژیان زیندوکەرەوەی مرۆڤ دەبێت‌و خۆش دەبێت‌و ئەوە مرۆڤ دەپارێزێ لە سووتان بە ناخۆشیەکانی ژیان — بەتایبەتی سوتانی فراق‌و دابڕان لە ئازیزان — و ئەو مەی مەعنەویە ناهێڵێ سەوزایی‌و ژیانی تامەزرۆیی — کە لای ئەو ژیان لەمانی تامەزرۆیی دایە — بسوتێ‌و بەهۆی ئەو شتانەشەوە مرۆڤ ژیانی کامەرانی‌و خۆشی بەدەستدەهێنێت.

دەورێ دەر ساقی وەلای مەحزووندا لەیل ئاسا بویەر وەلای مەجنووندا

بەو نازو عیشوە وێت پێم دەرەوە جەستەی پەژمووردەم ئیحیاکەرەوە

جەی (قلب الاسد) تاوسان دووری فێنك کەرەوە جەستەی مەهجووری

---

[٧٨٧] بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل٥.

بەڵکم شەرارەی نائیرەی فیراق　　نەسۆچنۆ تەمام سەوزەی ئیشتیاق
بەڵام بەو شەرتە مەیلت مودام بۆ　　منیچ بەو مەیلە دنیام وە کام بۆ[٧٨٨]

لێرەدا مەولەوی ژیان لە مەیلو خۆشەویستیدا، بەتایبەتی خۆشەویستیو مەیلی (ساقی)دا بۆ مرۆڤ دەبینێ کە هاوکاتە لەگەڵ شادیدا، خۆئەگەر پێچەوانەکەی بێت، واتە هەندێ جار مەیلو خۆشەویستیو هەندێ جار جەورو ئازاردان بێت — کە لای عارفان ئەمە هەردووکی هەیەو پەیوەستە بە سیفاتە جەمالی — جوانیو خۆشی — و جەلالی — گەورەیی و شکۆو ئازار — یەکانی مەعشوق — خودا — وە — ژیانی بە ماتەمو خەم دەگۆڕێ. هەر لێرەدا مەولەوی ئەوە بە تەمەن دەزانێ، کە لە خۆشەویستیو پێکەوەبوونداتێپەڕێت، وەگەرنا ئەوە دوورییە — نەک مردن — کە تەمەن لە مرۆڤ دەسەنێت:

نەک غەزاڵ ئاسا دیاو ڕەمت بۆ　　گا مەیل شادی، گا ماتەمت بۆ
ئیتر کافی بۆ جەورو جەفاکەت　　بەڵ تا وە سەر بۆ مەیل و وەفاکەت
ئەرچەند هەفتەیێ عومرم مەندە بۆ　　بەڵکم دووری تۆ لێم نەسەندە بۆ[٧٨٩]

— لە دیدی مەولەوییەوە دونیا بازاڕە بۆ فرۆشتنی شتە فانیەکانو کڕینی شتە جاویدانیو بەردەوامەکان:

بازاڕەن وادەی مامەڵەن، ساقی　　هەی بگرە فانی، وەی بدەر باقی[٧٩٠]

لە دیدی ئەوەوە دونیا جێگیر نیە، بەڵکو لە دۆخگۆڕینی بەردەوامدایەو دۆخگۆڕینەکەشی زۆرجار نەزانراوە:

بەڵ ئیمشەو خەمان شێوناں کەڵەک　　تا سەحەر چۆن بۆ گەردش فەڵەک![٧٩١]
ئای، چەند سەر چەنگ چەرخ چەپ وەردەم　　چەرخ چەن چەرخاو من مام نەمردم![٧٩٢]

---

[٧٨٨] دیوانی مەولەوی، ل٢٣٣.
[٧٨٩] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٤.
[٧٩٠] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢١.
[٧٩١] سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.
[٧٩٢] دیوانی مەولەوی، ل٥٩.

لە دیدی ئەوەوە دونیا بەش‌و هەلێکەو دەڕوات، بۆیە لەکاتی نەمانی هەلو سەختیەکاندا، داوای مەی لە ساقی – خودا – یان پیر – دەکات، نەوەک کاتی بەش‌و هەلەکە – دونیا – تەواو بێ:

جامێمان جەدەس تۆ هەم سەندە بۆ　　فرسەتەن، نصیو نەک نەماندە بۆ[٧٩٣]

لای شاعیر دونیا شەوەو شوێنی نهێنیەکان‌و پۆشینە، بەڵام بەپێچەوانەوە ژیانەکەی تر شوێنی ئاشکرابوونی نهێنیەکانە:

ئەو کەس مزانوو ستارەن ئارۆ　　جەو بوزرگ تەرەن شەو ئەو ڕۆت نارۆ[٧٩٤]

دوبارە ئەو لە تێکستێکی تردا شاعیر بەڕوونتر دونیا بە شەوو تاریکی دادەنێ‌و تەنها خودا بە ئاگادارو لە کردارەکان لەنێو ئەم تاریکیەدا دەزانێ:

یا رەبی نەوشەو تاریکەی فانی　　هەر تۆ وە کردەی بەدیم مزانی[٧٩٥]

مەولەوی دونیا بە کێڵگەی چاندنی کردار دەزانێ:

ئەر صەد کشتەکەم ئاخر کارشەن　　هەفتەکەی ئاخر نەو وەهارشەن[٧٩٦]

لای ئەو دونیا ئاشەو کەرەستەی هاڕینەکەش بریتیە لە مرۆڤ:

صەدای ئاسیاوچی مەیۆ پەیاپەی　　ئاساو خاڵی یەن تۆبەتەن سادەی

هەر کاتێت زانا چەرخێ وەردەوە　　چون یاران دانەی ئێمەیچ هەڕدەوە[٧٩٧]

مرۆڤیش کاتێك شایستەیە ببرێ بۆ ئاشی مردنی ئەم دونیا – کە پێگەیشتبێ:

نەیا وا بۆ جاس دانەش بەو ئاوە　　لایق نین بەردێش بەو ئاسیاوە

---

[٧٩٣] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.

[٧٩٤] سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦.

[٧٩٥] سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٩.

[٧٩٦] سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١.

[٧٩٧] سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٣.

ب- وێناکردنی هەستی:

ئەم جۆرەش لەم واتایانەدا دەردەکەوێت: (دونیا دەبڕێتەوە، دەسا بە کوێرایی چاوی، رابوێرە!. کۆتاییهاتنی دیداری یاران، بەڵگەیە لەسەر کۆتاییهاتنی دونیاو ژیان. بە کۆچکردنی دۆست دونیا شینیەتی و بە هەستانەوەی لە خاك سروشت و ژیان نوێدەبێتەوە. ژیانی دونیاو ژیانی دواڕۆژ (ئایین) لە یاردایە!. مرۆڤی گەورە، گەورەی دونیاو دواڕۆژە).

مەولەوی بڕاوەیی‌و کاتی بوونی دونیا، بە هۆکارێك دەزانێ، بۆئەوەی مرۆڤ — بەتایبەتی دۆستی ئازیز — بیکاتە هەڵی خۆشی‌و لەداخی ئەو بڕانەوەو کاتی بوونەی ژیان بە خۆشی رابوێرێ، بەتایبەتی بە خۆشی مەی مەعنەوی و بادەی یار:

چەنی گەرمی ی نەزم بەزم پڕ شادی　　بویاری وە پەغم ئەی دنیای بادی[٧٩٨]

حەزدەکات دۆستی ئازیزی بکەوێتە خۆشی ژیان، ئیتر گرنگ نیە، با ئەمو سەدی وەك ئەمیشی لەبیربچێتەوە:

دایم سەدای ناز سەودای گۆشت بۆ　　صەد چون مەعدوومی فەرامۆشت بۆ

مەولەوی جارێکی تر لە کڵاوڕۆژنەی وادەی دوورکەوتنەوە لە یارانەوە سەیری ژیانی دونیا دەکات، کە ساتی مانْاوایی لە دۆستان، کۆتایی‌و تیاچوونی دونیای بەبیردێنێتەوە. بۆیە داوای لێبوردن‌و گەردن ئازادی لە دۆستانی دەکات، کە ئەگەر جارێك ڕێگەی ڕەچاوکردنی ئەدەبی لەگەڵیاندا ونکردبێت:

ئەر جارێ ڕاگەم غەڵەت کەردە بۆ　　ڕام وە سەر ئاداب هیچ نەبەرد بۆ[٧٩٩]

بەڵام ئەمڕۆ کاتی فیراق و لێکدابڕانە:

عەزمم پەرێ سەیر عیراقەن ئارۆ　　بنیشدێ وە خەیر فیراقەن ئارۆ

کە مادام فیراق و دووری لە یاران هەیە، کەواتە دونیا تەواو دەبێ‌و لەناودەچێ، هەروەها مردنیش دێت‌و ئێمە دەمرین:

---

[٧٩٨] دیوانی مەولەوی، ل٤٧٧.

[٧٩٩] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧١.

دنیا فانی یەن هەر مبۆ مەردەن　　لازمەن گەردەن ئازادی کەردەن

کەواتە لای مەولەوی دونیا کە مادام شوێنی فیراق و دووریيە لە دۆستان، ئەوا فانیو لەناوچووە.

مەولەوی کە ژیانو جوانی بە ئازیزەوە دەبینێ، باوەڕی وایە مردنی ئازیز ڕوداوێکە کە لەیەک کاتدا ڕەنگێکی سەیر دەڕێژێ و دوالیزمەیەکی دژ بەدوای خۆیدا دەهێنێ، کە ئەویش دوالیزمەی (شین — شادی)یە. شین دەخاتە دونیاو شادی دەخاتە ژیانەکەی ترو بەهەشت:

مەرگ بێ وادەت عەجەب ڕەنگی ڕەشت　　شین ڕست ئەو دنیا، شادی ئەو بەهەشت[٨٠٠]

چونکە، دونیا کە تێیدا نەماوە شینیەتیو بەهەشتیش کە کە بە نێویدا دەگەڕێ، شادیەتی:

دنیا شینشەن نییەنی تێشدا　　بەهەشت شادیشەن مەگێلی پێشدا

لە بەیتەکانی پێشتردا، مەولەوی بەڕوونی تازەبوونەوەو ژیاندنەوەی سروشتو ژیان دەبەستێتەوە بە ئازیزەوە، بۆیە داوای هەستانەوە لەژێر خاک و سواربوونی ئەسپە کوێتیە خۆش ڕەوەکەی، کە لە مانگی یەک شەوە دەچێت، لێدەکات، تا بە ڕەوتی پێی ئەسپەکەی ئەو مانگی شادیو زەوق لە هەردو دامێنەکانی سروشتدا نوێبێتەوەو بژێتەوە:

بەو هیلال نالْ کومەیت خۆش دەو　　مانگ شادی و زەوق هەر دان بکەر نەو[٨٠١]

کەواتە شاعیر خۆشییو نوێبوونەوەی دونیاو ژیان بە ئازیزەوە دەبینێ.

ئەو لە شیعری (ڕای جەعفەر ئاباد)[٨٠٢]دا، جوانیی حافزی شیرازی، کە وەک هێمای مەعنەویەتو پێشبینی خێر، پەنای بۆ دەبات لەوەدا دەبینێ، کە: سەودای عشقە، هەروەها دەستنوێژ بە تامەزرۆییو شەوق دەگرێ، و لەسەر سەوزایی و جوانی چێژ بەرنوێژی دەکات. هەروەها سەر حەلقەی ئاهەنگی بەزمی (الست)ەو مێشکی بە نەشئەی مەی فەنا مەستە. واتە لێرەوەو بە ناڕاستەوخۆو لەڕێگەی ئەو وەسفانەی حافزەوە تێدەگەین، کە

---

[٨٠٠] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧٥.

[٨٠١] دیوانی مەولەوی، ل٣٧٣.

[٨٠٢] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٠.

ژیان لای مەولەوی لەمانەدایە: کەلّکەلّەی عشقو خۆشەویستی یار، دەستنوێژگرتن بە سۆزو تامەزرۆیی، نوێژ لەسەر سەوزایی جوانیو چێژ، و وەلامدانەوە بە بەلّێ لە ڕۆژی ئەزەلدا، کە خودا لە ڕۆحی مرۆڤەکانی پرسی کە (الست بربکم) واتە ڕۆحی لە ئەزەلەوە بەدوای خودادا دەگەڕێ. یان "مانایەکی تری ئەوەیە کە لە ڕۆژی دیاریکردنی قەزاو قەدەرەکانەوە لای خودا ئەو پێشڕەوی بەهرەی دانسقەی عشق و عرفانە"[٨٠٣] و دواتر مەست بوونو توانەوە لە نەشئەی خۆشەویستی خودادا:

را جەعفەر ئاباد سارای گەرم مەیل — مەنزڵ شیراز شار سەودای عەشق لەیل

دەس دیم وە ئاو ڕوکن ئاباد شەوق — ئیمام میحراب سەر مصلای ذەوق

خواجەی سەر حەلّقەی بەزمەکەی (الست) — دەماخ وە نەشئەی بادەی فەنا مەست[٨٠٤]

دواتر سکالای نەهاتنی نامەی یارو هەواڵپرسینی لەمێژی لای ئەو دەکاتو داوای لێدەکات پێشبینی بۆ بکات — کە نەریتێکی باوی ئێرانیەکانە کە فاڵ بە شیعری حافز دەگرنەوە — کە ئایا نامەی یاری بۆدێت یان نا؟ چونکە یار دیدەو بینایی، هەم ژیانی دونیاو هەم ژیانی ئاینییەتی، بەلّکو یار دونیاو ئاینەکەیەتی:

مزانی چەنیم چەم ها وە ڕاوە — ئەر وەی زوو مەیۆ پەیکێ جەلاوە

ماوەڕۆ نامەی جام جەمینەکەم؟ — دیدەی دنیا و دین، دنیا و دینەکەم

نامەیەك کە سەرەتاکەی (مژدە ئەی دڵ)ی تێدا بێت — کە ئاماژەیە بۆ شیعرێکی بەناوبانگی حافز — کە مژدە بە دڵی دەدات، کە نامەهێنەرێکی مەسیح ئاسا دێت، کە بە هەناسەکەی مرۆڤ زیندووەکاتەوە، چونکە بۆنی (کەس)یێکی لێدێت، کە دیارە لای عاشق تەنها یار (کەس)ەو جگە لەو (کەس) نییە:

مژدە ای دل کە مسیحا نفسی می آید — کە ز انفاس خوشش بوی کەسی می آید[٨٠٥]

---

[٨٠٣] ئەکرەم عەنەبی، مەحرەمی ڕاز (شەرحی غەزەلیاتی حافز)، بەرگی یەکەم، ل١١٤.

[٨٠٤] دیوانی مەولەوی، ل٢٦١.

[٨٠٥] د.خطیب رهبر، دیوان حافظ، غزل: ٢٣٥.

مەولەویش داوا لە حافز دەکات پێشبینی هاتنی یارو نامەی یاری بۆبکات، کە نامەو نامەهێنەرەکەی هەناسەی مەسیح ئاسایانەیەو ژیانی ئەم زیندوو دەکاتەوە، تا بەوەش دڵی ئەو ئارامیو سکونەت بەدەست بهێنێ.

کەواتە مەولەوی یار بە بینایی دونیای خۆی و بینایی ئاینی خۆیو بەڵکو بە هەموو دونیاو هەموو ئاینی خۆی دەبینێو نامەهێنەری یاریش بە مەسیح و زیندووکەرەوە دەبینێ.

مەولەوی لەڕێگەی ستایشی دۆستێکی کۆچکردوویەوە ئەوە دەردەبڕێ، کە مرۆڤی سەرکەوتوو و نموونەیی، کە شایەنی ستایشە — با پاش مردنو نەمانیشی بێت — ئەوەیە، کە بتوانێ گەورەیی لە دونیا بەدەستبهێنێ، هاوکات گەورەیی لە ژیانی دواڕۆژیش بەدەستبهێنێ:

فەریاد پەی ئیخلاص، ئاخ پای ئایینت　　پەی ئاغەی دنیاو پەی ئاغەی دینت[٨٠٦]

٢-٢-٣/ ژیان لای مەولەوی

ئەگەر سەرنجێکی گشتی لە شیعرەکانی مەولەوی بدەین، دەبینین لای ئەو وشەی ژیانو هاوواتاکانی، لە چەند دەربڕینێکیدا دەردەکەوێ، کە دیارترینیان وشەکانی (زیندەگی، زیندەگانی، حەیات)ن و هاوکات چەند دەربڕینێکی تری وەک (ئیحیاکردنەوە — زیندووکردنەوە) و (زیندە — زیندوو) و هێمای (ئاوی حەیات) دەبینرێ. کە لێرەدا ئاماژە بە بەکارهێنانە سەرەکیەکانی ئەو وشەو دەربڕینانە دەکەین:

---

[٨٠٦] دیوانی مەولەوی، ل١٠١.

٢-٢-٣-١/ ژیان و هاوواتاکانی ژیان

٢-٢-٣-١-١/ هاوواتاکانی ژیان (زیندەگی)

لەم هاوواتایەدا ژیان بەم شێوانە وێنا کراوە: (هانابردن بۆ پیرو پێغەمبەر لەدەست نەهامەتیەکانی ژیان. مراندنی ژیانی جەستە، سەرەتای ژیانی مەعنەویە. ژیان لەوەدایە، دۆست جێگەی (تۆ) لە (تۆ)دا بگرێتەوە. خۆشیی ژیان لە ئازاری کوژران بەدەستی یاردایە. غیرەی یار، ئەو بایەی، گەلاّی ژیان دەوەرێنێ. پیری، دواهەمین رۆژی بەهارو یەکەمین رۆژی پایزی ژیان. نامەی دۆست ژیان دەکاتەوە بە بەری مرۆڤداو نامەهێنەریش خدری زیندووە. سەوزبوونی ژیانی مرۆڤ، بەئاوی وەفای دۆست دەبێ. بە دیدار نەگەیشتنی دۆست بەدەم بای فەناوەدانی گەلاّی ژیانە. ژیان لە دووری دۆستدا زیادو ناپێویستە. لە سنوور دەرچوونی تامەزرۆیی دۆست، ئەو شتەی گیان و ئومێدی ژیان لە جەستە دەردەکات. گلەیی دۆست، دۆزەخی نە ژیان و نە مردنی شاعیر).

مەولەوی لە سکالاّیدا لە دەست زۆری خەم بۆ دۆست – کە زۆر پێدەچێ ئەو دۆستە پیرەکەی بێت – و م.مدرس یش ئەوە دوپاتدەکاتەوە–، سوێند بەمەرگی ئەو دۆستە دەخوات– کە لە پاستیدا سوێندخواردنە بە ژیانی – کە هێندە خەم لەلای کۆبووەتەوە، و ئەوەندە گریاوە، کە لەجیاتی فرمێسک خوێن لە چاوی هاتووەو لافاوی خوێن پێی شەرمی بەستووەو ناتوانێ بجولێو زنجیری مەینەتی پێی هەلّهاتنی بەستووەو ماری دووری تۆ – دۆست – جەرگەی دلّی گەستووە. لێرەوە بەهۆی ئەو خەمە جۆراوجۆرانەوە هەر ساتێك ژیان سزای ئازارێکم ئەداتو یەك سات ژیانی پاستەقینەی لێ حەرام بووە:

هەر ساتێ دەردێ سزا مدۆ پێم　　یەك ئان زیندەگیم حەرام بی یەن لێم[٨٠٧]

دواتر داوا لە پیرەکەی دەکات، کە تکای بۆ بکات کە پێغەمبەر (د.خ) میهرەبانیو لوتفی لەگەلّ هەبێتو بەوهۆیەوە ئەم شەرمەزاری گەورەی، بەردەم بەخشندە – خودا – نەبێت.

---

[٨٠٧] دیوانی مەولەوی، ل٢٦٥.

خۆ ئەگەر وانەکەی — شاعیر دەڵێ — ئەوا من مردم — بەو خەمانەوە — و تۆ سەلامەت بیت‌و با ئازارو مەینەتیەکانیشم تا پۆژی زیندووبوونەوە هەر بمێنن:

پجاکەر (أحمد) لوطفش بۆ چەنیم خەجالەتی بەرز (کریم) نەیۆ پێم
وەر نەها مردم، تۆ بای سلامەت با هەر بمانۆ تا پۆژی قیامەت[٨٠٨]

واتە لێرەدا بەپوونی شاعیر خەمباری قوڵی خۆی لەدەست نەهامەتیەکانی ژیان دەخاتە پوو و حاڵی دەگەێنێتە دۆست — پیرەکەی — و وەک ئەوەی لە تەریقەتی نەقشبەندی باوە دەیەوێ پیرەکەی سکالای حاڵی ئەم بگەێنێتە پێغەمبەر (د.خ) تا بەهۆی ئەو خەمباریو کەموکورتیەوە، شەرمەزاری بەردەم خودای بەخشندە نەبێت.

— مەولەوی لە شیعرێکی هێمائامێزو عیرفانیدا کۆتایی ژیانی جەستە — مەبەستی مراندنی جەستەیە بە مەعنەویەت — بە سەرەتاو وادەی گونجاو بۆ هاتنی دۆستی مەعنەوی دەزانێ، تا جارێکی تر بە زیندووبوونەوەی مەعنەویو قۆڵ زیندووی بکاتەوە:

ها تەن ئەلوەدای زیندەگانیش[٨٠٩] **کەرد قەدەم پەدجەکەر هام فەردەکەی فەرد**[٨١٠]

کە لێرەدا هاودەمەکەی (فەرد — تاقانە) وادەزانین ئاماژەیە بۆ (پیر) یان کەسێکی مەعنەوی گەورە، کە بە هاودەمی خودای فەردی دەزانێ.

لای مەولەوی دۆست — پیر — جێگەی (ئەو)ی لە (ئەو)دا گرتووەتەوەو (ئەو)ی لە (ئەو)دا دەرکردوەو لەجێگەی گیانیدا جێگیر بووە. واتە لەودا فەنابووەو بەهۆی ئەوەشەوە، پارچەکانی جەستەی ئەوەندە شادن، ئیتر گیانو ژیانی بەبیردا نایەت، بەڵکو سەد ژیانیش تەنانەت بە خەویشیدا نایەت:

بەڵام یادەکەت ناستەنش (وێم) (پێم) (وێم بەرکەرد)، نیشتەن (وێش) جەیاگەی (وێم)
ئەجزای تەن یەکسەر جە شادمانی نمە یۆش وەخاو صەد زیندەگانی[٨١١]

---

[٨٠٨] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٧.

[٨٠٩] کۆی ئەم شیعرە زیاتر دەچێتە خانەی باسی مردنەوە، بۆیە لە بەشی سێهەمدا بۆی دەگەڕێینەوە.

[٨١٠] دیوانی مەولەوی، ل٥٢٦.

[٨١١] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٥.

واتە مەولەوی ژیانو خۆشی لە فەنابووندا دەبینێ.

دواتر شاعیر دەڵێ، لەبەرئەوەی کە من نەماوم و یادی تۆ لەنێو منداجێگەی منی گرتووەتەوە، ئەوا هەر یادەکەی خۆت – لەناو منداشایستەی ئەوەیە قسەی لەگەڵ بکەیت، جا ئیتر قسەکەت لۆمەکردن بێت یان نازکردن بێت:

ئیسە یادتەن سزای خیطابەن ئەر سزا وە ناز، وەر وەعیتابەن[٨١٢]

بەڵام دواجار پاساوێکی تر بۆ نامەنوسینی بۆ دۆست – پیرەکەی – دەهێنێتەوە، لەو ڕوەوە – گلەیی لێکردوە – ئەویش بەوەی کە دەڵێت، ئەم پاساوانەی کە هێنامەوە پێویست نین، چونکە من سووتاوی دووریی خاڵی باڵا ڕەنگاوڕەنگەکەی تۆمو نیشتەجێی دۆزەخی دووری تۆم، ببورە لێم کە ماوم و دەژیم، مانەوەکەم لەبەرئەوەیە کە ئەهلی دۆزەخ نامرن:

نەنە، سفتەی هیجر خاڵ ئالاتم دۆزەخیی دۆزەخ دووری ی بالاتم

بوبەر جەمەنەیم شای نەونەماماں مەردەن پەی گرۆی دۆزەخی ناماں[٨١٣]

وادەزانین لێرەدا شاعیر بۆ دەربڕینی حاڵی دەروونیی ژیانی خۆی لە دووری دۆست، زۆر بە هونەرییانە کەڵکی لە وەسفی دۆزەخیان لە قورئاندا وەرگرتووە، کە دەڵێت: (ثم لایموت فیها ولا یحیی (الأعلی:١٣) – لەوێدا نە دەمرێ و نە دەژی!).

لە شیعرێکی تردا مەولەوی، دووبارە ژیانَ لە دۆست – پیرەکەی – دا دەبینێ و لە دووریی دۆست، بیرو هۆشی پڕ لە درکو ئازارەو لە تامەزرۆیی دووریی یاردا، ژیانی وەک ژەهری مارە:

پەی تۆ خاطرم پڕ نێش و خارەن پەی تۆ زیندەگیم چون ژار مارەن[٨١٤]

---

[٨١٢] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٦.

[٨١٣] دیوانی مەولەوی، ل٤٥٧.

[٨١٤] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٠.

بەڵکو وادەزانین پابەندیو پەیوەستی رۆحی بە دۆستەوە وادەکات لە بەیتی دواتردا بە جۆرێکی تر هەر ئەو ناوەرۆکە – ژیان لەگەڵ دۆستدایەو ناژیانیی لە پێچەوانەکەیدایە – دووبارە بکاتەوە:

دەرووم دایم جەهوون کەیل تۆن　　حەیاتم وە شەوق هەوای مەیل تۆن

ئەو لە تێکستێکی تردا[٨١٥] باوەڕی وایە، بەبێ خۆشیو ڕابواردن لەگەڵ یاراندا – یارانی مەعنەوی – چ خۆشیەك دەمێنێتەوە لە ژیان؟. ئەمەش لەڕێگەی پەنابردن و سکالابردنەوە بۆلای (نەی ژەن) دەردەبڕێ. ئەو باوەڕی وایە ژیان بەبێ یاران – بەتایبەتی یارانی کۆچکردوو – لە هەموولایەکەوە چێژی تاڵی دەدا، بۆیە پێویستە نەی ژەن – کە لە عیرفاندا هێمایە بۆ دەنگی مەعنەوی ئەزەلیەت و جاویدانیی[٨١٦] – بێتە ناوەوەو دوو ئاواز بژەنێت، یەکێکیان بەیەکجاری – نەك وەك ئێستا کە نیوە حاڵە – بمتوێنێتەوەو بمرێنێ لەم حاڵەی کە تێیدامو بە ئاوازێکی تریش بملاوێنێتەوەو زیندووم بکاتەوەو بمگەێنێتەوە بەوان بە رۆح:

نەی چی! وە بێ بەزم یاران جانی　　کام سەفا مەندەن پەی زیندەگانی

چۆن مەزاق تاڵەن جەگەردین لاوە　　بۆ وە شیرینیی یەك دوو نەواوە:

یەکێ یەکجاری تاو تۆمەوە　　ئەو یەك لاو تۆم، یاو تۆمەوە[٨١٧]

کەواتە لێرەدا بەڕوونی، شاعیر پاش یارانی هەستەکات، ژیانێکی بۆ نەماوەتەوە، بۆیە دەیەوێ بە مەعنەویەتو عیرفان ئەو (ناژیان)ەی خۆی بمرێنێو جارێکی تر ژیانی نوێ بەدەستبێنێتەوە، کە ئەمەش (ژیانو مردنی ئیرادییە)[٨١٨].

مەولەوی خۆشیی ژیانو خۆشیی مردنیش لەوەدا دەبینێ، کە هەر ساتێك سەدجار بە تیری ئازاری یار بکوژرێ، مەبەستی کوژرانی عشقی عرفانیە:

---

[٨١٥] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥.

[٨١٦] نەی و نەیستان لە عیرفاندا زۆرجار وەك هێما بۆ خوداو جیهانی سەرەتای رۆحەکانو دەنگی ئەزەلیەتی دەرەوەی ئەم شوێنکاتی ژیانی دونیا بەکاردێت، کە نەمری بە بیر مرۆڤ دەهێنێتەوە. بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٧٧٥.

[٨١٧] دیوانی مەولەوی، ل٤٦.

[٨١٨] ئەمە لە بەشی سێیەمدا، زیاتر باسی دەکەین.

هەرساتێ صەد جار بەو تیر نەوتەرکەش زیندەگی و مەردەن ئامان وەشەن وەشەن[٨١٩]

مەولەوی باوەڕی وایە، ژیانی بەدەستی دۆستەو ئەگەر ئەوی دۆست غیرەی لێکرد، لەوەی کەسێکی تر لە دڵی ئەمدا بێت، ئەوا گەڵای سەر لقەکانی ژیانی ئەوەرێنێ:

دیت شنۆی غیرەت دیدەکەم خێزا وەڵگەکەی سەرشاخ زیندەگیم ڕێزا[٨٢٠]

مەولەوی دەرکەوتنی پیری، بە هاتنی دواهەمین ڕۆژی بەهاری گەنجیەتیو یەکەمین ڕۆژی پایزی هەموو ژیان دەزانێ:

ئاخر ڕۆژی وەهار نەوجوانیمەن ئەوەڵ ڕۆژی پایز زیندەگانیمەن[٨٢١]

مەولەوی نامەی دۆست، بە نمەی ژیان دەزانێ، کە ژیان دەکاتەوە بەبەر ئەوی تینووی گیان گەیشتووە بە لێو، بەڵکو نامەهێنەریش بە (خضر)[٨٢٢]– کە لە ئاینو لای عارفان هێمایە بۆ ژیانی هەمیشەییو نەمری، هەروەك هێماشە بۆ حاڵی گوشادبوون (بسط)[٨٢٣] – دادەنێ، تەنها هەر ئەوەندە نا، بەڵکو نامەکە زیندووی – ئیحیای – کردووەتەوە:

تەژنەی گیان وەلەب سەودای سەبووری کەفتە بێم نەگێج دەریاکەی دووری

دیم نەشئەی فێنك سێراوی سەردا شنۆی زیندەگیم ئاماوە بەر دا

چێشی خضر نامەی تۆش ئاوەردەوە دەك ڕستگار بۆ، ئیحیام کەردەوە[٨٢٤]

شاعیر لە جیهانی شیعری خۆیدا، نامەیەك بە بای شەمااڵدا بۆ دۆست دەنێرێت، کە خۆی دواجار کورتی دەکاتەوە لەوەدا، کە بە دۆست بگەێنێ، کە سەوزبوون و ژیانی ئەم – شاعیر – بە ئاوی وەفای دۆست ڕواوەو ماوە، ئەگەر ئەو وەفای نەمێنێ، ئەمیش ژیانی نامێنێ:

خولاصەی کەلام نوور دیدەی دڵ شیفای ئێش و نێش زامان بێ حاصڵ

---

[٨١٩] دیوانی مەولەوی، ل٥٢٨.

[٨٢٠] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٦.

[٨٢١] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٨.

[٨٢٢] سەیر لەوەدایە، لە دیوانی مەولەوی دا، (خضر) تەنها یەك جارو بە مەبەستێکی عاشقانەی مرۆڤانە – با مرۆڤەکەش دۆستێکی عارف بێ – هاتووە، بەاڵم (خضر) لای مەولانا زۆر هاتووە، کە زۆربەی بەمانای عرفانیە.

[٨٢٣] بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٣٥٣.

[٨٢٤] دیوانی مەولەوی، ل١١٥.

سەوزەی حەیاتم پستەی وەفای تۆن ئەر وەفات نەبۆ زیندەگیم جە کۆن؟[٨٢٥]

شاعیر لەڕێگەی حاڵەتێکی دەروونیی خۆیەوە لە شەوێکدا – کە لە ئاستی کلتوری ئاینی کۆمەڵگای کوردەواریداو بە باوەڕی شاعیریش بە شەوی بەرات و خۆشی دادەنرێ – ژیان لە دیداری دوڵبەردا دەبینێ – کە ئەو لە دەفتەری چارەنوسی ئەو شەوەیدا بڕیاری مەحرووم بوونی خۆی لەوە دەبینێ – ، بەڵکو لە دەفتەری چارەنووسەکەیدا نۆشینی ژاری دووریی و بە دیدار نەگەیشتنی دۆستی تێدا نوسراوە:

کەسێ قووتش نوقڵ پاز یاوەرەن یەکێ زیندەگیش وەصڵ دڵبەرەن

هانا هام دەردان چێش مەکەردێ پێم من دیام نەڕووی تەقسیم نامەی وێم

ژار دووری ی دۆس ئازیزەن نۆشم نمەیۆ پازان شیرین نەگۆشم[٨٢٦]

بۆیە بەهۆی ئەو چارەڕەشی چارەنوسی خۆیەوە، لۆو پۆپی درەختی بەختی کەوتووەتە لەرەو گەڵای ژیانی بە ئاسمانەوە بای لەناوبردن (فەنا) ئەمدیوو ئەودیوی پێدەکات:

وەڵگ زیندەگیم ها وە هەواوە دیمادیم شەن وە بای فەناوە

کەواتە لای شاعیر ژیان لە دیداری دۆستدایەو ئەگەر مرۆڤ لەوە بێبەش بوو، ئەوا گەڵای ژیانی دەکەوێتە بەردەم بای فەنابوونەوە، تەنانەت هەر ئەوەندەش نیە، بەڵکو ئەوە کۆتایی مێژووی بەختەوەریو سەرەتای کۆتایی ژیانی دەبێت:

ئەلوەدای تەئریخ کامەرانیمەن نیشانەی ئاخر زیندەگانیمەن

لە شیعرێکدا[٨٢٧]، دڵی شاعیر – کە بەهۆی زۆری خەمیەوە، هەمیشە لە بیری خەمدایە – دێتە جۆشو خەیاڵو تامەزرۆیی یارانی دەیجۆشێنێو ئارەزووی سەردانیان دەکاتو ئەم جۆشو ئارەزووەی وەک سازو ئاواز لە هەموو جەستەیدا لێدەدات، بە جۆرێك، کە حاڵی بۆ ئەوان وایلێهاتووە، بانگەوازی پسوابوونی لە جیهاندا بڵاوبووەتەوەو ژیانی بووە بە شتێکی زیادو ناپێویستو مردنی بووە بە فەرزو پێویست:

---

[٨٢٥] دیوانی مەولەوی، ل٣٠٩.

[٨٢٦] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٤–٤٢٥.

[٨٢٧] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٢.

بانگ پرسواییم جه عالّەم بەرزەن　　زیندەگیم زیاد، مەردەنم فەرزەن[٨٢٨]

واتە ئەو ژیان لە دووریو خەمی نەگەیشتنی بە ئازیزاندا بە زیاد دەزانێ.

مەولەوی بەهۆی لە سنووردەرچوونی تامەزرۆییو ئارەزووی بۆ دۆست، وایلێهاتووە جەستەی بێ گیان بووەو گیانی نەماوە، بەڵکو دانی ژیانی – کە هێمایە بۆ چێژو خۆشی ژیان – بەوهۆیەوە هەڵکەندووە:

ئارەزوومەندیم جە حەد وێەردەن　　فراوان خەیلێ تاسەی تۆم کەردەن

قالّبم بێ رۆح، ئەروام نەمەندەن　　من دان حەیات، زیندەگیم کەندەن[٨٢٩]

شاعیر لە بەیتی یەکەمی شیعرێکدا، بە نزاکردن لە خۆی دەستپێدەکات، نزاکردنێك کە نەك هاوئاهەنگە بەم لەگەڵ باسکردنی ژیانو مردندا، بەڵکو وادەزانین قوڵیی لەوەدایە نزاکردنێکە بە شتێك کە زۆر سەختە، ئەویش ئەوەیە یاخوا نە بژیتو نە بمریت!، کە ئەمەش واتە ژیان لەنێوان دوو دژداو ئەمەش یەکێکە لە حاڵەتو ئازارەکانی دۆزەخ، چونکە ئەوە تەنها دۆزەخیەکانن، کە لە دۆزەخدا (لایموت فیها ولا یحیی)ن، کە نە دەمرن تا رزگاریان بێت – چونکە مردن ئیتر نەماوە – و نە ئەوەشە بژین، بە مانای ژیان:

ئیحیا نەبوون، سان شوون مەردەن　　نامەکەش ئامان، گلەیش کەردەن

ئەم حاڵە قورسەی شاعیرو نزا گرانەی لە خۆی، تەنها بۆ گلەییکردنێکە کە دۆست لە نامەکەیدا کردویەتی!.

٢-٢-٣-١-٢/ هاوواتاکانی ژیان (حەیات)

ئەم هاوواتایەش ئەم وێناکردنانەی بۆ ژیان پێ دەربڕاوە: (خودا، سەرمایەی ژیانی ئایینیی شاعیر، مەی مەعنەوی، ژیان بە هۆشی مرۆڤ دەبەخشێ، گەردوون، نامەی خواستی ژیانی مرۆڤ ناخوێنێتەوە، ژیان لە تامەزرۆیی دۆستدایە، ژیان بێ ڕوخساری ئازیز، خەم خۆراکیە، بێ دیداری یار، نەك ژیان، بەڵکو خەیاڵکردنەوە لە ژیانیش پوچ و مەحاڵە!، خواردنەوەی

---

[٨٢٨] دیوانی مەولەوی، ل٢٤٤.

[٨٢٩] سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

ژەهری دووریی یاران، تەما بە ژیان لە مرۆڤدا ناهێڵێ، ژیان لە بەهاردایە، بەڵام بەهاریش لە ژیانی مەعنەوی مرۆڤدایە).

سەرەتا مەولەوی وەک کەسێکی ئاینپەروەرو عارف، خودا بە سەرمایەی ژیانی ئاینیی دەزانێ:

ضیای بیناییم، نور چەمانم سەرمایەی حەیات دین و ئیمانم[٨٣٠]

مەولەوی باوەڕی وایە، مەی — مەی مەعنەوی — عشق و مەستی — کە ساقی — خودا — ، دەیدات بە مرۆڤی مەعنەوی — شاعیر — ، ژیان بە هۆشی مرۆڤ — واتە دروست بیرکردنەوەو گێڕانەوەی ئارامی پاشی شپرزەیی — دەدات:

صەدای دەف و نەی بەیۆ نەگۆشت نەشئەی مەی بەخشۆ حەیات[٨٣١] وەهۆشت[٨٣٢]

مەولەوی باوەڕی وایە گەردوون یاری پێ دەکات یان گرەو بەسەر ژیانی ئەمەوە دەکاتو نامەی ژیانی ئەمی — کە مەبەستی ناوەرۆکی خواستەکانی ژیانیەتی — بە هیچ خوێندووەتەوەو بایەخی پێنەداوە:

فەڵەک، وە بەختم چ نەردێ شانای نامەی حەیاتم وە هیچ نەوانای[٨٣٣]

ئەمە لە شیعرێکدایە، کە هەر دەستپێکردنەکەی بە سکاڵاو گلەیی ڕاستەوخۆ لە گەردوون (فەلەک) دەستپێدەکات و گەردوون، بە هەل و بوارنەدەر بە مرۆڤ و بێ ئارام لەسەر هەل دان بەو ناودەبات:

فەڵەک بێ فرسەت.. فەڵەک بێ فرسەت ئەی چەرخ چەپ گەرد، بێ سەبرو فرسەت

دواتر، شاعیر وا خۆی دەبینێ، کە بەهۆی گەردوونەوەیە، کێڵگەی شادی فەنابووەو دوچاری ئەو خەمو ئازارانە، بەتایبەتی ئازاری فراقی دۆست بووە:

---

[٨٣٠] سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

[٨٣١] ئەم باسی بەخشینی ژیانە بە هۆشی مرۆڤ، لە تێکستێکدایە، کە باس لە مەرگو مەترسیو نیگەرانی شاعیر لە مردن دەکاتو دوای ئەو نیگەرانیە دێت، کە لە بەشی سێهەمدا، ل٤٣٠.

[٨٣٢] دیوانی مەولەوی، ل٣٢٦.

[٨٣٣] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٧.

ئازیزم جه من بێگانه کەردی　　شەرت دۆسیمان جەبەین لابەردی

بەهۆی ئەوەشەوە، لافاوی فرمێسك لە چاوی هەڵساوەو گەڵای سەر لقی ژیانی وەراندووە:

لافاو ئەسرین نەچەم هۆرێزا　　وەڵگەکەی سەر تەڵ حەیاتم ڕێزا

هەروەها مەولەوی ژیانی لە تامەزرۆکردنی دۆستدا دەبینێ:

دەروونم دایم جەهوون کەیل تۆن　　حەیاتم وە شەوق هەوای مەیل تۆن[٨٣٤]

مەولەوی لەتاو دووریی ڕوخساری یار – کە پێدەچێ یار خودا یان پیر بێ، وەك لە وەسفی بەیتی (٥)دا دەرئەکەوێ – پەنا بۆ یار دەباتو بە (فەریادم وە تۆن) دەستپێدەکات، چونکە بێ ئەو، خۆراکی بووە بە خەمو ژیانی بە مەینەت، بەمەش سوێند بە مەرگی یار دەخوات – مەبەستەکە پێچەوانەیە واتە سوێند بە ژیانی تۆ – کە، ژیان لام سەخت بووە:

خۆراکم خەفەت، ژینم مەینەتەن　　وە مەرگت حەیات وەلام زەحمەتەن[٨٣٥]

واتە ژیان بەبێ ڕوخساری ئازیز بە خەم خۆراکی و مەینەت دەزانێو بەهۆی ئەوەشەوە زەحمەتو گرانە.

شاعیر ژیان لە دیداری یاردا دەبینێ، و خۆئەگەر دیدار نەبێ، ئەوا ژەهری فیراق لەناوی دەباتو ئارەزووکردنی ژیان مەحاڵە، بەڵکو خەیاڵکردنەوە لە ژیانیش خەیاڵکردنەوەیەکی بەتاڵو پوچە!:

مەر لابەرۆ ژار وە دارووی ویصال　　یاوە مەرهەم سێڵ زام کەرۆ پامالْ

وەرنە ئارەزووی ژیان مەحاڵەن　　خەیاڵ حەیات فکرێ بەتاڵەن[٨٣٦]

مەولەوی لەبەرئەوەی ژەهری دووری یارانی خواردوە، بۆیە دەستی لە چاوەڕێکردنی ژیان هەڵگرتووەو چاوەڕێی مردنی بە ئەسپایی دەکات:

تەرك ئینتیظارە حەیات کەردەنم　　یانێ ژار مار دووری وەردەنم[٨٣٧]

---

[٨٣٤] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٨.

[٨٣٥] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٢.

[٨٣٦] دیوانی مەولەوی، ل٥٠٩.

[٨٣٧] سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٩.

ئەو ڕەشەبای زستانی زۆر ساردی دووریی یاران، داویەتی لە سەرچڵی درەختی وەرزی لاوی ژیانی و دایڕزاندوە:

شنۆی ڕەشەبای زووسان هیجران　　سەرچڵەی عەیشم کەردەن وە بوریان

شاعیر لە شیعرێکدا دەڵێ، تا ژیانی فیزیکیم مابێ — هەناسەدانم هەبێو گیان لە جەستەمدا مابێ — ئەوا ژیان لە ئارەزوو و خۆشەویستی باڵای یاراندا دەبینم و ئارەزووشم، هەر ئەوە دەبێت:

خەیر وەڵڵا تا گیان نە تۆی قەفەس بۆ　　کەم کەم ئامۆشۆی ئامای نەفەس بۆ

حەیاتم وە مەیل باڵای یارانەن　　مەیلم هەر ئەو مەیل هەردە جارانەن[٨٣٨]

ڕاستە مەولەوی وەک مرۆڤێکی تەواو— خاوەن هەستی ئاسایی و تەندروست — ژیان لە بەهاردا دەبینێ:

وەهارەن، سەوزەن، ئاوەن، سەرکاوەن　　هاژەی وە فراوەن، شاخەی شەتاوەن

بەزمەن، شادی یەن، عەیشەن نیشاطەن　　کەیفەن، شۆخی یەن، شەوقەن، حەیاتەن[٨٣٩]

بەڵام هاوکات وەک تەواو مرۆڤێك — پێگەیشتوو بە مەعنەویەت — بەهاریش لە زیندووبوونەوەی مەعنەوی مرۆڤدا دەبینێ، هەربۆیە لە بەهاردا کە سروشت دەژیتەوەو خۆشیو روناکی جێگەی خەم و تاریکی دەگرێتەوە، ئەو داوا لە دۆست دەکات — کە ئەم زیندووبوونەوەی بەهارە بە بەرهەمی دیداری ئەو دەبینێ —، کە بەهاری مەعنەوی لەودا سەوز بکات، ئەمەش بە پێدانی مەی یەك لەدوای یەك — کە لێرەدا وا دەردەکەوێ دۆست (ساقی) بێت — کە هێمایە بۆ خودا یان پیر — تا لەتیفەکانی — کە زاراوەیەکی عرفانیە، بەمانای ئاماژەی ناسك دێت، کە توانای دەربڕینی نیە، چونکە زیاتر چێژو حاڵە تا زانست[٨٤٠] — زیندوو بکاتەوە:

ئاماوە وەهار، وەهار شادی　　بۆی عەتر نەسیم غونچەی ئازادی

---

[٨٣٨] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٢.

[٨٣٩] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧٢.

[٨٤٠] بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٦٨٧.

ئینه نەتیجەی دیای بالای تۆن　　نیشانەی وصالّ خالّ ئالای تۆن

سا پێم دەر، دەی دەی، پەی پەی، نەومەی، مەی لطایف مەردەم یەکسەر بکەر حەی[٨٤١]

واتە شاعیر باوەڕی وایە جگە لە بەهارو ژیاندنەوەی سروشتو مادی، بەهارو ژیاندنەوەی مەعنەوی لە مرۆڤدا دەکرێ هەبێو بەڵکو بە پێویستی دەزانێو داوای دەکات.

٢-٢-٣-١-٣/ هاوواتاکانی ژیان (ئیحیا – زیندووکردنەوە)

ئەم جۆرەش ئەم وێناکردنانەی پێ دەربڕاوە: (مەی ساقی، مایەی زیندووکردنەوەی مرۆڤە، مەی مەعنەوی، زیندووکەرەوە لە مردن بە خەم، هاوکات پارێزەری خۆشی خەم!، مەی مەعنەوی، سەرچاوەی زیندوکردنەوەی هۆشیاری قولّی مرۆڤ!، کوشتنی عرفانی، هۆکاری زیندووکردنەوەی مرۆڤ!، نامەی دۆست، زیندووکەرەوەیەو گلەییکردنیشی مرێنەرە!).

مەولەوی وەک عارفێك، هاتنی ساقی – کە هێمایە بۆ خوداو هەندێ جار پیر یان کەسی مەعنەوی گەورە – لەکاتی خەمی شاعیرداو بەتایبەت لەکاتی خەمی دووریدا – کە گەورەترین خەمی شاعیرە – هاتنی ئەوو پێدانی مەی مەعنەوی بە شاعیر بە مایەی زیندووکردنەوە دادەنێت:

دەورێ دەر ساقی وەلای مەحزووندا　　لەیل ئاسا بوییەر وەلای مەجنووندا

جامێ جە صەهبای دیای بالاکەت　　ئالوودەی غوبار تۆز پالاکەت

بەو نازو عیشوە وێت پێم دەرەوە　　جەستەی پەژمووردەم ئیحیاکەرەوە[٨٤٢]

مەولەوی، کە ئارەزووی دیداری ئازیز لە دەروونیدا سەریهەڵداوەتەوەو خەم بەحالّ نیو هەناسەی تێدا هێشتووەتەوە، بۆیە ئەوی عارف تا بە خەم نەمرێ، پەنا بۆ ساقی دەبات، کە بە پیالّەی مەی مەعنەویەتەوە بێت، تا لەگەڵ لابردنی ژەنگی دڵیدا بە مەی – کە هێمایە

---

[٨٤١] دیوانی مەولەوی، ل٣٨–٣٩.

[٨٤٢] دیوانی مەولەوی، ل٢٣٣.

بۆ مەستی بە عشقی عرفانی – هاوکات ئازاری دوڵبەر[٨٤٣] – و مەزەی چێژی خەمی یاران، کە چێژدارە لای بهێڵێتەوە. واتە ساقی هەم چێژی خۆشیو پاراستنی لە هەژموونی خەم و هەم خۆشی ئازارو خەم بهێڵێتەوە! واتە دوو کاری دژ لەیەک کاتدا بکات و ئەمەش بە زیندووکردنەوە دەزانێ، تا بەوەش بمێنێتەوە بۆ خەمێکی تر!:

هەر وە زۆر مەندەن نیم نەفەس باقی — وادەی دەورتەن، هانا، های ساقی
دەورێ دەر وەناز وە پیاڵەوە — مەزەی تام خەم یاران لەزیزەن!
فەریاد ڕەسم کەر، نەجای گشت کەسم! — مازە ئەو لەزەت بەرشۆ نە دەسم
احیام کەر وەجام صاف یەک مەنی — بەڵکو بمانوون، پەی غەمێ هەنی[٨٤٤]

مەولەوی لە شیعرێکی تردا[٨٤٥] دووبارە پەنا بۆ ساقی دەباتەوە، کاتێک کە هەستدەکات تێنەگەیشتن زۆری بۆهێناوەو جیاوازی کردوە لەنێوان ئازارو خۆشی دۆست دا – کە ئەمەش پێچەوانەی عشقو مەعنەویەتو عرفانە –، بۆیە داوای لێدەکات کە مەی پێبداتەوەو عیسا ئاسایانە ئەو تێگەیشتن و هۆشیاریە قوڵەی جارانی، کە مایەی ژیانی بووە، تێیدا زیندوو بکاتەوە:

نەیاوایی، های، ساقی زۆر ئاوەرد — تەفاوت نەبەین وەصف ئازیزکەرد[٨٤٦]
جامێ جەو بادەی وەصڵ دیدارت — جەو قەهقەهەی مەی شیشەی ڕوخسارت
بە وێنەی جاران سا پێم دەرەوە — عیسەوی ئاسا ئیحیام کەرەوە[٨٤٧]

---

[٨٤٣] دوڵبەر لە عرفاندا مێمایە بۆ ئازار بە عشق و حاڵەتی گوشین (قبض)ی مەعنەوی، بەڵام بەپێچەوانەوە، (دڵدار) مێمایە بۆ خۆشیو خۆنەویستیو حاڵەتی گوشاد (بسط)ی مەعنەوی. بڕوانە: د.سید جعفر سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٣٩٣.

[٨٤٤] دیوانی مەولەوی، ل٤٢–٤٤.

[٨٤٥] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٢.

[٨٤٦] ئەم بەیتەو چەند بەیتێکی تر لە دیوانی ساخکراوەی م.مدرس دا نیە، بەڵام لە نوسخەی ساخکراوەی حەکیمی مەلا سالح دا هەیەو وادەزانین کۆنتێکستی – سیاقی – دەقەکە ئەگەری هەبوونی بەهێز دەکات. بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ئامادەکردنی: حەکیم مەلا سالح، ٢٠٠٦، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل٣٣٦.

[٨٤٧] دیوانی مەولەوی، ل٣٤٣.

مەولەوی ئازارو کوشتنی عرفانی بەدەستی دۆست – خودا – و تیرەکانی ئازاری عشقی ئەو، بە هۆکاری زیندووکردنەوە دەزانێ، بەڵکو بە هۆکاری نوێبوونەوەی پرۆسەی ژیاندنەوەو مردنی بەردەوام – کە بە زمانی سۆفیگەری فەناو بەقایە – لوتکەی ئامانجی عارفانە:

بەڵکم ئەو صەیاد[٨٤٨] جە ناکاو جارێ　　بویەرێ پەی گەشت کوشت شکارێ
خەدەنگێ هەنی هەوادەرۆوە　　پەرێ مەرگیۆتەر ئیحیام کەرۆوە
هەرساتێ سەدجار بەو تیر نەوتەرکەش　　زیندەگی و مەردەن ئامان وەشەن وەش[٨٤٩]

شاعیر کە لەتاو تینوێتی دووری دۆست گیانی گەیشتووەتە سەر لێوی‌و هاتنی نامەی دۆست نەشئەی فێنکی تێدابوون‌و نامەهێنی دۆست بە (خضر) دەزانێ، کە زیندووی دەکاتەوە:

تەژنەی گیان وە لەب سەودای سەبووری　　کەفتەبێم نە گێچ دەریاکەی دووری
دیم نەشئەی فێنك سێراوی سەردا　　شنۆی زیندەگیم ئاماوە بەر دا
چێش خضر نامەی تۆش ئاوەردەوە　　دەك رستگاریۆ، ئیحیام کەردەوە[٨٥٠]

گەر نامەهاتنی دۆست هۆکاری زیندووکردنەوەی شاعیر پاش مردنی بە دووری ئەو بێت، هاوکات گلەیی کردنی دۆست لە نامەکەیدا هۆکاری دووبارە مردنەوەیەتی:

ئیحیا نەبوون، سانە شوون مەردەن:　　نامەکەش ئامان، گلەییش کەردەن[٨٥١]

---

[٨٤٨] صەیاد لێرەدا مەبەستی لێی (خودا)یە. بڕوانە: بەشی سێیەم، ل٤٦٢.

[٨٤٩] دیوانی مەولەوی، ل٥٢٧–٥٢٨.

[٨٥٠] سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥.

[٨٥١] سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

٢-٢-٣-١-٤/ هاوواتاکانی ژیان (زیندە)

ئەم هاوواتایەش ئەم وێناکردنانەی پێ دەربڕراوە: (سەختیەکانی ژیان و بایەخەکانمان، زیندوویەتی و مردوویەتی لە مرۆڤدا ئاوەژوو دەکاتەوە!، ئازارە دەروونییەکان، مرۆڤ دەکاتە مردووی زیندووپەنگ!، زیندوویەتی ژیان، بە ئازیزەوەیە).

مەولەوی باوەڕی وایە مرۆڤ هەندێ جار بەهۆی سەختیەکانی ژیانەوە ئاوەژووبوونەوەی ژیانەوە – لەدەستدانی سەرچاوەی ژیاندۆستی –، ئەویش ئاوەژوو دەبێتەوە و دەبێتە زیندوویەکی مردوو:

تۆ نەی کۆچدا کار وێت مەحکەم کەردەن بەڵام پیشەی من جە بێخ ئاوەردەن

تۆ مەردەی شەهید زیندەی بێ باکی من زیندەی مەردەی دەشتی خەمناکی[٨٥٢]

هاوکات مەولەوی باوەڕی وایە، ئێمە بەهۆی مرۆڤی جێگەی بایەخمانەوە – ئازیز لە ژیاندا – ژیانمان بەپێی حاڵی ئەو، ئاڵوگۆڕ یان پاستتر ئاوەژوو دەبێتەوە، وەک لەو بەیتەدا دەردەکەوێ.

مەولەوی باوەڕی وایە ئازاری سەختی جەستەیی مەرگ ئامێزی وەک مار گەستن باشترە لە ئازاری سەختی دەروونیی وەک تاسەی دووری دۆست، چونکە ئازاری جەستە کەم دەخایەنێ:

گەستەی مار خاسەن ساتێ دوو ساتەن ئەر نەمرۆ زیندەی پووی سەر بساتەن[٨٥٣]

بەڵام ئازاری دەروونی، بەتایبەتی ئازاری دووریو هیجران هەموو ساتێکی مردنێکە:

جە هیجران تۆ هەر سات مەرگمەن قەترە قەترەی زووخ نەپووی جەرگمەن

قورسیو پاستگۆیی ئەزموونی دەروونی شاعیر وادەکات، بە فۆرمێکی زۆر نزیکو دووبارەش هەمان (تێمە – Theme) لەدوای یەک بەیت بەدواوە دەربڕێتەوە:

کاشکی هەر ڕۆ یەک سیاماڕێ هەرنوو پام مەگەست چەندجار نەک جارێ

---

[٨٥٢] سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣.

[٨٥٣] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٦–٣٤٧.

بەڵکو خۆزگە سەرم بنایە بە گۆڕی ئازیزێکی تازە کۆچکردووەوە، بە حەسرەتو خەمێکی بێ ئەندازەوە:

سەر نیام وە سای گلکۆی تازەوە　　چەنی حەسرەتان بێ ئەندازەوە

نەک لەم حاڵەدا بم، کە مردوویەکی زیندوو پەنگم و هەرساتێک سەرم بە بەردی — کە وادەزانین هێمایە بۆ گۆڕ — ئازارو خەم دابکێشم:

نەک بەس تەور دیدەم مەردەی زیندە پەنگ　　هەرساتێ صەدجار سەر مدۆم وە سەنگ

مەولەوی باوەڕی وایە زیندوویەتی ساتەکانی ژیان — لەوانەش شەو زیندووکردنەوە — بە ئازیز دەکرێ، خۆئەگەر ئازیز نەما شەو زیندووکردنەوە — چ شەونشینی بێت یان شەو خواپەرستی — تاریک دەبێتو مانگی روخسارە جوانە وەک مانگەکانیش دەگیرێ:

تاریک بی شەوگار شەو زیندەداران　　گیریا تەمام بەدر ڕوخساران[٨٥٤]

٢-٢-٣-١-٥/ هاوواتاکانی ژیان (ئاوی حەیات)

ئەم هاوواتایەش ئەم وێناکردنانەی پێ دەربڕراوە: (بینینەوەی دۆست، وەک بەدەستهێنانی ئاوی ژیاندنەوە، مەحاڵە!، ڕووی یار، ئاوی ژیاندنەوەیە، باڵای جوانان لەنێو بەرگی ڕەش دا، ئاوی ژیاندنەوەیە، نامەی یار، ئاوی ژیاندنەوەی تێدایە، تلۆقی سەر ڕوومەتی دۆست، ئاوی ژیاندنەوەیە!، شاعیر ئاوی ژیاندنەوەی بەڵای لە ئەزەلەوە خواردوەتەوە!).

مەولەوی هاتنەوەی دۆستی لە دووری کوێستان، ئەوەندە بە مەحاڵ دەزانێو گرانە لەسەر دەروونی سوتاوی، وەک بەدەستهێنانی ئاوی جاویدانیو نەمری بۆ کەسێکی سووتاو دەبینێ، کە پەیداکردنی ئەو ئاوە مەحاڵەو چاککردنەوەی کەسێکی سووتاویش بەوە مەحاڵتر:

تۆو ئیستە تەشریف ئازیز گیانی　　سفتەن و تەئثیر ئاوی حەیوانی[٨٥٥]

---

[٨٥٤] دیوانی مەولەوی، ل٣٧٣.

[٨٥٥] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٦-٢٧٧.

واتە بە دیوێکی تردا، هاتنەوەی دۆست بۆ ئەو وەک بەدەستهێنانی ئاوی جاویدانیە. ئەم دەربڕینەش دەربڕینی موتریبە — نەک شاعیر کە توانای نووسینو دەربڕینی لەدەستداوە — کە موتریب لێرەشدا پێدەچێ، بەمانا عرفانیەکەی بێت، کە مەبەست لێی دابارێنەرانو ئارەزووبزوێنانی مەعنەویەتە، کە بە ئاشکراکردنی هێماو دەربڕینی حەقیقەتەکان، دڵەکان تەڕو ئاوەدان دەکەنەوە[٨٥٦]. هەروەها پێدەچێ کەسێتیەکی خەیاڵی دروستکراوی شاعیر بێ کە نزیک بێ لە خاسیەتی عرفانی[٨٥٧]. واتە شاعیر داوا لە موتریب دەکات بە دابارانەنی تەڕایی مەعنەویەتو دەربڕینی حەقیقەتەکان لەبری ئەو هەڵسێت، چونکە ئەو توانای دەربڕینی نەماوە، لە سەختی حاڵیو خەمباریەوە:

مطرب، یەکارەن، مەر سیا سەنگی　　من بەی حاڵەوە، تۆ وەی بێدەنگی
جەتەدخوای نەی بەزم خەم وەیلانەوە　　هۆردەر ئەی چەند فەرد وە دیلانەوە[٨٥٨]

شاعیر ڕووی یار لەنێو زوڵفی تاریکیدا وەک ئاوی حەیات — کە دەوترێ لە تاریکاییدایە — دەبینێ، واتە ڕووی یار بۆ شاعیر ئاوی نەمرییە:

وێت دەر وە نەرمی نەتۆی یەمانی　　نەو توپەی مانی ئاو حەیوانی[٨٥٩]

مەولەوی بالای جوانان لەنێو بەرگی ڕەشی پرسەدا بە ئاوی حەیات دەزانێو وادەبینێ کە ئاوی جاویدانیی هەودایە هەمیشە لەنێو تاریکیدایە:

حەیات جە ظلمات جیا نمە بۆ　　کاوە وە بێ بەرگ سیا نمە بۆ[٨٦٠]

---

[٨٥٦] بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٧٢٦.

[٨٥٧] لە جیهانی ئەدەبدا، ئەمە ڕێبێدەچێ، بە نمونە حافزی شیرازی هەندێ جار لە شیعرەکانیدا جگە لە بەکارهێنانی عرفانیانەی وشەی (پیر) بەماناو بەکارهێنانە جۆراوجۆرەکانیەوە، هەندێ جار کەسێتیەکی (پیر) لە شیعرەکانیدا هەیە، کە بەئاسانی ناچێتە نێو عرفانو ناتوانرێ مانایەکی واقیعی بۆ بدۆزرێتەوە. لێرەوە ڕەخنەگران و لێکۆڵەران بە کەسێتیەکی خەیاڵیو شیعریی شاعیری دادەنێن، کە بۆ دەربڕینی هەستە تایبەتیەکان لەو ڕێگەیەوە بەکاریدەهێنێت. بڕوانە: د. بهاء الدین خرمشاهی، ذهن و زبان حافظ، ل٦٤.

[٨٥٨] دیوانی مەولەوی، ل٢٧٧.

[٨٥٩] سەرچاوەی پێشوو، ل٣١١.

[٨٦٠] سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢.

هەروەها مەولەوی ناسکی ڕووی نازداریّك لەنێو کلّاوە ڕەشە پۆشینەکەیدا، بە شەپۆلی ئاوی حەیات لەنێو تاریکیدا دەبینێ:

نە تۆی تاریکی تای شەدەی بێ گەرد لەطافەت چون ئاو حەیات حەوج مەوەرد[٨٦١]

ئەو هێلّە ڕەشەکانی نامەی دۆست، بەوە دەبینێ، کەِ لەنێو ئەو تاریکیەدا ئاوی ژیانی تێدایەو دلّ باش دەینۆشێ:

نە تاریکی خەت مەعناش مە جۆشا چون ئاو حەیات دلّ خاس خاس نۆشا[٨٦٢]

واتە نامەی دۆست ئاوی ژیان و نەمریە بۆی.

مەولەوی دوبارە نامەی دۆستو شلەی مەرەکەبی قەلّەمی دۆست، بە پرژەی ئاوی حەیاتو جاویدانیی دەزانێ:

یانێ: ئازیزم یە نامەی تۆ بۆ یە ڕەشحەی حەیات سەر خامەی تۆ بۆ[٨٦٣]

بەلّکو لای ئەو ڕەنگە نامەی یار، هۆکاری هاتنی بەهارو ژیاندنەوەی سروشتیش بێت، بۆیە لە بەیتی پێشتردا دەلّێ:

نیشانەی نەورۆز وادەی وەهارەن یا نەشئەی ئامای نامەی نیگارەن

شاعیر تەنانەت نەخۆشی سەر ڕوومەتی دۆستەکەی، کە تلۆقی نەخۆشی ئاولّەی دەرداوە، بە مرواری سوورو گلّۆپکردنی سەر ئاوی حەیات دادەنێت:

ئاولّەش هوردان لالّ یەمانی وێنەی گۆی (حوباب) ئاوی حەیوانی[٨٦٤]

واتە لێرەشدا ڕوومەتی دۆست — بە نەخۆشیشەوە — بە ئاوی جاویدانیی و نەمری دەزانێ.

مەولەوی باوەڕی وایە ئەو ئاوی جاویدانیی بەلّاو دەردی خواردوەتەوە — واتە لە ئەزەلەوە وایە:

---

[٨٦١] سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٣.

[٨٦٢] دیوانی مەولەوی، ل٨٧.

[٨٦٣] سەرچاوەی پێشوو، ل٥١٤.

[٨٦٤] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٦.

من و تۆ بەڵاو زاممان ئاوەردەن　　نە چەشمەی حەیات ئاومان وەردەن[٨٦٥]

واتە: بەڵاو خەم جاویدانیە لەگەڵیدا – بە دۆستێکی دەڵێ کە ئاواتی مردنی خواستووە – دەڵێ ئێمە لە ئەزەلەوە دەردو بەڵامان گرتووەتە خۆمان و لە سەرچاوەی ئاوی حەیات ئاومان خواردووەتەوە، بۆیە خەیاڵت خاوە کە دەتەوێ بمریتو رزگارت بێت. ئێمە بە مردن رزگارمان نابێت و جیانابینەوە لە دەردو خەم:

خەیاڵ خامەن ئینە تۆ کەردەن　　پەی ما نمەبۆ جیایی وە مەردەن

٢-٢-٣-٢/ ژیان وەک چەمکی ژیان

هەروەها شاعیر لە چەند تێکستێکی تردا باس لە ژیان دەکات، بەبێ ناوهێنانی ژیانو بە ناڕاستەوخۆ ئەوە دەردەبڕێت، کە چەمکەکانی لەمانە پێکهاتوون: (ژیان گوزەرو تێپەڕگەیە. ژیان، مەمکە، مرۆڤ پێدەگەێنێو دواتر دەیبڕێتەوە!. ژیان یاریەکە، دواجار دەبێ مرۆڤ بیدۆڕێنێ!. ژیان مەیخانەیە. ژیان کاتێکە بۆ مرۆڤ دیاریکراوە. ژیان تاریکەو بڵێسەی مەستیی مەعنەوی ڕووناکی دەکاتەوە. دۆست ژیانە، دەرکەوتنی ڕۆژو بژێوییەو دیارنەمانی تاریکیو پشووە).

لە دیدی مەولەوییەوە، ژیان گوزەرو شوێنی تێپەڕینە، کە مرۆڤ لێوەی خۆی دەدات بە دەست مەرگەوە، بۆئەوەی ئەو تێپەڕینەش ئاسانتر بێت، چارە لە دەستی (ساقی)دایە، کە پیاڵەیەک مەیمان بداتێ، تا بە مەستییەوە خۆمان بسپێرین بە مەرگ!:

دێرەن با ئێمەیچ نەی گوزەرەوە　　جامێ وەدەس نێین، دەس وە سەرەوە[٨٦٦]

ئەو لە تێکستێکی تردا، جارێکی تر ژیان بە گوزەرو شوێنی تێپەڕین، بەڵام شوێنێکی تێپەڕینی تەسک دەزانێ، کە هەر ئەوەندەت زانی ئەجەڵو مردن وەک سمی ئەسپ دێتە سەرت!:

نەی گوزەرگای تەنگ بازاڕ چەپ گەرد　　هەر کاتێ زانای ئەجەل سمکێ کەرد![٨٦٧]

---

[٨٦٥] سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٠.

[٨٦٦] دیوانی مەولەوی، ل٢٨٠.

[٨٦٧] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦٠.

ئەو، کە ژیان وەک (شوێن) بە گوزەرو تێپەڕگە دەبینێ، وەک (کات)یش، دووبارە بەوەی دەبینێ، کە بەردەوام لە گوزەرو تێپەڕیندایەو ئێستاش وەک رابردوو لە تێپەڕیندایە:

حالّ ماضی ئاسا هانه گوزەردا　　مقیم مسافر پەنگ نه سەفەردا[٨٦٨]

لە دیدی مەولەوییەوە، ژیان مەکێکە کە، لە بێشکەی دونیادا شیر دەدات بە مرۆڤو پێیدەگەێنێ، بەڵام مرۆڤ نابێ خۆی لە قۆناغی شیر خواردنو منالّیدا بهێڵێتەوەو لەوە بێئاگابێت، کە ڕۆژێك کاتی بڕانەوەی لە شیر — مردن — دێت:

هەر طفلێ بێ شك نەی بێشك خەفتەن　　جەی دایە بڕیان بەودایە جفتەن

بۆیە دەبێت بێداربێتەوەو دەست لە خۆڵو یاریکردن دەربهێنێو بزانێ ئەویش — شاعیرو هەموو مرۆڤەکان — کاتی بڕانەوەی لە شیری ژیان دێت:

وەس خاکبازی کەر بێدار بەر ئامان　　بڕیانەوەی تۆپ سەروەختش ئامان![٨٦٩]

ئەو لە بەیتی یەکەمی هەمان تێکستدا، هەمان (تێمە — theme) دەردەبڕێتەوەو ژیانو دونیا لەڕووی (کات)ەوە، وەک بێشکەیەکی سوڕاوە دەبینێ، کە تاڵی دەسڕازو پێچانەوەکەی لە خەم هۆنراوەتەوە. ناکرێ ئێمە لەم بێشکەی ژیانەدا تا سەر بێئاگایانە بژینو گەورە نەبینو پەنجەی بێئاگایی وەک منداڵ ببەین بە دەممانداا!:

نەی گەهوارەی دەور تای دەسرازە خەم　تاکەی سەر ئەنگوشت غەفڵەت نەتۆی دەم![٨٧٠]

ئەو باوەڕی وایە، قەدەرو قەزا وەک قومارچیەکە، کە خۆی ئامادە دەکات بۆئەوەی مرۆڤ بدات بە دۆڕاندن و ئەوەی کە هەیەتی — کە ژیانیەتی — لێبستێنێ:

قەزا وە قومار نەپای باختمەن　　قامەت حەڵقە بەست وەخت تاختمەن![٨٧١]

لە دیدی مەولەوییەوە ژیان ئەگەر عرفانو ساقیو مەی مەعنەوی تێدابێت، ئەوا دەبێ بە مەیخانەو ئەوکات مرۆڤ بە مەستیو خۆشی تێیدا دەژیو ساتە ناخۆشەکانی تەنانەت ساتی

---

[٨٦٨] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩٢.

[٨٦٩] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٠.

[٨٧٠] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٧.

[٨٧١] دیوانی مەولەوی، ل٤٢٨.

بەجێهێڵانی ژیان – مردن – بەخۆشی بەسەردەباتو بەڵکو ئارەزووی مردن دەکات، تا ئەم مەیخانەیە[٨٧٢] ئەمیشی تێدا نەمێنێت!:

تەمامەن بەرات قەبض و حەوالەم دێرەن کەرەم کەر بدەر پیالەم
تا هیممەت وازوو وەیەک پەیمانە خالی بۆ جێمەیچ گۆشەی مەیخانە![٨٧٣]

ئەو وەک موسڵمانێک باوەڕی بە یەکێک لە پەرەنسیپە سەرەکیەکانی ئایین هەیە، کە ئەویش قەدەرو قەزایەو لەنێو ئەو پەرەنسیپەشدا باوەڕی بەوە هەیە، کە خودا پێشوەخت بڕیاری لەسەر سنورداری ژیان بەگشتیو ژیانی یەک بەیەکی مرۆڤەکان – کە لە خاڵێکدا کۆتایی بێت – بەتایبەتی داوەو خودا بە نوسەری ئەزەلیی، ئەمە دەزانێت:

سیا هەی دەفتەر میرزای ئەزەلەن زیادی و نوقمان پزق و ئەجەلەن[٨٧٤]

لە ئایدیای شاعیردا، ژیان تاریکەو مرۆڤ پێویستیی بە مەستی مەعنەوی هەیە، تا لە ناخیدا بڵێسە بداتو بەهۆی ئەو چراو مەعنەویەوە، لە دەشتی تاریکی ژیانیدا رێگە بدۆزێتەوەو ون نەبێو بتوانێ بگاتەوە بە مەنزڵو جێگەی خۆی – ژیانەکەی تر – :

جە تۆ قەهقەهە، جە پیالە مەی جە ساقی هادەی، جە ئێمە بابەی!

.....

شەرارەی مەستی ی مەی بەرشۆم نەدڵ وەو چراخەوە یاوون وە مەنزڵ[٨٧٥]

لە دیدی شاعیردا دەرکەوتنی دۆست – کە عارفو زانایە لە مزگەوتدا – لە سبەینداندا مایەی ژیانو بژێوی – بژێوی مەعنەوی – دۆستە ئازار چەشتووەکانیەتیو ئاوابوونی لە ئێواراندا مایەی حەسانەوەیانە، واتە چ بە دەرکەوتنی یان دیارنەمانی ژیان لەودایە:

طلووع و غرووب صوب ئێوارانەن مەعاش و سەبات دەردەدارانەن[٨٧٦]

---

[٨٧٢] مەولەوی، کە باوەڕی وابوو ژیان ئەگەر مەستی مەعنەوی تێدا بێت، ئەوا مەیخانەو خۆشیە، لێرەوە (خانەقا)ش وەک شوێنی ئەو مەستبوونە، بە مەیخانە ناودەبات: دەفنت نە پەهلووی مەیخانە کەردەن (دیوان، ل٥٣)

[٨٧٣] دیوانی مەولەوی، ل٤٧٢.

[٨٧٤] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٤.

[٨٧٥] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧١.

پاری سێهەم/ بەراوردی چەمکی (بوون، دونیا، ژیان) لە شیعری مەولانا و مەولەوی دا

٢-٣-١/ (بوون) لە شیعری مەولانا و مەولەوی دا

٢-٣-١-١/ لێکچوون:

دەکرێ دیارترین چەمکی لێکچووی نێوان هەردوو شاعیر لەم بوارەدا، لەم خاڵانەدا بخرێتە ڕوو:

١- هەردوو شاعیر باوەڕیان وایە، کە هەبووی ڕاستەقینە لە بووندا، بریتیە لە خوداو بوونو گەردوونو هەموو دروستکراوەکان جیلوەو سێبەری ئەون:

مەولانا دەڵێت:

ما عدم هاییم و هستی های ما　　تو وجود مطلق فانی نما[٨٧٧]

مەولەوی دەڵێت:

ئەی گرد مەوجودێ جە تۆ گرت مایە　　مەوجود هەر تۆنی و ماسیوا سایە[٨٧٨]

٢- هەردوو شاعیر باوەڕیان وایە- وەک ئایدیای عارفانی تر - ئامانج لە دروستکردنی دروستکراوەکانی بوون، بۆ ناساندنو ناسینی هەبووی ڕاستەقینەی نادیار - خودا - یە. لێرەوە مەولانا پێمان دەڵێ: نیگارکێشانی نیگارکێش - خودا - لەپێناوی تەماشاکردندایە، تا بەهۆی ئەو دەرکەوتنانەی نیگارەکانەوە، شتە نادیارو بەهرە نادیارەکان دەرکەون:

هیچ نقاشی نگارد زین نقش　　بی امید نفع، بهر عین نقش

نقش ظاهر، بهر نقش غایب است　　وأن برای غایب دیگر ببست[٨٧٩]

مەولەویش باوەڕی وایە، دروستکردنی بوون لەپێناو دەرکەوتنێکی خودادایە:

پەنهان بی تەنها، وەحدەتت مەوج وەرد　　پەی شناسایی، ظهورێوەت کەرد[٨٨٠]

---

[٨٧٦] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩٥.

[٨٧٧] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٦٠٢.

[٨٧٨] دیوانی مەولەوی، ل٣١.

[٨٧٩] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٣٦.

[٨٨٠] دیوانی مەولەوی، ل٣١.

لای مەولانا، بوون و دروستکراوەکان، بەڵگەن لەسەر جێدەستی خودا:

باعث وجود جەماە تا ماهی دەلیل اثبات صنع ئیلاهی[٨٨١]

٣- هەردووکیان باوەڕیان وایە، (بوون) لە یەکیەتی لەگەڵ خوداو پەیوەستبوون بە جیهانی مەعنەوییەوە بەدەستدێت. ئەمەش سەرەتا بە فەنابوونو یەکیەتی لەگەڵ (پیر)دا دەبێ. وەک مەولانا دەڵێ:

پیش شیری أموی مدهوش شد هستی اش در هستی او روپوش شد[٨٨٢]

مەولەویش دەڵێ:

ئەوەڵ من کێنان وجودم جه کۆن واچوون دۆسەنان شەرت قەبوڵ تۆن![٨٨٣]

تا دواتر بەیەکیەتیو فەنابوون لە خودادا دەگەیت. وەک مەولانا دەڵێ:

هستی است در هستی أن هستی نواز همچو مس در کیمیا اندر گُداز[٨٨٤]

لێرەدا هستی نواز، مەبەست خودایە واتە بوونت لە بوونی ئەو (بوون گرەوەخۆ (خودا))دا وەک مس لە کیمیادا بتوێنەرەوە، تا بەمانەوەی هەمیشەیی بگەیت.

مەولەویش بەهەمان شێوە، دەڵێ:

تەنیای حەقیقی نەردێ بشانۆ (من) و (تۆ) جەدەس (من) و (تۆ) سانۆ

(تۆ) بێ (تۆ) لوطفت پەی (من) زیاد بۆ (من) بێ (من) رۆحم وە خزمەت شاد بۆ[٨٨٥]

٤- هەردوو شاعیر باوەڕیان بەوە هەیە، (بوون) لە تێپەڕاندنی ئەو (بوون)ەدایە، کە هەیە، بۆ ئەو (بوون)ەی کە پێویستە پێی بگەین. لێرەوە مەولانا بەڕوونی پێمان دەڵێ، کە (بوون) لەوەدایە، کە دوکانی بوونی ڕابردووت دابخەیتو بەدوای کان (گەنجینە)ی نوێدا بڕۆیت:

---

[٨٨١] سەرچاوەی پێشوو، ل١٦١.

[٨٨٢] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٠٦.

[٨٨٣] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢١٢.

[٨٨٤] بڕوانە: کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر اول، ل٨٧٦.

[٨٨٥] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢١٣.

جانب تبریز در شمس حقم دیده‌اند　　ترك دُکان خوانند چونك بکان آمدند[٨٨٦]

مەولەویش بەهەمان شێوە لە تێکستی گفتوگۆکەیدا لەگەڵ پارچە شوشەکەدا، (بوون) لەوەدا دەبینێ، کە پێ بەسەر (بوونی) ڕابردووتدا بنێی:

نەگری وەگەردەن چی ها نەڕێت دا　　پا نەنیەی وەسەر وجود وێت دا![٨٨٧]

کەی مەشی نە سیلك یاران هام دەم　　کەی ڕوتبەی عالی مەوینی وەچەم[٨٨٨]

٥- هەردوو شاعیر (بوون)ی ڕاستەقینە لە یاخی بوونو دێوانەبوونو دەرچوون لە عەقڵی باوو پێوەرە باوەکانی کۆمەڵگادا، بەتایبەتی- سەرزەنشتو ستایش- ی خەڵکدا دەبینن. لێرەوە مەولانا بەڕوونی پێمان دەڵێ، کە (پیر)ەکەی - شەمس - پێی گوتووە، کە تا دێوانە نەبیو زنجیرەکانی کۆتوبەندی خەڵك نەشکێنی، شایستەی گەیشتن بە عشق و عرفان نابی:

گفت کە دیوانە نئی، لایق این خانە نئی　　رفتم و دیوانەشدم، سلسلە بندندەشدم[٨٨٩]

مەولەویش بەڕوونی باوەڕی بەوە هەیەو ئەوەش زیاتر لە تێکستی گفتوگۆ لەگەڵ زێی (زەڵم) دا دەردەبڕێت:

چەنی جە هەستی وێت تەواساییت　　چەنی جۆش عەشق مەجنون ئاساییت

بدیە چۆن هۆردان وە نام و نەنگدا　　بێ پەروا مدۆ وێش وەڕووی سەنگدا[٨٩٠]

بەڵگەیەکی تری ئەم باوەڕەی مەولەوی بەم جۆرە لە دێوانەیی، لەو تێکستەدایە، کە وەسفی (پیر)ەکەی دەکاتو بە مامۆستای فێرکەری وانەی دێوانەیی ناویدەبات:

ئوستاد تەعلیم دەرس مەجنوونیم　　دەس گیر ڕاگەی سەختی و زەبوونیم[٨٩١]

---

[٨٨٦] بڕوانە: دیوان شمس: غزل: ٨٨٦.

[٨٨٧] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٠٨.

[٨٨٨] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٠٨.

[٨٨٩] دیوان شمس: غزل: ١٣٩٣.

[٨٩٠] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢١٩.

[٨٩١] دیوانی مەولەوی، ل٢٦٤.

٦- هەردووکیان باوەڕیان بە بوون وەک جەوهەر هەیە. واتە خودا سروشتی خۆرسکی - جەوهەر - ی بە شتەکان داوەو ئەم بوونە لە جەوهەری بوونەوەرەکاندایە. ئەوە خودایە سروشتێکی وای بە ڕوخساری جوانی ئافرەتێك بەخشیوە، کە پادشایەك بێتە خزمەتکاری:

در رخی بنهد شعاع أختری که شود شاهی، غلام دختری! [٨٩٢]

مەولەویش بەهەمان شێوە، باوەڕی وایە ئەوە خودایە سروشتی فەرهادیی - دێوانەیی و عاشقی - لەسەری (فەرهاد) دا دروستکردوەو لە (شیرین) دا سروشتێکی وای دروستکردوە، کە ئەم بۆ ئەو، ئەو هونەرو نەخشەسازیە بڵندە بەرهەم بهێنێ:

دەستی شیرینش ماوەرۆ ئەویاد فەرهادی نە فەرق فەرقەکەی فەرهاد! [٨٩٣]

٧- هەردوو شاعیر باوەڕیان وایە، (بوون)ی ڕاستەقینە لە نەمانی (من)یەتی و خۆپەرستی و فەنای عارفانەدایەو عارفان ئەوانەن، کە خۆیان لە (خۆ)یان خاڵیکردوەتەوە. مەولانا دەڵێ:

أینه هستی، چ باشد؟ نیستی نیستی بر، گر تو أبله نیستی! [٨٩٤]

مەولەویش لە نامە شیعریەکەیدا بۆ (پیر)ەکەی، بەهەمان شێوە، ئەویش (بوون) لە نەمانی (من)ی و فەنابوونی هەردووکیان لە خودادا دەبینێ:

تەنیای حەقیقی نەردێ بشانۆ (من) و (تۆ) جەدەس (من) و (تۆ) سانۆ

(تۆ) بێ (تۆ) لوطفت پەی (من) زیاد بۆ (من) بێ (من) ڕۆحم وە خزمەت شاد بۆ [٨٩٥]

٨- هەردوو شاعیر باوەڕیان بەوە هەیە، کە مرۆڤ بە حیرەتو سەرسوڕمانی عارفانە - مەستی مەعنەوی نەك عەقڵگەرایی و بەڵگەی عەقڵی بەتەنها - دەتوانێ نهێنیەکانی بوون و ژیان بزانێ، چونکە ئەوە لە پرژو بڵاوی و فرەیی دیاردەکانەوە، بەرەو یەکیەتی و ئاستی قوڵی دەبات.

---

[٨٩٢] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٤٢.

[٨٩٣] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٢٢.

[٨٩٤] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل١٤٨.

[٨٩٥] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری سێیەم، ل٢١٣.

مەولانا دەڵێت:

یا نه این است و نه آن، حیرانی است گنج باید جُست، این ویرانی است[٨٩٦]

مەولەویش دەڵێت:

پێم دەر تا ڕیشەی هەستی کەروپەی قوربان تۆبچ نەی چی، دەستێ بەر پەی نەی[٨٩٧]

٩- هەردووکیان باوەڕیان بە (بوون)ی (سەماع)ی یان - سەمای مەعنەوی[٨٩٨] - هەیەو باوەڕیان وایە، مرۆڤ دەبێ لەم ژیانەدا دەنگو ئاوازی جیهانی نادیار (غیب) بە گیان ببیستێ و بەدەم ئەو ئاوازە مەعنەویەوە بڕوات و بەوە مەستو فەنا بێو بەم فەنابوونەش (بوون)ی ڕاستەقینەی بەدەست بهێنێتەوە.

لێرەوە مەولانا باوەڕی وایە، کۆی بوونو گەردوون لەسەر ڕیتم (ایقاع) دروستکراوەو بەڕێوە دەڕوات‌و کۆی جیهان لە حاڵەتی سوڕانەوەو سەمادایەو ئێمەش وەک مرۆڤ، پێویستە هەوڵی پەیوەستبوون بە هێزی مەزنی یەکیەتی خودا لە گەردووندا بدەینو دەنگی ڕیتم و سیستێمی (بوون) بە ڕۆح ببیستینو وەک هارمۆنیایەک خۆمانی لەگەڵدا بگونجێنین[٨٩٩]. لێرەوە دەبینین مەولانا زۆرجار ئێمە - مرۆڤ - بە ئامێرێکی مۆسیقای دەبینێ، کە دەنگی خودای تێدایە:

ما چو نائیم و نوا درما زتست ما چو کوهیم صدا درما زتست[٩٠٠]

---

[٨٩٦] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٤١.

[٨٩٧] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٢٥.

[٨٩٨] بەگشتی (سەماع) یان سەمای مەعنەوی لای عارفان دوو مانای هەیە:

١- هەندێکیان مەبەستیان لێی دەنگو مۆسیقاو جوڵەی جەستەییە، کە مرۆڤ دەخاتە حاڵ و وێجد.

٢- هەندێکی تریان مەبەستیان لێی دەنگو مۆسیقاو جوڵەی ناخە - نەک جەستەو دەرەوە - واتە (دەروون شنەوایی) و بە دەروونو گیان دەنگی جیهانی نادیار (غیب) ببیستی.

بڕوانە: سید محمد علی مدرسی (طباطبائی)، سماع، عرفان و مولوی، چ١، ١٣٨٦ - ٢٠٠٧، انتشارات انصاریان، قم، ل٩.

[٨٩٩] بڕوانە: بەرنامەی (مولانا جلال الدین الرومي - الشاعر الصوفي) کەناڵی ئاسمانی (الجزیرة الوثائقیة).

[٩٠٠] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٦٠٢.

لێرەوە ئەو ژیان لە مۆسیقای مەعنەوی‌و گەردوونیدا دەبینێ‌و بە باوەڕی ئەو پێغەمبەران – د.خ – و دۆستانی خودا، دەنگی مۆسیقای مەعنەوین و ژیان لە بەدەمەوەچوونی ئەو دەنگەیاندایە:

همچو اسرافیل، کاوازش بەفن　　مردگان را جان، در أرد در بدن
انبیا را در درون هم نغمەهاست　　طالبان را زأن حیات بی بهاست[۹۰۱]

مەولەویش بەهەمان شێوە، نەک باوەڕی بە (بوون)ی (سەماع)ی هەیە، بەڵکو پەنابردن بۆ ئەم جیهانەو هێماکانی ئەم جیهانە وەک: موتریب، نەی ژەن، دەروێش و هتد... زۆر لەلای دەبینرێ‌و دەتوانین بڵێین یەکێکە لە ستایڵەکانی شیعری مەولەوی:

وێەردە وێەرد، هەوڵێ پەی باقی　　ئەمجار یە دەروێش، یە نەیچی و ساقی
هۆش وە صەدای دەف، گۆش وە نەوای نەی　　دەس وە شیشەوە لێو وە جام مەی
صەفات جەفادۆ وە قەفای هەستی　　نۆشانۆشت بۆ دەواچەی مەستی[۹۰۲]

۲-۳-۱-۲/ جیاوازی:

۱- باسکردنی (بوون) وەک بوونێکی کۆنکرێتی (مادی)، لای مەولانا زیاتر لە مەولەوی دەبینرێ. لای ئەم باس لە مەبەست لە دروستکردنی (بوون) و ئامانجداربوونی (بوون) و پاڵو نهێنی دروستکردن‌و لەناوچوونی (بوون)[۹۰۳] و هتد... زیاتر هاتووە. کە ئەمە لای مەولەوی بەوجۆرە نابینرێ، یان بە ناڕاستەوخۆو کەم دەبینرێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە (بوون) لای مەولەوی وەک بوونێکی دەروونی‌و زەینی (کەسی) زیاتر دەبینرێ.

هەروەها (بوون) لای ئەم زۆرتر وەک بوونی کەسی – نەک گەردوونیی‌و وەک هەموو مرۆڤ – دەردەکەوێ. لای ئەم لافاوی خوێنی گریان‌و خەمەکانی ژیان (بوون)ی ئەمی خستووەتە گێژاوەوە:

---

[۹۰۱] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل۱۹۱.

[۹۰۲] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل۲۸۱.

[۹۰۳] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل۱۳۳، ۱۳٦، ۱۳۷.

خاشاك هەستیم هۆرگرت جەناویەرد وستش نەگێجاو تەنوورەکەی دەرد[٩٠٤]

یان دووری دۆست ئەو با بیابانیەیە، کە کێڵگەی (بوون)ی شاعیری سوتاندوە:

خصوص شەرارەی دووری زۆر کەردەن مەزرەعەی هەستیم وای سەبوون بەردەن[٩٠٥]

یان دووری دۆست – بەپێچەوانەی بای بیابانیەوە – ئەو شەختەو با پایزیە ساردەیە، کە (بوون)ی شاعیری بردوە:

جۆی چەمەی شەوقم هەم یەخ کەردەوە مەزرەعەی هەستیم شەڵتە بەردەوە[٩٠٦]

یان دووری و کۆچ ئەو لافاوەیە، کە (بوون)ی بردوە:

پەی چێش قیبلەکەم عەزم سەفەر کەرد سێڵاو دووریش ڕیشەی هەستیم بەرد[٩٠٧]

واتە بە دەربڕینێکی تر، دەتوانین بڵێین (بوون) لای مەولەوی زیاتر بوونێکی کەسی (Subjective)ە، کە وابەستەیە بە زەینو دەروونی خۆیەوەو باسی خودی تاکەکەسی خۆیو ئەندێشەو ئازارە تایبەتیەکانیەتی. بەڵام بوون لای مەولانا زیاتر بوونێکی بەرجەستەو بابەتیە (Objective) یان بە زاراوەیەکی تر بوونێکی (گەردوونی)[٩٠٨]یەو زیاتر بە ئاراستەی بینینی (گەردوونیی) بوونو ئاستی قوڵی ناخی مرۆڤەکانە، کە هەموو تاکەکان هەستی پێ دەکەن، نەك تەنها تاکەکەسی بێت.

٢– مەولانا بەگشتی بەهۆی عشقو ویجدو حاڵەتی فەنابوونی عرفانیەوە، بە حاڵێك گەیشتووە، کە ڕۆحی بەسەر جوڵەی جەستەیدا زاڵبووەو لە هەستە مرۆییە ئاساییەکانی وەك شادیو خەمو هیجرانو بەدیدار گەیشتن تێپەڕیوە، لێرەوە ئەو بەڕوونی (خەم –

---

[٩٠٤] دیوانی مەولەوی، ل٧٨.

[٩٠٥] سەرچاوەی پێشوو، ل١٨.

[٩٠٦] دیوانی مەولەوی، ٤٣٦.

[٩٠٧] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٩.

[٩٠٨] هەندێ لە لێکۆڵەرە فارسەکان لەبری (Objective) زاراوەی گەردوونیی (آفاقی) بەکاردێنن و مەبەستیان لێی باسکردنە لەو تێڕوانینو حەقیقەتە قوڵانەی، کە لە ناخو زەینی هەموو مرۆڤەکاندا هەیە. بۆ زاراوەی (Subjective)یش زاراوەی دەروونگەرایی (أنفسی) بەکاردێنن کە زیاتر بۆ باسکردنە لە تێڕوانینی تاکەکەسی مرۆڤ. بڕوانە: نقش مقصود زندگی در شعر حافظ، مجلهٔ نقد و نظر، شمارە ٣١–٣٢، پەراوێزەکان.

شادی) به بەشێك له جەسته یان بڵێین گیانی گیانلەبەری دەزانێ، بۆیە مرۆڤی عاشقی عارف لەسەرووی (غەم – شادی)یەوەیە:

باغ سبز عشق کاو بی منتهاست　　جز غم و شادی، دراو، پس میوه‌هاست

عاشقی زاین هردو حالت برترست　　بی بهارو بی خزان سبزو ترست[۹۰۹]

بەڵام مەولەوی بەپێچەوانەوە، ڕاستە لە هەندێ حاڵەتدا بە فەنا دەگاتو لەسەرووی (خەم – شادی)یەوەیە، بەڵام بەگشتی هێشتا هەستە مرۆییە ئاساییەکانی وەك: شادیو خەمو هیجرانو ئارەزووی بەدیدار گەیشتنو هتد... بەسەر بوونیدا زاڵە.

لێرەوە (بوون)ی مەولانا – بەمانای کەسێتی دەروونیو زەینی ئەو – بەگشتی بوونێکی شادەو لەسەرووی خەم – شادییەوە. هێندە شادو مەستە، کە پێی وایە بادەو مەی لەوەوە مەست دەبێ!:

باده از ما مست شد نه ما از او　　قالب از ما هست شد نه ما از او[۹۱۰]

بەڵام (بوون)ی مەولەوی بەگشتی، بوونێکی خەمبارەو لەنێو دوالیزمەی خەم و شادیدا خواروو ژوورەتیو خەم – بەتایبەتی خەمی دووری ئازیزان – بوونی ئەوی ماندوو کردوە:

والحاصل سەموم بای تاڵەی سستیم　　پەژمرده کەردەن وەهار هەستیم[۹۱۱]

بەڵکو ئەو (پیر)ەکەی بە هاوڕێی ئازارو مەینەتیەکانی ژیانو کەشتیوانی نێو دەریای دووریو هیجران دەناسێنێ:

ڕەفیق سەرحەد ئەقلیم دەردان　　ناخودای کەشتی بەحرەکەی هیجران

ڕەفیق مەحرەم عیجز و سروردم　　حەکیمەکەی ئێش زام ناسۆرم[۹۱۲]

لێرەوە دەتوانین بڵێین بوونی مەولانا زیاتر بوونێکی گەردوونییە، بەو مانایەی، توانیویەتی لەگەڵ هێزو دەوڵەتی گەردووندا – مەعشوق – خودا – پەیوەندی ببەستێو بە

---

[۹۰۹] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل۱۵۰.

[۹۱۰] مثنوی، دفتر اول، بیت: ۱۸۱۵.

[۹۱۱] دیوانی مەولەوی، ل٤۰۹.

[۹۱۲] سەرچاوەی پێشوو، ل۲٦٤.

قۆناغی بەدەستهێنانی دیداری مەعشوقو بەختەوەری گەردوونیی بگات[٩١٣]. بەڵام مەولەوی زیاتر، بوونێکی دەروونگەرای هەیە، واتە هێشتا هەوڵی بەدەستهێنانی مەعشوق – خودا – دەداتو بە دەوڵەتی دیداری مەعشوق بەتەواوی نەگەیشتووە تا بەتەواوی شاد بێ.

٣– ئەگەرچی هەردووکیان باوەڕیان بەوە هەبوو، کە (بوون) لە تێپەڕاندنی ئەو (بوون)ەدایە، کە هەیە بۆ ئەو (بوون)ەی کە پێویستە هەبێ[٩١٤]. بەڵام لەوەشدا جیاوازن، کە مەولانا ئەمە بە زمانی راستەوخۆترو لەڕێگەی دیالۆگی ڕاستەوخۆوە – لانی کەم وەک لەو شیعرە دیارەیدا کە لەگەڵ پیرەکەی (شمس) قسە دەکات[٩١٥] – ئەوە دەردەبڕێ – کە ئەمە پێچەوانەی ستایڵی بنەڕەتیەتی – کە زیاتر بە هێمایە – بەڵام مەولەوی بە هێما، نەک ڕاستەوخۆ – کە ئەمە پێچەوانەی ستایڵی بنەڕەتیەتی کە زیاتر راستەوخۆیە – ئەوە دەردەبڕێ. وەک لە تێکستی گفتوگۆ لەگەڵ پارچە شوشەکە[٩١٦]دا یان گفتوگۆ لەگەڵ زێی (زەڵم)[٩١٧]دا دەردەکەوێ.

٤– ئەگەر مەولانا وەک مەولەوی (بوون) و ڕوداوەکانی (بوون) – بوون وەک گەردوون – بە یاریو زارهەڵدان (نەرد)یک بزانێ:

همچو بازی های شطرنج ای پسر فایدهٔ هر لعب در تالی نگر[٩١٨]

بەڵام جیاوازە لەگەڵ مەولەویدا، لەوەدا کە ئەو یاری گەردوون بە جۆڵەیەکی ئامانجدارو بەکەڵک دەبینێ، وەک یاری شەترەنج کە کەڵکی هەر جۆڵەیەک دەبێ، لە جۆڵەی دواتردا

---

[٩١٣] هەندێ لە لێکۆڵەرە فارسەکان دوو زاراوەی (گەردوونی) و (دەروونگەرایی) بەم مانایە بەکاردێنن: گەردوونی (أفاقی) بەمانای دەوڵەتو بەدەستهێنانی دیدار (وصل)ی مەعشوقو هاوڕێیەتی ئەو و گەیشتن بە بەختەوەری گەردوونی بەکاردێنن. و دەروونگەرایی (أنفسی) بەمانای بەدەستهێنانی عاشقی یە، بەڵام هێشتا بەدەستهێنانی مەعشوق بەتەواوی ڕوینەداوە. بڕوانە: نقش مقصود زندگی در شعر حافظ، مجلهٔ نقد و نظر، شمارە ٣١–٣٢، ل٢٩.

[٩١٤] بڕوانە: هەر ئەم پارە، لێکچوونی ژمارە (٥)، ل٢٨٠.

[٩١٥] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٤٩.

[٩١٦] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢١١.

[٩١٧] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢١٧.

[٩١٨] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٣٦.

ببینین. بەڵام لای مەولەوی گەردوون یاریزانەو یاریزانێکی کوێرو بێ بەزەیی! و مرۆڤ کەرەستەیەکی بێ دەسەڵاتە لەبەردەمیدا!:

فەڵەك وە بەختم چ نەردێ شانای نامەی حەیاتم وە هیچ نەوانای[٩١٩]

٥- لای مەولەوی بیری عەدەمی و خەیامیانە - جیاواز لە مەولانا، کە بەوجۆرە بە زەقی نابینرێ- دەبینرێ. وەك ئەوەی باوەڕی وایە، ساقی - خودا - ئێمەی مرۆڤی بێ ویستی خۆمان، هێناوەتە نێو ئەم بوونو ژیانەو بێ ویستیش دەمانبات‌ەوە!:

ساقی ئاوەردەو گرد کیاستێنین وریا بەردێن و کردە ئاستێنین![٩٢٠]

بەڵام ئەم بیرە - لانی کەم لە مەسنەوی دا - نابینرێ.

٦- ناڕازیبوونی مەولەوی لە (بوون)ی خۆی زۆر بەرجەستەترو دیارتر دەردەکەوێ وەك لای مەولانا. مەولەوی (بوون)ی خۆی بە دامەزراو لەسەر بناغەی شەرمەزاری دادەنێ، چونکە ڕێکی‌و ناڕێکی لا ئاوەژوو بوەتەوە!:

بینای وجودم خەجڵەت ئەساسەن بەختم موخالیف نامەدیم ڕاسەن![٩٢١]

یان:

وە خیلافەوەن یاران سەرمەس تەقاضای زاتی تەبعم هەرچی هەس[٩٢٢]

ئەم ناڕازیبوونە، لە تێکستی تریشدا دەردەکەوێ، وەك ئەو تێکستەی، کە شاعیر لەگەڵ دڵی - کە هێمایە بۆ بوونی ڕاستەقینەو قوڵو هێمایە بۆ شوێنی بەیەکگەیشتنی ئەزەلیەت‌و ئەبەدیەت‌و جیهانی دیارو نادیار لە مرۆڤدا - دەدوێ‌و بە پەشێوی دەبینێ، بەجۆرێك، کە شتەکانی لای ئاوەژوو بوونەتەوەو نەکردووی کردوە بە کردوو و کردووی بە نەکردوو لێکردوە!:

دڵە تەب خاڵەت وە لێو مەوینوون حاڵەتت یەکجار پەشێو مەوینوون

---

[٩١٩] دیوانی مەولەوی، ل٣٢٩.

[٩٢٠] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٤١.

[٩٢١] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٣٣.

[٩٢٢] دیوانی مەولەوی، ل٤٥٢.

کەردەنیش وە تەیر هەڵۆ هۆش بەردە! ناکەردە کەردە، کەردە ناکەردە! [٩٢٣]

هەر ئەم ناڕازیبوونە لەخۆو شڵەژاوەییە وادەکات، پەنابردن بۆ (ساقی) – خودا یان پیر – و فریادڕەسە مەعنەویەکانی تری وەک (موتریب)، (نەی ژەن)، (دەرویش) و مەی و مەستی زۆرتر بێت لای:

صەفات جەفادۆ وە قەفای هەستی تۆشانۆشت بوو دەواچەی مەستی [٩٢٤]

یان: **خاشاك هەستیم هۆرگرت جەناویەرد وستش نەگێجاو تەنورەکەی دەرد**

بە ساقی دەڵێت:

وە قەترەی منیچ ئاویاری کەر مەست بوو تا مەحشەر سەریارو ئەویەر! [٩٢٥]

بەڵکو ئەو مەی مەعنەوی بە ئاگری سوتێنەری هەموو خاشاکو ناخۆشیەکانی (بوون) و ژیان دەبینێ:

بابەی مەی بەڵکم ئایر مەستی سۆچنۆ یەکسەر خاشاك هەستی [٩٢٦]

بەڵام ناڕازیبوونی وا توند لە (بوونی خۆ) لای مەولانا– لانی کەم لە مەسنەویدا– نابینرێ و هەربۆیە پەنابردنی وا توندیش بۆ (ساقی) و هێمای فریادڕەسەکانی ترو مەی مەعنەوی، بەو ڕادەیە نابینرێ.

٧– ناڕازیبوون و سکاڵای مەولەوی تەنها لە سنوری (بوونی خۆ)دا نامێنێتەوە، بەڵکو پەلدەکێشێ بۆ ناڕازیبوون و سکاڵاکردن لەدەست بوون‌و گەردوون – کە ئەمە لای مەولانا ئێجگار دەگمەنە – لانی کەم لە مەسنەوی دا –. بۆ ڕاستی ئەمەش نمونە زۆرە، وەک:

بەڵام چێش کەروو، (بەڵ)م هەم ڕازەن فەڵەك کەڵەك چین چەنیم کە چ بازەن! [٩٢٧]

بەڵام مەولانا نەك لەمەدا جیاوازە لە مەولەوی، بەڵکو بەتەواوی دژیەتی‌و باوەڕی وایە نەبینینی دەستی پشتەوەی چەرخ‌و بوون – چەرخ سوڕێن – خودا – ڕسواییە!:

---

[٩٢٣] دیوانی مەولەوی، ل٢٢٩.

[٩٢٤] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢١٨.

[٩٢٥] بڕوانە: هەر ئەو بەش و پارە، ل٢٣٥.

[٩٢٦] بڕوانە: هەر ئەو بەش و پارە، ل٢٣١.

[٩٢٧] دیوانی مەولەوی، ل١٦٧.

گردش چرخه رسن را علت است　　چرخه گردان را ندیدن زلت است![928]

وەنەبێ (مەولەوی)ش هەندێ جار دەستی پشتەوەی گەردونی نەبینیبێو زاڵی ئەو دەستەی بەسەر گەردونو بووندا نەبینیبێ، بینیویەتی وەك ئەوەی لە بەیتێکدا بەڕوونی سکاڵای لەدەست چەرخو گەردون لای ساقی – خودا – دەکات:

ساقی! دەس چەرخ هەر هانەکاردا　　تای تانتەی دووریش بەستەن وەداردا![929]

یان لە بەیتێکی تردا بەڕوونی بە گەردونو بوون دەڵێ: سکاڵاکردن لەدەست تۆ بێکەڵکو ئەنجامە!، چارەسەر ئەوەیە دەستی هێز – خودا – سوڕانەوەت بشکێنێ! واتە بوونی بوونو گەردون لەناوبەرێو کۆتایی بە جیهان بهێنێ:

تەئثیرش نی یەن فەریاد جەلای تۆ　　تا دەست قودرەت چەرخت نەشکنۆ![930]

بەڵام ئەم ناڕازیبوونو سکاڵاکردنە لە بوونو گەردون لای مەولانا – لانی کەم لە مەسنەوی دا – نابینرێ.

٨– لای مەولانا چەمکی نەبوون (عەدەم)، زۆرتر بەمانای عرفانی – واتە بوونی نادیار[931] – بەکاردێتو لێرەوە لای ئەو (عەدەم) دەریایەکەو ئەم جیهانە بینراوە، مشتێك ئاوە لەو!:

عدم دریاست وین عالم یکی کفی　　سلیمانیست وین خلقان چو موران[932]

بەڵکو لای مەولانا خودا عەدەمە:

ما عدم هاییم، و هستی های ما　　تو وجود مطلقی فانی نما[933]

بەڵام عەدەم لای مەولەوی، کەمتر بە مانای عرفانی وەك ئەوەی لای مەولانا هەیە، دەبینرێو زۆرتر بەمانای نەبوون دەردەکەوێ:

---

[928] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٨٥١.

[929] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٤١.

[930] دیوانی مەولەوی، ل٤٨٠.

[931] بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری سێیەم، چەمکی ژیانو مردن لە عرفانی ئیسلامیدا، ل١٠٤.

[932] دیوان شمس: غزل: ١٩٠٢.

[933] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل١٣٤.

پووشەکەی هەستیم، گیاکەی پای چەم　　وای نیستی فەنا بەردش پەی عەدەم[٩٣٤]

بەڵکو ئەو باوەڕی وایە، فرمێسکی خەم (بوون)ی ئەوی ڕامالێوەو نەماوە[٩٣٥]:

لافاو کووچەی جەستەی زوخاڵی　　هەڕگاو هەستی هەرچی بوو ماڵی[٩٣٦]

٩- ڕاستە هەردوو شاعیر باوەڕیان بە (بوونی سەماعی)[٩٣٧] هەیە، بەڵام جیاوازن لەوەدا، کە مەولەوی زیاتر لە خەمە کەسیەکانیەوە: دووری ئازیزان، خەمی ڕۆژگارو هتد... واتە بەگشتی خەمە کەسیەکان - نەک گەردونیەکانی مرۆڤ - وایلێدەکات پەنا بۆ بوونی سەماعی ببات. بەڵام مەولانا زیاتر لە هەستە گەردونیە قوڵەکانەوە - نەک هەستی کەسی - وایلێدەکات پەنا بۆ بوونی سەماعی ببات.

٢-٣-٢/ دونیا لای مەولانا و مەولەوی

٢-٣-٢-١/ لێکچوون:

دەکرێ دیارترین لێکچوونی نێوان هەردوو شاعیر سەبارەت بە (دونیا)، لەم خاڵانەدا پوخت بکەینەوە:

١- هەردوکیان باس لە دونیا لە خۆیدا - وەک شتێکی بابەتیو دەرەوەی ئێمە - و وەک سروشتێکی جێگیر دەکەنو لێرەوە هەردوکیان هەندێ لە سروشتە جێگیرەکانی دونیایان دیاریکردوە، بە نمونە وەک:

أ. دونیا شوێنی دۆخگۆڕینی بەردەوامەو جێگیر نیە:

مەولانا:

---

[٩٣٤] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٣٩.

[٩٣٥] لە کۆی ئەو (٦) جار بەکارهێنانەی (عەدەم) لە دیوانی مەولەویدا، زۆربەی زیاتر بەلای مانای (نەبوون)دا دەکەوێتو کەمتر بەمانای (عەدەم)ی عرفانیە. وەک ئەم نمونانەی تر:

ئەو خەریک نەچۆڵ شاری عەدەم دا　　من نە (کەربەلا)ی ساڕای ماتەم دا　　دیوان، ل٣١٨

عەدەمش نە پووش هەستی مەکەرد ساف　　منمانا چون خەس هەستیش نەپووی تاف　　دیوان، ل٤٠٣

[٩٣٦] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٤٠.

[٩٣٧] بڕوانە: هەر ئەم پارە، لێکچوونی ژ(٩)، ل٢٨٣.

هر نفس نو می شود دنیا و ما　　بی خبر از نو شدن اندر بقا....تاد[۹۳۸]

مەولەوی:

بەڵ ئیمشەو خەمان شێونان کەڵەک　　تا سەحەر چۆن بۆ گەردش فەڵەک![۹۳۹]

یان:

ئای چەند سەر چەنگ چەرخ چەپ وەردم　　چەرخ چەن چەرخاو من مام نەمردم![۹۴۰]

ب. فانی بوونی دونیا:

مەولانا:

دی یکی می گفت عالم حادث است　　فانیست این چرخ و حقش وارث است[۹۴۱]

مەولەوی:

فەنا پەی عاڵەم پامنێ ئەو پێش　　باقی ئەو مبۆ، وێش مماتۆ وێش[۹۴۲]

کێ زانۆ چۆن بۆ ئەی دنیای فانی　　با بەێنەبەین گەردن ئازادی[۹۴۳]

۲- هەردوکیان باوەڕیان بە ئامانجداربوونی دونیا[۹۴۴] هەیەو لە جۆری ئامانجەکەشدا هاوڕان، وەک: دونیا شوێنی پێگەیاندنی مەعنەوی مرۆڤەو کێڵگەیە بۆ ئەو کارەو بۆ هەموو کردارەکانی تریش. لێرەوە هەردوکیان دونیا بە بێشکەیەک بۆ ئەو پێگەیاندنو گەورەکردنە دەزانن:

مەولانا:

این زمین چون گاهواره طفلکان　　بالغان را تنگ می دارد مکان[۹۴۵]

مەولەوی:

---

[۹۳۸] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل۱٦۲.

[۹۳۹] دیوانی مەولەوی، ل٤۱.

[۹٤۰] سەرچاوەی پێشوو، ل٥۹.

[۹٤۱] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل۱٥٦.

[۹٤۲] دیوانی مەولەوی، ل۲۹٤.

[۹٤۳] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل۲٤٤.

[۹٤٤] بۆ زانینی ئامانجداربوونی ژیانو دونیا لە دیدی ئیسلامەوە، بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری یەکەم، ل۹۹ بەدواوە.

[۹٤٥] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل۱٦٦.

نەی گەهوارەی دەور، تای دەسرازەی خەم
تاکەی سەرئەنگوشت غەفڵەت نەتۆی دەم[٩٤٦]

هەروەها لە دیدی ئەوانەوە، دونیا کێڵگەی چاندنی کرداوە، بەڵام بەرهەم و دروێنەکردنی لەپاش مردنو لە ژیانەکەی تردا دەبێت:

مەولانا:

در زمین حق زراعت کردنی تخم های پاك، أنکه دخل، نی[٩٤٧]

مەولەوی:

ئەر صەد کشتەکەم ئاخر کارشەن هەفتەکەی ئاخر نەو وەهارشەن[٩٤٨]

هەروەها هەردوکیان باوەڕیان وایە دونیا میوانخانەیەو مرۆڤ میوانو ڕێبوارێکی کاتیە تێیدا:

مەولانا:

جمله مهمانند در عالم ولیك کم کسی داند که او مهمان کیست؟[٩٤٩]

یان:

مهمان شاهم هر شبی بر خوان احسان و وفا
مهمان صاحب دولتم که دولتش پاینده با[٩٥٠]

مەولەوی:

کاروان سەرای کۆن دەور دنیای دوون جە بارگەی یاران وە چۆڵ مەوینوون[٩٥١]

کەواتە لێرەوە مۆتیڤی – فۆرمی دەربڕینی – هاوبەش بۆ بابەت (theme)ی دونیا لای هەردوو شاعیر دەبینرێ.

---

[٩٤٦] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل٢٦٩.

[٩٤٧] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٦٩.

[٩٤٨] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل٤٠٩.

[٩٤٩] دیوان شمس، غزل: ٤٣٢.

[٩٥٠] دیوان شمس، غزل: ١٠.

[٩٥١] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٤٢.

٣- هەردوکیان دونیا بە شوێنی ئازارو ناخۆشی دەبینن‌و باوەڕیان وایە، مرۆڤ دەبێ دڵ بە ئێرەوە نەبەستێ، بەڵکو هەوڵی ئازادبوون بەرەو جیهانی راستەقینە - کە جیهانی پاش مەرگە - بدات:

مەولانا:

این جهان زندان و ما زندانیان حفره کن زندان و خودرا وا رهان[٩٥٢]

مەولەوی:

موطن ئەصلیت نەخاتر لوان میخ مۆبەتت نەپووی خاك کوان![٩٥٣]

یان:

تۆ ئازاد پەی سەیر جای جاویدانی من پابەستەی بەند ئەی دنیای فانی[٩٥٤]

٤- هەردوو شاعیر دیوی پۆزەتیڤی دونیا دەبینن‌و باوەڕیان پێیەتی. وەك ئەوەی مەولانا دونیا بە عشق‌و مەی مەعنەویەوە بە خۆش دەبینێ‌و عرفان و مەعنەوی بوون بە لەناوبەری ناخۆشیەکان‌و ئازارەکانی دونیاو ژیان دەزانێ‌و پیرەکەی (شەمس) بە زیندووکەرەوە - قیامەت - یەکی لەناکاو لە ژیانی خۆیدا دەبینێ، کە هەموو ئەندێشەو ئازارەکانی سوتاندو لەناوبرد:

ای رستخیز ناگهان وی رحمتی بی منتها ای آتشی أفروخته در بیشه‌ای اندیشها[٩٥٥]

مەولەویش باوەڕی وایە، کە دونیا بە ساقی - خودا یان پیر - و مەی مەعنەوییەوە، خۆشەو ئەو مەعنەوییبوونە لە دونیادا، زیندووکەرەوەی مرۆڤ دەبێت‌و لە ناخۆشیەکانی ژیان دەیپارێزێت‌و ژیانی شاد دەبێ:

بەو نازو عیشوە وێت پێم دەرەوە جەستەی پەژموردەم ئیحیاکەرەوە[٩٥٦]

---

[٩٥٢] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٩٨٥.

[٩٥٣] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٠٧.

[٩٥٤] بڕوانە: هەر ئەم بەش و پارە، ل٢٤٣.

[٩٥٥] یەکەم بەیتی (دیوان شمس) بەمە دەستپێدەکات. بڕوانە: دیوان شمس، غزل:١.

[٩٥٦] بڕوانە: بەشی دووەم، پاری دووەم، ل٢٤٤.

٥- هەردوو شاعیر باوەڕیان وایە، دونیا شوێنی نهێنیو پۆشینەو زۆربەی هەرەزۆری نهێنیو ڕازەکان - چ گەردوونیو ئەنتۆلۆژی بن، و چ ڕۆژانەو ئاسایی بن - لەم ژیانەدا بە نائاشکرایی دەمێننەوە. لێرەوە دونیا وەک شەوو خەوتن وایە، کە تاریکەو هەموو شتەکان - باش و خراپ - لەنێویدا دادەپۆشرێو جیهانەکەی تر، ڕۆژهەڵهاتنو شوێنی ئاشکرابوونو دەرکەوتنیانە:

مەولانا:

همچنان دنیا که حُلم نایم است　　خفته پندارد، که این خود دایم است! [٩٥٧]

مەولەوی:

ئەو کەس مزانوو ستارەن ئارۆ　　جەو بوزورگ تەرەن شەو ڕۆت نارۆ! [٩٥٨]

یان:

صوبحم نەڕووی شەو مەخەتۆ وەکەردەم　　وە کردەکەی بەد عومر وێەردەم [٩٥٩]

٢-٣-٢-٢/ جیاوازی:

دەکرێ دیارترین جیاوازی نێوان هەردوو شاعیر سەبارەت بە دونیا، لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

١- لای مەولەوی دونیا کەمتر وەک بونێک لە خۆیدا - سروشتی لە خۆیدا - دەردەکەوێ، بەڵکو زیاتر وەک بوونێک لای ئێمە - ئێمە چۆن ئەزموونی دەکەین - دەردەکەوێ، بەڵکو لەناو ئەمەشدا، زیاتر وەک دەرکەوتنێکی کەسی و تایبەتی شاعیر دەردەکەوێ. بۆیە لای ئەم دونیا بۆ کۆچکردنی مرۆڤ - دۆست - شین دەکاتو بە هەستانەوەی لە خاک، سروشتو ژیانی دونیا نوێدەبێتەوە، وەک ئەوەی لێرەدا پاشکۆی دۆست بێت، بەڵکو جیهانەکەی تریش هەر وایە!:

---

[٩٥٧] مثنوی، دفتر چهارم، بیت: ٣٦٥٣.

[٩٥٨] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل٢٤٦.

[٩٥٩] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل٤٣٦.

دنیا شینشەن نیەنی تێشدا　　بەهەشت شادیشەن مەگێلی پێشدا![960]

بەڵام لای مەولانا – بە بەراورد بە مەولەوی – زیاتر دونیا وەک بوونێك لە خۆیدا دەردەکەوێ، زیاتر لەوەی وەک بوونێك لای ئێمە دەریکەوێ. واتە لێرەوە دەتوانین بڵێین، لای مەولەوی باسکردنی دونیا زیاتر باسکردنێکی کەسی(subjective)ە:

– بەڵام بەو شەرتە مەیلت مودام بێ　　منیچ بەو مەیلە دونیام وە کام بێ[961]

بەڵام لای مەولانا، باسکردنی دونیا زیاتر باسکردنێکی گەردوونی و بابەتی(objective)ە[962]:

– دی یکی می گفت عالم حادث است　　فانیست این چرخ و حقش وارث است[963]

هەربۆیە جێناوە کەسیەکان زۆرتر لای مەولەوی دەبینرێ، وەک لە مەولانا.

لێرەوە هەڵسەنگاندنی سروشتی دونیا لای مەولەوی زیاتر هەڵسەنگاندنێکی کەسی و ئەزموونی ناخەو بەرەو مەسەلە گەردونیەکانی دەبات. بەڵام لای مەولانا زیاتر وەک باسکردنێکی گەردوونیی دێتو کەمترو دەگمەن، پەیوەست دەکرێتەوە بە کەسی خۆیەوە – لانی کەم (کەسی) وەک هەبوویەکی مێژوویی و خەمو خۆشیە تاکەکەسیەکان – لێرەوە لای مەولەوی دونیا کۆتایی دێت، چونکە دیداری یاران کۆتایی دێت!:

عەزمم پەرێ سەیر عیراقەن ئارۆ　　بنیشدێ وە خەیر فیراقەن ئارۆ

دنیا فانی یەن هەر مبۆ مەردەن　　لازمەن گەردەن ئازادی کەردەن[964]

---

[960] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٤٨.

[961] دیوانی مەولەوی، ل٢٣٤.

[962] بۆواتای (subjective) و (objective)و دەرکەوتنی لای هەردوو شاعیر بڕوانە: هەر ئەم پارە، بوون لای مەولاناو مەولەوی، جیاوازی ژ(١)، ل٢٧٧.

[963] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل١٥٦.

[964] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٤٨.

واته ئەم لێرەدا بەڵگەی خودی (subjective) دەکاتە بەڵگە بۆ ڕوداوێکی گەردوونیو بابەتی (objective)، کە دونیا کۆتایی دێت. نەک لەبەرئەوەی دەقە پیرۆزەکان یان لۆژیکو زانستو مەعریفەو عرفان وا دەڵێن، نا، بەڵکو، چونکە دیداری یاران کۆتایی هات.

٢- باسکردن لە تایبەتمەندیەکانی دونیا - تایبەتمەندی گەردوونیو گشتی - لای مەولانا بەرجەستەترو سیستماتیک تر وەک لای مەولەوی. ئەم بەڕوونی باس لەوە دەکات، کە: دونیا نوێو دروستکراوە، نەک ئەزەلیو هەر هەبوو. کۆڵەکەو ستوونی دونیا لەسەر بێناگایی دامەزراوە. ئەم جیهانە شوێنی جەنگەو لەسەر دژیەکی (پارادۆکسیکاڵ) وەستاوە[٩٦٥] و هتد... بەڵام ئەم جۆرە باسکردنە بەرجەستەو سیستماتیکەی دونیا لای مەولەوی بە دەگمەن دەبینرێ. ئاماژەکردن بە تایبەتمەندیەکانی دونیا لای ئەم زیاتر لەمیانەی دەربڕینی هەستی شاعیر بەرامبەر بە دونیا دێت.

هەر لێرەشدا دەرکەوتنی تایبەتمەندیو خەسڵەتە گەردونیو قۆڵەکانی دونیا لای مەولەوی - کە وتمان کەمترن و زیاتر لە ئەزموونی کەسی شاعیرەوەیە - زیاتر بە ئاراستەی نێگەتیڤدا - زیاتر لە پۆزەتیڤی - دەردەکەوێ[٩٦٦]، بەڵام باسکردن لە لایەنە پۆزەتیڤەکانی دونیا لای مەولەوی زیاتر بە ئاراستەی مرۆڤدا دەکەوێ. ئەوە مرۆڤە - نەک سروشتی دونیا - کە پۆزەتیڤبوون و جوانی و خۆشی بە دونیا دەبەخشێ:

دنیا نەگێجاو تاریکە شەو بێ	جەلاو ڕۆشنیش جەلا چون خەوبی
ناگا شۆڵەی خۆر، صوب فەردا، فەڕدا	وە سەر بەرز هەرد وە دەشت و دەردا[٩٦٧]
دنیا شینشەن نییەنی تێشدا	بەهەشت شادیشەن مەگێڵی پێشدا[٩٦٨]

---

[٩٦٥] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٥٥

[٩٦٦] بە نمونە: - دونیا ئەو شوێنەیە، کە ئێمەی مرۆڤ بێ ویستی خۆمان بۆی هێنراوین:

ساقی ئاوەردەو گرد کیاستێنین وریا بەردێنی و کردە ئاستێنین بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٤١.

- دونیاو گەردون ئاشی هارینی مرۆڤە!:

صەدای ئاسیاو چی مەیۆ پەیاپەی ئاساو خاڵی یەن نۆبەتەن سادەی! بڕوانە: بەشی سێهەم، پاری دووەم، ل٣٩٦

[٩٦٧] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٤٣.

[٩٦٨] بڕوانە: هەر ئەو بەش و پارە، ل٢٤٨.

بەڵام لای مەولانا دونیا لە سروشتی خۆشیدا وەک خەسڵەتێکی گەردوونی لایەنی پۆزەتیڤی هەیە، وەک ئەوەی خۆی سروشتی تێکدەری خۆی ئاشکرا دەکات!:

کون می گوید: بیا من خوش پی ام وأن فسادش گفته: رو، من لاشی ام[٩٦٩]

هەروەها ئەوە سروشتی بێئاگاکەرانەی دونیایە، کە ڕاگری ژیانی مرۆڤە!:

أستن این عالم ای جان، غفلت است هشیاری، این جهان را آفت است[٩٧٠]

ڕاستە مەولاناش مرۆڤ بە گەورەی جیهان دەبینێ و لای ئەم مرۆڤ (شازادە)[٩٧١] و کە هاتووەتە وێرانە — دونیا — بەڵام ئەم مرۆڤە لای مەولانا مرۆڤێکی گەردوونی و گشتییە — سەرووی مێژوویەکی دیاریکراوە—، بەڵام لای مەولەوی مرۆڤە ئاساییەکانی نێو مێژووی خۆیەتی، گەرچی بەرەو تایبەتمەندی گشتی دەبات.

٣— دونیاو گەردون لای مەولەوی زۆرتر— بە بەراورد بە مەولانا — وەک نەیارێکی توندو دژە مرۆڤ دەرئەکەوێ. ڕاستە وێناکردنی سامناکانەو دژە مرۆڤی دونیا، لای مەولاناش هەیە، وەک ئەوە، دونیا بە دەمی تیمساح، یان دونیا وەک دەمێکو ئەستێرەکان وەک ددانی[٩٧٣] دەرئەکەوێ، بەڵام ئەمە لای مەولەوی زۆر توندترە. هەر لەم هەستی دژە دونیاوەیە، کە مەولەوی پێمان دەڵێ: بە کوێرایی چاوی دونیا رابوێرە!:

چەنی گەرمی نەزم بەزم پڕ شادی بویاری وە ڕەغم ئەی دنیای بادی![٩٧٤]

کە لێرەدا ڕەگەزێکی بیری عەدەمیو خەیامی، بەڕوونی لای مەولەوی دەرئەکەوێ، چونکە (خەیام)یش ڕێگەیەکی دیاری بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سامناکیو نیگەرانیەکانی ژیاندا، لە پەنابردن بۆ رابواردندا دەبینێ[٩٧٥]. گەرچی دەکرێو — بێگومانیش وایە — کە چەمکو

---

[٩٦٩] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٥٧.

[٩٧٠] بڕوانە: هەر ئەو بەش و پارە، ل١٥٦.

[٩٧١] بۆ بە (شازادە) بینینی مرۆڤ لای مەولانا بڕوانە: بەشی سێهەم، پاری یەکەم، ل٢٧٦.

[٩٧٢] بۆ بە (بان) بینینی مرۆڤ لای مەولانا بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٦٣.

[٩٧٣] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٦٣.

[٩٧٤] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٤٧.

[٩٧٥] بڕوانە: مرتضی فلاح، سەنگاە بە مرگ، ل٢٣٧ بەدواوە.

شێوازی رابواردن لای مەولەوی‌و خەیام جیاواز بێت، بەڵام هەردووکیان لەوەدا هاوبەشن، کە دونیا دژە مرۆڤەو مایەی ترس‌و نیگەرانیەو دەبێ بە رابواردن ترس‌و نیگەرانیەکانی کەم بکەینەوە. بەڵام ئەم بیرە عەدەمی‌و خەیامیانە لای مەولانا ئێجگار کەم‌و دەگمەنە[٩٧٦].

٤- لای مەولانا زاڵی جیهانەکەی تر - جیهانی نادیار بە جیهانی پاش مەرگیشەوە - بەسەر جیهانی دیار - دونیا - دا زۆرتر بە بەراورد بە مەولەوی - دەردەکەوێ. لێرەوە مەولانا دونیا بە نەبووی هەبوو نوێن دەبینێ:

عدم دریاست وین عالم کفی سلیمانیست وین خلقان چون موران[٩٧٧]

هەر لێرەدا جیاوازیەکی تری مەولاناو مەولەوی لەوەدایە، کە عەدەم لای مەولانا زۆرتر بەمانا فەلسەفی‌و عرفانیەکەی دێت - کە جیهانی نابەرجەستەو نادیار دەگەێنێ[٩٧٨]، بەڵام عەدەم لای مەولەوی زیاتر نزیکە لە واتا ئاساییەکەی عەدەمەوە، کە مانای نەمان دەگەێنێ[٩٧٩].

وتمان لای مەولانا زاڵی جیهانی نادیارو جیهانەکەی تر بەسەر جیهانی دیار - دونیا - دا دەبینرێ، لێرەوە ئەو دونیا - جیهانی بینراوو مادی - بە بەراورد بە جیهانی نادیارو سەروو مادە، کە جیهانەکەی تریش درێژکراوەی ئەمە، وەك بەراوردی (گوند) بە (شار) دەبینێ:

دە مرو، دە مرد را احمق می کند عقل را بی نور و بی رونق کند[٩٨٠]

---

[٩٧٦] بۆ زانینی جیاوازی مەولاناو خەیام. بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری یەکەم، ل٣٤٨.

[٩٧٧] دیوان شمس: غزل: ٢١٥٦.

[٩٧٨] بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری سێیەم، چەمکی ژیان‌و مردن لە سۆفیگەری و عرفانی ئیسلامیدا، ل١٠٢ بەدواوە.

[٩٧٩] بە نمونە، سەرنج لەم بەیتانە بدە:

پووشەکەی هەستیم، گیاکەی پای چەم وای نیستی فەنا، بەردش پەی عەدەم بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل١٧٥.

عەدەمش نە پووش هەستی مەکەرد ساف منمانا چون خەس هەستیش نەڕووی تاف بڕوانە: بەش و پاری پێشوو، ل١٧٥.

[٩٨٠] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٦٨.

ه- لای مەولەوی زیاتر بیری جەبریەت - جەبریەتی نێگەتیف[٩٨١] - و عەدەمی بەرامبەر بە دونیاو ژیان دەردەکەوێ. مەولەوی باوەڕی وایە، مرۆڤ بێ ویستی خۆی بۆ ئەم دونیا - کە لای وەک کۆنە میوانخانەیەک دەبینرێ - هێنراوەو بوونو گەردوون یاری بە مرۆڤ دەکەن[٩٨٢] و مرۆڤ لەم میوانخانەیەدا، تەنها ئەوەی کە خواردوویەتی لەگەڵ جەستەو بوونیدا دەبیات و جگە لەوە هەموو شتێکی تر جێدەهێڵێ:

ساقی! ئاوەردەو گرد کیاستێنین وریا بەردێن و کردە ئاستێنین[٩٨٣]

لێرەوە جەبریەتی مەولەوی زیاتر جەبریەتێکی نێگەتیڤانەو ترس ئامێز (خوفی)ەو نیگەرانی دەکات، ئەو هەموو ژیان، کە لەنێو سێ رەهەندی کاتیی (رابردوو - ئێستا - ئایندە)دایە، زیاتر وەک رابردوو لە جوڵەو چوونداە دەبینێ. چونکە لە دیدی ئەوەوە ئێستاش وەک رابردوو دەڕوات و نیشتەجێ لەم جیهانەدا نیە، بەڵکو نیشتەجێش وەک ڕێبوار وایەو ئەویش لە سەفەردایە، چونکە ژیان دەڕوات:

حالّ ماضی ئاسا هانە گوزەردا مقیم مسافر ڕەنگ نەسەفەردا![٩٨٤]

بەڵکو مەولەوی باوەڕی وایە، هەموو ژیانو دونیا لە گوزەرو تێپەڕیندایەو کەس نازانێ بۆچی یەکێك دەڕوات و یەکێك دێت!:

هەرچی دیت وە چەم شی وە سەفەردا هەرچی موینی هانە گوزەردا

---

[٩٨١] مەولاناش باوەڕی بە (جەبری) بوون هەیە، ئەو باوەڕی وایە پێغەمبەرانو شوێنکەوتووە باوەڕ پێهێنەکانیان، لەم دونیادا (جەبری)ن و بە وبستی خۆیان (ئیختیار)یان دەخەنە لاوەو بە (جەبری) خۆیان پابەندی ڕێنماییەکانی خودا دەکەن، بەڵام لە جیهانەکەی تردا (ئیختیار) بەدەستدەهێنن. بەپێچەوانەوە بێ باوەڕان، لەم جیهانەدا ئیختیاریان هەیەو لە جیهانەکەی تردا بە جەبریو بێ ویستی خۆیان ژیان بەسەردەبەن:

انبیا را کار دنیا جبری اند کافران را کاری عقبی جبری اند

بەڵام ئەم جەبریەتە لای مەولانا پڕۆژەتیڤە نەک نێگەتیڤ. بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٧١.

[٩٨٢] مەولەوی باوەڕی وایە، بوونو گەردوون یاری بە مرۆڤ دەکەن. بڕوانە: هەر ئەم بەشو پارە، بوون لای مەولاناو مەولەوی، جیاوازی ژ(٤)، ل٢٨١.

[٩٨٣] بڕوانە: بەشی دووەم، پاری دووەم، ل٢٤١.

[٩٨٤] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٤٢.

کەس حاڵی نەبی وە هیچ نەفاما ئەو پەی چێش وبەرد، ئێد پەی چێش ئاما![٩٨٥]

جا بەهۆی ئەو سروشتەی ژیانەوە – کە کاتی ڕاستەقینەی بریتیە لە رابردووی بەردەوام – دونیا دەبێتە هۆی چۆڵکردنی ژیان لە دۆستان:

کاروان سەرای کۆن دەور دنیای دوون جەبارگەی یاران وە چۆڵ مەوینوون![٩٨٦]

لێرەشدا جیاوازی بە (میوانخانە) بینینی دونیا لای مەولاناو مەولەوی دەردەکەوێ، میوانخانەکەی مەولەوی، زیاتر بە بەڕێکردن و لادانی ناچاری دەبینرێو تەرکیز زیاتر لەسەر باسکردنی سروشتی میوانخانەکەیە، کە کۆنەو دەڕوات‌و ژیان لە یاران چۆڵدەبێت‌و هتد...

بەڵام میوانخانەکەی مەولانا زیاتر لایەنی میوانداری‌و کەمتر نیگەرانی‌و ناچاری پێوە دەردەکەوێ‌و فۆکس‌و ڕۆشنایی زیاتر لەسەر مرۆڤە، کە کەمتر دەژانێ، کە میوانەو میوانی کێیە!:

جمله مهمانند در عالم ولیك کم کسی داند که او مهمانی کیست؟[٩٨٧]

ئەم حاڵەتی هاتنە دونیا ناچاریە، لای مەولەوی، بەدبینی‌و نیگەرانی زیاتر دەنوێنێ. ئەو تۆزی خاکی زەوی دونیا بە تۆزی کەللەسەری یارانی کۆچکردوو دەبینێ!. چاڵە ئاوەکانی زەوی بە چاڵی چاوی مردوان دەبینێ!:

ئەی ڕا ڕای خەتەر ڕاویارانەن سفیدیش غوبار کەللەی یارانەن!

بورکەش جای دیدەی پڕ هووناو دڵ میل، بالای بێ گیان وامەندەی خجڵ[٩٨٨]

وەك ئەوەی جوگرافیای زەوی‌و تۆپۆگرافیا – بەرزو نزمی – هەکەی، جگە لە نیشانەیەك بۆ تێکشکاندن‌و لەناوبردنی مرۆڤ زیاتر نەبێ[٩٨٩]. بەڵام ئەم بەدبینیەو بەم جۆرە تونده لای مەولانا نابینرێ.

---

[٩٨٥] دیوانی مەولەوی، ل٥٣٣.

[٩٨٦] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٤٢.

[٩٨٧] بڕوانە: هەر ئەم بەش‌و پارە، لێکچوونی ڕ (٢)، ل٢٨٥.

[٩٨٨] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل٤٢٠.

[٩٨٩] سەیر لەوەدایە ئەو گیای سەوزبووی دەمی بەهار، بە ڕواو لەسەر سنگی یارانی کۆچکردوو دەبینێ!:

٦- راستە هەردوو شاعیر جیهانو دونیا بە ناجێگیرو شوێنی دۆخگۆڕینی بەردەوام دەبینن، بەڵام دۆخگۆڕینی دونیا لای مەولانا زۆرتر وەک دۆخگۆڕینێک لەنێو سیستێمدا - گۆڕاوی لەنێو نەگۆڕی (بەقا)دا - دەردەکەوێو وەک سروشتێکی گەردوونی - لە خۆیدا - خۆی دەنوێنێ:

هر نفس نو می شود دنیاو ما　　بی خبر از نو شدن اندر بقا[٩٩٠]

بەڵام دۆخگۆڕینی دونیا لای مەولەوی جۆرێک لە شڵەژاندنو تێکدانی ژیانو ژیانی مرۆڤی - دۆخگۆڕین لای ئێمە - پێوە دەرئەکەوێو ئەو گۆڕانە - بەدەگمەن نەبێت - هاوتەریب نیە، لەگەڵ ویستو خواستی مرۆڤدا:

بەڵ ئیمشەو خەمان شێونان کەڵەک　　تا سەحەر چۆن بۆ گەردش فەڵەک![٩٩١]

٧- لەگەڵ هەبوونی مۆتیڤی لێکچوودا لای هەردوو شاعیر، بەڵام مۆتیڤی جیاوازیش دەبینرێ، کە دیارترین ئەو مۆتیڤە جیاوازانەش وەک بە (گوند) بینینی دونیا، یان بە (بەرگدروو) بینینی دونیا لای مەولانا، کە لای مەولەوی نەک مۆتیڤی نابینرێ، بەڵکو هاوشێوەی نزیک لەوەش لای نابینرێ.

٢-٣-٣/ ژیان لای مەولاناو مەولەوی

٢-٣-٣-١/ لێکچوون:

لە بواری چەمکی ژیانو تێڕوانینیاندا بۆ ژیانیش، دەکرێ گرنگترین لێکچوونی نێوان هەردوو شاعیر، لەم خاڵانەدا دیاری بکرێت:

چ خاس خاس شنیۆ نە ئێواران دا　　سەوزە وە ڕووی خاک جەرگەی یاران دا

بوین ڕەعشەی وەجد دڵەی پاکشان　　عەیان نەشنیای سەوزەی خاکشان! (دیوانی مەولەوی، ل٤٣).

[٩٩٠] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل٤٦٢.

[٩٩١] نمونەی تر لای مەولەوی لەم ڕووەوە زۆرە، وەک ئەم بەیتە:

خەیر بۆ، هەم فەڵەک کام خەیاڵ کەردەن　　دیسان من پەی شەڕ وە یاد ئاوەردەن! (دیوانی مەولەوی، ل٢١٠).

١- هونەری گیانکردنەبەر بێگیان یان پێرسۆنالێتی (Personality Personifaction) لای هەردوو شاعیر دەبینرێو هەردووکیان سروشتو ژیان بەگشتی وەك شتێکی زیندوو دەبینن.

وادەزانین دەرکەوتنی ئەم هونەرە لای هەردوو شاعیر، بەر لەوەی هۆکارێکی هونەری هەبێت، هۆکارو پاڵنەرێکی هزری‌و فەلسەفی هەیە. چونکە هەردوو شاعیر، وەك دوو عارف، کاریگەرن بەو ئایدیا عرفانیەی، کە لە بناغەوە هەموو بوون‌و جیهان بە زیندوو دەبینن[٩٩٢]. لێرەوە لە دنیابینی عرفانیی مەولانادا هەموو بوون زیندوو و چالاکە، بەرد سڵاو لە پێغەمبەر دەکات و درەخت (حەنانە) تامەزرۆیی بۆ دەردەبڕێو هتد...:

سنگ بر أحمد سلامی می کند — کوه یحیی را پیامی می کند

ما سمیعیم و بصیریم و خوشیم — با شما نا محرمان ما خامشیم![٩٩٣]

جمله اجزای جهان پیش عوام — مرده و پیش خدا دانا و رام![٩٩٤]

لای مەولەویش بەهەمان شێوە، ئەو زیندوویەتی خوداو دەرکەوتنی لە هەموو شتێکدا دەبینێ. لای ئەو خودا: باش وەستای دروستکەری هەموو قەڵاکانی بوونەو ئەو سپیکەری- بەبەفر- ی تاق‌و پەنجەرەی ئەشکەوتەکانە:

به ناباشی بورج بەرزە دیاران — سفیدکاری کەرد تاقچەی موغاران[٩٩٥]

ئەو - خودا - دروستکەری هەموو دیوارەکانی بوونە - بە بوونی شاعیریشەوە -:

هۆسای تای شاوڵ دانش وە مشتی — به ناباشی ی بورج دیواران گشتی[٩٩٦]

ئەو میراوی جۆگەی عشقە لە بووندا:

حەیفەن تۆ میراو سەر جۆی بادەبی — وە هەر کەس بەقەد کەفاف دادەبی[٩٩٧]

---

[٩٩٢] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٦٩.

[٩٩٣] مثنوی، دفتر دوم، بەیتی (٥٨) بەدواوە.

[٩٩٤] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٧٥.

[٩٩٥] دیوانی مەولەوی، ل٢٧٨.

[٩٩٦] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢١٦

لەڕووی هونەری شیعریشەوە ئەم دنیابینیە – وەک عەبدولکەریم سروش و شەفیعی کەدکونی دەڵێن – بووەتە هۆی ئەوەی، دیاردەی (پێرسۆنەڵێتی) ببێتە ستایلێکی شیعری مەولاناو لەلایەکی تریشەوە، کردوویەتی بە شاعیرێکی جیاواز لە شاعیرانی تری فارس، کە ئەم هونەرەیان بەکارهێناوە، چونکە ئەم بە هۆشیارانەو لە دیدێکی عرفانی و فەلسەفیەوە ئەو کارە دەکات[۹۹۸]. هاوکات ئەدەبناسانو لێکۆڵەران باوەڕیان وایە پێرسۆنەڵێتی یان بڵێین خوازەی درکاوی لە خوازەی بەرەڵاو چواندن کاریگەرترە، چونکە زەین بۆ تێگەیشتنی ئەو، پێویستی بە وردەکاریو تێڕامانی زیاتر هەیە[۹۹۹]. ئەمەش چەند نموونەیەکە لە هونەری پێرسۆنەڵێتی لە شیعری مەولانادا:

– بیار أن جام خوش دم را که گردن می زند غم را (دیوان شمس: غزل:۲۱۱۹)

لێرەدا جامی مەی، لە ملی خەم دەدات و دەیپەڕێنێ.

– **أبد دست ازل بگرفت و سوی قصر أن مه بُرد** (دیوان شمس: غزل: ۲۳۵۷)

ئەبەد دەستی ئەزەلی گرتوو بەرەو کۆشکی ئەو مانگە – یار – ی برد

– **ای غم أجلت درین قنینه ست گر مردنت ارزوست بر خیز**

(دیوان شمس: غزل: ۱۱۹۲)[۱۰۰۰]

ئەی خەم ئەجەلو کۆتایی تۆ لەنێو ئەم پیالەدایە، ئەگەر ئارەزووی مردن دەکەی ئەوا بجوڵێ!.

ئەم هونەری پێرسۆنەڵێتیەش لای مەولەوی هێندە بەرجەستەیە، کە بووەتە ستایلێکی شیعری شاعیر، لەو ڕوەوە خانمی کەلسومی عوسمان پور دەرکی بە ئامادەیی فراوانی ئەم هونەرە لای مەولەوی کردوەو ئەو پێمان دەڵێ کە مەولەوی بەگشتی شاعیرێکی خوازەگەرا (Metaforist)ەو لە کۆی (۱۰۱۸) خوازەش، کە لە دیوانی مەولەوی دەریهێناوە، (٥٤٨)

---

[۹۹۷] دیوانی مەولەوی، ل۱۸۱.

[۹۹۸] بڕوانە: د.عبدالکریم سروش، در حضور حضرت مولانا – جزو اول، www.dr.sorosh.com. هەروەها: د.محمد رضا شفیعی کدکنی، شرح غزلیات شمس تبریز، جلد ۱، ل۹۸.

[۹۹۹] بڕوانە: کلثوم عثمان پور، دوزخ دوری، ل۱۲٥.

[۱۰۰۰] ئەم نمونە شیعریانە لە د.محمد رضا شفیعی کدکنی، سەرچاوەی ناوبراو، ل۹۸–۹۹ وەرگیراوە.

خوازەیان لە جۆری (خوازەی درکاوی)یە، کە ڕۆژئاواییەکان (Personaliti) پێدەڵێن. مەولەوی — وەک ئەو دەڵێ — لە گیانکردنەبەر هەرچی لە دەوروبەریدا هەیە، کارامەییەکی تایبەتی هەیە[1001].

ئەم بەیتانەش نمونەیەکن لەم هونەرە:

پەی نیگای بالای مەحبوب بێ گەرد　　یەخ ئاینەگرت، تەم چارشێو ئاوەرد[1002]

لێرەدا بە سەهۆڵبوونی ئاو لە زستاندا، وەک کەسێکە کە ئاوێنە بگرێ بۆ یار — خودا — و تەمیش وەک تارای سپی بۆ ڕوخساری.

نمونەیەکی بڵندی پێرسۆنەڵێتی لای مەولەوی لە تێکستی دیالۆگی یان ڕاستتر مۆنۆلۆگکردن لەگەڵ چەمی (زەڵم)دایە، کە وەک مرۆڤێک وێنا دەکرێ، کە دێوانە ئاسا لە بوونی خۆی بێزارەو سەر بە بەردو داردا دەکێشێو بێباکە لە خەڵک[1003].

یان: ژەهر خەم شی یەن نەکام شادیم　　هەر دەردەن مەیۆ موبارەک بادیم[1004]

لێرەدا ئازاری (خەم) وەک مرۆڤێک وێنا دەکرێ، کە بۆ پیرۆزباییکردن لە شاعیر دێت و قسەی لەگەڵ دەکات!

٢— هەردوو شاعیر باوەڕیان وایە، ژیانی دونیا مەمك و شیرێکە، کە مرۆڤ بەوە پێدەگاتو گەورە دەبێو بەوە شایستەی ماڵێکی نوێو ژیانێکی نوێ— ژیانەکەی تر— دەبێ، بەڵام دەبێ ئەمە وەک قۆناغ — نەك هەمیشەیی — سەیر بکاتو گەورە ببێو قۆناغی (لە شیر بڕانەوە) تێپەڕێنێ، وەگەرنا لە شیر بڕانەوەی ناچاری (مردن) وازی پێدەهێنێ:

مەولانا:

پس حیات ماست موقوف فطام　　اندك اندك جهدكن، تم الكلام

چون جنین بود، أدمی بُد خون غذا　　از نجس پاکی برد مؤمن، كذی[1005]

[1001] بڕوانە: كلثوم عثمان پور، دوزخ دوری، ل١١٢، ١١٤.

[1002] دیوانی مەولەوی، ل٣٧٨.

[1003] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٢٣.

[1004] دیوانی مەولەوی، ل١٤٩.

[1005] مثنوی، دفتر سوم: ٤٩—٥٢.

مەولەوی:

هەر طفلێ بێ شك نەی بێشك خەفتەن جەی دایە بڕیان بەو دایە جفتەن

وەس خاکبازی کەر بێدار بەر ئامان بڕیانەوەی تۆیچ سەروەختش ئامان![1006]

٣- (مرۆڤ سێنترالی) لە ژیاندا، یەکێکە لە خاڵە هاوبەشەکانی هەردوو شاعیر. واتە هەردووکیان بەڕوونی مرۆڤ بە میحوەرو سەرچاوە بۆ سروشتو ژیانو دیاردە هەمەجۆرەکانی دەزانن.

بە نمونە مەولانا وەرزەکانی سروشت، بە دووبارەبووی وەرزەکانی ناخی مرۆڤ دەزانێ:

ای برادر عقل یك دم با خود أر دم به دم در تو خزان است و بهار[1007]

یان ئەو باوەڕی وایە، ئەوە مەی نیە، کە مرۆڤ مەست دەکات، بەڵکو ئەوە مەستی ناو ناخی مرۆڤە، کە مەی والێدەکات!:

باده در جوشش گدای جوش ماست چرخ در گردش گدای هوش ماست[1008]

مەولەویش بەهەمان شێوە نامەی مرۆڤ - یار - بە هۆکاری هاتنی بەهار دەزانێ:

نیشانەی نەورۆز وادەی وەهارەن یان نەشئەی ئامای نامەی نیگارەن؟[1009]

لای شاعیر دڵداری جوان لەپشتی دەوارەوە خۆی پیشان دا، وەك چی؟ وەك وێنەی خۆی - شت نابینێ لەو سێنترالترو بایەخدارتر - لە دڵی شاعیردا!:

چون چیهرەی خەیاڵ ڕوخسارەکەی وێش زنتۆی پەردەی دڵ مەعدوومی دڵ ڕێش[1010]

یان نامەی دۆست پێچی خواردووە وەك چی؟ وەك لەشی تێکشکاو پێچ خواردووی شاعیر:

نامەی صەد ئەشکەنج وە هەم پێچ وەردەن چون من سەرتاپاش شکستەی دەردەن[1011]

[1006] بڕوانە: بەشی سێهەم، پاری دووەم، ل٤٢٩.

[1007] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٨٨.

[1008] مثنوی، دفتر اول:١٨١٤.

[1009] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٦٧.

[1010] دیوانی مەولەوی، ل١٨٢.

ئەمەش وادەزانین، بەرلەوەی هونەرێکی دەربڕینو ڕەوانبێژی شیعری بێت، بۆ مرۆڤ سێنترالّی لە ئایدیای شاعیردا دەگەڕێتەوە.

٤- هەردوو شاعیر باوەڕیان وایە، کە مراندنی ژیانی جەستە - کە مەولانا بە ژیانی ئاژەلّیو خاکی ناویدەبات - سەرەتای ژیانی ڕاستەقینەیە:

مەولانا:

أزمودم مرگ من در زندگی است چون رهم زین زندگی پایندگی است[١٠١٢]

مەولەوی:

هاتەن ئەلوەدای زیندەگانیش کەرد قەدەم ڕەنجەکەر هام فەردەکەی فەرد[١٠١٣]

٥- هەردوو شاعیر باوەڕیان وایە، کە عرفانو عرفانی عشقیو مەی - مەستی - مەعنەوی، زیندووکەرەوەی مرۆڤەو ئەوە ژیانی ڕاستەقینە بە مرۆڤ دەبەخشێ و ژیان لە سایەیدا دەبێ بە خۆشیو مەیخانەو مرۆڤ بەوە بەسەر هەموو سەختیەکانی ژیاندا زاڵ دەبێ:

مەولانا:

ای غم اجلت درین قنینەست گر مردنت أرزوست برخیز[١٠١٤]

مەولەوی:

تەمامەن بەرات قەبض و حەوالّەم دێرەن، کەرەم کەر بدەر پیالّەم

تا هیممەت وازوو وەیەك پەیمانە خالّی بۆ چیمەیچ گۆشەی مەیخانە[١٠١٥]

٦- لای هەردوو شاعیر عشقی زەمینیو مرۆڤانە - عشقێکی مرۆڤانەی مەعنەوی وەك عشق بۆ ڕەگەزی مێ - ئامادەییەکی فراوانی هەیەو هەردوو شاعیر باوەڕیان وایە، (یاران)

[١٠١١] سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢.

[١٠١٢] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٨٨.

[١٠١٣] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٥٢.

[١٠١٤] بڕوانە: دیوان شمس: غزل: ١١٩٢.

[١٠١٥] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٧٠

— بەتایبەتی یارانی مەعنەوی — کرۆکی ژیانن‌و لێرەوە، ژیان لە فەنابوون‌و نەمانی خۆو (من)یەتی‌و جێگیربوونی دۆست دایە لە (خۆ)دا لەبری (تۆ)و بەوەش شادمانی بەدەستدێت.

لێرەوە مەولانا باوەڕی وایە جیاوازی و نەگونجانی مرۆڤەکان بەهۆی گیانی ئاژەڵیەوە — جەستەو حەزە زەمینییەکان — دروست ئەبێ، بەڵام کاتێك کە مرۆڤەکان توانیان لەوە بڵند ببنەوەو بە گیانی مرۆڤانەو مەعنەوی بگەن، ئەوا یەکیەتی (وحدت) لەنێوانیاندا دروست ئەبێ:

تفرقه در روح حیوانی بود　　نفس واحد، روح انسانی بود[1016]

هەر لێرەوە مەولانا بوونی ڕاستەقینە لەوەدا دەبینێ، کە (من) نەمێنێ‌و تۆ بەو — دۆستی مەعنەوی لێرەدا (پیر) — دابپۆشرێیت:

پیش شیری أهوی بیهوش شد　　هستی اش در هستی او روپوش شد[1017]

بەهۆی ئەوەشەوەیە، کە لە گریاوپەوە بەرەو خەندە ژیانی گۆڕا، بەڵکو لە مردن بۆ ژیان هات:

مرده بدم، زنده شدم　　گریه بدم، خنده شدم[1018]

مەولەویش وا بە دۆستەکەی دەڵێ:

بەڵام یادەکەت ناستەنش (وێم)، (پێم)　　(وێم) بەرکەرد نیشتەن (وێش) جەیاگەی (وێم)

ئەجزای تەن یەکسەر جە شادمانی　　نمەیۆش وە خاو صەد زندەگانی[1019]

ئەمیش ژیان‌و شادمانی لە نەمانی (من) و (تۆ)یی — تۆیی دۆست (پیر) — دا دەبینێ[1020].

هەر لێرەوە دۆست — یاران — لای هەردووکیان سەرچاوەی سەرەکی ژیان دۆستین. لای مەولانا — وەك ئەکادیمی ناوداری ئێرانی (سیروس شمیسا) دەڵێ — یاران هێندە سەنتەرو

[1016] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل۱۸۵.

[1017] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ۱۵۳.

[1018] هەر ئەو بەش و پارە، ل۱۵۰.

[1019] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ۲۵۲.

[1020] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، بوون لای مەولەوی، لێکچوونی ڤ (۳)، ل۲۸۰.

چەقن، کە (مەسنەوی) جگەلە باسکردنی مەولاناو یارانی هیچی دیکە نییە[1021]. وادەزانین ئەم وتەیە زۆر زیاتر بۆ مەولەویش ڕاستەو دەیان بەیتی شیعریش ئەوە دەسەلمێنن:

نەی چی! وە بەبێ بەزم یاران جانی　　کام سەفا مەندەن پەی زیندەگانی![1022]

دەرووم دایم جەهوون کەیل تۆن　　حەیاتم وە شەوق هەوای مەیل تۆن[1023]

٧– هەردووکیان باوەڕیان وایە، ژیان لە لەدایکبوونەوەی ئیختیاریدایە:

مەولانا:

چون دوم بار ادمیزاده بزاد　　پای خود بر فرق علت ها نهاد[1024]

زادهٔ ثانی است أحمد در جهان　　صد قیامت بود او اندر عیان[1025]

مەولەوی:

دەورەی دوبارەی پای حەق هەرکەس دیش　　بۆی باخچەی ئەبەد مەیۆ نەبینیش[1026]

وادەزانین لەنێو ئەم باسکردن لە ئایدیای لەدایکبوونی دووەمەدا، مۆتیڤی (پێ نان بەسەر خۆدا یان سەر سەری خۆدا – پای خود بر فرق علت ها نهاد)ی مەولانا، کاریگەری بەسەر (پانەنیەی بەسەر وجود وێت)دای مەولەوی دا نواندوە.

٨– هەردوو شاعیر ژیان لە داخوازیو بەدەستهێنانی تامەزرۆیی دا – نەک بەدەستهێنان خۆیدا – دەبینن:

مەولانا:

أب کم جو تشنگی أور به دست　　تا بجوشد أب از بالا و پست

تا سقاهم ربهم أید خطاب　　تشنەباش والله أعلم بالصواب[1027]

[1021] بڕوانە: د.سیروس شمیسا، مولانا و چند داستان مثنوی، چ١، ١٣٩٠ – ٢٠١٢، نشر قطره، تهران، ل١٧١ بەدواوە.

[1022] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٥٤.

[1023] بڕوانە: هەر ئەو بەش و پارە، ل٢٥٤.

[1024] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٩٠.

[1025] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٩٠.

[1026] بڕوانە: هەر ئەم بەش و پارە، ل٢٠٨.

مەولەوی:

وەرنە ئارەزووی ژیان مەحالەن　　خەیاڵ حەیات فکرێ بەتاڵەن[1028]

بەڵکم شەرارەی نائیرەی فیراق　　نەسوچێ تەمام سەوزەی ئیشتیاق[1029]

دەروونم دایم جە هوون کەیل تۆن　　حەیاتم وە شەوق هەوای مەیل تۆن[1030]

٩- هەردوو شاعیر باوەڕیان بەوە هەیە، کە پێغەمبەرانو (پیر)و مرۆڤە مەعنەویەکان زیندووکەرەوەی مرۆڤنو زیندووبوونەوەی ڕاستەقینە لە پەیوەندیکردن بەوانەوەیە:

مەولانا:

انبیا را در درون هم نغمه‌هاست　　نشنود آن نغمه‌ها را گوش حس[1031]

چون تو اسرافیل وقتی، راست خیز　　رستخیزی ساز، پیش از رستخیز[1032]

مەولەوی:

سا پێم دەر، دەی دەی، پەی پەی، نەو مەی، مەی

لطایف مەردەم یەکسەر بکەر حەی[1033]

هەر لێرەوە هەردوو شاعیر باوەڕیان بەوە هەیە، وتەی ڕۆحیو ئاوازئاسای کەسێتیە مەعنەویەکان، مرۆڤە هەست مردوو و دوور لە مەعنەوییبوونەکان زیندوو دەکاتەوە:

مەولانا:

جان های مرده، أندر گور تن　　بر جهد أز أوازشان اندر کفن[1034]

[1027] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل٢٠٢.

[1028] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٥٩.

[1029] دیوانی مەولەوی، ل٢٣٤.

[1030] بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل٢٢٨.

[1031] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٩١.

[1032] مثنوی، دفتر اول، بیت: ١٩٢٢.

[1033] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٦١.

[1034] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل٢٠٤.

چونکه دەنگی ئەوان – وەک مەولانا دەڵێ – دەنگی زیندووکەرەوەی خودایە، کە لە جیهانی نادیارەوە دێت:

گوید: این أواز، ز أواها جداست　　زندەکردن کار أواز خداست[1035]

مەولەوی:

مطرب مەقامێ دەردم ناچارەن　　ساقی یا جامێ دۆس ئینتیظارەن[1036]

صەدای دەف و نەی بەیۆ نەگۆشت　　نەشئەی　　مەی بەخشۆ حەیات وەهۆشت[1037]

٢-٣-٣-٢/ جیاوازی:

دەکرێ دیارترین جیاوازی نێوان مەولاناو مەولەوی لەبارەی ژیانەوە، لەم خاڵانەدا چڕبکەینەوە:

١- باسکردنی ژیان لای مەولانا، زیاتر وەک باسکردنێکی گەردوونیی و بابەتیی[1038] (objective) دەردەکەوێ. واتە ئەم بەشێوەیەکی گشتیو لەسەرووی مێژوو و ژیانی کەسی خۆیەوە باس لە چییەتی ژیان دەکات. خۆیشی لەنێو ژیاندا زیاتر وەک مرۆڤێکی گەردوونییو گشتی – نەک تایبەت – دەردەکەوێ:

جمله اجزای جهان پیش عوام　　مرده و پیش خدا دانا و رام[1039]

حکمت این اضداد را باهم ببست　　ای قصاب! این گردان، باگردن است[1040]

[1035] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل٢٠٤.

[1036] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل٤٣٥.

[1037] بڕوانە: هەر ئەم بەش و پارە، ل٢٥٨.

[1038] لای مەولانا باسکردنی دونیاش، زیاتر گەردوونییو بابەتییە. بڕوانە: هەر ئەم پارە، جیاوازی ڕ (٢)، ل٢٩٠.

[1039] مثنوی، دفتر ششم، بیت: ٨٦٠.

[1040] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٨١.

بەڵام بەپێچەوانەوە لای مەولەوی باسکردنی ژیان، زیاتر باسکردنێکی دەرونەکی‌و کەسیی (subjective)ەو ئەم زۆرتر لەنێو مێژوو و ژیانی کەسی خۆیدا باس لە ژیان دەکات — گەرچی هەندێ جار بەرەو ئاستی گەردوونی‌و بابەتی دەبات —:

ئاخر پڕی وەهار نەوجوانیمەن ئەوەڵ پڕی پایز زیندەگانیمەن

چێنش خضر نامەی تۆش ئاوەردەوە دەك پستگار بۆ، ئیحیام کەردەوە[1041]

هەربۆیە لای مەولەوی — بەپێچەوانەی مەولاناوە — جێناوی کەسی لەگەڵ زاراوەی (ژیان)دا زۆرتر دەردەکەوێ: (حەیاتم، زیندەگیم و هتد...).

وادەزانین هۆکاری ئەمەش زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە مەولانا زیاتر شاعیرێکی حەماسییە، کە بەگشتی دەتوانێ کارەکتەرێك لەسەرووی مرۆڤی ئاساییەوە بەرهەم بهێنێ، کە سەرقاڵی پرۆاوە گەورەو چارەنوسسازەکانە. بەمەش فەزایەکی بڵندی بۆ دەسازێنێ‌و لە فەزای ژیانی ئاسایی پڕژانە بڵندتری دەکاتەوە. بەمەش مرۆڤە ئاساییەکان بە بەشداری پێکردنیان لە بەرهەمە حەماسییەکەی خۆیدا لە سەختی‌و خەم‌و ئازاری ژیان بۆماوەیەك پزگار دەکات. بەڵام مەولەوی پاستە زۆرجار هەوڵی بڵندکردنەوەی خۆو مرۆڤەکان بۆ ئاستە بڵندو چارەنوسسازەکان دەدات، بەڵام پاستگۆیانە مرۆڤ لەنێو سەختی‌و خەم‌و ئازاری ژیاندا دادەنێ‌و بەخۆشی دڵخۆش‌و بە ئازارو مردنی دەیلاوێنێتەوە، واتە شاعیرێکی تراژیدییە — زیاتر لە حەماسی — گەرچی ئەویش دەیەوێت بەرەو حەماسیەت‌و بڵندیمان ببات.

لەلایەکی ترەوە مەولانا — بەپێچەوانەی مەولەوییەوە — لە باسکردنی دیاردەکانی ژیاندا، لە دیاردە گەردوونییەکانەوە (أفاقی)، بەرەو دیاردە دەرونەکی (أنفسی)[1042] یەکان دەپرات. بە نمونە ئەو لە باسی بەهارو سروشتدا لە بەهارو سروشتی پشتەوەی سروشت (میتافیزیك)ەوە دێتە سەر باسی سروشت:

در خزان أن صد هزاران شاخ و برگ در هزیمت رفته در دریای مرگ[1043]

[1041] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٥٥.

[1042] بۆ زاراوەی گەردوونیی‌و دەروونەکی، بڕوانە: بەشی دووەم، پاری سێیەم، ل٢٧٦.

[1043] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٨٧.

یان دیاردەکانی سروشتیش — بە نمونە بەهارو پایز — بە دووبارەبوونەوەی دەروونی مرۆڤ دەزانێو بە باوەڕی ئەو لە ناخی مرۆڤدا — وەک سروشت — گۆڕانی وەرز هەیە، بەڵام گۆڕانی وەرزی مەعنەوی:

ای برادر عقل یك دم باخود أر دم به دم در تو خزان است و بهار[١٠٤٤]

بەڵکو ئەو وتەو وزەی پێگەیێنەری مرۆڤە مەعنەویەکان، بە هێنەری ئەو وەرزانە دەزانێ:

گفته های أولیاء، نرم و درشت تن مپوشان زأنکه دینت راست پشت

گرم و سردش نوبهار زندگی است مایهٔ صدق و یقین و بندگی است[١٠٤٥]

بەڵام لای مەولەوی زۆربەی جار بەپێچەوانەوەیە. واتە لە باسکردن لە دیاردە دەروونیو سروشتیە ئاسایی‌و بینراوەکانەوە، بەرەو باسکردنی دیاردە گەردوونی‌و قۆناغەکان دەڕوات‌و پرسیاری گەورە سەبارەت بە مەسەلە ئەنتۆلۆژی‌و گەردوونیەکان دەوروژێنێ‌و بەرەو مرۆڤی گەردوونی‌و گشتی دەڕوات. وەک ئەوەی ئەو لە باسکردنی بەهاری فیزیکیەوە بەرەو بەهاری مەعنەوی‌و گەردوونیی دەڕوات:

وەهارەن سەوزەن، ئاوەن، سەرکاوەن هاژەی وەفراوەن، شاخەی شەتاوەن

سا پێم دەر، دەی دەی، پەی پەی، نەومەی، مەیلطایف مەردەم یەکسەر بکەی حەی[١٠٤٦]

یان لە شیعری گفتوگۆی لەگەڵ زێی (زەڵم)دا لە سروشت‌و شوێنکاتەوە بەرەو مەسەلە گەردونی‌و سەروو شوێنکاتەکان دەڕوات:

چەنی جەهەستی وێت تەواساییت چەنی جۆش عەشق مەجنون ئاساییت

مەوجم بنچینەش بدۆوەهەم دا هەستیم دۆ وە بەرد هەرد عەدەم دا![١٠٤٧]

کە لێرەدا سروشت (زەڵم) — نەک مرۆڤ — دەبێ بە (پیر)ی ئەوو وانەی عشق‌و دێوانەیی‌و بڵندبوونەوەی مەعنەوی فێردەکات![١٠٤٨].

[١٠٤٤] بڕوانە: هەر ئەو بەش و پارە، ل١٨٨.

[١٠٤٥] بڕوانە: هەر ئەو بەش و پارە، ل١٨٨.

[١٠٤٦] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٣٠٥.

[١٠٤٧] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢١٩.

یان له تێکستێکی تردا، به گفتوگۆ لەگەڵ (دڵ)ی دەستپێدەکات، که هەواڵی هاتنی بەهاری دەداتێو پەیتا پەیتا بەرەو عرفانو پرسیارو تێڕامانی گەردوونی گەورەی دەبات. بە (دڵ)ی دەڵێت: ئەم بەیانیو ژیانە بە هەل بزانە، چونکە تۆ ڕوانیت بەدوای تێپەڕینی چەندین بەیانیو ڕۆژدا، ئەبێ چەند بەیانی و ڕۆژیش بەدوای تێپەڕینی — مردنی — تۆدا بڕوانن! :

دڵە وادەی صوبح نەو وەهارانەن　　وەخت ئاگاهی ی دەردەدارانەن

هەرکەسێ دانش نەفامش نەبێ　　بینی عرفانش زوکامش نەبێ

تۆ دیای وە شۆن چەند صوبح تۆدا　　کەو چەند صوبح بدیێ وە شۆن تۆدا![1049]

٢— ئەگەر هەردوو شاعیر هاوبەش بن لە باوەڕبوون بەوەی عرفانو مەعنەوییوونو مەیو مەستی مەعنەوی زیندووکەرەوەی مرۆڤەو مایەی خۆشیو زاڵبوونی مرۆڤە بەسەر ناخۆشیەکانی ژیاندا[1050]، بەڵام لەوەدا جیاوازن، کە پەنابردنی مەولانا بۆ عرفانو مەعنەوییوون — مەستیی مەعنەوی — زیاتر لە پاڵنەرێکی ئەنتۆلۆژی (وجودیی) و گەردوونیی قوڵەوەیە — نەک سەختیو ناخۆشیەکانی نێو شوێنکاتو دەوروبەری خۆی —. ئەو زۆرتر خەمی دوورکەوتنەوەی (منی) گەردوونی — نەی — لە جیهانی ڕەسەنو بالا — نەیستان — هەیە:

بشنو این نی چون شکایت می کند　　از جداییها حکایت می کند[1051]

بۆیە ئەم خەم و ئامانجی سەرەکی خۆیو مرۆڤەکان لەم ژیانەدا، بەوە دەبینێ، کە دەبێ هەوڵی گەڕانەوە بۆ ئەو جیهانە ڕەسەنو سەرچاوە — کە سەرچاوەی ژیانو ژیانی

[1048] بڕوانە: سەبور عەبدولکەریم (شکار)، مۆتیڤی (پیر) لە شیعری مەولەوی دا، کتێبی (ڕێوڕەچەی نەقشبەندیو بەرهەمی شاعیرەکانی)، چ١، ٢٠١٣، وەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوان، ل٤٥.

[1049] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل٤٤٤.

[1050] بڕوانە: هەر ئەم وەچە پارە، لێکچوونی ڕ (٥)، ل٢٩٩.

[1051] مثنوی، دفتر اول، بیت: ١.

ڕاستەقینەیە — بەدەن. بۆیە دوورکەوتنەوە لەو جیهانە، خەمی قوڵی ئەوو مرۆڤایەتیەو ژیانیش لەو گەڕانەوەدایە:

هر کسی کو دورماند از اصل خویش باز جوید روزگار وصل خویش[1052]

لێرەوە غوربەتو فیراق و خەمی مرۆڤیش — لە ئاستی قوڵیدا — بۆ دوورکەوتنەوە لەوێ دەگەڕێتەوە:

سیر گشتم از غریبی و فراق سوی اصل و سوی انجاز آمدیم[1053]

گرنگی عشقو عرفانیش—عرفانی عشقی— هەر بۆئەوە دەگێڕێتەوە، کە ڕێگەی بردنەوەی مرۆڤە بەرەو ئەوێ:

برادرم، پدرم، اصل و فصل من عشقست که خویش عشق بماند نه خویشی نسبی[1054]

بەڵکو ئەو پیرەکەی — شەمسی تەبریزی — بە پردێك و بەشێك لەو ژیانو جیهانە بنچینەیە دەزانێ:

شمس تبریز اصل اصلش أخر نه برونی أن پری بود[1055]

بەڵام لای مەولەوی بەجۆرێکی تر، ڕاستە مەولەوی — وەك مەولانا — باوەڕی بەوە هەیە، کە نیشتمانی ڕاستەقینەی مرۆڤ ئەم جیهانە نیەو بەڵکو جیهانی سەرچاوەو جیهانەکەی ترەو دەبێت بیری لای گەڕانەوەی بۆ ئەوێ بێت:

موطن ئەصلیت نەخاتر لوان میخی مۆبەتت نەڕووی خاك کوان![1056]

ڕاستە ئەمیش — وەك مەولانا — پیرەکەی بەوە دەبینێ، کە لووتی مەعنەوی بە بۆنی جیهانی بنچینەییو بالای مرۆڤ، پڕو بۆنخۆشە:

دەماخ وە نەشئەی سەربەرزان کەیل مورشید میراو سەرجۆی بادەی لەیل[1057]

[1052] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل۱۷۸.

[1053] مثنوی، دفتر چهارم، بیت: ۱۷۵.

[1054] دیوان شمس، غزل: ۳۰٤۹.

[1055] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل۱۸۰.

[1056] بڕوانە: بەشی دووەم، پاری سێهەم، دونیا لای مەولاناو مەولەوی، لێکچوونی ڕ (۳)، ل۲۸٦.

بەڵام ئەمە لای مەولەوی، بە بەراورد بە باسکردن لە خەمەکانی ژیان لەنێو ئەم جیهانەدا کەمە، بەڵکو پەنابردنی مەولەوی بۆ جیهانی عرفانو مەعنەویبوونو مەستی مەعنەوی، زیاتر بەهۆی خەمو سەختیەکانی نێو شوێنکاتو دەوروبەری خۆیەوەیە، وەک ئەوەی خەمو خولیای (منی گەردوونی) بێت وەک مەولانا. بۆیە ئەم زیاتر پەنابردنی بۆ ئەم جیهانە مەعنەویەو هێماکانی وەک: ساقی، موتریب، نەی ژەنو هتد... بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە[1058] — گەرچی ناوبەناو بەرەو مەسەلە گەردونیەکان دەڕوات —.

ئەو لە تێکستێکدا بەڕوونی دەڵێ، مەی ساقی بۆئەوەیە، کە جەورو خەمی دەوراندو زەمانە بەبا بدات:

یاران وێەردەن تۆبەمەن دەی دەی ئیسە وەکارەن ساقی! نەشئەی مەی
دەورت گەرد جەور دەوران دا وەباد ناز واچۆ بنۆش، غەمزەکەت نۆش باد[1059]

بەڵکو ئەو خەمی مردنو چوونی خۆی، بە مەی عرفانی لەبیر دەکات:

مطرب، سازەکەت نۆف چ وەش تەرزیی ئەمجاریش وەک دەنگ مەجلیس هەر بەرزیی
تاکوورەی زاریم بڵێسە ساتۆ داخ لوای وێم جە دڵ نەماتۆ[1060]

هەر لێرەوە (دووری) لای مەولانا زیاتر فیراق و دووری ئەنتۆلۆژیە، و هاواری ئەو لەدەست دووری بە پلەی یەکەم، لەدەست ئەم جۆرەیە لە دووری— دووری عرفانی— و (جودابیە)، نەک (تەنهایی)، بیرمەندو ئەکادیمی ئێرانی (د.عبدالکریم سروش) باوەڕی وایە، جیاوازی نێوان مرۆڤی مۆدێرنو مرۆڤی عارف ئەوەیە، کە مرۆڤی مۆدێرن بەهۆی (تەنهایی)یەوە ئازار دەچێژێ، بەڵام مرۆڤی عارف بەهۆی (جودایی)یەوە. ئەم وەک ئەوی تر نیە، چونکە کەسێک

[1057] بڕوانە: سەبور عەبدولکەریم (شکار)، مۆتیڤی (پیر) لە شیعری مەولەوی دا، ل٤٥.

[1058] لە باسی (بوونی سەماعی) دا لای هەردوو شاعیر لە ڕەهەندی (بوون)ەوە باسمان لەم جیاوازیە کرد. بڕوانە: بوون لای مەولاناو مەولەوی، جیاوازی ڕ (٩)، ل٢٨٩.

[1059] بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل٤٢٥.

[1060] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٩.

و شوێنێکی هەیە، بەڵام لێیان جودا بووەتەوە[1061]، لێرەشەوە چیرۆکی ژیانی مەولانا، جگە لە چیرۆکی گەڕانەوەی رۆحێکی گەردوونیی بۆ نیشتمانی خۆی زیاتر نیە:

بشنو این نی چون شکایت می کند از جداییها حکایت می کند

کز نیستان تا مرا ببریده‌اند در نفیرم مردوزن نالیده‌اند[1062]

واتە ئەم خەمی تەنهایی نیە، بەڵکو خەمی جودایی هەیە. ئەمەش ئەو — مەولانا — توانیویەتی تا ئاستێکی زۆر تێیپەڕێنێو بووە بە بەسەرهاتو رابردوو و حیکایەت لەلایو بەسەرهاتەکەی بۆ ئێمەی مرۆڤەکان (منی گەردوونیی) دەگێڕێتەوە، بۆیە دەڵێت: از جداییها حکایت می کند. بەڵگەیەکی تر لەسەر ئەوەی، کە مەولانا ئەو حاڵەتی جودایی تێپەڕاندوەو سکاڵای نەماوە، ئەم بەیتەیە کە بەڕوونی دەڵێ من سکاڵا ناکەم، بەڵکو دەیگێڕمەوە:

من ز جان جان شکایت می کنم من نیم شاکی روایت می کنم[1063]

بەڵام لای مەولەوی زۆرتر (دووری) دووری تەنهاییە، نەک دووری جودایی و عرفانی:

ژار دووری دۆس ئازیزەن تۆشم نمەیۆ پازان شیرین نەگۆشم[1064]

ئارەزوومەندیم جە حەد ویەردەن فراوان خەیلێ تاسەی تۆم کەردەن[1065]

بەڵکو ئەوە دووری تەنهاییە — نەک عزرائیل — کە گیانی دەکێشێ!:

مەعدوومی خەم کێش، خەم زەدەی خەمبار زەرد دەرد سەخت دووری بالای یار

یەن دەرد بێ حەد جەلاش جەم بەستەن تەصدیع جەگەردەن ئەزاییل وستەن![1066]

[1061] بڕوانە: د.عبدالکریم سروش، مولوی و غرب: www.dr.sorosh.com

[1062] مثنوی، دفتر اول، أبیات: ۱–۲.

[1063] مثنوی، دفتر اول:۱۷۸٤.

[1064] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل۳۰۹.

[1065] دیوانی مەولەوی، ل۱۵.

[1066] سەرچاوەی پێشوو، ل۳۰٦.

بەڵکو سەیرلەوەدایە، بەشێکی (خەمی) شاعیر بۆ دووری ئازیزان، لەبەر دووری ئەوان — دووری بە مردن — نیە، بەڵکو لەبەر (تەنهایی) ئەوانە لە گۆڕدا!:

ئازیز! تۆ هەرچەند بێ مەیلی کەردی وە بێ من تەشریف ئەو حضوور بەردی

من تەنیایی تۆ مدۆ ئازارم جەنامایی وێم خەجاڵەت بارم![1067]

لەم ڕوەوە دەتوانین بڵێین ئازاری دووری و تەنهایی مەولەوی زیاتر لە مرۆڤی مۆدێرن دەچێ، تا مرۆڤی عارف. ئەمە بەو مانایەش نیە، کە دووری عرفانیو جودایی عرفانی لای ئەم نیە، هەیە — وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد — بەڵام لەمەی دووەم کەمترە.

٣- ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی ژیانی مرۆڤ لەنێو ژیاندا، دابەشبکرێ بە سێ جۆر ژیانەوە: یەکەم: ژیان لەگەڵ خەمو ترس.. دووەم: ژیان لەگەڵ ئومێد. سێهەم: ژیان لەگەڵ خۆشەویستیو عشقدا[1068]. ئەوا دەتوانین بڵێین مەولانا ژیانی زیاتر لە جۆری سێهەمە. ڕاستە ئەو لە سەرەتاوە ترسو نیگەرانی هەبوو و خەمبارو گریاو بوو، بەڵام گۆڕا بۆ خەندەو خۆشی:

مردە بدم، زندە شدم گریە بدم، خندە شدم[1069]

ڕاستە ئەو بوونی مرۆڤانەی قوڵی خۆی وەک (نەی) دەبینێ، کە لە نیشتمانو جیهانی ڕەسەنی — نەیستان — دابڕابوو و بەوەش هێندە ئازارو هاواری بەرز بوو، کە هەموو خەڵکی — ژنو پیاو — لە دەردی ئاگاداربوون:

[1067] دیوانی مەولەوی، ل٣٤٤.

[1068] عارفی گەورە خواجە عەبدوڵلای ئەنساری باوەڕی وایە بەشێوەیەکی گشتی سێ جۆر ژیان — بەتایبەتی لای عارفان — هەیە: یەکەم: بە ترسو نیگەرانیەوە ژیان، لەگەڵ زانست بە هۆکاری ئەو ترسو نیگەرانیە. دووەم: بەئومێدەوە ژیان، لەگەڵ زانست بە هۆکاری ئەو ئومێدبوونە. سێهەم: بە خۆشەویستیو عشقەوە ژیان، لەگەڵ زانست بە هۆکاری ئەوە. بە باوەڕی ئەو عارفە، بەترسەوە ژیان، دامێنی مرۆڤ بە خاوێنیو چاوی بە بێداریو ڕێگاکردنی بەڕاستی دەهێڵێتەوە. ژیان بە ئومێدەوە، باری مرۆڤ ڕاستەکاتەوەو توێشووی بۆ تەواو دەکاتو ڕێگەی بۆ نزیک دەکاتەوە. بە خۆشەویستیو عشقەوە ژیانیش، پایەی مرۆڤ بەرزەکاتەوەو دڵی ئەو شاد دەکاتو نهێنیو ڕازی ئازاد دەکات. بڕوانە: د.سیدە مریم أبوالقاسمی، اصطلاحات ومفاهیم عرفانی دیوان شمس، چ٢، ١٣٨٦ — ٢٠٠٧، وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، تهران، ل٣٤٠.

[1069] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل١٥٠.

کز نیستان که مرا ببریده‌اند در نفیرم مرد و زن نالیده‌اند[1070]

بەڵام ئەم هەر لەم جیهانەدا توانی بە رۆح‌و عرفان تا ئاستێکی بڵند بە جیهانی پەسەن‌و بالا بگاتەوە‌و ئەو هاوارو نالەی جودابیە بوو بەبەشێك لە پابردوو و وەك چیرۆکێکی گەردونی بۆ هەموو مرۆڤەکانی دەگێڕێتەوە:

بشنو این نی چون شکایت می کند از جداییها حکایت می کند[1071]

بەڵام لەبەرامبەردا دەتوانین بڵێین مەولەوی ژیانی زیاتر لە جۆری یەکەمە. پاستە ئەو ژیاندۆستەو بە ئومێدیشەوە دەژی‌و داوا لە خۆی دەکات، کە ئەژنۆی ئومێدی نەلەرزێ:

مەعدوومی! کردەی بەدی هەزار تەرز زانووی ئومێدت ناوەرۆ ئەو لەرز[1072]

بەڵام زۆرینەی تێکستەکانی شاعیر، زیاتر دەربڕی خەم و ترس‌و نیگەرانیەکی قوڵن بەرامبەر بە ژیان[1073]، بەڵکو بەهەمان خەم و نیگەرانی‌و ترسەوە سەیری مردنیش دەکات[1074].

٤- لە سێ کاتەکەی ژیاندا (رابردوو - ئێستا - ئایندە)، لای مەولەوی زیاتر رابردوو - بەتایبەتی رابردووی بەردەوام - زۆرترین ئامادەیی هەیە، زیاتر لە ئێستاو ئایندە:

هەرچی دیت وە چەم شی وە سەفەردا هەرچی موینی هانەگوزەردا[1075]

ئەو باوەڕی وایە لە ئەزەل‌و پابردووی بوونیەوە، خەم‌و نەهامەتی لەگەڵیدا هاتووە!:

من و تۆ بەڵاو زاممان ئاوەردەن نە چەشمەی حەیات ئاومان وەردەن![1076]

[1070] بڕوانە: ئەم وەچەپارە، جیاوازی ڤ (٢).

[1071] بڕوانە: هەر ئەم وەچە پارە، جیاوازی ڤ (٢).

[1072] دیوانی مەولەوی، ل١٠٦.

[1073] بڕوانە: هەر ئەم وەچە پارە، جیاوازی ڤ (٥).

[1074] بڕوانە: بەشی سێهەم، پاری دووەم، ١- تێڕوانینی مەرگ پەسەندنەکەرانە، ل٤٠٦.

[1075] دیوانی مەولەوی، ل٥٣٢.

[1076] بڕوانە: هەر ئەم بەش و پارە، ل٢٦٨.

ئەو زۆرتر سەرنجی لەسەر تێپەڕینی یاران‌و بەرەو کۆتایی چوونی شادی رابردوو و مانەوەی بەتەنهایە:

یاران وێنەی مەی صاف وەکامەوە　　وێردەن وەك دورد هەر من مامەوە[1077]

ڕاستە، شاعیر زۆرجار دەیەوێ، رابردوو لە بیربکات‌و بیر لە ئایندە بکاتەوە:

وێردە وێرد هەوڵێ پەی باقی　　ئەمجار یە دەروێش، یە نەی چی و ساقی[1078]

بەڵام هێشتا هەر رابردوو و خەمەکانی رابردوو چەقە لەلای شاعیر.

بەڵام بەپێچەوانەوە مەولانا زیاتر بە پلەی یەکەم لە ئێستادا دەژی‌و ئەو بەڕوونی دەریئەبڕێ، کە سۆفی‌و عارفی ڕاستەقینە کەسێکە کە لە ئێستادا بژی‌و تەنانەت نابێ ئایندە جێگەی بایەخی بێت!:

صوفی ابن الوقت باشد ای رفیق　　نیست فردا گفتن از شرط طریق[1079]

بەڵکو ئەو بەڕوونی دەڵێت: لای عارفی عاشق (رابردوو – ئێستا – ئایندە) هەمووی ئەبێ بەیەك:

لامکانی که درو نور خداست　　ماضی و مستقبل و حالش کجاست![1080]

٥– لە دوالیزمەی خەم و شادی ژیاندا، لای مەولەوی (خەم) بەشی گەورەی ژیانەو خەم گەرچی هیلاکی کردوە، بەڵام هاوکات چێژێکی هەیە، کە داوا دەکات، لەگەڵ نەمانی خەمدا ئەو چێژە هەر بمێنێ!:

دەورێ دەر وەناز وە پیاڵەوە　　مەزەی تام خەم یاران لەزیزەن!

فەریاد ڕەسم کەر، نەجای گشت کەسم!　　مازە ئەو لەزەت بەرشۆ نە دەسم[1081]

[1077] دیوانی مەولەوی، ل٣٠٢.

[1078] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٠.

[1079] مثنوی، دفتر اول: ١٣٣.

[1080] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٩٤.

[1081] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٦٢.

ئەو زۆری خەمە لای مەولەوی — وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد — وایلێدەکات پەنا بۆ عرفانو مەی مەعنەوی ببات[1082]. مەولەوی مانەوەی دەوێ، بەڵام لەپێناوی شادیدا نا، لەپێناوی خەم دا!:

احیام کەر وەجام صاف یەك مەنی　　بەڵکو بمانوون، پەی غەمێ هەنی![1083]

مەولانا لە بناغەوە باوەڕی بە دوالیزمەی خەم — شادی هەیە، چونکە بەهۆی یەکێکیانەوە ئەوی تر دەناسین:

غم چو أینەاست پیش مجتهد　　کاندرین ضد، می نماید روی ضد![1084]

ئەو (خەم) بە ئاسایی دەزانێ و لە دەستی نیگەران نیە، بەڵکو باوەڕی وایە، خەم و شادی لە مرۆڤدا وەك بەهارو پاییز لە سروشتدا ئاساییەو بەردەوامن:

ای برادر عقل یك دم باخود أر　　دم به دم در تو خزان است و بهار[1085]

بەڵام لای مەولەوی نەك (خەم) نیگەرانی کردوە، بەڵکو بەتەواوی شەکەتو ماندووی کردوە:

من قەقنەس نەویم هابیم وە قەقنەس　　یەکجاریچ ئیمشەو ها بەرشیم جەدەس

ئەوەند خەیاڵات بەردم وە دەروون　　پەی دووریی یاران بە تەریم زەبوون[1086]

بەڵگەیەکی بەهێزی خەمباریی مەولەویو خۆ بە خەمبارو بەدبەخت زانین، لەم بەیتەدایە، کە خەمباریو بەدبەختی خۆی، هێندە بە قوڵ و گران دەبینێ، کە دەیگێڕێتەوە بۆ بوونی لە ئەزەلەوە، کە تەنانەت بە مردنیش لێی رزگار نابێت:

(من) و (تۆ) بەڵاو زاممان ئاوەردەن　　نە چەشمەی حەیات ئاومان وەردەن

خەیاڵ خامەن ئینە تۆ کەردەن　　پەی ما نمەبۆ جیایی وە مەردەن![1087]

[1082] بڕوانە: هەر ئەم وەچە پارە، جیاوازی ژ (٢).

[1083] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٦٢.

[1084] مثنوی، دفتر سوم، بیت: ٣٧٦٢.

[1085] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٨٨.

[1086] دیوانی مەولەوی، ل٣.

مەولانا باوەڕی وایە خەمی زۆرو رۆح ئازاردەر، بەرهەمی وابەستەیی (تعلقات) جەستەو خۆپەرستی جەستەیە!:

این همه غم ها که اندر سینه‌هاست از بخارو گردبود و باد ماست

این غمان بیخ کن چون داس ماست این چنین شدو آنچنان وسواس ماست[1088]

لێرەوە لە دیدی مەولاناوە (خەمباری دووری) مەولەوی بۆ ویستی جەستە، کە مادەو هەستەکانی وەک بینین بە چاوو یان گوێ بوون لە وتەی دۆستو هتد... دەگەڕێتەوە![1089]. ئەم تێڕوانینە ڕەخنە ئامێزەی مەولانا لە مەولەوی، لە هەندێ قۆناغی گەشەی مەعنەوی مەولەوی خۆیدا، باوەڕبوونی پێی دەسەلمێنێ!، وەک ئەوەی لەو تێکستەدا دەیبینین، کە دۆست — کە م.مدرس بە پیرەکەی دەزانێو ئاماژەکانیش سەلمێنەری ئەوەن — گلەیی نامەنەنوسینو سەردان نەکردن — پەیوەندی مادیو جەستەیی — لە مەولەوی دەکاتو لەبەرامبەردا مەولەوی خۆی داوای نەمانی ئەو پەیوەندیە مادیە دەکات، تا (من) و (تۆ) — وەک شاعیر دەڵێ — نەمێنێو لەنێو خودادا — کە سەرووی جەستەو مادەیە — فەنا ببنو یەکبگرنەوەو بەوەش گلەیی نەمێنێو بەیەکتر شاد ببن:

تەنیای حەقیقی نەردێ بشانۆ (من) و (تۆ) جەدەس (من) و (تۆ) سانۆ

(تۆ) بێ (تۆ) لوطفت پەی (من) زیاد بۆ (من) بێ (من) ڕۆحم وە خزمەت شاد بۆ[1090]

یان مەولەوی، پاش ئەوەی کە چاو لەدەستدەدات — دیارە چاو بەشێکە لە جەستە — بەو ئایدیاو باوەڕە دەگات، کە چاوی سەر، چاوی بەردەوامی نیەو دەڕوات، بەڵام چاوو بینایی دڵو ڕۆح بەردەوامەو دەمێنێتەوە. واتە ئەو لە قۆناغێکی پێگەیشتنی ڕۆحیو مەعنەویدا

[1087] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٦٨.

[1088] مثنوی، دفتر اول: ٢٢٩٧ — ٢٢٩٦.

[1089] مەولەوی بەدبەختیو خەمباری ئایندەی خۆی لەوەدا دەبینێ، کە لە شەوی بەرات دا بینیویەتی لە دەفتەری چارەنووسیدا نوسراوە، کە چاوی دوور ئەبێ لە بینینی یارو گوێی لە قسە خۆشەکانی بێبەش دەبێ!:

هانا هام دەردان چێش مەکەردێ پێم من دیام نەپووی تەقسیم نامەی وێم

ژار دووری ی دۆس ئازیزەن نۆشم نمەیۆ پازان شیرین نەگۆشم! (دیوانی مەولەوی، ل٤٢٥).

[1090] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢١٣.

هەر خۆی — لەبری تامەزرۆیی بۆ دیداری جەستەیی یاران — بەمە دەگۆڕێ. واتە لە (تەواو مرۆڤی)یەوە، بەرەو (مرۆڤی تەواو) دەڕوات[1091]:

ئێد وەظیفەی گڵ، ئەو لەطیفەی دڵ ئەو چون مەنزڵەن، ئێد بێچون مەنزڵ

ئەو بەقاش نی یەن، فەناش تاقی یەن ئێد عەطای تاقی وباقی و لاقی یەن[1092]

لەلایەکی ترەوە مەولانا جیهانو ژیان— ژیانی مادی — بە هەڵگری دوو تایبەتمەندی سەرەکی دەزانێت: فرەیی (تعدد) و دژیەتی (تضاد)[1093] و ئەو باوەڕی وایە مرۆڤیش وەک بەشە مادیەکەی هەڵگری ئەو دوو تایبەتمەندیەن، بەڵام کاتێك بەرەو عرفانو بڵندیو بەرەو خودا دەڕوات، ئەوا یەکیەتی (وحدت) جێگەی فرەیی (تعدد) و هاوئاهەنگی (تجانس) جێگەی دژیەتی (تضاد) دەگرێتەوە. ئەمەش سەرەتا لای مەولەوی— خەمەکانی دووری نەبینینی ئازیزانو خەمی جەستەی بەگشتی— بۆ یەکیەتیو هاوئاهەنگی گۆڕاوە. بەڵام هێشتا بەبەراورد بەکۆی تێکستەکانی ئەم دیاردە کەمترە لەوەی یەکەم.

٦— ڕاستە هەردووکیان سروشتو ژیان بە زیندوو دەبینن[1094]، بەڵام بە زیندوو بینینی مەولانا زیاتر ڕەهەندێکی عرفانیو ئاینی بەسەریدا زاڵە، بۆیە پەنا بۆ نمونەو هێما ئاینیو عرفانیەکان دەبات، وەک ئەوەی باسی درەختی (حەنانە)و قسەکردنی بەرد لەگەڵ پێغەمبەر (د.خ) و ئاگری چاڵەکان[1095] و هتد... دەکات. ڕاستە ئەمەش بەجۆرێکی تر لای مەولەوی دەبینرێ[1096]، بەڵام زیاتر ئەو زیندوویەتیە لای ئەم ڕەهەندێکی شیعریو هەستی هەیەو ئەم بەهەست — زیاتر لە ئایدیاو هزر — کەرەستەو ڕەگەزەکانی سروشتو ژیان بە زیندوو دەبینێ. مەولەوی بەهەست سروشتی گەردوون وادەبینێ، کە دەستی کەوتووەتە کارو تانی

[1091] بۆ زانینی واتای دوو دەستەواژەی (تەواو مرۆڤی) و (مرۆڤی تەواو). بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٤٧.

[1092] دیوانی مەولەوی، ل١٢٣—١٢٤.

[1093] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٥٥.

[1094] بڕوانە هەر ئەم وەچە پارە، لێکچوونی ڕ (١).

[1095] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٧٤ بەدواوە.

[1096] وەک بینینی خودا لە بووندا لە شێوەی وەستاو میراو هتد... بڕوانە: هەر ئەم وەچە پارە، لێکچوونی ڕ (١).

پارچه قوماشی دورخستنەوەی دۆستانی بەستووە بە دارەوەو ئەیەوێ پۆی بکاو قوماشی لێکجوداکردنەوەیان بۆ بچنێ!:

دیسان دەس چەرخ هەم ها نەکاردا تای تانتەی دوورپش وستەن وەداردا![1097]

یان ئەو کە خۆی بەدوای چەندین بەیانیو پۆژدا پوانیویەتی، دەپرسێ ئەبێ چەند بەیانی بەدوای مردنی ئەمدا بپوانێ!:

تۆ دیای وەشۆن چەند صوبح تۆدا کەو چەند صوبح بدیۆ وەشۆن تۆدا![1098]

۷- سروشت - جگە لە لایەنی پێرسەنەلێتی - وەک رەگەزێکی سەرەکی ژیان لای هەردوو شاعیر دەبینرێ، بەڵام بە دوو ئاراستەی جیاواز. پاستە مەولانا بۆ دەربپینی ئایدیاکانی- ئایدیا قوڵە عرفانیەکانی - بەتایبەتی لە بواری ئایدیای سەبارەت بە ژیانو مردن، پەنای بۆ سروشت بردوەو لێرەوە: دەریا، ماسی، توتی، تاوس، ئاسک، شێر و هتد...[1099] وەک کەرەستەیەک بەکارهاتوون. بەڵام ئەوەی کە سروشت لای مەولەوی لەو جیادەکاتەوە، ئەوەیە، کە لەلایەک سروشت لای مەولانا زیاتر بەمانایەکی هێمایی (symbol) بەکارهاتووەو سروشت لە خۆیدا وەک مەبەستێکی ئیستاتیکی کەمتر دەبینرێ[1100]، بەڵام لای مەولەوی هەردوو جۆر دەبینرێ، وەلێ ئەمەی دووەم زۆر زیاتر دەبینرێ، کە ئەمەش نزیکی دەکاتەوە لەو بەکارهێنانە هونەریەی سروشت، کە لە دونیای مۆدێرن - بەتایبەتی لەلای ڕۆمانسیەکان بەدواوە - دەبینرێ.

[1097] دیوانی مەولەوی، ل۲۵۳.

[1098] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل٤٤٤.

[1099] لەم بوارەدا مەولاناناسی جیهانی د.عبدالکریم سروش لە سێ سیمیناردا لە زانکۆی (Stanford) لە بەریتانیا، باسی لە سروشت لای مەولانا کردوە. بڕوانە: www.dr.sorosh.com

[1100] بە نمونە ئاسکو شێر لای مەولانا وەک هێمایەک بۆ موریدو پیر - مەولاناو شەمس - بەکارهاتووە:

پیش شیری أهوی مدهوش شد هستی اش در هستی او روپوش شد بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل۱۰۷.

یان (دەریا) وەک هێمایەک بۆ ژیانو جیهان - بەتایبەتی جیهانی نادیار - بەکارهاتووە:

کفی دریاست صورتهای عالم ز کف بگذر اگر اهلی صفایی دیوان شمس: غزل: ۳۰۸۵.

لەلایەکی تردوە باسکردنی وێنەو کەرەستە سروشتیەکان لای مەولانا زیاتر پەهەندێکی گەردوونیی (Universal)ی هەیە، واتە کەرەستەکان زیاتر جیهانین: ئاو، ئاگر، توتی، دەریا، ئاسك، شێر، ماسیو هتد... بەڵام لای مەولەوی زیاتر پەهەندێکی ناوچەیی (Local)ی هەیەو بەرەو ئاراستەی گەیاندنی مانایەکی گەردوونییو جیهانی بردوە. لێرەوە دەبینین ئاو لای ئەم پاستە ئاوە، بەڵام ئاوی زەڵمە[١١٠١]، شاخ شاخی ئاویەر، لوتکە لوتکەی قزاڵەو هتد... بەڵام بەرەو مانایەکی گەردوونییو مرۆڤانەی بردون.

هەروەها جیاوازیەکی تری سروشت لای هەردووکیان، لەوەدایە، کە سروشت لای مەولانا زیاتر بە دیوی پشتەوەی سروشتدا دەکەوێت. لای ئەم بەهار لە سروشتدا نمایشێکی بەهاری پشتەوەی سروشتە[١١٠٢]. وادەزانین هۆکاری ئەمەش بۆ زاڵی جیهانی نادیار بەسەر جیهانی دیاردا لە هزری مەولانادا دەگەڕێتەوە[١١٠٣].

٨- باسکردنی کاریگەری ژیانبەخشانەی عشق لای مەولانا، بە بەرجەستەترو قوڵتر - بەبەراورد بە مەولەوی - دەبینرێ. ئەم باسکردنە لای مەولانا بەرەو باسکردنێکی سەروو شوێنکاتو گەردوونیی ڕۆیشتووە. لێرەوە مەولانا باوەڕی وایە داینەمۆی بزوێنەری ژیان بریتیە لە عشق. ئەوە عشقی سیما زیندووەکانە، وا لە مرۆڤەکان دەکەن ڕووبەڕووی ئازارو سەختیە مرێنەرەکانی ژیان ببنەوە:

هرکه را بامرده، سودایی بود بر اُمید زنده سیمایی بود![١١٠٤]

لای مەولانا تەنانەت عشقی مەجازی - مرۆڤانە - ژیان دەکات بەبەر بێگیاندا. بە باوەڕی ئەو ئەوە عشقە وا لە دایکێك دەکات پازو گفتوگۆ لەگەڵ خۆڵو گۆڕی کۆرپە مردووەکەیدا دەکات وەك ئەوەی زیندوو بێت!:

رازها گوید به جد و اجتهاد می نماید زنده اورا، اُن جماد![١١٠٥]

[١١٠١] مەولەوی بە گفتوگۆ لەگەڵ ئاوی بەخوڕو یاخی- زەڵم- باس لە چەمکی (بوون)ی پەسەن، کە چەمکێکی گەردوونییە، دەکات. بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٢٤.

[١١٠٢] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل١٨٢.

[١١٠٣] بڕوانە: بەشی دووەم، پاری سێیەم، دونیا لای مەولاناو مەولەوی، جیاوازی ڕ (٤)، ل٢٩٩.

[١١٠٤] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٩٥.

[١١٠٥] بڕوانە: هەر ئەم بەش و پارە، ل١٩٦.

ڕاستە ئایدیاو نموونەی ئەمە – بەتایبەتی ئەمەی دوایی – سەبارەت بە کاریگەری ژیانبەخشانەی عشق لای مەولەوی دەبینرێ، وەک ئەوەی ئەمیش – بەهەمان شێوەی ئەو دایکە – لەسەر گۆڕی ئازیزی کۆچکردوو – کە م.مدرس بە عەنبەر خاتوونی دەزانێو ئاماژەکانی تێکستەکەش ئەوە دەسەلمێنن – دەوەستێو (دڵی) دەچێتە گۆڕو لەگەڵ یار قسە دەکات:

دڵەی دڵ وە مەی مەیل لەیل کەیل مەحرەم وە پازان خەڵوەت خانەی لەیل

لانە حەڵقەی زوڵف عەنبەر بۆی شەو ڕەنگ هام دەم جای تەنگ ئەلحەد سەرای سەنگ

عەرزکەر وە لەیلا وە صەد خەمەوە چەم وە نمەوە، دڵ وە تەمەوە .....تا دوایی[١١٠٦]

بەڵام سەرەڕای ئەم لێکچوونە، وادەزانین جیاوازیەکی بنەڕەتی نێوان ئەم دوو ئایدیاو حاڵەتە، لەوەدایە، کە مەولانا وەک (تەماشاکەر)ێک‌و لە دووڕەوەو بەشێوەیەکی بابەتییانە (objective) باس لەو دیاردەیە دەکات. بەڵام بەپێچەوانەوە مەولەوی خۆی (یاریزان)[١١٠٧] و پاڵەوانی ڕووداوەکەیەو ڕووداوەکە لای کەسی (subjective)ە.

لەلایەکی ترەوە جەختکردنەوە لەسەر پەیوەندی عشقو ژیان لای مەولانا زۆرتر دەردەکەوێ، وەک لە مەولەوی[١١٠٨]. ئەگەرچی لای مەولەوی عشق – بەتایبەتی عشق بۆ یاران – یەکێکە لە سێنترالترین ئایدیاکان لای مەولەوی[١١٠٩]:

حەیاتم وە مەیل بالای یارانەن مەیلم هەر ئەو مەیل هەردە جارانەن[١١١٠]

[١١٠٦] دیوانی مەولەوی، ل٢٠٥.

[١١٠٧] هەردوو زاراوەی (تەماشاکەر) و (یاریزان)مان لە بیرمەندو ئەکادیمی ئێرانی (د.عبدالکریم سروش) وەرگرتووە، کە مەبەستی لە (تەماشاکەر) ئەو عارفانەن کە لە بڵندی ژیان‌و دەرەوەی گۆڕەپانی ژیانەوە وەک شوێنکات‌و مێژوو سەیری ژیان دەکەن‌و نهێنییەکانی بۆیان ئاشکرا دەبێ. بەڵام مەبەست لە (یاریزان)یش ئەو مرۆڤانەو ئەو عارفانەن، کە لە گۆڕەپان‌و یاری ژیاندان‌و سەرگەرمی یاریکردنن ئەگەرچی جاربەجارێکیش وەک جۆری یەکەم بۆ ساتانێک دەچنە دەرەوەو دەبنە تەماشاکەر. بڕوانە: د.عبدالکریم سروش، پیام عارفان: www.dr.sorosh.com

[١١٠٨] لەم ڕوەوە نمونە زۆرە، بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٩٥.

[١١٠٩] بڕوانە: هەر ئەم وەچە پارە، لێکچوونی ژ (٦)، ل٣١٥.

[١١١٠] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٦٠.

بەڵام ئەم باسکردنە لای مەولەوی – کە ئەمەش لە خۆیدا جیاوازیەکی تری نێوانیانە – زیاتر باسکردنێکی نێو جێکەوتەی مێژوویی و ژیانی خۆیەتی– گەرچی هەندێ جار بەرەو سەروو مێژوو و پەهەندی گەردوونی دەبات. بەڵام لای مەولانا زیاتر باسکردن لە عشق باسکردنێکە بۆ هەموو مێژوو و سەردەمەکان. بێگومان ئەمیش لە هەستی عاشقانەی خۆیەوە – نەک شتێکی تیۆری و تێڕامانی وشک بێت – هەڵقوڵاوە.

هەر لێرەوە جیاوازییەکی تری نێوان هەردوو شاعیر لەوەدا دەردەکەوێ – کە پەنگە ڕاڤەکەری ئەم جیاوازیەی پێشووش بێت – کە مەولانا بۆیە توانیویەتی لە ئاستێکی گەردوونی و گشتیدا باس لە عشق بکات، چونکە خۆی بە دەوڵەتی عشق – دیدار – گەیشتووە[1111]. بەڵام مەولەوی بەپێچەوانەوە هێشتا – زۆرتر – لە داخوازی گەیشتن بە دەوڵەتی عشقدایەو نەگەیشتووە[1112]. بۆیە مەولانا لە ئاستی بڵندی و گەیشتنە لوتکەوەو لە پەنای مەعشوق – خودا – وەو لە شادی و ئارامی دیدارەوە – قوڵبینی گەردوونیی – سەیری عشق دەکات. بەڵام مەولەوی بەدەم ڕێکردن بە گوزەرو کۆسپەکانی عشقدا – زیاتر عشقی یاران – باس لە عشقو داخوازی ئەو دەکات:

– یاران گشت کەیف وەش، صەفا فراوان　　یەک یەک وە ئەعلای مەقامان یاوان
گرد سەرشار مەی لەقاناوە　　هەر من بەستەی خاک چەم ئەو دماوە![1113]
یاران وێنەی مەی صاف وە کامەوە　　وێەردەن چون دورد هەر من مامەوە![1114]

[1111] بەڵگە زۆرن لەسەر بە دەوڵەتی عشق گەیشتنی و شادبوونی ئەو، وەک ئەوەی پاش بینینی شەمس لە کەسێکی گریاوەوە بووە بە شادو خەندەڕو. بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٥٠.

[1112] بۆ جیاوازی نێوان دوو زاراوەی (دەوڵەتی عشق) و (داخوازی عشق) بڕوانە: وەچە پاری (بوون لای مەولاناو مەولەوی)، جیاوازی ژ (٢) و پەراوێزەکەی، ل٢٨٠–٢٨١

[1113] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل٢٠٨.

[1114] دیوانی مەولەوی، ل٣٠٢.

بەڵکو ئەو لەمیانەی ڕێنماییکردنی تازە ڕێبوارو عاشقێکی دونیای عرفانو مەعنەوییبووندا، زۆر بەڕاشکاوی باس لە هەوڵو ماندووبوونی خۆی لەو ڕێگەیەدا دەکات، کە بێئەنجام بووە!:

ئەو صەبر، ئەو تاقەت، ئەو تەوانای دەرد نەدیت خەرجم کەرد، فائیدەش نەکەرد! [1115]

۹- هێما عرفانیەکانی ژیانو ژیاندنەوە، دیارترینیان: (ئاوی جاویدانی - ئاوی حەیات) و (عیسا) و (خضر)، کە وەک هێمایەک بۆ نەمریو بەدەستهێنانی ژیانی هەمیشەیی بە عرفانو مەعنەوییوون دێت. ئەمانە لای مەولانا زۆرتر بە مانا عرفانیەکەی - زیاتر لە مانا مرۆڤانەکەی - بەکاردێن. لای مەولانا ئاوی عشقی خودایی، مرۆڤ لە ئاوی جاویدانی مادی بێ نیاز دەکات:

أب عشق تو چو مارا دست داد أب حیوان شد به پیش ما کساد [1116]

مەولانا مرۆڤی هەڵگری سیفاتی خودایی، بە ئاوی جاویدانی دەزانێ، کە هەموو مرۆڤەکان - بەبێ جیاوازی نەژادیان - زیندوو دەکاتەوە:

أب حیوان بود و دریای کرم زنده گشته هم عرب زو، هم عجم [1117]

مەولانا گەیشتن بە ئاوی جاویدانی، لە رزگاربوون لە ڕەگەزی جەستەو خاکی دا دەبینێ:

سجده نتوان کرد بر أب حیات تا نیابم زین تن خاکی نجات [1118]

بەڵام لای مەولەوی (ئاوی جاویدانیی) بە مەبەستی مرۆڤانەو عشقی مرۆڤانە بەکاردێت. ئەم گەڕانەوەو بینینەوەی دۆست، وەک بەدەستهێنانی ئاوی ژیاندنەوە بە مەحاڵ دەبینێ:

تۆو ئێستەو تەشریف نازیز گیانی سفتەن و تەئثیر ئاوی حەیوانی [1119]

لای ئەم ڕووی یار لەنێو زوڵفی تاریکیدا، وەک ئاوی ژیاندنەوەیە:

[1115] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٨.

[1116] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٩٤.

[1117] مثنوی، دفتر اول:٢٢٥١.

[1118] مثنوی، دفتر دوم:١٢١١.

[1119] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٦٥.

وێت دەر وە نەرمی نەتوێ یەمانی نەو توپەی مانی، ئاو حەیوانی[1120]

هێمای (عیسا)ش، کە لای عارفان هێمایە بۆ گەڕانەوە بۆ ڕۆح و زیندووکردنەوەی مەعنەوی. لای مەولانا بەمانای عرفانی بەکارهاتووە. وەک ئەوەی پێمان دەڵێ: لە عیسای ڕۆحت ژیانی جەستەیی داوا مەکە. لە موسای جەستەت خواستی فرعەونی مەخوازە:

زندگی تن، مجو از عیسی است کام فرعونی مخواه از موسی است[1121]

یان ئەو باوەڕی وایە، لەم ژیانەدا مرۆڤانێك هەن، کە نە ژیانی مەعنەویان هەیە تا ببنە هاوڕێو هاودەمی عیساو عیسا خەسڵەتەکان. نە مردووشن، تا بە هەناسەی عیساو عیسا خەسڵەتەکان زیندوو ببنەوە!:

زندەنی تا همدم عیسی بود مُردەنی تا دمگه عیسی شود[1122]

یان باوەڕی وایە، گەر پەردە – پەردە داپۆشەرەکانی مەعنەویەتو ڕۆح – لەسەر گیانەکان لابدەیت، ئەوا زیندوکەرەوەی گیانی هەر مرۆڤێك وەک زیندووکەرەوەی مەسیح دەرئەکەوێ:

گر حجاب از جان ها بر خاستی گفت هر جانی مسیح أساستی[1123]

بەڵام لای مەولەوی ناوو هێمای (عیسا) تەنها یەکجار لە دیوانەکەیدا هاتووە، کە ئەویش وەک هێمایەکی عرفانی ناڕوون هاتووە:

جامێ جەو بادەی وەصڵ دیدارت جەو قەهقەهەی مەی شیشەی ڕوخسارت

وێنەی جاران سا پێم بدەرەوە عیسەوی ئاسا ئیحیام کەرەوە[1124]

[1120] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل٢٦٦.

[1121] مثنوی، دفتر دوم:٤٥٣.

[1122] مثنوی، دفتر چهارم:٢٢٠٠.

[1123] مثنوی، دفتر اول:١٦٠٢.

[1124] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٦٢.

یەك جاریش بە ناڕاستەوخۆو لە ڕێگەی ئاماژەکردن بە چەمکی لەدایکبوونی دووەم، کە دەیگێڕنەوە بۆ وتەی عیسا پێغەمبەر (د.خ): لن یلج ملکوت السماوات من لم یولد مرتین. ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆو دووری بە عیسا وەك هێمایەکی عرفانی کردوە:

دەورەی دوبارەی ڕای حەق هەرکەس دیش بۆی باخچەی ئەبەد مەبۆ نەبینیش[1125]

وشەی (مەسیح)یش لە دیوانی مەولەویدا نەهاتووە، تەنها ئەوە نەبێ یەکجار بە ناڕاستەوخۆ هاتووە، کە ئەویش بە مەبەستێکی عاشقانەیەو لەو تێکستەدایە، کە شاعیر لەگەڵ ڕۆحی (حافزی شیرازی) دەدوێو داوای لێدەکات پێشبینی هاتن یان نەهاتنی یاری بۆ بکات:

یەك غەزەل مەطلەع (مژدە ئەی دڵ) بۆ باوەر، بەڵ پەی دڵ تەسکین حاصڵ بۆ

کە ئەمەش — وەك م.مدرس باسیکردوە — ئاماژەیە بەم بەیتەی حافز:

مژدە ای دل کە مسیحا نفسی می أید کە ز أنفاس خوشش بوی کسی می أید[1126]

سەبارەت بە هێمای (خضر)یش، کە جگە لەوەی لە عرفاندا هێمایە بۆ (پیر) و عارف، هێمایە بۆ هەمیشە نەمری بە مەعنەوییوون، ئەمەش لای مەولانا زۆر دەبینرێ. بە نمونە ئەو ئاوی (خضر) — ئاوی ژیانی هەمیشەیی — لە جۆگەی وتەی دۆستانی خودادا دەبینێ:

أب خضر از جوی نطق أولیا می خوریم أی تشنهٔ غافل بیا[1127]

یان ئەو مرۆڤەی کە دەتوانێ مردنی مەعنەوی (ئیختیاری) تێپەڕێنێ، بە هەمیشە زیندوو و (خضر) ناودەبات، کە لە ئەجەڵو مردن ناترسێو بەهۆی ئەو پلەو بڵندیەوە بێباکە لە خەڵکو خەڵك ناناسێ:

أن خضر جان کز اجل نهراسد او شاید ار مخلوق را نشناسد او[1128]

[1125] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل۲۰۸. هەروەها دیوانی مەولەوی، ل۲۵۸.

[1126] دیوانی مەولەوی، ل۲٦۳.

[1127] مثنوی، دفتر سوم:٤۳۰۱.

[1128] بڕوانە: مثنوی، دفتر سوم، ل۷۱۷.

بەڵام (خضر) لای مەولەوی تەنها یەك جار هاتووەو ئەویش بۆ مەبەستێکی عاشقانە – کە با کەسەکە مەعنەویش بێ – بەکارهاتووە:

چێش خضر نامەی تۆش ئاوەردەوە دەك پستگار بۆ، ئیحیام کەردەوە[1129]

١٠– مەولانا پاڵنەرو ئامانجی نووسینی شیعر لەلای، لەوەدا دەردەخات، کە لەپێناوی ژیاندنەوەی مرۆڤەکاندایە:

این سخن أبی است از دریای بی پایان عشق تا جهان را أب بخشد جسم ها را جان کند[1130]

هەر لێرەشەوە، (حوسامەدین)ی تۆمارکەری (مەسنەوی) بە (خضر) و ژیانبەخش بە مرۆڤەکان ناودەبات:

باد عمرت در جهان همچون خضر جان فزا و دستگیر و مستمر[1131]

بەڵام لای مەولەوی ئەم ئایدیاو ئامانجە نابینرێ.

[1129] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٥٥.

[1130] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل١٩١.

[1131] بڕوانە: هەر ئەم وەچە پارە، جیاوازی ژ (٩).

بەشی سێیەم

چەمکی مردن لەشیعری مەولانا و مەولەوی دا

پاری یەکەم/ چەمکی مردن لای مەولانا

لە سەروبەندی لێکۆڵینەوە لە چەمکی مردن لای مەولانا، زووبەزوو ئەو دیاردەیە سەرنجی ڕاکێشاین، کە بابەتی سەربەخۆ لەوبارەوە ئێجگار دەگمەن بوو، بەڵکو زۆرینەی ڕەهای باسکردنی مەرگ لای ئەم شاعیرە، بە تێهەڵکێش لەگەڵ باسی ژیاندا هاتووە، هۆکاری ئەمەش وەک دواتر دەردەکەوێ، بۆ تێڕوانینی مەولانا دەگەڕێتەوە. مردن چەمکێکی سێنترالە، لای مەولانا، بەڵکو زیادەڕۆیی نیە، گەر بڵێین سێنترالیترین چەمکە لای شاعیر. بۆیە لێرەوە مردن تەنها یەک جۆرو یەک وێنەی نیە لەلای، بەڵکو فرە وێنەو فرە ڕەهەندە، هەر لە مردنو نوێبوونەوەی هاوشێوەکانەوە بیگرە تا مردنی گەردوونیو مردنی دەمەکیو مردنی فیزیکیو مردنی مەعنەویو دۆنادۆنی خەسڵەتیو هتد...، کە لەم پارەدا لێیان دەدوێین:

٣-١-١/ مردن و ژیان دوانەیەکی لێکدانەبڕاو

سەرەتا لە دیدی مەولاناوە "ڕاڤەکردنی ژیانو تێگەیشتنی قوڵ لەو، بەبێ تێگەیشتنی قوڵ لە مەسەلەی مردن، مومکین نیە. تەنها لەوڕوەوە نا، کە وتویانە (تعرف الأشياء باضدادها)[١١٣٢]، بەڵکو لەو ڕوەشەوە، کە هیچ ڕستەیەک تا نەگاتە کۆتایی مۆڵەتی ڕاڤەکردنو لێتێگەیشتنو چەمک لێوەرگرتنمان پێنادات. تەنها لە تەواوبوونداید، کە مۆڵەتی ئەوەمان پێدەدات، کە دەربارەی ماناو ڕاستیو درۆیی ڕستەکە داوەری بکەینو تا پێش ئەوە، دەبێ چاوەڕێ بکەین. بۆیە بۆ پەیداکردنی مانای ژیان — ئەگەر باوەڕمان بە ماناداری هەبێت — دەتوانین ڕێگەی زۆر بگرینە بەر، یەکێکیش لەوانە ئەو ڕێگەیەیە، کە بە (ناسین لەڕێگەی

[١١٣٢] مەولانا وەک پرەنسیپێکی مەعریفی باوەڕی بەمە هەیە.

دژەوە) ناسراوە. ئەگەرچی لە هیچ ڕاڤەیەکی قوڵدا بۆ ژیان، مردن بە دژی ژیان ناژمێردرێ، بەڵام لەنێوان ئەو دووانەدا بەرانبەری (تقابل)یەک هەیە، کە پێکەوە دێنو ئەوەش ئەو توانایە لە ئیختیاری زەینیو توانای کرداری ئێمەدا دەسازێنێ، کە یەکێکیان لەژێر ڕوناکی ئەوی تردا بناسین. ئەگەرچی ڕەوتی سروشتی مرۆڤ لە (ژیان بۆ مردن)ە، بەڵام ڕەوتی تیۆریو هزری ئەو دەبێت لە (مردنەوە بۆ ژیان) بێت. تێڕوانین بۆ ژیان و ماناو حەقیقەتی ئەو، لەوڕوەوەی، کە دەستکەوتی تایبەتیو دەوڵەمەندی هەیە، کە ناتوانرێ لەوانە چاوپۆشی بکرێت، یان پشتگوێ بخرێت. گۆشەیەکی تر، کە نزیک لەم تێڕوانینە سەرسوڕهێنەیە، ئاوێتەبوونی مردنو ژیانە بەیەکەوە، واتە یەکێک بەبێ ئەوی تر، نایەتە نێو گۆڕەپانی باسکردنو هەمیشە، یەکێکیان لە چاوی ئەوی ترەوە دەبینێ. جیاوازی نێوان ئەم دوو گۆشەنیگایە، لە جۆری ڕێکخستنی ئەواندایە لەبەرامبەر یەکتردا. لە دیوی یەکەمدا، ڕێکخستنەکە دەتوانرێ لە کاتیگۆریا (مقوله) زەمان یەوە یان بابەتیەوە بێت. بەڵام لە دیوی دووەمەوە، تەنها ڕێکخستنی لۆژیکی پەسەند دەکات، بەبێ ئەوەی بگوترێ کامە هۆکارە (علت)ەو کامە هۆکارسازە (معلول)ەکەیە. عارفانی ئیسلامیی زیاتر لەم گۆشەنیگایەوە بۆ ئەم دوو بابەتەیان ڕوانیوە، واتە هەمیشە گرێی یەکێکیان لە دیدی ئەوی ترەوە دەکەنەوەو هەرکامیان قفڵ بێت، بۆ کلیلی ئەو، لە ئەوی تردا دەگەڕێن[1133]. مەولاناش هەر ئەو باوەڕەی هەیە زۆرێک لە تێکستەکانی (مەسنەوی) و (دیوان غەزەلیاتی شەمس)دا، مەولانا مردنی لەنێو ژیانو ژیانی لەنێو مرداندا بینیوە:

أز مودم مرگ من در زندگی است　　چون رهم زین زندگی، پایندگی است

أقتلوني أقتلوني يا ثقات　　ان في قتلي حياتاً في حيات[1134]

لای مەولانا ئەوە مردنە، کە ڕازو نهێنی ژیان دەردەخاتو زیندووبوونەوەشە، کە نهێنیو ڕازی مردن دەردەخات:

حشر تو گوید که سر مرگ چیست　　میوه‌ها گویند سر برگ چیست[1135]

[1133] رضا بابایی، زندگی به روایت مرگ، ل٤.

[1134] مثنوی، دفتر دوم، أبیات: ٣٨٣٨ – ٣٨٣٩.

ئەم ئاوێتەبوونە بە ئەندازەیەکە، کە مەولانا دەستەواژەی (ئەم جیهانەو ئەو جیهانە) پەسەند ناکاتو ئەنەڕێنێ، کە هێندە ئەم جیهانو ئەو جیهان مەڵێن، چونکە ئەو دوانە یەک جەوهەرو حەقیقەتیان هەیە"[1136].

چند گویی این جهان و آن جهان آن جهان بین وین جهان آمیخته[1137]

مەولانا باوەڕی وایە، کە لە ژیانەوە بۆ مردنو جیهانی پشتەوەی ئەو، دوو ڕێگا هەیە، کە یەکێکیان کاتیە، بەڵام دووبارەیەو ئەوی تر ڕێگەیەکی بێ گەڕانەوەیە، کە لە ئاوێتەبوونی ئەو دوانە پێکەوە بەدەستدێت. ڕێگەی یەکەمیان خەوتنەو ڕێگەی دووەم مردنە. ئەو بە خوداوەند دەڵێت: "خودایا تۆ بەو جۆرەی، کە هەر شەوێك ڕۆحەکان لە بەندیی جەستەکان ئازاددەکەیتو لە تابلۆی زەینەکان وێنەو یادەوەریەکان دەسڕیتەوە. هەموو شەوێك، ڕۆحەکان لە قەفەسی جەستەکان ئازاد دەبن. ئەم ڕۆحانە لە کۆتوبەندی جەستەو حوکمو گوفتارو بەسەرهاتی هەموان، خاڵی دەبێو ڕزگاری دەبێ. بە نموونە زیندانیەکان لەکاتی شەوو چوونە نێو خەوەوە لە زیندانیو زیندان بێ ئاگان، واتە ڕۆحن ئەو زیندانیانەی، کە لە خەودا دەبینن کە ئازادن. بەهەمان شێوە ڕۆحن ئەو سوڵتانو دەسەڵاتدارانەی کە لەکاتی خەودا لە حکومەتو دەسەڵات بێئاگان[1138]:

هر شبی از دام تن، أرواح ها می رهانی می کنی الواح را

می رهند ارواح هر شب زین قفص فارغان از حُکم و گفتارو قَصَص[1139]

ئەو ڕۆحانەی، کە لە قەفەسی جەستە ڕزگار دەبن، نە لە خەمی زیاندانو نە لە بیری سوودان. عارفی ڕاستەقینەش لەکاتی بێداربیدا حاڵەتێکی وای هەیە. واتە ئەو هەر ساتێك لە قەفەسی جەستە ئازادو ڕزگارە. چونکە دەسەڵاتی ڕۆحیی ئەو بەجۆرێکە، کە بەسەر غەریزەو ئارەزووەکانی خۆیدا زاڵە. ئەو هەموو بوونی خۆیو ویستی سپاردوە بە ویستی خوداو هەموو جوڵەو وەستانەکانی بەدەستی قودرەتی خودا بەرجەستە دەبن.

[1135] مثنوی، دفتر دوم، بیت: ۱۸۲۵.

[1136] بڕوانە: رضا بابایی، زندگی به روایت مرگ، ل۲.

[1137] دیوان شمس: غزل: ٤٥٢٧.

[1138] بڕوانە: کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر اول، ل١٦١. هەروەها رضا بابایی، زندگی به روایت مرگ، ل٤.

[1139] مثنوی، دفتر اول، أبیات: ۳۸۸ – ۳۸۹.

ئەمە وەك ئەوەیە، کە لە دەقێکی عرفانیی هیندیدا هاتووە، کە دەڵێت: کەسێك، کە بەسەر هەستەکانی خۆیدا زاڵە، لە شەوی بێئاگایی خەڵکی جیهاندا، ئەو بێدارەو لە کاروبارێکیشدا کە هەموو خەڵك بۆی بێدارن، ئەو لە خەودایە. ئەو وەکو پێنوسێکە لەدەستی دەسەڵاتی خودادا. مەولاناش هەمان مەبەست دەگەێنێ:

خفته از احوال دنیا روزو شب　　چون قلم در پنجهٔ تقلیب رب

أنکه أو پنجه نبیند در رقم　　فعل، پندارد به جنبش از قلم[1140]

ئەگەر کەسێکیش دەستی نوسەرەکە نەبینێ، وا گومان دەبات، کە جوڵەی پێنوسەکە هی پێنوسەکە خۆیەتی.

لێرەوە دەبینین مەولانا دیاردەی خەو بەجۆرێك لە مردن دادەنێو لێکچوون لەنێوان حاڵی رۆح لە خەوو مردندا دەبینێو وردە وردە ئێمەی لەم باسی مردنی فیزیکیەوە، بەرەو مردنی ئیختیاری و مەعنەوی بردو لەوبوارەشدا لێکچوونی لەنێوان ئەو دوو جۆر مردنەدا لای عارف خستە ڕوو.

لە جیهانبینی مەولانادا زاڵی جیهانی نادیار (غیب) بەسەر جیهانی بینراو (شهاده)و هەستپێکراودا دەبینرێ، واتە جیهانی نادیار کە دەڵێ هەبوویەکی لە شێوەی نەبوودایە، و هەستپێکراو نیە، بەڵام لەڕاستیدا بوونی هەیەو جیهانی هەستپێکراو دەرکەوتەی ئەو جیهانەیەو پشتگیری مانەوە لەو جیهانەوە وەردەگرێ. جیهانی هەست لەوڕوەوەی کە بە هەستە ئاشکراکان دەرکیپێدەکرێ، بەهەبوو خۆی دەنوێنێ، بەڵام بوونی ئەو بەشو لقی دنیای نادیار (غیب)ە، لای سۆفیەکان جیهانی مادە دەرکەوتەیەکی جیهانی نادیار (غیب)و سایەو بەشی جیهانی بااڵیەو هیچ شتێك لە پلەکانی خوارەوەدا بوونی نیە، مەگەر وێنەی تەواوو پڕاوپڕی ئەوە لە پلەکانی سەرەوەدا هەبێت[1141]:

غیب را ابری و أبی دیگراست　　أسمان و أفتابی دیگراست[1142]

[1140] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ۵۳ بەدواوە.

[1141] تهمینه عطایی، تقابل مرگ و زندگی در مثنوی، ل۱۰۲.

[1142] مثنوی، دفتر اول، بیت: ۲۰۳۵.

"مەسنەوی پڕە لە بەرانبەری (تقابل) لەوانەش بەرانبەری (ژیان – مردن)، یان بڵێین بەرانبەری دوو جیهان، ئەگەرچی بەردەوام زاڵی جیهانی نەبینراو (غیب)، بەسەر جیهانی بینراو (شهاده)دا هەستی پێ دەکرێت. هەروەها باسی گەڕانەوە – رجعت – یەکێکە لە گرنگترین بونیادی هزری شاعیر کە بەناوی جۆراوجۆر مرۆڤ بەرەو دونیای نادیار (غیب) ڕێنمایی دەکات. بەگشتی لای مەولانا واتای جۆراوجۆری مردن دەبینرێ، ئەگەرچی هەموویان مرۆڤ بەرەو جیهانی ئەوسەری (دواڕۆژ) بانگهێشت دەکەن، بەڵام هەر کام لەوی تر جیاوازە. ئەم چەمکانە بریتین لە: مردنی سروشتی، مردنی ئاڵوگۆڕی (تبدیلی)، مردنی بەرژەوەندکارانە (مصلحت)، شەهیدبوون. کە لەم نێوەندەدا شاعیر زیاتر بە باسی مردنی ئاڵوگۆڕی (تبدیلی)یەوە سەرقاڵبووە"[1143].

لە مەسنەوی دا بەرانبەری – تقابل – ی هەردوو جیهان دیارە، ئەم جیهانە یان دونیا بە (زیندان، گۆڕ، مردارەوەبوو، چاڵ، خەونی خەوتوو، پێڵاوی تەنگ، شوێنی ئازار، ناوەبات و لەبەرامبەردا ئەو جیهان بە (کۆشك، جیهانی زیندوو، باخ) ناوەبات"[1144]:

کاین جهان جیفه‌است و مردارو رخیص بر چنین مردار چون باشم حریص[1145]

لە بەرامبەردا:

آن جهان چون ذره ذره زنده‌اند نکته دانندو سخن گوینده‌اند[1146]

هەر لەبەر ئەم بە ئاوێنە بینینی مردنو ژیانەیە، مەولانا، بوارو فراوانیی ژیانی ئەم جیهانە، بە بەراورد بە ژیانێکی سەرسوڕهێنەر، کە لەولای دیواری مردنەوە چاوەڕوانی مرۆڤ دەکات، هەروەك گونجانی ژیانی ناوسکی دایك، لەگەڵ ژیانی دونیا دەبینێ. "ئەو لە دەفتەری سێهەمی مەسنەوی دا، لەگەڵ کۆرپەلەی ناوسکی دایك قسە دەکاتو لەو داوادەکات، کە هەرچی زووترە، منداڵدانی دایك بەجێبهێڵێ، بەڵام کۆرپەلە بەوەی، کە

[1143] هەر ئەو سەرچاوە، ل۹۸.

[1144] تهمینه عطایی، تقابل مرگ و زندگی در مثنوی، ل۹۸.

[1145] مثنوی، دفتر سوم، بیت: ٤٥٥١.

[1146] مثنوی، دفتر پنجم، بیت: ٣٥٩١.

هەیەتیو بەوەی، کە بەسەر ئەودا دەگوزەرێت قایلە. مەولانا بەو دەڵێت: لە دەرەوەی ئەم بۆشاییە تەنگو تاریکەی، کە لەودا جگە لە خوێن نانۆشێ، جیهانێکە، گەورەو پڕ لە میوەی خۆش تامو لێوانلێو لە ڕەنگو دەنگەکان. لەو جیهانە شکۆمەندەدا، کێوو دەریاو دەشتو باخو کێڵگەکان هەن. پێی دەڵێت: لەوێ، تۆ بواری ئەوەت هەیە، کە بڕۆیت، هەنگاو بنێی، دەست ڕاوەشێنیو سەرلەنوێ دەست بە ژیان بکەیت. پێی دەڵێت: لەوێ تاوێك ڕۆژەو تاوێك شەو، بەڵام ئێستا تۆ جگە لە شەو نابینی. جگە لە خوێن نانۆشیو بڵندتر لە ڕەشایی، ڕەنگێك ناناسی. دواتر، نکولیکردنی کۆرپەلەکە، وەك نکولیکردنی کەسانێك ناودەبات، کە لە هەواڵدانی پێغەمبەران لەو جیهانە نکولی دەکەن[1147]:

گر جنین را کس بگفتی در رَحِم — هست بیرون، عالمی بس مُنتظم
یك زمین خرّمی با عرض و طول — اندرو صد نعمت و چندین اُکُول
در صفت ناید عجایب های أن — تو درین ظلمت چەیی در امتحان؟
او به حکم حال خود مُنکر بُدی — زین رسالت مُعرض و کافر شدی[1148]

کۆرپەلەکە بە زمانی حاڵو بارودۆخی خۆی، نکولی لەو وتانە دەکاتو ڕوو لەو پەیامە وەردەگێڕێو پەسەندی ناکات. حاڵی مرۆڤە دیلەکانی منداڵدانی ئەم دونیاش هەر بەوجۆرەیە، نکولی لە بانگەوازی پێغەمبەرانو دۆستانی خودا سەبارەت بە ژیانێکی خۆش دەکەن.

[1147] بڕوانە: رضا بابایی، زندگی به روایت مرگ، ل٦. هەروەها، کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر سوم، ل٣٦–٣٧.

[1148] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ٦٠ بەدواوە.

٣-١-٢/ جۆرەکانی مردن لای مەولانا

٣-١-٢-١/ مردن و زیندووبوونەوەی هاوشێوەکان

نوێبوونەوەی هاوشێوەکان (تجدد امثال) لە زاراوەی عارفاندا، بەومانایە کە لە سەرچاوەی بوونو بەخشەری بوونەوە – خودا – سات بەسات‌و چرکە بە چرکە توانای نوێبوونەوە بە هەبوو و ماهیەتەکان دەدات. جا چ هەبووی ئیمکانی لە جۆری ئەبستراکت و داماڵراو لە مادە بن یان لە جۆری مادەو هاوپەیوەست بە مادە بن، یان لە جەوهەر یان تێپەڕو لاوەکی (عرضی) بن. ئەم نوێبوونەوەش پارچە پارچەو بەش بەشە، بەڵام بەهۆی پەیوەندی بێ دابڕانەوەو بەوهۆیەشەوە، کە لێکچوون‌و یەکیەتیان پێکەوە هەیە، بۆیە هەبووەکان لەو دیاردە بێتاگان‌و هەستی پێناکەن[١١٤٩].

لێرەوە مەولانا باوەڕی وایە کاروان بە کاروان لەو بیابانەوە – جیهانی نادیار – هەر بەیانی‌و ئێوارەیەک دیاردەی نوێ دێن‌و ئاوادەبن. ببینە ئێمە دانیشتووین‌و کەچی دەڕۆین بەرەو شوێنی نوێ!:

کاروان به کاروان زین بادیه　　می رسد در هر مسا و غادیه
نیك بنگر ما نشسته می رویم　　می نبینی قاصد جای نویم؟[١١٥٠]

هەر چرکەساتێك جیهان‌و هەبووەکان لەنێو نەگۆڕێکدا دەگۆڕێن، تەمەنی بوون‌و دیاردەکان وەك جۆگەیەکی نوێ دەڕوات‌و لەنێو یەك جەستەدا بەردەوام دەبێت:

هر نفس نو می شود دنیاوما　　بی خبر از نو شدن اندر بقا
عمر همچون جوی نونومی رسد　　مستمری می نماید در جسد[١١٥١]

[١١٤٩] بڕوانە: جلال الدین همایی، مولوی نامه، ١٣٦٠ – ١٩٨١، چ٤، انتشارات آگاه، ل١٦٤.

[١١٥٠] مثنوی، دفتر ششم، أبیات: ٢٧٧٣، ٢٧٧٧.

[١١٥١] مثنوی، دفتر اول، أبیات: ١١٤٤ – ١١٤٥.

٣-١-٢-٢/ مردنی گەردوونیی

لە دیدی مەولاناوە، یاسای گەردونیی قورئان (انا الیه راجعون – ئێمە لە خوداوەینو بۆلای ئەویش دەگەڕێینەوە) بەو مانایەیە، کە (بوون) لە بوونی ڕەها – خودا – وە هاتووەو بۆلای ئەو دەگەڕێتەوە.

گەڕانەوە بۆلای ئەو (خودا) نەک تەنها بۆ مرۆڤ، بەڵکو بۆ پارچە پارچەی بەشەکانی گەردوونو بوون ڕاستە[١١٥٢]:

جمله اجزا در تحرك، در سكون ناطقان كأنا اليه راجعون[١١٥٣]

مەولانا بینینی مردنو حەشر لە هەر چرکەساتێکی (بوون)دا دەبینێو بە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە لەسەر سەلماندنی زیندووبوونەوە (قیامت) دادەنێت، بە جۆرێك کە زیندووبوونەوە لە دواڕۆژدا وەك بێداربوونەوەی پاش خەو، بە سروشتی و ڕوون ڕوودەدات:

هردمی مرگی و حشری دادی ام تا بدیدم دست بُرد اُن کرم

همچو خفتن گشت این مردن مرا ز اعتماد بعث کردن ای خدا[١١٥٤]

مەولانا پێی وایە بێ ئاگایی (غفلت) ناهێڵێ دەنگی (بگەڕێوە – ارجعی)ی مردن سات بە سات لە گەردوندا ببیستین، وەگەرنا هەموو بوون سات بە سات و بەبەردەوامی بۆلای سەرەتای خۆی دەگەڕێتەوەو گوتارو بانگی (بگەڕێوە – ارجعی) لە هەموو بەشەکانی بووندا بڵاوە، کاتێکیش دەتوانین ئەو دەنگە گەردونیە ببیستین، کە واز لە هەستی ڕواڵەتیو گوێی سەر بهێنین:

پنبهٔ اندر گوش حس دون کنید بند حس از چشم خود بیرون کنید

پنبهٔ ان گوش سِر، گوش سَراست تانگردد این کر، ان باطن کراست

بی حس و بی گوش و بی فکرت شوید تا خطاب ارجعی رابشنوید[١١٥٥]

[١١٥٢] بڕوانە: د.مریم شریف نسب، حکایت جان سیری، (بررسی تقابل مرگ و زندگی در دیدگاه مولانا) فصلنامه فرهنگ، ل٤٤٩.

[١١٥٣] مثنوی، دفتر سوم، بیت: ٤٦٤.

[١١٥٤] مثنوی، دفتر پنجم، أبیات: ٤٢٢٣ – ٤٢٢٤.

لای مەولانا مردن هەر لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤدا هاوجووتی ئەوە، بەڵام مرۆڤ لێی بێ ئاگایە ئەو لەوکاتەوە (تەپڵی) خۆی لێدەدات و مرۆڤ نایبیستێ، تا ساتی گیانکێشان دەنگی (بگەڕێوە – ارجعی) دەبیستێو تێدەگات[1155]:

سال ها این مرگ طبلك می زند　　گوش تو بیگاه جنبش می کند

گوید اندر نزع ان جان آه مرگ　　این زمان کردت ز خود اگاه مرگ؟[1157]

لای ئەو مردن بەشێکە لەو یاسا گەردوونیەی، کە هەر بەشێك بەدوای گشتی (کل) خۆیدا دەگەڕێ[1158]:

هر کسی کو دور ماند از اصل خویش　　باز جوید روزگار وصل خویش[1159]

لێرەوە مرۆڤیش کە جێنشینی خودایەو بەشێکە لە بوونی ئەو، ئارەزووی گەڕانەوەی بۆ ئەسڵی خۆی هەیە، کەواتە گەڕانەوە بۆ ئەسڵی خۆ، فەلسەفەی مردنە[1160]:

من از کجا، غم و شادی این جهان ز کجا　　من از کجا غم یاران و ناودان ز کجا

چرا به عالم اصلی خویش و انروم　　دل از کجا و تماشای خاکدان از کجا؟[1161]

تەنانەت مەسنەوی هیچ نیە، جگە لە سەفەرنامەیەك بۆ باسی گەڕانەوەی مرۆڤ (رجعت) بۆ ئەو جیهان "مەسنەوی لە شێوەی سەفەرنامەیەکدایە کە مرۆڤ لە ژیانی ئەم جیهانەوە بەرەو جیهانی نادیار (غیب) ڕێنمایی دەکات. کاروانچی ئەم سەفەرەش پیر یان دۆستی خودا (ولی)یە، کە تۆیشووی عشق، مرۆڤ ڕێنمایی دەکات. لێرەوە باسی گەڕانەوە یەکێکە لە گرنگترین بونیادە هزریەکانی مەولانا، کە بە ناونیشانی جۆراوجۆر بانگەواز دەکات بۆ پەیوەندیکردن بە جیهانی نادیارەوە"[1162].

[1155] مثنوی، دفتر اول، أبیات: ٥٦٦ – ٥٦٨.

[1156] بڕوانە: د.سیده مریم أبوالقاسمی، اصطلاحات ومفاهیم عرفانی دیوان شمس، ل

[1157] مثنوی، دفتر ششم، أبیات: ٧٧٣ – ٧٧٤.

[1158] بڕوانە: د.سیده مریم أبوالقاسمی، اصطلاحات ومفاهیم عرفانی دیوان شمس، ل

[1159] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٤.

[1160] بڕوانە: د.مریم شریف نسب، حکایت جان سیری، ل٤٥٦.

[1161] دیوان شمس: غزل: ٤٠٢.

[1162] تهمینه عطایی، تقابل مرگ و زندگی در مثنوی، فصلنامهٔ مطالعات عرفانی، شماره (٥)، ١٣٨٦ – ٢٠٠٧، ل٩٨.

هەربۆیە سەرەتای (مەسنەوی)ش بە باسی ئەو گەڕانەوە دەست پێدەکات:

بشنو این نی چون شکایت می کند از جداییها حکایت می کند[1163]

٣-١-٢-٣/ مردنی مرۆڤانە

٣-١-٢-٣-١/ مردنی ساتەکی:

ئەمەش یەکێکە لەوجۆرانەی مردن کە عارفان – لەوانەش مەولانا – باوەڕیان پێیەتی[1164]. بەپێی باوەڕی ئەمان، مردن و گیانکێشان لە مرۆڤدا هەمیشەیی و بەردەوامە، نەک کتوپڕ. لێرەوە مەولانا باوەڕی وایە، هەر کاتێک مرۆڤ بەوچاوەوە سەیری مرۆڤەکان بکات، هەستی مرۆڤ دۆستی لەودا زیندوو دەبێتەوە و ڕق و کینە لە دڵیدا لاواز دەبێ، چونکە بەرامبەرەکەی وادەبینێ، کە هەنگاو بە هەنگاو بەرەو کۆتاییو مردن دەڕوات و بەمەش سۆزی بۆی دەجوڵێ:

در همه عالم اگر مردوزن اند دم به دم در نزع و اندر مُردن اند

تا بروید عبرت و رحمت بدین تا ببُردّ بیخ بغض و رشك و کین

تو بدان نیت نگر در اقربا تا ز نزع او بسوزد دل، تو را[1165]

وادەزانین لێرەدا ئەم جۆرەی مردن لای مەولانا وەک ئەوە نیە، کە لای یۆنانیەکان بەگشتیو لای ئەبیقۆر بەتایبەتی هەیە، کە مردنی هەمیشەییو بەردەوام، بەمانای ترسان بێ لە مردنو هۆکاری تێکدانی ژیانی مرۆڤەکان بێو ببێ بە ئایدیایەکی نێگەتیف[1166]. بەڵکو

[1163] لە کۆنترین نوسخەی (مەسنەوی)دا، کە نوسخەی (قونیە)یەو هەروەها لەسەر گۆڕەکەی مەولاناش بەم جۆرە نوسراوە، نەک:

بشنو از نی چون حکایت می کند از جداییها شکایت می کند

کە لە هەندێ نوسخەدا واهاتووە. بڕوانە: د.عبدالکریم سروش، در حضور حضرت مولانا. www.dr.sorosh.com

[1164] بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری سێیەم، ل١٢٥.

[1165] مثنوی، دفتر ششم، أبیات: ٧٦١ – ٧٦٣.

[1166] بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری دووەم، ل٨١.

لای مەولانا دەبێت بە شتێکی پۆزەتیڤ‌و مرۆڤدۆستانەو وادەزانین ئەم جۆرە ئایدیایە تایبەت‌و داهێنراوی مەولانایە.

٣-١-٢-٣-٢/ مردنی فیزیکی

گەر سەرنج لە تێکستەکانی مەولانا بدەین، دەبینین باسکردنی مردنی فیزیکی پووبەرێکی فراوانی دیاریکردوە – گەرچی کەمتر لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە[١١٦٧] – و ئەم جۆرەی مردن جێگەی باس‌و بایەخی شاعیر بووەو ئەو لە باسکردن لە حەتمیەتی مردن‌و چییەتی‌و هۆکاری پوودانی مردنەوە بیگرە، تا تایبەتمەندییەکانی‌و پەهەندو شوێنەوارەکانی‌و جۆرەکانی مرۆڤ لە بەرامبەر مردن‌و هۆکاری ترسان یان نەترسان لە مردن‌و حیکمەتی مردن‌و پەهەندە پۆزەتیڤەکانی یادی مردن دواوەو سەرنجی خۆی لەبارەوە خستووەتە پوو. کە لێرەوە یەکبەیەک هەڵوێستەیان لەسەر دەکەین:

أ- حەتمیەتی مردنی فیزیکی:

"مەولانا وەک کەسێکی حەکیم و واقیع بین، دان بە حەقیقەتی هاتنی مردندا دەنێ، بەڵام بەلایەوە جێگەی سەرسوڕمانە، کە بۆچی ئادەمیزادەکان لەگەڵ یەقینیترین دیاردەی جیهاندا، وەک گوماناویترین دیاردە پووبەپوو دەبنەوە. ئەو لە تێکستەکانیدا بە هەزارویەک زمان هاتنی مردنی ناچاری‌و دەستەوەسانی مرۆڤ لەبەردەمیدا بەگوێماندا دەدات"[١١٦٨]:

اگر جاماس و لقمانی، وگر تو ماه کنعانی وگر زشتی و زیبایی، به وقت مرگ درمانی
قبای نخ همی پوشی، شراب سرخ همی نوشی اجل کرده فراموشی، به وقت مرگ درمانی[١١٦٩]

[١١٦٧] لە پرۆسەی گەڕان‌و خوێندنەوەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت، کە ئەم لایەنە لای لێکۆڵەرەکانی شیعری مەولانا بەگشتی کەمتر باسی لێکراوەو زیاتر باس لە مردنی مەعنەوی‌و ئاراستەی مەرگ ویستی لای مەولانا کراوە.

[١١٦٨] د.ارش نراقی، أیینه جان، ١٣٨٨ – ٢٠٠٩، چ١، نشر نگاه معاصر، تهران، ل١٦٧–١٦٩.

[١١٦٩] دیوان شمس: غزل: ٣٦٢٧.

"ئەگەر مرۆڤە قوڵبین‌و حەکیمەکان فەنابوونی جیهان‌و مردنی مرۆڤ بە قوڵیی ببینن‌و ئەزموونی عەدەم لەنێو ژیاندا ببینین. ئەوا بێگومان لە خۆیان دەپرسن: ئەگەر بڕیارە تەواوی ئەم دیمەنەی ژیان بە یەکجاری بپێچڕێتەوە، کەواتە ئەم هەموو دیمەن ڕازاندنەوەی دونیا بۆچی بوو؟ بە دەربڕینێکی تر، کاتێک کە ئامانجداری جیهان‌و مەبەستداری بوونی مرۆڤ بخرێتە ژێر گومانەوە، ئەوا ڕۆحی مرۆڤی حەکیم لەگەڵ قەیرانی بێ مانایبدا ڕووبەڕوو دەبێتەوە. وەک ئەوەی لای (خەیام) دروستکردنی گۆزەی نەخشێنراوو دواتر شکاندنی بە بێهودە دەبینێ‌و ڕۆحی بێ ئۆقرە ئازار دەدات"[1170]:

جامی است که عقل آفرین می زندش　　صد بوسه ز مهر بر جبین می زندش
این کوزه‌گر دهر چنین جام لطیف　　می سازد و باز بر زمین می زندش[1171]

جێگەی سەرنجە، کە مەولاناش بێگانە نیە بەم ئەزموونە سوتێنەرو ئازاردەرانەو ئەو باوەڕی وایە، کە ئاگایی ئازاردەرانە لە ئەنجامی دڕاندنی پەردەی بێ ئاگاییەوەیەو هەڵبەتە کەسێک کە یەکجار چاوی دەکرێتەوەو لەنێو ئەشکەوتی ژیان، ئەگەر هەنگاوێکیش بێت — دێتە دەرەوە، ئەوا چیتر ناتوانێ کەڵک لە ئارامی بێئاگایی — وەک ڕابردوو — وەربگرێت‌و ڕۆحی ئەو دوچاری شڵەژان‌و شپرزەیی دەبێت. چاولەچاو بڕینی عەدەم ئەزموونێکی دڵەڕاوکێ هێنەرەو بەرگەگرتنی ئەوە دژوارە. مەولانا بە ئاشکرا دان بە دژواری ئەوەدا دەنێت[1172].

ئەو باوەڕی وایە ئەم ژیانە ئازارو سوتان‌و فیراقی وای تێدایە، کە مرۆڤەکان ئەگەر لەو ئازارانەدا بمێننەوە، ئەوا عەقڵیان لەدەستدەدەن‌و ناتوانن سەرقاڵی هیچ کارێک بن، بۆیە (لەبیرکردن)ی ئازار ئەو جوانیەی تێدایە، کە مرۆڤ لە قورسی باری گرانی خەمەکان‌و بێبەشبوونەکان ڕزگار دەکات‌و دوبارە ئومێدی ژیان، لای سەرهەڵدەداتەوە. ئەگەر مرۆڤ

[1170] د.ارش نراقی، أیینه جان، ل١٦٨.

[1171] رباعیات خیام، تصحیح: د.محمد علی فروغی، د.قاسم غنی، ١٣٨٥ — ٢٠٠٦، چ٤، انتشارات اساطیر، شماره رباعی (١١٥)، ل٩٣.

[1172] بڕوانە: د.ارش نراقی، أیینه جان، ل١٦٩.

خەسڵەتی چاوچنۆکی و هەڵپەکردن — کە لە خۆیاندا خراپو مایەی ئازارن — لەدەستبدەنو بۆ مانەوەی جەستەو بوونی خۆیان تێنەکۆشن، ئەوا دونیا بەرەو وێرانبوون دەڕوات و ڕەگەزی مرۆڤ دەبڕێتەوە. کەواتە لەبیرچوون و بێئاگایی کۆڵەکەی ژیانەو خوداش تەنها وەک نمەیەک هۆشیاری دەبارێنێتە سەر مرۆڤەکان تا وشک نەبنەوەو تەواو بێئاگا نەبن، بەڵام ئەوەندە زۆریش نابێ، کە ژیان بەتەواوی بە بێ نرخ و کەم بزانن و ژیان بوەستێ[1173].

گر بر آن آتش بماندی آدمی — بس خرابی درفتادی و کمی

این جهان ویران شدی اندر زمان — حرص ها بیرون شدی از مردمان

استن این عالم ای جان غفلت است — هوشیاری این جهان را آفت است

هوشیاری زآن جهان است و چوآن — غالب آید پست گردد این جهان

گر ترشح بیشتر گردد ز غیب — نه هنر[1174] ماند درین عالم نه عیب[1175]

جێگەی سەرنجە، کە مەولانای عارف، کە ئاگاداری حاڵی کەسە هۆشیارە ئازاربینەکانی هاوشێوەی (خەیام)ە، هاودڵی لەگەڵیاندا دەنوێنێ و، وەک لەم بەیتانەدا دەردەکەوێ کە دەڵێی بۆ وەسفکردنی ڕۆحە هەستیارەکانی وەک خەیام نوسراوە. ئەو دەڵێت: ئەو مرۆڤانە لەپێناوی ئەوەی بۆ ساتێک لە ئازاری هۆشیاربوونەوە ڕزگاریان بێت، نەنگی و بەدناوی مەی خواردنەوەو ڕابواردنی ناشایستەو ئاهەنگو مۆسیقا قەبوڵ دەکەن، تا بەجۆرێک لە بێئاگایی و دابڕان لە جیهانی هۆشیاری بگەنو بەشێوەیەکی کاتی لە خەمەکان قوتاربن. چونکە — مەولانا دەڵێ — "هەموو مرۆڤەکان زانیان کە ئەم بوونو ژیانە — واتە لایەنی مادی ژیان — لە داوێک زیاتر نیەو مرۆڤ بێ ویستی خۆی هاتووەتە ژیانو دەژی. بەپێچەوانەی مرۆڤە ڕواڵەتبینەکانەوە، کە باوەڕیان وایە لەم ژیانەدا تەواوی ئیختیارو دەسەڵاتیان هەیەو ئەو

[1173] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر اول، ل٦٣٦.

[1174] پێشتر لە بەشی ژیاندا لای مەولانا زیاتر ئاماژەمان بەمە کردوە، کە ژیان بەهۆی بێ ئاگاییو ئاشکرانەبوونی نهێنیە گەورەکانەوە بەردەوامەو ئەگەر ئەوانە ئاشکرابنو مرۆڤ لێیان هۆشیار ببێتەوە، ژیان تێکدەچێ. بڕوانە: ل١٥٩ بەدواوە.

[1175] مثنوی، دفتر اول، أبیات: ٢٠٦٥ — ٢٠٧٠.

ئیختیارو ویستانەشیان بە دەوری ئارەزووبازیدا دەسوڕێتەوە، بۆیە هەمیشە لە شپرزەیی‌و دڵەڕاوکێدا بەسەردەبات‌و ئەم پەشێویە گیان ڕزێنە بۆ ئەو وەک دۆزەخە. واتە مرۆڤەکان — تەنانەت مرۆڤە ئاساییەکان — لە سروشتی پڕ ئازاری ژیان تێگەیشتوون و ئازاریان چەشتووە، بۆیە پەنا بۆ خۆبێهۆشکردن دەبەن. ئەوان بۆئەوەی لە هۆشیاریەوە بۆ ناهۆشیاری بڕۆن لە (خودی) خۆیانەوە بەرەو بێ هۆشی دەڕۆن، چ مەبەستی بێت یان بە خۆسەرقاڵکردن. ئەمان چونکە بە ناسینی باڵا نەگەیشتوون (نەمانی خۆ) یان هیچ بەهایەکی نیە، بەڵام (نەمانی خۆ)ی عارفان زۆر بەرزو بەنرخە"[1176]:

تا دمی از هوشیاری وارهند ننگ خمر و زمر بر خود می نهند

جمله دانسته که این هستی فخ است فکرو ذکر اختیاری دوزخ است

می گریزند از خودی در بی خودی یا به مستی یا به شغل ای مهتدی[1177]

مەولانا هاودڵانە، ئەوە پەسەند دەکات، کە هەندێك لە ڕۆحە هەستیارەکان، نهێنییە ترسناکەکانی ئەم جیهانە دەدۆزنەوەو بەهۆی ئەوەشەوە، لە بەهەشتی ئاسایشی بێ ئاگایی دەکرێنە دەرەوەو بە ناچاری مەستی‌و بێئاگایی وەک چارەسەرێك بۆ ئارامکردنەوەی ئەو هۆشیاریە ئازاردەرە هەڵدەبژێرن. کەواتە لانی کەم باوەڕ بە نهێنی زانی‌و ناسکی ئەم ڕۆحە شکاوانە دەکات‌و بە هاودڵیەوە بۆ ئازاری ئەوان دەڕوانێت[1178].

لێرەوە گەر مەولانا وەك پرەنسیپێکی مەعریفی باوەڕی وابێت، کە ناسینی هەر شتێك بە ناسینی دژەکەیەوە پەیوەست بێت‌و بەو ڕێگەیە نەبێت ناتوانین بیناسین. "مرۆڤ کاتێك لێدان‌و ئازاری بینیبێ، لە چەمکی سۆزو میهرەبانی دەگات. یان هەرکاتێك پزیشك برین ببینێ، ئەوکات دەتوانێ چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە"[1179]:

[1176] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر ششم، ل٨٤–٨٥.

[1177] مثنوی، دفتر ششم، أبیات: ٢٢٥ — ٢٢٧.

[1178] د.ارش نراقی، أیینه جان، ل١٧٢–١٧٣.

[1179] کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر پنجم، ل١٨٧.

جز به ضد، ضد را همی نتوان شناخت چون ببیند زخم، بشناسد نواخت[1180]

لێرەوە ئەو باوەڕی وایە، ژیانی دنیا بۆیە بە ناچاری لەپێشتردا هاتووە، — بەو هەموو ئازارو کەموکورتیانەوە — تا تۆ بەهای ئەو جیهانەی تر — جیهانی پشتەوەی ئەم جیهانە — بزانیت:

لا جرم دنیا مقدم آمدەست تا بدانی قدر اقلیم ألست[1181]

لێرەشەوە، تێڕوانینی مەولانا بۆ مردنیش پەیوەستە بە تێڕوانینی بۆ ژیانەوەو بەهۆی یەکێکیانەوە ئەوی دیکە دەناسێ. هەر لەناو ئەم چوارچێوە گشتیەشداو بۆ باشتر ناسینی دیدی مەولانا بۆ مردن، هێنانی دیدێکی دژ بەو لە ئایدیاو ئاراستەدا بە پێویست دەزانین و لێرەوە بەشێك لەو بەراوردە وردو زانستیەی، کە لێکۆڵەری ئێرانی (د.ئارشی نەراقی) لەنێوان خەیامو مەولانادا[1182] — سەبارەت بە مردن — وەك دوو ئایدیای جیاوازو دژ — بە بەکەڵك دەبینین[1183].

"لە دیدی خەیامیەوە مردن نەبوونی ڕەهاو کۆتایی ڕێگایە. گۆزەی جوان نەخشێنراوی بوونی ئێمە، یەکجار دەکێشرێ بە زەویداو بۆ هەمیشە لەناودەچێت. لێرەوە سروشتیە، کە دەنگی پێیەکانی مردن، لە ئێمەدا هەستی شڵەژانو ترسو داخ ببزوێنێ. وێناکردنی خەیامیانە بۆ مردن دەتوانین لەم چوارینەدا بدۆزینەوە:

دنیا که در او ثبات کم می بینم در هر نفسش هزار غم می بینم
چون کهنه ریاطی است که از هر طرفش را هی به بیابان عدم می بینم[1184]

[1180] مثنوی، دفتر پنجم، بیت: ٥٩٩.

[1181] مثنوی، دفتر پنجم، بیت: ٦٠٠.

[1182] بڕوانە: د.ارش نراقی، أیینه جان، ل١٧٧ بەدواوە.

[1183] هۆکارێکی تری ئەم ئاماژەکردنە بە ئایدیای دژەمەرگی خەیامیانە، بۆ پێویستبوونمان بۆ بەراوردکردنی بە مەولەوی لەلایەکی ترەوە دەگەڕێتەوە، کە لە شوێنی خۆیدا هەندێ ئاماژەی پێدەکەین.

[1184] لەو نوسخە ساغکراوەی چوارینەکانی (خەیام)دا، کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەم چوارینە نەهاتووە، بەڵام (د.ئارشی نەڕاقی) لە کتێبی (أینەجان)، ل١٧٩ هێناویەتی، بەڵام ناوبراو سەرچاوەکەی دیارینەکردوە.

لە دیدی ئەوەوە دونیا کاروانسەرایەکە لەنێو بیابانێکی چۆڵداو لە هەر دەرگایەکی ئەو کاروانسەراوە بچێتە دەرەوە بە هیچ ناگەیت. ئێمە لە عەدەمەوە بۆ ئەم کاروانسەرا دێین. ژیانێکی سست بەسەردەبەینو سەرئەنجام کاتێك کە تەپڵی مەرگ لێدەدەن، لە دەرگایەکی تەوە بەرەو ئەو چۆڵەوانیە ترسناکە فڕێدەدرێین. ئاشکرایە کە دانیشتوانی ئەو کاروانسەرایە لە خۆیاندا دەلەرزن، نەبادا بۆ دەرەوە فڕێبدرێن. بەهەر فێڵێك بێت، تێدەکۆشن چوونی خۆیان دوابخەن، تا لە سایەی ئارامی کاروانسەرادا، کەمێك زیاترو خۆشتر بەسەربەرنو ترسناکی ئەو بیابانە تاریکە لە خۆیان دووربخەنەوە.

بەڵام وێناکردنی مەولانا بەتەواوی جیاوازە. ئەو جیهان بە قەفەسێك دەبینێ، کە لەنێو باخێکی سەوزو پاراودا هەڵواسراوەو تۆی مرۆڤیش وەك باڵندەیەك لەنێو قەفەسێکدا نیشتەجێی. باڵندە لە دەرەوەی قەفەسەکە باخی سەوزو گەشو کۆڕی باڵندە هاوڕەگەزەکانی خۆی دەبینێ، بۆیە هەموو بوونی ئارەزووی رزگاربوونە لە قەفەس. بەبێ ئۆقرە خۆی بە دەرگاو دیواری قەفەسەکەدا دەکوتێ، تا دەرچەیەك بدۆزێتەوە. بۆئەو مردن دەرچوونە لە قەفەسو گەیشتنەوەیە بە یاران:

مرگ شیرین گشت و نقلم زین سرا　　چون قفس هشتن پریدن مرغ را
آن قفص که هست عین باغ در　　مرغ می بیند گلستان و شجر
چون دل و جانش چنین بیرون بود　　آن قفص را در گشایی چون بود[1185]

ئەم وێناکردنەشە بۆ مردن، کە ئازایەتی بە رۆحی مەولانا دەبەخشێو بێ باکانە مردن — کە خەڵك — پاروویی ئەون — وەك پاروو بخوات و بێباك بێت!:

این مرگ که خلق لقمه‌ی اوست　　یك لقمه کنیم و غم نداریم[1186]

ئەو بەڕوونی گرەوی لە ڕودا وەستان (تحدی) لەگەڵ مردن دەکاتو پێی دەڵێ: مردن ئەگەر پیاوو مەردە بابێتە بەردەمی من، تا من لەو گیانێکی نەمرو بێ ڕەنگو بۆ بسەنم و ئەو قاڵبێکی پینەکراو و ڕەنگاوڕەنگ لە من وەربگرێتەوە!:

[1185] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ۳۹۵۰ بەدواوە.

[1186] دیوان شمس: غزل: ۷۸۳.

مرگ اگر مرداست آید پیش من　　تا کشم خوش در کنارش تنگ تنگ
من ازو جانی برم بی رنگ و بو　　او زمن دلقی ستاند رنگ رنگ[1187]

"هەر ئەم وێناکردنە گەرمو روناکەیە بۆ (بوون)، کە رۆحێکی کراوەو شادو پڕ بە مەولانا دەبەخشێ. بەدوای خۆشیدا گەڕانی خەیامیانە، پەرچەکردارێکی قوڵی، رۆحی تاڵی چێژی ئەوە، لەبەرامبەر (بوون)دا. لێرەدا ئەوی حەکیم بەهۆی ئازاری ناخیەوە لەخۆیدا پێچ دەخوات، بۆیە دەبێت بۆ کۆمەکی ئەو، دەرمانێك لە دەرەوە بێت. شادخۆری— مەی خواردنەوە— خەیامیانە لە خەمباریەوە دروستبووەو لەسەر هۆکارە دەرەکیەکان دامەزراوە. شادمانی خەیامیانە دەبێت بە (شادمانی خەمبارانە) بزانین"[1188].

بەڵام شادمانی، مەولانا، خۆشیەك نیە لە مەستیو ئەفیۆنەوە دروستبووبێت. کۆمەکی لە هۆکارە دەرەکیەکانەوە وەرنەگرتووە، بەڵکو لە دەوڵەمەندیو جۆشی ناخەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەو خۆی لە وەسفی پڕیو شیرینی (بوون)ی خۆیدا پێمان دەڵێ، من شەکەرمو قامیشەڵانی شەکر، هەم لە خۆمدا دەڕوێتو هەم خۆم دەیخۆم![1189]:

که آن قندم، نیستان شکرم　　هم زمن می روید و من می خورم![1190]

مەولانا سەرچاوەی بەختەوەری لە دەروونی خۆیدا دۆزیەوە. بەڵێ: مەولانا مەست بوو، بەڵام نەك مەست بە مەی ترێ. مەستی ئەو لە ناخیەوە هەڵدەقوڵێ و بۆ دەرەوە دەدرەوشێتەوە. "ئەو باوەڕی وایە بادەو مەی، لە مرۆڤەوە مەستی وەردەگرێ نەك بەپێچەوانەوە. جەستەو قاڵبی مرۆڤ، لە بوونی رۆحیەوە بوون وەردەگرێ، نەك بە پێچەوانەوە"[1191]:

[1187] هەر ئەو سەرچاوە، غزل: ١٣٢٦.
[1188] د.ارش نراقی، آیینه جان، ل١٨٠.
[1189] بڕوانە: د.آرش نراقی، آینه جان، ل١٨٠.
[1190] مثنوی، دفتر دوم، بیت: ٢٤٣٠.
[1191] بڕوانە: د.آرش نراقی، آینه جان، ل١٨٠.

باده از ما مست شد نی ما از او قالب از ما هست شد نی ما از او[1192]

مەولانا گەرچی خۆی تێڕوانینی بۆ ژیان‌و بۆ مەرگ شادەو مردن جێگەی نیگەرانی ئەو نیە، بەڵام "واقیعیانە قسەی دڵی کەسانێك دەکات، کە: مردن بە (فوت – لەدەستچوون) دەبینن، نەك ئەوەی مردن بە (وفات – گەڕاندنەوە) کە بڵندی و گەشەکردنە بەرەو زیاتر ببینن، بۆیە لە زمانی کەسێکەوە دەڵێت: ئەم جیهان‌و ژیانە چەند خۆش دەبوو، ئەگەر مردنی تێدا نەبوایە"[1193]:

أن یکی می گفت خوش بودی جهان گر نبودی پای مرگ اندر میان[1194]

بەڵام وەڵامی مەولانا، بەم بیرو هزرە ڕوانگەتیە، کە جیهانی بێ مەرگ‌و مردنی زیاتر خۆشدەوێ، وەڵامێکە، کە هەموو دنیابینی ئەو لەبارەی مردن‌و ژیانەوە ڕوونەدەکاتەوە"[1195] و ئەو لە زمانی کەسێکی ترەوە بەپێچەوانەوە دەڵێت: ئەگەر هیچ مردنێك نەبوایە، ئەوا ئەم ژیانە ئاڵۆزە هیچ بەهایەکی نەدەبوو:

آن دگر گفت ار نبودی مرگ هیچ که نیرزیدی جهان پیچ پیچ[1196]

بۆیە – لە دیدی ئەودا – لەکاتی مردندا، ئەوەی کە ڕوودەدات، جۆرە بازدانێکی گەردوونییە، کە سەرەکیترین گۆڕانکاریە بایۆلۆژیەکانیش دەگرێتەوە. لێرەوە مردن لەناوچوون (فوت) نیە، بەڵکو (وفات) یان دووبارە گێڕانەوەی ئەمانەتێکە[1197]، کە کاتی گێڕانەوەی ئەو سپاردەو ئەمانەتە گەیشتووە[1198].

[1192] مثنوی، دفتر اول، بیت: ۱۸۱۵.

[1193] رضا بابایی، زندگی به روایت مرگ، ل۸.

[1194] مثنوی، دفتر پنجم، بیت: ۱۷۶۰.

[1195] بڕوانە: رضا بابایی، زندگی به روایت مرگ، ل۸.

[1196] مثنوی، دفتر پنجم، بیت: ۱۷۶۱.

[1197] بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری یەکەم، چەمکی ژیان و مردن لە ئایینی ئیسلامدا، ل۵۹.

[1198] رضا بابایی، زندگی به روایت مرگ، ل۸.

ب- چییەتی مردنی فیزیکی و هۆکاری ڕووداتی

لای ئەو ژیانی مرۆڤ بەرهەمی ئاشتی و بەرانبەری نێوان ڕەگەزە دژەکانەو مردن کاتێك بوونی پەیدادەبێت، کە ئەم بەرانبەریە لەناودەچێت. هەڵبەت جیابوونەوەی ئەم دژانە سەیر نیە، سەیر ئەوەیە کە مرۆڤ دڵ بە بەردەوامی ئەوانەوە ببەستێ، لەکاتێکدا کە جیهان وەك دەردەدارێکە ئەگەری توشبوونی بە بەڵاو نەخۆشی هەیەو هەرچیش نەخۆش بکەوێت ئەگەری لەناوچوونی هەیە:

زندگانی آشتی ضدهاست — مرگ کآن در میان شان جنگ خاست
لطف حق شیر را و گور را — الف دادست این دو ضد دور را
چون جهان ردجورو زندانی بود — چه عجب ردجور اگر فانی بود[1199]

لەلایەکی ترەوە ئەو باوەڕی وایە، مردن بەرهەمی دەرکەوتنی سیفەتی مرێنەری (ممیت)ی خودایە. لە مردوو زیندوو دەرهێنانو لە زیندوو مردوو دەرهێنان بەشێکە لە بازنەو گالیسکەی دووبارەوەبووی زیندووکەرەوەیو مرێنەری (المحیی و الممیت) هێزی بالا (خودا)[1200]:

چون ز مرده زنده بیرون می کشد — هر که مرده گشت او دارد رشد
چون ز زنده، مرده بیرون می کند — نفس زنده سوی مرگی می تند
مرده شد تا مخرج الحي الصمد — زنده‌ای زین مرده بیرون آورد[1201]

[1199] مثنوی، دفتر پنجم، أبیات: ۱۲۹۳ – ۱۲۹۵.

[1200] بڕوانە: د.مریم شریف نسب، حکایت جان سیری (بررسی تقابل مرگ و زندگی در دیدگاه مولانا)، ل٤٥١.

[1201] مثنوی، دفتر پنجم، أبیات: ٥٤٩ – ٥٥١.

ج- تایبه‌تمه‌ندیه‌کانی مردنی فیزیکی

"لای مه‌ولانا مردن تایبه‌تمه‌ندی هه‌یه، له دیارترین ئه‌و تایبه‌تمه‌ندیانه‌ش، ئه‌مانه‌ن: مردنی هه‌رکه‌سێك هاوشێوه‌ی ده‌روون‌و سروشتی خۆیه‌تی، ئه‌وه‌ی سروشتی شیرین بێت، مردنی وایه‌و پێچه‌وانه‌که‌شی ڕاسته"[١٢٠٢]:

وه‌ك ئه‌وه‌ی مردن ئاوێنه‌یه‌ك بێت، که سروشتی هه‌رکه‌س له‌ودا پەرچه‌کردار ببێته‌وه. لێره‌شه‌وه ده‌رکه‌وتنی ناشیرینی ئاوێنه — مردن — هی خۆی نیه، به‌ڵکو هی ئه‌و روخساره‌یه، که له‌به‌رده‌میدا وه‌ستاوه:

مرگ هریك ای پسر همرنگ اوست　　پیش دشمن، دشمن و بردوست دوست

پیش ترك أیینه را خوش رنگی است　　پیش زنگی أینه هم زنگی است[١٢٠٣]

لای مه‌ولانا خه‌و هه‌مان تایبه‌تمه‌ندی مردنی هه‌یه (برای مردنه)[١٢٠٤]:

مه‌ولانا پێمان ده‌ڵێ، خودایه‌ك که به هه‌ناسه‌ی به‌ره‌به‌یان درز ده‌خاته نێو ڕه‌شمالی ڕه‌شی شه‌وه‌وه و وه‌ك ئیسرافیل[١٢٠٥] هه‌موو ڕۆحه‌کان له جیهانی ڕۆحه‌کانه‌وه بۆ گۆڕه‌پانی جیهانی هه‌ستپێکراو ده‌گێڕێته‌وه‌و هه‌رکه‌س به کاری ڕۆژانه‌ی خۆیه‌وه سه‌رقاڵ ده‌کاته‌وه. خودا له‌کاتی خه‌ودا، ئه‌سپی ڕۆحه‌کان له زینی جه‌سته جودا ده‌کاته‌وه‌و ئه‌مه‌شه نهێنی وته‌که‌ی پێغه‌مبه‌ر (د.خ) که فه‌رمویه‌تی: خه‌و برای مردنه[١٢٠٦]:

فالق الاصباح اسرافیل وار　　جمله را در صورت أرد زان دیار

اسب جانها را کند عاری ز زین　　سر النوم اخو الموت این[١٢٠٧]

[١٢٠٢] د. مریم شریف نسب، حکایت جان سیری، ل٤٥٥.

[١٢٠٣] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ٣٤٣٩ — ٣٤٤٠.

[١٢٠٤] بڕوانه: د.مریم شریف نسب، حکایت جان سیری، ل٤٥٥.

[١٢٠٥] ئیسرافیل فریشته‌ی ڕاسپێردراو به وێرانکردنی ژیانی دونیاو مراندنی هه‌موو مرۆڤو گیانله‌به‌ران به ده‌نگه ترسناکه‌که‌ی‌و دوباره زیندووکردنه‌وه‌یان به هاوارێکی تر.

[١٢٠٦] بڕوانه: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر اول، ل١٦٣.

[١٢٠٧] مثنوی، دفتر اول، أبیات: ٣٩٨ — ٣٩٩.

لای مەولانا خەوتنو بێداربوونەوە، دوو نمونەی گەواهیدەری مردنو زیندووبوونەن. زیندووبوونەوەی بچوك – بێداربوونەوە – زیندووبوونەوەی گەورە – قیامەت – پیشاندەدات. مردنی بچوکیش، مردنی گەورە ئاشکرا دەکات[۱۲۰۸]:

هست مارا خواب و بیداری ما　　برنشان مرگ و محشر دوگوا

حشر اصغر، حشر اکبر را نمود　　مرگ اصغر، مرگ اکبر را زدود[۱۲۰۹]

د- ڕەهەندەکانی هزری مردن لای مەولانا

وادەزانین گرنگترین ڕەهەندەکانی هزری مردن لای ئەو لە دوو خاڵدا دەردەکەوێت:

یەکەم: کۆچکردن نزیکە، چونکە (بوون) جێگیر نیە، بەڵکو لە گۆڕان و ئاڵوگۆڕدایە

"مەولانا وەك عارفێك، سیستێمی بوون، بە شتێکی جێگیرو نەجوڵاو نابینێ، بەڵکو ئەو هەموو جیهان لە گۆڕانو ئاڵوگۆڕی بەردەوامدا دەبینێ. ئەم ڕەهەندەی بوونیش لای عارفان مایەی خۆشیەکی سەرسوڕهێنەرە، چونکە ئەو وێنە نوێیانە، چاو نوێ دەکاتەوەو بێزاریو دوبارەیی لەچاودا دەمرێنێ"[۱۲۱۰]:

هر زمان نو صورتی و نو جمال　　تا زنو دیدن فرو میرد ملال[۱۲۱۱]

ئەم گۆڕانە بەردەوامە، بە بەردەوامیو لە شێوەی بردندا – نەك لەناوبردن – عەدەم – کۆمەڵێك دەبات و کۆمەڵێکی تر لەسەر خوانی ئەم جیهانە دادەنیشێنێ:

اندك اندك زین جهان هست و نیست　　نیستان رفتند و هستان می رسند[۱۲۱۲]

ئەم مردنە بەردەوامە، خۆی لە شێوەی جۆراوجۆردا وەك: پیری، نەخۆشی، خەوتن و هتد... پیشان دەداتو هەموو ئەوانە لەڕاستیدا ئاماژەن بۆ حەقیقەتی مردن، تەنانەت قسەکانی ئەهلی دونیا لەم مردنە بەردەوامەدا – کە بە هێندەی هەناسەکانی هەموو

[۱۲۰۸] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر پنجم، ل٤٩١.

[۱۲۰۹] مثنوی، دفتر پنجم، أبیات: ۱۷۸۷ – ۱۷۸۸.

[۱۲۱۰] مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گیل گمیش تا کامو، ۱۳۹۰ – ۲۰۱۲، نشر نگاه معاصر، تهران، ل۷۲.

[۱۲۱۱] دیوان شمس: غزل: ٦٨٠.

[۱۲۱۲] هەر ئەو سەرچاوە، غزل: ٨١٩.

بوونەوەرانە — ئەگەر بە سەرنجێکی قۆڵ سەیری بکەین، وەک وەسیەتی ئەوکەسانەیە کە لەسەرەمەرگدا خەڵکی لە نزیکی مردن بەئاگا دەهێننەوەو لە نقومبوون لە دونیا ئاگاداریان دەکەنەوە"[۱۲۱۳]:

در همه عالم اگر مرد و زن اند — دم به دم در نزع و اندر مردن اند
أن سخن شان را وصیت ها شمر — که پدر گوید در أن دم با پسر[۱۲۱٤]

دووەم: نەخۆشیەکان و ئازارە جۆراوجۆرەکان، پەیامهێنەری مردن

بەڵگەیەکی تری نزیکی مردن زۆری هۆکارەکانی مردنە لەوانە زۆری نەخۆشیەکان، کە پەیامهێنەری مردن[۱۲۱۵]. مەولانا باوەڕی وایە پەنجەرەو دەرگای زۆر بەسەر مردنی گەزندە — مرۆڤ دەگەزێ — دا کراوەتەوە— کە ناتوانینو نازانین کامەیان بگرین — کە لەکاتی کردنەوەدا جێڕەو دەنگی دێت. بەڵام گوێی مرۆڤە چاوچنۆکو مادیەکان دەنگی تاڵی جێڕەی ئەو دەرگایانە نابیستێ. ئەو ئازارانەی کە لە جەستەدا پەیدادەبن دەنگی جێڕەی دەرگای مردنە. ئەو ستەمو ناڕەواییەی کە لەلایەن دوژمنانەوە پێمان دەگات، دوبارەِ دەنگی دەرگای مردنە[۱۲۱٦]:

چون فنا را شد سبب بی منتها — پس کدامین راه را بندیم ما
صد دریچه و در سوی مرگ لدیغ — می کند اندر گشادن ژیغ ژیغ
ژیغ ژیغ تلخ ان درهای مرگ — نشنود گوش حریص از حرص برگ[۱۲۱۷]

نەخۆشیو ئازار تەنها نیشانەی مردن نیە، بەڵکو چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵیدا دنیابینی گشتی تاك بەرامبەر بە مردن دیاریدەکات. کەسێك کە لە بەڵاو ئازاردا — کە مەولانا

[۱۲۱۳] مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گیل گمیش تا کامو، ل۷۲.
[۱۲۱٤] دیوان شمس: غزل: ۹۳٦.
[۱۲۱۵] بڕوانە: مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گیل گمیش تا کامو، ل۷۲.
[۱۲۱٦] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر چهارم، ل۸۷۷–۸۷۸.
[۱۲۱۷] مثنوی، دفتر چهارم، أبیات: ۳۱۰۲ — ۳۱۰٤.

ئازار بە بەشێك لە مردن ناودەبات — چێژی خودایی دەبینێ، مردنیشی شەکرستان دەبێ، بەڵام ئەوەی لە هەر ئازارێك، کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە شوێنی خۆی ڕائەپەڕێو بەدوای خۆشیدایەو دوژمنی تاقیکردنەوەو ناڕەحەتیەو ڕوو لە ئازارو نەخۆشی وەردەگێڕێ، کە نێردراوو پەیامهێنەری مەرگن، ئەوا مردنێکی تاڵو سەخت چاوەڕێی دەکات[1318]:

دان که هر ردجی ز مردن پاره‌ای است — جزو مرگ از خود بران گر چاره‌ای است
جزو مرگ ار گشت شیرین مر تو را — دان که شیرین می کند کل را خدا
دردها از مرگ می آید رسول — از رسولش رومگردان ای فضول[1319]

ز- بەرهەم و شوێنەواری مردن

لە دیدی مەولاناوە دەنگو هەواڵی مردن، بەرهەمو شوێنەواری پۆزەتیڤی هەیە، یەکێك لەوانە ئەوەیە کە چاوەکانت دەکاتەوەو واق وڕماوت دەکات، لێرەوە گرنگترین بەرهەمی مردن کردنەوەی چاوی ناخ (دڵ)ی مرۆڤە[1320]:

نام نیك و بد مگر نشنیده‌اید — جمله دیدند و شما نادیده‌اید
دیده را نادیده می آرید لیك — چشمتان را واگشاید مرگ نیك[1321]

ئەوکاتەش — پاش چاوکردنەوەکان— پۆژی حەسرەتو پەشیمانیە بۆ خراپەکانو چاکەکارانیش— خراپەکاران لەبەر ئەنجامدانی خراپەو چاکەکارانیش لەبەر کەموکورتی نواندن و لەدەستدانی هەڵی چاکەی زیاتر —:

زین بفرمودست آن اگه رسول — که هر آنك مردو کرد از تن نزول
نبود او را حسرت نقلان و موت — لیك باشد حسرت تقصیر و فوت[1322]

[1318] بڕوانە: مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گیل گمیش تا کامو، ل٧٢–٧٣.

[1319] مثنوی، دفتر اول، أبیات: ٢٢٩٨، ٢٣٠٠ — ٢٣٠١.

[1320] بڕوانە: د.مریم شریف نسب، حکایت جان سیری، ل٤٥٧.

[1321] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ٢٨٢٦ — ٢٨٢٧.

[1322] مثنوی، دفتر پنجم، أبیات: ٦٠٤ — ٦٠٥.

لای مەولانا کاریگەریەکو ئەنجامێکی تری مردن ئەوەیە، کە سامانی دونیایی کارلێنەهاتوو و بێ سوود دەکات. چونکە دیارە سامانی دونیایی پاش مردن بەکارنایەتو سودێکی بۆ مرۆڤ نابێت. دروستکردنی ئاوەدانی مەزارو ئارامگای جوانو شکۆدار بێ کەڵکە، چونکە ئاوەدانی گۆڕ بە کرداری خاوەنی گۆڕەکەیە، نەک ئاوەدانکردنەوەی گۆڕەکەی، کرداری ئاوەدانکەرەوەش ئەوەیە، لە ناختدا بە پاکێتی گۆڕێک هەڵبکەنیو (من)ی ساختەو خۆپەرستانەی خۆت لە (من)ی راستەقینەدا فانی بکەیت[1323]:

عاقبت تو رفت خواهی ناتمام — کارهایت ابترو نان تو خام

وأن عمارت کردن گورو لحد — نی به سنگ است و به چوب و نی لبد

بلك خود را در صفا گوری کنید — در (منی) او کنی دفن (منی)[1324]

س- جۆرەکانی مرۆڤ لەبەرامبەر مردندا

(غەزالی)، خەڵکی لەبەرامبەر مردندا بەسەر سێ دەستەدا دابەش دەکات: هەڵپەکەرو ئالۆدەبوو بە دونیا. لەخواترسو پەشیمان (تۆبەکار). عارف.


هەڵپەکەر بۆ دونیا لە مردن دەترسێو رقی لێیەتی، چونکە ئەو لە ئارەزووە دونیاییەکاندا نوقم بووەو نایەوێ لە شوێنێك کە بۆخۆی ئاوەدانکردووەتەوە — وەهمی وایە ئاوەدان دەبێت — بۆ شوێنێك کە وێرانیکردوە بگوازێتەوەو تەواوی خۆشیەکانی لەناوبچێت. لەخواترسو پەشیمان (تۆبەکار)یش لە مردن دەترسێ، کە بەر لە قبوڵ بوونی پەشیمانی (تۆبە) و کۆکردنەوەی توێشووی ڕێگە، مردن یەخەی پێبگرێتو وەك میوەیەکی کاڵ لە دونیا بڕوات. بەڵام عارف بەتەواوی لەگەڵ ئەوانی تردا جیاوازە. ئەو هەمیشە یادی مردن دەکات، چ ژوانێکی دۆستو خۆشەویستەکەیەتیو هەرگیز دیداری دۆست لەبیرناکات. ئەم

[1323] بڕوانە: د.مریم شریف نسب، حکایت جان سیری، ل٤٥٧–٤٥٨. هەروەها کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر سوم،ل٥٦–٥٧.

[1324] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ١٢٩ – ١٣١.

زیاتر ئارەزووی هاتنی مردن دەکات، تا لە شوێنی گوناهکردن رزگاری بێتو بۆ لای خودای جیهانیان بگەڕێتەوە[1225].


لێرەوە "مەولانا خوازەو میتافۆڕی جۆراوجۆریشی بۆ وێناکردنی مردن لای مرۆڤەکان، بەتایبەتی لای کۆمەڵێ یەکەم و سێهەم (ترساوان لە مردن، عاشقانی مردن) هێناوە. لای مەولانا مردن – ئەجەل – بە خوازە (Metaphor)ی: ئەژدیها، خەزان، با، تیاچوونگە (تهلکه) بەکارهاتووە، کە دەربڕی ترسی نەزان (جاهل)ە بە مردن. لە بەرامبەردا مەرگناسان (عارفان) مردن بە ژیانی سازگار دەبینن. لەوە گرنگتر مردن دووبارە لەدایکبوونەوەیەکە لە جیهانێکی لێوانلێو لە ژیاندا[1226] وەک لەم هێڵکاریەدا دەردەکەوێ[1227]:



[1225] بڕوانە: غزالي، احياء علوم الدين، ترجمه: مؤيدالدين خوارزمی، تصحيح حسين خديو جم، نشر علمي و فرهنگی، ۱۳۸۱، ل۷۹٦.

[1226] بڕوانە: تهمينه عطايی، تقابل مرگ و زندگی در مثنوی، ل۱۰۷ – ۱۰۸.

[1227] ئەو هێڵکاریەمان لە سەرچاوەی پێشوو وەرگرتووە، ل۱۰۸. بەڵام ئێمە باوەڕمان وایە وێنەی سێهەمی مردنیش – بێ لایەن لە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ – لای مەولانا هەیە، بۆیە هێڵکاریەکی ترمان بۆ دروستکرد. هەر لێرەشەوە پێمان وایە ئەو خانمە تویژەرە بەهەڵە وێنەی (ئاوێنە)ی لە خانەی مردن لای چاکان داناوەو پاست وایە لە هێڵکاری سێهەمدا دابنرێ.



لێرەوە مەولانا وێڕای باوەڕبوونی بە جیاوازی جۆرەکانی مرۆڤ لەبەرامبەر مردندا، بەڵام ئەو باوەڕی وایە، هەموو مرۆڤەکان – بە جیاوازی جۆرەکانیانەوە – کە دەمرن، حەسرەتیان بۆ خودی مردن نیە لە خۆیدا، بەڵکو بۆ ئەوەیە، کە تووشوو و ئامادەکاری بۆ ئەو ژیانەی تر وەک پێویست نەبووەو کەم بووە، وە گەرنا مرۆڤ لە چاڵێکەوە بخرێتە دەشتێکی فراوان کە خۆشگوزەرانی تێدابێت، حەسرەت ناکێشێ:

هیچ مرده نیست پر حسرت ز مرگ — حسرتش آنست کش کم بود برگ

ورنه از چاهی به صحرا اوفتاد — در میان دولت و عیش گشاد[1228]

وەک ئاماژەمان پێکرد، مەولانا گەرچی باس لە سێ جۆر مرۆڤ لەبەرامبەر مردن دەکات (ترساوو دژەمردن، پەشیمانو ترساو لە بەرپرسیارێتی پاش مردن، مەرگ دۆست)، بەڵام زیاتر باس لە جۆری سێیەم دەکات، کە مرۆڤە عارفەکانن.

عارف کە عشق بووە بە بەشی، و (گیانی دلێر) و (نەڕەی شێر) ی دۆزیوەتەوە، بۆیە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی عاشقانەو دلێرانەی لەگەڵ ئەم بەشە – مردن – خوداییەدا دەکات[1229].

[1228] مثنوی، دفتر پنجم، أبیات: ٧٦٦ – ٧٦٧.

[1229] د.سروش پێی وایە یەکێک لە نیشانەو بەرهەمەکانی عشق لە (ئازایەتی بەخشین)دایە بە مرۆڤ. بڕوانە: در حضور حضرت مولانا. www.dr.sorosh.com

مەولانا لە دەفتەری سێیەمدا بەسەرهاتێك لەبارەی (حەمزە)ی مامی پێغەمبەر (د.خ) دەگێڕێتەوەو نهێنی (گیانی دلێر) ئەو لەبەرامبەر مردندا پیشان دەدات. حەزرەتی حەمزە، لە تافی گەنجێتیدا هەمیشە لە شەڕو ڕووبەڕووبوونەوەکاندا زرێی دەپۆشی تا جەستەو گیانی لە تیغی دوژمنان پارێزراوبێت، بەڵام پاش ئەوەی بە ئیسلام ئاشنابوو و پەیامی پێغەمبەر (د.خ)ی وەرگرت، چیتر زرێی نەدەپۆشیو بێ زرێ ڕووبەڕووی دوژمنان دەبووەوە. خەڵکی پێیان دەگوت مەگەر لە قورئاندا نەتخوێندوەتەوە کە دەڵێت: (ولا تلقوا بأیدیکم الی التهلکة (البقرة:۱۹۵)— بەدەستی خۆتان خۆتان بەرەو تیاچوون مەبەن). وەڵامی حەمزە بۆ ئەوان لە دیدێکی عارفانەوە بوو[۱۲۳۰]، ئەو وتی: ڕاستە من لە گەنجێتیدا وابووم، چونکە مردنم بە مالّئاوابییکردن لە ژیان دەبینێ. چ کەسێك ئامادەیە، بە ئارەزووی خۆی بەرەو مەرگ هەنگاو بنێ؟ چ کەسێك ئامادەیە بێ زنجیری جەنگیو بە ڕووتی ڕووبەڕووی ئەژدیها ببێتەوە؟ بەڵام من بەهۆی بەرەکەتی ڕۆشنایی محەمەدەوە، چیتر دیلو ملکەچی ئەم جیهانە نابەردەوامە نیم. من لەلای هەستە ڕواڵەتیەکانەوە سەربازگەی خودایی بە پڕ لە سوپای ڕوناکی حەق — خودا — دەبینم. لەم ژیانەدا ڕەشماڵەکانی بێ ئاگاییو تاریکیو گوریسەکان پێکەوە بەستراونو وەك شەوبان لێکردوە، سوپاسی خودا دەکەم، کە منی لە خەوی بێ ئاگایی بێدار کردەوە[۱۲۳۱]:

گفت حمزه: چون که بودم من جوان — مرگ می دیدم، وداع این جهان
سوی مردن، کس به رغبت کی رود؟ — پیش اژدرها، برهنه کی شود
لیك از نور محمد من کنون — نیستم ای شهر فانی را زبون
از برون حسّ، لشکرگاه شاه — پُر همی بینم ز نور حق، سپاه
خیمه در خیمه، طناب اندر طناب — شکر أنکه کرد، بیدارم ز خواب[۱۲۳۲]

[۱۲۳۰] بڕوانە: مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گیل گمیش تا کامو، ل۸۸.

[۱۲۳۱] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر سوم، ل۸۷٦.

[۱۲۳۲] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ۳٤۲۹ — ۳٤۳۳.

مەولانا باوەڕی وایە کە کەسێك بەم دیدەوە سەیری مردن دەکات، کوشتن و مردن بۆ ئەو ماناى (ولا تلقوا بأیدیکم الی التهلکة) نیە، بەڵکو ئەوەیە، کە ئەو ئایەتە پیرۆزەی کە دەفەرموێ: (وسارعوا الی مغفرة من ربکم وجنة عرضها السماوات والأرض أُعدّت للمتقین (ال عمران:۱۳۳) — پەلە بکەن بۆ گەیشتن بە لێخۆشبوونی پەروەردگارتانو بەهەشتێك کە پانیەکەی هێندەی ئاسمانەکانو زەوییە، کە بۆ باوەڕدارە پارێزکارەکان ئامادەکراوە)[۱۳۳۳].

آنکه مردن، پیش چشمش تهلکه‌است　　امر (لاتلقوا) بگیرد او به‌دست

وانکه مردن پیش اوشد فتح باب　　((سارعوا)) أید مر او را در خطاب[۱۳۳٤]

لێرەوە حەمزەو تەواوی ئەوانەی کە رێگەیەکی وەك ئەویان گرتووە، مردن بە میهرەبانیەك لەلایەن خوداوە دادەنێن، کە گەێنەریانە بە جیهانێکی فراوانترو مەزنتر، ئەمانە جیاوازی نێوان ئاوو سەرابیان زانیوە. بەڵام ئەوانەی قیبلەیان لەبری خودا دەروونی فەرمانپێکەر بە خراپە — النفس الأمارة بالسوء — یانە، ئەوانە بەهۆی زۆری پەردەکانی بێئاگاییەوە، توانای دەرککردن بەو بەزەییە خودایییەیان نییە. لێرەوە مەولانا باوەڕی وایە مردنی هەرکەسێك هاوشێوەی خۆیەتی[۱۳۳۵]. چونکە مردن ئاوێنەیەکە، جوان خۆی بە جوان و ناشیرین خۆی بە ناشیرین تێدا دەبینێو ئەوەشی لە مردن هەڵدێت— ئەگەر بە دروستی بیربکەیتەوە— ئەوە لەخۆی دەترسێ!:

هرکه یوسف دید، جان کردش فدا　　هرکه گرگش دید برگشت از هدی

مرگ هریك ای پسر همرنگ اوست　　پیش دشمن، دشمن و بر دوست، دوست

پیش ترك، أبینه را خوشرنگی است　　پیش زنگی، أبینه هم زنگی است

أنکه می ترسی ز مرگ اندر فرار　　أن ز خود ترسانی ای جان، هوش دار[۱۳۳٦]

[۱۳۳۳] بڕوانە: مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گیل گمیش تا کامو، ل۸۹.

[۱۳۳٤] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ۳٤۳٤ — ۳٤۳۵.

[۱۳۳۵] بڕوانە: مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گیل گمیش تا کامو، ل۹۰.

[۱۳۳٦] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ۳٤۳۸ — ۳٤٤۱.

له دیدی مەولاناوە، هۆکاری ئەو ترسە، بۆ ئەم هۆکارانە دەگەڕێتەوە:

١- لەلایەکەوە ئەو مرۆڤانە خۆیان ناشیرینن‌و دەستی خۆیان بە خاڵیی دەبینن، لەلایەکی ترەوە دەترسن لە ئاشکرابوونی ڕسوایی و خراپەکانیان. هەر لێرەوە، مەولانا بەوانەی پۆشاکی بەندە چاکەکانی وەک یوسف دەدڕن - وەک براکانی وایانکرد - دەڵێت: بزانن ڕۆژێک لەم خەوە قورسەی دونیا لەشێوەی گورگ دا بێدارەدەبنەوەو خەسڵەتە دەروونیە شەڕەنگێزەکانتان لەشێوەی گورگ دا بە ڕۆو توڕەییەوە خۆتان پارچە پارچە دەکات - واتە مەولانا باوەڕی وایە خەسڵەتە دەروونیە شەڕەنگێزە بەردەوامەکانن کە دەبنە هۆی مانەوەی هەمیشەیی لە دۆزەخدا -[١٢٣٧]:

ای دریده پوستین یوسفان　　گرگ برخیزی از این خواب گران

گشته گرگان هریکی خوهای تو　　می درانند از غضب اعضای تو[١٢٣٨]

بەڵام مرۆڤەکان بۆ شاردنەوەی ئەم پیسیانەیان پەنا بۆ جۆرەها فێڵ دەبەن، بێئاگا لەوەی کە لەبری شاردنەوەی ناشیرینیەکان دەبێت ماڵ لە شتە نامۆو ناپاکەکان بپارێزێت. دەمامک دانان چەکێکە کە هەموو ئەوکەسانەی کە خۆشییان لە ڕوومەتی خۆیان نایەت پەنای بۆدەبەن. مەولانا لە دەفتەری شەشەمداو لەمیانەی بەسەرهاتێکدا ئەم خەسڵەتە ناپەسەندەی مرۆڤە ناشیرینەکان وێنا دەکات. پیرەژنێکی نەوەد ساڵە - کە بەدوای شووودا دەگەڕا - بۆ میوانداریەک بانگهێشتدەکرێت ئەویش دەیەوێ بە دەمامک و ڕووپۆش خۆی جوان بکات. مەولانا ئەم پیرەژنە بە هێمای دەروون ناشیرینان دەزانێت، کە هەوڵدەدەن بە ڕواڵەتسازی، دەروونی ناپاک‌و ناشیرینی خۆیان بشارنەوە، بەڵام کە مردن هات‌و سەرئەنجام چارشێوو ڕەشمالّی مەرگ تۆی داپۆشی، ئەوکات سەرجەم ئارایشتکردنە دروستکراوەکان‌و رازاندنەوە داپۆشەرەکان لە ڕوخسارت دەکەونە خوار[١٢٣٩]. چارشێوو ڕەشمالّی مەرگ لێرەدا

[١٢٣٧] بڕوانە: مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گیل گمیش تا کامو، ل٩٠. هەروەها کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر چهارم، ل١٠٢٢.

[١٢٣٨] مثنوی، دفتر چهارم، أبیات: ٣٦٦٢ - ٣٦٦٣.

[١٢٣٩] بڕوانە: مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گیل گمیش تا کامو، ل٩١.

درکه— کنایه — یه بۆ کفن. هەر ئەوەندەی مەرگ هاواری (هەڵسە)ی مانّاوایی لێکردی، لەوساتەدا هەموو هونەرو چاکە ساختەکانو زانستە دروستکراوەکانی (وتیان وتیان) فەنا دەبنو لەناودەچن[1240]:

عاقبت چون چادر مرگت رسد　　از رخت این عشرها اندر فتد

چون که آید خیر خیزان رحیل　　گم شود زان پس فنون قال و قیل[1241]

مەولانا باوەڕی وایە، مردن وەک میوە وایە، کە نهێنیو چۆنیەتی درەختەکەی ئاشکرا دەکات:

حشر تو گوید که سر مرگ چیست　　میوەها گویند، سرّ برگ چیست[1242]

۲— "یەکێکی تر لە هۆکارەکانی ترس لە مردن فریودەری ئەم جیهانەیە، کە وادەکات مرۆڤەکان حەقیقەتی مەسەلەکان — لەوانەش مردن — نەناسن"[1243]، چونکە خوداوەند (نەبوو)ی لەشێوەی (هەبوو) و (هەبوو)ی لەشێوەی (نەبوو)دا پیشانداوە[1244]:

نیست را بنمود، هست و محتشم　　هست را بنمود بر شکل عدم

بحر را پوشید و کف کرد اشکار　　باد را پوشید و بنمودت غبار![1245]

مرۆڤەکان وا گومان دەکەن کە بە مردن هەموو شتێك تەواو دەبێتو مردن کۆتایی هەموو کاروبارەکانە. ئەوان وا گومانەکەن ژیانی ئەم جیهانە ژیانی هەمیشەییەو بەختەوەر کەسێکە کە لەم جیهانەدا زۆرتر بژیو بەهرەی زیاتر ببات. دونیا بەشێوەیەك خۆی بە ئەوان نواندوە کە وا گومان ببەن، کە دەبێ تەواوی خواستو خۆشیەکانیان لەودا بەدەستبهێنن‌و ئەگەر لەم ڕێگەدا ڕووبەڕووی کەمترین بەدبەختی ببنەوە خۆیان بە بێبەش دەزانن. ئەهلی دونیا بۆ مردوان دڵیان دەسوتێ، چونکە وا گومان دەبەن کە چیتر دەرگای چێژو خۆشی

[1240] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر ششم، ل۳۷۲.

[1241] مثنوی، دفتر ششم، أبیات: ۱۲۸٤ — ۱۲۸۵.

[1242] مثنوی، دفتر دوم، بیت: ۱۸۲۵.

[1243] مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گیل گمیش تا کامو، ل۹٤.

[1244] بڕوانە: بەشی دووەم — پاری یەکەم، (بوون لای مەولانا)، ل۱۲۵.

[1245] مثنوی، دفتر پنجم، أبیات: ۱۰۲٦ — ۱۰۲۷.

لەسەریان داخراوە. ئەی ئەگەر رۆحی تۆ بەبێ جەستە نەتوانێ بژی – مەولانا پرسیار دەکات – ئەوا خودا بە کێ دەڵێ: رۆزی ئێوە لە ئاسمانداید؟[١٢٤٦]:

خلق گوید: مرد مسکین أن فلان　　تو بگویی: زندەام ای غافلان

گر دخواهد بی بدن جان تو زیست　　(في السماء رزقکم) روزی کیست؟[١٢٤٧]

مەولانا دەڵێ: ئەی مرۆڤی سەرکەش! خودا دەڵێ: هەموو ئەوان – مردوان – لای ئێمە ئامادەن‌و ئامادەبوونیش بەشێکە لە بوون، نەک نەبوو و عەدەم بن:

گر ز قرآن نقل خواهی ای حَرون!　　خوان (جمیع هم لدینا محضرون)

محضرون معدوم نبود، نیك بین　　تا بقای روح ها دانی یقین[١٢٤٨]

مەولانا کە باوەڕی وایە دیدی مرۆڤ دەکرێ فریو بخوات‌و عەقڵو گیانی بەهەڵەدا ببرێت. بۆیە داوا لە خودا دەکات، کە لەم جیهانەدا هەرشتێك وەك ئەوەی کە خۆی هەیە – حەقیقەتی خۆی – بەوجۆرە پێی نیشانبدات:

ای خدا بنمای تو هرچیز را　　أن چنانکه هست در خدعه سرا[١٢٤٩]

ش- حیکمەتی مردن

سەرەتا مەبەستی سەرەکی باسکردنی مەولانا لە مردن و حیکمەتی مردن، بۆ ڕۆشنکردنەوەی تاریکیەکانی عەقڵی مرۆڤەکانە، کە لەبەرامبەر مردندا بە باڕێکی دەروونیی سەخت‌و ئاڵۆمێدی‌و حەسرەت دەگەن، ئەمەش – وەك ئەو دەڵێت – لە بینینی نادروست – خێڵانەوە – سەرچاوە دەگرێت، کە شتە ناکۆتاییەکان بە کۆتاییهاتوو و کۆتاییهاتووەکان بە ناکۆتا دەبینین. لێرەوە پێغەمبەران، بەتایبەتی پێغەمبەر محەمەد (د.خ) کە خۆی

[١٢٤٦] بڕوانە: مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گیل گمیش تا کامو،ل٩٤. هەروەها کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر پنجم، ل٤٧٦–٤٧٨.

[١٢٤٧] مثنوی، دفتر پنجم، أبیات: ١٧٣٦ – ١٧٣٧.

[١٢٤٨] مثنوی، دفتر چهارم، أبیات: ٤٤٤ – ٤٤٥.

[١٢٤٩] مثنوی، دفتر پنجم، بیت: ١٧٦٥.

لەدایکبوونی دووەمی بینیوەو سەد زیندووبوونەوەی مەعنەوی بەسەردا هاتووە[1250] وەک مەولانا دەڵێ: خودا پەردەی لەسەر زۆر نهێنی ئەم جیهانەو جیهانەکەی تر بۆ لاداوە، هەوڵیداوە، کە بێ ئاگایی خەڵک لەم ڕووەوە کەمبکاتەوەو حەقیقەتی مردن بە خەڵکی پیشان بدات[1251]، پێش ئەوەی بە ڕاستەقینە مرۆڤ بکەوێتە نێو ئەو حەقیقەتانەوەو لەوێ (خێڵ)ی و بە ئاوەژوو بینینی بزانێو حەسرەت بخوات بۆ مردن — نەک لەبەر خودی مردن — و لەدەستدانی هەلەکانی ژیان:

راست گفت آن پهدار بشر — که هر آنکه کرد از دنیا گذر

قبله کردم من همه عمر از حول — آن خیالاتی که گم شد دراجل

حسرت آن مردگان از مرگ نیست — زانست کاندر نقش ها کردیم ایست[1252]

مەولانا باوەڕی وایە، لەیەک سیستێمی پێکەوە گونجاوو ئامانجداردا، هەرێەک لە بەشەکان شوێنی تایبەتی خۆی هەیە. مردنیش وەک یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی سیستێمی بوون (خلقت) پێویستە ئامانجو حیکمەتێک لەگەڵ خۆیدا بهێنێ. زانینی بەشێک لەو حیکمەتانە لەنێوبەری تۆقینو هەڵهاتنی خەڵکە لێیو نەزانینی ئەوانەش هۆکاری ترسێکی نەزانانەیە. ئەگەر هەموو حیکمەتی ئەویش بزانرێ، بێگومان تامەزرۆی زۆری خەڵک بۆ ئەو، ژیان لەم ئاوەدانیەی زەویدا پەکدەخات[1253]: "وەک ئەوەی ئەگەر جڵەو لە لوتی حوشتر نەکرێت ناڕواتو ئەگەر جڵەوەکەش گەورە بێت دادەنیشێتەوە... بێ ئاو خشت دروستناکرێتو کاتێک کە ئاوی زۆربوو هەم خشت دروستناکرێت"[1254]، بەڵام بەشێک لە حیکمەتەکانی مردن — لای مەولانا — ئەمانەن[1255]:

[1250] مەولانا دەڵێ: زاده ثانی است احمد در جهان صد قیامت در درون آن نهان مثنوی،دفتر ششم، بیت: ۷۵۱.

[1251] بڕوانە: مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گل گمیش تا کامو، ل۷۱.

[1252] دیوان شمس: غزل: ۹٦۸.

[1253] بڕوانە: مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گل گمیش تا کامو، ل۸۰.

[1254] ئەمە وتەی مەولانایە، بەڵام نووسەر (مهدی کمپانی زارع) بەپوونی سەرچاوەکەی دیارینەکردووە!. بڕوانە: سەرچاوەی نووسەری ناوبراو، ل۸۰.

[1255] بڕوانە: مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گل گمیش تا کامو، ل۸۰ بەدواوە.

١- مردۆ جیهانی گەورەیەو مردن ئەو پردەیە دەییات بۆ جیهانی گەورەی خۆی:

لە دیدی مەولانادا مردۆ – لەنێو جیهانێکی بچوکدا – جەستەو مادە – بۆ بەرژەوەندیەك لەوانە هەوڵ بۆ بڵندبوونەوەو پێگەیشتنی پلە بە پلە لەوێدا دانراوە، بەڵام ئەمە هەمیشەیی نیەو بۆ کاتێکی دیاریکراوەو مردن ئەو پردەیە کە دەییات بۆ جیهانی گەورەی خۆی:

من از برای مصلحت در حبس دنیا مانده‌ام

من از کجا حبس از کجا مال که را دزدیده‌ام؟

در حبس تن غرقم به خون، واز اشك چشم هر حرون

دامان خون الود را در خاك می مالیده‌ام[١٢٥٦]

لەم پوەوە هەرچەندە (دونیا کێڵگەی دواڕۆژە) و جێگەی (بازرگانی دۆستانی خودایە)، بەڵام هەندێ جار عارف ئەوێ بە (زیندانی باوەڕدار) دەزانێو داخوازی رزگاربوون دەکات. لێرەوە لە زمانی عارفانەوە: دەرکەوتنی هەموو گەورەییەکانی مردۆ لەم پووبەرە تەنگەی دونیادا بە هیچ جۆرێك ناکرێتو بۆ دەرکەوتنی ئەو گەورەییو تاجی (کرّمنا)[١٢٥٧] یە پووبەرێکی فراوانترو کراوەتری پێویستە. لێرەوە مردن گواستنەوەی ئەو پادشایە – مردۆ – ەیە لە چاڵەوە بۆ لوتکەی عەرش. مردن پردێکە بۆ ئەو جیهانەی ترو ئادەمیزادێکی تر[١٢٥٨]. مەولانا ئەمە لە داستانی (بلال)دا دەخاتە پوو، کە لەکاتی سەرەمەرگیدا هاوسەرەکەی دەگریو دەڵێ: ئەمە چ خەمو لێقەومانێکە، بەڵام (بلال) دەڵێ: نا، نا، وامەڵێ، بڵێ ئەمە چ خۆشیو ئاهەنگێکە. من تا ئەمڕۆ لەم ژیانەدا لە پووبەپووبوونەوەو ناپەحەتیدا بووم، تۆ چوزانی کە مردن چییەو چ خۆشیو ژیانێکە؟ هاوسەرەکەی وتی: ئەمشەو دەچیت بۆ غەریبستان – گۆڕ – و لە خزمو زێدت دوور ئەکەویتەوە. (بلال) وتی: نا، وانییە. ئەمشەو گیانی من لە ولاتی غەریبی – ژیانی دونیا – بۆ نیشتمانی خۆی دەگەڕێتەوە[١٢٥٩]:

[١٢٥٦] دیوان شمس: غزل: ١٣٧٢.

[١٢٥٧] ئاماژەیە بە ئایەتی قورئانی (ولقد کرمنا بنی ادم و حملناکم في البر والبحر و رزقناکم من الطیبات وفضلناکم علی کثیر ممن خلقنا تفضیلا) (الاسراء:٧٠).

[١٢٥٨] بڕوانە: مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گل گمیش تا کامو، ل٨١.

[١٢٥٩] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر سوم، ل٨٩٨–٩٠٠.

چون بلال از ضعف شد، همچون هلال — رنگ مرگ افتاد بر روی بلال
جفت او دیدش بگفتا وا حرب — پس بلالش گفت: نه نه وا طرب
تاکنون اندر حرب بودم ز زیست — تو چه‌می دانی مرگ چون عیش است و چیست؟
گفت جفتش: امشب غریبی می روی — از تبار و خویش غایب می شوی
گفت: نه نه بلکه امشب جان من — می رسد خود از غریبی در وطن[۱۳۶۰]

۲- مردن پێشەکیە بۆ پێگەیشتنو چوون بەرەو تەواوی (کەمالْ) و ژیانێکی باشتر

"مەولانا مردن بە یەکێك لە قۆناغەکانی پێگەیشتن و تەواویەتی مرۆڤ دەژمێرێو باوەڕی وایە لە گوزەرو تێپەڕین لە هەر قۆناغێکی ژیان، هۆکاری تەواویەتیو بەرەو سەر چوونە. نەك نزمبوونەوەو بەجێمان. "مردن بۆ مرۆڤ نەبوون نیە، بەڵکو گۆڕانو بەرەو پێش چوونە. مرۆڤ مردنی ڕەهای نیە. مەرگ لەدەستدانی حاڵەتێكو بەدەستهێنانی حاڵەتێکی ترەو هەروەکو هەموو گۆڕانێکی تر لەناوچوونی ڕێژەییە"[۱۳۶۱]. مەولانا دەڵێت:

۱- از جمادی مُردم و، نامی شدم — وز نُما مُردم به حیوان برزدم
۲- مُردم از حیوانی و، آدم شدم — پس چه ترسم؟ کی ز مُردن کم شدم؟
۳- حملهٔ دیگر بمیرم از بشر — تا بر آرم از ملایك پرّ و سر
٤- بار دیگر از ملك قربان شوم — آنچه اندر وهم ناید، آن شوم!
٥- پس عدم گردم، عدم چون أرغنون — گویدم که: انا الیه راجعون[۱۳۶۲]

مەولانا باوەڕی وایە – بەیتی یەکەم– مرۆڤ– بە مەولانا خۆشیەوە – "ڕۆژگارێك بووە بێ گیان (جماد) بووە، سەردەمانێك تێپەڕیو من لە پلەی بێگیانیەوە بنەو بارگەم پێچایەوەو

[۱۳۶۰] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ۳۵۱۷ – ۳۵۲۱.

[۱۳۶۱] مرتضی فلاح، سەنگاه به مرگ، فصلنامه علمی – پژوهشی، شماره (۱۱)، ل۲۳٤، ئەویش له: مرتضی مطهری، مقدمه‌ای بر جهان بینی اسلامی، ل۱۷۸ وەریگرتووە.

[۱۳۶۲] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ۳۹۰۱ – ۳۹۰۵.

به پلەی ڕووەکی (نباتی) گەیشتم. پاش سەردەمانێکی تر لە پلەی ڕووەکییەوە سەفەرم کردو بە پلەی گیانلەبەری گەیشتم"[١٢٦٣].

دواتر لە پلەی گیانلەبەرییەوە — بەیتی دووەم — بۆ پلەی مرۆڤی گۆڕام. کەواتە مردن بەمانای گۆڕانە لە قۆناغێکی نزمەوە بۆ قۆناغێکی بڵند. کەواتە بۆچی لە مردن بترسم؟ من بەم مردنە، چۆن مومکینە، کەمی (نقصان)ی بدۆزمەوە.

— بەیتی سێیەم — "لە قۆناغێکی تریشدا لە پلەی مرۆڤایەتییەوە گوزەر دەکەم و تێپەڕ دەبم بەرەو پلەی فریشتەیی، تا پەڕو باڵو سەرێکی نوێ دەربهێنم. مەبەستی ئەوەیە دوای مرۆڤی بە مردنی ئیختیاریو مەعنەوی لە پلەی سروشتی مرۆڤەوە (ناسوت) بەرەو پلەی مرۆڤی ڕۆحیو مەعنەوی دەڕۆم"[١٢٦٤].

جارێکی تریش — بەیتی چوارەم — لە پلەی فریشتەیی دەبێت فەنابم، تا بە حەقیقەتێك بگەم کە هێندە بڵندبێ، کە لەگەڵ وەهمو خەیاڵی مرۆڤەکانیشدا نەگونجێ!.

— بەیتی پێنجەم — دواتر بۆ عەدەم — جیهانی نابەرجەستەو نادیار[١٢٦٥] — قۆناغ دەگۆڕم و عەدەم وەك سازێکی خۆش ئاواز، ئەم حەقیقەتە لە گوێی دڵمدا دەزرنگێنێتەوە: ئێمە لە خوداوەیندو بۆڵای خودا دەگەڕێینەوە. کە ئاماژەیە بە ئایەتی (١٥٦)ی سورەتی (البقرة)[١٢٦٦].

لێرەوە وەك پرۆفیسۆری هیندی، د.سەید محەمەد ئەکرەم دەڵێت: "ئەم تێڕوانینە تەنانەت بۆ پەیڕەوانی (داروین)یش جێگەی سەرنجە، چونکە لەڕووی مێژووییەوە پێش داروین کەوتووە. تیۆری مەولانا ئەگەرچی وەك تیۆری داروین وردەکاری نییە، بەڵام پلەیەك

[١٢٦٣] مەولاناناسی ئینگلیزی (نیکڵسۆن) باوەڕی وایە، بنەمای بیروباوەڕی سێ قۆناغەو بڵندبوونەوە لە ڕۆحی ڕووەکیو گیانلەبەریو مرۆڤییەوە، بۆ یەکەمین جار لەڕێگەی (ئەرستۆ)وە بە ڕوونی خراوەتە ڕوو و دواتر لە کتێبی (عیون المسائل)ی فارابیو زۆر بەرهەمدا دووبارەبووەتەوە. بڕوانە: ڕینالد نیکلسون، مقدمه رومی و تفسیر مثنوی معنوی، ترجمه وتحقیق أوانس أوانسیان، نشر نی، چ٢، ١٣٦٦ — ١٩٨٩، ل٤٦٨.

[١٢٦٤] کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر سوم، ل١٠٠٢ — ١٠٠٣.

[١٢٦٥] بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری سێیەم، چەمکی ژیان و مردن لە دیدی عرفانی ئیسلامییەوە، ل١٠٢.

[١٢٦٦] بڕوانە: کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر سوم، ل١٠٠٣.

لەو بالآترو تەواوترو گشتگیرترە. چونکە بە باوەڕی داروین ڕەوتی ژیان لە قۆناغی مرۆڤیەتیدا ئیتر بەرەو پێشتر نەچووە، لەکاتێکدا مەولانا ڕەوتی ژیانی بە قۆناغێکی بالآتر، واتە لاهوتو خودایی گەیاندووەو ئەوی نەمرو ناکۆتایی کردووە[۱۳۶۷].

چواندنی بەهێزو ڕوونتری ئەو، لە چواندنی مردن بە شکاندنی سێوو هەناردایە بە مەبەستی خواردن. میوە ئامانجێکو خواستێکی لەوە بڵندتری نیە، کە بشکێنرێو بخورێت، تا بەم قۆناغ بڕینە، ببێتە بەشێک لە بوونی مرۆڤ. ئەم ئاڵوگۆڕو دۆخگۆڕینە، ڕێگەی چوون لە ژیانی ڕوەکی بەرەو ژیانی ئاژەڵی بۆ ئەو دەکاتەوە. مرۆڤیش کۆتاییەکی شایستەتر لەوەی نیە، کە هەناسەو فووی ژیاندنەوە — وەک ئەوەی خودای زیندوو لەگەڵ قوڕو جەستەی مادی مرۆڤدا کردی — ی گەردوونیو بە ژیانی خاکیو قوڕینی خۆماندا بکەینو ئەم دڵۆپە — مرۆڤ کە بەشێکە لە ڕۆحی خودا — ئامادە بکەینەوە بۆ پەیوەستبوون و گەیشتنەوە بە دەریا — خودا — [۱۳۶۸]:

کشتن و مردن که بر نقش تن است چون أنار و سیب را بشکستن است[۱۳۶۹]

۳- لای مەولانا مردن پێوەرە بۆ تێگەیشتن لە حەقیقەتی ئادەمیزاد

لای مەولانا ئەم جیهانە وەک شەوە کە ناشیرینیو جوانی، باشیو خراپی، بێ باوەڕو باوەڕدارو تەواوی هەموو دژەکان لەژێر پەردەی داپۆشراویدا هەڵگرتووە، هەرچەندە هەندێک لە تایبەتمەندی ئەوانە دەردەکەون، بەڵام ماهیەتی ئەوانە بە باشی پیشان نادات. زۆری دووڕوویی و بەدحاڵیبوونیش لەم تایبەتمەندیەی جیهانەوە سەرچاوە دەگرێت. مردن وەک ڕۆژە، کە تەواوی نهێنیو شاراوەکانی خەڵکی ئەم جیهانە بە خۆری ئاشکراکەری خۆی

[۱۳۶۷] د.سید محمد أکرم، مرگ در نظر مولوی، ل٤٢٩. لە سایتی: مرکز تحقیقاتی کامبیوتری علومی اسلامی وەرگیراوە.

[۱۳۶۸] بڕوانە: رضا بابایی، زندگی به روایت مرگ، ل۱۱.

[۱۳۶۹] مثنوی، دفتر اول، بیت: ۷۰۷.

دەردەخاتو لەوێدا زێڕو ساختە — چاك و خراپ — خۆی دەناسێو دەرگای بانگەشەکردن لەسەر هەموان دادەخرێت[١٢٧٠]:

چون محك پنهان شدست از مرد و زن — در صف أ، ای قلب و اکنون لاف زن

مرگ تن هدیه است بر اصحاب راز — زر خالص راچه نقصان است گاز؟

هر کسی را دعوی حُسن و نمك — سنگ مرگ أمد نمك ها را محك![١٢٧١]

لای ئەو مردن ژانی بوونە منالّی (گیان) لە دایکی جەستە دەردێنێ (لەدایکبوونە)[١٢٧٢]. منداڵیش تا لەدایك نەبێت، چۆنیەتیەکەی نەناسراوە. مرۆڤە پەشەکان دەڵێن وەك ئێمەیەو جوانەکانیش دەڵێن هاوشێوەی ئێمەیە. تا کاتێك ئەو کۆرپەیە بە قۆناغی لەدایکبوون نەگات ساغکردنەوەی چۆنیەتی ئەو یەکێکە لە گرفتەکانی جیهان[١٢٧٣]:

تن چو مادر، طفل جان را حامله — مرگ، درد زادن است و زلزله

زنگیان گویند خود از ماست او — رومیان گویند بس زیباست او

تا نزاد او مشکلات عالم است — أنکه نازاده شناسد، او کم است[١٢٧٤]

هەر سەبارەت بەوەی کە مردن پێوەرەو بۆ جیاکردنەوەی شتە پەسەنو ساختەکانە، مەولانا لە دەفتەری چوارەمی مەسنەوی دا بەسەرهاتێکی جێگەی سەرنج لەبارەی مردنەوە دەهێنێ. موسا پێغەمبەر (د.خ) لە خودای گەورە دەپرسێ کە بۆچی مرۆڤەکان پاش ئەوەی لەم جیهانەدا پەروەردە دەکەیتو زانستو کەماڵیان پێدەبەخشی دواتر لەناویان دەبەیت؟[١٢٧٥]

[١٢٧٠] بڕوانە: مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گل گمیش تا کامو، ل٨٤.

[١٢٧١] مثنوی، دفتر چهارم، أبیات: ١٦٧٨، ١٦٨٠ — ١٦٨١.

[١٢٧٢] بڕوانە: مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گل گمیش تا کامو، ل٨٤–٨٥.

[١٢٧٣] بڕوانە: کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر اول، ل١٠٠٩–١٠١٠.

[١٢٧٤] مثنوی، دفتر اول، أبیات: ٣٥١٤، ٣٥١٦ — ٣٥١٧.

[١٢٧٥] خەیام هەمان ئەم پرسیارە لە بواری مرددنا دەکات، کە بۆچی گۆزەساز — خودا — دەفرێکی جوان — مرۆڤ — بەو هەموو جوانیەوە سازدەکاتو دواتر دەیکێشێ بە زەویداو دەیشکێنێ:

جامی است که عقل أفرین می زندش — صد بوسه ز مهر بر جبین می زندش

خوداوەند لە وەڵامی ئەم پرسیارەی موسادا، داوای لەو کرد کە تۆوی گەنم بنێژێ. پاش سەوزبوونی تۆوی گەنمەکەو پاشتر پێگەیشتنی موسا لەپێناو نەفەوتانی گەنمەکەو تێکەڵ نەبوونی لەگەڵ کاو پوشو پەڵاشدا دروێنەی کرد. خوداوەند لەم کاتەدا بە دەنگ لەگەڵ موسا دواو وتی: بۆچی ئەو گوڵە جوانە پێگەیشتوانەت وێرانکردو دروێنەت کرد! ئەویش وتی: بۆیە وێرانم کرد پاش جوانبوونو پێگەیشتنی، چونکە لێرەدا دان هەیەو کا هەیە. حیکمەت نیە، ئەم دوانە تێکەڵ بکرێو دەبێ جیابکرێنەوە[١٢٧٦].

٤- مردن یەکێکە لە جیلوەکانی غیرەتی خودایی

عارفان پێیان وایە "یەکێك لە ناوەکانی خودا بریتیە لە (غیور – بەغیرەت یان ئەوەی کە غیرە دەکات)[١٢٧٧] ئەم غیرەتە هەم لە بواری جیلوەو دەرکەوتنی خوداو هەم لە بواری کرداری بەندەکاندا دەردەکەوێت. نە بە خەلقکردنی شتێك، شتێك لەو زیاد دەبێتو نە بە کەمبوونەوەی شتێك لەو کەم دەبێت. لەو ڕوەوەی کە هەرچی دروستکراو هەیە لەوەوە – خودا – سەرچاوە دەگرێتو لە خۆیاندا نینو لەو ڕوانگەشەوە کە مرۆڤ لە چوونی هەمیشەییدا بەرەو خودا مردنی بەردەوام – قۆناغ بە قۆناغ – ئەزموون دەکات. غیرەتی حەق (خودا) وەستانی مرۆڤ لە هیچ پلەو قۆناغێکدا قەبوڵ ناکاتو هەر وەستانێك پێچەوانەی مەبەستی خەلقکردنی مرۆڤە. ئەم یاسا خودایییەش لە دونیاشدا زیاتر بەکارە، چونکە دونیا شوێنی بێ ئاگایی‌و مالّی فریوخواردنو لەخۆبایی بوون (دارُ الغرور) و خۆشیەکی تێپەڕە. هەرچەندە حیکمەتی خودا ئەوەی خواستووە کە مرۆڤ بێتە ئەم

این کوزه گر دهر چنین جام لطیف می ساز دو باز بر زمین می زندش (رباعیات خیام: چوارینەی (١١١٥)

[١٢٧٦] بۆ وردەکاری مانای ئەمە، بگەڕێوە بۆ بەشی دووەم، پاری یەکەم، (بوون لای مەولانا)، ل١٠٤.

[١٢٧٧] لەڕاستیدا ئەم ناوە لەنێو (٩٩) ناوە جوانەکانی خوداداً، کە بە (اسماء الحسنی) ناسراوە، نیە، بەڵام عارفان کە لەنێو چوارچێوە گشتیەکەی ئایندا ڕێبازێکی تایبەتیان هەیە کە پشت بە ئەزموونی ناخ و زیاتر خۆشەویستی خوا بەستووە، ئەمە وا دەبینن.

جیهانه، بەڵام غیرەتی خودا — کە مەرجی حیکمەتە — وا پێویستی کردووە کە وادەی مردن (ئەجەل)یێك هەبێت"[١٢٧٨]:

غیرتش را هست صد حلم نهان ور نه سوزیدی به یك دم صد جهان

هر که با سلطان شود او همنشین بردرش شستن بود حیف و غبین

شاه را غیرت بود بر هرکه او بر گزیند بعد از آنکه دید رو[١٢٧٩]

هاوپەیوەستە بەو پێوەرەی کە چەندە مرۆڤ لە خودا نزیکتر ببێتەوە، ئەوەندەش غیرەکردن‌و غیرەتکردنی خودا زیادو کەمدەکات. دۆستانی خودا کە لەم جیهانەدا لەگەڵ ئەو — خودا — خەڵوەتی رۆحییان هەبێت‌و نهێنییان بۆ ئاشکرا بکات، ئەوا دەبێت لە دۆستایەتی کەسانی غەیری خودا خۆبەدوور بگرن و بەوەوە سەرقاڵ بن.

٥— "مەولانا مردن بە هۆکاری کرانەوەی دەرگاکانی رزق و رۆزی مرۆڤەکان لە ئاسماندا دەبینێ‌و بە هۆکاری کرانەوەی دەرگاکانی هەشت بەهەشتی دەزانێ"[١٢٨٠]، کە مەبەست لە هەشت بەهەشت (خُلد، دار السلام، دار القرار، جنات عدن، جنتُ المأوی، جنت النعیم، علیین، فردوس)ە. هاوکات مەولانا ئاگادارمان دەکاتەوە، کە بەهەشت لە دڵدایە — رۆحییە — لەم جیهانەدا، بەرلەوەی شوێنیی (مکانی) بێت[١٢٨١]:

خلق گوید، مرد مسکین آن فلان تو بگویی: زنده‌ام ای غافلان!

گر تن من همچو تن ها خفته است هشت جنّت در دلم بشکفته است

گر دخواهد بی بدن جان تو زیست فی السماء رزقکم روزی کیست؟[١٢٨٢]

ئەو، کەسانێك، کە لە مردن دەترسن، بە گوێدرێژ دەچوێنێ، کە بێئاگان لە ئاوی گیانی جاویدانی‌و بەدبەختو نەزانن[١٢٨٣]. بۆیە بەوجۆرە مرۆڤانەو هەموو مرۆڤەکان دەڵێت:

[١٢٧٨] مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گل گمیش تا کامو، ل٨٦.

[١٢٧٩] مثنوی، دفتر چهارم، أبیات: ٢٦٥١، ٢٦٥٥ — ٢٦٥٦.

[١٢٨٠] مرتضی فلاح، سەنگاە بە مرگ، ل٢٣٣.

[١٢٨١] بڕوانە: کریم زمانی: شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر پنجم، ل٤٧٨.

[١٢٨٢] مثنوی، دفتر پنجم، أبیات: ١٧٣٦ — ١٧٣٨.

"تێبکۆشە تا رۆحت بکەیتە جاویدانی. واتە تێبکۆشە تا بە پلەی بەختەوەرانو باش بەختەکان بگەیتو بۆ پۆژی مردنت تۆیشوویەک لە کرداری چاك پاشەکەوت بکەیت. مرۆڤی گەوج هەمیشە لەژێر کۆنترۆڵی رۆحی ئاژەڵیدایەو هەرگیز بۆ پلەی رۆحی ئادەمیزادی بڵند نابێتەوە"[١٢٨٤]:

جهدکن تا جان مُخلّد گرددت تا به روز مرگ برگی باشدت[١٢٨٥]

٥- یادی مردن (بەرهەم و سوود)

یەکێك لە وەسیەتو راسپاردەکانی پێغەمبەرانو پیاوچاکان بە درێژایی مێژوو، بریتیە لە (یادکردنەوەی مردن)، لە فەرموودەیەکی پێغەمبەردا (د.خ) هاتووە، زیرەکترینی مرۆڤەکان ئەوانەن کە لە ئەوانی دیکە زیاتر یادی مردن دەکەن. مەولانا بایەخی تایبەتی بەمە داوە. بەناونیشانی جۆراوجۆر ئەمەی دووبارە کردووەتەوە. یەکێك لە سەرنجڕاکێشترین ئەو شوێنانە بەسەرهاتی قەومی (سبأ) و پێغەمبەرەکەیانە، کە ئەوان بە پێغەمبەرەکەیان دەوت، کە ئەم پەیامەی تۆ – کە یادی مردنی تێدایە – دەبێتە هۆی تێکدانی خۆشیەکانمان[١٢٨٦]:

قوم گفتند ار شما سعد خودیت نحس ماییید و ضدیت و مرتدیت

طوطي نقل و شکر بودیم ما مرغ مرگ اندیش گشتیم از شما[١٢٨٧]

لە دیدی مەولاناوە یادی مردن، چەندین بەرهەمو سوودی هەیە، کە گرنگترینیان بریتیە لەوەی: (مرۆڤ لە نقومبوون لە چێژو خۆشیە دونیاییەکان دەپارێزێ، پاشەکشەکردن بە

[١٢٨٣] بڕوانە: مرتضی فلاح، سەنگاە بە مرگ، ل٢٣٣.

[١٢٨٤] هەر ئەو سەرچاوە، ل٧٨٠.

[١٢٨٥] مثنوی، دفتر پنجم، بیت: ٢٨٢٦.

[١٢٨٦] بڕوانە: مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گل گمیش تا کامو، ل٧٤.

[١٢٨٧] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ٢٩٤٦، ٢٩٥١.

ئارەزوو و حەزەکان، دروستکردنی هەستی نیاز بە نەمری، یادی مردن دەستەوەستانی و هەژاری بیری مرۆڤ دەخاتەوە، مردن نیشانەیەکی ئاگادارکردنەوەی ڕێگای ژیانە).

بە باوەڕی ئەو، بیرکردنەوە لە مردنو لە زوو تێپەڕبوونی دونیا، مرۆڤ لە چوونە نێو لیتەی دەروون نزمی دەپارێزێ. مردن بە مرۆڤی نغرۆ بوو لە دونیادا — بە زمانی حاڵ — دەڵێت[۱۲۸۸]: پۆشاکو کەلوپەلت لابەو خۆت بسپێرەو بخەرە نێو کفن. لە باخو سەوزایی وەرە دەرەوەو لە خاکو خوێندا نیشتەجێ ببە. هاوڕازی جوانان بووی، ئێستا بەدەستی بەتاڵ هاتووی‌و کوا هیچ نیشانەیەک لەو خۆشیانە؟ و تادوایی...:

برکن قباو پیرهن، تسلیم شو اندر کفن

بیرون شو از باغ و چمن، ساکن شو اندر خاك و خون

کو عشرت شب های تو، کو شکر لب های تو

کو آن نفس کز زیرکی برماه می خواندی فسون[۱۲۸۹]

"یەکێك لەو شتانەی کە لای عارفان — لەوانەش مەولانا — بە ناپەسەند دانراوە هیوادرێژی (طول الأمل) لە ژیاندا، چونکە ئەم هیوا زۆرییە پەیوەستبوونی مرۆڤ بە دونیاوە پتەوتر دەکاتو وایلێدەکات پشت لە حەقیقەتەکانی تر هەڵبکاتو جیهانی ئەو بچوك دەنوێنێو ئەو لە زیندانی ئارەزووەکاندا بەند دەکات، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە پەردەکانی خەیاڵو گومان، بواری بینینی حەقیقەتی ئەم ژیانەی بۆ نەهێشتووەتەوە. لێرەوە عارفان بۆ هاتنە دەر لەم پەردە جۆراوجۆرە ساختانە ئامۆژگاری‌و ڕاسپاردەی مرۆڤەکان دەکەن، کە زۆر بیر لە مردن بکەنەوە تا پوچی هەموو ئەو خەون‌و خەیاڵانەو تێکەڵبوونی شتە زوو تێپەڕو کاتیەکان لەیەك جودا بکاتەوە"[۱۲۹۰]. لێرەوە مەولانا مردن‌و یادی مردن بە (بڕەری هۆکارەکانی دونیاویستی) دەزانێو لەشکرەکانی مردن — هۆکارەکانی لەناوبردنی مرۆڤ — وەك زستان دەبینێ، کە بۆ بڕینی لقو گەڵای درەختی (بوون)ی مرۆڤ دێن. ئەوکاتەی

[۱۲۸۸] بڕوانە: مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گل گمیش تا کامو، ل۷٦.

[۱۲۸۹] دیوان شمس: غزل: ۱۷۸۸.

[۱۲۹۰] بڕوانە: مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گل گمیش تا کامو، ل۷٦.

سوپای مەرگ هێرش دەهێنێ، بەهاری سروشتی ناتوانێ کۆمەکی ئەوانە بکات، کە بەر ئەو هێرشە دەکەون. واتە بەهار ئەگەرچی گیان بە سروشتی مردوو دەبەخشێ، بەڵام ناتوانێ ژیان بە زیندوویەک کە بووەتە ئامانجی هێرشی مەرگ، بدات. مەگەر کەسێک نەبێت، کە بەهاری دیداری مەعشوق – خودا – ی لە دەروونی خۆیدا بەدیهێنابێ[1291]:

قاطع الأسباب و لشکرهای مرگ — همچودی أید به قطع شاخ و برگ

در جهان نبود مددشان از بهار — جز مگر درجان بهار روی یار[1292]

لەلایەکی ترەوە هەرچەندە مرۆڤەکان لەم جیهانەدا بێئاگایانە دەژین‌و کەمتر دەرک بە ماهیەتە پوچەکانی دەکەن، بەڵام هەندێک نیشانەی هۆشیارکەرەوەو بێئاگایی لابەر لەسەر رێگای ژیاندا دانراون، کە توانای دەرهێنانی مرۆڤیان لە چنگی نزمیی دونیا هەیەو بەوەش پوچی مەستیەکانی دونیا دەبینین‌و ناخوبئاگایانە – یان ئاگایانە – وا لە مرۆڤ دەکات بەدوای نەمریدا بگەڕێ‌و ڕوو لە زیندووی هەرگیز نەمر – خودا – بکات[1293]. وەک بەردەوام نەبوونی ژیان‌و مردنی خۆشەویستان‌و نەبوونی ئایندەیەک بۆ ئەو خۆشەویستیە. ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکات لەبری خۆشەویستی‌و ژیانی زوو تێپەڕ، بەدوای خۆشەویستی‌و ژیانی بەردەوام‌و هەمیشە نوێدا بگەڕێ، کە ئەویش مرۆڤە بالاکان – پێغەمبەران – لە زاتی هەمیشە زیندوو و جاویدانی مەعشوق – خودا – دا دۆزیویانەتەوە:

زانکه عشق مردگان پاینده نیست — زانکه مرده سوی ما آینده نیست

عشق آن بگزین که جمله انبیا — یافتند از عشق او کار و کیا

عشق آن زنده گزین کاو باقی است — کز شراب جانفرایت ساقی است[1294]

"هەستکردن بە دەستەوسانی و هەژاری یەکێکە لەو ڕێنماییو مەسەلە گرنگانەی کە عارفان – لەوانەش مەولانا – بایەخێکی تایبەتیان پێداوە. وەهمی دەسەلاتداری‌و

[1291] بڕوانە: کریم زمانی: شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر ششم، ل٩٣٥–٩٣٦.

[1292] مثنوی، دفتر ششم، أبیات: ٣٦٠٤ – ٣٦٠٥.

[1293] بڕوانە: مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گل گمیش تا کامو، ل٧٧.

[1294] مثنوی، دفتر اول، أبیات: ٢١٧، ٢١٩ – ٢٢٠.

دەوڵەمەندی — بێ نیازی — وەك ئەژدیهایەکی ڕێگرە لەبەردەم چوون بەرەو مەعنەویەت‌و عرفاندا. عارف کە بایەخی هەستکردن بە بێ توانایی‌و هەژاری دەزانێت، ڕوو لە شتانێك دەکات کە دەستەوەسانی زیاتر پیشاندەدەن. ئەمەش زیاتر لە سێ شتدا دەبینین: خودا، عشق، مردن. یەکەمین کە کەسێکی دەسەلاتدارو زاڵو بەتوانایەو دەوری هەموو شتەکانی داوەو دەوڵەمەندو بێباکەو لە لوتکەی مەزنیدا. لێرەوە بێهودە نەبووە کە عارفان — بەتایبەتی مەولانا — بۆ تێگەیاندنی دەستەوسانی خۆیان لەبەرامبەر هەبوویەکی داپۆشراوی وەك ئەو زاتە، سیمبۆلی شێرو ئاسکیان بەکارهێناوە[۱۲۹۵]:

یکی شیری همی بینی جهان پیشش گله آهو که من این شیرو آهو را نمی دانم نمی دانم[۱۲۹۶]

لای مەولانا کەسی زیندوو ئەوەیە، کە هەموو جیهان وەك گەلە ئاسکێك لەبەردەم شێر — خودا — دا دەبینێ، و ئەمەش هەستی گەورەیی خوداو دەستەوسانی‌و هەژاری خۆی تێدا بەهێز دەکات. یان مەولانا لە نمونەیەکی تردا ئەو مرۆڤە بە ئاسکێك دادەنێت، کە لەبەرامبەر شێرێکی سامناکدا خۆی دەبینێتەوە، کە لە توندی ترسەکەیدا بێهۆش دەکەوێ‌و جوڵەی — مەبەستی جوڵەی یاخیبوونە — نامێنێ. لێرەوە لەلایەکەوە ئاسکەکە ئیعتباری هەبووی بۆ دادەنرێ، چونکە بوونی ئەو لە بووندا بینراوو بەرجەستەیە. بەڵام لەلایەکی ترەوە ئیعتباری نەبووی بۆ دادەنرێ، چونکە هەیبەت‌و سامی شێر، بوونی ئەوی سڕیوەتەوە. واتە چیتر ئەو ئاسکە ناتوانێ وەك ئاسکی ئاسایی بێت[۱۲۹۷]. واتە دەبێتە بونەوەرێکی هەبوو و نەبوو لەیەك کاتدا:

پیش شیری آهویی بیهوش شد هستی اسش در هست او روپوش شد[۱۲۹۸]

[۱۲۹۵] هەر ئەو سەرچاوە، ل۷۸–۷۹.

[۱۲۹۶] دیوان شمس: غزل: ۱۱٦۰.

[۱۲۹۷] بڕوانە: کریم زمانی: شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر سوم، ل۹۳۷.

[۱۲۹۸] مثنوی، دفتر سوم، بیت: ۳٦۷٦.

عشقیش که به قوڵی جێگەی سەرنج و بایەخی عارفانە، بە جیا لە هەموو بەرەکەتو بەخششە گیان زیندووکەرەوەکانی، هەست بە هەژاریو پێویستی لەبەرامبەر مەعشوق (خودا)داو خۆ بە (مردوو) و (پەردە) زانین یەکێکە لە بەرهەمە دیارەکانی[1299]:

عشق قهار است و من مقهور عشق — چون شکر شیرین شدم از شور عشق
عاشقان در سیل تند افتاده‌اند — برقضای عشق، دل بنماده‌اند[1300]

ئادەمیزاد کاتێك بەم خاڵو نیشانەی مردن گەیشت ئەوکات تێدەگات، کە هەژارو دەستەوەسانە، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە وتویانە: ئەگەر مردن و نەخۆشی نەبوایە سەرجەم بوونەوەران سەرکەشو لە سنور دەرچوو (طاغی) دەبوون[1301]. لێرەوە مەولانا پێمان دەڵێ: حۆزگە بەوانە بخوازە، کە هەست بە لاوازیو لێنەهاتوویی خۆیان دەکەنە رۆزیو بەخششێكو پێی دەچنە ژێر سایەی دۆست — خودا — و دەروونی شەڕەنگێزی دەمرێنێ — مردنی مەعنەوی — و ئاییینی سروشتیو پاك — وەك ئاینی پیرەژنان — هەڵدەبژێری — مەبەستی مەولانا ئاینی لاساییکردنەوەی کوێرانە نیە، بەڵکو ئاینی پاکیو سادەییە — و بەوەش مرۆڤ وەك زوڵەیخا ڕوناکی یوسف — مەبەستی جوانی خودایە — بەریدەکەوێو لە پیریو بێ هێزیەوە بۆ جوانی و گەنجی دەگەڕێتەوە[1302]:

عاجزی و خیره کاین عجز از کجاست — عجز تو تابی أز أن روز جزاست
هم در أخر عجز خود را چون بدید — مرده‌شد دین عجایز برگزید
چون زلیخا یوسفش بروی بتافت — از عجوزی در جوانی راه یافت[1303]

[1299] مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گل گمیش تا کامو، ل۷۹.

[1300] مثنوی، دفتر ششم، أبیات: ۹۰۲ — ۹۰٤.

[1301] بڕوانە: مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گل گمیش تا کامو، ل۸۰.

[1302] بڕوانە: کریم زمانی: شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر ششم، ل۱۲۳۰–۱۲۳۱.

[1303] مثنوی، دفتر ششم، أبیات: ٤۸۲۵، ٤۸۲۸ — ٤۸۲۹.

و- مەرگ ویستی لای عارفان

گرنگترین پۆڵ و کاریگەری عرفان لەسەر مرۆڤ بریتیە لە پیشاندانی ئاستێی نوێو دیمەنی نوێ. ئەمەش بەهۆی فراوانی ئامرازەکانی دونیای عارفەوەیە. عارف بۆ سەروەتری ئەزموونی هەستەوەری و عەقڵیی دەڕواتو بەدوای ڕاوکردنی حەقیقەتە گەورەکاندا دەڕوات. لەم مەیدانەدا فراوانی شتانێك ئەزموونەکات، کە زۆرینەی خەڵکی لەوانە بێئاگانو ڕێگەی ناسینی ئەوانە نادۆزنەوە. بینراوو بیستراوو تامکراوو بۆنکراوەکانی عارف هاوئاهەنگ لەگەڵ بڵندبوونەوەی هەستیدا بەرەو لوتکە دەڕۆن. لەم ئاراستەدا هەم زانیارییەکانی پێشووتری بڵند دەبنەوەو هەم کۆمەڵێك لە زانیاری نوێ بەدەستدەهێنێ.

لە مەقامی بەراوردکردنی شێوە جۆربەجۆرەکانی ژیانی خۆیدا، عارف بە بەراوردی جیهانێکی نوێو جیهانی کۆن دەگات[١٣٠٤].

لەم فەزایەشدا مردنی عارفان مانایەکی تری هەیە. عارفان کە بە هۆشیاریەوە دەمرن، لەبەردەم مەعشوق – خودا – دا وەك شەکر بە شیرینی دەمرن. ئەوان کە ئاوی جاویدانیی (الست)یان خواردوە، بێگومان بەشێوەیەکی تر – جیاواز لە مرۆڤە ئاساییەکان– دەمرن. ئەوان چونکە لە عەشقدا مردونو زیندووبوونەتەوە –مردنی مەعنەوی– مردنو زیندووبوونەوەیان وەك مرۆڤەکانی تر نیە. عاشقان کە گیانن بۆ یەکتر، هەموویان لە عشقی ئەوی تردا مردوون. عاشقان چاوی جیهانی نادیار – غیب – یان کراوەتەوە. بەڵام ئەوانی تر – مرۆڤە ئاساییەکان – بە کوێری و کەڕی مردون. ئەوانەی کە شەوان لە ترسدا – ترسی کۆچ بۆ ژیانەکەی تر– نەخەوتوون، هەموویان بێ ترسو مەترسی دەمرن. ئەوانەی ئەمڕۆ بەدوای ئەو بینینەدا بوون – بینینی قوڵبینی عارفانە – ئەوا بە شادی و خەندەوە لەنێو ئەو بینینەدا دەمرن:

عاشقانی کە با خبر میرند　　پیش معشوق چون شکر میرند

[١٣٠٤] بڕوانە:د.عبدالکریم سروش، مولاناو طبیعت.www.dr.sorosh.com هەروەها مهدی کمپانی زارع،مرگ اندیشی از گل گمیش تا کامو، ل٩٥.

از اَلست آب زندگی خوردند　　لاجرم شیوه دگر میرند
عاشقان چشم غیب بگشانید　　باقیان جمله کور و کر میرند
وان که شب ها نخفته‌اند ز بیم　　جمله بی خوف و بی خطر میرند
وان که امروز آن نظر جستند　　شادو خندان در آن نظر میرند[۱۳۰۵]

له دیدی مەولاناوە، نهێنی نەترسانی عارفان له مردن، بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە:

یەکەم: عارفان هەموو کاروبارەکانی جیهان لەژێر پەردەی سیستێمێکدا دەبینن، کە ئەگەرچی جیاوازو جۆراوجۆر دەرکەوێ، بەڵام هەموو بۆیەك بکەر (فاعل) دەگەڕێتەوە کە خودایە. لێرەوە مردن بە گواستنەوە لە بکەرێکی مەجازی (مردن)ەوە بۆ بکەرێکی حەقیقی (خودا) دەزانن[۱۳۰۶]. ئەو — مرۆڤە عارفەکان — وەك باڵندەیەکی مردوو — مردنی مەعنەوی — کە چ لە دیدارگەیشتنی دۆستدا بێت یان دابڕاندا بێت ئیختیاری نیەو لەنێو پەنجەو دەستەکانی دۆست — خودا — دایە. ئەو باڵندەی — مرۆڤ — کە ڕاوبکرێت، گەر ورد سەرنج بدەیت دەبینی لەلایەن پادشاوە ڕاوکراوە. ئەو ڕاوکردنەش مرداربوونەوەو مردن نیە، بەڵکو ڕوخساری وەك مردوو دەنوێنێ، و لە ڕاستیدا بە زیندوویی لەنێو دەستی پادشادایە[۱۳۰۷]:

مرغ مرده مضطر اندر وصل و بین　　خوانده‌ای "القلب بین اصبعین"
هین مرا مرده مبین گر زنده‌ای　　در کف شاهم نگر گر بنده‌ای[۱۳۰۸]

دووەم: لە تێگەیشتنی عارفدا مردن سوتێنەری هیواکان نیە. لەبەرئەوەی عارف هیوایەکو ئامانجێکی تری جگە لە مەعشوق (خودا) نیە، و مەعشوقی ئەویش زیندووی هەرگیز نەمر (حي لایموت)ە، بۆیە ترسی لە تیاچوون (فەنا)ی نیە. لای ئەو پەردەی جەستە یەکێکە لە گرنگترین لەمپەرەکانی گەیشتنی بە دیدار (وصال)ی جاویدانی و لێرەوە عارف لە مردن

[۱۳۰۵] دیوان شمس: غزل: ٦٢٤.

[۱۳۰۶] بڕوانە: مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گل گمیش تا کامو، ل۹۷.

[۱۳۰۷] بڕوانە: کریم زمانی: شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر چهارم، ل۳۲۰–۳۲۲.

[۱۳۰۸] مثنوی، دفتر چهارم، أبیات: ١٠٥٦، ١٠٥٩.

ناترسێ، بەڵکو بەرەو پیرییەوە دەڕوات[1309]. لێرەوە عارف، مردن بە نزیکترین ڕێگا بۆ گەیشتن بە نەمری‌و دۆست – خودا – دەزانێ:

گر ز حال دل خبر دانی بگو　　ار نشانی مختصر دانی بگو

مرگ را دانم ولی تا کوی دوست　　راه اگر نزدیك تر دانی بگو[1310]

دەگێڕنەوە کە لە دواهەمین ڕۆژەکانی ژیانی مەولانادا، شێخ سەدرەدینی قونیەوی کە سەردانی دەکات بەو دەڵێت: "خودا شیفای خێرات بدات، ئەم نەخۆشیە پلەتی پێ بڵند ببێتەوەو ئومێدەوارم کە چاکبیتەوە"، مەولانا لە وەڵامدا دەڵێ: "لە ئێستا بەدواوە خودا شیفای ئێوە بدات، لەنێوان عاشقو مەعشوقدا تەنها کراسێکی لە موو تەنکتر ماوە، ناتەوێ ڕۆشنایی بە ڕۆشنایی بگات؟"[1311].

"مەولانا ڕوودەکاتە ئەوانەی کە لە مردنی جەستە دەترسنو لە خودا هەڵدێزنو دەڵێت: ئەی دڵ پەژمووردەو ژاکاوێك، کە تامەزرۆی جەستەیت و بەهۆی ئەوەوەو لە ترسی مەرگی گیانی جەستە لە دیداری سەرچاوەی گیان هەڵدێیت! ئایا بینیوتە ئاوی گۆزەیەك لەو جۆگەیەی، کە ئاوەکەی تێکردوە هەڵبێت! هەرکاتێك، کە ئاوی گۆزە بە جۆگە بگاتەوە لەودا دەتوێتەوەو خۆی دەبێت بە جۆگە. ئەو عاشقەی کە وەك ئاوی گۆزەیەك دەگاتەوە بە جۆگەو لە عشقی حەزرەتی مەعشوقدا فەنا دەبێ، خەسڵەتە مرۆییەکان لەودا نامێنێ بەڵام بەم فەنابوونە مانەوەی هەمیشەیی بەدەستدێنێ. دوای ئەوە چیتر (بوون)ی ئەو نە کەم دەبێتەوەو نە بۆ (بوون)ی ساختەو وەهمی پێشووتری دەگەڕێتەوە"[1312]:

ای فسرده عاشق ننگین نمد　　کاو ز بیم جان ز جانان می رمد

جوی دیدی، کوزه اندر جوی ریز　　آب را از جوی کی باشد گریز؟

[1309] بڕوانە: مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گل گمیش تا کامو، ل۹۸.

[1310] دیوان شمس: غزل: ۱۰۲۵.

[1311] بڕوانە: جامی، عبدالرحمن: نفحات الأنس، تصحیح محمود عابدی، انتشارات اطلاعات، ۱۳۸۲، ل٤٦٤.

[1312] کریم زمانی: شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر سوم، ل۱۰۰۵–۱۰۰٦.

وصف او فانی شد و ذاتش بقا　　زین سپس نه کم شود، نه بد لقا[1313]

سێیەم: مردن بۆ عارف شتێکی نائاشنا نیە. ئەو هۆگری بە مردن لە زۆر شتی تر زیاترە. چونکە ئەو بۆ بینینی کەمالّی بالاتر هەمیشە سەرقالّی دەستبەرداربوونە لە (من)ی پێشتری. ئەو تا ئەوەندەی بە خواستی دیداری دۆست گەیشتووە، لە دوو هەزار (من) و (ئێمە)ی تێپەڕیوەو هێشتا خۆشی لە سەرەتای ڕێگادا دەبینێ. ئەو لە هەر مەنزڵو مەقامێکدا کە دەیەوێ بانگەشەی گەیشتن بکات، ئوبارە بانگی (تعالوا – وەرن) دەبیستێو خواستی گەیشتن بە ڕێگەی بێ کۆتایی دەیجوڵێنێو ئەوەیە کە "عشق سەرەتای هەیەو کۆتایی نیە"، ئەگەر دێوانەکان هەندێ جار بە بینینی خەرمانەی مانگ دێوانەتر بێن، لای عارفان مانگ هەمیشە دەرکەوتوویەکە کە سات بە سات دێوانەیی‌و تامەزرۆییان زیاتر دەکات[1314]. مەبەستی مەولانا لەم مردنانە مردنی مەعنەوی‌و ئیختیاریە، کە مرۆڤ لە وابەستەبوونە ئاژەڵییەو مادیەکان خۆی دادەبڕێو ئەمەش پرۆسەیەکی هەمیشە نوێو بەردەوامە. عاشق لە ڕۆحی ڕێنماییکەری جیهانەوە – خودا – دووسەد گیانی بەدەستهێناوەو هەرساتێك ئەو دووسەد گیانە دەکاتە قوربانی حەزرەتی مەعشوق – خودا –. ئەو لەبەرامبەر هەر گیانێك، کە فیدای ئەوی دەکات دە بەرامبەری ئەوە وەردەگرێت. ئەگەر مەعشوق – مەولانا دەڵێ – خوێنم بڕێژێ، من بە سەماو پێ کوتان بە زەویدا، گیانم شاباشی ئەو دەکەم، چونکە من ئەوەم ئەزموون کردوە، کە مردنی من لە ژیاندایە. واتە مردنی ڕاستەقینەی من کاتێکە کە وابەستەی ژیانی ئاژەڵی‌و مادی بم. هەرکاتێك لەو ژیانە ئاژەڵییە ڕزگاربم، ئەوا بە ژیانی هەمیشەیی و نەمری دەگەم:

تو مکن تهدید از کشتن که من　　تشنه زارم به خون خویشتن

او دوصد جان دارد از جان هدی　　وان دو صد رامی کند هردم ندی

گر بریزد خون من آن دوست رو　　پای کوبان جان بر افشانم بر او

[1313] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ۳۹۱۰ – ۳۹۱۱، ۳۹۱۳.

[1314] بڕوانە: مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گل گمیش تا کامو، ل۹۹.

أزمودم مرگ من در زندگی است　　چون رهم زین زندگی پایندگی است[1315]

بەم تێڕوانینە چیتر شوێنێك بۆ ترس لە مردنو ترسان لە پوچی ژیان — کە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت — نامێنێتەوە، چونکە ئەوان باوەڕیان وایە مردن زەبرێکە بەر تووێکڵ — جەستە — دەکەوێ نەك بەر کاکڵە — ڕۆح —:

مرگ کین جمله از او در وحشتند　　می کنند این قوم بر وی ریشخند

کس نیابد بر دل ایشان ظفر　　بر صدف آید ضرر نی بر گُهر[1316]

"ئەم دیدە شادی ئامێزە بووە هۆی ئەوەی عارفان بە مەستیەوە بچنە ژێرخاکو گۆڕیان ببێتە شوێنی سەماوخۆشیو پاش هەزار ساڵ لە مردنیان بۆنی عشق و خۆشیان بە ئێمە بگات. گێڕدراوەتەوە کە (سەڵاحەدین زەرکوب)ی یەکەمین دۆستی مەولانا وەسیەتیکردوە، کە لە مردنیدا لەبری پرسە دانان، بە بەزمو شادیەوە بەڕێیبکەن. هەمان ڕوداو لە وەفاتی مەولاناشدا دووبارە بووەتەوە. لەم ڕووەوە (سوڵتان وەلەد)ی کوڕی گەورەی مەولانا بە شیعر دەڵێت. کە باوکی وەسیەتی کردوە، کە بە شادیو دەفو سەمای دەروێشانەوە ئەسپەردەی بەخاك بکەن، تا بزانن دۆستانی خودا بە شادیو خەندەوە بەرەو دیداری خودا دەڕۆن[1317]:

شیخ فرمود در جنازه من　　دهل آرید و کوس با دف زن

سوی گورم برید رقصان کنان　　خوش و شادان و مست و دست افشان

تا بدانند که اولیای خدا　　شادو خندان روند سوی لقا

عُرس های جهان مَجاز دل اند　　پیش آن جان و دل چو آب گل اند[1318]

[1315] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ۳۸۳۳، ۳۸۳۵، ۳۸۳۷ — ۳۸۳۸.

[1316] ئەم دوو بەیتە لە نوسخەی (قونیە)ی مەسنەوی دا هاتووە. بڕوانە: مثنوی معنوی (بر اساس نسخهٔ قونیه)، تصحیح د.عبدالکریم سروش، ۱۳۷۵ — ۱۹۹٦، چ۱، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، دفتر اول، بیت:۳۵۰۱، ل۱۵۵.

[1317] بڕوانە: د.عبدالباقی گولپینارلی، زندگی و آثار مولانا، ل۱۱۹.

[1318] بڕوانە: مهدی کمپانی زارع، مرگ اندیشی از گیل گمیش تا کامو، ل۱۰۱. ئەویش لە کتێبی (ولدنامه)ی سلطان ولد، تصحیح جلال الدین همایی، نشر هما، ساڵی ۱۳۷۵ — ۱۹۹٦، ل۹٦ وەریگرتووە.

لای مەولانا عزرائیل دەسەڵاتی نیە بەسەر عاشقاندا، عاشقان خۆیانن، گیان بە مەعشوق (خودا) پێشکەش دەکەن. گیانە یەك لەدوای یەکەکان کە عارف پێشکەش بە دۆست – خودا –ی دەکات، گێڕانەوەی ئەمانەتێکە کە ئەو خۆی بە پابەندی دەزانێت. ئەمانەتدارانیش ئەمانەت جگە بە خاوەنەکەی بە کەسی تر نادەن:

نیست عزرائیل رادست و رهی بر عاشقان عاشقان عشق را هم عشق و سودا می کشد

صد تقاضا می کند هر روز مردم را اجل عاشق حق خویشتن را بی تقاضا می کشد[۱۳۱۹]

لای مەولانا ئەوانەی کە ئارەزووی مردن ناکەن، سەگنو بەدوای چێژو شتە بێ نرخ و کاتیەکانی دونیاوەن، بەڵام "شێری حەق – خوداویستانی باوەڕدار – کەسێکە کە لە جیهانی بەرجەستەو مادی رزگاربووەو بە جیهانی ماناوە بەستراوە:

من نیم سگ، شیر حقّم، حق پرست شیر حق أن است کز صورت برَست

شیر دنیا، جوید اشکاری و برگ شیر مولی، جوید أزادی و مرگ[۱۳۲۰]

ئەو باوەڕی وایە، شێری حەق بۆیە ئارەزووی مردن دەکات، چونکە لە مردنو فەنابوون لە دونیاو وابەستەکانیدا، (بوون)ی بێ ئەژمار دەبینێ. لەم ڕوەوە وەکو پەپولە وایە، بوونی خۆی دەسوتێنێو بە بڵێسەو مەشخەڵی عشق، ئارەزووی نەفسانی خۆی دەکوژێت:

چون که اندر مرگ بیند صد وجود همچو پروانه بسوزاند وجود[۱۳۲۱]

لێرەوە "مەولانا خۆیو یارانی بە (کۆڕانی شادی) دەزانێو لەم باوەڕەشەوە، ئەوان تێڕوانینیان بۆ مەرگ، تێڕوانینی ئازارو داخو ماتەم و فرمێسك و خەم نەبووە. بەڵکو ئەو مردن بە شادیو بە دیدار گەیشتن دەزانێو بە ڕوونی ئەوکەسانەی، کە باوەڕێکی لەوجۆرەیان نیە، (بڕۆ) یان لێدەکات"[۱۳۲۲]:

[۱۳۱۹] دیوان شمس: غزل: ۲۷۱.

[۱۳۲۰] مثنوی، دفتر اول، أبیات: ۳۹۷۲ – ۳۹۷۳.

[۱۳۲۱] مثنوی، دفتر اول، أبیات: ۳۹۷٤.

[۱۳۲۲] مرتضی فلاح، سەنگاە بە مرگ در ادبیات فارسی. سایتی وەزارەتی خوێندنی بالای ئێران: www.sid.com

مرگ ما شادی و ملاقات است گرتو را مام است رو زینجا ![1323]

مەولانا لە مردنەوە پەیامی ژیانی هەمیشەیی دەبیستێو ژیانی هەمیشەیی لە گەیشتنی کاتی مەرگ و بە رێگە دۆزینەوە بۆ گەیشتن بە دۆست دەزانێ:

ز مرگ خویش شنیدم پیام عیش أبد زهی خدا که کند مرگ را پیمبر عیش[1324]

مەولانا ژیان بە شوێنی تاقیکردنەوەی گران (ابتلاء)[1325] دەزانێ، مردن بە چارەسەرو دەرمان بۆ رزگاربوون لەوە دەزانێ، "لەم باوەڕەوەیە کە لە شەوی مەرگی مەولانادا، کاتێك، کە کۆڕە گەورەکەی (بەهائەدین وەلەد) بێ ئۆقرەیی دەکاتو سەر بە دەرو دیواردا دەکێشێ، مەولانا بەتوندی سەرزەنشتی دەکاتو داوای لێدەکات کە بچێت بخەوێو واز لەو بهێنێ"[1326]، کە گیرۆدەیە (ابتلاء)ە بە شەوو تاریکی:

رو سر بنه به بالین، تنها مرا رهاکن ترك من خراب شبگرد مبتلاکن

دردی است غیر مردن، أن را دوا نباشد پس من چگونه گویم، کاین درد را دواکن؟[1327]

ئەو لە غەزەلێکی تردا ڕاسپاردە دەکات، کە پاش مردنی، کەس نەگرێو ئازارو داخ نەلێت، چونکە ئەو ڕۆژە، ڕۆژی بە دیدار گەیشتنی مەعشوقی هەمیشەیی — خودا — یەو ڕۆژی شادیو خۆشیە، نەك خەمو دڵتەنگی. ئەو مردن بە "ئاوابوون لەیەك بوونو هەڵهاتن لە بوونێکی تردا دەبینێ، بە دەربڕینێکی تر مردن نەبوونە، بەڵام نەك نەبوونی ڕەها، بەڵکو نەبوونی ڕێژەییە، واتە نەبوون لە بوونێکداو هەبوون لە بوونێکی تردا"[1328]، ئەو پێمان دەڵێ، لە ڕۆژی مردنمدا، کە تابوتەکەی من دەبەن، وا گومان مەبە، کە من ئازارو داخێکم بۆ

[1323] دیوان شمس: غزل: ٢٤٦.

[1324] هەر ئەو سەرچاوە، غزل: ١٢٨٤.

[1325] لە دیدی ئیسلامەوە ژیان (ابتلاء)ە. بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری دووەم، چەمکی ژیانو مردن لە دیدی ئاینی ئیسلامەوە، ل٥٦ بەدواوە.

[1326] بڕوانە: د.عبدالباقی گولپینارلی، مولانا جلال الدین زندگانی — آثار، ترجمهٔ د.توفیق سبحانی، ١٣٩٠ — ٢٠١١، چ١، نشر کتاب پارسە، تهران، ل٢١٠ بەدواوە.

[1327] دیوان شمس: غزل: ٣٠١٢.

[1328] بڕوانە: مرتضی فلاح، سەنگاە بە مرگ، ل٢٣٠.

چوون لەم جیهانە هەبێ! کە جەنازەکەت بینی مەڵێ: مالْئاوا! مالْئاوا!، کە گۆڕ پەردەی کۆبوونەوەیە لە بەهەشت. کە چوونە ناو دەبینی، سەیری هاتنە دەریش بکە، ئاوابوونی خۆرو مانگ چۆن زیانە؟ لای تۆ ئاوابوون دەنوێنێ، بەڵام هەڵهاتنە. گۆڕ وەک بەندکردن دەردەکەوێ، بەڵام ڕزگاربوونی گیانە. "لای مەولانا مردن بەگوێرەی دونیا مردنە، بەگوێرەی جیهانەکەی تر لەدایکبوونە. هەروەک لەدایکبوونی کۆرپەیەک بەگوێرەی دونیا لەدایکبوونەو بەگوێرەی ژیانی پێشووی ئەو، مردنە"[۱۳۲۹]:

به روز مرگ چو تابوت من روان باشد — گمان مبر که مرا درد این جهان باشد

جنازه‌ام چو ببینی مگو وداع وداع — که گور پرده جمعیت جنان باشد

فروشدن چو بدیدی، بر آمدن بنگر — غروب شمس و قمر را چرا زیان باشد

تو را غروب نماید، ولی شروق بود — لحد چو حبس نماید، خلاص جان باشد[۱۳۳۰]

لێرەدا، "ئامارە بەو خاڵە، خاڵی نیە لە سوود، کە تێڕوانینی مەولانا بۆ مردن چەند ڕەهەندە، لە دیدێکی ئەفسانەییەوە مردن بە دیاردەیەکی نهێنی ئامێز، و لە دیدی حیکمەتیەوە مردن بە ئاشتی قەبوڵنەکەرو یەکگرتنی دژەکان دەزانێو لە دیدی عرفانی و ئاینیەوە، بە لەدایکبوونەوەی گیانو دەروازەی چوونە نێو ژیانێکی تر. لە ئاستێکی بڵندتردا مردن بە ژیانو گەڕانەوە بۆ ئەسڵو سەرچاوەی ڕاستەقینەی مرۆڤ ئەژمێردرێ. شاردراوەش نیە، کە ستایشی مردن لە ئەدەبیاتی عرفانیدا، لەوانەش لە شیعری مەولانا، لەپێناوی ئامانجی پیرۆزی کۆمەڵایەتی، سیاسی، یان ڕۆشنبیری نیە[۱۳۳۱]، بەڵکو مردن

[۱۳۲۹] هەر ئەو سەرچاوە، ل۲۳۱. ئەویش لە کتێبی (مقدمه‌ای بر جهان بینی اسلامی) بیرمەندی ناوداری ئێرانی (مرتضی مطهری)، ل۱۸۲ وەریگرتووە.

[۱۳۳۰] دیوان شمس: غزل: ۹۱۱.

[۱۳۳۱] ئێمە هاوڕاین لەگەڵ مرتضی فلاح – کە کەسێتیەکی ئەکادیمییە بەناونیشانی پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی یەزد – لەوەدا، کە مردن لای عارفان لەپێناوی ئامانجی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری نیە – گەرچی بەو ڕەهاییەش نیە – ، بەڵام هاوڕا نین، کە ئامانج و ئامانجی پیرۆزی نیە، چونکە ئامانجی هەیەو زۆرجار لەو ئامانجانەش گەورەترە کە باسیکردون، ئەوان ئامانجی ئەنتۆلۆژی (وجودی) قوڵیان هەیە، چونکە عارف نایەوێ بمرێ لەپێناو لەناوچوونداء بەڵکو دەیەوێ بوونی نەمرو ڕاستەقینە بەدەستبهێنێو بە بوونی ڕەها – خودا – بگات.

لەپێناوی مردندایەو بەس. چونکە لە نەبوونداید، کە عارف دەستی بە بوونی ڕاستەقینە دەگات"[١٣٣٢]:

چه دانم، نیستم؟ هستم؟ ولیك این مایه می دانم
چون هستم نیستم ای جان، ولی چون نیستم، هستم[١٣٣٣]

٣-١-٢-٣-٣/ مردنی ئیختیاری یان (لەدایکبوونی دووەم)

لە تێکستەکانی (مەسنەوی) و (دیوانی شەمس)دا ڕووبەڕووی دوو جۆر لە مردن دەبینەوە: "یەکێك مردنی ئیختیاریو ئەوی تر مردنی ناچاری. مەبەست لە مردنی ئیختیاری ئەوەیە، کە ئادەمیزاد بە بەرنامە خودایی‌و عرفانیەکان بەسەر خۆپەرستی‌و منیەتی خۆیدا زاڵبێت‌و دێوی دەروونی شەڕەنگێز (نفس)ی بە زنجیری ئیمان‌و عەقڵ بکوژێت‌و دواجار بە خاوێنکردنەوەی دەروون‌و پاکی ناخ بگات. ئەمەشە مەبەستی ئەو فەرمودەیە: (موتوا قبل أن تموتوا – بمرن بەر لەوەی کە بمرن). عارفان ئەم. مردنە بە هەڵسانەوە لە مردن (قیامت)ی بچوك یان هەڵسانەوەی ناوەڕاست ناودەبەن، لەو ڕوەوەی کە ئادەمیزاد، لە ژیانی تاریکی دەروونیی دەمرێت"[١٣٣٤].

لەلایەکی تریشەوە وادەزانین لێرەدا مەبەستی نوسەر لە مردن مردنی فیزیکیە، وەگەرنا گومانی تێدا نیە، کە مردنی ئیختیاری – کە داوای مردنی لایەنە شەڕەنگێزیەکانی دەروونی مرۆڤ دەکات – بەوجۆرە نیەو ئامانجی پەروەردەیی‌و دەروونی‌و تەنانەت مۆرالی‌و کۆمەڵایەتی تێدایە.

[١٣٣٢] مرتضی فلاح، سەنگاە بە مرگ، ل٢٣٥.

[١٣٣٣] دیوان شمس: غزل: ١٤١٩.

[١٣٣٤] کریم زمانی، میناگر عشق، ل١٧٤.

لەڕوانگەی تێکستەکانی مەولاناوە لەوە دەگەین، کە بە باوەڕی ئەو، مردنی ئیختیاری ئاسایشو پەناگە لە ئەشکەنجە جۆراوجۆرەکان بە مرۆڤ دەبەخشێت، چونکە ئەگەر مرۆڤ بە ئیختیاری خۆی نەمرێنێ، ئەوا ئەشکەنجەو ئازارەکان بە ناچاری دەیکوژنو دەیمرێنن![1335]:

مرده گردم خویش بسپارم به آب — مرگ پیش از مرگ، أمن است از عذاب
مرگ پیش از مرگ، أمن است ای فتی — این چنین فرمود ما را مصطفی
گفت: موتوا کلکم، من قبل أن — یأتی الموت تموتوا بالفتن[1336]

مەولانا باوەڕی وایە، کە مردنی ئیختیاری، ژیانی ڕاستەقینەیە لە پۆشاکی مردنداو ژیانی دونیایش، مردنە لە پۆشاکی ژیاندا:

این حیاتی خفیه در نقش ممات — وأن مماتی خفیه در قشر حیات[1337]

"بە لەپێشتر دانانی مردنی ئیرادی بەسەر مردنو ئەجەلی سروشتیدا لەوەدایە، کە ئەو لە خواستی مرۆڤ — سالك — ەوە هەڵدەقوڵێ، لەبەرئەوەشە، مردنی ئیرادی پایەو ستوونێکی ڕێگەی مەعنەویەتو سلوکە"[1338]. "کەسانێك کە مردنی ئیختیاری هەڵدەبژێرن، بە جەستە لەنێوان خەڵکدان، بەڵام بە ڕۆح بە ئاسمانەکانەوە پەیوەستن"[1339]:

مصطفی زین گفت کای اسرار جو — مرده را خواهی که بینی زنده تو؟
می رود چون زندگان بر خاکدان — مرده و جانش شده بر أسمان[1340]

مردنی ئیختیاری مەرجی بنەڕەتی تەواویەتیو کەمالی مرۆڤو بڵندبوونەوەی ڕۆح و دەروونیەتی. "ئەگەر نەمری، واتە بە پلەی فەنای عارفانە نەگەیت، هەوڵ و تەقەللات درێژە دەکێشێ. ئەی مۆمی جوانو خۆش گڕ! — مەبەستی مرۆڤە مەعنەویە — لەبەرامبەر ڕوناکی

[1335] بڕوانە: تهمینه عطایی، تقابل مرگ و زندگی در مثنوی، ل۱۱۰.
[1336] مثنوی، دفتر چهارم، أبیات: ۲۲۷۱ — ۲۲۷۳.
[1337] مثنوی، دفتر پنجم، بیت: ٤١٣٥.
[1338] تهمینه عطایی، تقابل مرگ و زندگی در مثنوی، ل۱۱۰.
[1339] مرتضی فلاح، سەنگاە بە مرگ در ادبیات فارسی، ل۲۲۳.
[1340] مثنوی، دفتر ششم، أبیات: ۷٤۲ — ۷٤۳.

بەرەبەیاندا خۆبکوژێنەوە. واتە وەک چۆن لەگەڵ هەڵهاتنی بەیانو هاتنی ڕۆژی پڕ ڕوناکیدا، چیتر پێویستی بە مۆم نیەو دەبێت بیکوژێنیتەوە، لەگەڵ جیلوەو دەرکەوتنی جوانی حەقیقەتدا، منی ڕێبوار — سالك — و بوونی مەجازی، دەبێت بە فەنا بڕوات. چونکە تا کاتێك، کە بەیانی هەناسەی نەداوەو ڕۆژ نەهاتووە، پێویستی بە بوونی مۆم هەیە، بەڵام کە بەیانی هات، بەیانی لە چرا بێ نیازت دەکات (اغنی الصباح عن المصباح)"[١٣٤١]:

١- چون نمُردی، گشت جان کندن دراز — مات شو در صبح، ای شمع طراز

٢- تا نگشتند اختران ما نهان — دانکه پنهان است خورشید جهان

٣- گُرز بر خود زن، (منی) درهم شکن — زآنکه پنبهٔ گوش آمد چشم تن[١٣٤٢]

— بەیتی دووەم — "تا کاتێك کە ئەستێرەکانی (بوون)ی درۆزنانەی ئێمە ئاوا نەبن، بزانە کە خۆری جیهان ڕۆشنکەرەوە شاراوە دەبێت. تا کاتێك کە تۆ بۆ خۆت دان بنێیت بە حەقیقەتێکی سەربەخۆ لە بوونی ڕەها، ئەوا هەر شەوی بێئاگایی بەسەردەبەیتو تا شەوی بێئاگاییش بەرپابێت، خۆری حەقیقەت هەڵنایەت.

بۆیە — بەیتی سێهەم — "گورز بە خۆپەرستیو ناسنامەی درۆزنانەی خۆتدا بکێشەو (منی)ی وردو خاش بکە، چونکە چاوی جەستە، واتە چاوی ڕواڵەتبین وەک لۆکەیەکە لە گوێدا. واتە ئاراستەی مادیو ڕواڵەتی تۆ، پەردەی بەردەم جوانی بوونی ڕەها — خودا — یە. وەک ئەوەی، کە لۆکەیەک دەخەنە گوێ وە، دەبێتە ڕێگر لەبەردەم بیستندا"[١٣٤٣].

مەولانا مردنی بەر لە مردن، بە مردنی پلە بە پلە ناوەبات‌و زۆرترین ژمارەی نمونەکانی لەنێوان جۆرەکانی مردندا، بۆ ئەم جۆرە تەرخانکردووە. لە دیدی عارفانەوە، زیندووبوون تەنها هەناسەدانو دیارەدە بایۆلۆژیەکان نیە. لەم جۆرە بیرکردنەوەدا، ژیان بێجگە لە خۆئامادەکردن بۆ مردن شتێکی تر نیە. چۆن وانەبێ کە دنیای جەستەیی، کە جگە لە ئەزموونی هەستەوەریانە (حسی) هیچی لەدەست نایەتو بە حەقیقەت پەیوەست نابێتەوە،

[١٣٤١] کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر ششم، ل٢٢٩.

[١٣٤٢] مثنوی، دفتر ششم، أبیات: ٧٣٠ — ٧٣٢.

[١٣٤٣] کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر ششم، ل٢٢٩.

بەڵکو لە بەندی گومانەکانی هەستە ڕواڵەتیەکانو عادەتو خووە ڕۆژانەکاندا دەمێنێتەوە. لێرەدا ناسینی ڕاستەقینە تەنها لەکاتێکدا مومکینە، کە ڕۆح لە دنیای هەستپێکراو بڵندتر بڕوات. هەڵبەتە مرۆڤ تەنها بە زاڵبوون بەسەر جەستەو ڕۆحدا دەستی بە مانا دەگات[١٣٤٤].

مەولانا بۆ سەلماندنی بانگەشەکەی خۆی — واتە مردنی ئیختیاری — لە دەربڕینێکی ناباو کەڵک وەردەگرێت، کە دەڵێت: "ئەگەر مردوویەکی زیندووت دەوێ، ئەوا سەیری پیاوێکی وەک (ئەبوبەکر)ی لەخواترس بکە. ئەو کە جەستەی دیلی خاکی دونیایە، بەڵام وەک مردوەکان ڕۆحی بە جیهانی نادیارەوە پەیوەند بووەو پاش مردنی پێویستی بە گواستنەوە لەم جیهانەوە بۆ جیهانەکەی تر نیە، کە ڕۆحی ئەو هەر لەم جیهانەدا بەو جیهانەوە پەیوەندە، ئەم بەیتانەش ماناو لێکدانەوەی ئەم فەرمودەیە: "من اراد أن ينظر الى ميت يمشي الى وجه الأرض فلينظر الى أبي بكر بن أبي قحافة"[١٣٤٥]:

هر كه خواهد كه ببيند بر زمين — مردەای می رود ظاهر چنين

مر أبوبكر تقی را گو ببين — شد ز صديقی أمير المؤمنين[١٣٤٦]

مەولانا هێندە بایەخی بە مردنی ئیختیاری داوە، کە تەریقەتی خۆی — لە دیدارەکەیدا لەگەڵ قوتبەدینی شیرازی — لەوەدا پوخت دەکاتەوە: "پاش ئەوەی جەنابی شێخ قوتبەدین پرسیاری کرد، کە ڕێ و تەریقەتی ئێوە چییە؟ مەولانا فەرمووی: ڕێگەی ئێمە مردنو ئەوەی بەنرخە (نقد) بەرەو ئاسمانبردنە. تا نەمری ناگەیت بەو شێوەی کە (صدر جهان) لە مەسنەویدا وتی تا نەمردی دەستتنەکەوت"[١٣٤٧]. هەرواشە لە داستانی (سەدری

[١٣٤٤] بڕوانە: تهمينه عطايی، تقابل مرگ و زندگی در مثنوی، ل١٠٩–١١٠.

[١٣٤٥] بڕوانە: بديع الزمان فروزانفر، احاديث مثنوی، ل١٩٤.

[١٣٤٦] مثنوی، دفتر ششم، أبيات: ٧٤٤ — ٧٤٥.

[١٣٤٧] زۆرێك لە سەرچاوەکانی ژیانی مەولانا ئەم بەسەرهاتەیان لە کتێبی (مناقب العارفين)ی شەمسەدینی ئەفلاکی، ل١٧٦ەوە وەرگرتووە.

جهانی)ی بوخارایی دا تا کەسەکە نەمرێ – مردنی ئیختیاری – ئەو – سەدری جهان – (پارەیەکی ئالتونی) فرێ ناداتە سەر تەرمەکەی[1348]:

سر موتوا قبل موت این بود　　کز پس مردن غنیمت ها رسد

غیر مردن هیچ فرهنگی دگر　　در نگیرد با خدای ای حیله‌گر![1349]

هەروەها لە دەفتەری چوارەمداو لە باسی بەسەرهاتی سێ ماسیەکەدا (عاقڵ، نیو عاقڵ، لەخۆبایی)، رزگاربوونی ماسی عاقڵ لە مردنی ئیختیاریدا دەبینێ[1350]، کە خۆی لەبەرامبەر پاوچیەکاندا دەمرێنێو بە دەستەوسانی خۆی دەخاتە سەرئاو – کە هێمایە بۆ مردنی مەعنەوی – بەوەش وازیلێدەهێنن و رزگاری دەبێت. لێرەدا مەولانا لە زمانی ماسیەکەوە دەڵێ، کە مردنی مەعنەوی بەر لە مردنی فیزیکی، پارێزەر دەبێ، لە ئازارەکانی پاش مردنی فیزیکی:

مرده گردم خویش بسپارم به آب　　مرگ پیش از مرگ امن است از عذاب

مرگ پیش از مرگ امن است ای فتی　　این چنین فرمود ما را مصطفی

گفت موتوا کلهم من قبل ان　　یأتی الموت تموتوا بالفتن[1351]

[1348] لە دەفتەری شەشەمی مەسنەوی دا مەولانا چیرۆکێکی سیمبۆلستان دەگێڕێتەوە، کە پیاوێك بەناوی (سەدری جیهان) فەرمانڕەوای بوخارا بوو و زۆر بەخشندە بوو و ڕۆژانە سەردانی چین و تورکستانی دەکردو کۆمەکی دارایی پێ دەبەخشین. بەڵام مەرجی ئەوەبوو، کە کەسەکە بە زمان داوا نەکات. زانایەکی ئاینیش – کە بە زمان داوای کرد – و لە بەخششی ئەو بێ بەهرە بوو، چەندین ڕێگەی خۆگۆڕینی بۆ بەدەستهێنانی بەخششەکەی گرتەبەر بەڵام هەموو جارێك (سەدری جیهان) دەیناسیەوە، تا دواجار کفنی لە خۆی پێچاو خۆی کرد بە مردوو، کە (سەدر) بەڵای تابوتەکەیدا تێپەڕی بەخششی بۆ هەڵداو ئەویش هەستایەوەو وتی: دواجار پارەم لێسەندیت! ئەویش وتی: بەڵام تا نەمردی، نەتبرد! کە مەبەستی مەولانا ئەوەیە تا مردنی مەعنەوی لە خۆپەرستیو خۆنوێنیو دەروونی خراپ بەگشتی، خۆی نەمرێنێ، بە بەخششە خوداییەکان ناگات. بڕوانە: مثنوی، دفتر ششم، ۳۷۹۹ بەدواوە.

[1349] مثنوی، دفتر ششم، أبیات: ۳۷۹۹ – ۳۸۰۰.

[1350] بڕوانە: د.مریم شریف نسب: جان سیری، (بررسی تقابل مرگ و زندگی در دیدگاه مولانا)، ل٤٥٤.

[1351] مثنوی، دفتر چهارم، أبیات: ۲۲۷۱ – ۲۲۷۳.

هەروەها لە دەفتەری شەشەمدا دەگات بە لێکدانەوەی (موتوا قبل أن تموتوا) و پێمان دەڵێ: مردنی ئیختیاری ئەوە نیە، کە بچیتە نێو گۆڕ، بەڵکو مردنێکی ئاڵوگۆڕو گۆڕانکاریە، کە بچیتە نێو ڕۆشنایی مەعنەویەوە:

تا نمیری نیست جان کندن تمام　　بی کمال نردبان نایی بەبام

نە چنان مرگی کە در گوری روی　　مرگ تبدیلی کە در نوری روی[١٣٥٢]

"بەڵای مەولاناوە مردن بەمانای کۆتایی ژیان نییە، بەڵکو سەرەتای ژیانێکی تری. ژیان لای ئەمان، جیاوازە لەگەڵ دووبارە ژیانەوەیەک کە باوەڕی ئاینی وەک مژدەیەک دەیدات بە مرۆڤەکان و چاوەڕوانی بەهەشتی لەگەڵ خۆیدا هێناوە.

ژیان لای ئەمان ژیانی مەعنەویەو بێ نیازن لە جەستە. جەستە هەیە، بەڵام بۆ نێو گیان کێشدەکرێ. گەیشتنی بە لوتکەی ژیان لەوەدایە کە مرۆڤایەتی مرۆڤ شکۆفە بکاتو بەرهەمی دەبێت. ئەم عشقەش لەگەڵ مردندا هاوڕێیە. مردنی نەفس، تا ژیانی جاویدانی سەرهەڵبدات. وانەیەک لە بەسەرهاتی (توتیەکان)[١٣٥٣] وەردەگیرێت، ئەوەیە، کە (تا نەمری، رزگارت نابێت)"[١٣٥٤].

"مەولانا وەک عارفێک لەنێوان مردنو عشقدا پەیوەندیەکی تەسکاوتەسک دەدۆزێتەوە، چونکە وەک چۆن مردن — مەبەست مردنی ئیختیاری یە — مرۆڤ لە بوونی نزم دەبڕێو لە کۆتو بەندی دابونەریتو وابەستەیی بە نزمی و خواری، ئازادی دەکاتو بەرەو مانەوە (بقا)ی ڕاستەقینە ڕێنمایی دەکات. خۆشەویستیو عشقی حەقیقی ئەوەیە کە لەپێناوی دۆست (خۆشەویست)دا بە خواستو ڕەزامەندی خۆت بمریو بونت لە هەر شتێکی تری جگە لە دۆست خاڵی بکەیتەوەو بە دڵسۆزانە (خالصانه) بوونت بەو ببەخشیو ئەمەش خۆی جۆرێکە لە مردن. لەم کاتەدایە بانگی حەق (خودا) بە (کان الله له — خوداش بۆ ئەو — عاشق — بوو) دەدرێت، تا کاتێک خۆشەویستی ترسان لە لەناوچوون (فەنا)ی تیابێتو لە

[١٣٥٢] مثنوی، دفتر ششم، أبیات: ٧٢٤، ٧٢٦.

[١٣٥٣] د.عبدالکریم سروش، در حضور حضرت مولانا. www.dr.sorosh.com

[١٣٥٤] ئەمە بەسەرهاتێکی گرنگی نێو مەسنەوییە، بڕوانە: هەر ئەم پارە، ل٢٩٣.

خۆبواردن (واز لە خودیەتی هێنان)ی تێدا نەبێت، خۆشەویستی راستەقینە نییە. بەڵام هەر ئەوەندەی کە ترس‌و بێزاری لە مردن نەمێنێ، خودی مردن خۆی دەمرێ‌و مردن سەرانسەری دەبێتە سەرمایەو کەڵک بۆ عاشق. لێرەشدایە کە ئاینی عشق بە تەواوکاری دەگات. بۆیە سەیر نیە، کە حەزرەتی مەولانا بینینی دۆست بە ئاوی جاویدانی ناودەبات، کە مانەوەی هەتاهەتایی بە مرۆڤ دەبەخشێ[١٣٥٥].

شاعیر – مەولانا – لەو چەمکەوە کە عاشق وەک سێبەرێکە لەبەرامبەر خۆری مەعشوقداو بەردەوام لە هەوڵی فەنابوون‌و نەمانی خۆیدا هاواری (عاشقی بر نفی خود خواجه مگر) بڵند دەبێتەوەو لەووی رێزمانیەوە دەربڕینی دژیەک نوێنی، جێی سەرنج لە عاشقدا دروست دەکات. چونکە تەنها بە دەربڕینی لەوجۆرە دەتوانێ وەسفی عاشق بکات، کە گیراوەیەکە لە بوون‌و نەبوون. دەربڕینی لەوجۆرە دژیەکنوێن لە (مەسنەوی)دا زۆر دەبینرێ، بە جۆرێک – کە جێگەی باوەڕ نیە – گوێگر بەرەو ناوەرۆکێک دەبات کە بە باشترین شێوە لە فۆرمێکدا ڕەنگی داوەتەوە. بە نمونە هیچ دەربڕینێک جوانتر نیە لە (بە ڕواڵەت نەبوو و بە (بوون) هەبوو – نیست شکل هست ذات) کە وەسفی جیهانی نادیار (غیب) دەکات‌و هاوکات پەیوەندی عاشقانەو بوون‌و نەبوونی لەگەڵ مەعشوقدا دەردەخات"[١٣٥٦]:

لێرەدایە عاشق – مرۆڤ – و مەعشوق – خودا – وەک سێبەرو خۆریان لێدێت. کە خۆر هات سێبەر بەپەلە هەڵدێت. لەبەردەم خۆر – خودا – دا بوون‌و نەبوون تێکدەشکێ. (بوون) لەنێو (نەبوون)دا شتێکی دانسقەو بڵندە:

سایه‌ای و عاشقی بر أفتاب　　شمس أید سایه لا گردد شتاب

هالك أید پیش وجهش هست و نیست　　هستی اندر نیستی خود طرفه‌ای است[١٣٥٧]

هەروەها چەمکی دووەمین لەدایکبوون یەکێکە لە چەمکە گرنگەکانی مردنی ئیختیاری.

[١٣٥٥] بڕوانە: تهمینه عطایی، تقابل مرگ و زندگی در مثنوی، ل١١١.

[١٣٥٦] هەر ئەو سەرچاوە، ل١١٢.

[١٣٥٧] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ٤٦٦٢ – ٤٦٦٣.

عارفانو دۆستانی مەعریفەتی مەعنەوی، باس لە دوو جۆر لەدایکبوون دەکەن. یەکێک لەدایکبوونێکی ڕوخساریو ئەوی تر لەدایکبوونێکی مەعنەوییە. لەدایکبوونی ڕوخساری تر هەر ئەوەیە، کە جەستەی مرۆڤ لە منداڵدانی دایکەوە بەرەو پانتایی دونیا هەنگاودەنێ. ئەم لەدایکبوونە گشتیەو هەموو گیانلەبەرانو تاکەتاکەی مرۆڤەکان دەگرێتەوە، لەم لەدایکبوونەدا ئیختیار نیە.[۰] بەڵام لەدایکبوونی مەعنەوی، تایبەتە بە بەندە هەڵبژێردراوەکانی خوداوەو بە ئیختیارەوە پەیوەستە. بەم جۆرە مرۆڤ بە پەروەردەو مەشقی دەروونیی خۆی، دڵی لە ژەنگی ئارەزووەکان دەپارێزێو لە منداڵدانی هەستەکانو ئارەزووەکان دێتە دەرەوەو لە جیهانی مەعنەویدا لەدایکبوون بەدەستدەهێنێ[۱۳۵۸].

لای مەولانا هەرکەس دەستی بە ئەزموونکردنی مردنی ئیرادی بگات ئەوە بە دووەمین لەدایکبوون ناودەبات، و ئەمەش ئاماژەیەکە بە ئایەتی پیرۆزی (ربنا أمتنا اثنتین و احییتنا اثنتین (غافر:۱۱)[۱۳۵۹] — خودایە تۆ ئێمەت دووجار مراندو دووبارە زیندووت کردینەوە، و ئەمەش بە دووەمین لەدایکبوون ناودەبرێت:

چون دوم بار آدمی زاده بزاد — پای خود بر فرق علت ها نهاد
علت اولی نباشد دین او — علت جزوی نباشد کین او
می برد چون افتاب اندر افق — با عروس صدق و صورت چون تتق
بلکه بیرون از افق وز چرخ ها — بی مکان باشد چون ارواح نهی
بل عقول ماست سایه‌های او — می فتد چون سایه اندر پای او[۱۳۶۰]

[۱۳۵۸] بڕوانە: کریم زمانی، میناگر عشق، ل۱۹۱.

[۱۳۵۹] لەڕاستیدا مەبەستی ئەو ئایەتە لە دووجار مردنو دووجار ژیان شتێکی ترە. مەبەست لە دوو مردنەکە یەکەم دروستکردنێکی مرۆڤە، کە لە خاکو ڕەگەزە بێ گیانەکانی، کە ژیانی تێدا نیە دروستدەکات. دووەمیش: ئەو مردنەیە کە بە تەواوبوونی ئەجەل ڕوودەدات. مەبەست لە دوو ژیانەکەش: یەکەم: ژیانی مرۆڤە لە منداڵدانی دایکدا. دووەمیش: پاش زیندووبوونەوەیە لە گۆڕ لە جیهانەکەی تردا. بڕوانە: د.محمد حسن الحمصي، مفردات الفاظ القرآن (تفسیر وبیان)، بدون تأریخ، بدون طبعة، مؤسسة الأیمان — بیروت، دارالرشید — بغداد، ل٤٦٨. بەڵام عارفان واتایەکی مەعنەویو هێما ئامێزیان بە ئایەتەکە بەخشیوە.

[۱۳۶۰] مثنوی، دفتر سوم، أبیات: ۳۵۷٦ — ۳۵۸۰.

که ئەم چەمکەی عارفانە، وتەی عیسا پێغەمبەر (د.خ)مان بیردەخاتەوە: "لن یلج ملکوت السماوات من لم یولد مرتین"[١٣٦١].

بۆیە مەولانا دۆستی خودا و مرۆڤی کامڵ کە لەدایکبوونی دووەمی بینیوە بە (ماسی) ناودەبات‌و لەبەرامبەردا مرۆڤی دەروون (نفس) پەرست بە (مار) دادەنێ:

این چنین کس اصلش از افلاک بود — یا مبدل گشت گر از خاک بود

زان که خاکی را نباشد تاب آن — که زند بروی شعاعش جاودان

دایم اندر آب کار ماهی است — مار را باو کجا همراهی است[١٣٦٢]

لەو پلەو مەقامەدایە — لەدایکبوونی دووەم — کە دۆستانی خودا بە پلەیەکی تایبەت دەگەن. وەک ئەوەی کە لە فەرموودەی نزیکبوونەوە لە خودا بە چاکەی زیادە (نوافل)[١٣٦٣] و بەمەش بەهرەمەند دەبن. لێرەدا دۆستانی خودا بە پلەی یەکیەتی (وحدت) لەگەڵ خوادا دەگەن، لەبەرئەوەی کە دۆستی خودا لە سیفاتەکانی خۆی فانی دەبێ، سیفاتی خودایی جێگەی سیفاتی مرۆییانە دەگرێتەوەو کاری ئەو دەبێتە کاری خوداو وتەی ئەو وتەی خودا دەبێت (وما رمیت اذ رمیت ولکن الله رمی) (انفال — آیة ١٧) بەمەش دەبێتە مرۆڤێکی خودایی یان بڵێین مرۆڤی جاویدانی[١٣٦٤].

مەولانا بۆ دەربڕینی مردنی ئیختیاری لەنێو کەرەستە ئەدەبیەکاندا زیاتر لە کەرەستەی نمونەو بەسەرهات (تمثیل) کەڵکی وەرگرتووە.

هەروەها چەمکێکی تر لە مردنی ئیختیاریدا بریتیە لە خۆ بەقوربانیکردن، کە مەولاناو عارفان بە لوتکەی مردنی ئیختیاریی دادەنێن.

[١٣٦١] ئەم وتەیەی عیسا پێغەمبەر لەڕاستیدا لە فەرمودە ساغکراوەکانی پێغەمبەر محەمەد (د.خ) نەماتووە. بەڵام لێکۆڵەری ناوداری ئێرانی (بدیع الزمان فروزانفر) لە کتێبی (احادیث و قصص مثنوی)، ل٩٦ هێناویەتی‌و (کریم زمانی) لە (میناگر عشق)دا ل١٩١ هێناویەتی. ئەم وتەیە لە ئینجیلی یۆحەننا، بابی سێیەم، ئایەتی:٣دا هاتووە. بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری یەکەم، ل٤٨.

[١٣٦٢] مثنوی، دفتر چهارم، أبیات: ١٨٤٢ — ١٨٤٤.

[١٣٦٣] وادەزانین ئاماژەیە بەو فەرمودەیە (مازال عبدی یتقرب الیه بالنوافل...). بڕوانە: www.alhadith.com

[١٣٦٤] بڕوانە: تهمینه عطایی، تقابل مرگ و زندگی در مثنوی، ل١١٢.

لای مەولانا حەقیقەتی باوەڕ بریتیە لە فیداکاری عاشقانە. مەولانا بەم جۆرە لە ئەزموونی قوربانیکردن تێدەگاتو ڕاڤەی دەکات. لە دیدی ئەوەوە حەقیقەتی باوەڕ بریتیە لە عشق. حەقیقەتی عشق قوربانیکردن و خۆدۆڕاندنە بەو. عاشق دەبێت بمرێت تا ژیانێکی نوێ بەدەستبێنێ. دەبێت بەیەکجاری وێران بێت تا گەنجینەی سوڵتانی بدۆزێتەوە[١٣٦٥]:

ما بها و خون بها را یافتیم　　جانب جان باختن بشتافتیم[١٣٦٦]

من چه غم دارم که ویرانی بود　　زیر ویران گنج سلطانی بود[١٣٦٧]

ترس مویی نیست اندر پیش عشق　　جمله قربان اند اندر کیش عشق[١٣٦٨]

"لێرەوە، ئەزموونی ئیمانی جۆرە ئەزموونێکی عشقیە. باوەڕداری ڕاستەقینە عاشقە. کەسێکە – بە تەعبیری مەولانا – خودی خۆی بە خۆشیەوە لەبەرامبەر خۆشەویستەکەی دادەنێتو قوربانی دەکات"[١٣٦٩]:

دشمن خویشیم ویار أنکه مارا می کشد　　غرق دریاییم و مارا موج دریا می کشد

نیست عزرائیل را دست و رهی بر عاشقان　　عاشقان عشق را هم عشق و سودا می کشد

خویش فربه می نماییم از پی قربان عید　　کان قصاب عاشقان بس خوب و زیبا می کشد[١٣٧٠]

مەبەست لەم خۆقوربانکردنە، لە قوربانکردنی گیانی گیانلەبەریە. لێرەوە مەولانا پێمان دەڵێ: گیانی گیانلەبەری چ بەهایەکی هەیە؟ ئەگەر نازانی ئەوا سەردانێکی بازاڕی قەسابان بکە. دەبینی لەوێ سەری بێ ئەژمار لەسەر ناوسك دانراوە، کە بەهای لە چەوریو بەزەکەش کەمترە[١٣٧١]:

روح حیوان را چه قدراست ای پدر؟　　أخر از بازار قصابان گذر

[١٣٦٥] بڕوانە: د.ارش نراقی، أیینه جان، ل٤٧.

[١٣٦٦] مثنوی، دفتر اول، بیت: ١٧٥٣.

[١٣٦٧] مثنوی، دفتر اول، بیت: ١٧٤٧.

[١٣٦٨] مثنوی، دفتر پنجم، بیت: ٢١٨٤.

[١٣٦٩] کریم زمانی، شرح مثنوی معنوی، دفتر پنجم، ل١٩٥.

[١٣٧٠] دیوان شمس: غزل: ٧٢٨.

[١٣٧١] بڕوانە: کریم زمانی، شرح جامع مثنوی معنوی، دفتر پنجم، ل١٠١٥.

صد هزاران سر نهاده برشکم ارزشان از دُنبه و از دُمّ کم[1372]

ئەم ئەزموونە عشقی – ئیمانیە، واتە خۆقوربانیکردن لەبەرامبەر خۆشەویستدا، هەمان ئەو شتەیە کە عارفان (مردنی بەر لە مردن)ی یان (مردنی ئیختیاری) پێدەڵێن. دەوترێ عارفان ئەم تەعبیرەیان لە فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) وەرگرتووە، کە فەرموویەتی: "موتوا قبل أن تموتوا – بمرن بەرلەوەی بمرن". مەولانا پێمان دەڵێت ئەگەر ژیانت دەوێ بمرە پێش لە مردن. لای ئەو مردنی عشقی یان بڵێین ئیختیاری مردنە لە پۆشنایی دا[1373]، نەک مردن لە گۆڕدا"[1374]:

أنچنان مرگی کە در نوری بود نی چنان مرگی کە در گوری بود[1375]

مردن لە پۆشناییدا هەمان ئەو مردنی ئیختیاری یان مردنی عاشقانەیە. عاشق بەر لە مردن، لە خودی خۆی و خۆویستیەکانی دەمرێ[1376].

"لێرەوە کەسێك کە ئەو پەردانەی منیەتی و تاریکی خۆ لادەدات، خۆی لەنێو دەریای رۆشناییدا دەدۆزێتەوە و تاریکاییەکانی بوونی یەکسەر رۆشنایی وەردەگرێت، بە تەعبیری قورئانی، خودا ئەو لە تاریکاییەکانەوە بەرەو رۆشنایی دەبات. لێرەوە بەپێی ئەم تێگەیشتنە دۆستی خودا (ولی) کەسێکە کە لەنێو ئەزموونی عاشقانەدا لە خۆی خاڵی دەبێتەو پڕ دەبێت لە مەحبوبو خۆشەویست – خودا –. خواستی لە (خۆیی)یەوە بۆ (خودایی) دەگۆڕێتو هەڵبەتە ئەم گۆڕانی خواستەش گەوهەری ویلایەتو دۆستی عاشقانە لەگەڵ خودادایە:

کیست ابدال؟ أنکه او مبدّل شود خمرش از تبدیل یزدان خل شود[1377]

[1372] مثنوی، دفتر پنجم، أبیات: ۳۷۱۳ – ۳۷۱٤.

[1373] عارفان لەوانەش مەولانا ئەمە بۆ ئایەتی (الله ولي الذين آمنوا يخرجهم من الظلمات الى النور والذين كفروا أولياؤهم الطاغوت يخرجونهم من النور الى الظلمات) سورەتی البقرة: ۲۵۷، دەگێڕنەوە.

[1374] بڕوانە: د.ارش نراقی، أیینە جان، ل٤٨–٤٩.

[1375] مثنوی، دفتر ششم، بیت: ۷۲٦.

[1376] وەك مەحوی دەڵێت: بیبە لە (من) درەختی (منی) لەعنەتەبەری یەعنی بکە لە کیبرو ئەنانیەت ئیحتراز دیوانی مەحوی، ل۱۳٤.

کەواتە گرنگترین وەسف بۆ دۆستی خودا ڕۆشنبوونەوەو ناسکبوونەوەیە. تەواوی بەڵگەکان پیشانی دەدەن، کە ئاگری عشقی (شەمس) هونەری قوربانیو فیداکاری عاشقانەی — کە گەوهەری باوەڕو خۆشویستنی خودایە — فێری مەولانا کرد. مەولانا لە ئەزموونی عشقدا حەقیقەتی باوەڕی دۆزیەوەو چەقی (خۆبوونی) بە چەقی (خودابوون) دۆڕاند — دانا —. بەم شێوەیە لە مەقامی (شێخی عشق ناس)ەوە بۆ (وەلی عاشق) گۆڕا.

لێرەوە دۆستی خودا — وەلی — کە مەبەست مەولانایە — (من ی فرعەونی) — بە تەعبیری مەولانا خۆی — دەدۆڕێنێو یەکسەرە دەبێتە خاوەنی (من ی منصوری)[1377]:

گفت فرعونی انا الحق گشت پست　　گفت منصوری أنا الحق و برست

أن انا را لعنة الله در عقب　　وین أنا را رحمة الله ای محب[1378]

دۆستی خودا کە (منی مەنسوری — مەبەست حەللاجە) بەدەستهێنا، وەک نەی لە خۆی خاڵی دەبێتو ئەو ئاوازەی کە دەیژەنێ ئاوازی نەیژەن — خودا — یە. لێرەدایە کە دۆستی خودا سیفاتی خۆ لەنێو سیفاتی خودادا دەتوێنێتەوەو دواجار سیفاتی خودایانە وەردەگرێ. دۆستی خودا وەک خودا بەخشندەیەو میهرەبانی خۆی وەک خۆرو باران — بێ دریغ — بەسەر پاکو ناپاکو سەوزو سوێردا بە یەکسانی دەبەخشێ. میهرەبانی ئەو وەک میهرەبانی دایکو میهرەبانی خودا بێ مەرجە، واتە بە چاکەو شایستەییەوە نەبەستراوە، چونکە ئەو سیفاتی (ڕەحمانیەت — بە بەزەیی بێسنور)ی خودای وەرگرتووە[1379].

لەلایەکی ترەوە مردنی ئیختیاریو دووبارە ژیانەوە بە عشقو عرفان ناوەڕۆکی قوتابخانەی شەمس بوو بۆ مەولانا.

ئەزموونی نەفی (خود)یەتی و ئازادبوون لە خۆ، وانەو ڕێنماییەک بوو کە لە قوتابخانەی (شەمس)ەوە بۆ مەولانا بە میراتی مایەوەو بێگومان گەوهەری سیستێمی تەریقەتی مەولانا

[1377] مثنوی، دفتر سوم، بیت: ۳۹۹۹.

[1378] بڕوانە: د.أرش نراقی، أیینه جان، ل٤٩—٥٠.

[1379] مثنوی، دفتر پنجم، أبیات: ۲۰۳٤— ۲۰۳٥.

[1380] د.أرش نراقی، أیینه جان، ل٥١.

لەمە پێکدێت. ئەمەش لە گفتوگۆی نێوان مەولاناو قوتبەدینی شیرازی حەکیمو پزیشکو فەقیهی سەردەمی مەولانادا – کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد[١٣٨١] – دەرکەوت کە لەوێ مەولانا تەریقەتی خۆی بە تەریقەتی مردنو تا نەمری ناگەیتە جێ، ناساند.

کەواتە بەجۆرێك لە جۆرەکان داستانی سەدری جیهان و فەقیهەکە، داستانی شەمسو مەولاناشە، بەڵام ئایا – وەك د.ئارشی نەڕاقی دەڵێت – شەمس چۆن (خودی – منی)ی مەولانای لابرد؟ ڕاستی ئەوەیە، کە شەمس ئەسپی سەرکەشی نەفسی مەولانای بە قامچی مەلامەتگەری و کەمەند[١٣٨٢]ی عشق ڕامکرد. واتە پزیشکی ئیلاهی – شەمس – دوو دەرمانی بۆ ئەو دیاریکرد مەلامەتگەری و عشق[١٣٨٣].

مەلامەتگەری بە زمانێکی سادە بریتیە لە ئەنجامدانی کارانێك، کە بە داب‌و نەریتی گشتی ناخوات‌و لۆمەی ئەوان لەسەر ئەوە بەڕپادەبێت[١٣٨٤]. لە نەریتی عرفانی ئیسلامیدا ئەم شێوە خۆشکاندنی خۆبەشت زانینەی، کە بە تەعبیری مەولانا – ناموس – کەڵکی لێوەرگیراوە. خۆبەشت زانین – مەبەست خەیاڵێکی گەورەتر لەخۆ – و خودی ناڕەسەن[١٣٨٥] کە مرۆڤ لە واقیع دەردەهێنێو پێکهاتووە لە دوو وەهمی بەتاڵ یان پوچ: یەکێك وەهمێك یان گومانێك کە مرۆڤ خۆی دەربارەی خۆی هەیەتیو ئەوی تر بریتیە لەو گومانەی کە ئەوانی تر دەربارەی ئەو هەیانە. تێکەڵبوونی ئەم دوو گومانەیە کە وێناکردنێکی درۆزنانە لە

[١٣٨١] بڕوانە: هەمان بەش و پار، ل٣٩٠ هەروەها پەراوێزی ژمارە (١٣٤٨).

[١٣٨٢] کەمەند چەکێکە وەك ئەڵقە لە شەڕدا ئەکرێتە ملی دوژمن.

[١٣٨٣] بڕوانە: د.أرش نراقی، أیینە جان، ل٥١.

[١٣٨٤] ڕابەری تەریقەتی مەلامەتگەری – حەمدونی قەسسار – ڕێبازی خۆیان بە (في الملامة سلامة) واتە سەلامەت بوونو پارێزراوی دەروون لە ڕوپامایی‌و ناپاکیی لە بایەخنەداندایە بە سەرزەنشتو ستایشی خەڵك. بڕوانە: د.سید جعفر سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٧٤٧.

[١٣٨٥] وادەزانین زاراوەی (خودی ناڕەسەن) زیاتر لە وجودیەکانەوە وەرگیراوە، کە مانایەکی زۆر نزیکە لەوەی لە عرفانی ئیسلامیدا هەیەو مەبەست لێی ئەو (خود)و (من)ەیە کە تۆی ڕاستەقینە نین، بەڵکو ئەو (من)ەیە، کە وەهمی خۆت یان دەوروبەرو ئەوانی تر بۆ تۆیان دروستکردوە. بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری دووەم (چەمکی ژیان و مردن لە فەلسەفەدا)، ل٩٦.

تاك‌و بارودۆخی ئەو لەم جیهانەدا بەرهەمدەهێنێ‌و ژیانی مرۆڤ بە فریودانێکی ڕەگداکوتاو، ئازاردەرو وێرانکەرەوە، دەپێچێت. لێرەوە چارەسەری مەلامەتگەریانە دوو هەنگاوی دەوێت: هەنگاوی یەکەم: دەبێت وێناکردنێکی ساختەو درۆزنانە، کە سالك — مرۆڤی مەعنەویخواز — سەبارەت بە خۆی هەیەتی ڕاستبکرێتەوە، واتە ئەو وێناکردنە، خاکیانە بکرێتەوەو تا ئاستی لە توانا بوون واقیعبینانە بکاتەوە. سالك دەبێت فێربێت کە ئەو چەقی گەردوون نیە!. مەشقی مەلامەتگەری لەم ئاستەدا دوو شوێنەوارو ئەنجامی گرنگی هەیە: شوێنەوارو ئەنجامی یەکەم زانستیە، واتە سالك لەڕووی زانستیەوە تێدەگات، کە وێناکردنی ئەو بۆ خۆی زیاد لە حەقیقەت گەورەبینانەیەو (خودی واقعی) ئەو زۆر بچوکترو کەمبایەختر‌ە لەوەی کە گوماندەبات. شوێنەوارو ئەنجامی دووەم پراکتیکیە. مەشقی مەلامەتگەری کارێکی دژوارەو لەسەر دەروونی سالك قورس دەکەوێتەوەو لێرەوە شاندانە بەر ئەو سەختیانە ڕۆحی مرۆڤ نەرم دەکات[١٣٨٦].

هەنگاوی دووەمی مەلامەتگەری: باوەڕی یان گومانی بەتاڵی ئەوانی تر دەکرێتە نیشانە. لە دیدی عارفانەوە یەکێك لە گرنگترین ئافاتەکان کە تەندروستی و چالاکیی ڕۆحیی سالك دەخاتە بەردەم هەڕەشەوەو دەبێتە کۆسپی بەردەم شکۆفەکردنی مەعنەوی ئەو بریتیە لە باوەڕی خەڵك سەبارەت بەوو ستایش‌و پیاهەڵدانیان، کە بەسەریدا دەیبارێنن. بەو کۆت‌و بەندانە ڕۆحی سالك لە پەرژینی خۆیاندا وا دەگوشن تا ئەو بەو فۆرم‌و پێکهاتەیەی کە لای (ئەوانی تر) پەسەندە دەربهێنرێ. لێرەوە مەولاناو عارفان هۆشیارمان دەکەنەوە لەو ڕاستیەی، کە زۆرێك لە ژیان و کەسێتیمان لەژێر چاودێری‌و هاوتەریب بە پەسەندی‌و ناپەسەندی ئەوان — خەڵك — دا فۆرمەڵە دەبێت‌و ئەمەش ژیان نیە. بەڵکو ژیانی ڕاستەقینەو کەسێتی ڕاستەقینە لەوەدایە، کە خۆت لەژێر چاودێری و هاوتەریبی (ئەوان) قوتار بکەیت. هەر لەبەرئەمەیە مەلامەتیەکان لە ناوبانگ‌و ستایش‌و پیاهەڵدانی خەڵك

[١٣٨٦] بڕوانە: د.أرش نراقی، أیینه جان، ل١٥٢.

هەڵهاتوون، نەوەك لەم كارو مامەڵەیەدا خودی ڕاستەقینەی خۆیان بدۆڕێنن[1387]. لەم ڕوەوە مەولانا دەڵێت:

هرکه بستاید تو را دشنام ده　　سودو سرمایه به مفلس وام ده

ایمنی بگذار و جای خوف باش　　بگذر از ناموس و رسوا باش و فاش[1388]

"مەولانا خۆی بەباشی دەیزانی، کە بیروباوەڕو مامەڵەی ئەوانیتر چۆن دەستو پێی ڕۆحی باڵندەئاسای مرۆڤ دەخاتە کۆتو زنجیرەوەو چۆن ئەو لە فڕینی باڵسوکانە، بەرەو فراوانیی جیهانی مانا دەگێڕێتەوە[1389]. ئەو بە پشت بەستن بە ئەزموونی کەسی خۆی، لە بەسەرهاتی (توتی و بازرگان)دا ئەو مەترسیانە – مەترسی خۆدەرخستنو ڕاکێشانی کڕیار – دەخاتەڕوو: بازرگانێك، کە بڕیاری سەفەرکردنی بۆ هیندستان دابوو، لەیەك بەیەکی خێزانەکەی پرسی، کە لە هیندستان چ دیاریەکیان بۆ بهێنێ. کاتێك کە نۆبەت بە باڵندەو (توتی)یەکەی گەیشت، توتی وتی: من هیچم ناوێت، تەنها ئەگەر لە دارستانەکانی هیندستاندا هاوڕێکانی منت بینی، سڵاوی من بەوان بگەێنەو حاڵی من – بەندبوونی من لە قەفەسدا – بۆیان باس بکە. بازرگان دەچێت بۆ سەفەرو سەرئەنجام لەڕێگەی گەڕانەوەدا بە قەدەر، لە دارستانێکدا ڕووبەڕووی چەند توتیەك دەبێتەوەو بەسەرهاتی توتیەکەی خۆی بۆیان دەگێڕێتەوە. هەر کە وتەکانی بازرگان کۆتاییان دێت، توتیەك لەبەر خۆیەوە دەلەرزێو لە درەختەکە دەکەوێتە خوارەوەو دەمرێ. بازرگان لە کردارەکەی خۆی پەشیمان دەبێتەوە. کاتێك کە دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمان. تووتی داوای دیاری خۆی دەکاتو بازرگان بە ناچاری ڕووداوەکە بۆ ئەو باسدەکات، هەر ئەوەندەی کە وتەکانی بازرگان تەواو دەبن، توتیەکە لە قەفەسەکەی خۆیدا دەلەرزێو پاش باڵ کوتان بە قەفەسەکەدا بە مردوویی دەکەوێت. بازرگان لە مردنی توتیە خۆشەویستەکەی زۆر خەمبار دەبێتو ئەوکاتەی، کە لە قەفەسەکەی دەردەهێنێ، توتیەکە باڵدەگرێو لەسەر لقی درەختێك دەنیشێتەوە. بازرگان بە سەرسوڕمانەوە نهێنی ئەم ڕوداوە لە توتیەکە دەپرسێ. توتیە

[1387] بڕوانە: د.أرش نراقی، أیینه جان، ل٥٦–٦١.

[1388] مثنوی، دفتر دوم، أبیات: ٢٣٣٢ – ٢٣٣٣.

[1389] پێشتر لە باسی (بوون)دا ئاماژەمان بە ڕێنمایی شەمس – پیرەکەی مەولانا – کرد، کە داوایلێکرد خۆی لە بە (قیبلە)بوون بۆ خەڵك بپارێزێ. بڕوانە: بەشی دووەم، پاری یەکەم (بوون لای مەولانا)، ل١٥٤.

ئازادبووەکەش نهێنی ئەو ئامۆژگاریەی، کە هاوڕێ هیندیەکەی فێری کردبوو، بۆ ئەو ئاشکرا دەکات – وەك ئەوەی زایەڵەو دەنگدانەوەی وتەکانی (شەمس) ببیستن، کە سااڵنی رابردوو بە مەوڵانای وتبوو – و دەڵێت: هاوڕێکەم بە کرداری ئامۆژگاری ئەوەی کردم، کە ئاوازو قسەکردنی خۆتە، تۆی لە بەند کردوە ! تۆ چیتر تواناکانی خۆت دەرمەخەو خۆت بمرێنە تا رزگارت بێت. ئەگەر تۆ دانەوێڵە بی، ئەوا باڵندەکان دێن بۆ چنینەوەت. ئەگەر خونچە بیت منداڵان لێت دەکەنەوە ! کەواتە دانەوێڵەت بشارەوەو خونچەی گوڵت بشارەوە تا رزگارت بێت[1390]:

گفت طوطی کو به فعلم پند داد — که رهاکن لطف أواز و وداد
زأنکه أوازت تو را در بند کرد — خویشتن مرده پی این پند کرد:
یعنی ای مطرب شده با عام و خاص — مرده شو چون من که تا یابی خلاص
دانه باشی مرغکانت بر چنند — غنچه باشی کودکانت بر کنند
دانه پنهان کن بکلّی دام شو — غنچه پنهان کن گیاه بام شو[1391]

هەروەها مەوڵانا لە دەفتەری یەکەمی مەسنەوی دا، باس لە باڵندەیەکی (تاوس) دەکات، کە خەڵکی زۆر لەدەوری کۆدەبنەوەو ئازاری دەدەن، تا دواجار (تاوس) بڕیاردەدات پەڕە ڕەنگاوڕەنگەکانی خۆی بە دەنووك لابەبات– واتە مردنی ئیختیاری بکات – تا بتوانێ ئازادانە بژی. چونکە پەڕو جوانیە دەرکەوتووەکانی خۆی، بە دوژمنی خۆی دەزانێت:

دشمن طاووس أمد پر أو — ای دوصد شه را بکشته خرّ أو[1392]

"ئەمە وتەکەی (شەمس) بوو بۆ مەوڵانا: تۆ بێ پەروا جوانی دەنوێنیو دڵ بۆڵای خۆت کێشدەکەیت، بێ ئەوەی سەرنج بدەیت، کە دڵکێشکردن و دڵبردنی خەڵك بەندێکە دەکەوێتە قاچی ڕۆحی باڵندە ئاسای تۆ. کاتێك، کە تۆ جوانی خۆت دەکەیتە دانەداو، هەڵبەتە کەسانێکیش بۆ هەڵگرتنەوەی ئەو دانە دێنە سەرت. ئەگەر دوژمن بن، بە شەڕخوازی و تەسکبینی خۆیان، ژیانت لێ تاڵ دەکەن. ئەگەر دۆستیش بن، بە داواکاری جۆراوجۆر،

[1390] بڕوانە: د.سید یحیی یثربی، سخنرانی (طوطی و بازرگان). www.yathribi.com هەروەها: د.أرش نراقی، أیینه جان، ل٦١–٦٢.

[1391] مثنوی، دفتر اول، أبیات: ١٨٣٣ – ١٨٣٧.

[1392] مثنوی، دفتر اول، بیت: ٢٠٨.

کات‌و تەمەنی تۆ بە فیڕۆ دەدەن. کەواتە دەبێ چی بکەیت؟ لێرەدایە، کە گۆشەی سێهەمی مەلامەتگەری دێتە ناوەوە: نابێت جوانیەکانی خۆت – تەنها بە ئەندازەی پێویست نەبێت – ئاشکرا بکەیت، و خۆت لە پاکێشانی کرپارو ناوو ناوبانگ بپارێزە، بەدناوی ئەملا بە باش ناوی ئەولا – ژیانی رۆح و ژیانی دواڕۆژ – ت دەگەێنێ[1393]:

عاشق که به صد تهمت بدنام شود این سو چون نوبت وصل أید صد نام و لقب بیند[1394]

پاری دووەم/ چەمکی مردن لای مەولەوی

ئەگەر بەقوڵی سەرنج لە تێکستەکانی مەولەوی بدەین، دەبینین، باس لە سێ جۆر مردن کراوە، یەکەم: مردنی فیزیکی، کە ئەمەش لە سێ جۆر تێڕوانیندا خۆی دەنوێنێ:

أ– تێڕوانینێکی (مەرگ پەسەند نەکەرانە)، کە بەشی زۆرینەی لەنێو تێکستەکاندا هەیە، و شاعیر بەجۆرێك لە نیگەرانی و خەمباری و تەنانەت ترسەوە ڕووبەڕووی مردنی کەسانی جێگەی بایەخ – خزمانو ئازیزان – تەنانەت مردنی خۆیشی دەبێتەوە.

ب– تێڕوانینێکی (مەرگ پەسەندکەرانە)، کە لەم تێکستانەدا شاعیر، گەرچی نیگەرانیو خەمباری، یان لانی کەم جۆرێك لە ناڕامی لەبەرامبەر مردندا دەردەبڕێت، بەڵام هاوکات چاوی لە جیهانەکەی تر‌ەو مردن بە خاڵی کۆتایی نابینێ.

ج– تێڕوانینێکی (مەرگ ویست)انە[1395]، کە لەم تێکستانەدا شاعیر ج بە هۆکارێکی هەستی مرۆڤانە بێت – با ئاوێتەش بێت بە هەستی ئاینیو عرفانی – دەیەوێ بچێت بۆ جیهانو ژیانەکەی تر، تا بگاتەوە بە ئازیزانی کۆچکردوو، یان مەعشوقی حەق – خودا –

یەکەم: بەڵام ئاسان نیە، دەقێك بدۆزینەوە، کە بە تەواوی لەنێو یەکێك لەم جۆرانەدا دابنرێ، چونکە هەندێ جار لە دەقێکدا هەر سێ جۆرە تێڕوانینەکە دەبینرێ. بۆیە ئێمە

[1393] د.أرش نراقی، أیینه جان، ل٦٣.

[1394] دیوان شمس: غزل: ٦١٧.

[1395] سێ زاراوەی (مەرگ پەسەند نەکەرانە) و (مەرگ پەسەندکەرانە) و (مەرگ ویستانە) بە کەمێك دەستکاریەوە، وەك پۆلێنکردنێك لە ئەکادیمیو لێکۆڵەری فارس (مرتضی فلاح) وەرگیراوە. بڕوانە: مرتضی فلاح: سەنگاە بە مرگ. www.sid.com

لانی کەم وەک سەرەتا هەوڵدەدەین، تێڕوانینی زاڵ بکەینە بنەماو لەکاتی پێویستدا ئاماژە بە وردەکارییەکانی تێڕوانینەکانی تریش بدەین.

دووەم: مردنی ئیختیاریو عرفانی.

سێهەم: مردنی ئەدەبی یان مردن بە ئازاری دەروونی، کە ئەمەی دواتریان تا ئاستێکی زۆر تایبەتە بە شیعری مەولەوی یەوە.

شایانی باسە، جگەلە دەربڕینە ڕاستەوخۆکانی ئەم سێ جۆرەی مردن وادەزانین دەربڕین بە درکە (Metonym) یەکێکە لە دەلاقە گرنگەکان بۆ زانینی تێڕوانینی شاعیر سەبارەت بە مردن، چونکە وەک "لێکۆڵەرانو ڕەخنەگران دەڵێن، گەر گەیشتن بە خوازە (Metafor) بە هاوکاری خەیاڵی شاعیرانە مەیسەر بێت، ئەوا گەیشتن بە درکە (کنایە — Meton) بە کۆمەکی عەقڵیو ڕەوشی بەڵگەخوازی (استدلالی) لە زەیندا پێکدێتو لێرەوە بەپێچەوانەی میتافۆرەوە، درکە پێویستی بە نیشانە نیەو مانای ئەو لەخۆیدا بە کۆتایی دەگات"[1396] لێرەوە درکە بۆ زانینی دنیابینی شاعیر بەکەڵکەو دەکرێ دەلاقەیەکی گرنگی تێگەیشتن بێت لە ئایدیای تێکست.

بەم پێیە "چەمکە درکەییەکان، کە دەربڕی بیری مردنن لە شیعری مەولەوی دا، لقی جیاوازی هەیە:

١— دیاردەی مردن، کە هەردوو جۆری مردنی فیزیکیو مردنی عرفانی دەگرێتەوە"[1397] کە جگە لەمەش مردنی ئەدەبیو...هتد هەیە وەک دواتر دەردەکەوێ.

٢— گۆڕ: وەک شوێنی مردووەکان لەم جیهانەدا.

٣—پاش مردن. مەولەوی بایەخی تایبەتی بە هەر سێ جۆر لەمانە داوە[1398].

جگە لەمانەش دیاردەی سوێندخواردنی شاعیر بەمەرگی بەرامبەرەکانی — سوێندخواردنی مەجازی — کەلە تێکستەکانیدا دەبینرێ.

[1396] سیما داد، فرهنگ اصطلاحات ادبی، ل٣٩٨.

[1397] کلثوم عثمان پور، دوزخ دوری (زیبایی شناسی دیوان مولوی کُرد)، ل١٤٣.

[1398] هەر ئەو سەرچاوەیە، ل١٤٣.

٣-٢-١/ جۆرەکانی مردن لای مەولەوی

٣-٢-١-١/ مردنی فیزیکی:

لە تێکستەکانی شاعیردا، چ بە ڕاستەوخۆ – واتە ناوو زاراوەی مردنو هاوواتاکانی هاتبێ – یان بە ناڕاستەوخۆ – بەتایبەتی وەک درکە کە لای شاعیر زۆر دەبینرێ – باس لە مردنی جەستەیی یان فیزیکی کراوەو شاعیر تێڕوانین و هەڵوێستی لەبارەوە دەربڕیوە، کە ئەمانە گرنگترینیانە:

٣-٢-١-١-١/ تێڕوانینی (مەرگ پەسەند نەکەرانە):

شاعیر لە شیعرێکیدا بە دۆست دەڵێت:

ئارەزووی ئامای مەرگ وێت کەردەن گۆیا خەڵاصیت وە دڵ ئاوەردەن[١٣٩٩]

ئارەزووی هاتنی مردنی خۆتت کردوە، گوایە رزگاربوونت لەم ژیانە – ژیانی دونیا – بەدڵدا هاتووە. بەڵام: **ئەی پەی تۆ نەبێ دۆسەکەی گیانی**

یاخوا بۆ تۆ نەبێ – ئەم ئاوات خواستنی مردنە – ئەی دۆستی گیانی:

چەند بۆ پرووز بۆ تۆ هەر بمانی[١٤٠٠]

هەرچەندە بوونی تۆ – واتە مانەوەو نەمردنت، سووتانو بۆپرووزی عشقی ئێمەی تێدایە – نەک ئەوەی، کە م.مدرس دەڵێت بۆئەوەی تا دڵدارەکانت مابنو ئاگریان تێ بەربێو تۆیش هەر بمێنیو بۆسوی لەشی سوتاویان بێ بە لووتتا، چونکە جگە لەوەی نەک باسی لووتی دۆستی تێدا نییە، بەڵکو لە نیوەدێڕی:

چەند بۆ پرووز بۆ، تۆ هەر بمانی

[١٣٩٩] دیوانی مەولەوی، ل٥٧.

[١٤٠٠] سەرچاوەی پێشوو، ل٥٧.

تەنها جێناوی سەربەخۆی (تۆ)و لکاوی (ی)ی وشەی (بمانی) هەیە بۆ بەرامبەر – دۆست –، کەواتە شاعیر دەڵێ هەرچەندە ئێمە بۆ تۆ بسوتێین – بە مانت نەك مردنت! – بەڵام یاخوا تۆ هەر بمێنی.

کەواتە: لێرەدا مەولەوی مردنی دۆست – با خواستی خۆشی بێت و ئەگەرچی ئازاری عشقی بۆی هەبێت– ناوێو مانی ئەوی بە هەموو ئازارەکانیەوە دەوێ تا نەمانی.

شاعیر لەمیانەی وەسفکردنی جلوبەرگێکی خۆیدا – کە عەبایەکی هاوینەیە – دەڵێت:

سفیدتەر جە مەرگ مەینەت گازەکەم نازك تەر جەناز جای نیازەکەم[1401]

سپییەتی ئەو جلوبەرگە بە سپیتر لە مردنی ئەوکەسەی، کە بە مردنی ئەو گازی مەینەتو ئازار لە شاعیر گیرا، دادەنێت[1402] و بە ناسکتر لە نازی یار – کە بە جێگەی پێویستیو نیازی دادەنێت – دەزانێت. دواتر شاعیر دەڵێ ئەو جلوبەرگە – کە شاعیر بە چنراو بە دەزووی ئاشنایەتیو دۆستایەتی ناوی دەبات – وەك تاکە جلوبەرگی هەژارانەی مەجنونی عاشق بیدەم بە شانمداو پێوەی بگەڕێم بە دەشتو سارا چۆڵەکاندا، تا جارجار بەو هەموو ئازاری پەشیمانیەوەو بەو بااڵ پڕ زامە وشکەوە:

شنۆی هەناسان نەسەر دیاران شانۆش چون بەیداخ نەسەر مەزاران

لێرەدا دووبارە پەیوەندی ئەو جلوبەرگە بە باسی مردنەوە دروست دەبێتەوە، کە دەڵێ شنۆی هەناسە سارەدەکانم بەسەر بەرزاییەکانەوە، بدا لەو عەبایەو بەچەشنی بەیداخی سەرقەبران بە شانمەوە بیلەرێنێتەوە.

[1401] دیوانی مەولەوی، ل٨٢.

[1402] لەڕاستیدا مەولەوی لە بەیتێکی تردا (سپیەتی) لە باسی مردندا بەکاردەهێنێ، کە ئەمەیە:

ئەی ڕا ڕای خەتەر ڕاویارانەن سفیدیش غوبار کەللەی یارانەن

ئەم ڕێگای دنیایە ڕێگایەکی مەترسیدارە بۆ ڕێبواران و تۆزە سپیەکەی، تۆزی کەللەی یارانە، کە وادەزانین لە هەردوو بەیتدا بۆیە (سپیەتی) وەك وەسف هاتووە، چونکە دراوەتە پاڵ مردنی (یاران). بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل٣٢٦.

کەواتە: بەگشتی لێرەدا هەستەکرێ حزوری مەرگ لەلای هێندە زۆرە، کە سپیەتی پۆشاك بە سپیەتی مەرگ – مەرگ لای سپی یە – ئازیزەکەی – کە دیار نیە مەبەستی لە کێیە – دەچوێنێ و دواجاریش لەرینەوەی عەباکەی بە بەیداخی سەرقەبران دەچوێنێ.

لەلایەکی ترەوە شاعیر بە کەسێك – کە کەسێکی ئازیزی مردووە – دەڵێت:

بادەی خەم وەردەی مەرگ ناکامان زام ناسۆر کەفتەی دەروون پڕ زامان[1403]

ئەی شەرابی مەرگی ناکامی ئازیز چەشتوو، ئەی لەناو دەروون زامداراندا زام بە ناسۆر– بێ تیمار– کەوتوو.

کەواتە: مەولەوی زۆر مرۆڤانە تەعبیر لە حاڵی ئەوکەسە دەکات کە حاڵی چەند زەحمەتەو لەگەڵیدا خەمو نیگەرانی خۆی بۆ ئەو مردنە دەردەبڕێ.

هەروەها ئەو لە شیعری (شورای عاشورا)دا، کە یەکێکە لە گرنگترین ئەو شیعرانەی، کە دەکرێ دنیابینی مەولەوی بەرامبەر بە مردن بخاتەڕوو، بەڕوونی مردنی ئازیز – عەنبەر خاتوون – بە دیل بردن ناودەبات:

ئەو (یەزید) مەرگ وە ئەسیر بەردە من زادەی (زیاد) خەم یەقیر کەردە[1404]

بەڵام بەدیلگرتنێکی ئاسایی نا، بەڵکو بردنێك کە دەخرێتە نێو چوارچێوەی بەسەرهاتێکی مێژوویی – وەك بیەوێت هەموو خەڵکی لەگەڵیدا بکەونە شین‌و خەمەوە – تراژیدی قوڵ، وەك ئەوەی ببنە بەشێك لە ڕوداوەکانی. لێرەوە دەستێك ئەو دەبات، کە دەستی بێ بەزەییەتی‌و جیاکردنەوەیە– کە یەزیدە – مەبەست مردنە –. واتە لە دیدی مەولەوییەوە مەرگ کە وەك یەزید پیاوکوژو بێ ڕەحمە، ئازیز – عەنبەر خاتوون – ی ئەوی بە دیلی – بێ ویستی خۆی وەك ئەوەی لە شەڕدا گیرابێت‌و وەك ئەوەی، کە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەرگ شەڕ بێت و مردن بەدیلگرتن بێت – نەك کوژران! – بردوە. لە بەرامبەریشدا خۆی:

من زادەی (زیاد) خەم یەقیر کەردە

[1403] دیوانی مەولەوی، ل٢٨٢.

[1404] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٠.

خۆی به نەوەی (عەبدوڵڵای کوڕی زیاد) دادەنێ، کە فەرماندەی لەشکری یەزید بوو و ئەو سەری (ئیمام حوسێن)ی نارد بۆ یەزید. بەڵام ئەمە لەسەروەستانی قوڵی دەوێ. بۆچی (مەولەوی) خۆی بە(زیاد) دەچوێنێ؟ تۆ بڵێی مەولەوی لە نەست (لاشعور)یدا خۆی بە هۆکاری مردنی عەنبەر خاتوون نەزانێ، و خۆی بەوکەسە نەزانێ، کە سەری عەنبەر خاتوونی پێشکەشی مردن کردبێ!. یان لانی کەم ئەو خۆی بە (زیاد) — بێ دەسەڵات و ناپێویست — دەزانێ، لەبەرامبەر فەرمانی دەسەڵاتدارێکی ستەمکاری وەک (یەزید — مردن)دا دەبینێ. لێرەوە خۆی بە — گێرخواردوو یان وەک ئاوێکی لەبەر نەڕۆیشتوو — کە سروشتی لەدەستداوەو چاوەڕێی بۆگەن بوون دەکات دەبینێ[١٤٠٥].

کەواتە لێرەدا مردن وەک شتێکی نەخوازراو هاتووەو دەچێتە خانەی دژە مەرگیو مەرگ پەسەندنەکەریەوە، کە دواتر لە پاری سێهەمداو لەمیانەی بەراوردی مەولاناو مەولەوی دا زیاتر ڕوونکردنەوەی لەسەر دەدەین.

هەروەها شاعیر پاش لاواندنەوەی دۆستێکی — کە م.مدرس بە شێخ عەلی تەوێڵەیی خەلیفەی شێخ عوسمان سیراجەدینی دەزانێت — داوادەکات — دیار نیە کێیە — کە: بنویس وە هووناو دڵ نەپەڕەی جەرگ:

(نادر شێخ علی) پەی تەئریخ مەرگ[١٤٠٦]

لە پەڕەی جەرگی بە خوێناوی دڵی بنوسێ کە: (نادر شێخ عەلی) کە (نادر) گەرچی مەبەستی دەگمەنو نایابە، بەڵام لێرەدا بۆ دیاریکردنی وەفاتی ئەو بە ئەبجەد هاتووە، کە دەکاتە (١٢٧٥) کۆچی دوایی کردووە. کە ئەوکات تەمەنی مەولەوی (٥٤) ساڵ بووە. واتە مەولەوی ڕوداوی مردنی دۆست بە نوسین بە خوێناوی دڵ تۆماردەکاتو لای زەحمەتە.

هەروەها لە شیعرێکدا — کە وەک دەردەکەوێ بۆ لاواندنەوەی کەسێکە — کە م.مدرس باوەڕی وایە بۆ لاوێك وتراوە، کە بۆ ڕاوکردن چوون بۆ شاخ و لەوێ کەوتوەتە خوارەوەو کۆچی دوایی کردووە — و شیعرەکە کە بە لۆمەکردنی کەسێك — کە م.مدرس بە بنەی

[١٤٠٥] م.مدرس (یەقیرکەردە)ی بە (گێرخواردوو) داناوە، بەڵام لە هەنبانەبۆرینەدا بە گەڕانەوەی ئاوێك، کە لە بەری نەڕوا لێکدراوەتەوە، کە هەردووکی تا ئاستێکی زۆر نزیکن لە واتادا. بڕوانە: هەنبانە بۆرینە، ل١٠٣١.

[١٤٠٦] دیوانی مەولەوی، ل٣٦٧.

راوچییەکانی دەزانێت — دەستپێدەکات و دواتر وەسفی جوانی ئەو لاوە دەکات، کە بە ئاسکی دەچوێنێ، کە بەسەر هەردەکاندا بە نازەوە دەڕۆیشت و بۆنی خۆشی بڵاودەبووەوە دواتر — بە تەنزەوە — دەستخۆشی لە گەردونی چەپگەرد دەکات، کە دڵیان بەم بۆنی لاوە خۆش بوو (ئەویشی لابرد)!. دواتر دێتە سەر بەیتی مەبەست:

ئیسە تەن وەی زام، دڵ وەی خەریکی دیدار وەی دووری، مەرگ وەی نزیکی[١٤٠٧]

پێمان دەڵێ: ئێستا بە ڕۆیشتنی ئەو لاوە جەستەم زۆر بریندارەو دڵم زۆر سەرقاڵە. چونکە دیداری ئەو ئەوەندە دوورکەوتەوەو مردنیش بەم نزیکیە. دەتوانین بڵێین:

دیدار وەی دووری، مەرگ وەی نزیکی

دەکرێ بەو مانایەش بێت، کە ئای دیدار — ئیتر چەند دووری و ئای مردن — کە دیدار نەمێنێ[١٤٠٨] چەند نزیکی.

هەر ئەو ڕوداوە — مردنی کەسێکی جێگەی بایەخ، ئەگەرچی ئەوکەسە زۆر نزیك نییە بەمانا باوەکەی نزیکی لە مەولەوی — بەڵام ئەوەندە ناڕەحەتە، کە دەڵێ:

ئەولا کێ بە ڕوون ئەی ڕاو تەدبیرە ئاخ جەی تەدبیرە، داخ جەی تەقدیرە

ئەم ڕاو سکاڵای حاڵمە بۆ لای کێ ببەم و کێ تەکبیرم بکاتو هەی هاوار لەم مەسەلەیەو لەم قەزاو قەدەرە، کە بەسەر منا هات. هەر ئەمەش — نیگەرانی لە مردنو مەرگ پەسەندنەکەری — دەکرێ زیاتر لە بەیتی کۆتایی شیعرەکەدا — بەیتی ١١ — بە ڕوونی دەربکەوێت کە دەڵێت:

پەی فەنای ئەو هەم جە دووری دڵبەر نەك جارێ، چوار جار، الله أكبر

شاعیر لێرەدا دەڵێت: بۆ فەنابوونو تیاچوونی ئەو و هەروەها لە دووری دولبەر — کە وادەزانین (هەم) لێرەدا بۆ کەسێکی تره، کە ئەویش دووری دولبەرە کە دیار نیە کێیە —

[١٤٠٧] سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٦.

[١٤٠٨] لە چەندین شیعردا ئەوە دەردەکەوێ، کە مەولەوی دیدارو مردن، یان ڕاستتر بڵێین دووری دیداری یار، ڕاستەوخۆ ئەبەستێتەوە بە مردنەوە، وەك ئەوەی مردن لای ئەو دووری بێت لە یار.

نەك تەنها بۆ لاوەكە بگەڕێتەوە وەك م.مدرس وایلێکداوەتەوە[1409] — داوای ئەنجامدانی نوێژی مردوو لەسەر خۆی دەکات. ڕەنگە ئامادەبوونی خەم و وێنەی ئازیزانی کۆچکردوو لە خەیاڵدانی شاعیردا وابکات، لەگەڵ مردنی هەرکەسێکی جوان، کە بە ڕووداوێکی کتوپڕی نائاسایی — نەك ئاسایی — یان بڵێین — مردنی لەناکاو — گیان لەدەست بدات، ببێتە هۆی گەشبوونەوەی پشکۆی خەمی ئازیزانی کۆچکردووی. واتە لەبەر ئەو دوو شتە — مردنی ئەو لاوەو دووری یاری کۆچکردوو —:

نەك جارێ، چوار جار، (الله أكبر)

واتە: بەهۆی ئەوەوە نوێژی مردووم لەسەر بکەن، کە چوارجار (الله أكبر)ی تێدایە.

کەواتە: لێرەدا شاعیر بەڕوونی دەڵێ، کە ئازیزانم مردوون منیش لەگەڵیاندا مردووم!، بۆیە نوێژی مردوم لەسەر بخوێنن.

مەولەوی لە سەرەتای شیعرێکدا بە سەرسوڕمانەوە دەپرسێ و دەڵێ: چۆن ئەم شتە نەگونجاوانە پێکەوە کۆبوونەتەوە، ماتەمی و بەهار، بێ تامەزرۆیی و گوڵی تۆبەرە؟ بێزاری و گوڵزار؟ بێ زەوقی و بولبول؟. بەم جۆرە درێژە بە باسی ئەو دیاردە نامۆیانە دەدات، تا دەگاتە بەیتی مەبەست:

مەر گوڵشەن حوسن شای گوڵ ئەندامان جە ویشومەی مەرگ خەزانش ئامان[1410]

کەواتە ئەمە — بە باوەڕی شاعیر — هەمووی هی ئەوەیە، باخچەی جوانیی یار، کە شای نازدارە وەك گوڵەکانە، بەهۆی بای ساردی مەرگەوە پایزی هاتووەو گەڵاکانی وەریوە.

کەواتە: مردنی ئازیز ڕەوتی ئاسایی سروشتی ئاوەژوو کردووەتەوەو بە نەمانی مرۆڤە ئازیزو جوانەکان، جوانیەکانی سروشتیش لەناودەچن.

مەولەوی لە شیعرێکدا هەر لە یەکەم وشەی یەکەم بەیتەوە، بەوە دەستپێدەکات، کە مردنی ئازیز — کە م.مدرس بە عەنبەر خاتوونی دادەنێ — گێژەڵوکەی خەمەکانمی

[1409] دیوانی مەولەوی، ل١٩٧.

[1410] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٤.

ئالۆزکاندوەو بناغەی خەرمانی — واتە دەوڵەمەندی و بەرهەمی مەعنەوی — دنیای عیرفانمی تێکداوە:

مەرگت دێوەلوول خەمان دێونان بونیاد خەرمان عیرفان شێونان[1411]

واتە مەولەوی لێرەدا وەک تەواو مرۆڤێك (کاملاً انسان) دووری دۆستو نازیز وا ئازاری دەدات، کە خەرمانی بەرهەمو دەوڵەمەندی مەعنەوی — کە مرۆڤی تەواو (انسان کامل)ی پێ دروست دەبێ، شێواندوە[1412]. ئەم شێواندنە وایلێکردوە، سروشتی هەستەکانی شێواندوەو دەپرسێ:

جە دیدەو دەماخ، جە گۆش و گەردەن دووریت نمەز کام زامدارتەر کەردەن؟

بەهۆی دووریتەوە نازانم لەم چوار ئەندامەی لەشم: چاو، گوێ، لوت، گەردن کامیان زیاتر بریندار بوون. دواتر جۆری بریندارییەکەیان پووندەکاتەوە. کە چاوی بۆ دیداری، گوێی بۆ قسەی، لوتی بۆ بۆنی خۆشی، گەردنی بۆ ئامێزی (بەیتی ٤—٥) نیگەران و نائارامن. هەر لێرەدا جێگەی باسە، کە لە کۆی ئەو (٥) جارەی، کە مەولەوی زاراوەی (عیرفان)ی بەکارهێناوە[1413]، دووجاری لەنێو باسی مردندایەو بە دیاریکراویش بۆ مردنی عەنبەر خاتوونە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە، کە ئەم خەمە زۆر گرانبووە لەسەر دەروونی، بۆیە پەنا بۆ یادخستنەوەی خۆی بە عیرفانو مەعنەویەت دەباتو ئاگری خەمی خۆی بەو ئاوە

[1411] دیوانی مەولەوی، ل٣٨٧.

[1412] مەبەستمان لە تەواو مرۆڤی (کاملاً انسان) ئەوەیە، کە مرۆڤ وەک مرۆڤێکی ئاسایی لەبەرامبەر پوداوەکانی دەوروبەری پاستگۆیانە هەستەکانی — بەدەر لە کاریگەری بیروباوەڕو ئایدیۆلۆجیا — دەردەبڕێو هەڵوێست وەردەگرێت. مەبەستیشمان لە مرۆڤی تەواو (انسانی کامل) ئەو مرۆڤەیە، کە بەهۆی دروستبوونی دنیابینیو بیروباوەڕو دواتر پێگەیشتنی مەعنەویەوە تێڕوانینو هەستو دواجار هەڵوێستیشی بەرامبەر پوداوەکان جیاواز دەبێ لە مرۆڤی ئاسایی. ئەم دوو زاراوەشمان لە لێکۆڵەرو حافزناسی ناسراوی ئێرانی د.بەهائەدینی خوڕەمشاهی وەرگرتووەو لەم لێکۆڵینەوەماندا لە چەند شوێنێکدا بەکاردەهێنرێت. بۆ زانینی سەرچاوەی ئەو دوو زاراوە. بڕوانە: د.بهاء الدین خرمشاهی، حافظ نامه، بخش اول، چاپ دوازدهم، ١٣٨٠ — ٢٠٠١، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، پیشگفتار.

[1413] سێ جارەکەی تریشی ئەمانەن: ل٢٤٨، ل٤٥٧، ل٥٢٥.

مەعنەویە دادەمرکێنێتەوە. کە ئەمەی ئێستا، -کە ئاماژەمان پێکرد- یەکێکیانەو ئەوی تریشیان لەو بەیتەدایە، کە پاش ئەوەی خەمی دووریی عەنبەر خاتوون تینی پێ هەڵدەچنێ، دەڵێت:

عیرفانەکەت کۆن، فامت کۆشی یەن ئای پەی جیلوەی دۆس نیهایەت نی یەن! [1414]

بە دوان لەگەڵ خودی خۆی - کە دوان لەگەڵ ناخدا رۆحی عرفانە - دەپرسێ: عرفانەکەت واتە عارفیەکەت لەکوێیە؟ کە عارفیش ئەوکەسەیە بە چاوی دەروون هەست بە حزوری زاتو ناوەکانو سیفاتەکانی خودا بکات وەک حاڵێکی زیندوو نەک زانیاری و زانست[1415]. هەروەها دەپرسێ فام و تێگەیشتن بۆ کوێ چووە؟ خۆ جیلوەو دەرکەوتنی دۆست - خودا - کۆتایی نایەت:

ئارۆ یەک جیلوەش، هانە پووی کاردا فەردا چێش ئەو یەک، جیلوەش دیاردا

دەپرسێ: ئەگەر ئەمڕۆ یەک جیلوەی - کە عەنبەر خاتوون بوو - لەکاردایە، کە ئەو نەما سبەینێ جیلوەیەکی تر دەردەکەوێ؟ کەواتە لێرەدا مەولەوی بە پووڵی و قوڵی (عەنبەر خاتوون) بە جیلوەی خودا دەبینێ[1416].

[1414] دیوانی مەولەوی، ل۲۰۹.

[1415] بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٥٦٥.

[1416] عارفان بە قوڵی باوەڕیان بەوە هەیە، کە سەرچاوەی عشق و جوانی لە ژیانو بوونداً - یا لە شێوەی جۆراوجۆریشدا دەربکەوێ - بۆ مەعشوق - خودا - دەگەڕێتەوە. ئەمەش لە زۆر شیعری عرفانیدا بەپوونی باسکراوە، حافز دەڵێت:

در أزل جلوه حسنت ز تجلی دم زد عشق پیدا شدو أتش برهمه عالم زد

بڕوانە: دیوان غزلیات حافظ، بکوشش: د.خطیب رهبر، چاپ سی و سوم، ۱۳۸۱ - ۲۰۰۲، انتشارات صفی علیشاه، تهران، ل۲۰٦.

بە باوەڕی ئەو - حافز - لە ئەزەلەوە پەیدابوونی عشق و ئاگری ئەو، کە دای لە جیهان، بەهۆی جیلوەی جوانی خوداوە بووە. هەر مەولەوی خۆی هەمان ئایدیاو تێڕوانینی هەیە، کە دەڵێت:

دەستی شیرینش ماوەرۆ ئەویاد فەرهادی نە تاق فەرقەکەی فەرهاد بڕوانە: بەشی دووەم - پاری دووەم، ل۲۲۷.

بەڵکو دواتر قوڵتر دەڕوات و ئەو باوەڕەی بۆ دروست دەبێت، کە نەخێر ئەو بەرەو پەنهان چوونی جیلوەیە – مردنی عەنبەر خاتوون – خۆی جۆرە دەرکەوتنێکی تری جیلوەی خودایە، ئەگەر زانینی ویژدانییت هەبێ:

لا، بەڵ ئەو جیلوەی ڕوو نە پەنهانی نەوعە ظهورێن، زاناش ویجدانی[1417]

بۆیە لۆمەی خۆی دەکات، کە ئەمە چییە قاچت کەوتووەتە نێو داوی خەم، لەیەککاتدا دانایی و سەرلێشێواویت تێدا پێکەوە کۆبووەتەوە ! :

چ ماتەمێوەن پات بی یەن پێوە داناو مەخشووشی کێ دی یەن پێوە !

دواتر ڕوونیدەکاتەوە، کە ئەگەر ئەو – جیلوە یان عەنبەر خاتوون – دیار نەمابێ، ئەوا جیلوەیەکی تر دەرکەوتووە، کە مەی (مردن)ە – کە کردارێکی خودایەو عارف دەبێ کردار ببینێ –. بەوەش ساقی – خودا کە خاوەنی مەی مردنە – لای دەرئەکەوێو هەموو نهێنیو ڕازو خەمەکان ئاشکرا دەبن:

ئەو جیلوە کەردەن ئەرشی وەتاقی ئێد جیلوە کەردەن سوراحی و ساقی

هەروەک – م.مدرس دەڵێ – دەکرێ مەبەستی ئەوەش بێت، کە بڵێ شەرابی مردن، کە عەنبەر خاتوونی پەنهان کرد، خۆی وەک دەرگایەک هێشتا ماوە تا تۆش لێوەی بچی بۆلای یارو ساقی – خودا – سبەینێ لە بەهەشتدا دووبارە پێکەوە کۆتان دەکاتەوەو لەوێ مەی دەنۆشن. کەواتە دواجار لەو دوو تێکستەدا دەرکەوت، مردن لای هێندە سەختو پەسەند نەکراوە، کە عرفانی – کەسێتی مەعنەوی – ئەوی شێواند، گەرچی دواجار هەوڵی خۆئارامکردنەوەی دا.

مەولەوی لە تێکستێکدا لەگەڵ (دڵ)ی دەدوێو سەرزەنشتی خۆی دەکات، کە هەر کاری ئەمڕۆی خستووەتە سبەینێ! و ئەو بەڵێنی گەڕانەوانە بۆلای خودا (تەوبە)، کە داویەتی، هەمیشە شکاندوویەتی، تا ئێستا پیر بووەو:

پیری حەڵقەسان خەم پەنەم وەردەن پەی دەرگای عەدەم ئامادەم کەردەن[1418]

[1417] دیوانی مەولەوی، ل٢٠٩.

[1418] دیوانی مەولەوی، ل٢٢٧.

لێرەدا لای ئەو پیریو مردن، کوتانە بە دەرگای گۆڕو عەدەمدا!. لێرەدا (دەرگای عەدەم) درکەیە بۆ مردن. واتە عەدەم لای ئەو دەرگای هەیەو بۆشایی و بەتاڵ نیە![1419]. هاوکات شاعیر، مردن بە کاتی گێڕانەوەی سپاردە (ئەمانەت) کە ڕۆحە، و بە ئاشکرابوونی ناپاکیی کردن لە ئەمانەت دەزانێت:

سەر وەخت ئەدای ئەمانەتمەن　　نەشر سیاهەی خیانەتمەن

لێرەدا (کاتی گێڕانەوەی ئەمانەت) درکەیە بۆ مردن.

هەر لێرەدا وادەزانین دەستەواژەی (سپاردە) کە شاعیر بۆ (ڕۆح و ژیان) بەکاریهێناوە، ئاماژەیە بە ئایەتی پیرۆزی: (فلولا ان کنتم غیر مدینین ترجعونها ان کنتم صادقین)[1420]. هەروەک دەکرێ ئاماژەش بێت بۆ باری ئەمانەت – باری تەکلیفو ئیختیار – چونکە تەنها ئەوە مرۆڤە، کە ڕۆحی پێدراوەو لەڕێگەی ڕۆحەوە زانستو ئیختیار چووەتە نێو مرۆڤو لەبەر ئەم هۆیەشە کە مرۆڤ – بە جیاواز لە بوونەوەرانی تر – بەرپرسیاریەتی کەوتووەتە سەرشان: (انا عرضنا الأمانة علی السماوات والأرض والجبال فأبین أن یحملنها فاشفقنا منها وحملها الأنسان انه کان ظلوماً جهولا)[1421]. لەلایەکی ترەوە گەر بگەڕێینەوە بۆ نیوەدێڕی:

نەشر سیاهەی خیانەتمەن

دیارە (نەشر) بڵاوکردنەوەیەو لە (نشر)ی عەرەبی بەمانای بڵاوکردنەوەی جلوبەرگ، لاپەڕە، هەور، نیعمەت، قسە، دێت، کە لە هەموویاندا: کرانەوە هەیە[1422]. لێرەوە شاعیر ڕۆژی مردن بە ڕۆژی کرانەوەو ئاشکرابوونی ڕەشیەتی ناپاکیکردن لە سپاردە دەزانێت. واتە لای ئەو مردن کرانەوەی نهێنیەکانە. بۆیە ئەم نیگەرانیە وایلێدەکات، پەنا بۆ (موغەنی) دەبات:

مغنی، تەحڤای من وە نەوایێ　　وەی چەند فەردەوە هۆردەر صەدایێ:

[1419] بۆ زانینی واتای چەمکی عەدەم لای عارفانی ئیسلام. بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری سێیەم، ل١٠٢ بەدواوە.

[1420] بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری دووەم، چەمکی ژیانو مردن لە ئاینی ئیسلامدا، ل٥٩.

[1421] بڕوانە: هەر ئەو بەش و پارە، ل٥٢.

[1422] بڕوانە: العلامة راغب الأصفهاني، مفردات الفاظ القرآن، ل٨٠٥.

لێرەدا وەک ئەوەی، ئەو لە نیگەرانیو هەستکردن بە گوناهدا نەتوانێ تەعبیر لە خۆی بکات، پەنا بۆ موغەنی دەبات. موغەنی دەکرێ هێمابێ بۆ خودا — کە لەم تێکستەدا پێناچێ مەبەست لەو بێت — یان هێمابێ بۆ پیر، یان بەگشتی هێمابێ بۆ دنیای عرفان[١٤٢٣]. هەروەک دەکرێ هێمابێ بۆ کەسێکی خەیاڵی، کە شاعیر دروستی کردبێو ئەو خواستە ئایدیاڵیو ویستراوانەی کە هەیەتی، لەودا ببینێ، وەک چۆن شاعیرێکی وەک حافزی شیرازی (پیری موغان)ی هەیە[١٤٢٤].

لێرەوە مەولەوی داوا لە موغەنی دەکات، کە ئەم چەند وشەیە بە ئاوازو سەداوە دەربڕێ:

یاڕەبی نەی شەو تاریکەی فانی　　هەر تۆ وە کردەی بەدیم مزانی

ئای سوبح مەحشەر سەر ئەفگەندە وێم　　شەرمندەی حضوور خوداو بەندە وێم[١٤٢٥]

لێرەدا (شەوی تاریکی لەناوچوو) درکەیە بۆ (ژیانی دونیا)، کە بە شەوێکی تێپەڕی دەبینێو (بەیانیو ڕۆژیش) درکەیە بۆ پاش مردنو زیندووبوونەوە. واتە لێرەدا شاعیر— لەڕێگەی ئاوازو سەداکەی موغەنیەوە — بە خودا دەڵێ، کە لەم شەوە تاریکە تێپەڕەی دونیادا، تەنها تۆ بە کرداری خراپەکانم دەزانی!، بەڵام ئای، کە بەیانی هەڵهات — مردن و ڕۆژی دوایی — من سەر بەژێرو شەرمەزاری حزوری خوداو بەندەکانی دەبم. کەواتە لێرەدا مردن پەسەند نەکراوو جێگەی نیگەرانیە، گەرچی نیگەرانیەکە لە خودی مردن نیە، بەڵکو لە ئەنجامی پاش مردنە.

[١٤٢٣] بڕوانە: بەشی دووەم، پاری سێیەم، بوون لای مەولاناو مەولەوی، لێکچوونی ژ(٩)، ل٢٨١.

[١٤٢٤] حافزناسی ئێرانی د.بەهائەدینی خوڕەمشاهی باوەڕی وایە، حافز جگەلەوەی هەندێ جار ساقی و مەی بەمانا عرفانیەکەی بەکاردەهێنێ، هەندێ جاریش (مەی) بەمانایەکی ئەدەبی تایبەت بە خۆیو (پیری مەیکەدە یان موغان) کە وێناکراوی دونیای تایبەتی خۆیەتیو بۆ دەربڕینی ناخو مەبەستی بەکاردێنێ. بڕوانە: بهاءالدین خرمشاهی، ذهن و زبان حافظ، چاپ هشتم، ١٣٨٤ — ٢٠٠٥، انتشارات ناهید، تهران، ل٢٧٧ بەدواوە.

[١٤٢٥] دیوانی مەولەوی، ل١٢٩.

هەروەها گرنگترین درکەکانی مردنی فیزیکی (مەرگ پەسەندنەکەرانە) لای شاعیر ئەمانەن:

- شاعیر کزەی مردنی جگەرگۆشەکەی، بە مووی هەڵقرچاوی بەردەم ئاگر دەبینێ:

هاڵای کزەی زام جگەرگۆشەی وێم موو ئاساو ئایر هەر پێچ مەدا پێم[1426]

لێرەدا (کزەی زامی جگەرگۆشە) درکەیە بۆ مردن.

- هەروەها ئەو مردن بە ڕۆیشتنو بە کاتی شێوانو تێکچوونی ژیانو تامەزرۆیی دادەنێ:

فکرێ کەرەوە وادەی لواتەن وەخت شێویای شەوق سەوداتەن[1427]

(وادەی لواتەن — کاتی ڕۆیشتنە) درکەیە بۆ مردن.

لێرەدا نیگەرانی شاعیر لە مردن دەبینرێ. بۆیە داوا لە خۆی دەکات توێشوویەک بۆ ئەو ڕۆیشتنو سەفەرە ئامادە بکات:

باوەرە وە دەس زادێ پەی سەفەر وێت نەو سەفەردا بێ تۆشە مەکەر

- هەروەها لای شاعیر یادەوەری ئازیزی کۆچکردوو وەک کۆتەڵە[1428] دەبینێ، کە بە ڕواڵەت و یادەوەری زیندووەو بە حەقیقەت بێگیان!:

پەنهانەن سیمای سیمین وارەکەت شێوەی کۆتەڵەن یادگارەکەت[1429]

لێرەدا (شاردراوەتەوە شێوەی زیو ڕەنگت) درکەیە بۆ مردن. شاعیر لە زمانی باوکی کۆچکردوەکەوە ئەمە دەردەبڕێ.

[1426] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

[1427] سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤.

[1428] کۆتەڵە پارچە دارێکی بووکەڵە ئاسا بووە، وەک نەریتێکی کوردەواری ئەو سەردەمە جلوبەرگی گەورەپیاوی مردووی بەبەردا دەکراو سواری ئەسپەکەی دەکراو بەنێو پرسەکەیدا دەیانگێڕا.

[1429] دیوانی مەولەوی، ل٨٠.

– ئەو لە لاواندنەوەی دۆستێکی ئازیزیدا – کە لە ئامادەکاری ژنهێناندا بووەو بە ڕوداوێك کۆچیکردوە– وا وەسفی دەکات، کە هێشتا خۆشیت لە بووکی نوێ وەرنەگرتبوو، کە بووکی خاك بوو بە هاوپشتت!:

ئەی تۆ کام نەدیت جە عەرووس تۆ تا عەرووس خاك پەشتان بی وە تۆ[1430]

(بوکی گۆڕ بوون بە هاوپشت) درکەیە بۆ مردن.

– لای ئەو مردن کۆچەو بردنە ژێر خاکی هیواو خواستەکانی مرۆڤە بۆیە شایانی خۆیەتی ڕۆڵەڕۆی بۆ بکرێت:

وە ناکام هیجرەت کەردەم، ڕۆڵە ڕۆ داخان گشت وە خاك بەردەم، ڕۆڵە ڕۆ[1431]

لێرەدا (ناوادە کۆچکردن) درکەیە بۆ مردن. هەروەها (داخ بردنە ژێر خاك)یش دوبارە درکەیە بۆ مردن.

– لە دیدی ئەوەوە، ئەگەرچی مردن بۆ مردوو پاداشتو خۆشی بێت، بەڵام بۆ ئازیزانی حەسرەتخواردنی دووریە:

تۆ لوای بەو ئەجر سەختی زامەوە من پەرێ حەسرەت دووریت مامەوە[1432]

لێرەدا (لوای – ڕۆیشتن) درکەیە بۆ مردن.

شایانی باسە لە کۆی ئەم تێکستەدا زۆر بەڕوونی هەست بەوە دەکرێت، کە مردنی ئازیز دژیەکی (پارادۆکسیکاڵ)ی زۆری لە دونیای شیعری شاعیردا دروستکردوەو کۆچکردنی ئەو بۆ خۆی جێگە پتەوکردنو بۆ ئەم – شاعیر – ڕەگی بوونی لە بنەوە دەرهێنانە. بۆ ئەو مردنی شەهیدانەو مردنی زیندوانەیە بۆ ئەم زیندووی مردوو بە خەمی هێناوە. بۆ ئەو ئازادی هێنان بووە بۆی لە دونیای نەمریداو بۆ ئەم پێ بەستراوی هێناوە لە دونیای فانیو لەناوچوونداو...هتد:

تۆنەی کۆچ دا کار وێت مەحکەم کەردەن بەڵام ڕیشەی من جە بێخ ئاوەردەن

[1430] سەرچاوەی پێشوو، ل٩٧.

[1431] سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠.

[1432] سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٣.

تۆ مەردەی شەهید زیندەی بێ باکی　　من زیندەی مەردەی دەشت خەمناکی
تۆ ئازاد پەی سەیر جای جاویدانی　　من پابەستەی بەند ئەی دنیای فانی[1433]

— بەڵام شیعرێك كە زۆرترین درکەی سەبارەت بە مردن تێدا بێتو شایانی تێڕامانو لەسەر وەستان بێت، دەقێكە كە سەرەتاكەی بە باسی گەردوون دەستپێدەكات، كە ژیان و مرۆڤەكان دەهێنێتو دەباتو ئەنگوستیلەی خۆی دەكاتە دەستی مرۆڤەكان تا گەیشتە تەنانەت پێغەمبەر (د.خ)یش. ئەو — گەردوون — خۆشی دڵداران‌و شادانی — خوسرەو شیرینی بە نمونە هێناوەتە — دا بەیەكداو تێكیداو جامی دا بەسەر جامی جەمشیدداو كوشتی‌و جەمشیدیشی دا بەسەر كۆمەڵانی خەڵكدا. ئەوە گەردوونە كە ناوبانگی بەخشندەیی حاتەمی پێچایەوەو كەللەسەری پادشایانی وەك كەیخەسرەوی كرد بە كاسەی شكاو! تا ئێرە وەك یاسایەكی گشتی باس لە سروشتی گەردوون دەكات. دواتر پەیوەستی دەكاتەوە بە ژیان‌و نیگەرانیەكانی خۆیەوەو ڕاستەوخۆ لەگەڵ ساقی — كە وادەزانین زۆربەی جار لە تۆندبوونی نیگەرانیەكانی شاعیردا حزور پەیدادەكات — دەدوێتو بە هەستە ناڕاستەوخۆو دوورەكانی، نەك بینراوو نزیكەكان، یان ڕاستتر بڵێین بە هەستە مەعنەوی‌و تایبەتەكانی ئەوی مەعنەوی‌و عارف، یەعقوب ئاسایانە بۆنی ڕوداوەكان دەكات. بەڵام بۆنی ڕوداوێكی شوێنكات — زمكان — ی دیاریكراو نا، بەڵكو ڕووداوێكی گەردوونیی سەرو شوێنكات‌و ئامادە لە هەموو شوێنكاتێكدا دەكات، كە ئەویش ڕوداوی (مردنە):

١— ساقی!، گەرد ئارد یاران هام فەرد　　مدۆم نە دەماخ ئاسیای چەپ گەرد
٢— صەدای ئاسیاوچی مەیۆ پەیاپەی　　ئاساو خاڵی یەن تۆبەتەن سادەی!
٣— هەر كاتێت زانا چەرخێ وەردەوە　　چون یاران دانەی ئێمەیچ هەڕدەوە!
٤— نە هەر سەردەشتێ كشتێ كریا بۆ　　وە جۆی چەمەی چەم ئاو نەدریا بۆ
٥— نەیاوابۆ خاس دانەش بەو ئاوە　　لایق نین بەردێش بەو ئاسیاوە
٦— فیدات بوون ئامان سا هۆركەر بابەی　　وەسەر كشتمدا پەی پەی جەو جۆی مەی
٧— ئەرصەد كشتەكەم ئاخر كارشەن　　هەفتەكەی ئاخر نەو وەهارشەن

[1433] دیوانی مەولەوی، ل٢١٣٣.

٨- بەڵام بەڵ تەڵ کەشێوە کەرۆ جەی ئاخرەوە داناوێ وەرۆ[١٤٣٤]

— بەیتی یەکەم و دووەم — لێرەدا ئاشی پێچەوانە گەڕ! — گەردوون — گەردی بە ئارد کردووی هاڕاوی یارانی هاودەم، دەدات لە لوتی شاعیر. هاوکات بەو هەستە گەردوونیە قوڵەی، پەیتاپەیتا دەنگی ئاشەوانی گەردوون دەبیستێ، کە پێی دەڵێ ئاش خاڵی‌و بێ دانەو تۆبەی (تۆ) هاتووە!. لێرەدا (ئاشەوان) درکەیە بۆ فریشتەی گیانکێشان (عزرائیل).

— بەیتی سێهەم — لەنێو ئەم کەشە سامناکەدا، ئەو باوەڕی وایە، کە زۆر نزیکە، کە ئاشی مرۆڤ هاڕەری گەردوون سوڕێك بخوات‌و دانی ئێمەی وەك دانەوێڵەش بهارێت!. لێرەدا (هارینی دان) دوبارە درکەیە بۆ مردن.

— بەیتی چوارەم و پێنجەم — دواتر شاعیر دێتە سەر باسی جۆرەکانی دان — کە مەبەست لێی جۆرەکانی مرۆڤە لەبەرامبەر مردندا — و باوەڕی وایە، هەموو دانێك، کە لە هەر دەشتێکدا چێنرابێ، هەر لەبەرئەوەی وەك جۆردانەو وەك زەمینەش لە دەشت‌و زەویدا چێنرابێ، شایستەی ئەوە نیە بیبەن بۆ ئاش، بەڵکو تەنها جۆرە دانەوێڵەیەك، شیاوە، کە تایبەتمەندیەکەی ئەوەیە، کە بە ئاوی مەعنەویەت‌و لە جۆگەو سەرچاوەی چاوەوە ئاودرابێ و لە ترسی خودا هەڵقوڵابێ[١٤٣٥] و دەنکەکانی بەوئاوە پێگەیشتبن، تەنها ئەو جۆرە دانەوێڵە شایستەی ئەوەیە ببرێت بۆ ئەو ئاشە. لێرەدا بەڕوونی مەولەوی خۆی‌و خەڵکی هێشتا بە ئامادەو پێگەیشتوو بۆ مردن نازانێ!. بۆیە لەم نیگەرانیەداو لەوباوەڕەوە، کە پێویستی بە ئاوو سەرچاوەیە بۆ پێگەیشتنی ئەوی دانەوێڵە! داوا لە ساقی دەکات — بەیتی شەشەم و حەوتەم — کە ئەگەرچی کشتوکاڵەکەی لە دواین قۆناغیدایەو لە هەفتەی کۆتایی بەهارو ژیانیدایەو خەریکە کاتی بەسەردەچێ، بەڵام تکایە! جۆگەی مەی بەسەریدا هەڵبکە، بەڵکو لەم دوادواییەوە گەشەو هەڵچوونێك بکات‌و داناوێك بخواتەوەو بژێتەوە. لێرەدا (هەفتەی

[١٤٣٤] سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٩.

[١٤٣٥] وادەزانین ئەمە ئاماژەیە بە فەرمودەی (عینان لن تمسسهما النار، عین بکت من خشیة الله و عین باتت تحرس في سبیل الله). بڕوانە: www.islamonline.com

کۆتایی بەهار) درکەیە بۆ هاتنی مردن. واتە ئەو نزیکبوونەوەی مردن بە هەفتەی کۆتایی بەهار دادەنێ.

لێرەدا شاعیر — بەیتی هەشتەم — داوادەکات تاڵ بە تاڵی کشتوکاڵی خۆی — نەک بەگشتیو کۆ — ئاو بخواتو هەڵبچێتو گەورەبێت. واتە لای ئەو مەی عرفانی هۆکاری تێراوبوونو گەشەکردن و گەورەبوونە.

بەڵام وادەزانین لەم بەیتەدا وشەی (داناو) جگە لە (ئاودان)، مانایەکی تری قوڵ لەخۆدەگرێت، کە ئەویش (دانا ئاوێ)[1436]یە، کە ئەمەش مەبەست لێی ئاوی دانایییە، کە مرۆڤ بە دانایی عرفانو مەعنەویەت هەڵدەچێتو گەورە دەبێت.

لە دیدی ئەوەوە مردن کۆتو زنجیر بوونە بە دەستی زۆرداری خاك!:

خاك وە دەس زۆر زنجیرم کەردەن یاد هەم پازان جەیادم بەردەن[1437]

[1436] بۆ بەڵگەی سەلماندنی هەبوونی ئەم بیرە لای شاعیر، دەبینین شاعیر لە بەیتێکی تردا داوا لە ئازیز دەکات — کە پێدەچێ پیرەکەی بێت — کە (تیر)ی پێوە بنێ، تا لە لەخۆبایی بوون رزگاری ببێتو لە حیکمەتو دانایی دەرنەچێ:

وەختەن ساکن بۆ، قوربان ساتیرێ دەماخش بەرزەن، دەخیل زنجیرێ

نەوا جە حیکمەت بەر بشۆوە بەر جارجار وە تیرێ دڵ نەوایش کەر! (دیوانی مەولەوی، ل٥٤)

دواتر لەڕوانگەی سیفاتەکانی خوداوە، لەگەڵیدا دەدوێ، و پێی دەڵێت:

حەیفەن تۆ میراو سەرجۆی بادەبی وە هەرکەس بەقەد کەفاف دادەبی

لێرەدا بە میراو — کە درکەیە بۆ خودا — دەڵێت: حەیفە کە تۆ ئاودێری ئاوی جۆگەکانی، بەتایبەتی جۆگەی مەی — عشق — و میهرەبانی بیتو بە هەرکەس بەشی حاڵی — حاڵی سروشتی کشتوکاڵەکەی — بە شت دابێو:

من کشتم پوو زەرد هام فەردانش بۆ دانەم ڕووسیای هام دەردانش بۆ

کەچی من بەهۆی کرداری خراپەوە بێ بەش بکەیتو بەهۆی ئەوەوە دەغڵەکەم وشك ببێو ببێ بە پووش‌و دانەوێڵە بەهۆی بێ ئاوییەوە — ئاوی مەیو مەعنەویەتەوە — ڕەش ببێتەوەو بەوەش ڕووزەردی لای یارانو ڕووڕەشی حزوری تۆ بم.

هەروەها مەولەوی لە بەیتێکی تردا، کە خەم و نیگەرانی تەنگی پێهەڵچنیوە، سەرزەنشتی خۆی دەکات، کە بۆچی ئەوی عارف، کە دەستی خودا لە هەموو کارێکدا دەبینێ — لەوانەش لە مردنو مردنی ئازیزدا — کەچی بەو ڕوداوانە بشڵەژێو تاڕادەیەک سەرلێتێکچوون بڕوات:

چ ماتەمێوەن پات بی یەن پێوە داناو مەخشوشی کێ دیەن پێوە؟ (دیوانی مەولەوی، ل٢٠٩)

لێرەدا عرفانو مەعنەویەت بە دانایی دەزانێ.

[1437] دیوانی مەولەوی، ل٢٠٢.

لێرەدا (زنجیربوون بە دەستی زۆرداری خاك) درکەیە بۆ مردن. ئەو باوەڕی وایە، مردنو گۆڕ، بەدەستی زۆرو توانای، مرۆڤ کۆتوبەند دەکات، بەجۆرێك، کە نە یادی برادەرانی لەبیردەمێنێو نە ڕێگەی پێدەدات وەڵامێ بداتەوەو نە دەرفەتی قسەکردنی پێدەدات:

هاوقەد خاك و سەنگ وە جەسەم بارەن نە پاگەی جواب، نە جای گوفتارەن[1438]

لێرەدا شاعیر خۆی بە مردوو دەچوێنێو دەزانێ، کە دەرفەتی یادی یارانو قسەکردنو وەڵامدانەوەی ئەوانی نەماوە!.

مەولەوی لە تێکستێکدا هەستی دووری ئازیزی کۆچکردوو، – کە م.مدرس بە عەنبەر خاتوونی دەزانێ– دەروونی ئازار دەدات، بەڵام ئەوەی زیاتر ئازاری دەدات، ئەوەیە کە هەرچی دەبینێ شێوەی خۆشەویستەکەی دەنوێنێ!. ئەو خۆشەویستەکەی هەمیشە بە زیندوویی‌و لە هەموو شوێنێکدا دەبینێ، بەتایبەتی لە شتە جوانەکاندا: مانگی یەك شەوە – ئەبرۆ، شەو – زوڵف، پۆڕ – ڕوومەت‌و...هتد. ئەمانە جودایی‌و دووری بیردەخاتەوەو ئازاری دەدات. بەڵام هێشتا ئەوەی زیاتر ئازاری دەدات‌و دەیسوتێنێ، بیرکردنەوەی ئەمە لە حاڵی تەنهایی ئەو لە گۆڕدا!:

سۆچنۆم حەسرەت دەرد جیاییت نەك چون بڵێسەی یاد تەنیاییت![1439]

لێرەوە ئەو لەگەڵ کەسی دووەمی کۆچکردوودا قسە دەکات‌و باوەڕی قوڵی بە حەتمیەتی مردنو بینینی ژیان بە گوزەرو تێپەڕ، دەردەبڕێت‌و جوڵەی ژیانو زیندوان بەرەو مردنو مردوان دەبینێ، لەوانەش ئەمی شاعیر، کە بۆلای ئەو دەڕوات:

وە مەرگت دیدەم هام نە گوزەردا منیچ لام لای تۆن ئارۆ یا فەردا

لێرەدا (جێگەم بۆلای تۆیە، ئەمڕۆ بێ یان سبەینێ) درکەیە بۆ مردن. لێرەدا سوێندخواردنی مەجازیانە بە مەرگی بەرامبەر – بەپێچەوانەی سوێندخواردن بۆ زیندوان[1440]

[1438] دیوانی مەولەوی، ل۲۰۲.

[1439] دیوانی مەولەوی، ل۲۳٦.

[1440] بەشێك لە سوێندخواردنە مەجازیەکانیش بە مردن لای شاعیر بۆ زیندوانە. بڕوانە: هەر ئەم پارە، مردنی ئەدەبی.

— بۆ مردووی ڕاستەقینەیە. لێرەوەو لەنێو ئەم نیگەرانیانەدا، شاعیر پەنا بۆ (موتریب)[١٤٤١] دەباتەوە — کە (موتریب) لە عرفاندا هێمایە بۆ دابارێنانی بارانی مەعنەویەتو عرفانو هەروەها پیرو ڕێبەری عرفانی[١٤٤٢] — و داوای لێدەکات:

مطرب مەقامێ دەردم ناچارەن　　ساقی یا جامێ نۆس ئینتیظارەن[١٤٤٣]

داوادەکات سەداو مەقامی مەرگی بۆ هەڵدا — مردنو زیندووبوونەوەی مەعنەوی — ئەوسا ساقی — خودا —ش جامی مەرگی بداتێ — مردنی فیزیکی — تا بگاتەوە بە یار، چونکە تەنهایەو چاوەڕێیە.

شاعیر لە تێکستێکدا، دووری— دووری ئەنتۆلۆژی (مردن) — بە هۆکاری پیربوونو چوون بەرەو مردن دەزانێ:

١— دیدەم وە دیدەت شای شیرین چەمان　　فیراقت قامەت کەردەن وە کەمان

٢— گلاراوەکەی جەتۆ جیامەن　　وەخت لواکەی ئەوە نامامەن

٣— پووشەکەی هەستیم، گیاکەی پای چەم　　وای نیستی ی فەنا بەردش پەی عەدەم[١٤٤٤]

ئەم تێکستە — گەرچی م.مدرس باسی بۆنە مێژوویییەکەی شیعرەکەی نەکردوە — بەڵام زۆر ڕێیتێدەچێ بۆ عەنبەر خاتوون بێت، چونکە لەلایەکەوە وشەی (شای شیرین چاوان) و فیراقی هێندە تۆند، کە پشتی کردوە بە کەمان، دەبێ بۆ ئافرەت بێتو ئافرەتەکەش عەنبەر خاتوون بێت. لەلایەکی ترەوە هەر بەپێی ئاماری ئەو (٢٦) شیعری لاواندنەوانەی، کە م.مدرس ئاگاداری بۆنە مێژوویییەکانیانەو لە دیوانەکەدا تۆماریکردون، لەوانە (٨) شیعری

[١٤٤١] زۆرجار پەنابردنی شاعیر بۆ (موتریب، موغەنی، نەی ژەن و هتد...) کە هێمای حاڵو ریجدی عرفانین، لەپێناوی گێڕانەوەی ئارامیو بەدەستهێنانی بوونی سەماعی دایە، کە پێشتر لە باسی بوون لای مەولاناو مەولەوی باسمانکرد. بڕوانە: بەشی دووەم، پاری سێهەم، لێکچوونی مەولاناو مەولەوی، ژ(٩)، ل٢٨١.

[١٤٤٢] عارفان دابارێنانو ئارەزوو بزوێنان بۆ مەعنەویەت بە موتریب ناودەبەن، کە بە ئاشکراکردنی هێماکانو ڕونکردنەوەی حەقیقەتەکان، دڵەکان تەڕو ئاوەدان دەکەنەوە. بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٧٣٧.

[١٤٤٣] دیوانی مەولەوی، ل٢٣٦.

[١٤٤٤] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٢.

بۆ عەنبەر خاتوونە، کە دەکاتە نزیکەی ۳/۱ی شیعرەکان. بەهەرحاڵ دواتر شاعیر باس لەباری نالەباری دەروونیی خۆی دەکات، تادەگاتە بەیتی مەبەستمان – بەیتی دووەم – لێرەدا شاعیر بەهۆی نائۆقرەیی و نالەباری ژیانیەوە، خۆی وادەبینێ، کە کاتی مردنیەتی‌و کاتی (ڕۆیشتنی بێ گەڕانەوە!)یە، کە درکەیە بۆ مردن. ئەو بوونی خۆی – بەیتی سێیەم – وەک پووش‌و گیای ڕزیوی گوێ چەمەکان دەبینێ، کە بای نەبوون هەڵیگرتووەو بردویەتی بۆ جیهانی عەدەم.

لێرەدا مەولەوی (نیستی – نەبوون) و فەنابوونی بەمانا ئاساییەکەی بەکارهێناوە[۱۴۴۵]، نەک مانا عرفانیەکەی، چونکە (نیستی – نەبوون) لە عرفاندا، ئەوەیە، کە لەڕێگەی خۆشەویستی حەق (خودا)دا فەنا ببی[۱۴۴۶].

لای مەولەوی مردن پرژو بڵاوبوون‌و شوێنەوار نەمان‌و کەوتنە گێژاوە!:

یاران گردین شین وە تووناى تووں دا هەر خەیاڵ مەندەن نەتۆی دەروون دا[۱۴۴۷]

(چوون بە تووناو تووں)دا درکەیە بۆ مردن. تووناو تووں کەوتن بەمانای پرژو بڵاوبوون و لەیەک دابڕان، –وەک م.مدرس دەڵێت – دێت[۱۴۴۸]. یان بەمانای فەوتان‌و ئاسەوار نەمان[۱۴۴۹] دێت. وادەزانین دوورییش نیە مەبەست لە تووناو تووں گێژاوی ئاو بێت، چونکە هەر مەولەوی خۆی لە بەیتێکدا دەڵێت:

ئامێتەن وە جزو پڕزەی مەجنووندا حەیفەن ئاوبەڕۆش وە تووناو تووں دا[۱۴۵۰]

[۱۴۴۵] لە بەشی دووەم، پاری سێیەمداو لەمیانەی بەراوردکردنی مەولاناو مەولەوی دا، ئەوە دەرکەوت کە نەبوون‌و عەدەم لای مەولانا زیاتر بەمانایەکی عرفانیە، کە بەمانای جیهانی نادیارو نابەرجەستەیە نەک نەبوون‌و نەمان. بەڵام بەپێچەوانەوە لای مەولەوی زۆرتر بەمانای نەمان دێت. بڕوانە: بەشی دووەم، پاری سێیەم، جیاوازی ژ(۸)، ل۲۰۹.

[۱۴۴۶] بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل۷۷۵.

[۱۴۴۷] دیوانی مەولەوی، ل۲۵۱.

[۱۴۴۸] سەرچاوەی پێشوو، ل۲۵۱.

[۱۴۴۹] هەژار: هەنبانە بۆرینە، ل۱۵٦.

[۱۴۵۰] دیوانی مەولەوی، ل۱۹۸.

که تووناو توون لێرەدا — هەروەك م.مدرس خۆی دەڵێت — مەبەستی گێژی ئاوی ناو شیوە[١٤٥١].

ئەم شیعرە وەك دەردەکەوێ بۆ دۆستێکی زیندووی نوسیوە، چونکە لە دوو بەیت پێش بەیتی ناوبراودا دەڵێت:

دڵ یەند وە ئایر دووری تۆ تاوان سا ڕاسەن کزەش وەلات نەیاوان![١٤٥٢]

پرسیاری لێدەکات: ئایا ڕاستە کزەی سووتانی دڵم لە دووریت پێتنەگەیشتووە؟ کەچی ئەم باسی دووری کەسە زیندووە، بەڕەو باسی دووری کۆچی دۆستە مردووەکانی دەبات!، بۆیە لە بەیتی مەبەستدا دەڵێت:

یاران گردین شین وە تووناى توون دا هەر خەیاڵ مەندەن نە تۆی دەروون دا

لە دیدی شاعیرەوە ئەگەر مرۆڤ بۆ مردنی خۆشەویستێکی — لێرەدا م.مدرس بە کوڕەکەی دادەنێت — زۆر دڵگران نەبێ، ئەوا لە بەرد سەرسەختترەو کێڵگەی دەرەوەی مرۆڤایەتی کێڵاوەو لە دەرەوەی مرۆڤە!. ئەم ئایدیایەش لەم تێکستەدا دەردەبڕێ:

١— ساکە من بێ تۆ نەسپەردم ئەروا سەر نەنیام نەسای ئەڵحەد بێ پەروا

٢— چۆن وا چوون وەفام ها نە تۆی دڵ دا وەفام هەم جەرگم بدەن وە چڵ دا

٣— تاقیق من جەسەنگ سەرسەختیم باڵان مەزرەعەی خارج ئینسانیم کاڵان!

٤— وەرنە من وەی تەور کێشام سزاو دەرد ئەگەر سەنگ بیام مەکەردش وەگەرد!

٥— دەك ئەجەڵ وە دام هیجران بەستەبۆ سەرتاپاش وە نێش زامان خەستەبۆ

٦— پێم نەتۆشا مەی پیاڵەی مەردەن ەیستە من، سەرژان، دڵ سەردان کەردەن[١٤٥٣]

لێرەدا — بەیتی یەکەم — (من پاش تۆ، کە سەرم نەنایەوە لەژێر بەردی گۆڕ)دا درکەیە بۆ مردن — واتە نەمردم —.

[١٤٥١] سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٨.

[١٤٥٢] دیوانی مەولەوی، ل٢٥١.

[١٤٥٣] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٢.

— له بەیتی دووەمدا — لێرەدا کە توانیویەتی پاش مردنی ئازیز بمێنێ، هێندە لە خۆی ناڕازیەو هەست بە سەرزەنشتی خود — وێژدان — دەکات، کە نزا لە خۆی دەکات و داوا لە خودا دەکات وەفاو جەرگی بدا بە دارو لقی مەینەتدا!. لێرەدا بیری (تەواو مرۆڤی)[١٤٥٤] مەولەوی زۆر بەپوونی دەردەکەوێت.

لێرەدا — بەیتی چوارەم — شاعیر دەیەوێ، کاریگەری توندی هەستکردن بە سەرزەنشتی خود لەسەر دەروونی کەم بکاتەوە — بەجۆرێك لە پاساو — و هاوسەنگی بۆ خۆی بگێڕێتەوە، بۆیە بەخۆی دەڵێ: من ئەوەندە دەردو ئازارم کێشا، کە ئەگەر بەرد بومایە ورد دەبووم و دەبووم بە تۆز!.

بۆیە لێرەوە — بەیتی پێنجەمو شەشەم — گرێی سەرزەنشتی خود جارێکی تر لە ناخیدا دەبزوێ — بەڵام ئەمجارە لە دژی خودی شاعیر نا — بەڵکو بۆ دەرەوەو ڕووەکانە ئەو هێزە گەردوونیەی، کە سنور بۆ ڕۆژمێرو تەمەنی مرۆڤ دادەنێت، کە ئەویش (ئەجەل)ەو نزا لەو دەکات، کە: دەك خودایە ئەویش وەك من بەداوی دابڕانو دووری لە ئازیز ببەستڕێتەوەو سەرتاپای بە ئازاری بڕینی دابڕان لە ئازیز گیرۆدە بێت! بۆچی؟، تەنها لەبەرئەوە نا، کە ئازیزی بردم و مراندی، بەڵکو بۆ ئەوەی، کە پیاڵەی مەی مردنی بە منیش نەنۆشیو ئێستا بەم جۆرە سەری منی هێنایە ژانو دڵی سارد کردمەوە!.

لێرەدا مەولەوی داواو ئارەزووی مردن دەکات، بەڵام ئارەزووی مردن لە عرفان و مرۆڤی تەواوەوە نا، بەڵکو — ئارەزوویەك کە لە تەواو مرۆڤی و حەزکردن بۆ رزگاربوون لە ئازارو نیگەرانی مردنی ئازیزو نەهێشتنی گرێی هەست بە تاوانکردن و کۆتایی هێنان بە دابڕان لە ئازیزو گەیشتنەوە بەوەوەیە.

هەروەها شاعیر مردن بە بەری درەختی ژیانو گەنجی نەخواردن دەزانێ، و ئەمەش لە لاواندنەوەیەکدا — کە ئاماژەکانی نێو تێکستەکە دەیسەلمێنن، بۆ زانایەکی ئایینی گەورە بووە— دەردەبڕێت، کە وەك تەواو مرۆڤێك بە (ڕۆڕۆ) شین بۆ مردنی دەکات:

[١٤٥٤] بۆ زانینی واتاو مەبەستمان لە زاراوەی (تەواو مرۆڤی)، بڕوانە: هەر ئەم بەشو پارە، پەراوێزی (١٤١٢) ل٤١٢.

ناکام ئیام کامەرانیم پۆ　　بەرنەوەردەی باغ نەوجوانیم پۆ[1455]

لێرەدا (بەری دەرختی گەنجی نەخواردن) درکەیە بۆ مردن.

لە سێ بەیت بەر لەو بەیتەدا، مەولەوی باس لەوە دەکات، هەواڵی مردنی دۆست زمانی لاڵ کردوەو خەیاڵی، خەم بە تاڵان بردویەتی:

دەخیل بیم وە نوطق خەمان لاڵ کەردەم　　لاڵم جەخەیاڵ خەم غارەت بەردەم[1456]

ئەمەش ئەوە دەردەبڕێ، کە هەواڵی مردن – مردنی دۆست و ئازیز – ئەوەندە لەلای قورسە، کە زمانی لاڵ دەکاتو خەیاڵی خەم بە تاڵان دەبیات.

هەر لەم قەسیدە درێژەدا، کە پتر لە (٣٠) بەیتە، لە بەیتی دوای (٢٨)دا، دەڵێت:

میزام چون بێ وەخت وە ناکام دڵ　　وەر جە من تەشریف بەردی وە تۆی گڵ!

(تەشریف بردن – چوون بەرێزەوە – بۆ نێو خاك) درکەیە بۆ مردن.

لێرەدا مردنی ئەوی مامۆستاو گەورەی بە ناوەختو بە نەگەیشتن بە کامو خۆشی دڵو چوونی بەر لە ئەم بۆ نێو گڵ ناودەبات. بەڵام یەکسەر دیمەنو ئاراستەکە بەلایەکی تردا دەگۆڕێت:

شادبی وە حووران خاصەی جینانی　　تەمەنای وێت بی لەقای سوبحانی

لێرەدا مردنەکەی بە هاتنەدی ئارەزووی ئەو بۆ دیداری خودا دادەنێ. واتە مەولەوی لە تەواو مرۆڤیەوە – خەم و ڕۆڕۆ و شیوەن – بەرەو مرۆڤی تەواو – عرفان و ئەودیوی ئەم جیهانە – ڕۆیشت. بۆیە دواجار پیرۆزبایی مردنی لێدەکات!:

مەنزڵ موبارەك، بێ هەمتات یار بۆ　　شەفا خوات پەسوول خاصەی موختار بۆ

لێرەدا (پیرۆزبایی ماڵو شوێنی نوێ) درکەیە بۆ گۆڕو مردن.

واتە لێرەدا جگە لە پیرۆزباییکردن لێی بەبۆنەی شوێنی نوێیەوە نزاشی بۆ دەکات، کە بێ هاوتا – درکەیە بۆ خودا – یارت بێو تکاکارو شەفاعەتکەریشت پێغەمبەر (د.خ) بێت.

[1455] دیوانی مەولەوی، ل٢٨٥.

[1456] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٥.

مەولەوی لە شیعری بەناوبانگی (شووڕای عاشورا)کەیدا، کە بۆ کۆچی (عەنبەر خاتوون)ی خێزانی نوسیوە، مردن بە چوون بۆ شاری عەدەم دەزانێت:

ئەو خەریك نە چۆڵ شار عەدەم دا من نە (کەریەلا)ی ساڕای ماتەم دا[1457]

لێرەدا (شاری عەدەم) درکەیە بۆ گۆڕو مردن.

دواتر نیگەرانیو خەمی مەرگ تووندتر دەبێت:

ئەو (یەزید)ی مەرگ وە ئەسیر بەردە من زادەی (زیاد) خەم یەقیر کەردە

لێرەدا ئەو مردن بە یەزید دەچوێنێ! مردن بە (دیلی) دەبینێ — نەك بە لەناوچوونی یەکجاری —: هاوکات بە شتێکی ویستراو خۆشیشی نابینێ، بەڵکو لای ئەو مردن شتێکە لە دەرەوەی ویستی مرۆڤەو وەك ئەوەیە لە جەنگدا بەدیلگیرابێ![1458]. شاعیر خۆیشی — وەك م.مدرس دەڵێ — وادەبینێ، کە خەم گیری پێ خواردووەو دەستەوەستانی کردوە. بەڵام وادەزانین دەبێ ئەم بەیتە لێکدانەوەیەکی قوڵتری بۆ بکەین، چونکە شاعیر کە دەڵێ: (من زادەی زیاد) مەبەستی ئەوەیە، کە منیش وەك (زیاد) بووبم و نەوەی ئەو بم وایە، کە ئاماژەیە بۆ عەبدوڵڵای کوڕی زیاد[1459] — سەرکردەی سوپای دژ بە (ئیمام حوسێن) و بکوژی ئەو —، کە ئێستا خەم گیری پێ خواردوم. لێرەدا ناڕاستەوخۆ گرێی هەستکردن بە تاوان (عقدة الاحساس بالذنب) لە ناخی شاعیردا دەردەکەوێ و وەك ئەوەی بەجۆرێك لە جۆرەکان

[1457] دیوانی مەولەوی، ل٣٢٠.

[1458] تا ئاستێك ئەم وێناکردنەی مردن، لە وێناکردنی مردن لە دنیای مەسیحییەتی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا دەچێ، کە ئەوان باوەڕیان وابوو مردن — بەتایبەتی پاراستنی باوەڕ لە شەیتان لەکاتی سەرەمەرگدا — وەك جەنگ وایەو دەبێ زۆر لێی بترسین. هەروەها زۆرجار لە وتارو ئەدەبیاتی کڵێسەدا مردن وەك تارماییەك یان پیاوێکی ئێسکەپەیکەر، کە چەتالێکی پێیەو بۆ مرۆڤ دێت، وێناکراوە، ئەمەش وەك (جاك شۆرون) دەڵێ هۆکارێکی دورکەوتنەوەی خەڵك لە ئایینو چوون بەرەو دنیاگەری بووە. بڕوانە: جاك شورون، الموت في الفكر الغربي، ل٩٩ بەدواوە.

[1459] بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل٣٢٠.

خۆی بە بەرپرسیار لە مردنی (عەنبەر خاتوون) بزانێ![1460]. هەروەک دەکرێ (زیاد) دوو مانای هەبێت، یەکێکیان: شاعیر مەبەستی عەبدوڵڵای کوڕی زیاد بێ‌و مانایەکیشیان بۆ ئەوە بێ، کە خۆی لەدوای عەنبەر خاتوون بە (زادەی زیاد) واتە بە لەدایکبوویەکی زیاد دەزانێ!.

بەڵام شاعیر گەرچی لە (تەواو مرۆڤی) خۆیدا، مردنی بە (یەزید، جەنگ، دیلی، و...هتد) بینی، بەڵام ـ پەیتاپەیتا بەرەو (مرۆڤی تەواو) دەڕوات و سەراپای ژیانی دونیا بە بازارێك دادەنێ، کە کات‌و دەرفەتەکانی تەنها بۆ مامەڵەو سەودایەو کاڵاکانیشی دوو جۆرن، کاڵای فانی‌و تێپەڕو کاڵای ماوەو جاویدانی، بۆیە لەگەڵ پەنابردن بۆ ساقی – خودا – دا داوای لێدەکات، کە شتە تێپەڕو فانیەکان، کە ژیانی دونیاو وابەستەکانیەتی لێوەریگرێتەوەو شتی نەبڕاوەو ژیانی هەمیشەیی پێ ببەخشێ:

بازارەن وادەی مامەڵەن، ساقی هەی بگرە فانی، وەی بدەر باقی

کەواتە شاعیر لێرەدا کۆی ژیان – ژیانی دونیا – بە فەنابوو و مردوو دەزانێ‌و ژیانەکەی تر بە جاویدانی و هەمیشەیی دادەنێ. بەڵام دوبارە ئەو خەم و نیگەرانیەکانی هەڵدەکشێنەوەو لە حاڵەتی (مرۆڤی تەواو)ەوە بۆ حاڵەتە مرۆییەکەی (تەواو مرۆڤی) دەگەڕێتەوە:

ڕۆ (حسەین) ئاسا، فەردا کە ڕۆ بۆ داخۆم سەر جە کۆ، لاشەم جە کۆ بۆ

[1460] سەرچاوە میژوویەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە عەبدوڵڵای کوڕی زیاد، حەزی بە کوشتنی ئیمام حوسێن نەبووە، بەڵکو دانوستانی لەگەڵدا کردوەو سێ پێشنیاری خستووەتە بەردەم، کە ئەوانیش: یان بگەڕێتەوە بۆ مەدینەو نەچێتە ناو شاری کوفە. یان بینێرێ بۆ دیمەشق بۆ لای یەزید. یان نامەیەك بنێرێ بۆ یەزید. بەڵام ئیمام حوسێن سوربووە لەسەر چوون بۆ شاری کوفەو بەدیهێنانی ئامانجەکەی، کە شۆڕش بوو، بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی پشتاوپشتی ئەمەوییەکان. بۆیە دواجار شەڕ پوودەداتو شەهید دەکرێ. بڕوانە: د.علی صلابی، تأریخ الدولة الأموية، ل٧٨ بەدواوە.

لێرەدا دەگەڕێتەوە بۆ (هەی ڕۆ) کردن، کە سبەینێ ڕۆژ بووەوە — کە ڕوون نیە مەبەستی ڕۆژبوونەوەی فیزیکیە یان ڕۆژبوونەوەی پاش ئەم ژیانە[١٤٦١]— ئاخۆ ئەبێ ئەمیش چۆن پارچە پارچەیی‌و هەڵوەشاندنەوە — هەڵوەشاندنەوەی ڕۆحی‌و مەعنەوی — وەک حەزرەتی حوسێنی لێبکات‌و سەری بکەوێتە کوێ‌و لاشەی لەکوێ بێت!.

مەولەوی لە تێکستێکدا — کە زۆرترین درکەی مردنی تێدایە — بە باسکردن لە خەمە تایبەتیەکانی دەستپێدەکات‌و لەوە دەدوێ، کە هەرچەندە خەم و مەینەت، فێڵ و داوی زۆری بۆ ناوەتەوە، بەڵام ئەوەی سەوزو بەردەوام و گرانە لەسەر دڵی، خەمی فەلەک‌و گەردوونە!. واتە لە خەمە تایبەتیەکانەوە بەرەو خەمە گەردوونی‌و گشتیەکان دەڕوات‌و یەکێک لەو خەمە گەردوونیە قوڵانەش — خەمی لەناوچوون و مردنی مرۆڤەکانە! ئەمەش بەیتە گرنگەکانی تێکستەکەیە:

١— کام سەر، شام تەمای تاج کەی ت نەکەر صوبح دەم وە تاج سەر نەی ت نەکەرد!
٢— کێ بێ کێ مەجلیس شادی نیاوە پۆس کەللەش وە دەف تۆ دەنگ نەداوە؟
٣— مەعدووم، ئەر زەڕەی شێوەی فاماتەن بەفام قەرینەی لوات ئاماتەن
٤— ئەی پا پای خەتەر ڕاویارانەن سفیدیش غوبار کەللەی یارانەن!
٥— بورکەش جای دیدەی پڕ هووناو دڵ میل، بالای بێ گیان وا مەندەی خجڵ
٦— ها صەف پێکان پۆس کەللەی هام دەمان کەللەبڕ پەی پۆس کەللەمان تەمان!
٧— هۆردەر چەنی سۆز دەروون پڕ نێش فەریاد ئەو ساقی و ئەو نەی چی و دەروێش
٨— صەدای دەف و نەی بەیۆ نەگۆشت نەشئەی مەی بەخشۆ حەیات وە هۆشت
٩— بوویەر جەسای تەرز دەف و نەیەوە وە زات مەستی ی نەشئەی مەیەوە
١٠— تاکەی کەتۆ دەست چەرخ چەپ ئەندێش پۆس کەللەت ناکاو پەی پۆس کەللەی وێش![١٤٦٢]

[١٤٦١] لای مەولەوی شەو بۆ دونیاو ڕۆژ ڕۆژبوونەوەش بۆ ژیانی دواڕۆژ پاش زیندووبوونەوە بەکاردێت. بە نمونە بڕوانە: هەر ئەم بەشە، ل٤١٦.

[١٤٦٢] دیوانی مەولەوی، ل٣٢٥.

لێرەدا ئەوە گەردوونە — بەیتی یەکەمو دووەم —، کە (کەللە سەر دەکات بەسەر ڕمەوە!)، کە درکەیە بۆ کوشتنو مردن. لێرەدا گەردوونو ژیان لای مەولەوی زیاتر بەمانا زبرو سەختەکەی، ناخۆش، ئازاردەر، پلانگێڕ بۆ مرۆڤ، دورخەرەوەی یاران لەیەکترو...هتد دەبینرێ. تا ئەوەی بەمانا جوانو خۆشەکەی: میواندارێکەری مرۆڤو شوێنی جیلوەی خوداو جوانیو...هتد[١٤٦٣] بێت. هەربۆیە لەم تێکستەدا، جگە لە وشە هێمایی‌و ناڕاستەوخۆکان (٥) جار راستەوخۆ وشەی (کەللەو کەللەسەر) کە دەرخەری شکۆو سامناکی مردنە بەکارهاتووە. بۆیە لە بەیتی دواتریدا باس لە دەنگدانەوەی پێستی سەری هەموو ئەوانە دەکات — وەک تەپڵی یاریکردن بن بەدەست گەردوونەوە[١٤٦٤]— کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لەم ژیانەدا شادو دڵخۆش بوون. لێرەدا (پێستی کەللەسەر بوون بە دەف) درکەیە بۆ کوشتنو مردن. دواتر — بەیتی سێهەم — مەولەوی بەڕوونی دەڵێ، هەر خودی هاتنە ژیان، هاوجووتە لەگەڵ مردندا — واتە ژیانو مردن پێکەوەن نەك جیابن. لێرەدا (ڕۆیشتن) درکەیە بۆ مردن. واتە مەولەوی ژیانو مردن بە (هاتنو چوون) دادەنێ. لە بەیتی دواتردا — چوارەم — هاتنە ژیانو ژیان بە ڕێگایەکی مەترسیدار بۆ ڕێبواران — مرۆڤەکان — دەبینێو تۆزە سپیەکەی سەرزەوی بە تۆزی کەللەی یاران دەبینێ!. بەڵکو بەوەوە ناوەستێ — بەیتی پێنجەم —، و وا باس لە جوگرافیاو تۆپۆگرافیای زەوی‌و دیاردەکانی دەکات، وەك شوێنەواری مردوەکان بێت: چاڵاوەکانی زەوی چاوی چاڵی مردووەکانەو پڕە لە خوێنی دڵیانو دارە چەقێنراوەکانیش باڵای بێگیانیانە!. لێرەشدا دوبارە (باڵای بێ گیان) درکەیە بۆ مردن. بەڵکو شاعیر — بەیتی شەشەم — پێستی کەللەسەری یارانی دەبینێ، کە لەبەردەستی کەللەبڕی سەربڕدایە — وادەزانێن هێمایە بۆ گەردوون یان مردن یان عزرائیل — و هێشتا

[١٤٦٣] عارفان دوو تێڕوانینی جیاواز — تا ئاستی دژ — یان بۆ بوون‌و ژیان هەیە — و یەکێکیان پۆزەتیڤانەیەو ئەوی تر نێگەتیڤانە. بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری دووەم، چەمکی ژیانو مردن لە عرفانی ئیسلامیدا. ل١١٢.

[١٤٦٤] مەولەوی و مەولانا بوون و ژیان بە یاریکەر بە مرۆڤو ڕوداوەکان دەبینن، بەڵام مەولەوی — بەپێچەوانەی مەولانا — ئەو بە یاریکەرێکی کوێرو بێ بەزەیی‌و بەگشتی نێگەتیڤ دەبینێ. بڕوانە: بەشی دووەم، پاری سێهەم، جیاوازی ژ(٦).

بەتەمای کەللەی ئێمەیە!. لێرەوە ئەم دیمەنە پڕ شکۆو سامناکانە، کە ئەو لە ئاستە قوڵەکانی ژیانو سەرئەنجامی مرۆڤەکاندا دەیبینێ، وایلێدەکات – بەیتی حەوتەمو هەشتەم – پەنا بۆ (ساقی)و (نەی چی) و (دەرۆیش) – واتە جیهانی عرفانی و پەیوەندی بەهێزی خوداو ئەزەلیەت – ببات. بۆئەوەی: دەنگی دەفی دەرۆیشو نەی[1465] – نەی ژەن – بێتە گوێتو نەشئەی مەی ساقی، ژیان ببەخشێتەوە بە هۆشتو بیژێنێتەوە – وەک ئەوەی بەو دیمەنە سامناکو خەمناکانەی پێشوو ئەوی مرۆڤ مردبێت – تا بەهۆی – بەیتی نۆهەم و دەهەم – ئەو ئاوازانەو پەیدابوونی ئازایەتیو دلێری – بەهۆی مەستی بە نەشئەی مەی – یەوە، تێپەڕی، تا بەوەش – بە ئازایەتیو ئامادەییەوە – چاوەڕێی هاتنی دەستی بێ بەزەیی گەردوون بیت، بزانین کەی لەناکاو پێستی کەللەسەرت دەگرێتەوەو دەیکات بە تەپڵی ئامەنگی!.

– لە تێکستێکی تردا، شاعیر لە دەستپێکدا لەگەڵ گەردوون دەدوێو تەنها ئەوەندەشی پێدەڵێ: کە تۆ کام تیری زام و ئازار هەبوو نەتدا لە دەروونم و هێندە بریندو ئازارت زۆرە، کە نازانم سکاڵا لەدەست کامیان بکەم، بۆیە بەهۆی زۆریانەوە ئیتر ڕوو دەکەمە دۆستی کۆچکردوو!و پێی دەڵێم، لێرەوە بەیتە گرنگەکانی تێکستەکە دەستپێدەکەن:

١– ئازیز!، تۆ هەر چەند بێ مەیلی کەردی وەبێ من تەشریف ئەو حضوور بەردی

٢– من تەنیایی تۆ مدۆ ئازارم جەنامایی وێم خەجاڵەت بارم!

٣– ئای بێ وەفاوێم، من ڕاحەت وەش ڕەنگ تۆ دڵ تەنگ، بێ ڕەنگ، نەسای سەرد سەنگ

٤– بە ئامین جە شەڕ دۆزەخ ئازاد بی وە سەیر ڕەحمەت ئەبەدی شاد بی

[1465] نەی و نەیستان لە عرفاندا ئاماژەیە بۆ جیهانی ئەزەلیو سەرەکی، کە مرۆڤ لە بناغەدا خەڵکی ئەوێیە. بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات و تعبیرات عرفانی، ل٧٧٥. لێرەوە ئەوەش دوپات دەبێتەوە، کە مەولەوی – وەک مەولاناو عارفانی تر – باوەڕی بە (بوونی سەماعی) هەیە. بڕوانە: بەشی دووەم، پاری سێیەم، لێکچونی ژ(٩).

٥- ئەی جەستەی خەستەم ڕەویەش نەفاما دڵ وە زیارەت مەزارت ئاما![١٤٦٦]

- لە بەیتی یەکەمدا - (بێ من تەشریف بردن بۆ حزووری خودا) درکەیە بۆ مردن. لێرەدا چوونی ئەو - مردنی - بەبێ ئەم، بەبێ مەیلی ناودەبات!، بەڵام بەهەرحاڵ - بەیتی دووەم - ئەمە ئەو شتە نیە، کە ئازاری دەدات، بەڵکو. (نەهاتنی خۆم)ە، کە درکەیە بۆ مردن. ئەوەی کە ئازاری دەدات لەلایەکەوە تەنهایی ئەوەو لەلایەکی ترەوە هەستکردن بە سەرزەنشتی خودە، کە چۆن ئەمیش وەک ئەو نەمردوەو نەچووە بۆ لای ئەو! بۆیە. هەر لێرەدا (سێبەری ساردو بێ گیانی بەرد) درکەیە بۆ گۆڕو مردن. شاعیر هەست بە سەرزەنشتی خود و ئازاری دەروونیی دەکات، کە بارودۆخی هاوئاهەنگو هاوڕێتمی ئازیزی بەرامبەری نیە، ئەم لە ژیاندایەو لە خۆشیدایەو ڕەنگی جوانەو ئەو دڵتەنگە، بێ ڕەنگە، و لە سێبەری ساردو بێ گیانی گۆڕدایە!. ئەم حاڵەتە بەتەواوی پێچەوانەی ئەو حاڵەتە بەراوردکاریەیە، کە شاعیر لەگەڵ ئازیزێکی کۆچکردووی تریدا، هەیەتی:

تۆ ئازاد پەی سەیر جای جاویدانی من پابەستەی بەند ئەی دونیای فانی![١٤٦٧]

لێرەدا هاوکێشەکە پێچەوانەیە، کۆچکردوو بە مردن ئازادبوو و ڕۆیشت بۆ سەیرکردنی ژیانی جاویدانیو نەمری، بەڵام ئەم پێ بەستراوو بەندکراوی ئەم ژیانە فانیەی دونیایە. ئەمە پرسیارێکی گەورەیە!. خۆ لە بەیتی پێشووتردا بەڕوونی لایەنی ئایندەری و عارف بوونی شاعیر دیارە، ئەو مردن بە (تەشریف بردن بۆ حزووری خودا) دەزانێو هەروەها لە دوابەیتی تێکستەکەدا، کە مێژووی کۆچی دوایی دۆستەکەی - بە نزاکردن - تۆماردەکات، دوبارە دەچێتەوە نێو جیهانی ئاینو عرفان - مرۆڤی تەواو - مەبەست بەیتی چوارەمە -.

بەڵام لە چوار بەیت بەر لەم بەیتی کۆتاییەوە - کە ئاماژەمان بە دوانی کرد - ئەو وەک (تەواو مرۆڤ)یک دەردەکەوێ، تەنهایی ئەو - ئازیزی کۆچکردوو - ئازاری دەداتو ئەو لە گۆڕو ژیانەکەی تردا بە دڵتەنگو بێ ڕەنگ دەزانێ، واتە مردنو ژیانی پاش مەرگ ناخۆشە لەلای. ئەگەرچی ئەمە بە ناڕاستەوخۆو لەڕێگەی لۆمەکردنی خۆیەوە دەرئەبڕێ - بەیتی

[١٤٦٦] دیوانی مەولەوی، ل٣٤٤.

[١٤٦٧] دیوانی مەولەوی، ل١٣٣.

پێنجەم – کە دەڵێ: جەستەم ڕەچاوی ڕەوشتی نەکرد، تا بێت لەگەڵتداو بمرمو هاتمەسەر گۆڕت!.

وادەزانین هۆکارێکی بنەڕەتی ئەم جیاوازیە بۆ تەمەنی شاعیر دەگەڕێتەوە، چونکە ئەگەر بەپێی پیتی ئەبجەدی ئەم شیعرە بێت، کە مێژووی کۆچکردنی هاوڕێکەی بە (١٢٥٨)ی کۆچی تۆمارکردوەو مەولەویش خۆی لەسالّی (١٢٢٨)ی کۆچی لەدایکبووبێت، ئەوا تەمەنی شاعیر ئەوکات تەنها (٣٧) سالّ بووە!. دیارە لەم تەمەنەشدا زیاتر هەستە مرۆییەکان و (تەواو مرۆڤی) زاڵترە بەسەر مەعنەویەتو چوون بەرەو پێگەیشتنو (مرۆڤی تەواو)دا.

– شاعیر لە تێکستێکی لاواندنەوەی تردا، بەوە دەستپێدەکات، کە مردنی مرۆڤ – ئازیزو جێگەی بایەخ – هێندە گەورەیە، کە هەموو لێقەومان و ڕوداوەکانی تر، لە چاویدا ئاسانن! – لێرەوە دەچینە نێو بەیتە گرنگەکانی تێکستەکە –:

١– لوای بینایی دیدەی دەروێشان ئاسان کەرد جەلام مصیبەت کێشان!
٢– ناپەیدای تەوەن دوور بێ سەفەرەن سەفەر بێ لەشکر لەشکر بێ سەرەن
٣– تا فەڵەك مەودای نەی تۆ شاردەوە داوودی ڕەواج پەیدا کەردەوە
٤– وەهار نەوگوڵان نەتۆی خاك بەرکەرد جە بەدبەختی من تۆ وە تۆی خاك بەرد!
٥– وادەی خاو نی یەن، وادەی شکارەن دەشتەکەی پای هەرد، (شاکەل) دیارەن[١٤٦٨]

واتە لێرەدا – بەیتی یەکەم – مردن ئاسانکەری هەموو کارەساتو ڕوداوە ناخۆشەکانە. لەدوای دوو بەیتی ترەوە – بەیتی دووەم – ئەو مردن بە دوورکەوتنەوەیەکی بێ سەفەرکردن دادەنێ لێرەدا (نادیاری ژێر بەرد) درکەیە بۆ گۆڕو مردن.

دواتر لەمیانەی لاواندنەوە بە ستایش و وەسف، – بەیتی سێهەم – دەڵێت: تا گەردوون ڕمی تیژی تۆی نەشاردەوە، کراسی زرێی جەنگی، بازاڕی پەیدا نەکردەوە!. لێرەدا (شاردنەوەی ڕمی تیژی تۆ) درکەیە بۆ مردن و مردنی مرۆڤی ئازا.

دواتر لە بەیتی (١١) داو لە درێژەی لاواندنەوەکەدا، گوزارشت لە حاڵی دژیەکو ئاوەژوو بووەوەی ژیانو ژیانی خۆی دەکات – بەیتی چواردەمو پێنجەم – و ئەو بەهاری وا بینیبوو،

[١٤٦٨] دیوانی مەولەوی، ل٣٧١.

که گولّەکانی لەنێو خاکدا دەپشکواندو دەردەهێنا، بەڵام ئێستا لە چارەڕەشی ئەم پێچەوانە بوەتەوەو (تۆ)ی گوڵی منی خستە نێو خاك، لێرەدا (چوونە نێو توێژاڵی خاك) درکەیە بۆ مردن. لە بەیتی دواتردا، (کاتی خەو نەبوون) درکەیە بۆ مردنو کاتی مردن نەبوون. واتە شاعیر مردن بە خەوو خەوێکی ناوادە دەبینێ.

— هەروەها شاعیر لە تێکستێکی تردا، مردنی دۆست وا دەبینێ، وەك ئەوەی دڵی ئێشابێت لە دۆستێك، بۆیە کۆچی کردوە بۆ ژێر خاك!:

پات وە تۆی پەردەی پێواری کێشان جەکام هامدەمێ خاترت ئێشان؟[١٤٦٩]

لێرەدا (پێ ڕاکێشان لەنێو خاك)دا درکەیە بۆ مردن.

— لە تێکستێکی تردا لەمیانەی لاواندنەوەی ئافرەتێکداو لەشێوەی پرسیاری نکولیکارانەدا — واتە دەیەوێ سەختی حاڵەتەکە بە پرسیار دەربڕێ — دەڵێت:

نەتۆی جامەی خاك حاڵاتش چۆن بۆ دەك چەرخە بەختت هەر نیل گوون بۆ![١٤٧٠]

دەپرسێ: ئەبێ باڵات لە جلوبەرگی خاکوخۆڵ دا حاڵی چۆن بێت! دەك گەردوون، خودا بەختت تاریك بکات، کە واتکرد!. لێرەدا (لەش لە جلوبەرگی خاك و خۆڵ دا بوون) درکەیە بۆ مردن. لێرەدا بە ناڕاستەوخۆ مەولەوی مردن — مردنی ناوەختی ئازیزان — دەداتە پاڵ گەردوون.

دواتر دەڵێ:

باڵ چەم هوردا نەرگس نەی دەم دا چ خێرێ تۆ چەم نییای وەهەم دا[١٤٧١]

دوبارە دەپرسێ: لەم دەمی بەهارەدا، کە نێرگز باڵی چاوی خۆی داو پشکوت، تۆ چ خێرت بوو — بەپێچەوانەی یاسای جوانیی سروشتو ژیانەوە — چاوت لێکنا!. لێرەدا (چاونان بەیەکدا یان چاولێکنان) درکەیە بۆ مردن.

[١٤٦٩] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٧.

[١٤٧٠] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٥.

[١٤٧١] دیوانی مەولەوی، ل٣٨٥.

— شاعیر له تێکستێکی تردا، له بەیتی (١—٤) باسی هاتنی پیری خۆی دەکاتو بە گۆپکەی پشکووتووی سپی، لە باخە گوڵی تاڵی موە ڕەشەکانیدا دەبینێ. دواتر لەڕێگەی چەند بەیتێکەوە، ئایدیای سەبارەت بە مردن دەخاتەڕوو:

١— باقەی زوێری و زاری و دڵگیریم — پەی پەی زیاد کەرد پەژارەی پیریم
٢— ئاخر ڕۆی وەهار نەوجوانیمەن — ئەوەڵ ڕۆی پایز زیندەگانیمەن
٣— هەناسەم چۆن بای خەزان مەخێزێ — پەی پەی بەرگ شاخ شادیم مەڕێزێ
٤— خەدەنگ باڵام چەمان کەمان وەرد — ڕاست وە نیشانەی فەنا ڕوو ئاوەرد
٥— کەم کەم پیری خەم وە قامەت مدێ — دەم دەم وەعدەی ڕۆی قیامەت مدێ
٦— ساقی! پام بەستەی زنجیر پیرین — دەسم دامانت وادەی دەس گیرین
٧—جامت جەم ئاسا لەبڕێزکەر جە مەی — پێم تۆشکەر وەیاد بەزم ئارا کەی[١٤٧٢]
٨— مەستی وە پیران جوانی مدێ — هێز دووبارەی زرانی مدێ
٩— پێم دەر تا پەی پەی پێوە هەی کەروون — پای سەخت سارای مەحشەر طەی کەروون
١٠— وە قەترەی منیح ئاویاری کەر — مەست بوو تا مەحشەر[١٤٧٣] سەریاروو ئەوبەر[١٤٧٤]
١١— نەی گوزەرگای تەنگ بازاڕ چەپ گەرد — هەرکاتێ زانای ئەجەل سمکۆ کەرد!
١٢— بوڵەندکەر دڵ سۆز صەدای دڵ تەنگی — بەڵکم بێدار بوو جەی خاو سەنگی
١٣— های غەفڵەت تاکەی هام سەفەر وێەرد — بێدار بە جە خاو کاروان وێەرد[١٤٧٥]

[١٤٧٢] (کەی) پێشگرێکە بۆ پاشاکانی ئێران بەکارهاتووە وەک (کەی خوسرەو)، (کەی قوباد) و...هتد. بەڵام عارفانو شاعیرە عارفەکان وەک هێمایەک بۆ خوداو ڕێزلێنانی خودا لە مرۆڤە مەعنەویەکانو بە شادیو گەورەیی گەیشتن بەکاردێت. وەک چۆن (جامی جەم) کە لە بناغەدا هی (جەمشید) بووە، بووە بە هێما بۆ (دڵی عارف) کە نهێنیو ڕازی بوونو ژیانی ئایندەی تێدا دەبینرێ.

[١٤٧٣] وادەزانین هەردوو ئەو دوو بەیتەی (مەولەوی) کاریگەری (حافزی شیرازی)یان لەسەرە، کە دەڵێت:

سر ز مستی برنگیرد تا صبح روز حشر — هرکه چون من در أزل یك جرعه خورد از جام مست

"هەرکەسێ وەک من لە ئەزەلدا لە جامی دۆست — خودا — یەک قومی خواردبێتەوە لەتاو مەستی تا بەیانی ڕۆژی حەشر سەربەرز ناکاتەوە". بڕوانە: ئەکرەم عەنەبی، مەحرەمی ڕازو شەرحی غەزەلەکانی حافز، بەرگی یەکەم، ل١٤١.

[١٤٧٤] دیوانی مەولەوی، ل٢٤١.

لە بەیتی یەکەمدا شاعیر باوەڕی وایە هاتنی پیری، سات بە سات چەپکی زویری و خەمی زیاد دەکات. لێرەدا شاعیر ئەوە دەردەبڕێ، کە ئەو هەرکەسێکی خەمبار بووەو پیری خەمباریی زیاتر کردووە، بەڵام هاوکات بەکارهێنانی وشەی (چەپك) بۆ خەمەکانیٰ، جۆرێك لە جوانیو پۆزەتیڤی بوون دەگەێنێ. ئەو هاتنی پیری – بەیتی دووەمو سێهەم – بە دواهەمین پۆژی بەهاری گەنجیەتیو یەکەمین پۆژی پاییزی ژیانی دەزانێ. لێرەدا واهەستدەکات، هەناسەدانی وەك بای پایز وایە، پەی پەیو سات بەسات گەڵای لقی شادی دەوەرێنێ. بەڵکو ئەو– بەیتی چوارەم – چەمانەوەی بالای– کە وەك کەوانی لێهاتووە – وەك ئەوە دەبینێ، کە ڕاستەو ڕاست نیشانەی لە فەنابوون – نەمان – گرتبێت!. لێرەدا (نیشانە گرتنەوە بۆ فەنابوون) درکەیە بۆ مردن. دواتر ئەو – بەیتی پێنجەم – وادەبینێ، کە پیری سات بەسات بالای ئەچەمێنێتەوەو ئەوەش لە خۆیدا بەڵێنی یەك بەدوایەك هاتنی پۆژی دوایی پێدانیەتی. لێرەدا جگەلەوەی (بەڵێنی پۆژی دوایی دان) درکەیە بۆ مردن. لەلایەکی ترەوە مەولەوی باوەڕی وایە چەمینەوەی سات بەسات بەڵێنی هەستانەوە – قیامەت[١٤٧٦] – ی لە خۆیدا هەڵگرتووە. واتە مەولەوی لەنێو شتەکە خۆیدا دژەکەی دەبینێ، وەك چۆن لە بەیتێکی تردا باوەڕی وابوو، کە لەنێو هاتنە دونیادا نیشانەی مردن هەیە:

بە فام قەرینەی لوات ئاماتەن[١٤٧٧]

هەر لێرەشدا دەتوانین بڵێین مەولەوی بەجۆرێك لە جۆرەکان – باوەڕی بە مردنی دەمەکی (لحظوي) هەیە، کە جۆرێکە لە جۆرەکانی مردن لای عارفانو بە باوەڕی ئەوان مردن شتێکی کتوپڕ نیە لە دەرەوەی ئێمە بێت، بەڵکو سات بەسات لەگەڵماندایە[١٤٧٨]. واتە مەولەوی باوەڕی وایە تەمەنی مرۆڤ و قۆناغەکانی، لەوانەش پیری، بە مردنی ساتەکی، مرۆڤ بەرەو مردنی گەورە – فیزیکی – دەبات. هەر لە بەیتی (٣)دا، کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد،

[١٤٧٥] دیوانی مەولەوی، ل٤٥٨.

[١٤٧٦] دیارە (قیامەت) لە زمانی عەرەبیدا بەمانای (هەستانەوە)یە.

[١٤٧٧] بڕوانە: هەر ئەم پارە، ل٤٣٠.

[١٤٧٨] بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری سێهەم، چەمکی ژیان و مردن لە سۆفیگەری و عرفانی ئیسلامیدا، ل٨٤.

ئەو باوەڕی وابوو، کە هەناسەو هەناسەدانی وەک بای پاییزە، کە سات بەساتو بەدوای یەکدا گەلای لقی شادی ئەوەرێنێ.

دواتر شاعیر – بەیتی شەشەمو حەوتەم – خۆی وادەبینێ، کە پیری بەتەواوی هێزی ئەژنۆی لێبڕیوەو هەر بەزۆر سەری بە ملیەوە ماوە، بۆیە ئەو وەک عادەتی خۆی – لەم هەموو خەم و لاوازیە مەعنەوی‌و جەستەییەدا – پەنا بۆ هێزی مەعنەوی‌و ئارامی‌و هاوسەنگی پێبەخشی، کە ساقی – خودا – یە دەبات. دەستگرتنو هاوکاریەکەشی بەوە دەبێت، کە ساقی پیالەکەی پڕبکات لە مەی‌و بەیادی کۆڕی ئاهەنگی شاو گەورەکان – کە وادەزانین مەبەستی ئاهەنگی رۆحیی خوداو دۆستە عارفەکانی بێت – دەرخواردی بدات. بۆچی؟ تا مەست بێ، کە "مەستی لای عارفان بەمانای داگیرکردنی تەواوی خەسڵەتە دەروونیەکانی مرۆڤە، لەلایەن عشقەوەو عارفانی کامڵ بە بادەی بوونی ڕەها – خودا – سەرمەست دەبن"[١٤٧٩]. چونکە – بەیتی هەشتەمو نۆهەم – بەڕای ئەو مەستی مەعنەوی، گەنجیەتی بۆ پیرانو هێزی دووبارە بۆ ئەژنۆیان دەگێڕێتەوە. داوادەکات ئەو مەیەی بداتێ، تا یەک لەدوای یەکو بەدەم خواردنەوەوە (هەی) بکات – کە م.مدرس دەڵێ مەبەستی ئەوەیە هۆرە بکات[١٤٨٠] – و وادەزانین دووریش نیە مەبەستی (حەی) و حەی ئەڵڵا کردن نەبێت، کە هێمایە بۆ حاڵو مەستیی سۆفیانە، تا بەوە ڕێگای سەختی ژیانی پاش مەرگو مەحشەر ببڕێت.

ئەم شێوازی داواکردنە لە (ساقی) بەیتێکی هاوشێوەی ترمان بە بیر دەهێنێتەوە، کە زۆر لەمە دەچێت. واتە دەیەوێ بە قەترەیەکی مەی وا مەست ببێ، کە سەر لە مەحشەر – ڕۆژی دواییو ژیانەکەی تەوە – دەربێنێ، ئەوکات بێداربێتەوە.

دواتر داوای بەئاگابوونەوەو دەرهێنانی پارچە لۆکەی بێئاگایی لە گوێی دەکات، چونکە – بەیتی دەهەم – هەر ئەوەندەت زانی لەم گوزەرە تەنگەی بازاڕی گەردووندا – کە مەبەستی لەم ژیانەیە – ئەجەڵو سەرەمەرگ بە سمەکەیەوە – واتە مردن بە سمی ئەسپ دەچوێنێ

[١٤٧٩] د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات و تعبیرات عرفانی، ل٧٢١.

[١٤٨٠] دیوانی مەولەوی، ل٤٦٠.

— هاته سەرت!. واتە لێرەدا (ئەجەل — مردن) بە سمی ئەسپ، کە هێمای هێزو شێلانە چۆنراوە. بەهۆی ئەمانەوە، جارێکی تر هەست بە نیگەرانیو هەڵچوونی شەپۆلەکانی دەروونی شاعیر دەکرێت، بۆیە — بەیتی یانزەهەم — پەنا بۆ جیهانی مەعنەویەتو عرفان دەباتەوەو داوا لە موتریب — دەکات، بە ئاوازەکەی دەنگ هەڵبڕێو ئاوازێکی خەمباری وا لێبدات، کە گڕ بەر بداتە دڵی، تا بەڵکو بەوە لەو خەوی قورسی بێئاگاییە بێدار بێتەوە. لەبەرئەوەی — بەیتی دوانزەهەم— بە خۆی دەڵێ — تاکەی بێ ئاگایی دەکەیت! چونکە (هاوسەفەر ڕۆیشتو تێپەڕی) کە، درکەیە بۆ مردن. لێرەدا بە خۆی دەڵێ، لە خەو بێدار بە، درەنگە، کاروان تێپەڕی. کە دوبارە (کاروان تێپەڕین) درکەیە بۆ کۆچکردنو مردنی بەکۆی هاوسەفەرەکان.

٣-٢-١-١-٢/ تێڕوانینی (مەرگ پەسەندکەرانە):

— تێکستێکی گرنگ، کە جگەلەوەی درکەی مردنی تێدایەو توانیویەتی تا ئاستێکی زۆر تێڕوانینی مەولەوی بۆ گەردوون و ژیان و مردن لەخۆبگرێت، ئەو تێکستەیە، کە لە لاپەڕە (٤٢٩)ی دیوانەکەیدا هاتووە:

١— نەی گەهوارەی دەور تای دەسرازە خەم — تاکەی سەر ئەنگوشت غەفڵەت نە تۆی دەم!
٢—بازیت پێ وەردەن هەریەك وە لایێ — صەدای دایەنان وە لایەلایێ
٣—های نەفەرقش هەن ئەو صەداو تەئثیر — تا ئەو لاوناو ئەو مەزەو ئەو شیر
٤— هەر طفلێ بێ شك نەی بێشك خەفتەن — جەی دایە بڕیان بەو دایە جفتەن
٥— مەعدووم ئەر زەڕەی شێوەی فاماتەن — بەفام قەرینەی لوات ئاماتەن
٦— وەس خاکبازی کەر بێداریەر ئامان — بڕیانەوەی تۆبچ سەروەختش ئامان!
٧— هاوە قەفاوە یاند شی بەوێدا — چەم بێ بینایی مدێ وە ڕێدا!
٨— قەزا وە قومار نەپای باختمەن — قامەت حەڵقە بەست وەخت تاختمەن
٩— مطرب سازەکەت ئۆف چ وەش تەرز بی — ئەمجاریش وەك دەنگ مەجلیس هەر بەرز بی
١٠— تا کووڕەی زاریم بڵێسە سانۆ — داخ لوای وێم جە دڵ نەمانۆ

١١- داد نمەدۆ داد، شین مالوومەن لێم دمای وڕم پەرڕم هیچ کەس وێنەی وڕم![1481]

ئەو هەر لە سەرەتاوە - بەیتی یەکەم - گەردوونو ژیان بە بێشکەیەک دەبینێ، کە تای دەسڕازەکەی - تالی تووندکردنەوەی منداڵ تا نەجوڵێو نەکەوێ - بە خەم و مەینەت هۆنراوەتەوەو ئەو مرۆڤ بە منداڵێك دەزانێت، کە دەبێ لەم بێشکەی ژیانەدا، گەورە ببێتو تا سەر پەنجەی بێئاگایی نەخاتە دەمیەوە!.

ئەو پێی وایە - بەیتی دووەمو سێهەم - لەم بێشکەی ژیانەدا، لە هەموو لایەکەوە دەنگی لایەلایەی دایەنەکان - خۆ بە دایك نوێنەکان، کە مەبەست دایەنی دەروونی شەڕەنگێزو شەیتانە - دێتو ئەوەش مرۆڤ - بە شاعیر خۆشیەوە - فریو دەداتو بە دایکی ڕاستەقینەی دەزانێت!. ئەو باوەڕی وایە، حەتمیە، دەنگی ئەو لایەلایەی دایەنە درۆزنەکان، لە مێشکی مرۆڤدا کاری خۆی دەکاو تا مردن و لاواندنەوەی مردنو چێشتنی مەزەو شیری گۆڕ لە مێشکدا دەمێنێتەوە.

بە باوەڕی ئەو- بەیتی چوارەم- هەر منداڵێك - مرۆڤێك - لەم بێشکەی گەردوونو ژیانەدا خەوتبێ، حەتمیە، کە لە دایکی ژیان ئەبڕدرێتەوەو ئەنرێ بە بەری دایکی گۆڕو ژیانەکەی تڕەوە. وادەزانین، ئەم بەیتە - بەیتی پێنجەم - وەك ناوەڕۆك نزیکە لەو بەیتەی، کە مەولەوی بە مرۆڤەکان دەڵێ: ئەگەر فامت هەبێت، هەر هاتنە دونیات، نیشانەی مردنتە.

دواتر مەولەوی - بەیتی شەشەم - ئەو یاسا گشتیەی مرۆڤەکان - چوونە باوەشی دایکی ژیانو دواتر بڕانەوەو چوونە باوەشی دایکی مردن - تایبەتتر دەکات بەخۆیو ڕوودەکاتە خۆیو دەڵێت: بەس یاری بە خۆڵ بکە! و تکایە بێدار بەرەوە!، چونکە کاتی بڕانەوەی تۆیش لە مەمکی دایك هاتووە. لێرەدا (بڕانەوە لە مەمکی ژیان) درکەیە بۆ مردن. وەك بڵێت ئیتر کاتی ئەوە هاتووە، گەورە بیت[1482] و بەرپرسیاریەتی قەبوڵ بکەیتو ئامادەبی بۆ

[1481] دیوانی مەولەوی، ل٤٢٩.

[1482] چوون بەرەو گەورەبوون - گەورەبوونی مەعنەویو قوڵبینینی ژیانو دیاردەکانی - کرۆکی ئامانجی عرفانە. بڕوانە: د.عبدالکریم سروش، در حضور حضرت مولانا، جزو (١). www.dr.sorosh.com

مردن، چونکه — بەیتی حەوتەم — ئەوەندە پشتت کۆم بووەتەوە — بەهۆی پیرییەوە — کە بەڕێگادا ئەڕوانی، هیچ نابینی!. وەک م.مدرس دەڵێ تا ئێرە شاعیر قسە لەگەڵ خۆی دەکات، لێرە بەدواوە قسە بەدەم خۆیەوە دەکات — بەیتی هەشتەم — و ژیانی وا دەبینێ، کە قەزاو قەدەر وەک قومارچی خۆی بۆ ئامادە کردوە تا پێی بدۆڕێنێو بالای ئێستا چەمیوەتەوەو کاتی هێرشهێنانو تالانکردنی ژیانیەتی. لێرەدا (چەمانەوەی بالا وەک حەڵقەو هاتنی کاتی هێرش) درکەیە بۆ مردن. لێرەدا شاعیر مردن دەخاتە پاڵ قەدەرو قەزا[١٤٨٣] وەک قومارچی— کە قومارو زارهەڵدان لای شاعیر هەندێ جار دەبینرێ[١٤٨٤]— دەیەوێ لێیببەتەوەو گیانی لێ بستێنێ!.

زانین و بینینی ئەم هەموو حەقیقەتە تاڵو سامناکانە، وایلێدەکات پوو لە جیهانی ڕۆحو مەعنەویەت بکات — بەیتی نۆهەم و دەهەم — و داوا لە موتریب دەکات— کە لای عارفان هێمایە بۆ دابارێنانی بارانی مەعنەویەت یان پیر، کە بە ئاشکراکردنی هێماو حەقیقەتە گەورەکان دڵیان خۆشحاڵدەکات[١٤٨٥] —و پێی دەڵێت: ئۆف ئاوازی ساز‌ەکەت جاران چەند خۆش بوو، دەسا با ئەمجارەش وەک دەنگی کۆڕی ئاهەنگی یاران بەرزبێتەوە. تاوەکو بەو ئاهەنگو ئاوازە، کوورەی گریان بۆ خۆم، بڵێسە بسەنێتو داخی ڕۆیشتنی خۆم — مردنم — لە دڵدا نەمێنێ. لێرەدا (ڕۆیشتن) درکەیە بۆ مردن. بەڵام بۆچی گریان، ئایا لە ترسی مردنە؟. ئەو بێگومان وەک (تەواو مرۆڤ)ێک مردنی خۆی — ئەگەرچی بە ڕۆیشتن نەک کۆتاییهاتن دادەنێ — لای مایەی نیگەرانیە، بەڵام گریانی ئەو بۆ ئەوە نیە، بەڵکو گریانی ئەو — کە م.مدرس ئاماژەی بۆ نەکردوە — گریانێکی تەوبەکارانەیە — کە تەوبە خۆی

[١٤٨٣] زاراوەی (قەزاو قەدەر) لە پووی زانستیەوە هەڵەیەو ڕاستیەکەی (قەدەرو قەزا)یە، چونکە لەم بوونەدا کارو ڕووداوەکان سەرەتا ئەندازەگیریو پلانی لەلایەن دروستکەرەوە— خودا — بۆ دانراوەو دواتر ڕووەداو جێبەجێ دەبێت، نەک بەپێچەوانەوە. بڕوانە: ناسری سوبحانی، قەدەرو قەزا، ل٧.

[١٤٨٤] لای شاعیر زارهەڵدان و قومار وەک دەربڕینی یاریکردنی هێزە مەزنەکانی وەک گەردون، مردن، قەدەر بە مرۆڤو وەک گوزارشتێک لە دەستەوەستانی مرۆڤ لەبەردەم ڕوداوە گەردونیەکاندا دەبینرێ. بڕوانە: بەشی دووەم، پاری سێیەم، جیاوازی ژ(٤)، ل٢٩٨.

[١٤٨٥] بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٧٣٧.

بەمانای گەڕانەوە دێت بۆلای خودا[١٤٨٦] —. گریانێکە بۆ کەسێتی مەعنەوی، زیاتر لە کەسێتی مادی، گریانە بۆ تەمەنی بێ ئاگایی خۆی‌و کرداڕە ناشایستەکانی، کە کەس — وەک شاعیر خۆی لە بەیتی یانزەهەمدا دەڵێت — ئەوە نازانێ‌و ناتوانێ بۆ ئەو لایەنەی بگڕی.

کەواتە دواجار لەکۆی ئەم تێکستەدا ئەوە ڕوون بوویەوە، کە شاعیر مردن پەسەند دەکات‌و بە بڕانەوە لە شیڕی دایکی ژیان‌و چوونە باوەشی دایکی ژیانێکی تڕی دەزانێ، ئەگەڕچی هێشتا نیگەڕانی لەدەست گەڕدون‌و خەمی کۆچکردن و مردن — واتە ڕەگەزی مەڕگ پەسەندنەکەڕیی — دەبینڕێ.

— هەڕوەها مەولەوی لەمیانەی لاواندنەوەی دۆستێکدا — کە م.مدرس بە قادر بەگی کەیخەسرەو بەگی جافی دەزانێت — و لەنێو باسکردنی ئازایەتی ئەوو لاواندنەوەیدا دەڵێت:

١— ئیسە عام کەردەن مەڕگت دلێڕی شێڕ بەیداخان منمانان شێڕی!
٢— بەو هیلال نالْ کومەیت خۆش دەو مانگ شادی و زەوق هەردان بکەڕنەو
٣— مەڕگ بێ وادەت عەجەب ڕەنگێ ڕەشت شین وست ئەو دنیا، شادی ئەو بەهەشت!
٤— دنیا شینشەن نی یەنی تێشدا بەهەشت شادیشەن مەگێڵی پێشدا![١٤٨٧]

لە بەیتی یەکەمدا دەڵێت: مردنی ئەو — کە جاران تاکە شێڕی مەیدان بوو — و دیارنەمانی، ئازایەتی و دلێڕی بەناو خەڵکو ئازاو نائازادا کرد بەگشتی‌و تەنانەت وێنەی شێڕی سەڕ ئاڵاکانیش — کە جاران لە شەڕدا باوبوو — کە تەنها وێنەیەکی ڕووت زیاتر نین، خۆیان بە شێڕی ڕاستەقینە دەزانن!.

دواتر بەڕدەوام دەبێت لە باسکردنی ناوبڕاوو داوای لێدەکات لە خەو هەستێ‌و لە خاک بێتە دەڕەوە، چونکە نەک مڕۆڤەکان و شاعیر، بەڵکو سڕوشت لەوانە ئاسکەکانیش — کە

[١٤٨٦] بڕوانە: الأمام راغب الأصفهاني، مفردات الفاظ القرآن، ل٩٧.

[١٤٨٧] دیوانی مەولەوی، ل٣٧٢.

تینووی خوێنی تیغی ڕاوکردنی ئەون – بیری دەکەن، بەڵکو نوێکردنەوەی سروشتو ژیانیان بەوە.

لای شاعیر – بەیتی دووەم – هەستانەوەو سواربوونی ئەو بۆ ڕاوکردن و نەخشی نالّی ئەسپە خۆش غارەکەی لە مانگی یەك شەوە دەچێو شادی و زەوق لە هەردەکاندا تازە دەکاتەوە!.

دواتر باس لە ماتەمی هەمووان بە سروشتیشەوە دەکات، تادەگات بەو باوەڕەی – بەیتی سێهەمو چوارەم –کە مەرگی ناوەختی دۆست ڕەنگێکی سەیر دەڕێژێت، سەیریەکەش لەوەدایە، کە شینو گریانی خستە ئەم ژیانە (دونیا) و خۆشیو شادیشی خستە نێو بەهەشت!. دونیا شینیەتی کە ئەو لێی ڕۆیشتووەو بەهەشتیش شادیەتی، کە ئەو گەیشتووەتە ئەوێو تێیدا پیاسە دەکات!. واتە لێرەدا ئازیز میحوەرە، نەك شوێنی ناخۆشو خۆشی فیزیکی (دونیا – بەهەشت)[١٤٨٨].

کەواتە: لای شاعیر ئەوە ڕەنگی ئازیزە، کە ناخۆشیو شادی دەبەخشێت بە شوێنەکان، با ئەو شوێنەش بەهەشت بێ. واتە دواجار ئەم تێکستەش مەرگ پەسەندکەرانەیە، واتە گەرچی مردنی ئازیزی بەلاوە سەختو مایەی نیگەرانیە، بەڵام هاوکات چاوی لە پاش مردنەو خۆشی ژیانی جیهانەکەی تریش دەبینێ.

– لە دیدی شاعیرەوە مردنی فیزیکی کاتێك ڕوودەدات، کە ڕۆح هەڵستێتەوە – دیارە لەبەرامبەردا جەستە بچەمێتەوە واتە لاواز بێت – :

تەن خەمیاوە، یانی دەستووڕەن وادەی هۆڕێزنای گیان ئەو حزووڕەن[١٤٨٩]

لێرەدا (هەڵسانەوەی ڕۆحو چوون بۆ حزووری خودا) درکەیە بۆ مردن.

[١٤٨٨] ئەم دۆست میحوەرییە، لە عرفاندا زۆر دەبینرێ، بە نمونە ژنە عارفی ناسراو (رابیعەی عەدەوی) دەڵێت: خودایا ئەگەر لە ترسی دۆزەخ تۆ دەپەرستم بمخەرە ناوی‌و ئەگەر بۆ بەهەشتیش دەتپەرستم ئەوا بێ بەشم بکە لێی، من تەنها لە خۆشەویستی تۆدایە، کە تۆ دەپەرستم. بڕوانە: د.محمد مصطفى حلمي، الحب الإلهي في التصوف السلامي، ط١، ١٩٦٠، وزارة الثقافة والارشاد القومي، القاهرة، ل٦٤.

[١٤٨٩] دیوانی مەولەوی، ل١٢٨.

لێرەدا ئەم لەش چەمینەوەیە ئاماژەیە بۆئەوەی، کە کاتی ئەوە هاتووە گیان ڕاست بێتەوەو بچێ بۆ حزووری خودا، چونکە هەرکەس کە هەڵسێتەوە سەرپێ، ئەبێ جوڵەیەکی سەردانەواندنانەی بۆبکات، ئەوکات هەڵسێتەوە.

وادەزانین ئەم بەیتە مانایەکی تریشی هەیە – جگە لەوەی م.مدرس ئاماژەی پێکردوە –، ئەویش ئەوەیە، کە وشەی (هۆریزنای) لە زاری هەورامیدا بەمانای لەخەوهەڵسان دێتو لێرەوە ماناکەی تری ئەوەیە، کە مردن کاتێك ڕوودەدات، کە خەوی ژیان بەرەو کۆتایی بڕواتو مرۆڤ بێدار بێتەوەو بەوەش دەڕوات بۆ حزوری خوداوەند.

– مەولەوی گۆڕو شوێنی مردنی فیزیکی بە شاری بێدەنگان (خامۆشان) ناودەبات، گەرچی هاوکات بە شوێنی زیندووانیشی دادەنێ – زیندووە بێدەنگەکان! – و داوا دەکات لە هێزی باڵا – خودا – کە مرد، نەبێ بەمایەی زەحمەت بۆ هاوڕێ دراوسێکانی گۆڕستانی!:

وەختێ گۆشەی شار خامۆشان بۆ جێم نەبوون وە تصدیع هامسایان وێم[١٤٩٠]

لێرەدا (شاری بێدەنگان) درکەیە بۆ گۆڕو مردن.

٣-٢-١-١-٣/ تێڕوانینی (مەرگ وبستی):

ئەو لە شیعرێکدا، کە وەك دەردەکەوێ بۆ دووری دۆست نووسراوە– کە م.مدرس باوەڕی وایە بۆ لاواندنەوەی عەنبەر خاتوونە – یەکەم وشەی بە (دووریت) و باسی ئازاری دووری دەستپێدەکات و لەوە دەدوێ، کە هەموو شتێك لەلای شێوەی یار دەنوێنێو... تا دوایی، تا دەگات بەو بەیتە:

وە مەرگت، دیدەم، هام نەگوزەردا منیچ لام لای تۆن ئارۆ یا فەردا[١٤٩١]

[١٤٩٠] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

[١٤٩١] دیوانی مەولەوی، ل٢٣٦.

لێرەدا سوێند بە مەرگی ئازیزەکەی دەخوات و پێی دەڵێت دیدەکەم، منیش لە گوزەرو تێپەڕیندام، ئەمڕۆ یان سبەینێ جێگەم لای تۆ دەبێ. ئەمەش – خەمی گرانی دووری یار – وایلێدەکات، پەنا بۆ موتریبو ساقی ببات:

مطرب مەقامێ دەردم ناچارەن ساقی یا جامێ دۆس ئینتیظارەن

واتە موتریب – کە لە عرفاندا هێمایە بۆ ئەوانەی بارانی مەعنەویەت – فیض – دەبارێنن، کە بەهۆیەوە هێماو نهێنیەکان دێنە نێو دڵی عارفانەوەو ئاوەدانی دەکاتەوە[1492]، سەداو ئاوازت هەڵدە، و ساقی – خودا – پیاڵەیەك شەرابم بدەرێ – واتە مەرگم بدەرێ – چونکە یار چاوەڕوانمە، با بچم بۆلای.

کەواتە: شاعیر خۆی لە تێپەڕینو گوزەردا دەبینێ بەرەو جیهانی مردن، کە یار لەوێیەو داوا لە خودا دەکات کە شەرابی مەرگی – مردنی فیزیکی – بداتێ، تا بگاتەوە بە یار.

– لە تێکستێکی تردا، مەولەوی لە دەستی گەردوون – کە پێی وایە نایەڵێت سەعاتێك یان ساتێك بحەسێتەوە– هاوار دەکاتو داوا لە خودا دەکات یان بیگەێنێ بە یار – دووری و دابڕان نەهێڵێ – یان بیمرێنێ – بیکوژێ – و یان ئارامی بداتێ:

چەپ گەرد نمازۆ ساتێ فەراغەت ئەی خوا یا وەصڵ، یا مەرگ، یا تاقەت[1493]

کەواتە: شاعیر لێرەدا، لەبەر قورسی دووری یار – کە دیار نیە، کێیە داوای مردن دەکات.

– شاعیر لە بەیتێکدا، نزای مەرگ لە خۆی دەکات – واتە یاخوا بمرێ – ئەگەر دوای دوورکەوتنەوەی دۆست – دوورکەوتنەوەی جوگرافی نەك ئەنتۆلۆژی و مردن! – خۆشی بکات:

بادەی بێ وادەی فەنام وەردە بۆ شەرت بۆ، کامین شەرت، یاران کەردە بۆ[1494]

(بادەی لەناکاوی فەنابوون) درکەیە بۆ مردن. کەواتە مردن بە بادە دەزانێ. گەرچی مردن بە فەنابوونیش دادەنێ.

[1492] بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٧٣٧.

[1493] دیوانی مەولەوی، ل٢٠٠.

[1494] سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٤.

— هەروەها شاعیر لە تێکستێکی تردا داوای مردن لە خودا دەکاتو دەڵێت:

ئیمشەو وە هەرحاڵ شەو وەڕۆ بەروون ئەی خودا سامەرگ سەحەر چێش کەروون![1495]

لێرەدا دڵی شاعیر، کە ئارەزووی دیداری یارانی کردوە — کە وەک دەرئەکەوێو م.مدرس باوەڕی وایە مەبەستی یارانی زەهاوە — بەڵام نائامادەیی خۆی لەڕووی جەستەییەوە ڕێگرە، بۆیە لەو حاڵەدایە، کە دەڵێت: ئەمشەو هەر چۆن بێ ئەتوانم ڕۆژ بکەمەوە، بەڵام خوایە گیان مەرگم بدەرێ چونکە کە، سبەینێ هاتو بەم حاڵەوە — دژیەکی نێوان ئارەزووی دڵ و بێ توانایی جەستە — چۆن بتوانم ژیان بەسەربەرم!.

کەواتە: لێرەدا دوبارە مەولەوی داوای مردن دەکات لەبەرئەوەی ناتوانێ بە دیداری یارانی بگات. ئەم داوای مردنەش عاشقانە دەردەکەوێ زیاتر لەوەی عارفانە بێت، گەرچی بەرەو خواستی مردنی فیزیکیش دەڕوات.

لە دیدی مەولەوییەوە فریشتەی گیانکێشان پەیامبەرێکە تامەزرۆیی دەیخاتە فڕین، بۆ بەڕێکردنی مرۆڤە مەعنەویە گەورەکان بە نازو شکۆوە بۆ ژیانەکەی تر:

ئەی ڕەسوول ئارۆ شەوقش پەروازدا وەنازو ئیعزاز کار تۆ سازدا[1496]

لێرەدا (ئەی ڕەسوول — ئەم پەیامبەرە)، درکەیە بۆ فریشتەی گیانکێشان و مردن.

— مەولەوی لە شیعرێکدا — کە وەک دەردەکەوێ بەگشتی باس لە وادەی نزیکبوونەوەی مردنی خۆی دەکات — دەڵێت:

١— وەی من دیارەن پەنجەی تارمەن سەروەخت هامن نەو وەهارمەن

٢— صوبحم نەتۆی شەو مەخەتۆ وەکەردەم وەکەردەکەی بەد عومر وێەردەم!

٣— پۆس کووس گۆش نم کێشان کەم کەم ئەم سەرەو سەرەن دووربینەکەی چەم

٤— خەم بیم یانێ های پێم مدۆ خەبەر: نە دەرگای هەستی تەشریف بەر ئەوبەر!

[1495] دیوانی مەولەوی، ل٢٤٤. ئەم بەیتە بەتەواوی — جگە لە جیاوازی پیتی — ێ — لە غەزەلێکی تری شاعیردا هاتووە:

ئیمشەو وە هەرحاڵ شەو وەڕۆ بەروون ئەی خودا سامەرگێ، سەحەر چێش کەروون (مەولەوی، ل٢٣)

[1496] سەرچاوەی پێشوو، ل٩٩.

٥- جه حەد بەرشی یەن هەر یەند نزاریم نەمەندەن تاقەت پای پەردە داریم[١٤٩٧]

شاعیر لە بەیتی یەکەمدا دەڵێت: وادیارە ئەم چەند رۆژەی تەمەنم کە ماوە وەک پێنجەی تار وایە - کە ئەوەش مەبەست لەو پێنج رۆژەیە بەهۆی گۆڕانی فەلەکی سالآنەوە چارەکە رۆژێک و بە چەند سالٌ رۆژێکو بە بیست سالٌ پێنج رۆژ زیاد دەبێ - کە لەسەر هیچ حساب نیەو زۆرتر دەکەوێتە دوای ناوەڕاستی بەهارەوە - کەچی هێشتا من - شاعیر دەڵێ - ئەم هاوینی ژیانمە، بە دەمی بەهار ئەزانم و لام وانیە مەرگم نزیک بوبێتەوە.

دواتر - بەیتی دووەم - بە وێنەیەکی سوریالیستیانە - دەڵێت: بەرەبەیانم لەناو تاریکایی شەودا بە کرداری خراپی تەمەنی بەسەرچووم پێئەکەنێ - واتە ئەو شەو بە کرداری خراپی خۆی و ڕوناکی ئاسۆ بە پێکەنینی گەردوون بە کردارەکانی دادەنێ! -.

دواتر دەڵێت - بەیتی سێهەم - پێستی تەپڵی گوێم شێی هەڵهێناوەو هەرچی لێبدەن دەنگی لێوەنایەت - نابیستێ - چاویشم وەک دوربینی ئاوەژووکراوە شتی نزیک دوورەخاتەوە، کە وادەزانین ئەمە شاعیر لە مانای فیزیکیو باوەوە - نەخۆشی شت دوورخستنەوەی چاو لە پیریدا - بەرەو مانای قوڵو ئەنتۆلۆجی (وجودی) بردوە - واتە شتە نزیکەکانی وەک مردن بە دوور پیشان دەدات - دواتر دێتە سەر باسی (بوون). - بەیتی چوارەم - لێرەدا وەک شێوازی باو (ستایڵ)ی شاعیر، کە زۆرجار لە زمانی حاڵی شتە مادیو باوەکان - چەمانەوە لە پیریدا - مانای ئەنتۆلۆژی و عرفانی قوڵ دروست دەکات - لێرەشدا چەمانەوەی جەستەی وادەبینێ، کە هەواڵی پێدەدات کە، (لە دەرگای بوونەوە تەشریف - بەڕێکردن بەڕێز! - ببە بۆ ئەوبەر) کە، درکەیە بۆ مردنو مانای نزیکی جیهانەکەی تری پاش مردن دەگەێنێ.

لە دوابەیتدا دەڵێت:

جه حەد بەر شی یەن هەر یەد نزاریم نەمەندەن تاقەت پای پەردە داریم[١٤٩٨]

[١٤٩٧] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧٨.

[١٤٩٨] دیوانی مەولەوی، ل٤٧٦.

که م.مدرس وایلێکداتەوە: "ماوەی ژیانم هەمووی لە خزمەت پاشای ئارەزووبازیدا بردەسەر، ئێستا ئەوەندە پیرو لەپو لاواز بووم توانای پێش خزمەتیم نەماوە لە دیوەخانی پاشای ئارەزوو پەرستیدا"[١٤٩٩]، کە وادەزانین واتاکەی ئەوە نیە، چونکە لەو بەیتەدا هیچ وشەیەکی وای تێدا نیە، کە بە ڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ خزمەتکاری و پادشاو بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ ئارەزووبازی و شتەکانی تر بکات!. بەڵام وادەزانین تەنها وشەیەک کە م.مدرس لێکدانەوەکەی لەسەر هەڵچنیوە وشەی (پەردە داری)یە، کە ڕاستە لە کۆندا، بە کەسێک وتراوە لە دەربارى پاشاکان و گەورەکاندا کە چاودێری، کردنە ژورەوەی میوان بووە بۆ لای پادشا[١٥٠٠]، بەڵام مەولەوی لێرەدا بەهیچ شێوەیەک مەبەستی لە پەردەداری، پێش خزمەتی پاشای ئارەزووبازی نیە، بەڵکو مەبەستی پێش خزمەتی و پەردەداری مەعشوق – خودا – یە، کە عارفان ئەوکەسانەن کە لە دەرگای حەقدا وەستاون خەڵکی دەکەنە ژورەوە بۆ لای ئەو. بەڵگەیەکی بەهێزیش بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەم لێکدانەوەیە، هەر لە خودی بەیتێکی مەولەوی دایە، کە دەڵێت:

نە نازک خەیاڵ، ئیسە نەمونشیم پەردەی مابەین بیم، ویەردم، من شیم

کە م.مدرس خۆی، وایلێکداوەتەوە: (من جاران بەیەکگەێنەری پیرو مرید بووم دەمتوانی کاروباریان بۆ ڕاپەڕێنم، بەڵام ئێستا فەوتام و لەناوچووم)[١٥٠١]. واتە لێرەدا (پەردەدار) بەمانای بەیەکگەێنەر هات. ئەم بەیتەش وەک ناوەرۆک و بیر زۆر لە بەیتەکەی پێشوو دەچێت، کە وتی: ئەوەندە لاوازبووم، کە توانای پەردەداریم نەماوە.

بەڵگەیەکی تری ڕاستی لێکدانەوەکەمان ئەوەیە، کە پەردە لە فەرهەنگی عارفاندا بە مانای داپۆشەری نێوان عاشق– مرۆڤ –و مەعشوق – خودا – دێت، کە لەلایەنی مەعشوقەوە وەک پێویستیەک بۆ عاشق دیاریکراوە[١٥٠٢].

[١٤٩٩] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧٨.

[١٥٠٠] بڕوانە: د.حسن عمید، فرهنگ عمید، ج١، ل٥٣٠.

[١٥٠١] دیوانی مەولەوی، ل٤٣٢.

[١٥٠٢] بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٢١٢.

لێرەوە مانایەکی تری ئەو پەردەداریيە ئەوەیە، کە مەولەوی دەیەوێ بڵێت، ئیتر بەرگەی پەردەی نێوان خۆی‌و مەعشوق (خودا) ناگرێت و دەیەوێ زووتر – وەک لە دێڕی پێش ئەوەدا بەڕوونی ئەوەشی وت – بچێت بۆ ئەوبەر – جیهانەکەی تر – و بە مەعشوقەکەی بگات. کەواتە لێرەدا خولیای مەرگ ویستی عارفانە، لای مەولەوی دەرکەوت.

– ئەو لە تێکستێکدا، کە بەیتەکانی سەرەتای دەرخەری ئەوەن، کە ئارەزووی بە دیدار گەیشتنی ئازیزی هەبووەو بەڵام نەیتوانیوە ئەو خواستەی بەدی بهێنێ، کەچی ئەم ڕووداوە ئاساییە، بەرەو بابەتێکی نائاسایی وەک مردنی دەبات:

١– بەدبەختی ی منەن وە یانەم هەرەس ئازیزێ چون تۆ نمەگنۆم وە دەس

٢– سەروەخت هەستی جەدەس وەردامەن تەدارەک خەیر ئارۆو فەردامەن

٣– ساقی! دەس چەرخ هەر هانەکاردا تای تانتەی دووریش بەستەن وەداردا!

٤– تەمامەن بەرات قەبض و حەواڵەم دێرەن کەرەم کەر بدەر پیاڵەم

٥– تا هیممەت وازوو وە یەک پەیمانە خاڵی بۆ چێمەیچ گۆشەی مەیخانە[١٥٠٣]

ئەم ئازاری دووریيەش – بەیتی دووەم –، وایلێدەکات، کە وا هەست بکات، کاتی سەرەمەرگی هاتووە. هەر نیوە بەیتێکی ئەم بەیتە درکەیەکی بۆ مردن تێدایە. کە دەڵێت (کاتی دەست بەردان لە بوون‌و ژیانمە) درکەیە بۆ مردن‌و هاوکات (ئامادەکاری بۆ ڕۆیشتنی بەخێری ئەمڕۆو سبەینێ)ش درکەیە بۆ مردن. لێرەوە لە نەستی شاعیردا پەیوەندیەکی قوڵ لەنێوان دووری‌و مردندا هەیە، هەر لەبەرئەوەش دەرفەت نەڕەخسانێک بۆ بینینی ئازیزێک، وایلێدەکات بەرەو مەسەلە قوڵە گەردوونییەکان بڕواتو پێی وابێت ئەوە هێزی بالادەستی گەردوونە – بەیتی سێهەم –، کە وەک جۆلایەک بەردەوام بە تان‌و پۆکەی خەریکە پۆشاکی دووری بۆ شاعیر داوە بە داردا‌و بۆی دروست دەکات[١٥٠٤]!.

[١٥٠٣] دیوانی مەولەوی، ل٤٧١ – ٤٧٢.

[١٥٠٤] ئەم بە نەیارو دوژمن بینینەی گەردون‌و بوون لای مەولەوی زۆر دەبینرێ، و ڕەنگە زیادەڕەوی نەبێت، گەر بڵێین یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی ستایڵی ناوەرۆکی شیعری مەولەوی. بڕوانە: بەشی دووەم، پاری سێهەم، جیاوازی ژ(٧)، ل٢٨٨.

ئەم بەیتە پێش بەیتی ناوبراو دێت. بەڵام سەیر لەوەدایە، دوو بەیتی دواتریش — چوارەمو پێنجەم —، کە دواهەمین دوو بەیتی تێکستەکەشن، دووبارە دەچنەوە نێو باسی مردن!.

لە بەیتی چوارەمدا داوا لە ساقی — خودا — دەکات، کە ئەوەی پێویست بێ لە ژیان وەریگرتووە، بۆیە درەنگەو میهرەبانی بکەو پیاڵەی مەی م بدەرێ، کە (پیاڵەپێدان) درکەیە بۆ مردن. تا بەوەش — بەیتی پێنجەم — بە هیممەتو هێزی یەك پەرداخ مەی — مردن —، گۆشەی مەیخانە — دونیاو ژیان — لە ئێمە خاڵی بێت. (خاڵی بوونی گۆشەی مەیخانە — دونیا — لە ئێمە) درکەیە بۆ مردن. واتە لێرەدا مەولەوی داوای مەی لە ساقی دەکات تا هیممەتی بداتێ، کە هیممەت داواکردن لای عارفان، ئەوەیە، کە عارف خۆی بە سەربەخۆ لە خودا لە هیچ کارێکدا نەزانێو باوەڕی وابێت پشت بەستن بە هۆکار (أسباب) و کارو کرداری خۆ، بەشێکە لە شتە لەناوبەر (مهلكات)ەکان[١٥٠٥]. تا بەهۆی ئەو هیممەتەوە — کە بە نۆشینی مەی یەوە دێت — بڕۆم و گۆشەی مەیخانەی جیهان لە منیش خاڵی ببێت.

— شاعیر لە تێکستێکی تردا، باوەڕی وایە، یاران — مرۆڤە مەعنەویە دۆستەکانی — ڕۆیشتنو مردن. ئێستا نۆبەی ئەمیشە کە بڕوات بەدواياندا، بۆیە داوای مەی — مردن — لە ساقی — خودا — دەکات:

یاران وێەردەن نۆبەمەن دەی دەی ئیسە وەکارەن ساقی نەشئەی مەی[١٥٠٦]

لێرەدا (تێپەڕین و ڕۆیشتن) درکەیە بۆ مردنی فیزیکی.

گرنگی ئەم بەیتەو ئەم بەکارهێنانەی تێپەڕین لەوەدایە، کە شاعیر لە بەیتی دواتردا بەڕوونی داوا لە ساقی — خودا — دەکات، کە لە بەندی جەستەو ژیانی جەستەییانە ڕزگاری بکات:

سادەی تای دوگمەی یەخەی دڵ پەسەند ئازادکەر چون دڵ بێ دەردان جە بەند

[١٥٠٥] د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٨٠٠.

[١٥٠٦] دیوانی مەولەوی، ل٤٢٥.

دواتر چەند شتێکی تری لێ داوا دەکات، کە هەمووی لەپێناوی ئەوەدایە، کە لە بەیتی کۆتاییدا دەریدەبڕێ:

وە شنۆی نەشئەی مەستیم وانۆوە　　یەک ئەمجار جەدەس هەستیم سانۆوە

داوا لە ساقی – خودا – دەکات، کە بە نەشئەی فێنکی ئەو پرژەیە، مەستیم بخوێنەرەوە – واتە ڕەچاوی حاڵم بکە – و بەسەرم بکەرەوە – و بۆ یەکجاری لەدەستی (بوون) رزگارم بکە. لێرەدا (رزگارکردن لە دەستی بوون) درکەیە بۆ مردن.

٣-٢-١-٢/ مردنی ئیختیاری (مەعنەوی) لای مەولەوی

مەولەوی، وەک عارفەکانی تر، مردنی ئیختیاری (مەعنەوی) جێی بایەخیەتی، چونکە باوەڕی وایە تا ترادسیۆنو دابونەریتە نادروستەکانو ئاکارە ناشیرینەکان لە خۆتدا نەمرێنی، نوێبوونەوەی ژیانی ڕۆحی لە مرۆڤدا مومکین نیە. لێرەوە لە چەندین تێکستی دیوانی مەولەوی دا ئەم ئایدیایە بە شێوەی جۆراوجۆر دەبینرێ، کە ئەمە گرنگترینیانە:

١- ئیمشەو دیارەن بانگم بێ شەرمەن!　　زایەڵەی سەمتوور کەللەم وەگەرمەن

٢- صەدای زیل و بەم مەینەت صەد تەرزەن　　خەفەت شادیشەن!، خەم دەماخ بەرزەن!

٣- هۆشم بێ هۆشەن، فامم قامەت قاخ　　بۆی دووری ئازیز مەیۆم نەدەماخ

٤- نەی چی! درەنگەن سامەکەر درەنگ　　فیدای پەنجەت بام، نەی باوەر وەدەنگ

٥- هەر تەرزێ پەی وێش بکەرۆ ڕانێ　　گێرۆ نە دەروون هەر سازێ گانێ

٦- بجۆشۆ هەرکەس وەقەد نالەی وێش　　بنۆشۆ هەرکەس وە پیالەی وێش

٧- سادەی، صاحیب نەی! ڕیشەی دڵ کەر پەی　　تالیم دەر ئەی فەرد وە نەزمەکەی نەی:

٨- ئیمشەو وە هەرحاڵ شەو وەڕۆ بەروون　　ئەی خوا سامەرگێ، سەحەر چێش کەروون؟[١٥٠٧]

لە شیعرێکی شاعیردا کات شەوە – بەیتی یەکەمو دووەم – و هاواری بڵندو بێ شەرمانەیەو ئاوازی کەللەی وەک سەمتور گەرمەو دەنگدەداتەوەو دەنگی مەینەتی وەک

[١٥٠٧] دیوانی مەولەوی، ل٢١.

زیلوبەم سەد جۆر لێدەدات‌و خەفەت لە شادیدایە! و خەمیش – وادەزانین کە دەکرێ جگە لە خەم مانای چەمانەوەو زەلیلی بێت – سەری بڵند کردووەتەوە!. واتە دژەکان کۆکراونەتەوەو لەدەست دژەکان دەنالێنێ.

ئەو – بەیتی سێیەم – هۆشی بێهۆش بووەو باڵای درک‌و فامی چەماوەتەوە[1508] – یان وەک م.مدرس وایلێکداوەتەوە کە لە (قاخ)ی تورکیەوە هاتووە بەمانای هەستە – بڕۆیە[1509] – هەستەی لێکراوە. بۆیە – بەیتی چوارەمو پێنجەم – پەنا بۆ (نەی ژەن)[1510] دەبات، کە نەی بێنێتە دەنگ – واتە بیژەنێ – تا هەر ئاوازێك ڕازو نهێنیەك بگێڕێتەوەو هەر ئاوازێکی گازێك – ئازاری خواستراو – لە دەروون – دڵ – بگرێ، تا – بەیتی شەشەم – هەرکەس بە هێندەی نالەی خۆی بجۆشێو حاڵ بگرێو هەرکەس هێندەی پیالەی خۆی – توانای مەعنەوی خۆی – لەو ئاوازە مەعنەویە بنۆشێ[1511].

دواتر شاعیر باس لەوە دەکات کە دڵی – کە بە منداڵی دەچوێنێ – چەند ئارەزووی ئەو ئاوازی نەیە دەکات (بەیتی ۸–۹ دیوانەکە)[1512]. دواتر دوبارە ئەگەڕێتەوە بۆ باسکردنی پەشێوی عەقڵو فامو دەروونی خۆی، بۆیە داوا لە (نەی ژەن) دەکات – بەیتی حەوتەم – کە، نەی – ئاوازی مەعنەوی و دەنگی ئەزەلیەتی – بۆ لێبدات و بەوەش فێری بکات و پەروەردەی بکات‌و ڕیشەو بناغەی نهێنیەکانی دڵی سۆراغ بکات[1513] و بە قوڵایی نهێنیەکان

[1508] قاخ بەمانای چەمانەوە دێت. بڕوانە: هەنبانە بۆرینە، ل۵۸.

[1509] دیوانی مەولەوی، ل۲۳.

[1510] (نەی ژەن) لە عرفاندا ئەوکەسەیە، کە ئاوازو دەنگی شتە ئەزەلیو نهێنیە نەمرەکان دەدات بە گوێی خەڵك – سالك – داو نەیستانیش – شوێنی نەی – بە جیهانی ڕاستەقینەو بنەڕەتی مرۆڤ – کە جیهانی ڕۆح و جیهانەکەی تره – دەوترێ. بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل۷۷۵.

[1511] ئەم بەیتە زۆر پێدەچێ کاریگەری ئەو شیعرەی مەولانای لەسەربێ کە دەڵێت:

دم کە مرد نایی اندر نای کرد　　درخور نای است نە درخورد مرد

(نەی هێندەی خۆی ئاوازی لێ دەردەچێ نەك توانای نەی ژەن – خودا –) بڕوانە: مثنوی، دفتر دوم، ۱۷۹۳.

[1512] دیوانی مەولەوی، ل۲۲.

[1513] مەولەوی باوەڕی وایە، مرۆڤ بە مەستی مەعنەوی، دەتوانێ نهێنیەکانی (بوون) و ژیان سۆراخ بکات، ئەمەش لەم بەیتەدایە، کە تاڕادەیەك هاوشێوەی ئەو بەیتەی سەرەوەیە، کە دەڵێت:

و لەوێشەوە بە خۆشیو مەستی بگات. و ئەم بەیتەم، — شاعیر دەڵێ — بە ئاوازی نەی — زمانی رۆح و مەعنەویەت[1014] — فێر بکەو پێمبگەێنە.

لێرەدا — بەیتی هەشتەم — کە دەڵێت، ئیمشەو بەهەرحاڵ شەوو بەرەو ڕۆژ دەبەم، بەڵام خودایە دەسا مەرگێکم بدەرێ. واەدزانین مەبەستی مردنی مەعنەویە نەك مردنی فیزیکی، چونکە ئەو دەڵێت، لە سەحەردا، کە حاڵم گرانتر دەبێ، ئەبێ چی بکەم!. واەدزانین وشەی (سەحەر)[1015] لێرەدا کەمتر ئەو مانا ئاساییەی هەیە، کە بەو کاتە دەوترێ، کە دەکەوێتە نزیك تەواوبوونی شەوو دەستپێکردنی ڕۆژ، بەڵکو ماناو دەلالەتی تری هەیە، لەوانە: مانایەکی عرفانی هەیە، کە (سەحەر) لە فەرهەنگی عرفانیدا بەمانای "دەرەوشانەوەی ڕوناکیەکانی خودا دێت. هەروەها مەقامی ڕازو نیازی بەندە، سەحەری پێدەڵێن"[1016]. بەڵگەی ئەم ڕایەش لە بەیتەکانی تێکستێکی تردا — کە تێهەڵکێشی ئەمی دەکەین، چونکە یەك چەمکنو بەڵگەن بۆ ڕوونکردنەوەی یەکتر — دەردەکەوێ کە شاعیر دەڵێ: دڵەکەم — کە لای عارفان دڵ هێمای جێگەی ڕازو نهێنیەکانی حەق — خودا — یە[1017]، کاتی بەرەبەیان — کە هاوواتای سەحەرە — و بەهاری نوێیە، کە مەبەست بەهاری فیزیکی نیە، بەڵکو بەهاری مەعنەوی مەبەستە، چونکە ئەو بەهارە: وەخت ئاگاهی دەردەدارانە:

پێم دەر ناریشەی هەستی کەروپەی قوربان تۆبێ، نەی چی، دەستێ پەی نەی بڕوانە: بەشی دووەم، پاری دووەم، ل١٦٣.

واەدزانین ئەم بەیتەی مەولەوی کاریگەری حافزی شیرازی لەسەرە، چونکە ئەویش دەڵێ:

می بده تادهمت آگهی از سر قضا که به‌روی که شدم عاشق از بوی که‌مست

(مەیم بدەرێ تا لە نهێنیەکانی قەزاو چارەنووس ئاگادارت بکەمەوە). بڕوانە: ئەکرەم عەنەبی، مەحرەمی ڕاز (شەرحی غەزەلەکانی حافز)، بەرگی یەکەم، ل٣٣٨.

[1014] د.زكي نجيب محمود، دەڵێت: هەرکاتێك وشە توانای دەربڕینی نەما ئیتر مۆسیقا دێتە قسە. بڕوانە: د.زكي نجيب محمود (١٩٨٧)، الشرق الفنان، دار الشرق، القاهرة، ل٥٧.

[1015] سەحەر بێجگە لەو کاتە ئاساییەی کە دەکەوێتە نێوان تەواوبوونی شەوو دەستپێکردنی ڕۆژ، و جگە لەو مانا عرفانیەی کە لە فەرهەنگی عرفانیدا هاتووە، دەکرێ بەومانایەی سەرەوە (ئاوازی قیامەت) بێت.

[1016] د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٤٦٠.

[1017] هەر ئەو سەرچاوە، ل٣٨٧.

دڵەوادەی صوبح نەو وەهارانەن　　وەخت ئاگاهی ی دەردەدارانەن[1518]

واتە کاتی بەئاگا هاتنەوەی ئەوانەیە کە دەردی مەعنەوییان هەیەو بەڵگەی بەهێزیش بۆ ئەم تێڕوانینە ئەوەیە، کە دواتر یەکسەر باسی – عرفان[1519]– دەکات و بە ڕوونی دەڵێ:

هەرکەسێ دانش نەفامش نەبۆ　　بینی عرفانش زوکامش نەبۆ

هەرکەسێ زانینی نەزانانی – عەقڵی بێ عەقڵانی – نەبێو بۆنکردنی عرفانی[1520] ئەو هەڵامەت و نەخۆشی – مەبەستی نەخۆشیی هەستی مەعنەوی – نەبێ، و گرفتی لووت گیرانی نەبێ، ئەوا:

پەی پەی بۆی ئازیز مەیۆش وە دەماخ

ئەوا پەیتا پەیتا بۆنی ئازیز – خودا – دەدات لە لووتی. دەسا:

جەی بۆی گیان بەخشە بێ بەش مەمانە

خۆت لەو بۆنە – بۆنی مەعنەویەت – کە گیان بەخشو مرۆڤ زیندووکەرەوەیە، بێ بەش مەکەو:

ئەی سوبحە خاسە وە فرسەت زانە

ئەم بەیانیە – بەیانی مەعنەوی – یە باشە بە هەل بزانە – کە پەیتا پەیتا بۆنی ئازیز دێت – چونکە:

تۆ دیای وە شۆن چەن صوبح تۆدا　　کەو چەند صوبح بدیۆ وە شۆن تۆدا

[1518] دیوانی مەولەوی، ل٢٤٧.

[1519] (عرفان) لە شیعری مەولەویدا وەک وشە تەنها پێنج جار هاتووە، کە ئەمە یەکێکیانە.

[1520] لای عارفان بۆنکردن (بەمانای بۆنکردنی مەعنەوی) زۆر جێگەی بایەخەو ئەوان پێیان وایە عارف وەک یەعقوب پێغەمبەر (د.خ) وایە، کە زۆر زوو بۆنی پاڕو نهێنیە شاراوەو مەعنەویەکانی وەک کراسی مەعشوق – یوسف – کە لێرەدا هێمایە بۆ خودا – دەکات، کە ئەو بۆنە سەرەتاو پەیامە بۆ نزیکبوونەوەو هاتنەوەی دۆست – خودا –. بڕوانە: د.عبدالکریم سروش، شرحی دەفتەری دووەمی مثنوی. www.dr.sorosh.com

هەر ئەم مانایەش بەڕوونی لای خودی مەولەوی هاتووە، کە بە پیرەکەی دەڵێ:

دەماخ وە نەشئەی سەربەرزان کەیل　　مورشید میراو سەرجۆی بادەی لەیل

(ئەی کەسێ لووتت پڕ بووە لە بۆنی خۆشی پایەی بەرزی بە خوا گەیشتن، وە ئەی ڕێ پیشاندەر، کە وەک میراوی جۆگەی خۆشەویستی لەیل – کە وادەزانین مەبەستی خودایە– ی). بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل٢٦٥.

لێرەوە دێتەوە بەرەو بەیانیو کاتی فیزیکیو دەڵێت: تۆ ڕوانیت بەدوای چەندین بەیانی نوێدا — واتە بەدوای تێپەڕینی چەندین ڕۆژدا ڕوانیت و خۆت مایتەوە — بەڵام ئاخۆ چەند بەیانیش — پاش مردنت — دەڕوانێ بەدوای تۆدا!.

کەواتە داواکردنی مردن بەر لە هاتنی سەحەر — مردن و زیندووبوونەوەی فیزیکی (قیامەت)[1521] داواکردنی مردنی مەعنەویو عرفانیە، تا لە خەمو پەشێوی دەروونیی ڕۆژگار ڕزگاری بێتو پەنا بۆ نەی ژەن — کە هێمایە بۆ خودا[1522] دەبات، کە ئاوازی مەعنەوی بۆ لێدراتو نهێنیو ڕازەکانی دڵ سۆزاخ بکاتو ئەو بەیتەی کە — کە بەیتی مەبەستمانە (بەیتی هەشتەم) — بە ئاوازی مەعنەویەوە بۆ لێبدات تا لە قوڵایی ناخیدا هەست بە بەیانی مەعنەوی بکاتو لەگەڵ دەردەداراندا — عاشقانی خودا و مەعنەویەت — بەئاگا بێتەوە[1523] و بۆنی نزیکبوونەوەی دۆست — خودا — بکات.

— مەولەوی لە شیعرێکدا هەر لە بەیتی یەکەمەوە ڕووەکاتە ئازیزو سوێند دەخوات بە مەرگی:

ئازیز وە مەرگت دڵ نەخرۆشەن ئارەزووی خەدەنگ پەنجەکەی تۆشەن[1524]

پێی دەڵێت: کە دڵی لە جۆشو خرۆشدایەو ئارامی لێهەڵگیراوە، چونکە ئارەزووی تیرێکی پەنجەکانی ئەوە دواتر باس لەوەدەکات، کە ماوەیەکە تیری ئەوی بۆ نەهاتووە، بۆیە

[1521] بەڵگەی ئەوەی، کە مەولەوی بەیانی بەمانای زیندووبوونەوە (قیامە) بەکاردێنێ. وەك ئەم بەیتە کە دەڵێت:

صوبحم نە تۆی شەو مەخەنۆ وەکەردەم وەکەردەکەی بەد عومر وێەردەم! بۆ لێکدانەوەی ئەمەش بڕوانە: هەر ئەم پارە، ل٤٤٧.

[1522] لای عارفان بە ڕوونی ئەوە هاتووە، مەولانا دەڵێ:

ما چو نائیم وندا درما ز تست ما چو کوهیم و صدا درما ز تست

بڕوانە: بەشی دووەم، پاری سێیەم، لێکچوونی ژ(٩)، ل٢٨١.

[1523] وادەزانین هەر ئەم مانایەو هەر ئەم بەکارهێنانەی وشەی (سەحەر) لە شیعرێکی تردا دەبینرێ، کە م.مدرس بە پارچەی تەواوکەری ئەم شیعرەی دادەنێ، کە دەڵێت:

مەعدوومی، غەفڵەت تا چەند و پەی چی! گۆش دەر وەناڵەی سەحەری نەی چی بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل٤٧٥.

[1524] دیوانی مەولەوی، ل٥٤.

خەریکە دڵی ساکن دەبێ، – کە نایەوێ ساکن بێ – و خەریکە لووتی بەرز دەبێتەوەو لەخۆبایی دەبێت!—:

خەیلێوەن نامان تیرەکەت، ئامان نامان وە سەروەخت بیمار زامان

وەختەن ساکن بۆ، قوربان سا تیرێ! دەماخش بەرزەن، دەخیل زنجیرێ!

کەواتە ئەو تیرە تیرو ئازاری ئیجابیەو لەخۆبایی بوونی دڵ نامێڵێ. بۆیە تکایە زنجیرێك – جگە لە تیرەکە – تا بیبەستێتەوە – مەبەستی زنجیری عشقە وەك لە دواتردا دەردەکەوێ بۆچی ئەو تیرەی دەوێ؟ چونکە خەریکە دڵ لە خۆی بایی دەبێتو بەوەش:

نەوا جە حیکمەت بەر بشۆ وە بەر جار جار وە تیرێ دڵ نەواییش کەر!

نەوەك دڵی بەهۆی ئەو لەخۆبایی بوونەوە، لە حیکمەت! کە بریتیە لەو هێزە عەقڵیە پراکتیکیەی، کە دەکەوێتە نێوان زیادەڕەوی (افراط)، کە بەهۆیەوە کارەکان دەبن بە فێڵ و خراپە، و کەمڕەوی (تفریط)ەوە، کە بەهۆیەوە کردارەکان دەبن بە ساویلکەییو بێ عەقڵی[1525] دەربچێت.

کەواتە مەولەوی دەیەوێ لە زیادەڕەوی لەخۆبایی بوونی دڵ، بپارێزرێ، و هەروەك دەکرێ مەبەستیشی لە دەرنەچوون لە حیکمەت ئەوە بێت، کە حیکمەت – لەڕێگەی تیری یارەوە – ئەو بەڵگە یەکلاکەرەوە بێت – وەك نیشانە شکاندن – کە بوار بۆ گومان نامێڵێتەوەو[1526] دەبێتە هۆی ناساندنی خودا بە مرۆڤ. هەر خودی وشەی (تیر)یش بەمانای عرفانیو وەك هێمایەك بۆ ئاگادارکردنەوە لەلایەن مەعشوقەوە – خودا – یان پیرو عارفانەوە بەکارهاتووە. وەك بەڵگە بۆ ئەم بۆچوونەمان، حافزی شیرازی دەڵێت:

تیر آه ما ز گردون بگذرد حافظ خموش رحم کن بر جان خود پرهیزکن از تیرما

(لەسەر زاری عاشقانو عارفانی ئەهلی دڵەوە بە حافز دەڵێت: بێدەنگ بەو نەێنیو ڕازی عیرفانی بڵاومەکەرەوەو لای هەموو کەسێ باسیان مەکە، تیری ئێمەی عارف ئەوەندە

[1525] بڕوانە: د.عبدالمنعم الحفني، المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفة، ل٣١٤.

[1526] هەر ئەو سەرچاوە، ل٣٦٤.

کاریگەرە کە لە ئاسمان تێپەڕ دەبێتو کاریگەری لە جیهانی بالاش دەکات، بۆیە لە تیری ئێمە بترسە)[1527] بۆیە مەولەوی دواتر دەڵێت:

جار جار وە تیرێ دڵ نەواییش کەر!

جار بەجار بە تیرێك – ئازارێکی ئاگادارکەرەوە – دڵنەوایی دڵم بکەو:

وەش وەش تای توغرای وێت بنمانە پێش

خۆش خۆش، ناخۆشیو ئازارم پێبدە! – بە پیشاندانی تای توغرا – زوڵفت –. دوور نییە، مەولەوی مەبەستی لە توغرا (زوڵف) نەبێت، بەڵکو بگەڕێتەوە بۆ مانا بنەڕەتیەکەی – بەر لەمانای زوڵفو جوانی یار بێت – کە توغرا لە کۆندا بە خەتێکی جوانی چەماوەو لەنێو یەکدا بوو وتراوە، کە زۆرتر بۆ مۆرو ناوی پادشاو نامەو فەرمانەکانیان بەکارهاتووەو دواتر شاعیران ڕوخساری جوانی ئافرەتانیان بەوە چواندوە. لێرەوە پێدەچێ مەولەوی بڵێ تۆ ئەی یار– خودا یان پیر– نیشانەو فەرمانی گەورەییو جوانیتم پێ نیشان بدە، تا هەر بەئاگابم و عەشقو یادی تۆ– با ئازاریشی هەبێت– ساڕێژ نەبێ[1528].

با هەر ناسۆر بۆ، زوو نەبۆ ساڕێژش

تا دڵم بە بریندارێ و ئازارەوە – ئازاری عشق و ئاگادارکردنەوەو یادی تۆ – بمێنێتەوەو ساڕێژ نەبێ.

کەواتە: مەولەوی لێرەدا بەڕوونی داوای تیری مەعنەوێو ئازارو کوشتنی مەعنەوی لە یار دەکات، تا دڵی – کە چەقی مرۆڤە – لە لەخۆبایی بوون و دەرچوون لە حیکمەت بپارێزرێت.

– شاعیر لە شیعرێکدا – وەك ئەوەی م.مدرس باسیکردوە – بەگشتی باس لە گیرۆدەبوونی دۆستێك بە عشقی حەقیقی – عرفانی – و ئەو باسو خواسە عرفانیانەی، کە لە ڕوانگەی ئەزموونی عرفانی خۆیەوە بینیویەتی دەکاتو وەك حاڵزانێکی گیرۆدەبوانی تۆڕی عشق، هەندێ ڕێنمایی ئەو دۆستەی دەکات، لەوانە:

[1527] بڕوانە: ئەکرەم عەنەبی، مەحرەمی ڕاز (شەرحی غەزەلەکانی حافز) بەرگی یەکەم، ل٢٨.

[1528] بڕوانە: د.حسن عمید، فرهنگ عمید، چ٢، ل١٦٧١.

١- دەخیل زووتەر کێش پات ئەو دماوە نەگنی نەی تۆڕدام وە هەردوو پاوە!
٢- جەودما وەدەس بای ئیستیغناوە لەرزی وە سەرتەڵ دار فەناوە!
٣- سەروەنەت ببێ وە بارگەردەن بوازی هەرسات ئاوات وە مەردەن!
٤- نە پەی ئەو پەوپەی بەینەت داری بێ نە پەی تۆبچ وە مەرگ پستگاری بێ!
٥- ئەو صەبر، ئەو تاقەت، ئەو تەوانای دەرد نەدیت خەرجم کەرد، فائیدەش نەکەرد!
٦- ئیسە سۆچیای گەرمی دڵ سەردیم! سەودایی سارای دەرد بێ دەردیم!
٧- ئەر مژنەدوی خاس، وەر نە مزانوو مەرگ پەرێ تۆبچ مدۆنە زانوو[١٥٢٩]

لە بەیتی یەکەمو دووەمدا داوای لێدەکات زووتر پێ بکێشێتە دواوە، پێش ئەوەی بە هەردوو پێیەوە بکەوێتە ئەو تۆڕ داوەوە - تۆڕ داوی عشقی خودایی! - ئەگینا لەوەو پاش بەسەر تەڵی داری لەناوچوونەوەو بەدەم بای بێ موبالاتی (استغناء)[١٥٣٠] دۆستەوە ئەلەرزێ!. بەجۆرێك - بەیتی سێهەم - کە، سەرت ببێ بە بار بەسەر ملتەوە - واتە خۆت لە خۆت بێزار بی - و هەر ساتێك ئاوات بخوازی بە مردن - واتە لەدەست بێ باکی دۆستەوە ئاوات بە مردن بخوازی -. ئەوکاتەش - بەیتی چوارەم - نە ئەو ئاگای وەفاو بەین دەزانێ، نە تۆش بە مردن رزگارت ئەبێ!.

واتە بە ئازاری پیشاندانی بێ نیازیو بێ باکی دەتخاتە حاڵێکەوە کە بە مردنیش - کە پێدەچێ مەبەستی مردنی مەعنەوی بێت و ئەمەش بەو مانایە نیە، کە مانای مردنی فیزیکیشی مەبەست نەبێ - رزگارت نابێ.

دواتر مەولەوی - بەیتی پێنجەمو شەشەم - باس لە حاڵی خۆی دەکاتو دەڵێت: نەتدی من چەند خۆم ڕاگرت کەچی کەڵکی هیچی نەبوو؟ چونکە نێستا سووتاوی گەرمای دڵساردی - ژیان لەنێو دژەکاندا - یارم! و گرفتاری دەردێکم کە بێ دەردییە!.

[١٥٢٩] دیوانی مەولەوی، ل١٢٦.

[١٥٣٠] عارفان باوەڕیان وایە یەکێك لە هۆکارەکانی پێگەیاندنی مەعنەویی مرۆڤی عارف (بێ نیازی)و (بێ باکی) نواندنی خودایە. بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٤٥٧.

ئەگەر گوێم بۆ شل بکەی — بە کشانەوەت لە تۆپی عشقی مەعشوق — کە زۆر زەحمەتەو ئەو سەختیانەی تێدایە — ئەوە باش دەکەی، ئەگینا دەزانم کە مردن — مردنو کوشتنی مەعنەوی (عرفانی) — بۆ تۆش دێتە سەر ئەژنۆو خۆیت بۆ ئامادە دەکات.

کەواتە شاعیر لێرەدا وەک حاڵزانێکی مەعنەویو عرفانی، ڕێبوارێکی نوێی ڕێگەی مەعنەویەت لە قوربانییەکانی ڕێگای عشقو مردنی عشقی عرفانی ئاگادار دەکاتەوە[1031].

— دیارە مەولەوی بەوە ناسراوە، کە حاڵزانی دەروونییو ڕۆحیی خەڵک بووە[1032]، بۆیە دۆستێکی — کە وەک دەردەکەوێ، دوچاری دەردی عرفانو عەشق بووبێت — نامەیەکی بۆ دەنووسێ کە پوختەکەی ئەمەیە:

مەضموون: **هەوای مەرگ، زامداری تیرت پەنهانی قاتیل، دەواو، تەدبیرت**[1033]

کە مانای ئەوەیە، ناوەڕۆکی نامەکەت ئەوەبوو، کە بە تیر — کە هێمایە بۆ گیرۆدەبوون بە دەردی عرفانو عشق — گرفتاریو نازانی کێ برینداری کردووەتو چارەت چیە؟، بۆیە ئارەزووی مردنت کردوە! دواتر مەولەوی جگە لە هاوسۆزی دەربڕینی خۆی، وردە وردە لێکدانەوە بۆ حاڵی دەکاتو پێی دەڵێت: بۆیە کەوتوویتە پەلەقاژە، چونکە تازە هەوارگەی عەشقت کردوە بە مەنزڵ و حەپەساوی لە هاژەی باڵی دەردو مەینەت (بەیتی ۸). هەمان ئەم چەمکە بەجۆرێکی تر لە بەیتی (۱۷)دا دەردەبڕێت، کە هۆکاری ئەم حاڵەی بۆ تازە دڵداریو قاڵ نەبوونی ناوبراو دەگێڕێتەوە. هەروەها دەردەکەی دەگێڕێتەوە بۆ دووری لە دۆست، کە نەخۆشی دووری دۆستەو پێی دەڵێ: ڕێت کەوتووەتە پێچی ڕێگای تەم داگرتووی دووری (بەیتی ۹). دواتر پێیدەڵێ: فام و تێگەیشتنت باڵەخانەی مێشکتی

[1031] ئەم حاڵەتە لە عرفانداو لە عشقدا زۆرجار ئاماژەی پێکراوە وەک لە باسی (تیر)دا باسمانکرد. بڕوانە: هەر ئەم پارە، ل۳۳۵.

[1032] وادەزانین بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە، کە (بولبول)ی شاعیر، لەمیانەی ئەو شیعرەیدا کە بۆ مەولەوی نوسیوە، لە بەیتی دووەمی شیعرەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات:

وە غەڵەت مەشهور حاڵ زان، دەردان پەی ویت وەرپاکەر هەناسەی سەردان بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل۱۷۲.

[1033] دیوانی مەولەوی، ل۲۱۰.

جێهێشتووە، ئەگینا خێرە کە دەڵێی قاتڵەکەم[1034] — مەبەستی مەعشوق — خودا یان پیرە کە بەتەواوی ڕوون نیە کامیانە — دیارە کێیە (بەیتی ١٠). دواتر باسی ڕەفتاری کوشتنی عاشقانەی یار بە تیر دەکاتو پێی دەڵێت: ئەگەر داوای چارە لە من دەکەیتو ئومێدت ڕزگاربوونە لەو دەردە، ئەوا ڕزگاری و تەگبیرت ئەمەیە:

مەبۆ وەخت سەخت ئامان ئاوەردەت ڕەماو پەلەپەل هەردەو هەرد کەردەت

پێی دەڵێ، تەگبیرت ئەوەیە نابێ لەکاتێکا، کە ئەو دۆستە زامێکی سەختت لێ ئەکا تۆ ڕابکەیت و پەلەپەل لەم هەرد بۆ ئەو هەرد هەڵبێیت، چونکە تا تۆ زیاتر ڕابکەیت خوێنت زۆرتر لێ ئەڕوات و ئەویش شوێن پێت هەڵئەگرێو ئەتدۆزێتەوەو تیری ترت پێوە دەنێ، بەڵام ئەگەر لە شوێنی خۆتا بکەوی و خۆت بمرێنی وائەزانێ مردویتو وازت لێدێنێ (بەیتی ١٤—١٥). چونکە نازانی:

پەی چێش تا ئیسە لێت مەعلوم نی یەن صەیاد جە وا کوژ درێغش نی یەن!

(بۆچی تائێستا نەتزانیوە کە ڕاوچی — هێمایە بۆ خودا یان پیر — درێغی ناکات لە دوبارەکردنەوەی کوشتنی نێچیر).

هەر لێرەدا وشەی (دوبارە کوشتن) دوبارە هێمایە بۆ مراندنی مەعنەوی و ئیختیاری، کە مەعشوق (خودا) بۆ پێگەیاندنو زیندووکردنەوەی عاشقان ئەنجامیدەدات.

کەواتە: لەم شیعرەدا مەولەوی باس لە کوشتنو مردنی ئیختیاری (عاشقانە) دەکاتو ڕێنمایی ئەو تازە عاشقە دەکات، کە چارەسەری ئەوەیە خۆی لەبەردەم مەعشوقدا بمرێنێ و بەوە ڕزگاری دەبێت.

[1034] بۆ بەڵگەی ئەوەی کە (بکوژ — قاتڵ) وەک هێمایەک بۆ مەعشوق — خودا — لای عارفان بەکاردێت، حافز دەڵێت:

حسن بی پایان او چندانکه عاشق می کشد زمره‌ای دیگر به عشق از غیب سربر می کنند

عاشقان هەمیشە لە عەشقی جوانی مەعشوقدا دەژین و ئەم جوانییە بێ کۆتاو دوایی نەهاتووەی مەعشوقیش دەبێتە قاتڵو بکوژی عاشقان، کەچی لەهەمان کاتدا کە عەشقی جوانی یار — خودا — عارفانو عاشقان دەکوژێت، هەر خودی عەشقەکە کۆمەڵێکی دیکە بەرهەمدەهێنێ، کە عاشق بنو ڕێگەی دوورو خەتەرناکی عەشقی ئیلاهی بێ عاشق نابێتو سەرچاوەکەشی هەر جوانی مەعشوقەو عەشقی ئەوە. بڕوانە: ئەکرەم عەنەبی، مەحرەمی ڕاز (شەرحی غەزەلەکانی حافز) بەرگی دووەم، ل١٧٣.

شاعیر لەمیانەی وەسفکردنی یارێکی جواندا — کە ڕوون نیە ئەو یارە یاری عرفانیە — خودا یان پیر — یان یاری عاشقانەیە، دەڵێت:

سەردا وەهەم دا تانوپۆی جەرگم　　نمانا مەحشەر غەرغەرەی مەرگم[1535]

بەڵام ئەوەی ڕوونە، ئەوەیە، کە تیری — ئازارو بریندارکردنی عاشقانە — ئازاری ئەو دۆستە، نەشئەت بەخش — پێگەێنەرو خۆشی بەخشە —:

هەر ئێشێ جەنێش تیر ئەو کەسەن　　نەجای نەشئەی نۆش (نشأتین) وەسەن

زاراوەی (نەشئەت) وەک م.مدرس ئاماژەی پێکردوە مەبەست لێی هەردوو پەیدابوونەکەیە، واتە مەبەست لە هەردوو دونیاکەیە[1536]— راستتر هەردوو ژیانەکەیە —. هەروەک وادەزانین دەکرێ مەبەستیش لێی لەدایکبوونەوەی دووەمی عرفانی بێت، کە عارفان باسی دەکەن، چونکە جگەلەوەی (نشأتین) بەمانای دوو پێگەیشتنو دروستبوونەوە دەگەێنێ، وشەی (نەشئەت) لە عرفاندا بۆ هەریەکێك لە قۆناغەکانی گواستنەوە بەرەو کەمالّ (تکامل) دەوترێ، وەک نەشئەتی دونیا، نەشئەتی بەرزەخ — گۆڕ — نەشئەتی جەستەیی ڕەهاو...هتد[1537]. بە هەرحالّ تیری دۆست — ئەگەر عاشقانەش بێت — لای مەولەوی هۆی دووبارە پەیدابوونەوەو ژیانەوەو چوون بەرەو کەمالّە لەلای لەبری مەی هەردوو جیهان — کە دەکرێ مەبەستی لە مەی مادی ئەم جیهانە یان مەی مەعنەوی ئەم جیهانەو مەی ئەو جیهانە (بەهەشت) بێت — بەسە، بەڵام وانەبێ ئەوەندە ئەو کارەش بەئاسان کرابێت، چونکە — وەک لە بەیتی پێشووتردا وتی — لەتاو ئێشی تیری ئەو دۆستە، تانوپۆی جەرگی تێکچووەو کاتی گیان دەرچوونی بەو نیشانداوە.

[1535] دیوانی مەولەوی، ل٤٨٦.

[1536] هەر ئەو سەرچاوە، ل٤٨٦.

[1537] بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٧٦٢.

کەواتە: لەم شیعرەدا تیری یار دەبێتە هۆی دووبارە پەیدابوونەوە – لەدایکبوونی دووەم[1038] – ی ئەوی عاشقو خۆشیی ئەو کوژرانو زیندووبوونەوەش، لە مەی هەردوو جیهان خۆشترە. کەواتە: کوژران بە عشقو دوبارە لەدایکبوونەوە بە کوژرانی عشق – مردنی مەعنەوی – لای مەولەوی هەیە.

– تێکستێکی گرنگ، کە باس لە مردنی ئیختیاری (مەعنەوی) لای شاعیر دەکات، ئەوەیە، کە شاعیر پاش باسکردنی مردنی جەستەیو بەخۆڵ بوونی خۆی دەکات، ئەوکات داوا لە دۆست – کە وادەردەکەوێ (پیر) یان دۆستێکی مەعنەوی بێت – لە گڵی وردبووی پاش مردنی، (بولبول)[1039]ێك دروست بکات. تا (یار) کە هات بۆ ڕاوکردن – ڕاوی مەعنەوی – ببینێو ڕاوی بکات!. لێرەدا شاعیر بەڕوونی داوای هاتنی تیری یار دەکات، تا پاش کوشتن بۆ مردنێکی تر زیندووی بکاتەوە:

خەدەنگێ هەنی هەوا دەڕۆوە پەری مەرگیۆتەر ئیحیام کەڕۆوە[1040]

کەواتە: ئەمەش یەکێکە لەو شیعرە دیارانەی مەولەوی، کە داوای کوشتن – مردنی مەعنەوی – لە مەعشوق – خودا – دەکات، چونکە باوەڕی وایە ئەو کوشتنە زیندووکردنەوەیە. واتە لێرەدا بەڕوونی مەولەوی دەڵێ ژیان لە مردندایەو مردنیش لە ژیاندایە.

– شاعیر لە تێکستێکداو لەمیانەی باسکردنی هۆکارەکانی نامە نەنوسینی بۆ پیرە مەعنەویەکەی – کە گلەیی لێکردوە –، هۆکاری سێهەمی ئەو کارە بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە، کە:

سێ یەم، خەمگینیم جەدەس خەجڵەتەن خەجڵەتم جەدەس، سەختی ی غەفڵەتەن[1041]

[1038] لەدایکبوونی دووەم زاراوەیەکی دیاری عرفانیە. بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری سێهەم، چەمکی ژیانو مردن لە سۆفیگەری و عرفانی ئیسلامیدا، ل١٢٢.

[1039] (بولبول) لە فەرهەنگی عرفانیدا ناماژەیە بۆ (ڕۆح) یان (دەروون). بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٢٠٢.

[1040] دیوانی مەولەوی، ل٥٢٧.

لێرەدا هۆکارێکیان بۆ خەمباری خۆی لە دەست شەرمەزاری دەگێڕێتەوە شەرمەزاریەکەشی بەهۆی هەستکردن بە بێئاگابوونی (غفلت)ەوەیە، کە غافڵبوونیش لای عارفان، جگە لە مانای بێئاگابوون لە حەقیقەتو لە حەق – خودا –، مانایەکی تایبەتتری هەیە، کە ئەویش ئەوەیە غافڵ ئەوکەسەیە، کە حەقیقەتی نەدۆزیوەتەوەو وادەزانێت دۆزیویەتیەوە[١٥٤٢]. دوور نیە، مەولەوی هەردوو واتاکەی مەبەست بێت، بەڵام خەمی زیاتری لەوەدایە، کە:

یاران وێنەی صاف مەی وە کامەوە ویەردەن، چون دورد هەر من مامەوە[١٥٤٣]

لێرەدا (تێپەڕینی یاران وەک مەی خاوێن) درکەیە بۆ مردن. لای ئەو یاران وەک مەی ساف‌و خاوێن بوون. کە ساف‌و خاوێن بوون لە عرفاندا بۆ ئەوانە بەکاردێت، کە لە ژەنگی پیسی‌و تاریکیی مەعنەوی دڵیان پاککردوەتەوەو بوون بە دۆستی خودا[١٥٤٤]. واتە ئەوان وەک مەی خاوێن‌و بێ خڵتەو بە مەستی‌و خۆشیەوە تێپەڕین – مردنی فیزیکی –.

واتە ئەو دەڵێت من بێ ئاگام، بەڵام یاران وانەبوون، بۆیە وەک مەی خاوێن تێپەڕین‌و من وەک خڵتەی مەی – درکەیە بۆ مانەوە لە ژیانی دونیا – ماومەتەوە. دەکرێ مەبەستیشی ئەوەبێت، کە یاران مردنی مەعنەوی – ئیختیاری نەک فیزیکی – یان بڕی‌و شادبوون. بەڵگەی ئەم تێڕوانینەش لەوەدایە، کە لە بەیتی دواتردا، ڕاستەوخۆ لەگەڵ پیرەکەی دەدوێ‌و سکاڵای حاڵی دەکات‌و داواکاری لێی هەیە – دیاری مردنی فیزیکی داواکاریەک نیە (پیر) بتوانێ جێبەجێی بکات –:

گیای پەژمووردەی تەژنەکەی بێ شۆم چەمەڕای وارای هەوری لوتفی تۆم

تۆ دەس وە ڕەشحەی ڕەحمەت پەیاپەی من وەی پڕ خاوی حەیفەن یە تاکەی!

[١٥٤١] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٢.

[١٥٤٢] بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٦٠٦.

[١٥٤٣] دیوانی مەولەوی، ل٣٠٢.

[١٥٤٤] بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٥٢٠، ٥٣١.

لێرەدا بەڕوونی دەڵێ: ئەوان بە شادی وەک مەی خاوێن تێپەڕین، بەڵام من بە تینوێتی وەک گیایەکی سیس‌و پەژمووردەم، بۆیە چاوەڕێی بارانی هەوری لوتفی مەعنەوی تۆم. کە تۆ دەستت لە نمی نەبڕاوەی بارانی ڕەحمەتدا بێ، چۆن ئەبێ دڵۆپێک نەپرژێنی لە من تا لە خەو بەئاگابێمەوە!.

کەواتە لێرەدا مەولەوی داوای مردنی مەعنەوی‌و ئیختیاری لە پیرەکەی دەکات، کە ئەمەش بە بێداربوونەوە— بە نمەی بارانی مەعنەویەت— لە بێئاگایی دەبێت‌و بوونێکی نوێ، کە تێپەڕینێکی نوێیە بەرەو ژیانێکی نوێ، چ لەم ژیانەدا بێت، یان لە تێپەڕیندا بێت بەرەو ژیانەکەی تر. هەر لێرەشەوە باوەڕی وایە نەمانی (من)یەتی‌و توانەوەو فەنابوون لەناو خودادا— مردنی مەعنەوی— هۆکاری گەیشتنەوەی ڕۆحی دۆستانە بە یەکتر بۆیە لە بەیتی پێش کۆتاییدا دەڵێت:

تەنیای حەقیقی نەردێ بشانۆ من و تۆ جە دەس من و تۆ سانۆ

بەڵگەیەکی تری سەلمێنەری ئەم لێکدانەوەیە بۆ — ویەردەن: تێپەڕین — هەر لەسەرەتای ئەم شیعرەدا دەردەکەوێ، کە وەسفی پیرەکەی بەوە دەکات، کە لە شەوی هەواری کاتیی جیهانی فەنابوون تێپەڕیوەو لە جیهانی مانەوە (بەقا)ی هەمیشەییدا جێگەی گرتووە:

جە شەو هەوارگەی فەنا وێەردە پای هەردەی بەقا یاتاغگە کەردە[1545]

لێرەدا (تێپەڕین)[1546] درکەیە بۆ مردنی مەعنەوی و ئیختیاری، نەک مردنی فیزیکی، چونکە شێخ هێشتا زیندووەو بە نامەی شیعری لەگەڵی دەدوێ!.

هەروەها شاعیر لە فۆرمی درکەدا باسی لە مردنی مەعنەوی کردووە، کە ئەمە گرنگترینیانە:

١— مەولەوی باوەڕی وایە ئەستێرەی خۆشبەختی لە مرۆڤێک هەڵنایەت، کە (مردنی مەعنەوی) نەبینێ[1547]:

[1545] دیوانی مەولەوی، ل٢٩٨.

[1546] لای شاعیر (تێپەڕین) بۆ مردنی فیزیکی‌و داوای مردنی فیزیکی بەکاردێت. بڕوانە: هەر ئەم بەش و پارە، ل٤٥١.

[1547] مەولەوی باوەڕی وایە (بوون)ی ڕاستەقینەی مرۆڤ بەمە — لەدایکبوونی دووەم و مردنی مەعنەوی — بەدەستدێت. بڕوانە: بەشی دووەم، پاری دووەم، ل٢١٢.

هەرکەس تولد دوپارەش نی یەن ئەڵبەت سەعادەت ستارەش نی یەن[1548]

لێرەدا (لەدایکبوونی دووەم)[1549]، درکەیە بۆ مردن (مردنی ئیختیاری)، کە بە خۆڕامهێنان (ریاضە) دەروونو خواستو ویست دەکرێت.

٢- لە دیدی ئەوەوە، هەر مرۆڤێك، دوبارە لەدایکبوونەوە - مردنی مەعنەوی - ببینێو ئەزمون بکات، ئەوا بۆنی باخچەی نەمریو ژیانی هەمیشەیی دەکات:

دەورەی دوبارەی ڕای حەق هەرکەس دیش بۆی باخچەی ئەبەد مەیۆ نەبینیش[1550]

لێرەدا (سوڕی دوبارە) درکەیە بۆ مردنی ئیختیاری.

٣- مەولەوی لە تێکستێکدا، کە باس لە هاتنی جەژنی قوربانو قوربانیکردنی مادی دەکات، ئەمە پەیتا پەیتا بەرەو قوربانیی مەعنەویو کوشتنو مردنی ئیختیاری دەباتو بە ئازیزی مەعنەوی نادیاری دەڵێ: دە وەرە ئەی وەستام! منیش مردم بۆ تیغی تۆو (بسم الله) کردنت:

مەرد پەی (نۆسادەی) بێ درێغەکەت بسم الله تەکبیر دەس بە تێغەکەت[1551]

لێرەدا (بسم الله) کردن، درکەیە بۆ مردن و کوشتنی مەعنەوی.

دواتر پێی دەڵێ: چی دەبێت ئەگەر بێیت منی نالەنالکەر وەك نەی - نەك قامیش[1552] کە م.مدرس وایلێکداوەتەوە[1553]-، ڕەنگ زەرد وەك بەی بکەیت بە قوربانی؟ هاوار بۆ من ئەگەر نەیەیت!:

[1548] دیوانی مەولەوی، ل٢٥٩.

[1549] بۆ زانینی واتای (لەدایکبوونی دووەم)، بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری سێهەم، چەمکی ژیانو مردن لە سۆفیگەری و عرفانی ئیسلامیدا، ل١٢٢ بەدواوە.

[1550] دیوانی مەولەوی، ل٢٥٨.

[1551] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٩.

[1552] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٩.

[1553] وادەزانین مەبەستی مەولەوی لە (قامیش) بەمانا ئاساییەکەی نیە، بەڵکو مەبەستی لە - نەی - ە - کە ڕاستە لە قامیش دروست دەکرێ - ، کە (نەی)ش ، لای عارفان وەك هێمایەك بۆ ڕۆح و دەروون بەکاردێت. وەك چۆن پێش مەولەوی، لای مەولانا (نەی) بەومانایە بەکارهاتووەو زۆر لە مەولاناناسان (مەسنەوی) مەولانا، بە (نەی نامە) ناودەبەن، چونکە باوەڕیان وایە، مەسنەوی بریتیە لە نالەو ئارەزووی گەڕانەوەی نەی - ڕۆحی مەولانا - بۆ نەیستان - جیهانی بالاو هەمیشەیی مرۆڤ - کە لەوێ دابڕاوە، ئەمەش، هەر لە یەکەم دێڕی (مەسنەوی) و چەندین شوێندا بەڕوونی هاتووە:

بشنو این نی چون شکایت می کند از جداییها حکایت می کند

پەی قوربان کەردەی، نالە نەی، پەنگ بەی چێش مبۆ ئەریەی، وەی پەی من ئەرنەی!

بۆیە: **سا تۆیچ من وەرە، وە قوربانی کە من وە قوربانی ی پای پەبانی کە**

دەسا وەرە من بکە (بە قوربانی پێگەی خودایی)، کە درکەیە بۆ مردن و کوشتنی مەعنەوی. گەرچی دواتر شاعیر لە زمانی بەرامبەری نادیارەوە – پیری مەعنەوی یان هەر کەسێکی تر کە توانای بە قوربانیکردنی ئەمی هەیە – پێی دەوترێ، کە شایستە نیە بۆ قوربانی. بەڵام ئەوە لەو حەقیقەتە ناگۆڕێ، کە شاعیر داوای کوشتنو مردنی ئیختیاریو مەعنەوی دەکات.

٤– هەروەها شاعیر لە تێکستێکی تردا، هەر لە سەرەتاوە بە مەرگی ئازیز – نادیار – سوێند دەخوات، کە دڵی لە خرۆشدایەو ئارامی نەماوەو ئارەزووی (تیر)ێکی پەنجەی ئەو دەکات:

ئازیز! وە مەرگت دڵ نەخرۆشەن ئارەزووی خەدەنگ پەنجەکەی تۆشەن[١٥٥٤]

(تیر)یش لە ئەدەبیاتی عرفانیدا، بۆ بەرچاوڕوونی خودایانە، بۆ بەندە بەکاردێت[١٥٥٥]، ئەگەرچی بە ئازارو گوشین – قبض – یش بێت. ئەم ئازارو کوشتنەش، لە خۆیدا زنجیرو پاگرێکە، تا دڵی و بوونی، لە لەخۆبایی بوون بپارێزێ:

وەختەن ساکن بۆ، قوربان ساتیرێ دەماخش بەرزەن، دەخیل زنجیرێ

لێرەدا (داوای تیر پێوەنان) درکەیە بۆ کوشتنو مردنی ئیختیاری. تا بەوەش لە دانایی‌و حیکمەت – کە حیکمەتیش یەکێك لە مانا بنەڕەتیەکانی بریتیە لە هۆشیاری دانانی هەموو شتێك لە شوێنی شایستەی خۆیدا – نە بە زیادەوەو نە بە کەمەوە – دەرنەچێت:

نەوا جە حیکمەت بەر بشۆ وە بەر جار جار وە تیرێ دڵ نەواییش کەر[١٥٥٦]

کز نیستان تامرا بُبریده‌اند در نفیرم مردو زن نالیده‌اند

بڕوانە: مثنوی معنوی، (بر أساس نسخه قونیه)، دفتر اول، أبیات (١–٢).

[١٥٥٤] دیوانی مەولەوی، ل٥٤.

[١٥٥٥] بڕوانە: د.أحمد مجاهد، دیوان حافظ (نسخه تیموری)، ل٣٦.

[١٥٥٦] دیوانی مەولەوی، ل٥٤.

بۆیە، جاربەجار تای زوڵفی خۆتی پیشان بدە، تا بڕینی ساڕێژ نەبێ!:

وەش وەش تای توغرای وێت بنمانەپێش با هەر ناسۆر بۆ، زوو نەبۆ ساڕێش

لێرەوە ئەوە بەدەردەکەوێ، کە مەوڵەوی لە پێگەیشتنی عرفانیدا زیاتر باوەڕی بە ئازارو گوشین – قبض – هەیە، تا خۆشی و کرانەوە – بسط – و باوەڕی وایە یەکێك لە ڕێگەکانی گەیشتن بە دانایی و حیکمەت لە کوشتنو مردنی مەعنەوی‌و ئیختیاریدایە.

٥– هەروەها شاعیر لە تێکستێکی تردا، کە هەر سەرەتاکەی بە پێدانی هەواڵێکی گرنگ بە هاوەدەمە نزیکەکەی – کە پێدەچێ (پیر) یان کەسێکی مەعنەوی بێت –، کە هاوەدەمی– خودا – الفرد[١٥٥٧]– یە، دەستپێدەکاتو دواتر دەچێتە نێو مەسەلەکەوە:

١– ها تەن ئەلوەدای زیندەگانیش کەرد قەدەم پەنجەکەر هام فەردەکەی فەرد
٢– ئامێتەن وە یاد بالای تورك تەڕ یانێ نم ناکەن زوو مەبۆ وەهەڕ
٣– درووس کەر نەو هەڕ شێوەی بوڵبوڵێ بنیەش نە سەر شاخ گوڵێ یا چڵێ
٤– بەڵکم ئەو صەیاد جەناکاو جارێ بویەرێ پەی گەشت کوشت شکارێ
٥– خەدەنگێ هەنی هەوا دەرۆوە پەرێ مەرگیۆتەر ئیحیام کەرۆوە

ئەو لە بەیتی یەکەمدا بە دۆستەکەی دەڵێ، ئەوە جەستەم مانّاوایی لە ژیان کرد – لایەنی مادی خۆمم مراند–، بۆیە تکایە پێیەکانت زەحمەت بدەو وەرە بۆ لام. لێرەدا (مانّاوایی کردنی جەستە لە ژیان) درکەیە بۆ مردنی مەعنەوی‌و ئیختیاری، ئەمەش بۆ ئەوەیەتی – بەیتی دووەم –، کە بە بەرامبەرەکەی بڵێ، ئێستا ئامادەم تا تۆ بێیت لەسەر (بوون)ی من، ئەوەی دەتەوێت لێمی دروستبکەیت[١٥٥٨]. لێرەدا ئەو (بوونی) بە ئامادە

[١٥٥٧] (الفرد)– تاك و تەنها – یەکێکە لە ناوەکانی خودا، گەرچی لەنێو (٩٩) ناوە جوانەکانی خودادا (الأسماء الحسنى) نەهاتووە، بەڵام لە چەندین فەرمودەی ساغکراوەدا، هاتووەو زۆرجار لەپاڵ ناوی (الصمد)دا دێت. بڕوانە: www.alhadith.com

[١٥٥٨] مەوڵەوی (پیر) و کەسە مەعنەوییەکان بە (وەستای مرۆڤسان) دەزانێ، کە لە مرۆڤ (بوون)ێکی نوێ دروست دەکەن. بڕوانە: بەشی دووەم، پاری دووەم، بوون لای مەوڵەوی: ل٢١٢.

دەزانێ بۆ ئەو کارە، چونکە بەیادی دۆستی جوان – خودا – تەڕو پاراوەو زوو دەبێ بە قوڕ – قوڕی مەعنەوی – و شتی لێدروستدەکرێ.

لێرەوە – بەیتی سێهەم – لە قوڕی من شێوەی (بولبول)ێك دروست بکە – کە بولبول لە فەرهەنگی عرفانیدا هێمایە بۆ رۆح یان دەروون[1059] – و لەسەر لقی گوڵێك یان چڵو درەختێك دابینێ. تا بەڵکو – بەیتی چوارەم –ئەو ڕاوکەرە – هێمایە بۆ خودا یان پیر – جارێ لەناکاو بۆ گەشت یان شکارێك بەوناوەدا تێپەڕێ. ئەوکات، ئەو کە شارەزای شوێنی ڕاوکردنەکەیە، بە پارێزو کەم کەم بە چاو سەرنج ئەداتو بولبولەکە – من – بەدی دەکات – بەیتی پێنجەم – و ئەوکات، ئەو وەك پێشتر، کە بە تیری عشقی خۆی کوشتمی – شاعیر دەڵێ –، ئەمجارەش تیرێکی ترم بۆ دەتەقێنێ و بۆ مردنێکی تر زیندووم دەکاتەوە. لێرەدا (زیندووکردنەوە بۆ مەرگێکی تر) درکەیە بۆ مردنی ئیختیاریو مەعنەوی. واتە مەولەوی داوای کوشتن – کوشتنی مەعنەوی – لە مەعشوق – خودا یان پیر – دەکات، چونکە باوەڕی وایە ئەو کوشتنە زیندووکەرەوەیە.

٦– لە دیدی مەولەوی یەوە باسی بێ باکی دۆست – خودا – مرۆڤ لەسەر لقی داری فەنابوونی مەعنەویەوە، دەخاتە لەرزە:

جەو دما وەدەس بای ئیستیغناوە لەرزی وە سەرتەڵ دار فەناوە[1060]

لێرەدا (داری فەنا) درکەیە بۆ مردن و مردنی مەعنەوی – نەك فیزیکی – چونکە ئەمە لە شیعرێکدایە، کە باس لە گیرۆدەبوونی، بە عشقی عرفانی ئەکات[1061].

[1059] بڕوانە: د.سجادی، فرهنگ اصطلاحات عرفانی، ل٢٠٢.

[1060] دیوانی مەولەوی، ل١٢٦.

[1061] بڕوانە: هەر ئەم پارە، مردنی ئیختیاری (مەعنەوی)، ل٤٥٩.

٣-٢-١-٣/ مردنی ئەدەبی (مردن به ئازار)

شاعیر له شیعرێکدا که بۆ دۆستێکی نووسیوه، بەڕوونی دەڵێت:

جه هیجران تۆ هەرسات مەرگمەن قەترە قەترەی زووخ نەڕووی جەرگمەن[١٥٦٢]

ئەو دەڵێت: بەهۆی دووریو دابڕان له تۆوه هەر ساتێکم مردنه، دڵۆپه دڵۆپەی کیم لەسەر جەرگم دەچۆڕێ.

دواتر شاعیر هێنده ئەو ئازاری دابڕانو دووریەی لا گرانه، هەر بەوەوه ناوەستێ، که هەر ساتێکی به مردن دادەنێ، بەڵکو ئاواتەخوازی چەند شتێکه که بەسەریدا بهاتایه، بەو مەرجەی ئەم ئازارەی — ئازاری دابڕانو دووریەی نەبوایه، لەوانه:

سەرمنیام وەسای گلکۆی تازەوه ! چەنی حەسرەتان بێ ئەندازەوه

ئەو دەڵێت: خۆزگه سەرم به گڵکۆی گۆڕی تازەوه بنایه! و حەسرەتی بێ ئەندازەم بنۆشیایەو ئەمەم بەسەردا نەهاتایه. واته دووریو دابڕان لای شاعیر له مردنی تازه گرانتره !.

نەك وەك ئێستا — شاعیر دەڵێ — که بەسەر زیندووم و لەڕاستیدا — بەهۆی ئازاری دووری و دابڕانەوه وەك مردوو وامو داخو خەم هەرساتێك دەمدات به بەرد دا — که وادەزانین ئەم بەردە زیاتر دەڵاڵەتی بەردی سەری مردووی هەیه. له کلتوری ئاینیدا هاتووه، که مردوو پاش ئەوەی دەنێژرێو دوای ئەوەی خەڵکەکه دەیانەوێ بگەڕێنەوەو ئەویش دەیەوێ هەڵسێتەوەو بگەڕێتەوه لەگەڵیاندا، سەری بەر ئەو بەردە گەورەیه دەکەوێ — که وەك نەریتێکی ئاینی لەسەر مردوو دانەنرێ و به بەردی ئەلحەد ناودەبرێ — دەکەوێ، ئەوکات دەزانێ که مردووه:

نەك بەی تەور دیدەم، مەردەی زیندەڕەنگ هەر ساتێ صەد جار سەر مدۆم وە سەنگ[١٥٦٣]

چونکه:

پەشێوو مەلول ئیمان هەردەنان ڕوێ تا صەد جار پەی تۆ مەردەنان

[١٥٦٢] دیوانی مەولەوی، ل٣٤٦.

[١٥٦٣] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٧.

لێرەدا دەڵێ پەشێوو خەمبارم و ئیمانم داویەتیە شاخ – واتە ئارامیو هۆشم نەماوە – و ڕۆژی تا سەد جار بۆ تۆ دەمرم.

کەواتە: مەولەوی دووریو دابڕان لە دۆست بە مردنێکی ساتەکی (لحظوي) و بەردەوام، کە هەموو ساتێك دەمرێت، دەزانێو خۆزگە بە چوونە سەر گلکۆی تازەی ئازیزێکی دەخوازێ، نەك دووریو دابڕان لە دۆست، چونکە ئەمە– دابڕانو دووری– دەیکات بە مردووی وەك زیندوو و هەر ساتێك سەری لە بەردی گۆڕی دوری دەدات.

– شاعیر لە قورسی ئازارو خەمی بۆ مردنی مردوویەکی جێگەی بایەخدا، داوا دەکات نوێژی مردووی لەسەر بخوێنن، چونکە خۆی بە مردوو دەزانێ!:

پەی فەنای ئەم هەم جەدووری دڵبەر نەك جارێ، چوار جار (الله أكبر)[١٥٦٤]

لێرەدا (چوار جار الله أكبر كردن) درکەیە بۆ نوێژی مردوو و مردن.

دوبارە شاعیر سوێند بە مەرگ دەخوات، کە بەهۆی چاوەڕێکردنی بینینی باڵای تۆی یارەوە – کە نادیارە –:

خۆراکم خەفەت، ژینم مەینەتەن وە مەرگت حەیات وەلام زەحمەتەن[١٥٦٥]

واملێهاتووە، کە خۆراکم بووە بە خەم و ژینم بووە بە مەینەت و دەردیسەری، بۆیە سوێند بە مەرگت ژیان لەلام سەختەو ناتوانم بەوجۆرە بژیم، مەگەر – وەك لە دواتردا دەڵێ – جامێ لە بادەی بە دیدارگەیشتنی – وەصڵ – ی خۆتم – وەك جاران – بدەیتێ و زیندووم بکەیتەوە:

جامێ جەو بادەی وەصڵ دیدارت جەو قەهقەهەی مەی شیشەی ڕوخسارت

بە وێنەی جاران ساپێم دەرەوە عیسەوی ئاسا ئیحیام کەرەوە[١٥٦٦]

– ئەو لەمیانەی شیعرێکدا، کە وەڵامی نامەی دۆستێکی دەداتەوە، کە دەردە دڵی خۆی لای کردوەو داوای چارەسەری دەردی لە مەولەوی کردوە – کە م.مدرس ئەوکەسە بە

[١٥٦٤] دیوانی مەولەوی، ل١٩٧.

[١٥٦٥] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٤.

[١٥٦٦] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤٣.

خالۆی کۆماسی شاعیر دادەنێ – شاعیر پاش باسکردنی خراپی حاڵی خۆی و گلەییکردنی لە ئازیز، کە بێ وەفایی بەرامبەر ئەم نواندوەو بەوەش هەموو شتەکانی لای ئەم ئاوەژوو و پێچەوانە کردوەتەوە، دواجار پێیدەڵێت:

گلاراو مەرگ چێگەو چۆگەمەن دەخیل تەدبیرێ جارێ تۆگەمەن[1567]

لێرەدا مەولەوی بە دۆست دەڵێ، من خۆم گلاراوم پێ گەیشتووەو ئەودیوو ئەم دیو ئەکەم و ئەمرم، کەواتە جارێ تۆبەی منە تۆ چارەسەرو تەگبیرم بۆ بکەیت.

وادەزانین جگە لەم مانایە، شیعرەکە مانایەکی تر هەڵدەگرێ، کە مەولەوی مەبەستی لە (چێگەو چۆگە – ئێرەو ئەوێ) مەبەستی لە ئەم ژیانە (دونیا) و ژیانەکەی تر (ژیانی دواڕۆژ) بێت، چونکە عارفان ئەم ژیانەو ژیانەکەی تر هێندە بە لەیەک نزیك دەبینن، کە دەکرێ جێناوی نیشانەی (ئێرەو ئەوێ)ی بۆ بەکاربهێنین، هەر خودی مەولەوی خۆی لە تێکستێکی تردا بە (ساقی – خودا) دەڵێت:

وە قەترەی منیچ ئاویاری کەر مەست بوو تا مەحشەر سەر بارو ئەوبەر[1568]

لێرەدا بەڕوونی مەولەوی جیهانەکەی تر بە (ئەوبەر) ناودەبات. ئەو مەستیو ژیانی عرفانی بە ئاوێك دەزانێت، کە لەم دونیادا تێیدا خۆی نوقم دەکاتو لەوبەر – ژیانەکەی تر – سەردەردێنێ.

هەروەها گلاراو – کە مانای تۆقرەنەگرتن – ە، زۆر نزیکە مەبەستی تۆقرەنەگرتنی ئەوی عارف بێت لەم دونیایەداو لە بیری نیشتمانی ڕاستەقینە (موطن ئەصلی)[1569] دابێت، و ئەو وشەی (مەرگ)ەش، کە هاتووە درکە (کنایە)یە بۆ ئازار زۆری. واتە ئەو لە ئازاری زۆری نێوان ئەم ژیانەو ژیانەکەی تردایە. واتە کەوتووەتە نێو دوانەی دژی ئەو دوانەوە.

[1567] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٦.

[1568] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤١.

[1569] مەولەوی بەڕوونی باسی ئەو نیشتمانە ڕەسەنە بەم جۆرە دەکات:

موطن ئەصلیت نەخاتر خوان مێخ مۆبەتت جەڕوی خاك کوان (دیوانی مەولەوی، ل٦٣)

لێرەدا (خاك) بەمانای زەوی و ژیانی دونیایی (موطن ئەسلی)ش ژیانی ڕەسەن و جاویدانی مرۆڤە، کە مرۆڤ لە بنچینەدا خەڵکی ئەوێیە.

دەکرێ بەڵگەیەکی تری ئەم لێکدانەوەشمان هەر لە کۆنتێکستی – سیاقی – بەیتەکانی پێشتردا بێت، کە هەمووی باس لە حاڵەتی دژیەکی و پارادۆکسیکاڵی شاعیر دەکات: **ئاوایی پێ غەیر، وێران ماڵە وێم عاڵەم شیرین کام، مەزاق تاڵە وێم**

ناوەش پێ حەاڵڵ[1570]، وەش حەرامە وێم شادی پێ نوقصان، غەم تەمامە وێم[1571]

– شاعیر لە دووری دۆستێکیدا، کە نامەی بۆ ناردوە، دەڵێ:

دووریت چون ئەڵماس نیشتەن نە جەرگم هاوەختەن بەیۆ وادەکەی مەرگم[1572]

ئەم بەم شیعرە وەاڵمی دەداتەوەو پێی دەڵێت: دووریت ئەوەندە بڕەڕو زەحمەتە وەک ئەڵماس وایە لەسەر جگەرم و لەت لەتی کردوە، و ئەوەندە نەماوە کاتی مردنم بێت. دواتر دەڵێ:

داخ باڵاکەت بەروون وە گڵکۆ وەهام باڵای وێم خاکم وەسەریۆ

بەهۆی ئەو دووریو – مردن بە دووریەتەوە – بمرم و داخی باڵای جوانت ببەمە خاکو ئەوەندەی باڵای خۆم خاک بنیشێتە سەرم.

کەواتە: لێرەداو لەم بەیتەدا بەپوونی دووری دۆست بە هۆکاری نزیکبوونەوەی مردنی خۆی دەزانێو بەڵکو خەمی ئەو دووریەش لەگەڵ خۆی دەباتە گۆڕ.

– شاعیر لە شیعرێکدا، کە سەرەتاکەی بە داخوازی شاعیر لە بای شەماڵ دەستپێدەکات، کە وەک چۆن دوکەڵی هەناسەی دەڕوات بەنێو شاخی (ئاویەر)دا، ئەویش بەو بەیانیە بڕوات بۆاڵی دۆستی، تا سۆراخێکی بکات – کە وەک لە بەیتی (١٥)دا دەردەکەوێ، نەخۆشی ئاوڵەی گرتووەو م.مدرس بە شێخ عەزیزی جانەوەرەیی دادەنێ–. ئەوەی گرنگە لەسەری

[1570] لە دیوانەکەیدا ئەو وشە بە (حەرام) هاتووە، بەاڵم وادەزانین هەڵەی چاپە، چونکە هەر خودی – م.مدرس – لە خوارەوە بە (حەاڵڵ) ڕاڤەی کردوە. ئەمە جگە لەوەی کۆنتێکستی بەیتەکە ئەوە دەخوازێ، کە (حەاڵڵ) بێ نەک (حەرام). بڕوانە: دیوانی مەولەوی، ل٤٠٦.

[1571] دیوانی مەولەوی، ل٤٠٦.

[1572] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٨.

بوەستین شەش بەیتی کۆتایی شیعرەکە، کە بە قسەکردن لەگەڵ گەردونو فەلەک دەستپێدەکات:

١- فەڵەک داخ وەدڵ خەستەم دا بەردی ژار دووری ی گیان ئازیز پێم وەردی

٢- واتم سا ئەڵبەت تەمامت کەردەن گیان پستگارم جەدمای مەردەن

٣- چێش دمای مەرگیش یەند بەدبەختەنان گیان هەر نە ئازار دەرد سەختەنان!

٤- بە سفتەی وە باد هەرد ئەو هەردمەن بە گیان ئازیز زیز دەردمەن

٥- سەر وەخت بەندی ی ڕای فەریادمەن ئینصافەن، وەسەن، فەڵەک دادمەن!

٦- تەء ئیرش نی یەن فەریاد جە لای تۆ تا دەست قودرەت چەرخت نەشکتۆ[١٥٧٣]

لێرەدا — بەیتی یەکەمو دووەم — بە گەردوون دەڵێت، کە ئەو هەموو داخەت بە دڵی ماندوومدا بردو ژەهری دووری دۆستت دەرخوارد دام، وتم دیارە ئیتر تەواو بووم و تۆ لێبوبیتەوە لە ئازاردانم و من کە (مردم) لەتاو ئازاری دووری دۆست، ئیتر رزگارم بوو، بەڵام — بەیتی سێهەم — کەچی ئەوەندە بەدبەختم، پاش مردنیشم، گیانم هەر ئازاری سەخت دەچێژێ، چونکە — بەیتی چوارەم — بە سوتاویەوە هێشتا خۆڵەکەم با بۆ ئەم هەردو ئەو هەردی دەباتو بەهۆی ئازارو نەخۆشی ئازیزمەوە ئازار دەچێژم. واتە مەولەوی دەڵێ پاش مردنیشم هەر لە بیری دۆست دام و گیانم بۆ دووریو ئازاری، ئازار دەچێژێ. دواتر — بەیتی پێنجەم — شاعیر تورەیەو وا هەست دەکات کاتی بەسرانی ڕێگای هاواریەتیو داوا لە گەردون دەکات، کە ئیتر بەسە ویژدانت هەبێت!، بەڵام — بەیتی شەشەم — دەزانێ ئەمە کاریگەری نیە، بەو باوەڕە دەگات، کە تا گەردوون و ژیان ماوە، هاوارکردنو پاڕانەوە لە دەستی بێ سوودە، مەگەر ئەوکات سوودی هەبێت، کە دەستی دەسەڵات— خودا— سوڕانەوەی تێکبشکێنێ. واتە کۆتایی بە دونیا بێت.

کەواتە: مەولەوی باوەڕی وایە، دووری لە دۆست ئەو ژەهرەیە، کە گەردوون دەرخواردی دەداتو بە مردنیشی بەوە ڕزگاری نابێت، چونکە گیانی هەر لای دۆستەو نەهامەتیەکانی

[١٥٧٣] دیوانی مەولەوی، ل٤٩٨.

گەردونیش – لەوانە دوورخستنەوەی یاران – هەر بەردەوامە تا ئەوکاتەی خودا کۆتایی بە خودی گەردوون دەهێنێ. مەولەوی سروشتی گەردوون و ژیان (ژیانی دونیا) بەوە دەناسێ. بۆیە لێرەشەوە نامۆ نیە، کە مردن بە ئازاری ژیان (مردنی ئەدەبی) لای مەولەوی جۆرێکی تایبەت لە مردن بێت.

– مەولەوی لەمیانەی شیعری بەناوبانگی (ئازیز دیارەن وادەی لوامەن)، کە دیارە ئەم شیعرە بەگشتی باس لە ساتی مالئاوایی‌و دوورکەوتنەوە لە دۆست دەکات‌و پاش ئەوەی داوای دوا لاکردنەوەو نیگاو پازو نیازی لێدەکات، تا بیکات بە توێشوی چاوو دڵو گوێی لە سەفەرەکەیداو دواتر داوای گەردن ئازادیی – کە مانای لێبوردنە بە چەمکە ئاینیەکەی – لێدەکات، لەو ئازارو دڵگرانکردنانە – کە زیاتر شاعیرانەو شعوریانەن‌و ناسکن تا ئەوەی واقیعی بن–. لەبەرامبەردا، ئەمیش باس لە ئازاردانەکانی ئەو یان راستتر بڵێین بەجێنەهێنانی ئەرکی ئازاردان – ئازاردانی ویستراوو ئیجابی! – دەکات، تا لەلای خۆیەوە ئەمیش گەردنی ئەو ئازاد بکات‌و یەکەمینی ئەو شتانەش ئەوەیە کە:

یاخۆ تۆ دابۆت وە دڵ مەزەی مەرگ تیر خەدەنگت دابۆ نەتۆی جەرگ[1574]

تۆ چێژی مەرگت بە دڵم چەشاندبێ‌و دڵمت لە تیری خۆشەویستیت – یان برژانگەکانت وەک م.مدرس دەڵێ[1575] – بێبەشکردبێت! یان – کە پەیوەندی بە بەیتی پێشترەوە هەیە

مەپڕەبۆت دڵ دێوانەی دڵگیر جە تیر ئەندازی کەردە بۆت تەقصیر!

ئەو دەڵێت: ئەگەر دڵێشمت لە تیر بێ بەش نەکردبێ، کەمت دابێتێ‌و درێغیت لێکردبێ‌و بەوە دڵت شکاندبم!.

کەواتە: لێرەدا ئازارنەدانی دڵی شاعیر بە ئازاری خۆشەویستی – کە بە مەزەی مردن ناویدەبات – کە مردن لێرەدا ئەرێنی (pozetive)ە – هەڵەیەکە، کە شاعیر ئەبێ لە دۆستی ببوڕێ لەسەر ئەوە. واتە مردن لێرەدا ویستراوو ئەرێنییە، بەڵام مردن لێرەدا مردنی ئازاری عشقە– مردنی ئەدەبی –، نەک مردنی فیزیکی.

[1574] دیوانی مەولەوی، ل۷.

[1575] سەرچاوەی پێشوو، ل۷.

— شاعیر له سەرەتای شیعرێکدا دەڵێت: خەفەتی دووریت شادیو خۆشی له دڵما نەهێشتووەو ڕیشەی دڵمی وەک خێوەتی هەڵکەنراوی لێکردوەو فیراقت کەللەی سەرمی وەک توتیا — دەرمانی زۆر ورد — هاڕیوەو جودایيت ئەندامەکانی لەشمی لەیەک کردوەتەوە. دواتر دەڵێت:

وەسواست وەی تەور نێش دان وە جەرگم وە مەرگت قەسەم ڕازیم وە مەرگم[1576]

لێرەدا دەڵێت: وەسواست — واتە خەیاڵی خراپ، یان چپەی بێدەنگ[1577]: بۆچی دووری ڕویداو بۆچی بێ باکە لە ئازارم و بۆچی و بۆچی...، کە هێندە دڵی ئازاردراوم، کە سوێند بە مەرگت، ڕازیم بە مەرگی خۆم. لێرەوە شاعیر یار دەکات بە دادوەرو لێی دەپرسێ:

وێت بدەر ئینسافت نەونەمام تۆ مەردەن خاستەرەن یاخۆ دووری تۆ؟

پێی دەڵێت خۆت بە ویژدانی خۆت حوکم بدە، مردن باشترە یاخود دووری لە تۆ؟ — وەک ئەوەی پرسیار لە خۆیدا مەبەست نەبێ و بەڵکو بیەوێ قووڵی حاڵی ڕونبکاتەوە — دەڵێت:

مەردەن یەک ساتەن ئەرواحەکەی وێم دووریت هەرساتێ صەد مەرگەن پەرێم[1578]

دووریەک کە هەر ساتێکی مردنە — مردنی دەروونی و مەعنەوی — بۆم، زۆر قورستر لە مردنێک — مردنی فیزیکی — کە یەک ساتەو ئەبڕێتەوە.

کەواتە: شاعیر لەم شیعرەدا، کە زۆرترین وشەی (مەرگ) و (مردن)ی — لەسەر ئاستی کۆی شیعرەکانی — تێدا دوبارە بووەتەوە، بە ڕاستەوخۆ، حەزکردن و ڕازیبوونی خۆی بە مردن لەتاو ئازاری دووری دۆست دەرئەبڕێو ئەم ئارەزوو و حەزکردن بە مردنەش زیاتر مانایەکی عاشقانەی هەیە — ئەگەرچی واش دابنێین، کە کەسەکەی کە دۆستیەتی، دۆستی مەعنەوی و عرفانی بێت.

[1576] سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٩.

[1577] ئەمە ماناکەیەتی لە زمانی عەرەبیو لە قورئانی پیرۆزداو یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی ئیبلیس (شەیتان)، کە (یوسوس فی صدور الناس (الناس:٥) — واتە خەیاڵی خراپ دەخاتە دڵی خەڵکیەوە). بڕوانە: العلامة الراغب الأصفهاني، مفردات الفاظ القرآن، ل٨٦٩.

[1578] دیوانی مەولەوی، ل١٠٩.

هەروەها گرنگترین درکەکانی مردنی ئەدەبی، لەم تێکستانەدا دەردەکەوێت:

– لای شاعیر دووری دۆست ئەو شتەیە، کە مێشک– ناخو بیرکردنەوە– و دەمارو پێست – جەستەی شاعیر –ی فەنا کردوەو لەناوبردوە:

شریخەو گرمەی هەور دووری دۆس وە فەنا بەردەن مەغزو پەگ و پۆس[1579]

(بە فەنابردنی مێشک و پەگ و پێست) درکەیە بۆ مردن. و هەر ئەم مردن بە ئازارە – مردنی ئەدەبی – لای هێندە سەختە، کە بەرەو دڵخوازی مەرگی فیزیکی دەبات، تا چیتر دووری یارانی نەبینێو بە خەمی ئەو دوورییەوە نەچێتە ژێر گۆڕ:

یاخوا مەردەنی بۆ وە میهمانم ئیتر نەوینوون دووری ی یارانم

بەڵکم خەڵاصیم نەدەس دووریم بۆ بەو زووخ زامان نەشوون وە گڵکۆ

– لەلایەکی ترەوە (خەم) ئەو شتەیە، کە شاعیر بەرەو مەترسی لەناوچوون – مردن بە ئازار (مردنی ئەدەبی)– دەبات، وەک لەم تێکستەدا دەردەکەوێت:

١– مەعدوومی خەم کێش، خەم زەدەی خەمبار زەرد دەرد سەخت دووری بالای یار

٢– یەن دەرد بێ حەد جەلاش جەم بەستەن تەصدیع جەگەردەن ئەزاییل وستەن!

٣– عەلاوە ئەو بار وێش وەنەش بارەن خصوص جە یاگێش جاکەش دیارەن!

٤– بەو دەردان سەخت گرد کاری یەوە هەر ئێد مواچۆن وە زاری یەوە:

٥– دڵ سفتەی بریان زوخاڵ یە وێم خەم وە خەم خەیاڵ خەیاڵی یە وێم

٦– مەترسوون بمروون جەداخ یاران هەر بتلوون وە دەرد چون دەردەداران[1580]

لە بەیتی یەکەمدا، ڕاستتر لە نیوە بەیتی یەکەمدا سێ جار وشەی خەم (خەم کێش، خەم زەدە، خەمبار) دوبارەبووەتەوە، ئەمەش هەمووی لە تاو (دووری)یە، دوورییەکەش بۆ یارو دۆستە. ئەم ئازاری دوورییە – بەیتی دووەم –، هێندە سەختە کە (ماندوویەتی و ئەرک لەسەر ئیزرائیل – فریشتەی گیانکێشان – لابردوە) کە درکەیە بۆ مردنو لەخۆدا مردن

[1579] سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤.

[1580] دیوانی مەولەوی، ل٣٠٦.

(مردنی ئەدەبی). واتە ئازاری دووری وایلێکردوە، پێویستی بە عزرائیل نەماوە گیانی بکێشێ!.

ئەو لە بەیتی دواتردا — سێهەم — وایلێدێت، بەهۆی ئەوەوە، خۆی بە (مەحو — نەماو) بەدەستی خەم — خەمی دووری — دەزانێ. ئەم قورسی بارە، وا خۆی کردوە بە بار بەسەر ئەوەوە — شاعیر —، کە نەماوەو ئەگەر سەیری جێگاکەی بکەیت، خۆی نابینیو تەنها جێگاکەی دیارە!.

هەموو ئەمە — بەیتی چوارەم — وایلێکردوە، لەبەرخۆیەوە بە گریان و زاریەوە، ئەمە بڵێت — بەیتی پێنجەمو شەشەم — ئەم هەموو ئازارە کاریگەرو سووتانو بوون بە خەڵوزە لە دووری ئازیزانو کەوتنی خەم بەسەر خەم و خەیاڵ بەسەر خەیاڵەدا، واملێدەکات کە دواجار بترسم، کە بە داخ و خەمی دووری یاران بمرم!

— لە دیدی شاعیرەوە، دووربوون لە دۆست، خاک بەسەردا بوونو مردنە:

دەروون وە مەودای دووریت بی یەن ڕێش هەی خاکم وەسەر سەوقاتم پەی چێش! [1581]

(خاک بەسەربوون) درکەیە بۆ مردن.

— شاعیر لە شیعرێکدا[1582] بەوە دەستپێدەکات، کە ئەمجارە زام و بریندارێ سەختترە لە جاران‌و بە هەمیشە بریندەکەی چڵ و تەکان دەدات وەک گەزانی مارو لە بەیتی سێهەمدا ئەو ئازارە بۆ بڵێسەی فیراق و دابڕان دەگێڕێتەوە. بۆیە لە بەیتی (٦)دا داوا لە (ساقی) دەکات — کە ئێستا مەینەتو ئازار، سەری بڵند کردوەتەوەو شادی خەمبارو سەر نزم — جامی مەیەکەی بهێنێ، چونکە ئێستا کاریگەرەو تا (موتریب) و (نەی ژەن)[1583] بێنو مەقامو ئاهەنگێکی سوتێنەرو جۆشدەر سازبکەن (بەیتی:٨—٩). تا، ئاهەنگی کۆڕ بەستنمان کۆو

[1581] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢١.

[1582] سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

[1583] وادەزانین پەنابردنی مەولەوی بۆ (ساقی)، (موتریب)، (نەی ژەن) و هتد... لەکاتی توندبوونی نیگەرانیو ئازارە دەروونییەکاندا، دەکرێ بە یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ستایڵی شیعری مەولەوی دابنرێو ئەمەش زۆرتر لەپێناو گێڕانەوەی ئارامی‌و (بوونی سەماعی)دایە. بڕوانە: بەشی دووەم، پاری سێهەم، لێکچوونی ژ(٩)، ل٢٨١.

جەم بێ وەك جاران‌و جامێ مەی بنۆشین لە یادی یاراندا – کە پێشتر باسی لە ئازاری دابڕان‌و فیراقی ئەوانی کردبوو – بەیتی ١٠ –. چونکە، هەر بە زۆر – شاعیر دەڵێ – نیو هەناسەو گیانێکم تێدا ماوە، بۆیە تکا دەکەم خێرا جامەکەت – واتە ساقی – پڕ بکەو فریام بکەوە (بەیتی دوای ١٠). چونکە ئەگەر ئازیز بەوجۆرە ئازارم بدات– کە پێدەچێ زیاتر مەبەستی ئازاری دووری‌و بێ باکی بێت، ئەوا ئەمجارە بەدڵنیاییەوە رزگاربوونم نیە (بەیتی ١١)، چونکە ئەو لە مەنجەڵی خەم دا دڵمی کردوە بە ئاو، و بە درۆ دەڵێت گوڵاو دەگرم! – واتە دڵی وەك پەڕەی گوڵەو ئەو ئازاری دەدات (بەیتی ١٣). بۆیە ئەو پاش ئەوە ئەڵێت، کە تۆ نە پێویستت بە گوڵاو نە گوڵ هەیە، لەبەرئەوەی لە بۆنخۆشی زوڵفی تۆوە گوڵی سەر شاخەکانیش نرخیان هەرزان و کەم بەها بووەتەوە. ئەوکات دەڵێ:

ئازیز وەمەرگت گەر ئینسافت بۆ هەنی کافی یەن بۆی زوڵفت پەی تۆ[١٥٨٤]

کە لێرەدا وادەزانین دەکرێ، ئەو سوێندخواردن بە مەرگە، مانایەکی سوێندخواردن بە مەرگی یار بێت و مانایەکی تری سوێندخواردن بێت بە مردنی خۆی لەسەر دەستی یار، چونکە لە بەیتی (١٣)دا وتی تۆ لە مەنجەڵی خەمتدا دڵمت کردوە بە ئاو – واتە کوشتوتم – کە کوشتن و مردنی مەعنەوی مەبەستە، ئیتر چ کوشتن‌و مراندنی عاشقانە بێت یان عارفانە. هەروەك بەیتی دوای ئەو بەیتی مەبەستە – کە باسی مەرگی تێدا هاتبوو – دواهەمین بەیتی شیعرەکەشە، ئەو بۆچوونەی ئێمە بەهێزتر دەکات، چونکە دەڵێ:

ئیتر چ حاجەت وێت مەدەی عەزاو قەبوڵ کەری جەور مەگێری گوڵاو؟

چ پێویست دەکات خۆت ئازار بدەیت‌و خۆت ماندوو بکەیت بە کوڵاندن‌و کوشتنی من و گوڵاو دروست بکەیت، کە تۆ بۆنی گەردێکی زوڵفت هەموو سەر شاخەکانی بۆنخۆش کردوە.

کەواتە: لێرەدا (مەرگ) گەرچی وەك سوێندخواردن هاتووە، بەڵام زیاتر بە مەبەستی کوشتن‌و مراندنی شاعیر لەلایەن یارەوە هاتووە، ئیتر ئەو کوشتن‌و مراندنە مەعنەویە عاشقانە بێت یان عارفانە – کە لێرەدا ئەگەری یەکەمیان بەهێزترە –.

[١٥٨٤] دیوانی مەولەوی، ل١١.

٣-٢-٢/ سوێند بە مەرگی مەجازی لای شاعیر:

– شاعیر لە شیعرێکدا[١٥٨٥] لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەدوێ و بە هۆگر بە خەیاڵی مەینەتیە پڕ ئازارەکانی و مەڵهەمی جەستەی شەکەتو بە ئاوات نەگەیشتووی ناودەبات و دواتر – وەک سکاڵای حاڵی لای ئەو بکات – باس لەوە دەکات کە ماوەیەکی زۆرە بەهۆی گێژاوی دەریای دابڕان و دوە – دوکەڵی تەنوورەی دووری و جیابوونەوە وەک م.مدرس وای لێکداوەتەوە[١٥٨٦] – یان تینی هەتاو، کە هاوینان لە زەوی هەڵدەستێ – وەک م.هەژار دەڵێ[١٥٨٧] – پوشەکەی لەشی کەوتووەتە لاوە:

چونکە:

پووشەکەی جەسەم وە پەنا کەفتەن سامیعەم خەبەر یاران نەشنەفتەن[١٥٨٨]

گوێچکەی هەواڵی یارانی نەبیستووەو دواتر هیواداره ئەوان – یاران – لە جۆشیدا ژیان بەسەربەرن و وەک ئەم نەبن، کە لەدەست بێ مەیلی دوڵبەری هەموو ساتێکی هەزار دەردەسەری لەدەست هیجران و دووری دەچێژێ– (بەیتی ٧–٨)، هەروەها دەڵێت: یاخوا کەس گیرۆدەی دووری یار نەبێ وەک ئەو (بەیتی دوای ٩). کەس یارو هاوڕێی یاری بەدکار نەبێ، کە بە برژانگی دیدەی، هەستی بریندار بێ و لە هاژەی خوێناوی –دەروونی و سوڕانەوەی گەردوونی پێچەوانە سوڕاو (چەپ گەرد) گیرۆدەی بێ ئۆقرەیی نەبێ. (بەیتی دوای ١٠) بەڵام ئەوەی زیاتر ئارامی نەهێشتووە – دوورکەوتنەوەیە لە یار:

تاجە تۆ بڕیام وە مەرگت قەسەم ساتێ ئاسایش نەدیەم وە چەم

تا لەوکاتەوە کە لە تۆ بڕاوم – شاعیر دەڵێ – سوێند بە مەرگت، ساتێ ئارامیم بە چاو نەبینیوە. دواتر دەڵێت: کە نەک گلەیی نیە، بەڵکو خەیاڵی گلەیی کردن نەکات لەم و نەڵێ بادەی – شەراب و مەستی – بێ وەفایی خواردووەتەوە، (بەیتی ١١) و ئەگەر

[١٥٨٥] سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

[١٥٨٦] دیوانی مەولەوی، ل١٨.

[١٥٨٧] بڕوانە: هەژار، هەنبانە بۆرینە، ل٣٠٧.

[١٥٨٨] دیوانی مەولەوی، ل١٨.

دەستەوەستان و زەلیلی بێ وەفایان – یارانی تر – نەبم و حاڵی خۆم پەشێو نەبێ، کەی دەکرێ من مەیل و خۆشەویستی تۆ لەبیر بکەم (بەیتی ١٢ و کۆتایی).

کەواتە: مەرگ لێرەدا – ئەگەرچی وەک سوێند هاتووە – وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی قورسی ئازارو نائارامی شاعیر لای ئازیزی بەرامبەر بەکارهاتووە – چونکە ئەو لەتاو ئەو ئازارانەوە نەک ئارامی نەماوە، بەڵکو ئارامی لە دوورپشەوە نابینێ بە چاو.

– هەروەها شاعیر لە شیعرێکدا، – کە هەر لە بەیتی یەکەمەوە ڕوونەدەبێتەوە، کە باس لە جیابوونەوەو دوورکەوتنەوە لە ئازیز دەکات – باس لە دەردی ئەو دوورییە دەکات، تا دەگات بە بەیتی مەبەست:

مەرگ تۆم هەرچەند تەشریف بەردەنی تەرک خەڵتەو خاک جەستەم کەردەنی[١٥٨٩]

دەڵێت: سوێند بە مەرگت، هەرچەند تۆ تەشریفت بردوەو خاک و خۆڵی لەشی منت بەجێهێشتووە، بەڵام:

گیان، دۆس گیانی، ڕەفیق ڕاتەن سورمەی بینایش تۆزەکەی پاتەن

بەڵام گیانم – ئەی دۆستە گیان بە گیانیەکەم – هەمیشە هاوڕێی ڕێگەتەو تۆزی پێیەکانی تۆ سورمەو کلی چاویەتی.

کەواتە: لێرەدا شاعیر سوێند بە مەرگی ئەو دەخوات، کە ئەگەرچی لە خەڵتەو خاکی جەستە – کە مەبەستی دوورکەوتنەوەی جوگرافی و فیزیکیە – دوورکەوتوەتەوە، بەڵام گیانی لەگەڵیدا ڕۆیشتووە. واتە لێرەدا دوورکەوتنەوەی ئازیز بە هاوتەریبی دوورکەوتنەوەی گیان و ناڕاستەوخۆ هاتنی مردنی خۆی دادەنێ.

– شاعیر دوبارە لەڕێگەی– سوێندخواردن – یان بڵێین ئاگادارکردنەوەی ئازیزان – لێرەدا لەگەڵ (پیر)ەکەی دەدوێ – ئەوە دەردەبڕێ، کە خەم ئەوەندە زۆر بووە لەلای، کە بووە بە فرمێسکی خوێن و لافاوی خوێن، قاچی شەرمی بەستووە:

وە مەرگت یەند خەم جەلام بی یەن جەم لاو هوون گرتەن پای شەرم مەحکەم[١٥٩٠]

[١٥٨٩] سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣.

[١٥٩٠] دیوانی مەولەوی، ل٢٦٥.

واته بەو دەربڕینی سوێندخواردن بە مەرگە، گوزارشت لە ئازاری خۆی دەکات.

– یان لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بە مەرگت دایم خدێم زاری یەن ڕەفیقم نالەی شەو بێداری یەن[1091]

ئەمەش دوبارە سوێندخواردنە بە مەرگی ئەو – وەک ئەوەی ئازیزی ئاگادارەکاتەوە – کە خووی هەمیشە بووە بە گریانو تاکە هاوڕێیەک هەیبێ نالەی شەوبێداریبە.

– هەروەها شاعیر لە سوێندێکدا – کە تاکە سوێندی ڕاستەقینەیە نەک مەجازی لە کۆی شیعرەکانی شاعیردا، کە وشەی (مەرگی) تێدا هاتبێ – خودا بەوە وەسف دەکات کە نە لەدایکبووەو نە مردوە – واتە لە دەرەوەی مردنو ژیانە:–

ڕاستش هەر ئێدەن ئیظهارم کەردەن قەسەم بەو کەسە نە زاو نە مەرگەن[1092]

– هەروەها لە شیعرێکدا هەر لە بەیتی یەکەمیەوە ئاماژە بە داخی دووری دۆستی دوورکەوتوو لەماڵ دەکات – کە دوور نیە مەبەستی ئەندامێکی نزیکی خێزان بێت وەک عەنبەر خاتوون – و باس لە حاڵی پڕ لە ئازاری خۆی دەکات، کە چی بەسەرهاتووە، دواجار دەڵێت هەموو ئەوانە:

دڵ جە دەروونداکەردەن وە بوریان وە مەرگت قەسەم تاسەی تۆم کریان[1093]

وایکردووە دڵ لە دەروونمدا وەک بریانی برژاوەو وردبووە، سوێند بە مەرگت ئەمەش بەهۆی تاسەی تۆوە بووە.

[1091] سەرچاوەی پێشوو، ل۳۲۱.

[1092] سەرچاوەی پێشوو، ل۳۵۱.

[1093] دیوانی مەولەوی، ل۳۵۹.

– شاعیر لەمیانەی باسکردنی دیمەنی هەڵپەڕکێیەکدا، دەڵێت:

چڤەی گەردەن کەچ، مەرگ من چێش واچ خاین وە خەفەت، نەزان جگەر پاچ[1094]

باس لە مل لارکردنەوەی هەڵپەڕکێکەرانی ژنو پیاوو چپەکردنیان دەکات، کە لەولاوە ئەم و ئەو لەیەك دەپرسن، تو مەرگی من بەو چپەکردنەیان، چییان وت و پیاوی بەدکار خەفەت دای ئەگرێو ئەوەی نەزانێ چپەکەرەکان چییان وتوە جگەری لە داخا لەت ئەبێ. کەواتە: ئەمەش وەك دەربڕینێکی سوێندخواردنی مەجازی بەکارهاتووە.

پاری سێهەم/ بەراوردی چەمکی مردن لای مەولاناو مەولەوی

٣-٣-١/ لێکچوون:

دەکرێ گرنگترین لێکچوونی نێوان مەولاناو مەولەوی سەبارەت بە مردن لەم خاڵانەدا دیاری بکەین:

١– دەکرێ هەردوو شاعیر بە شاعیری مەرگ خوان دابنێین. واتە پرسی مردن لەلایان بووەتە بابەتێکی سەرەکیو پوبەرێکی فراوانی لەنێو کۆی تێکستەکانیاندا داگیرکردوە.

٢– لە تێکستەکانی هەردوو شاعیردا باسی مردنی فیزیکیو مردنی مەعنەوی (عرفانی)، بە ڕادەیەکی فراوانو بەرچاو دەبینرێ.

٣– لای هەردوو شاعیر مردنی فیزیکی، وێنەی پۆزەتیڤو نێگەتیڤی هەیە. لە وێنە پۆزەتیڤەکانی مردن لای مەولانا وەك ئەوەی مردن: بۆنی یوسفە، جوانی یوسفە، دەرگا کردنەوەیە، میوەیە، بەیانیەو هتد... لای مەولەویش بەهەمان شێوە مردن وێنەی پۆزەتیڤی هەیە، وەك ئەوەی: جیلوەی خودایە، دایکە، بۆ مااڵی نوێ چوونە، گەێنەرە بە یارانو هتد... هاوکات مردن وێنەی نێگەتیڤیشی هەیە، وەك ئەوەی لای مەولانا مردن بۆ خراپان: ئەژدیهایە، چارشێولابەرە، تیاچوونگەیە، گورگەکەی یوسفەو هتد... [1095] وێنە نێگەتیڤەکانی

[1094] سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٣.

[1095] بڕوانە: بەشی سێهەم، پاری دووەم، ل٣٤٩.

مردن لای مەولەویش وەک ئەوەی مردن: کەللەبڕینە، شۆێنەوار نەهێڵە، ڕۆیشتنی بێ گەڕانەوەیە، ئاش و هاڕینەو هتد..[1096]

٤- لێکچوونی دیار لە جۆری مردنی مەعنەوی (عرفانی) لەنێوان هەردوو شاعیردا دەبینرێ، بەتایبەتی لە بواری خۆمراندنی ئیختیاریداو لە جۆری دەربڕینی ئەو ئایدیایەدا. وەک: یەکەم: هەردوو شاعیر باوەڕیان وایە ڕزگاربوون لەدەست نەهامەتی ڕێگەی عشق و مەعنەویبوون و دەستگەیشتن بە ئامانجەکان لە مردنی ئیختیاریدایە.

لای مەولانا لە داستانی سێ ماسیەکەدا، ڕزگاربووتی ماسییە (عاقڵ)ەکە، لەدەست ڕاوچی لە خۆمراندن و خۆ خستنە سەرئاودایە، تا بەوەش ڕاوچیەکە وادەزانێ مردوەو وازیلێدەهێنێ و بەوەش ڕزگاری دەبێت[1097].

لای مەولەوی ڕزگاربوونی ئاسک - موراد - یش لە دەستی ڕاوچی تەنها لەوەدایە، کە خۆی بکات بە مردوو و بەوەش وازیلێدەهێنێ و ڕزگاری دەبێت[1098]. کەواتە لێرەدا نەک تەنها ئایدیاو بابەت (theme) لەیەکدەچن، بەڵکو جۆری دەربڕینەکەش لەیەکدەچن، لەم بوارانەدا:

١- لە هەردوو مۆتیڤەکەدا بە زمانی هێما ئایدیاکە دەربڕاوە، گەرچی جۆری هێماکەو (بەرکار)ەکان جیاوازن وەک ئەوەی لا مەولانا (ماسی) بووەتە هێماو بەرکاری مرۆڤی موریدو لای مەولەوی ئاسکە. بەڵام دواجار هەردوکیان بە زمانی هێماو وەک ئەرکی بەرکاری هاتوون.

٢- (بکەر) لە هەردوو مۆتیڤەکەدا یەکێکە، کە (ڕاوچی)یە، گەرچی لای مەولانا ڕاوچی ئاوو ماسیگرەو لای مەولەوی ڕاوچی کێوو وشکانیە. بەڵام دواجار ڕاوچی لای هەردوکیان هێمایە بۆ یەک (بکەر)، کە خودایە.

هەروەها لێکچوونێکی دیاری تر لە بواری مردنی مەعنەویدا لای هەردوو شاعیر، لە باسی چەمکی (قوربانیی مەعنەوی) دایە. مەولانا باوەڕی وایە دۆست - خودا - تەنها قوربانییەک

[1096] بڕوانە: هەر ئەم پارە، ل٤٨٦.

[1097] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم؛ ل٢٨٧.

[1098] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٢٥٧.

پەسەند دەکات، کە کەموکورتی مەعنەوی لەوکەسەدا – وەک چۆن لە قوربانیکردنی مادیدا دەبێ گیانلەبەرەکە کەموکورتی جەستەیی تێدا نەبێ – نەمابێ چونکە ئەو قەسابە – خودا – تەنها قوربانیی باش‌و جوان دەکوژێ:

خویش فربه می نماییم از پی قربان عید کان قصاب، عاشقان بس خوب و زیبا می کشد[1599]

کاریگەری هەمان ئەم ئایدیاو مۆتیڤە لای مەولەویش دەبینرێ:

مەعدوومی بەدبەخت ناتەمامەنی پاسەن بێ دەوڵەت خەیاڵ خامەنی

قوربانی مشێو جەعەیب بەری بۆ فیدایی پەسەند پای دڵبەری بۆ تادوایی...[1600]

٥– لە تێکستی هەردوو شاعیردا (مەرگ وێستی عارفانە) دەبینرێ:

مەولانا:

مرگ را دانم ولی تا کوی دوست را اگر نزدیك تر دانی بگو[1601]

یان:

مرگ ما شادی و ملاقات است گر تو را ماتم است رو زینجا ![1602]

مەولەوی:

خەم بیم یانێ های پێم مدۆ خەبەر: نە دەرگای هەستی تەشریف بەر ئەوبەر!

جە حەد بەرشی یەن هەر یەند نزاریم نەمەندەن تاقەت پای پەردەداریم ![1603]

تەمامەن بەرات قەبض و حەواڵەم دێرەن کەرەم کەر بدەر پیاڵەم

تا هیممەت وازوو وەیەك پەیمانە خاڵی بۆ چیمەیێ گۆشەی مەیخانە[1604]

[1599] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری یەکەم، ل٣٨٧.

[1600] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ٤٧٤. هەروەها دیوانی مەولەوی، ل٣٥٠.

[1601] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل٣٧٢.

[1602] بڕوانە: هەر ئەم بەش و پارە، ل٣٧٦.

[1603] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٤٣٧.

[1604] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل٤٣٩.

٦- هەردوو شاعیر باوەڕیان بە جۆری مردنی ساتەکی (لحظوي) هەیە، کە یەکێکە لە جۆرەکانی مردن، کە عارفان باسیانکردووە[١٦٠٥]:

مەولانا:

هر دمی مرگی و حشری دادی ام — تا بدیدم دست بُرد آن کرم

همچو خفتن گشت این مردن مرا — ز اعتماد بعث کردن ای خدا![١٦٠٦]

یان:

سال ها این مرگ طبلك می زند — گوش تو بیگاه جنبش می کند

گوید اندر نزع ان جاه آه مرگ — این زمان کردت زخود آگاه مرگ؟[١٦٠٧]

مەولەوی:

وە مەرگت دیدەم هام نەگوزەردا — فێچ لام لای تۆن ئارۆ یافەردا[١٦٠٨]

یان:

مەعدووم ئەر زڕەی شێوەی فاماتەن — بەفام قەرینەی لوات ئاماتەن![١٦٠٩]

٧- هەردوو شاعیر مردن بە جیلوەی خودا دەزانن.

مەولانا:

شاه را غیرت بود بر هرکه او — برگزیند بعد ازانکه دید رو

لای مەولەویش بە ناڕاستەوخۆ مردنی ئازیز- عەنبەر خاتوون- وەك جیلوەی غیرەتی خودا دەرئەکەوێ، چونکە بردنەوەی جیلوەیەك - عەنبەر خاتوون- لەپێناوی دەرکەوتنی

[١٦٠٥] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل٣٣٦.

[١٦٠٦] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل٣٣٣.

[١٦٠٧] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل٣٣٤.

[١٦٠٨] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٤٩٥.

[١٦٠٩] بڕوانە: بەش و پاری پێشوو، ل٤٢٠.

سوراحی– مردن– و ساقی– خودا– دایەو تا جیلوەی تری خۆی – جگە لە عەنبەر خاتوون – بۆ ئەو دەربخات:

ئەو جیلوە کەردەن ئەرشی وە تاقی ئێد جیلوە کەردەن سوراحی و ساقی! [1610]

٨– گەر لای هەردوو شاعیر فریشتەی گیانکێشان (عزرائیل) وەک هێمایەک بۆ مردن بەکارهاتبێ، ئەوا لای مەولانا (عزرائیل) پۆڵی نییە، چونکە دەسەڵاتی بەسەر عاشقانی مەعنەویدا نیە:

نیست عزرائیل را دست و رهی بر عاشقان کان ملك مارا به شهد و شیرو حلوا می کشد [1611]

لای مەولەویش (عزرائیل) دوبارە پۆڵی نیە، چونکە بە ئازاری ژیانو دووری ئازیزان (مردنی ئەدەبی) مردوەو پێویستی بەو نەماوە بێتو گیانی بکێشێ:

یەن دەرد بێ حەد جەلاش جەم بستەن تەصدیع جەگەردەن ئەزرابیل وستەن! [1612]

٩– گەر مەولانا بەهۆی عرفانو گەورەبوونی مەعنەویەوە، وایلێهاتبێت، بە ئازایانە ڕووبەڕووی مردن ببیتەوەو بەڵکو بەرانبەرکێ (تحدی)ی بکات، وەک دەڵێت:

مرگ اگر مرداست أید پیش من تاکشم خوش در کنارش تنگ تنگ

من ازو جانی برم بی رنگ و بو او ز من دلقی ستاند رنگ رنگ [1613]

ئەو مەولەویش بەهۆی عرفانو مەستی مەعنەویەوە، دەیەوێ ئازایەتیو دلێری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مردن بەدەستبهێنێ:

بوویەر جەسای تەرز دەف و نەیەوە وەزات مەستی نەشئەی مەی یەوە

تاکەی کە تۆ دەست چەرخ چەپ ئەندێش پۆس کەللەت ناکاو پەی پۆس کەللەی وێش! [1614]

[1610] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٤٠٤.

[1611] بڕوانە: هەر ئەو بەش و پارە، ل٣٧٥.

[1612] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل٤٧٦.

[1613] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل٣٤٢.

[1614] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٤٢٠.

٣-٣-٢/ جیاوازی:

وادەزانین گرنگترین جیاوازی نێوان هەردوو شاعیر لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت:

١- مەولانا لە بناغەوە باوەڕی وایە، هەرچی دیاردە لە (بوون)دا هەیە - بە مردنیشەوە - لایەنی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤی هەیە - واتە ڕێژەییە - و لێرەوە هیچیان ڕەها نین:

پس بد مطلق نباشد در جهان بد به نسبت باشد، این را هم بدان

در زمانه هیچ زهرو قند نیست که یکی را پا، دگر را بند نیست[١٦١٥]

کەواتە لێرەوەو لە دیدی مەولاناوە، مردنی ئازیزانی مەولەوی - عەنبەر خاتوون بە نمونە - ئەو خێرو ڕووە پۆزەتیڤەی تێدایە بۆ کەسێك - مەولەوی - کە جیلوەی تری خودا لە بووندا ببینێ![١٦١٦]. بەڵام ئامازەی لەم جۆرەو بەو ڕوونیە سەبارەت بە چاکەو خراپەی ڕێژەیی لە (بوون)دا لای مەولەوی نابینرێ.

٢- جیاوازییەکی بنەڕەتی مەولاناو مەولەوی لەوەدایە، کە مەولانا لە ئاستی گەردوونیی (objective)دا مردن وەك دیاردەیەکی گەردونیی و گشتی لە کۆو بەش بە بەشی (بوون)دا دەیبینێ، کە بەرەو هەموو (کل) دەگەڕێتەوە:

جمله اجزا در تحرك، در سكون ناطقان كأنا اليه راجعون[١٦١٧]

هەروەها ئەو لە بناغەوە مردن بە حاڵەتێکی سروشتیی نێوان سروشتی ناجێگیری گەردوون و بوون دەزانێ:

هر زمان نو صورتی و نو جمال تا زند دیدن فرو میرد ملال[١٦١٨]

لێرەوە مەولانا وەك دنیابینی گەردوونی و قۆڵو لە ئاستی گشتیدا مردنی قەبوڵە، ئەمەش قەبوڵکردنی لە ئاستی مرۆڤەکاندا ئاسانتر دەکات.

[١٦١٥] مثنوی، دفتر چهارم، أبیات: ٦٥، ٧٥.

[١٦١٦] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل٣٩٦.

[١٦١٧] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل٣٣٣.

[١٦١٨] بڕوانە: هەر ئەو بەش و پارە، ل٣٤٦.

بەڵام لای مەولەوی ئەم ڕەهەندە گەردونیە، بەو قوڵیو بەرجەستەییە نابینرێ. ڕاستە مەولەویش باوەڕی بە ناجێگیری بوونو گەردوون هەیەو گەردونو ژیان لە تێپەڕینی بەردەوامدا دەبینێ:

هەرچی دیت وە چەم شی وەسەفەردا　　هەرچی موینی هانەگوزەردا

بەڵام ئەم بەڕوونی بە خەیامیانە سەیری دەکاتو دەڵێت:

کەس حاڵی نەبی وە هیچ نەفاما　　ئەو پەی چێش وبەرد، ئێد پەی چێش ئاما![1619]

بەڵام لای مەولانا ئاراستەو ئامانجەکەی ڕۆشتنە، کە پرۆسەی گەڕانەوە (رجعت) ئەنجامدەدات. ڕاستە مەولەوی باوەڕی بەوە هەیە، کە مردن ئوانەی ژیانەو لەگەڵ هاتنە ژیانی مرۆڤ، مردن لەگەڵیدایە:

مەعدووم ئەر زەڕەی شێوەی فاماتەن　　بەفام قەرینەی لوات ئاماتەن![1620]

بەڵام هێشتا ئەم ئایدیایە، لەلایەکەوە وەک ئاراستەیەکی گشتی ژیان بەبێ دیاریکردنی ئامانجەکەی باسدەکرێو لەلایەکی ترەوە، زیاتر ڕەهەندی عەدەمیەتی بەسەردا زاڵە، کە ئەمەش لای مەولانا پەسەندکراو نیە[1621].

هەروەها مەولانا زیاتر لە مەولەوی مردن وەک هێزێکی گەردونی لەنێو ژیانی مرۆڤدا دەبینێ. ئەو نەخۆشیو ئازارە جۆراوجۆرەکانی ژیانو تەنانەت ستەمو ئازاری دوژمنانیش وەک گەزینی مەرگو دەنگی جیڕەی دەرگای مردن دەبینێ:

صد دریچەو در سوی مرگ لدیغ　　می کند اندر گشادن ژیغ ژیغ[1622]

ڕاستە مەولەویش لەنێو ژیاندا هێزی مردن دەبینێو وەک ئەوەی گیا سەوزبووەکانی بەهار، بە سەوزبوو لەسەر سنگی مرۆڤە مردوەکان دەبینێ!:

نازک تەدارەک فەصلّ وەهاران　　شیرین ئارایش هەردەو کۆساران

[1619] دیوانی مەولەوی، ل٥٣٢–٥٣٣.

[1620] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل٤٢٠.

[1621] بۆ بەراوردی (مەولانا) و (خەیام)، بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری یەکەم، ل٣٤٨.

[1622] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری یەکەم، ل٤٣٧.

.....

چ خاس خاس شنیێ نه ئێواران دا سەوزە وە ڕووی خاك جەرگەی یاران دا![1623]

بەڵام ئەمەی مەولەوی بەپێچەوانەی، ئەوەی مەولاناوە لە دیاردە هەستیو ناو مێژووەکانی خۆیەوە بەرەو مەسەلە گەردونیو گشتیەکانی سەروو مێژووی دەبات[1624]. واتە لای مەولانا وەك یاسایەکی گشتی باوەڕی بەوە هەیەو باسی دەکات، بەڵام مەولەوی لە ئەنجامی مردنی مرۆڤە جێگەی بایەخیەکانیەوە — ئازیزان — بەقوڵی دەرکی بەمە کردوەو جۆرێك لە خەمو بەدبینی خەیامیانەی پێوە دیارە.

٣— جیاوازیەکی-تری سەرەکی نێوان مەولاناو مەولەوی لەوەدایە، کە مەولانا — زۆرێك لە عارفانیش — لە بناغەوە مردن بە کێشە نازانێت، تا نیگەرانی بکات، چونکە فەنابوون — بەمانا مەعنەویو جەستەییەکەشی —، بە پەیوەستبوونی رۆحی تاك بە رۆحی گشتیەوە — خودا — دەزانێتو بە گەڕانەوەی ئەوەی، کە بەشەکی — جزئی — بۆ لای ئەوەی، کە هەموەکی — کلی — یە دەبینێ، بەڵام مەولەوی زیاتر تاکگەرایی تێدا دەردەکەوێتو کەمتر فەنابووە لەو ڕۆحە گشتیەدا — لانی کەم زۆرجار — بۆیە مردن بە کێشە دەبینێو نیگەرانی دەکات، چونکە دورخەرەوەیە لە یارانو هتد... هەروەها لای مەولەوی رۆحی ڕۆمانتیکیی — بەمانای ئەوەی، کە بە شعور زیاتر مامەڵە لەگەڵ دیاردەکان دەکات — هەیە، تا رۆحێکی گەردوونیی وەك مەولانا، بۆیە هەست بە بەدبەختی — شقاء — زیاتر دەکاتو پتر هەست بە پێکدادان لەگەڵ لەمپەرە هەمەجۆرەکانی ژیان — لەوانەش لەمپەری مردن — دەکاتو بە دەستەوسان نەك زاڵ لەبەرامبەر لەمپەرەکان دەبینێ، بەڵام لای مەولانا زیاتر رۆحی هەستکردن بە زاڵیو تێپەڕاندنی سنوورو لەمپەرەکان دەبینێ. ئەو دەڵێت:

بادە از ما مست شد نی ما از او! تادوایی...

یان لەڕوداوەستان (تحدی) لەگەڵ مردن دەکات:

[1623] دیوانی مەولەوی، ل٤٣١.

[1624] ئەمە یەکێکە لە جیاوازیەکانی مەولەوی لە مەولانا. بڕوانە: بەشی دووەم، پاری سێیەم، بوون لای مەولاناو مەولەوی، جیاوازی ژ(١)، ل٢٠٤.

مرد اگر مرده است أید پیش من تادوایی...

هەروەها وادەزانین هۆکارێکی تری ئەوەی، کە مەولەوی مردن بە کێشە دەبینێ، بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو — گەرچی لەناوجەرگەی کلتورو ترادسیۆنی باودا ژیاوە — فەنا نەبووە — تاکیەتی خۆی لەدەستنەداوە — لە خەڵکو کۆمەڵدا، چ وەک کلتوری کۆمەڵ، ڕاڤە پێشوەختەکان بۆ مردن — با هەندێکیشی ئایینی بووبن — ڕێوڕەسمە بەکۆمەڵەکان، چونکە ئەوانە، وادەکات مرۆڤ نەتوانێت مردن وەک کێشەیەکی تاکەکەسی (شخصی) ببینێ.

٤— مەولانا زیاتر وەک (تەماشاکەر)ێک مامەڵە لەگەڵ مردن دەکات، بەڵام مەولەوی وەک (یاریزان)[١٦٢٥]ێک. واتە مەولانا بەهۆی گەیشتنی بە پلە مەعنەویو عرفانیە بڵندەکان لە بڵندی ژیانەوە سەیری مردن دەکاتو کەمتر خۆی بەشێکە لە ڕوداوەکانی. بەڵام مەولەوی کارەکتەرێکی نێو ڕووداوەکانەو لەگەڵ ڕوداوەکان دەگڕیو پێدەکەنێ، بەڵام کاتێک کە مەولاناش لە (تەماشاکەر)ەوە بۆ (یاریزان) دەگوازێتەوە، ئەویش وەک مەولەوی بە خەمو نیگەرانیەوە — گەرچی ئەم بەتەواوی پێچەوانەیە لەگەڵ ئایدیاو دنیابینیدا — باس لە مردن دەکات. وەک لەو تێکستە تاقانەدا دەردەکەوێ، کە بۆ لاواندنەوەی (صلاح الدین زرکوب)ی دۆستی نزیکی خۆی، نوسیوە:

ای ز هجرانت زمین و أسمان بگریسته دل میان خون نشسته، عقل و جان بگریسته
چون به عالم نیست یك كس مرمكانت را عوض در عزای تو مكان و لامكان بگریسته
جبرئیل و قدسیان را بال و پر ازرق شده ! انبیا و اولیا را دیدگان بگریسته[١٦٢٦]

لێرەدا ئەو مەولانایەی، کە بە مرۆڤەکان دەڵێ: ئێوە خێڵن! و بە ئاوەژوو شتەکان دەبینێو مردوو زیندووە نەک مردوو، و پێمان دەڵێ: بۆ من — لە زمانی مردووەکەوە دەڵێ — مەڕوانە کە مردوم، بۆ دەستی ئەوکەسە بڕوانە کە من چوومەتە نێو لەپی دەستی—

[١٦٢٥] بۆ زانینی واتای تەواوی هەردوو زاراوەی (تەماشاکەر) و (یاریزان) بڕوانە: بەشی دووەم، پاری سێیەم، جیاوازی ل٣٢٥.

[١٦٢٦] بڕوانە: دیوان شمس: غزل: ٨٧.

خودا—[1627]. دەبینین لێرەدا نەك خۆی وەك مرۆڤە ئاساییەكان دەگری، بەڵكو زۆر لەوان زیاتر شیوەن دەكات بۆ دۆستی كۆچكردووی و غەزەلێكی بەرەدیفی (بگریستە — گریان) بۆ دەنوسێ و پێی وایە بۆ مردن، نەك ئەو و مرۆڤەكان، بەڵكو زەوی و ئاسمانو (شوێن) و (ناشوێن) دەگرین و فریشتەكان جلوبەرگی شینیان پۆشیوە و پێغەمبەران و پیاوچاكانیش دیدەیان بۆی پڕ لە گریانە!.

٥— لای مەولانا، لە سێ جۆرەكەی مردنی فیزیكیدا تەنها دوو جۆری بەرجەستەیە و هەیە، كە ئەویش (مەرگ پەسەندی)و (مەرگ ویستی)یە. بەڵام لای مەولەوی هەرسێ جۆرەكە دەبینرێ، واتە جگەلە (مەرگ پەسەندی) و (مەرگ ویستی)، (مەرگ پەسەندنەكردن)یش بە رێژەیەكی فراوان لە تێكستەكانیدا دەبینرێ، كە ئەمە لای مەولانا بەوجۆرە نیە.

لەلایەكی تردەوە جیاوازییەكی بنەڕەتی تری نێوان مەولاناو مەولەوی — كە دەگاتە ئاستی دژیەكی تەواو — لەوەدایە، كە مەولانا لە سێ جۆرەكەی مردنی فیزیكیدا زیاتر لایەنگری تێڕوانینی (مەرگ ویستی)یەو زۆرینەی تێكستەكانی جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە. بەڵام مەولەوی بەپێچەوانەوەیە، زۆرینەی تێكستەكانی لایەنگری تێڕوانینی (مەرگ پەسەندنەكردن) دەكەن.

هەروەها جۆرێكی تایبەت لە مردن، كە (مردنی ئەدەبی)یە، لای مەولانا — لانی كەم لە مەسنەویدا — نابینرێ یان دەگمەنە. بەڵام بەپێچەوانەوە لای مەولەوی پووبەرێكی فراوانی لە تێكستەكانیدا داگیركردوە. وەك ئەوەی دەبینین (خەم) وایكردوە، كە ئەو (فەنا) بێت — فەنابوون بە ئازار — و نەمێنێ:

عەلاوە ئەو بار وێش وەنەش بارەن　　خصوص جەیاگێش جاكەش دیارەن

ئەم قورسی دووری یارانە وایلێدەكات، كە بترسێ دواجار بە داخی دووری ئەوان بمرێت:

مەترسوون بمروون جەداخ یاران　　هەر بتلوون وەدەرد چون دەردەداران[1628]

[1627] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری یەكەم، ل٢٧١.

[1628] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل٤٦٦.

۷- جیاوازیەکی بنەڕەتی مەولاناو مەولەوی لەوەدایە، کە مەولانا زۆرجار لە دیدی (مرۆڤی تەواو)ەوە سەیری مردن دەکاتو لێرەشەوە لە دیدی مرۆڤە کۆچکردوەکە- نەک کەس لەدەستچووەکە- وە سەیری ئەو دیاردە گەورە دەکات.

بەڵام مەولەوی بەپێچەوانەوە لە ڕوانگەی (تەواو مرۆڤی)یەوەو لە دیدی کەس لەدەستچوەکە - نەک کۆچکردوەکە - ەوە سەیری دیاردەکە دەکات. هەربۆیە خەمی لەدەستچوونەکە، دەبێتە چەقی باسکردنی مردن:

وە ناکام هیجرەت کەردەم، ڕۆڵە ڕۆ داخان گشت وە خاک بەردەم ڕۆڵە ڕۆ[۱۶۲۹]

دیدەم وە دیدەت شای شیرین چەمان فیراقت قامەت کەردەن وەکەمان![۱۶۳۰]

گەرچی جاربەجاریش لە چاوی مردوەکەوە سەیری مردنو پاشو مەرگ دەکات:

دنیا شینشەن نیەنی تێشدا بەهەشت شادیشەن مەگێڵی پێشدا![۱۶۳۱]

شادبی وە حوران خاصەی جینانی تەمەنای وێت بێ لەقای سوبحانی[۱۶۳۲]

بەڵام لای مەولانا بەپێی کەسە کۆچکردوەکە باس لە مردن دەکرێت. ئەگەر کەسەکە جوانو شادبێ - جوانییو مەعنەوی - ئەوا - وەک ئاوێنە - مردنیش جوان و شاد دەبێ، پێچەوانەکەشی ڕاستە:

مرگ هرکس ای پسر همرنگ اوست با دشمن دشمن و با دوست دوست[۱۶۳۳]

وأنك ایشان را شکر باشد اجل چون نظرشان مست باشد در دول[۱۶۳٤]

۸- گەر لەڕووی ئیستێتیکاوە سەیری تێکستەکانی مەرگ لای مەولاناو مەولەوی بکەین، دەبینین لای مەولانا زیاتر چەمکی (جوانی) دەردەکەوێو مردن زیاتر وەک دیاردەیەکی

[۱۶۲۹] بڕوانە: بەشی سێهەم، پاری دووەم، ل٤٠٨.

[۱۶۳۰] بڕوانە: هەر ئەو بەش و پارە، ل٤١٣.

[۱۶۳۱] بڕوانە: بەشی سێهەم، پاری دووەم، ل٤٣٢.

[۱۶۳۲] بڕوانە: بەش و پاری پێشوو، ل٤١٧.

[۱۶۳۳] بڕوانە: بەشی سێهەم، پاری یەکەم، ل٣٤٥.

[۱۶۳٤] بڕوانە: هەر ئەو بەش و پارە، ل٣٥٣.

(جوان) دەردەکەوێ. لای ئەم مردن وەک: میوە، جوانی یوسف، بەیانی و هتد... دەردەکەوێ:

حشر تو گوید که سر مرگ چیست　　میوەها گویند، سر برگ چیست![1635]

هرکه یوسف دید، جان کردش فدا　　هرکه گرگش دید برگشت از هدی![1636]

بەڵام لای مەولەوی بەپێچەوانەوە، مردن زیاتر وەک چەمکی (شکۆ)[1637] و دیاردەیەکی سامناکو نیگەرانیکەرو ناشیرین دەردەکەوێ. لای ئەم مردن: کەللەبڕە، یەزیدە، دیلییە، جەنگو دۆڕانەو هتد...:

ئەو یەزیدی مەرگ وە ئەسیر بەردە　　من زادەی زیاد خەم یەقیر کەردە[1638]

قەزا وە قومار نەپای باختمەن　　قامەت حەڵقە بەست وەخت تاختمەن[1639]

لەنێو کۆی شیعرەکانی مەولەویشدا، تێکستێك، کە زۆرتر (شکۆ)ی مەرگی لەخۆگرتبێت — هاوکات زۆرترین درکەی مردنیشی لەخۆگرتووە — ئەو تێکستەیە، کە بەمە دەستپێدەکات:

صەد پەرێم دایم خەم بەستەن کەڵەك　　ئاخ هەر یەکجار داخ تۆ سەوزەن فەڵەك![1640]

بەڵگەیەکی تر لەسەر ئەوەی، کە مردن لای مەولەوی زیاتر بە دیوی (شکۆ)دا دەکەوێت تا (جوانی)، ئەوەیە، کە ئەو باوەڕی وایە مردن، سروشتو ژیان ئاوەژوو دەکاتەوە — ئاوەژووکردنەوەی جوانی —:

وەهار نەوگوڵان نە تۆی خاك بەرکەرد　　جە بەدبەختی من تۆ وە تۆی خاك بەرد![1641]

یان:

[1635] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری یەکەم، ل٣٢٧.

[1636] بڕوانە: هەر ئەو بەش و پارە، ل٣٥٣.

[1637] بۆ دوو چەمکی (جوانی) و (شکۆ) بڕوانە: موحازەرەکانی ئیستاتیکا. وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: د.ئەنوەر قادر محەمەد، ساڵی خوێندنی ٢٠٠٩ — ٢٠١٠.

[1638] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل٣٩٨.

[1639] بڕوانە: هەر ئەو بەشو پارە، ل٤٢٩.

[1640] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری سێیەم، ل٤٩٠.

[1641] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٤٢٤.

بالّ چەم هوردا نەرگس نەی دەم دا چ خێربێ تۆ چەم نییای وە هەم دا[١٦٤٢]

٩- جیاوازیەکی بنەڕەتی نێوان مەولاناو مەولەوی لەوەدایە، کە لای مەولانا مردن لەخۆیدا نێگەتیف نیە، بەڵکو بەپێی سروشتی مرۆڤەکان دەگۆڕێ بە نێگەتیف!. واتە بە دەربڕینێکی تر، لای مەولانا بەهۆی ناشیرینی مرۆڤەکانەوەیە مردن ناشیرین دەبێ، نەک لەخۆیدا ناشیرینو بێزارکەر بێت!:

مرگ هرکس ای پسر همرنگ اوست با دشمن دشمن و با دوست دوست[١٦٤٣]


لای مەولانا مردن زیاتر وەک ئاوێنەیەو بێ لایەنە، و بۆ مرۆڤە چاکەکان: بۆنی یوسفە کە خۆشو مژدەهێنە، میوەو بەرهەمە، بەیانیو تەواوبوونی شەوە، دەرگاکردنەوەیە بەرەو نەمریو هتد...و بۆ مرۆڤە خراپەکانیش: ئەژدیهایە، چارشێولابەرو ڕووی دزێوی مرۆڤ دەرخەرە، گورگە، خەزانەو هتد...[١٦٤٤]


بەڵام لای مەولەوی مردن لەخۆیدا - بەدەر لە ئێمەی مرۆڤ - ناشیرینی هەیە. ئەو بێ بەزەییە وەک یەزید - بکوژی ئیمام حوسێن -، جەنگو بەدیلگرتنی مرۆڤە، بێ گیانکردنی بالّاو جوانیە، هۆی فیراقو دوورییەو هتد...، گەرچی لای مەولەویش مردن - لەخۆیدا - لایەنی پۆزەتیڤو جوانیشی هەیە. وەک لەم هێڵکاریەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

[١٦٤٢] بڕوانە: بەش و پاری پێشوو، ل٤٢٥.

[١٦٤٣] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری یەکەم، ل٣٥٣.

[١٦٤٤] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری یەکەم، ل٣٥٨.





۱۰– مەولانا فەلسەفیانەترو قوڵتر باس لە نەمری دەکاتو باوەڕی بەوە دەچەسپێنێ، کە مردن کۆتایی ژیان نیە، بەڵکو قۆناغێکی بەردەوامە بەرەو گەورەبوون و باشتر بوون:

از جمادی مردم و نامی شدم واز نما مردم ز حیوان برزدم

مردم از حیوانی و ادم شدم پس چه ترسم کی زمردن کم شدم![١٦٤٥]

یان له نمونه هێنانەوه به کۆرپەلەی نێو منداڵدانی دایکدا ئەوه دەردەبڕێ:

گر جنین را کس بگفتن در رحم هست بیرون، عالمی بس منتظم... تادوایی[١٦٤٦]

که ئەم شێوه باسکردنه – بەتایبەتی وێناکردنی مردن به منداڵدان – لای مەولەوی نابینرێ.

١١– گەر سروشتی عرفانو سۆفیگەری ئیسلامی بەگشتی، بایەخی سەرەکی به پەروەردەکردنی دەروونی مرۆڤ بێتو بەشێکی گرنگی ئەو پەروەردەکردنەش له مراندنی ئارەزوو و هێزه خراپەکانی نێو دەروونی مرۆڤدا بێت، کە ئەمەش (مردنی مەعنەوی – ئیختیاری)یە، بەڵام ئەگەر لەو چوارچێوه گشتیەوه بێین بۆ ئاستی تایبەتی هەردوو تەریقەتی سۆفیگەری مەولاناو مەولەوی، که یەکەمیان: تەریقەتی شەمس – گەر گونجاوبێ ئەم زاراوەیە – دووەمیان: تەریقەتی نەقشبەندییە. ئەوا دەبینین تەریقەتی شەمسی زیاتر بایەخی به مردنو مردنی مەعنەوی داوه تا تەریقەتی نەقشی. ناوەرۆکی پەیامی شەمس بۆ مەولانا بریتی بوو له مراندنو زیندووکردنەوه:

مرده بدم، زنده شدم گریه بدم، خنده شدم[١٦٤٧]

ئەو – شەمس – لەڕێگەی مەلامەتگەریو عشقەوه، مەولانایەکی مراندو مەولانایەکی تر جێگەی گرتەوه[١٦٤٨]. هەروەها مەولانا خۆشی – که دواتر دەبێته سەرۆکی تەریقەتی مەولەوییە – تەریقەتەکەی خۆی له مردنو مردنی مەعنەویدا کورتدەکاتەوه: تا نەمری ناگەیت[١٦٤٩].

هەر لێرەوه وادەزانین ئەم بایەخه زۆره به مردنی مەعنەوی لای (شەمس) بۆ مەولاناو دواتر لای مەولانا بۆخۆیو یارانی، وایکردوه زیاتر لەپرووی عرفانو مەعنەوییەوه بڵندتر

[١٦٤٥] بڕوانه: بەشی سێیەم، پاری یەکەم، ل٣٥٩.

[١٦٤٦] بڕوانه: هەر ئەو بەش و پارە، ل٣٣١.

[١٦٤٧] بڕوانه: بەشی دووەم، پاری یەکەم، بوون لای مەولانا، ل١٥٢.

[١٦٤٨] بڕوانه: بەشی سێیەم، پاری یەکەم، ل٣٩٦.

[١٦٤٩] بڕوانه: هەر ئەو بەش و پارە، ٣٧٨.

نبێتەوەو نیگەرانی ئەو لە مردنی فیزیکی کەمتر بکاتەوەو بەڵکو بەپێچەوانەوە بۆ شادیو خۆشی بیگۆڕێ.

بەڵام لە تەریقەتی نەقشبەندیدا – کە مەولەوی سەر بەو تەریقەتەیە – هێندە بەڕوونیو بەرجەستەیی جەخت لەسەر مردنو مردنی مەعنەوی نابینرێ. هاوکات لەنێو ئەو تێکستانەی مەولەویشدا، کە باس لە پیرەکانی دەکات – بەو هێندەی لای مەولانا – جەختکردنەوە لەسەر مردنی مەعنەوی نابینرێ.

لێرەشەوە وادەزانین ئەمە دەکرێ یەکێك بێت لە هۆکارەکانی کەمتر هاتنی باسی مردنی مەعنەوی – بەبەراورد بە مەولانا – لای مەولەویو هاوکات زۆرتر بوونی نیگەرانی ئەو لە مردنی فیزیکی.

١٢– لای مەولەوی باسی مردن زۆرجار لە ئاراستەی (تەواو مرۆڤی)یەوە بەرەو (مرۆڤی تەواو) دەڕوات. واتە سەرەتا وەك مرۆڤێکی ئاسایی، بەپێی هەستە سروشتیو زگماکییەکانی هەڵوێست لە ڕووداو دیاردەی مردن وەردەگرێتو بەمەش دیارە خەمو نیگەرانی باڵ بەسەر کەشی شیعرییدا دەکێشێو لێرەدا کەمتر بیروباوەڕو ئایدیای شاعیر وەك دیسپلینێك دەبینرێ. بۆیە وشەکانی دەربڕی خەمی قوڵ بۆ مردن وەك: (شین)[١٦٥٠]، (کۆس)[١٦٥١] و (واوەیلا)[١٦٥٢]، (ڕۆڕۆ)[١٦٥٣] لای دەبینرێ – کە شتی وا لای مەولانا نابینرێ –. بەڵام پەیتاپەیتا بەرەو (مرۆڤی تەواو) بڵند دەبێتەوەو ئایدیای ئاینیو عرفانی ئەو تێڕوانینی بۆ دیاردەکە دەگۆڕێ. وەك لەم تێکستانەدا دەردەکەوێ:

[١٦٥٠] بڕوانە: دیوانی مەولەوی، لاپەڕەکانی: ٢٨٤، ٢٨٥، ٣٣٧، ٣٧٥، ٤٣٠.

[١٦٥١] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی: ١٧٧، ٢٨٤، ٢٨٥. شایانی باسە ئەو سروشتی ناخی خۆی بە خوگرتوو بە کۆس کەوتنەوە دەزانێ!:

پەو کە خوو گرتەی بەڵاو کۆسەنان نزیکی بێزار، دووری دۆسەنان (دیوانی مەولەوی، ل١٧٧).

بەڵکو ئەو دووری دۆست – دووری جوگرافی – بە کۆسکەوتن دەزانێ!:

زانام هەم دیسان دڵ کۆس نۆشەن گەردە لوولشەن ئارەزووی تۆشەن (دیوانی مەولەوی، ل٥١٠).

[١٦٥٢] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕەکانی: ٣٣، ٣٨٣، ٤٧٣، ٥٢٦، ٤٠١.

[١٦٥٣] بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەکانی: ٢٨٥، ٢٨٦، ٣٢٠، ٣٧٥.

مەرگت دێوە لوول خەمان دێونان بونیاد خەرمان عیرفان شێونان!

تا دواجار لە قۆناغی (مرۆڤی تەواو)دا بە خۆی دەڵێت:

عیرفانەکەت کۆن، فامت کۆشی یەن تای پەی جیلوەی دۆس نیهایەت نی یەن! [1654]

یان دەبینین شاعیر لە تێکستی (شکۆ)دارو سامناکی (کەللەبڕ)دا، کە باسدەکات لە:

ها صەف پێکان پۆس کەللەی هام دەمان کەللەبڕ پەی پۆس کەللەمان تەمان! [1655]

پەیتا پەیتا بەرەو عرفانو (مرۆڤی تەواو) بڵند دەبێتەوە:

حەیفەن تۆ میراو سەرجۆی بادەبی وە هەرکەس بەقەد کەفاف دادەبی

من کشتم پووزەرد هام فەردانش بۆ دانەم پووسیای هام دەردانش بۆ [1656]

یان هەندێ جار لەو نێوەندەدا (تەواو مرۆڤی – مرۆڤی تەواو) خواروو ژوور دەکات وەک لە تێکستی (شورای عاشورا)دا دەبینرێ[1657].

بەڵام لای مەولانا بەوجۆرە نییە، بەڵکو لە زۆرینەی تێکستەکانیدا شاعیر لە (مرۆڤی تەواو)ەوە لە بڵندیەوە باس لە مردن دەکاتو بە شادیو لانی کەم نەبوونی نیگەرانیەوە پووبەپووی مردن دەبێتەوە[1658].

۱۳– جیاوازیەکی بنەڕەتی نێوان مەولاناو مەولەوی، لەوەدایە، کە لای مەولانا پەنابردنی شاعیر بۆ هێما فریادڕەسە عرفانیەکانی وەک: ساقی، موتریب، نەی ژەن و هتد... نابینرێ، چونکە لە بناغەوە مردن لای ئەم جێگەی نیگەرانیو خەم نیە. بەڵام لای مەولەوی مردن جێگەی نیگەرانیو خەمە، بۆیە پەنابردن بۆ ئەو هێما عرفانیانە بە بەرجەستەیی – بەڵکو بووەتە ستایلێکی شیعری ئەو – لای دەبینرێ:

ها صەف پێکان پۆس کەللەی هام دەمان کەللەبڕ پەی پۆس کەللەمان تەمان!

[1654] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل۴۰۳.

[1655] بڕوانە: هەر ئەو بەش و پارە، ل۴۲۰.

[1656] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل۴۲۱.

[1657] بڕوانە: هەر ئەم بەش و پارە، ل۳۹۶.

[1658] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری یەکەم، ل۲۸۳.

.....

هۆردەر چەنی سۆز دەروون پڕ نێش فەریاد ئەو ساقی و ئەو نەی چی و دەروێش[1659]

ساقی! پابەستەی زنجیر پیرین دەسم دامانت وادەی دەس گیرین[1660]

لێرەوە نیگەرانی‌و سامناکی مردن ئەوی مراندوە، بۆیە داوای ژیاندنەوە لەوان دەکات:

صەدای دەف و نەی بەیێ نەگۆشت نەشئەی مەی بەخشۆ حەیات وەهۆشت![1661]

وادەزانین هۆکاری ئەم پەنابردنەشی بۆ ئەو هێما عرفانیانە – بەتایبەتی نەی ژەن و موتریب‌و دەروێش – بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لای ئەو خەم‌و ئازار دەنگو ئاوازێکی لە دەروونیدا دروستکردووەو شڵەژاندویەتی‌و کاری لێکردوە، بۆیە پێویستی بەوەیە ئاوازێکی مەعنەوی – هاوچەشن بە خودی دەردو ئازارەکە – هەبێت بۆ ئارامی پێدانەوەو گێڕانەوەی هێمنی‌و ژیانی ئاسایی بۆی. بە نمونە ئەو هەواڵی مردنی ئازیزێك بە ئاوازو مۆسیقایەکی شیوەنکەر دەبینێ:

نامەرد، یە وادەی شینی پێ شۆمەن هیچ کۆسم نی یەن، یە کۆس نۆمەن

سادەی هەی پەی کەی، هەریەك جەلایێ باوەرین ئەو ساز شیوەن صەدایێ[1662]

١٤– دژەمەرگی‌و مەرگ پەسەندنەکەری مەولەوی زیاتر بۆ کەسانی تر – ئازیزان – پتر لە مەرگی خۆی – کە بە بەراورد کەمترە[1663] و گەر نیگەرانیشی هەبێت، نیگەرانی پاش مەرگو لێپرسینەوەیە نەك خودی مردن[1664]. هەربۆیە (مەرگ ویستی) لای مەولەوی – بۆ

[1659] بڕوانە: هەر ئەم بەشە، پاری دووەم، ل٤٢٠.

[1660] بڕوانە: هەر ئەم بەش و پارە، ل٤٢٦.

[1661] بڕوانە: هەر ئەم بەش و پارە، ل٤٢٠.

[1662] دیوانی مەولەوی، ل٢٨٥.

[1663] بە نمونە وەك: بەڵ ئیمشەو خەمان نەدەرۆم وە باد ساقی! گیان، قوربان، خاطر کەرەشباد

بووەوە باعث ئەی نیم گیان سەخت سا بەڵکە نەمرۆ (مەعدوومی)ی بەدبەخت دیوانی مەولەوی، ل٥.

واتە: ساقی فریام بکەوە، تا بەخەم نەمرم. کە ئەم تێکستانە دەگمەنن لای مەولەوی.

[1664] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل٣٩٦ بەدواوە.

خۆی — بە ڕادەیەکی بەرچاو دەبینرێ[١٦٦٥]. بەڵام مەولانا بۆ خۆیو بۆ مرۆڤەکان بەگشتی — جگە لەو نمونە دەگمەنانەی وەک لاواندنەوەی صلاح الدین زەرکوب[١٦٦٦]— مەرگ ویستە.

١٥— مەولەوی — بە ناڕاستەوخۆ — وەک مەولانا باوەڕی بە مردنی گەردوونی هەیەو پێی وایە (بگەڕێوە)[١٦٦٧] و مردن لە بوونداا وەک یاسایەکی گشتی هەیە. بەڵام مەولەوی جیاوازە لەو — لانی کەم — لە دوو ڕووەوە: یەکەم: لای مەولەوی گەردوون وەک دژ — نەک سروشتێکی بێڵایەن وەک ئەوەی لای مەولانا ئەرکی جێبەجێ دەکات — دەرئەکەوێ. دووەم: گەڕانەوە لای مەولەوی زیاتر بۆ مرۆڤە — نەک بۆ هەموو بەشەکانی بوونو گەردوون وەک لای مەولانا دەرئەکەوێ — و لەنێو مرۆڤیشدا زیاتر کێشەیەکی تاکەکەسییەو دەنگێکە بەتایبەتتر شاعیر بانگدەکات:

صەدای ئاسیاو چی مەیۆ پەیاپەی　　ئاسیاو خاڵی یەن تۆبەتەن سادەی![١٦٦٨]

١٦— لای مەولەوی هەندێ جار دەبینرێ، (بکەر)یەتی مردن دەدرێتە پاڵ گەردوون، وەک ئەوەی گەردوون لەخۆیدا سەربەخۆو خاوەن ئیرادە بێ — کە مەولانا بەگشتی دژی ئەمەیە[١٦٦٩] — بۆیە کاتێک، کە سکاڵا لەدەست گەردون دەکاتو دەڵێت: تۆ لەسەر کاری شەڕخوازانەو خراپەت هەر بەردەوامی، تا خودا چەرخت دەشکێنێ:

تەمثیرش نی یەن فەریاد جەلای تۆ　　تادەست قودرەت چەرخت نەشکنۆ[١٦٧٠]

وەک بوونێکی (بکەر) سەیری دەکات:

صەد پەڕێم دایم خەم بەستەن کەڵەک　　ئاخ هەر یەکجار داخ تۆ سەوزەن فەڵەک!

.....

[١٦٦٥] بڕوانە: هەر ئەم بەش و پارە، ل٤٣٤ بەدواوە.

[١٦٦٦] بڕوانە: هەر ئەم پارە، جیاوازی (٤) ل٤٨٠.

[١٦٦٧] بۆ زانینی ئەو یاسای مردن (بگەڕێوە) لای مەولانا. بڕوانە: بەشی سێهەم، پاری یەکەم، ل٣٤٠.

[١٦٦٨] بڕوانە: بەشی سێهەم، پاری دووەم، ل٤٠٩.

[١٦٦٩] بڕوانە: بەشی دووەم، پاری سێهەم، بوون لای مەولاناو مەولەوی، جیاوازی (٧) ل٢٨٢.

[١٦٧٠] بڕوانە: بەش و پاری پێشوو، جیاوازی (٧)ل٢٨١.

کام سەر، شام تەمای تاج کەی ت نەکەرد صوبح دەم وە تاج سەر نەی ت نەکەرد![1671]

یان:

نە تۆی جامەی خاك حالاّتش چۆن بۆ دەك چەرخە بەختت هەر نیل گوون بۆ[1672]

بەڵام شتی وا پووەو ڕاستەوخۆ لای مەولانا نابینرێ. پێدەچێ ئەمەش جگە لە مەسەلەی (تەواو مرۆڤی) مەولەوی — واتە زاڵبوونی هەستە مرۆییە ئاساییەکان بەسەریدا —، بۆ هۆکارێکی تریش بگەڕێتەوە، ئەویش ئەوەیە، مەولەوی باوەڕی وایە سروشتی دونیاو گەردون لەخۆیدا ئازاربەخشو لەناوبەرە. ئەمەش بە ئاراستەیەکدا تێڕوانینێکی عارفانەو زاهدانەیە، کە ژیان زیاتر بە دیوی نێگەتیڤدا دەبینێ: ژیان زیندانە، ئازاردەرەو هتد...[1673]

١٧— گەرچی هەردوو شاعیر — بە ڕێژەی جیاواز — تێکستی مەرگ وبستانەیان هەیە، بەڵام لەوەدا جیاوازن، کە مەولانا بەڕوونی گریانو خەم بۆ مردنی ڕەتدەکاتەوە، چونکە ئەو ڕۆژە لای ڕۆژی شادیو خۆشیە، نەك دڵتەنگی:

به روز مرگ چو تابوت من روان باشد گمان مبر، که مرا درد این جهان باشد

جنازه‌ام چو ببینی مگو وداع وداع که گور پرده جمعت جنان باشد....تادوایی[1674]

بەڵام مەولەوی گریانو خەم بۆ مردنی ڕەدناکاتەوە، بەڵام گریانی خۆی بۆ خۆی. چونکە ئەو باوەڕی وایە، کەس ناتوانێ وەك خۆی بۆ خۆی بگری. بەڵام ئەم گریانەی مەولەوی لەپێناو خودی مردندا نیە. هەروەها گریان نیە بۆ مردنی کەسێتی جەستەیی و مادی خۆی. بەڵکو گریانە بۆ کەسێتی مەعنەوی خۆیو زیاتر ئەو لایەنەی کەسێتی خۆی، کە تەنها خۆی دەیناسێو دەیزانێ:

داد نمەدۆ داد شین مالومەن لێم دمای وێم پەڕێم هیچ کەس وێنەی وێم[1675]

[1671] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل٤٢٠.

[1672] بڕوانە: هەر ئەو بەش و پارە، ل٤٢٥.

[1673] عارفان دوو تێڕوانینیان بۆ دونیاو ژیان هەیە (پۆزەتیڤ — نێگەتیڤ). بڕوانە: بەشی یەکەم، پاری سێیەم، ل١١٢.

[1674] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری یەکەم، ل٣٧٧.

١٨- مردن له خەیاڵگەی قوڵی مەوڵەویدا - جیاواز لە مەولانا - زۆرتر ئامادەیی - ئامادەیی نێگەتیڤو خەمبارانە - هەیە. بۆیە زۆرجار لە باسی ڕوداوو دیاردەی دوور لە مردنەوە بەرەو مردن دەڕوات. وەك باسی سپیەتی کراسێك، بەرەو سپیەتی کفن و مردنی دەبات:

سفیدتەر جەمەرگ مەینەت گازەکەم نازك تەر جەناز جای نیازەکەم! [١٦٧٦]

یان باسکردن لە دووری ئازیزێکی زیندوو، بەرەو یادی ئازیزانی مردووی دەبات:

یاران گردین شین وە تووناى توون دا هەر خەیاڵ مەندەن نەتڕى دەروون دا

.....

دڵە یەند وە ئایر دووری تۆ تاوان سا پاسەن کزەش وەلات نەیاوان [١٦٧٧]

١٩- بەگشتی مەوڵەوی زیاتر لەدەست دژیەکی - لەوانەش دژیەکی ژیانو مردن - دەناڵێنێ - کە ئەمە لای مەولانا دەگمەنە - :

دنیا شینشەن نیەنی تێشدا بەهەشت شادیشەن مەگێڵی پێشدا! [١٦٧٨]

یان:

تۆ نەی کۆچەدا کار وێت مەحکەم کەردەن بەڵام پیشەی من جە بێخ ئاوەردن! [١٦٧٩]

هەربۆیە مەوڵەوی - زیاتر لە مەولانا - دژی مردنە - کە دژی ژیانە - .

بەڵام مەولانا بەپێچەوانەوە زۆرتر لەنێو دژەکاندا هاوئاهەنگی دەبینێ، لەوانەش مردنو ژیان بە تەواوکەر - نەك دژ - دەبینێ:

أزمودم مرگ من در زندگی است چون رهم زین زندگی، پایندگی است

یان:

[١٦٧٥] بڕوانە: بەشی سێهەم، پاری دووەم، ل٤٣٠.

[١٦٧٦] بڕوانە: هەر ئەم بەش و پارە، ل٣٩٧.

[١٦٧٧] بڕوانە: هەر ئەو بەشو پارە، ل٤١٥.

[١٦٧٨] بڕوانە: هەر ئەو بەشو پارە، ل٤٣٢.

[١٦٧٩] بڕوانە: هەر ئەو بەش و پارە، ل٤٠٨.

چند گویی این جهان و آن جهان　　أن جهان بین وین جهان أمیخته[١٦٨٠]

٢٠- له نەستی مەولەویدا - جیاواز له مەولانا - پەیوەندیەکی قۆڵ لەنێوان (دووری - مردن)دا دەبینرێ. وەك ئەوەی دووری لای شاعیر مردن بێتو مردن دووری بێت:

چەپ گەرد نمازۆ ساتێ فەراغەت　　ئەی خوا، یا وەصڵ، یا مەرگ، یا تاقەت![١٦٨١]

لێرەوە دەرفەت نەڕەخسان بۆ بینینی دۆستێك، ئەو بەرەو باسی مردن دەبات:

بەدبەختی منەن وە یانەم هەرەس　　ئازیزێ چون تۆ نمەگنۆم وە دەس

.....

ساقی دەس چەرخ هەرهانەکاردا　　تای تانتەی دووریش بەستەن وەداردا!

تەمامەن بەرات قەبض و حەوالەم　　دێرەن کەرەم کەر بدەر پیالەم![١٦٨٢]

لای ئەم دووری - دووری جوگرافیش نەك ئەنتۆلۆژیو مردنی ئازیزان - و نەتوانینی بینینی یاران، وایلێدەکات ئارەزووی مردن بکات:

دڵەی خەم خەیاڵ جۆش ئاوەردەوە　　مەعدووم هەم هەوای (زەهاو) کەردەوە

.....

ئیمشەو وە هەرحاڵ شەو وەڕۆ بەروون　　ئەی خودا سامەرگ سەحەر چێش کەروون![١٦٨٣]

٢١- جیاوازیەکی دیاری نێوان مەولاناو مەولەوی لە ئارەزووی مەرگ ویستیدا، لەوەدایە، کە مەولانا زیاتر مەرگ ویستیەکەی عرفانی پوختەو بۆ گەیشتنەوەیە بە دیداری مەعشوق- خودا - و نیشتمانی ڕاستەقینەیەو لێرەوەیە جودایی‌و دابڕان زۆر لای سەختەو لای ئەو سەد هەزار مردن هێندەی فیراق و لێکدابڕان تاڵ نیە!:

از فراق و هجر می گویی سخن　　هرچه خواهی کن ولیکن این مکن

صد هزاران مرگ تلخ شصت تو　　نیست مانند فراق روی تو[١٦٨٤]

[١٦٨٠] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری یەکەم، ل٣٢٨.

[١٦٨١] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل٤٣٥.

[١٦٨٢] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل٤٣٩.

[١٦٨٣] بڕوانە: هەر ئەو بەش و پارە، ل٤٤١.

یان له غەزەلێکی تردا دەڵێت:

از فرقت تو هیچ نیست　　پی پناهت غیر پیچاپیچ نیست؟[١٦٨٥]

ئەم جودابیە لێرەدا بۆ خودایە زیاتر – نەک مرۆڤ – چونکە سەرەتای غەزەلەکە بە (یا غیاث المستغیثین اهدنا) دەستپێدەکات. ئەگەر باسکردنی بەشێکی دیاری فیراقی ئەو بۆ (شەمس) بێت، ئەوا لەبەرئەوەیە، کە (شەمس) بە جیلوەو ئاوێنەی خودا دەزانێ:

شمس تبریز که انوار از تو یافت　　اندر أن انوار چونت یافتم[١٦٨٦]

بەڵام مەرگ وبیستی مەولەوی عرفانی – مرۆڤانەیە، واتە ئەم لەگەڵ ئارەزووکردن بۆ گەڕانەوە بۆ نیشتمانی ڕاستەقینەو ژیانەکەی ترو خودا، مرۆڤ – یارانی مەعنەوی – بەشێکی دیاریان لەوێ هەیە:

حەیفەن تۆ میراو سەرجۆی بادەبی　　وە هەرکەس وەقەد کەفاف دادەبی

من کشتم ڕووزەرد هام فەردانش بۆ　　دانەم ڕووسیای هام دەردانش بۆ[١٦٨٧]

یان:

مطرب مەقامێ دەردم ناچارەن　　ساقی یا جامێ دۆس ئینتیظارەن![١٦٨٨]

ڕەنگە هۆکارێکی ئەمەش بۆئەوە بگەڕێتەوە، کە مەولانا پاش (شەمس) بەهۆی یارانی مەعنەوی وەک (صلاح الدین زرکوب) و (حوسامەدین چەلەبی) یەوە، کەمتر هەستی بە (تەنهایی)[١٦٨٩] کردووە، بەڵام مەولەوی زیاتر هەستی بەوە کردووەو خۆی بە تەنهاو بەجێماو لە یارانی مەعنەوی زانیوە:

[١٦٨٤] دیوان شمس: غزل: ٢٠٢٠.

[١٦٨٥] مثنوی، دفتر اول: ٣٩٠٩.

[١٦٨٦] دیوان شمس: غزل: ١٦٦٠.

[١٦٨٧] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل٤١٠ پەراوێزی ژمارە (١٤٣٦).

[١٦٨٨] بڕوانە: هەر ئەو بەش و پارە، ل٤١٣.

[١٦٨٩] بۆ جیاوازی مەولاناو مەولەوی لە بواری (جودایی) و (تەنهایی)دا. بڕوانە: بەشی دووەم، پاری سێیەم، جیاوازی ژ (٢) ل٣١٣

وەمەرگت دیدەم هام نەگوزەردا　　منیچ لام لای تۆن ئارۆ یافەردا![1690]

یان:

یاران ویەردەن تۆبەمەن سادەی　　ئیسە وەکارەن ساقی نەشئەی مەی[1691]

بەڵکو سەیر لەوەدایە، ئەویش مردوەکە – ئازیزی کۆچکردوو – بە (تەنها) دەبینێ:

من تەنیایی تۆ مدۆ ئازارم　　جەنامایی وێم خەجاڵەت بارم![1692]

یان بە عەنبەر خاتوون دەڵێت:

سۆچنۆم حەسرەت دەرد جیاییت　　نەک چۆن بڵێسەی یاد تەنیاییت![1693]

کەواتە لێرەوە دەتوانین بڵێین مەرگ ویستی سۆزدارانە – گەیشتنەوە بە یاران – لای مەولەوی زیاترە تا لای مەولانا.

٢٢– تایبەتمەندیەکی مەولەوی – جیاواز نەک لە مەولانا بەتەنها، بەڵکو لە زۆربەی زۆری شاعیران – ڕەنگە لە ئەدەبی کوردیدا بەتایبەتی – جگە لە ئەدەبی فۆلکلۆر – هاوشێوەی نەبێ – ئەوەیە، کە شاعیر لەبری کەسی مردووەکە، مردوو دەلاوێنێتەوە!:

بێ نازەن ئەسباب ئەسپ و سواریت　　بێ کەیفەن ئەساس خاصەی شکاریت

پەنهانەن سیمای سیمین وارەکەت　　شێوەی کۆتەڵەن یادگارەکەت![1694]

یان:

ماتەمی و وەهار؟ بێ شەوقی و نەوگوڵ؟　　مەلوول و گوڵزار؟ بێ ذەوقی و بوڵبوڵ؟

.....

نەتۆی جامەی خاك حاڵاتش چۆن بۆ　　دەك چەرخە بەختت هەر نیل گوون بۆ[1695]

[1690] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل٤١٢.

[1691] بڕوانە: هەر ئەو بەش و پارە، ل٤٣٤.

[1692] بڕوانە: هەر ئەو بەش و پارە، ل٤١٤.

[1693] بڕوانە: بەش و پاری پێشوو، ل٤١٢.

[1694] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل٤٠٧.

[1695] بڕوانە: هەر ئەو بەش و پارە، ل٤٢٥.

وادەزانین هۆکاری ئەمەش بۆ چەند خاڵێك دەگەڕێتەوە:

یەکەم: مەولەوی بەگشتی کەسێکی مرۆڤدۆستەو مرۆڤ چەق‌و سەنتەرە لەلای وەك ڕەگەزێك لە گەردووندا[١٦٩٦].

دووەم: بەشێوەیەکی تایبەتیش سۆزو پابەندبوونێکی دەروونی بەو مرۆڤانەوە هەبووە، کە هاوڕەگەزی دەروونی‌و مەعنەوی ئەو بوون، وەك خۆی ئەمە بەڕوونی دەردەبڕێ:

مزانو هەرکەس جە عیرفان کەیلەن هەر جنسێ چەنی جنس وێش مەیلەن[١٦٩٧]

بەتایبەتی عارفانی وەك مەولەوی زۆر بەزوویی بە خاوەن ڕۆحە پاکەکانی هاوشێوەی خۆیان ئاشنا دەبن‌و ئەوان بە هۆکارێکی گەشەکردن‌و گەورەبوونی ڕۆحی خۆیان دەزانن‌و مردنیشیان دەروون‌و ڕۆحیان ئازار دەدات[١٦٩٨].

سێیەم: ئەو دەیەوێ، کە کەس مردوەکان لەڕێگەی دوالیزمی (مرۆڤی تەواو)ەوە لە بارگە خەماوی‌و نیگەرانی‌و شڵەژاندنە دەروونییەکان خاڵی بکاتەوە‌و بەرەو (تەواو مرۆڤی) ببات[١٦٩٩]. کە ئەمەش لەلایەك کارێکی مرۆڤدۆستانەو دەروونناسانەیەو لەلایەکی ترەوە کارێکی عارفانەیە، چونکە ئەوە عارفەکانن، کە هەمیشە دەیانەوێ مرۆڤەکان لە قورسترین بارودۆخەکاندا — وەك بارودۆخی مردنی ئازیزیش — لەگەڵ خودادا ئاشت بکەنەوە‌و مەولەویش زۆر بەڕوونی دان بەم ئەرکەی خۆیدا دەنێ:

نە نازك خەیاڵ، ئیسە نەمونشیم پەردەی مابەین بیم، وییەردم، من شیم![١٧٠٠]

چوارەم: خەمو خەمی مەرگی ئازیزان بەتایبەتی، لە نەستی قوڵی شاعیردا جێگیرەو ئەمەش وادەکات نەك بەهەر ڕوداوێکی نەخوازراو وەك پشکۆ گەش ببێتەوە، بەڵکو زۆرجار

[١٦٩٦] بڕوانە: بەشی دووەم، پاری سێیەم، ژیان لای مەولاناو مەولەوی، ل٣٠٤.

[١٦٩٧] دیوانی مەولەوی، ل٥٢٥.

[١٦٩٨] وەك ئەوەی لای مەولاناش بینیمان، مردنی (صلاح الدین زرکوب) ئازاری داو شیعری لاواندنەوەی بۆ وت. بڕوانە: هەر ئەم بەش‌و پارە، جیاوازی ژ(٤)، ل٤٩٣.

[١٦٩٩] ئەمە یەکێکە لە ستایلەکانی شیعری مەولەوی. بڕوانە: هەر ئەم بەش و پارە، ل٤٩٥.

[١٧٠٠] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل٤٣٨.

بە ڕوداوی ئاسایی وەک بینینی کراسێکی سپی یادەوەری مردن ئامادەیی لەلای پەیدا دەکاتەوە[١٧٠١]. لێرەوە ئەو بە هەموو ڕوداوێکی نەخوازراوو مردنێکی کتوپڕ نیگەرانە – با زۆرجار بەتەواوی ناسراویش نەبێ – وەک لەم تێکستەدا دەرکەوت:

خاڵۆی مەنزڵ چی، سەرکردەکەی دەرد تەمام بەتۆ بی، ئای یە چێشت کەرد!

.....

پەی فەنای ئەو هەم جەدووری دڵبەر نەک جارێ، چوارجار، الله أکبر[١٧٠٢]

کەواتە لاواندنەوە لەسەر زاری کەسی مردووەکەوە لای شاعیر – بەپێچەوانەی شاعیرانی دەربار کە بۆ بەدەستهێنانی نان بووە – هۆکاری مەعریفی‌و مرۆڤدۆستی خۆی هەیە.

٢٣– لای مەولەوی سوێندخواردن بە مەرگی مەجازی دەبینرێ[١٧٠٣]، بەڵام لای مەولانا ئەوجۆرە لە سوێند نابینرێ.

٢٤– گەر لێکچوونێکی نێوان هەردوو شاعیر لەوەدابێت، کە مردنی ساتەکی لای هەردووکیان ببینرێ ئەوا لەوەدا جیاوازن، کە ئەم جۆرە لە مردن لای مەولانا زیاتر جەختی لەسەر کراوەتەوە[١٧٠٤]، وەک لە مەولەوی، کە زیاتر وەک شتێکی کتوپڕ دەردەکەوێ.

هەروەها جیاوازیەکی تریان لەوەدایە، کە لای مەولەوی جۆرە مردنێکی ساتەکی عاشقانە – نەک عارفانە – دەبینرێ، کە لای مەولانا نابینرێ:

نەک بەی تەور دیدەم، مەردەی زیندە ڕەنگ هەر ساتێ صەد جار سەرمدۆم وە سەنگ[١٧٠٥]

٢٥– گەر لێکچوونێکی نێوان مەولاناو مەولەوی لەوەدابێت، کە هەردووکیان بەهۆی عرفان‌و مەعنەویبوونەوە دلێری‌و ئازایەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەرگیان هەبێت[١٧٠٦]. ئەوا

[١٧٠١] بڕوانە: هەر ئەم بەش و پارە، جیاوازی ل٣٩٦.

[١٧٠٢] بڕوانە: هەر ئەم بەش و پارە، ل٤٠٠.

[١٧٠٣] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل٤٧٧.

[١٧٠٤] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری یەکەم، ل٣٣٦.

[١٧٠٥] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل٤٥٩.

[١٧٠٦] بڕوانە: هەر ئەم پارە، ل٤٧٧.

لەوەشدا جیاوازن، کە ئەم دلێریە لای مەولەوی لاوازترەو ناگاتە ئەو ئاستەی کە لای مەولانا هەیە، کە ڕاستەوخۆ بەرامبەرکێ (تحدی) لەگەڵ مردن دەکات:

این مرگ که خلق لقمه‌ای اوست　　یك لقمه کنیم و غم نداریم! [۱۷۰۷]

لەلایەکی ترەوە هێشتا سێبەری سامناکی مردن لەلای مەولەوی بەڕوونی دەبینرێ، وەك لە بەیتی دواتری – ئەو بەیتەی کە پێشتر هێنامان کە دوابەیتی تێکستەکەشە – دەبینرێ:

بوویەر جەسای تەرز دەف و نەیەوە　　وەزات مەستی نەشئەی مەیەوە
تاکەی کەتۆ دەست چەرخ چەپ ئەندێش　　پۆس کەللەت ناکاو پەی پۆس کەللەی وێش! [۱۷۰۸]

٢٦– گەر لێکچوونێکی نێوان مەولاناو مەولەوی لەوەدابێت، کە فریشتەی گیانکێشان (عزرائیل) لای هەردووکیان ڕۆڵی نەبێت[۱۷۰۹]، ئەوا لەوەدا جیاوازن، کە لای مەولانا بەهۆی عشقو عرفانو ژیاندۆستیەوەیە، کە ڕۆڵی نیە. بەڵام لای مەولەوی لە مردن بەئازار (مردنی ئەدەبی)یەوەیە، ئەو ڕۆڵەی نەماوە.

[۱۷۰۷] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری یەکەم، ل٣٤١.
[۱۷۰۸] بڕوانە: بەشی سێیەم، پاری دووەم، ل٤٢٠.
[۱۷۰۹] بڕوانە: هەر ئەم پارە، لێکچوونی ژ(٨) ل٤٨٢.

ئه نجام

لەم تێزەدا، بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:

— هەردوو شاعیر باوەڕیان وایە، لە بووندا هەبووی ڕاستەقینە بریتیە لە خوداو گەردون‌و بوون‌و هەموو دروستکراو جیلوەو سێبەرێ ئەون. هەردوکیان باوەڕیان وایە (بوون) لە یەکیەتی لەگەڵ خوداو پەیوەستبوون بە جیهانی مەعنەویەوە بەدەستدێت. ئەمەش سەرەتا بە فەنابوون‌و یەکیەتی لەگەڵ (پیر)دا دەبێ. هاوکات باوەڕیان بەوەیە، (بوون) لە تێپەڕاندنی ئەو (بوون)ەدایە، کە هەیە، بۆ ئەو (بوون)ەی، کە پێویستە پێی بگەین. هەروەک هەردوو شاعیر (بوون)ی ڕاستەقینە لە دێوانەبوون بە عشق‌و دەرچوون لە عەقڵی باو و پێوەرە باوەکاندا دەبینن. ئەوان باوەڕیان وایە (بوون)ی ڕاستەقینە لە ئەمانی (من)یەتی‌و فەنای عارفانەو خۆلەخۆ خاڵیکردنەوەدایە. هەردوو شاعیر باوەڕیان وایە، مرۆڤ بە حیرەت‌و سەرسوڕمانی عارفانە— نەک عەقڵگەرایی‌و فەلسەفە— دەتوانێ نهێنییەکانی بوون‌و ژیان بزانێ. هەردووکیان باوەڕیان بە بوونی سەماعی— سەمای مەعنەوی— هەیەو دەبێت مرۆڤ لەم ژیانەدا دەنگ‌و ئاوازی جیهانی نادیار (غیب) بە ڕۆح ببیستێ‌و بەدەمیەوە بڕوات، تا (بوون)ی قوڵی بەدەستبهێنێتەوە.

— بەڵام جیاوازیشن، لەوەدا، کە (بوون) لای مەولانا زیاتر وەک بوونێکی کۆنکرێتی‌و گەردوونی دەردەکەوێت، بەڵام لای مەولەوی وەک بوونی کەسی. هەروەها مەولانا بەهۆی عشق‌و پێگەیشتنی عرفانیەوە بە بوونێک گەیشتووە، کە لەسەرووی (خەم — شادی)یەوە، بەڵام بوونی مەولەوی بەگشتی بوونێکی خەمبارەو لەنێو دوالیزمەی خەم‌و شادیدا خواروو ژوورییەتی. لێرەوە بوونی مەولانا — واتە کەسێتی — بوونێکی گەردوونییە، بەڵام بوونی مەولەوی بوونێکی دەروونگەرایەو هێشتا بە بوونی گەردوونی‌و مەعشوقی ڕەها — خودا — نەگەیشتووە. هەروەها ناڕازیبوونی مەولەوی لە بوونی خۆی بەرجەستەتر دیارتر دەردەکەوێ، وەک لە مەولانا، کە پتر لە بوونی خۆی ڕازیە. لای مەولانا چەمکی نەبوون (عەدەم) زۆرتر بەمانای عرفانی — بوونی نادیار دێت، بەڵام لای مەولەوی زۆرتر بەمانای نەبوون دێت. لە باوەڕبوون بە بوونی سەماعیدا لەوەدا جیاوازن، کە مەولەوی زیاتر لە خەمە

کەسیەکانەوە پەنا بۆ بوونی سەماعی دەبات، بەڵام مەولانا زیاتر لە هەستە گەردوونییە قوڵەکانیەوە پەنا بۆ ئەوە دەبات.

- سەبارەت بە دونیاش هەردوکیان باس لە دونیا وەک شتێکی بابەتیو دەرەوەی ئێمە دەکەنو باوەڕیان بە ئامانجداربوونی دونیاو ماناداری ئەو - نەک بێ ماناو بێهودەبێ - هەیەو بە شوێنی پێگەیاندنی مەعنەوی مرۆڤی دەزانن. بەڵام جیاوازن لەوەدا، کە مەولەوی کەمتر دونیا وەک بوونێك لەخۆیدا دەبینێ، بەڵکو زیاتر وەک بوونێك لای ئێمە- چۆن ئەزموونی دەکەین - دەردەکەوێ. دونیاو گەردوون لای مەولەوی زۆرتر - بە بەراورد مەولانا - وەک نەیارێکی توندو دژە مرۆڤ دەردەکەوێو لێرەوە ڕەگەزی بیری عەدەمیو بەدبینانە بە ڕووبی لای دەرئەکەوێ، کە ئەم ڕەگەزانە لای مەولانا ئێجگار دەگمەنە. لای مەولەوی زیاتر بیری جەبریەت - جەبریەتی نێگەتیڤ - و عەدەمی بەرامبەر بە دونیاو ژیان دەردەکەوێ، کە ئەمە لای مەولانا نابینرێ.

- لەبارەی ژیانیشەوە، هەردوو شاعیر هونەری (Personality) لە شیعرەکانیاندا بە فراوانی دەبینرێ، چونکە وەک دوو عارف لە بناغەوە هەموو بوونو سروشتو ژیان بە زیندوو دەبینن. هەروەها هەردوکیان باوەڕیان بە (مرۆڤ سێنترالی) هەیەو باوەڕیان وایە مرۆڤ میحوەری سروشتو ژیانەو بەوەش ژیان مانا پەیدا دەکات. هەردوو شاعیر باوەڕیان وایە ژیان لە لەدایکبوونی ئیختیاری - عرفان - دایە. هەروەک هەردوکیان ژیان لە داخوازی - طلب - و بەدەستهێنانی تامەزرۆییدا - نەک بەدەستهێنان - خۆیدا دەبینن. هەردوکیان باوەڕیان وایە پێغەمبەرانو (پیر) و مرۆڤە مەعنەویەکان زیندووکەرەوە مرۆڤنو زیندبوونەوەو ژیانی ڕاستەقینە لە پەیوەندیکردن بەوانەوەیە بەڵام جیاوازیشن لەوەدا، کە باسکردنی ژیان لای مەولانا وەک باسکردنێکی گەردونییو بابەتی (Objective) دەردەکەوێ، بەڵام بە پێچەوانەوە لای مەولەوی باسکردنی ژیان زیاتر باسکردنێکی دەرونەکیو کەسیی (Subjective)ە. لەلایەکی ترەوە مەولانا - بەپێچەوانەی مەولەوییەوە - لە باسکردنی دیاردەکانی ژیاندا، لە دیاردە گەردوونیەکانەوە (أفاقی) بەرەو دیاردە دەرونەکی (أنفسی)یەکان دەڕوات. بەڵام لای مەولەوی زۆربەی جار بەپێچەوانەوەیە.

هەروەها ئەگەر هەردوو شاعیر هاوبەش بن لە باوەڕبوون بەوەی مەستی مەعنەوی‌و عرفان زیندووکەرەوەی مرۆڤە، بەڵام لەوەدا جیاوازن، کە پەنابردنی مەولانا بۆ عرفان زیاتر لە پاڵنەرێکی ئەنتۆلۆژی — وجودیی — و گەردوونیی قوڵەوەیە بەڵام بەپێچەوانەوە پەنابردنی مەولەوی بۆ جیهانی عرفان زیاتر بەهۆی خەم‌و سەختیەکانی نێو شوێنکات‌و دەوروبەری خۆیەوە، پتر لەوەی خەم‌و خولیای (منی گەردونی) بێت، گەرچی ناوبەناو ئەمەشیان لای دەبینرێ. هەروەها لەنێو سێ جۆرەکەی ژیاندا: ژیان لەگەڵ خەم‌و ترس، ژیان لەگەڵ ئومێد، ژیان لەگەڵ خۆشەویستی‌و عشقدا، مەولانا ژیانی زیاتر لە جۆری سێیەمە، بەڵام مەولەوی، ژیانی زیاتر لە جۆری یەکەمە — گەرچی ژیاندۆستەو بە ئومێدیشەوە دەژی —. هاوکات لە سێ کاتەکەی ژیاندا (رابردوو — ئێستا — ئایندە) لای (مەولەوی زیاتر لە رابردوو) ئامادەیی هەیە، بەڵام لای مەولانا زیاتر (ئێستا) ئامادەیی هەیە. هەروەها لە دوالیزمەی خەم‌و شادی ژیاندا، لای مەولەوی (خەم) بەشی گەورەی ژیان پێکدەهێنێ، بەڵام بە پێچەوانەوە (شادی) بەشی گەورەی ژیان، لای مەولانا پێکدەهێنێ. گەر هەردوو شاعیر سروشت‌و ژیان بە زیندوو ببینین، بەڵام لەوەشدا جیاوازن، کە ئەو بە زیندوو بینینە لای مەولانا زیاتر بۆ ئایدیای عرفانی‌و ئاینی دەگەڕێتەوە، بەڵام زیاتر ئەم زیندوویەتیە لای مەولەوی ڕەهەندێکی هەستی‌و شیعری — زیاتر لە ئایدیاو هزر — ی هەیە. هەروەها سروشت — جگەلە لایەنی پێرسۆنەلێتی وەک ڕەگەزێکی سەرەکی ژیان لای هەردوو شاعیر دەبینرێ، بەڵام جیاوازن لەوەدا، کە سروشت لای مەولانا زیاتر بەمانایەکی هێمایی (Symbol) بەکارهاتووەو سروشت لە خۆیدا وەک مەبەستێکی ئیستاتیکی کەمتر بەکارهاتووە، بەڵام لای مەولەوی هەردوو مەبەست دەبینرێ. لەلایەکی ترەوە وێنەو کەرەستە سروشتیەکان زیاتر ڕەهەندێکی گەردوونیی (Universal)ی هەیەو کەرەستەکان جیهانین: ئاو، دەریا، توتی، ئاسك، شێرو هتد... بەڵام لای مەولەوی زیاتر ڕەهەندێکی ناوچەیی (Local)ی هەیەو بەرەو ئاراستەی مانایەکی گەردوونی دەبات. هەروەها جیاوازیەکی تر لەوەدایە، کە سروشت لای مەولانا زیاتر بەدیوی پشتەوەی سروشتدا دەکەوێ. هەروەها هێما عرفانیەکانی ژیان‌و ژیاندنەوە، دیارترینیان (ئاوی حەیات، عیسا، خضر)، ئەمانە لای مەولانا

زۆرتر بەمانا عرفانیەکەی بەکارهاتوون، بەڵام لای مەولەوی زیاتر بەمانا مرۆڤانەکەی بەکارهاتوون.

— سەبارەت بە مردنیش هەردوو شاعیر مەرگخوان‌و پرسی مردن پووبەرێکی فراوانی لەنێو تێکستەکانیاندا داگیرکردوە. هەروەها باسی مردنی فیزیکی‌و مردنی عرفانی لایان بە ڕادەیەکی فراوان دەبینرێ. هاوکات لای هەردوکیان مردنی فیزیکی، وێنەی پۆزەتیڤ‌و نێگەتیڤی هەیە. هەروەک لێکچوونی دیارو کاریگەری مەولانا لەسەر مەولەوی لە ئایدیاو جۆری دەربڕینی مردنی عرفانیدا دەبینرێ. هەردوو شاعیریش باوەڕیان بە مردنی ساتەکی (دەمەکی) هەیەو هەردووکیان مردن بە جیلوەی خودا دەزانن. هەروەک هەردوکیان بەهۆی عرفان‌و مەعنەویەتەوە، توانیویانە بەرانبەرکێ (تحدی)ی مردن بکەن. بەڵام جیاوازیشن لەوەدا، کە مەولانا لە بناغەوە باوەڕی وایە هەموو دیاردەکانی بوون — بە مردنیشەوە — لایەنی نێگەتیڤ‌و پۆزەتیڤی هەیە، بەڵام ئاماژەی لەم جۆرە لای مەولەوی نابینرێ. هەروەک جیاوازیەکی تریان لەوەدایە، کە مەولانا لە ئاستی گەردوونیی (Objective)دا مردن وەک دیاردەیەکی گەردونیی دەبینێ کە هەموو بەشەکان بەرەو هەموو (کل) دەگەڕێنەوە. بەڵام ئەم ڕەهەندە گەردوونییەی مردن، بەو قوڵییە لای مەولەوی نابینرێ، هەروەها مەولانا وەک (تەماشاکەر)ێک مامەڵە لەگەڵ مردن دەکات، بەڵام مەولەوی وەک (یاریزان)ێک‌و خۆی کارەکتەرێکی نێو ڕوداوەکانەو لەگەڵیاندا دەگرێ‌و پێدەکەنێ. هەروەها لای مەولانا لە سێ جۆرەکەی مردنی فیزیکیدا تەنها دوو جۆری (مەرگ پەسەندی) و (مەرگ ویستی) دەبینرێ، بەڵام لای مەولەوی جگە لەو دوو جۆرە بەڕێژەیەکی فراوان (مەرگ پەسەندنەکردن) دەبینرێ، کە ئەم جۆرە لای مەولانا ئێجگار دەگمەنە. لەلایەکی ترەوە لە سێ جۆرەکەی مردنی فیزیکیدا، مەولانا زیاتر لایەنگری تێڕوانینی (مەرگ ویستی)یە، بەڵام مەولەوی بەپێچەوانەوە، لایەنگری تێڕوانینی (مەرگ پەسەندنەکردن)ە. جیاوازیەکی تری ئەم دوو شاعیرە، لەوەدایە، کە مەولانا زیاتر لە دیدی (مرۆڤی تەواو)ەوە سەیری مردن دەکات، بەپێچەوانەوە لێرەشەوە لەدیدی مرۆڤە کۆچکردوەکەوە— نەک کەسی لەدەستچووەکە — وە سەیری مردن دەکات، بەڵام مەولەوی بەپێچەوانەوە لەپوانگەی (تەواو مرۆڤی)و لە دیدی

کەسی لەدەستچووەکە – نەک کۆچکردوەکە – وە سەیر دەکات. گەر لە دیدی ئیستاتیکاوە سەیری تێکستەکانیان دەربارەی مەرگ بکەین، دەبینین زیاتر چەمکی (جوانی) مردن لای مەولانا دەردەکەوێ، بەڵام بەپێچەوانەوە لای مەولەوی زیاتر چەمکی (شکۆ)و سامناکی‌و ناشیرینی مردن دەردەکەوێ.

– جیاوازیەکی بنەڕەتی تر لەوەدایە، لای مەولانا مردن لە خۆیدا نێگەتیف نیە، بەڵکو بەپێی سروشتی مرۆڤەکان دەگۆڕێ بە نێگەتیف، بەڵام لای مەولەوی مردن لە خۆیدا – بەدەر لە ئێمەی مرۆڤ – ناشیرینی‌و نێگەتیڤی هەیە. جیاوازیەکی گرنگی تر، لەوەدایە، کە باسی مردن لای مەولەوی زۆرجار لە (تەواو مرۆڤی)یەوە بەرەو (مرۆڤی تەواو) دەڕوات، کە ئەم داهێنانێکی بڵندی مەولەوییە – بەڵام لای مەولانا زۆرتر لە دیدی (مرۆڤی تەواو)ەوە لە بڵندیەوە سەیری مردن دەکرێت. ئەمە جگەلە چەندین جیاوازی تری گرنگ کە لەنێو بەراوردی پاری سێهەمی بەشی سێهەمدا هاتووە.

سەرچاوەکان

- قورئان.
- تەورات.
- ئینجیل.

- کوردی:

١- ئەکرەم عەنەبی (٢٠٠٨)، مەحرەمی پاز (شەرحی غەزەلەکانی حافز)، چ١، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر.

٢- جمال حبیب الله (بێدار) (٢٠١٠)، وشەنامە (هۆرامی - کوردی ناوەڕاست)، چ١، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژ(٧٨)، هەولێر.

٣- سەبور عەبدولکەریم (شکار) (٢٠١٠)، ڕەنگدانەوەی کەسێتیو دنیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردیو فارسیدا - بەتایبەت لای مەحویو حافزی شیرازی - چ١، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

٤- سەبور عەبدولکەریم (شکار) (٢٠١٣)، مۆتیڤی (پیر) لە شیعری مەولەوی دا، کتێبی (ڕێوڕەچەی نەقشبەندیو بەرهەمی شاعیرەکانی)، چ١، وەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوان.

٥- سەعیدی نورسی (١٩٩٣)، مرۆڤ و ئیمان، و. فاروق ڕەسوڵ یەحیا، چ١، عێراق - کوردستان.

٦- کەرەسەی کۆرسی دووەمی دکتۆرا بۆ خوێندکارانی ئەدەب (٢٠١١ - ٢٠١٢ز) بەشی کوردی، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، کە بەشێکە لە کتێبی (ئیستێتیکا)ی (یوری بۆریڤ) کە بەزمانی ڕووسی نوسراوەو لە مۆسکۆ ساڵی ١٩٨١ چاپی سێیەمی بۆکراوەو لەلایەن (د.ئەنوەر قادر محەمەد)ەوە وەرگێڕدراوەو ئامادەکراوە وەک کەرەسەو بابەتی کۆرس.

٧- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (١٣٨٥ - ٢٠٠٦)، یادی مەردان، بەرگی دووەم، چ١، انتشارات کردستان، سنە.

٨- مەولەوی تاوەگۆزی (١٣٨٩- ٢٠١٠)، دیوانی مەولەوی. کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی و لەسەر نووسینی: مەلا عەبدولکەریمی مودەریس. چ١، انتشارات کردستان - سنە.

٩- مەولەوی تاوەگۆزی، دیوانی مەولەوی (٢٠٠٦)، ئامادەکردنی: حەکیم مەلا سالح، چ١، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٠- محەمەدی شلّماشی (٢٠٠١)، مەجلیسی ئەولیا، بەرگی ١-٢، چاپی دووەم، ئینتیشاراتی کوردستان، سنە.

١١- ناسری سوبحانی (١٩٩٧)، مرۆڤو ڕێبازی ژیان، ئا: عەبدوڵلا عەلی، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٢- ناسری سوبحانی (٢٠٠٦)، نوێژ (حەقیقەت و حیکمەتەکانی)، چ٢، دەزگای بەرهەم، کوردستان.

١٣- ناسری سوبحانی (٢٠١٠)، خەلقی ئادەم، چ١، دەزگای بەرهەم، سلێمانی.

١٤- ناسری سوبحانی (٢٠١١)، خواناسی، ئا: ئارام محەمەد - اسماعیل باقی، چ١، کوردستان.

١٥- ناسری سوبحانی (٢٠١١)، لادانەکانی بەشەرییەتو ژیانی موئمینانە، چ١، پرۆژەی بەرهەمی یاد، کوردستان.

١٦- ناسری سوبحانی (٢٠١٢)، بەندایەتی، چ٤، دەزگای بەرهەم، سلێمانی.

١٧- هەژار (١٣٨٨ - ٢٠٠٩)، هەنبانە بۆرینە، چ٦، انتشارات صداو سیمای جمهوری اسلامی ایران.

- **عەرەبی:**

١٨- ابن عاشور (محمد الطاهر) (١٩٦٤)، تفسیر التحریر و التنویر، ج١، طبعة الحلبي، القاهرة،.

١٩- أبو عبدالرحمن السلمی (١٩٨٦)، طبقات الصوفیة، تحقیق نورالدین شریبة، مکتبة الخانجي، ط٢، القاهرة.

٢٠- د.امام عبدالفتاح امام، معجم دیانات و اساطیر العالم، مکتبة المدبولي، القاهرة.

٢١- د.اياد كريم الصلاحي (٢٠١١)، المعاد في الفكر الفلسفي الاسلامي، بيت الحكمة، بغداد.

٢٢- برتراند راسل (١٩٦٧)، تأريخ الفلسفة الغربية، ترجمة: زكي نجيب محمود، ط٢، لجنة التأليف والترجمة، القاهرة.

٢٣- بوساحة احمد (٢٠٠٨)، حقيقة الموت في نظر الديانات، ط١، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت.

٢٤- جاك شورون (١٩٨٤)، الموت في الفكر الغربي، ترجمة: كامل يوسف حسين، عالم المعرفة، الكويت.

٢٥- د.جميل صليبا (٢٠٠٦)، المعجم الفلسفي، ط١، منشورات ذوي القربى، قم، ايران.

٢٦- جون ماكورى (١٩٨٢)، الوجودية. ترجمة: امام عبدالفتاح امام، سلسلة عالم المعرفة، الكويت.

٢٧- جيمس ب.كارس (١٩٩٨)، الموت و الوجود، ترجمة: بدر الديب، المجلس الأعلى للثقافة، مصر.

٢٨- راغب الأصفهاني (٢٠١١)، مفردات الفاظ القرآن، تحقيق: صفوان عدنان داودي، ط٥، دار القلم، دمشق.

٢٩- د.زكريا ابراهيم، دراسات في الفلسفة المعاصرة، ج١، دار مصر للطباعة.

٣٠- د.زكي نجيب محمود، (١٩٨٧)، الشرق الفنان، دار الشرق، القاهرة.

٣١- سعدالدين التفتازانى (٢٠٠١)، شرح المقاصد، ط١، اعداد وتوضيح: ابراهيم شمس الدين، دار الكتب العلمية، بيروت.

٣٢- سعيد النورسى (١٩٨٩)، رسالة الحشر، ترجمة، احسان قاسم الصالحي، مطبعة الزهراء، بغداد.

٣٣- سيد قطب (١٩٩٤)، اليوم الآخر في ظلال القرآن، جمع واعداد: احمد فائز، ط١٧، مؤسسة الرسالة، بيروت.

٣٤- د.عبدالحميد النجار (١٩٩٣)، خلافة الانسان بين الوحي والعقل، ط١، المعهد العالمي للفكر الاسلامي، فيرجينيا - أمريكا.

٣٥- د.عبدالرحمن بدوي (٢٠٠٣)، موسوعة الفلسفة، منشورات ذوى القربى، قم، ايران.

٣٦- عبدالرزاق الكاشاني (١٩٨١)، اصطلاحات الصوفية، ط٢، تحقيق: د.عبدالخالق محمود، دار المعارف، القاهرة.

٣٧- د.عبدالمنعم الحفني (٢٠٠٠)، المعجم الشامل لمصطلحات الفلسفة، ط٣، مكتبة المدبولي، القاهرة.

٣٨- د.عبدالمنعم الحفني (١٩٨٠)، معجم مصطلحات الصوفية، ط١، دار المسيرة، بيروت.

٣٩- عزيز السيد جاسم (١٩٩٠)، متصوفة بغداد، شركة المعرفة للنشر والتوزيع، بغداد.

٤٠- د.على صلابى (٢٠٠٦)، الدولة الأموية: عوامل الإزدهار وتداعيات الإنهيار، ط١، دار ابن كثير، دمشق.

٤١- على عزت بيگوفيتچ (١٩٩٧)، الأسلام بين الشرق و الغرب، ترجمة: يوسف عدس، ط١، الكويت.

٤٢- علي بن أبي طالب، نهج البلاغة، اعداد: محمد عبده، دار مكتبة الهلال، القاهرة.

٤٣- د.عمادالدين خليل (١٩٩١)، حول تشكيل العقل المسلم، ط٤، المعهد العالمي للفكر الاسلامي، فيرجينيا – أمريكا.

٤٤- الغزالي (١٩٧٨)، الأربعين في اصول الدين، ط١، دار الآفاق الجديدة، بيروت.

٤٥- الغزالي (بدون تأريخ)، إحياء علوم الدين، ج٤، دار الندوة الجديدة، بيروت.

٤٦- فراس السواح (٢٠٠٩)، موسوعة تأريخ الأديان، ط١، دار علاءالدين للنشر، دمشق.

٤٧- القشيرى (أبوالقاسم عبدالكريم) (١٩٩٠)، الرسالة القشيرية، تحقيق معروف زريق و على عبدالحميد بلطجي، ط٣، دارالجيل، بيروت.

٤٨- د.كامل مصطفى الشيبي (١٩٧٩)، الحلاج موضوعاً للأداب والفنون العربية قديماً وحديثاً، ط١، مطبعة المعارف، بغداد.

٤٩- لويس ماسينيون، كراوس بول (٢٠٠٦)، اخبار الحلاج، التكوين للطباعة والنشر، دمشق.

٥٠- د.مجدي ابراهيم (٢٠٠٤)، مشكلة الموت عند صوفية الاسلام، ط١، مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة.

٥١- د.محمد على أبوريان (١٩٦٥)، تأريخ الفكر الفلسفي، ط٢، الدار القومية للطباعة والنشر، القاهرة.

٥٢- د.محمد مصطفى حلمي (١٩٦٠)، الحب الإلهي في التصوف السلامي، ط١، وزارة الثقافة والارشاد القومي، القاهرة.

٥٣- د.مصطفى محمود (١٩٩٠)، الوجود والعدم، ط٩، دار المعارف، القاهرة.

٥٤- نورى اسماعيل (١٩٩٩)، الديانة الزرداشتية، ط٣، منشورات دار علاء الدين، دمشق.

٥٥- يوسف كرم، تأريخ الفلسفة اليونانية، دار القلم، بيروت.

- **فارسى:**

٥٦- أرش نراقى (١٣٨٨ - ٢٠٠٩)، أينه جان، چ١، نشر نگاه معاصر، تهران.

٥٧- باقرى صدرى نيا (١٣٨٠ - ٢٠٠١)، فرهنگ مأثورات متون عرفانى (احاديث، اقوال، امثال)، چ١، انتشارات صداو سيما، تهران.

٥٨- بديع الزمان فروزانفر (١٣٨١ - ٢٠٠٢)، احاديث و قصص مثنوى، ترجمهٔ: حسين داودى، چ٢، انتشارات أمير كبير، تهران.

٥٩- بديع الزمان فروزانفر (٢٠٠٨)، زندگى مولانا، چ١، شركت مطالعات و نشر كتاب پارسه، تهران.

٦٠- بهاء ولد معارف، چ٢، محمد حسين خطيب بلخى، تصحيح فروزانفر، چ٢.

٦١- د.بهاءالدين خرمشاهى (١٣٨٠ - ٢٠٠١)، حافظ نامه، چ١٢، شركت انتشارات علمى و فرهنگى، تهران.

٦٢- د.بهاءالدين خرمشاهى (١٣٨٤ - ٢٠٠٥)، ذهن و زبان حافظ، چ٨، انتشارات ناهيد، تهران.

٦٣- د.بهاءالدين خرمشاهى، ذهن و زبان حافظ، چاپ هشتم، ١٣٨٤ - ٢٠٠٥، انتشارات ناهيد، تهران.

٦٤- بودا، گزارش كانون يابى، ترجمهٔ: ع.پاشايى، ط١.

٦٥- جامى، عبدالرحمن (١٣٨٢ - ٢٠٠٣): نفحات الأنس، تصحيح محمود عابدى، انتشارات اطلاعات، تهران.

٦٦- جان بايرناس (١٣٨٨ – ٢٠٠١)، تأريخ جامع اديان، ترجمة: علی حسن حكمت، چ١، شركت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران.
٦٧- جلال الدين همايي (١٣٦٠ – ١٩٨١)، مولوی نامه، چ٤، انتشارات أگاه.
٦٨- حسن عميد (٢٠٠١)، فرهنگ عميد، چ٨، انتشارات امير كبير، تهران.
٦٩- دوزخ دوری (٢٠١٠)، زيبايی شناسی ديوان اشعار مولوی كُرد، له بلاوكراوەكانی ديداری مەولەوی، وەزارەتی رۆشنبيری.
٧٠- ديوان حافظ (نسخهٔ تيموری) (١٣٧٩ – ١٩٩٩)، به اهتمام: د.أحمد مجاهد، چ١، چاپ دانشگاه تهران.
٧١- ديوان غزليات حافظ (١٣٨١ – ٢٠٠٢)، بكوشش: د.خطيب رهبر، چ٣٣، انتشارات صفی عليشاه، تهران.
٧٢- رباعيات خيام (١٣٨٥ – ٢٠٠٦)، تصحيح: د.محمد علی فروغی، د.قاسم غنی، چ٤، انتشارات اساطير.
٧٣- د.روان فرهادی (١٣٧٢ – ١٩٩٣)، معنی عشق نزد مولانا، چ١، انتشارات أساطير، تهران.
٧٤- رينالد نيكلسون (١٣٦٦ – ١٩٨٩)، مقدمه رومی و تفسير مثنوی معنوی، چ١، ترجمه وتحقيق أوانس أوانسيان، نشر نی، چ٢.
٧٥- رينولد نيكلسون (١٣٨٢ – ٢٠٠٣): تصوف اسلامي ورابطه انسان و خدا، ترجمه، د.محمد رضا شفيعي كدكنی، چ٣، انتشارات سخن.
٧٦- د.سيد جعفر سجادی (١٣٨٦ – ٢٠٠٨)، فرهنگی اصطلاحات عرفانی، چ٨، انتشارات طهوری، تهران.
٧٧- د.سيد صادق گوهرين (١٣٨٣ – ٢٠٠٢)، شرح اصطلاحات تصوف، چ١، انتشارات زوار، تهران.
٧٨- سيد محسن رضا زاده (١٣٨٣ – ٢٠٠٤)، مرگ و جاودانگی، چ٢، دفتر پژوهش و نشر سهروردی، تهران.
٧٩- سيد محمد علی مدرسی (طباطبائی) (١٣٨٦ – ٢٠٠٧)، سماع، عرفان و مولوی، چ١، انتشارات انصاريان، قم.

٨٠- د.سید یحیی یثربی (١٣٧٧ - ١٩٩٨)، فلسفه عرفان، چ٤، مرکز انتشارات دفتر تبلیغات اسلامي، قم.

٨١- د.سیده مریم أبوالقاسمی (١٣٨٦ - ٢٠٠٧)، اصطلاحات ومفاهیم عرفانی دیوان شمس، چ٢، وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، تهران.

٨٢- د.سیروس شمیسا (١٣٩٠ - ٢٠١٢)، مولانا و چند داستان مثنوی، چ١، نشر قطره، تهران.

٨٣- سیما داد (١٣٨٧ - ٢٠٠٨)، فرهنگ اصطلاحات ادبی، چ٤، انتشارات مروارید، تهران.

٨٤- گروه نویسندگان (١٣٨٩ - ٢٠١٠)، دانشنامه‌ی فشرده‌ی ادیان زنده، ترجمهٔ: نزهت صفایی اصفهانی، چ١، نشر مرکز، تهران.

٨٥- د.گل بابای سعیدی (١٣٨٥ - ٢٠٠٥)، مرگ و فلسفه، چ١، انتشارات ازاد مهر، تهران.

٨٦- د.عبدالباقی گولپینارلی (١٣٩٠ - ٢٠١١)، مولانا جلال الدین زندگی - أثار، ترجمهٔ د.توفیق سبحانی، چ١، نشر کتاب پارسه، تهران.

٨٧- د.عبدالکریم سروش (١٣٧٦ - ١٩٩٨)، قصهٔ ارباب معرفت، چ٤، مؤسسه فرهنگی صراط.

٨٨- د.عبدالکریم سروش (١٣٨٦ - ٢٠٠٧)، قمار عاشقانه، انتشارات صراط، تهران.

٨٩- د.عبدالکریم سروش، پیام عارفان، سروش سخن، مؤسسه فرهنگی صراط.

٩٠- د.علی محمدی أسیابادی (١٣٨٩ - ٢٠٠٩)، مولوی و اسرار خاموشی، چ١، انتشارات سخن، تهران.

٩١- غزالي (١٣٨١ - ٢٠٠٢)، احیاء علوم الدین، ترجمه: مؤیدالدین خوارزمی، تصحیح حسین خدیو جم، نشر علمي و فرهنگی.

٩٢- د.غلامحسین معتمدی (١٣٨٧ - ٢٠٠٨)، انسان و مرگ، چ٢، نشر مرکز، تهران.

٩٣- قشیری (عبدالکریم بن هوازن) (١٣٨٣ - ١٩٩٩)، رساله‌ی قشیریه، ترجمه: أبو علی حسن بن احمد عثماني، تصحیح: بدیع الزمان فروزانفر، چ٨، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران.

۹٤- کریم زمانی (۱۳۸۹ – ۲۰۱۰)، میناگری عشق، چ۸، نشر نی، تهران.
۹۵- کریم زمانی (۱۳۹۰ – ۲۰۱۱)، شرح جامع مثنوی معنوی، چ۱۳، انتشارات اطلاعات، تهران.
۹٦- کریم فیضی (۱۳۸۸ – ۲۰۰۹)، زندگی و بس، چ۱، انتشارات اطلاعات، تهران.
۹۷- لاهیجی (شمس الدین محمد) (۱۳۸۱ – ۲۰۰۲)، مفاتیح الاعجاز فی شرح گولشن راز، تصحیح و تعلیق: د.محمد رضا برزگر خالقی، عفت کرباسی، چ٤، انتشارات زوار، تهران.
۹۸- م.ف.کاماث (۱۳۸۱ – ۲۰۰۲)، فلسفهٔ زندگی و مرگ، ترجمه: علی احمد بیات، چ۱، انتشارات بهجت، تهران.
۹۹- ماری پت فیشر (۱۳۸۹ – ۲۰۱۰)، دایره معارف ادیان زندهٔ جهان، ترجمهٔ: مرضیه سلیمانی، چ۱، نشر علمی، تهران.
۱۰۰- مثنوی معنوی (بر اساس نسخهٔ قونیه) (۱۳۷۵ – ۱۹۹٦)، تصحیح د.عبدالکریم سروش، چ۱، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران.
۱۰۱- محمد ازاده (۱۳۹۰ – ۲۰۱۱)، فلسفه و معنای زندگی، چ۱، نشر نگاه معاصر، تهران.
۱۰۲- محمد تقی جعفری (۱۳۸۷ – ۲۰۰۸)، عرفان اسلامی، چ۷، مؤسسة تدوین ونشر علامه جعفری، تهران.
۱۰۳- محمد تقی جعفری (۱۳۸۷ – ۲۰۰۸)، مولوی و جهان بینی ها، چ٦، مؤسسه تدوین و نشر آثار علامه جعفری، ایران.
۱۰٤- د.محمد رضا شفیعی کدکنی (۱۳۸۷ – ۲۰۰۸)، شرح غزلیات شمس تبریز، انتشارات سخن، تهران.
۱۰۵- د.مصطفی ملکیان (۱۳۸۹ – ۲۰۱۰)، مهرماندگار، چ۲، نشر نگاه معاصر، تهران.
۱۰٦- مهدی سیاح زاده (۱۳۹۱ – ۲۰۱۲) و چنین گفت مولوی، چ۱، انتشارات مهراندیش، تهران.
۱۰۷- مهدی کمپانی زارع (۱۳۹۰ – ۲۰۱۲)، مرگ اندیشی از گیل گمیش تا کامو، نشر نگاه معاصر، تهران.

١٠٨- مولانا جلال الدين محمد مشهور به مولوی، فیه ما فیه (١٣٨٥ - ٢٠٠٦)، با تصحیح و حواشی: بدیع الزمان فروزانفر، چ١٠، انتشارات امیر کبیر، تهران.
١٠٩- مولانا جلال الدین محمد مولوی رومی (١٣٨٢ - ٢٠٠٣)، کلیات شمس تبریزی، تحقیق: بدیع الزمان فروزانفر، چاپ هفدهم، انتشارات امیر کبیر، تهران.
١١٠- ناصر سبحانی (١٣٨٧ - ٢٠٠٨)، اسماء حسنی، تنظیم: جهانگیر ولدبیگی، ناشر مردم سالاری، چ١، سنندج.
١١١- هجویری (علی بن عثمان)، کشف المحجوب (١٣٨٦ - ٢٠٠٨)، مقدمة و تصحیح: محمود عابدی، انتشارات سروش، تهران.
١١٢- ویلیام چیتیك و دیگران (١٣٨٩ - ٢٠١٠)، گنجینهٔ معنوی مولانا، ترجمه و تحقیق: شهاب الدین عباسی، چ٤، انتشارات مروارید، تهران.

- نامەی زانکۆیی:

١١٣- بابك حشمت نجف اباد (١٣٨٩ - ٢٠١٠)، موت معنوی و تمثیلات أن در مثنوی مولوی (کارشناس ارشد)، دانشگاه ازادی اسلام، واحد مهاباد.

- گۆڤارو بلاوکراوەکان:

١١٤- د.ابراهیم رجب عبدالله، م.م: وفاء کاظم علي، الموت والخوف منه عند فلاسفة الیونان والاسلام، مجلة جامعة الأنبار للعلوم الاسلامیة، عدد (٤)، مجلد (١).
١١٥- أنتی کلیمانتوس (١٣٨٤ - ٢٠٠٥)، مسیحیت و معنای زندگی، فصلنامه (هفت اسمان)، شماره (٢٨)، مرکز مطالعات ادیان و مذاهب.
١١٦- تهمینه عطایی (١٣٨٦ - ٢٠٠٧)، تقابل مرگ و زندگی در مثنوی، فصلنامهٔ مطالعات عرفانی، شماره (٥).
١١٧- رضا بابایی، زندگی به روایت مرگ، فصلنامه نقد و نظر، شماره ٣١ - ٣٢.
١١٨- د.سید عبدالحمید ضیایی، بر رسی تطبیقي (فنا) و (نیروانا) در اموزه‌های بودا، مجله (SID).

١١٩- د.محمد صنعتی، در آمدی به مرگ در اندیشه‌ای غربی، فصلنامه ارغنون، شماره (٢٦).
١٢٠- مرتضی فلاح، سه‌نگاه به مرگ، فصلنامه علمی – پژوهشی، شماره (١١).
١٢١- مرضیه کاووسی حسینی (١٣٨٦ – ٢٠٠٧)، دنیا در مثنوی، کتاب ماه مجله ادبیات و فلسفه، شماره (١١).
١٢٢- د.مریم شریف نسب، حکایت جان سیری (بررسی تقابل مرگ و زندگی در دیدگاه مولانا، مجلهٔ فرهنگ، شماره (٦٤ – ٦٣).
١٢٣- مصطفی ملکیان، زندگی اصل و زندگی روزمره از دیدگاه هایدگر، نشریه (شعر)، شماره (٦٦)، ١٣٨٨– ٢٠٠٩.
١٢٤- نقش مقصود زندگی در شعر حافظ، مجلهٔ نقد و نظر، شماره ٣١–٣٢.

– ئینته‌رنێت:

١٢٥- www.alhadith.com
١٢٦- www.dr.sorush.com
١٢٧- www.islamonline.com
١٢٨- www.maktabguran.com
١٢٩- www.sid.com
١٣٠- www.yathribi.com

ملخص البحث

يهدف البحث المعنون (مفهوم الحياة والموت في أشعار مولوي و مولانا الرومي، دراسة مقارنة) إلى تحديد مفهوم الحياة من حيث دلالتها على المعنى وإنعدام المعنى، وتحديد ماهية مفهوم الموت وإعتباره نقطة النهاية أو نقطة البدأ الجديدة التي تولّد فكرة الخلود. تبحث هذه الدراسة دلالات هذين المفهومين في الأديان والفلسفة والعرفان أو التصوف الإسلامي وإنعكاسهما في أشعار الشاعرَين، ومِن ثَمَّ دراسة هذين المفهومين لدى كل من الشاعِرَين من حيث تشابههما وإختلافهما كمفهوم وكنوع تعبيري، بمقارنة أشعار من ديوان (الغزليات) للمولوي وأشعار من ديوان (المثنوي) لمولانا الرومي.

لم يؤخذ الأدب بنظر الإعتبار كمصدر معرفي و كمنظور في الدراسات الكوردية وفي الوسط الأكاديمي بشكل عام، أو أن الإهتمام تمركز حول الأدب فقط كنص لغوي أو عضوي تحت تأثير الطُرُق النقدية الحديثة وهكذا قلَّ الإهتمام به كشيفرة متضمنة للمعرفة. تنحو هذه الدراسة نحو إعتبار النص مصدراً للمعرفة وكمنظور بشكل عام، وعلى الأخص بالنسبة للدور الذي لعبه الشعر للشعوب، ومنها الكوردي، التي أصبح فيها الشعر المصدر الموروث الوحيد للتوثيق والكتابة.

تم تطبيق الطريقة الفورمالستية والفنومينولوجية في هذا البحث، حيث تم العمل على النص في بادئ الأمر بالطريقة الفورمالستية، ومنها إلى خارج النص، وليس العكس. وتم تطبيق الطريقة الفنومينولوجية فقط على مستوى البحث عن المعنى الظاهر المستمد من الإتصال الأولي مع النص، لتفادي الوقوع في متاهات المعاني المتباينة.

تتألف الدراسة من المقدمة وثلاث فصول والإستنتاجات. يبحث الفصل الأول في مفهوم الحياة والموت في الأديان والفلسفة والعرفان الإسلامي. أما الفصل الثاني فيدرس مفاهيم الوجود والدنيا والحياة في أشعار مولانا، ومن ثَمَّ دراسة هذه المفاهيم الثلاثة لدى مولوي، وأخيراً مقارنتها لدى الشاعرين معاً. يبحث الفصل الثالث في مفهوم الموت وأنواعه عند مولانا وجوانب أخرى ذات الصلة بمفهوم الموت، وبعد ذلك دراسة نفس المفهوم عند مولوي ومقارنة الإثنين معاً. وختاماً، سيتم عرض النتائج المستحصلة في البحث بشكل متسلسل.

Abstract

The research entitled (The Concept of Life and Death in Maulawy and Maulana Rumi's Poetry, a Comparative Study) tries to define the concept of life in terms the significance of the meaning and lack of meaning, and determine what the concept of death, when considered as the end point or the new starting point that generates the idea of immortality. This study examines the implications of these concepts in religion, philosophy and Sufism or Islamic mysticism and their reflection in the poets' poetry, and then studies both concepts of both poets in terms of similarities and differences as a concept and as an expressive type, comparing the poems from (Ghazals) collection of Maulawy and poems from (Masnawy) collection of Maulana Rumi.

Literature is not taken into consideration as a source of knowledge and as a perspective in Kurdish studies and in academia in general, or that the concentration on literature was only on the linguistic text or under the influence of modern organic methods of criticism, and thus less interested in it as a code including knowledge. This study tends to consider text as a source of knowledge and perspective in general, and especially for the role played by poetry to nations, including Kurdish, in which poetry became the sole source of inherited for documenting and writing.

This research applies formalistic approach and phenomenology, where working on the text initially formalistically, and then from the text to the outer world, but not vice versa. Phenomenology as a method was applied only in the level of apparent search for meaning which is derived from the initial contact with the text, in order to avoid falling into the maze of different meanings.

The study consists of introduction, three chapters and conclusions. The first chapter deals with the concept of life and death in religions, philosophy and Islamic Sufism. The second chapter examines the concepts of presence and earthly life in Maulana's poetry, and then studying these three concepts of Maulawy, and finally comparing the both poets together. Chapter three examines the concept of death and its types to Maulana and other aspects related to the concept of death, and then studying the same concept to Maulawy and Maulana are comparing them together. In conclusion, the results obtained will be displayed in a plausible sequence.

زنجیرە چاپکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس

١ جیهانی سۆفیا / یۆستاین گاردەر / و. بەهرۆز حەسەن

٢ کچەی پەرتەقاڵ / یۆستاین گاردەر / و. بەهرۆز حەسەن

٣ لەتەمدا دیارنیم / دلاوەر قەرەداغی

٤ سەفەرنامە / هیوا قادر

٥ ئێستا کچێک نیشتمانمە / شێرکۆ بێکەس

٦ هزارماڵ لە خەون و ترس / عەتیق ڕەحیمی / ئازاد بەرزنجی

٧ زۆربای یۆنانی / نێکوس کازانتزاکیس / و. ڕەووف بێگەرد

٨ دەروازەیەک بۆ جوگرافیای سیاسی / هاوڕێ یاسین محەمەد

٩ پاسەوانێک لەمەزرا / ج.د. سالنجەر / و. ژوان جەلال

١٠ نامبینیت چون پاییز دەبمەوە / جەمال غەمبار

١١ جوگرافیای هەرێمی کوردستان / هاوڕێ یاسین محەمەد

١٢ تەنیاییەکی پڕ هەراوزەنا / بوهیمیل هرابال / و. دلاوەر قەرەداغی

١٣ کازینۆی منداڵان / کاروان کاکەسوور

١٤ ڕاپۆرتی مەرگێکی پێشوەخت ڕاگەیدندراو /گارسیا مارکیز / و.حەمە قادر

١٥ خێراکە... مردن خەریکە بگات / شێرکۆ بێکەس

١٦ سوارچاکێکی نەبوو / ئیتالۆ کالڤینۆ / و. ئەحمەدی مەلا

١٧ ئەحمەد شاملوو / ئەحمەد شاملوو / و. بەڕۆژ ئاکرەیی

١٨ نوسین بە ئاوی خۆڵەمێش / شێرکۆ بێکەس

١٩ جوگرافیای ستراتیجی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست / جێفری
کەمپ ڕۆبەرت هارکاوی / هاوڕێ یاسین محەمەد

٢٠ حەفتاکێل / یەدۆڵڵا ڕۆئیایی / بەڕۆژ ئاکرەیی

٢١ ئیترلەدەرگا نادات پۆستەچی / بوشراکەسنەزانی

٢٢ لۆلیتا / ڤلادیمێر نابۆکۆڤ / و. توانا حەمەنووری

٢٣ جۆناسانی نەورەس / ڕیچارد باخ / و. ئازاد بەرزنجی

٢٤ عاشق هەمیشە تەنیایە / سوهراب سپهری / و. ئازاد بەرزنجی

٢٥ ژنێک لەبەردەم ورزێکی ساردا / فرووغ فەڕوخزاد/ و. ئازاد بەرزنجی

٢٦ دیوانی لەتیف هەڵمەت / لەتیف هەلمەت

٢٧ دیوانی ڕەفیق سابیر / ڕەفیق سابیر

٢٨ ئیمپراتۆریای لم / ڕەفیق سابیر

٢٩ بەستاندار کردنی زمان و ئەلفوبێی کوردی / ڕەفیق سابیر

٣٠ ئەفسانەی سیزیف / ئەلبێر کامۆ / و. ئازاد بەرزنجی

٣١ کوڕیژگە بیجامە خەتخەتەکە / جۆن بۆین / و. ماردین ئیبراهیم

٣٢ گوڵی ڕەش / شێرزاد حەسەن

٣٣ حەسارو سەگەکانی باوکم / شێرزاد حەسەن

٣٤ لەچاوەڕوانیی گۆدۆدا / ساموێل بێکێت / و. سەرکەوت جەلیل

٣٥ فەهرەنهایت ٤٥١ / ڕەی برادبێری / و.سەیوان محەمەد

٣٦ جوگرافیای خاک / د.هاوڕێ یاسین محمدامین

٣٧ جێۆپۆلەتیکی گۆڕانی ئاووهەوا / جیمس. ئار. لی / د.هاوڕێ یاسین محمدامین

٣٨ چەمکی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمی دا

/ د. سەبور عەبدولکەریم (شکار)

ئەم لێکۆڵینەوەیە، بە یەکەمین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی - تێزی دکتۆرا - لەسەر ئاستی زانکۆکانی کوردستان و عێراق و ئێران دادەنرێت، کە بەراوردی مەولەویی کورد (تاوگۆزی) و مەولەویی فارس (جەلالەدینی ڕۆمی) کردووە. یەکەمین لێکۆڵینەوەیشە لەسەر ئاستی زانکۆکانی کوردستان و عێراق، کە لە بارەی ئایدیا و شیعری عارفی جیهانی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمییەوە، نووسراوە. هەروەها یەکەمین لێکۆڵینەوەی تیۆرییە، لە کوردستاندا، کە بە زمانی کوردی لەسەر دوو چەمکی ژیان و مردن لە ئایینەکان و فەلسەفە و عیرفانی ئیسلامیدا نووسراوە.

هاوکات یەکەمین لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئاستی زانکۆکانی کوردستان، کە لەسەر ڕەنگدانەوەی چەمکی ژیان و مردن لە ئەدەبیات - شیعر - دا نووسراوە، هەروەها لە دوای نامەی دکتۆراکەی د. ئەنوەر قادر محەمەد کە لە سۆفیەت نووسراوە، بە دووەمین نامەی دکتۆرا دادەنرێت، کە تا ئێستا لە بارەی مەولەوییەوە نووسراوە.



غەزەلخووس
غەزەل